هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان
# 66

سالّی/ 2011 – بەرگی شەست و شەش

---

چاپی یەکەم/ سالّی 2011

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(2011)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 66
چاپی یەكەم: 2011
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرِست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2011/4/12 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (7) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2011/4/18 ل 67

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2011/4/19 ل 149

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2011/4/25 ل 209

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2011/4/26 ل 319

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2011/4/27 ل 397



# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 12\4\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (6)

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2011/4/12

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2011/4/12 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژماره (6)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (6)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2011/4/12 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای پشتگیریی دارایی بۆ حزب و قەوارە سیاسیەكان لە هەرێمی كوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای دەستەی نەزاهەی گشتی لە هەرێمی كوردستان.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای قەدەغە كردنی ڕێكخستنە حزبیەكان لەناو ریزەكانی پێشمەرگەو هێزەكانی ئاسایشی گشتیدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (6)، ڕۆژی دانیشتن 2011/4/12، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژماره (6)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی 2011/4/12 بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای پشتگیریی دارایی بۆ حزب و قەوارە سیاسیەكان لە هەرێمی كوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای دەستەی نەزاهەی گشتی لە هەرێمی كوردستان.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای قەدەغە كردنی ڕێكخستنە حزبیەكان لەناو ریزەكانی پێشمەرگەو هێزەكانی ئاسایشی گشتیدا.

ئێستاش داوا له لیژنەی یاسایی و دارایی و ناوخۆ دەکەم کەرەم بکەن بۆ سەر مەنصە، بەڕێزان، بڕیار بوو سبەی 2011/4/13 دانیشتنێکی نائاسایی بکەین بۆ بانگهێشت کردنی ڕێزدار وەزیری ناوخۆ کاك کەریم سنجاری، بەداخەوە ئێستاکە لێرە لەگەڵمان بوو، بۆ گفتوگۆ هاتە لامان، ئەمڕۆ برای لە دهۆك ئەمری خوای کردووە، لەبەر ئەوە دانیشتنە نائاساییەکە دوا دەخەین لە هەفتەی ئایندە ئەنجامی دەدەین، ئێوەی بەڕێز ئاگادار دەکەینەوە، بەڕێزیان داوای ئیجازەی کرد لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، لەبەر ئەو بارە ناخۆشەی کە بۆ بەڕێزیان هاتۆتە پێش، بۆیە مۆڵەتمان پێیاندا، بۆ ئاگاداری ئێوەی بەڕێز، دانیشتنی نائاسایی سبەی ناکرێت، هەفتەی ئایندە بێ ئاگادارتان دەکەینەوە، بۆ بڕگەی یەك/ خستنەڕوو گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسای پشتگیری دارایی بۆ حزب و قەوارە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

هەروەکو هەموو لایەك دەزانێ دوو پرۆژە تەقدیم کرا بوو، بەنیسبەت بودجەی حزبەکان، لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە، بۆیە ئێمەو لیژنەی ناوخۆ لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشدا هەردوو پرۆژەمان تاوتۆ کرد، بە یەك پرۆژە دەرچووین وەك پرۆژەی پاڵپشتی کردنی ئەحزاب لە هەرێمی کوردستان، ئێستا راپۆرتی هاوبەش لە لایەن برای بەڕێزم کاك اسماعیل دەخوێندرێتەوە بە زمانی کوردی، پاشان بە زمانی عەرەبی دەخوێنینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان _عێراق**

**بابەت/ ڕاپۆرتی هاوبەش**

هەردوو لیژنەی کاروباری یاسایی و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان لە پەرلەمانی کوردستان بەشێوەیەکی هاوبەش کۆبوونەوە بەپێی ماددەکانی 6،39و (46) و (47)ی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە ڕۆژی 29/سەرماوەز/ 2709ی کوردی بەرامبەر بە 2009/12/20 چەند جاری تریش کۆبوونەوە، تاکو جارێکی تر لە ڕۆژی 2/گەلاڕێزان/2710ی کوردی ڕێکەوتی ڕۆژی 2010/10/24 کۆبوونەوە، بۆ لێکۆڵینەوەو وتووێژکردن لەسەر هەردوو پرۆژە بڕیاری بەخششی حزبەکان و یاسای پشتیوانی دارایی حزبەکان و قەوارە سیاسیەکان، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان هەر لایە بە جودا، کە دوای خوێندنەوەی یەکەمیان لە پەرلەمان لە دانیشتنی ژمارە (10) ڕۆژی 2009/11/17 بۆیان هاتووە، دوای وتووێژکردن و تاوتوێ کردنیان، هەردوو لیژنەکە زۆربەی بیرۆکەکانی لە پرۆژەکاندا هاتوون پشتگیری دەکەن و بڕیاریاندا هەردووکیان یەکبخرێن و ڕاپۆرتێکی یەکگرتوویان لەبارەیانەوە پێشکەش بکرێ، کە

پوختەی ئەوەیە لە دوو پرۆژەکەدا هاتووە بگرێتەخۆ تاکو وتوویژ لەسەرکردنی ئاسان بێ و لە پەرلەمان دەنگی لەسەر بدرێ، لەبەر ئەوەی هەردوو لیژنەکە پێشنیاز دەکات دووبارە پرۆژەکەو ناوەکەی بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

**(پرۆژە یاسای پشتیوانی دارایی بۆ حزبەکان لە هەرێمی کوردستان _ عێراق)**

**ماددەی یەکەم:**

پشتیوانەیەکی دارایی تەرخان دەکرێ بۆ حزبە مۆڵەتدراوەکان لە هەرێمدا لەناو بودجەی ساڵانەی تەرخانکراو بۆ هەرێمی کوردستان _ عێراق.

**ماددەی دووەم:**

ئەو پشتیوانە داراییەی بۆ حزبەکان تەرخانکراوە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بە چەند جارێك دەدرێ و بەپێی مەزەندەکردنی، بەمەرجێك لەناو ساڵی دارایی تەرخانکراو دابێ.

**ماددەی سێیەم:**

پشتیوانە داراییەکە بەپێی پێوەرو زەوابیتی خوارەوە بە حزبەکان دەدرێ:-

یەکەم: ژمارەی کورسیەکانی کە حزب لە پەرلەمان بەدەستی هێناوە، بەمەرجێك هەر کورسیەك لە نێوان (25-50) ملیۆن دیناری مانگانە بەرامبەر پێ بدرێت.

دووەم: ئەو حزبەی نیوە، یان زیاتر لە دەنگە بڕیار لەسەر دراوەکانی بۆ یەك کورسی بەپێی قاسمی هەڵبژاردنی هەر خولێکی پەرلەمان و کورسیەکی وەرنەگرت، حەقی ئەوەی هەیە نیوەی گوژمەی دارایی دیاریکراو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە وەرگرێ.

سێیەم: ئەو حزبەی کە کورسیەکی پەرلەمانی بەپێی سیستەمی (کۆتا) وەردەگرێ، حەقی نیوەی گوژمەی کە تەرخانکراوە بۆ کورسی دیکەی پەرلەمان هەیە.

چوارەم: پشتیوانی دارایی بۆ ئەو حزبانەی ئەم یاسایە دەیان گرێتەوە ڕادەگیرێ لە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەیان، یاخود سەرپێچی کردنیان لە حوکمەکانی کە لە یاسای (17)ی ساڵی 1993ی هەموارکراودا هاتوون.

**ماددەی چوارەم:**

سیستەمەکانی ژمێریاری کارپێکراو لە هەرێمدا پیادە دەکرێن لەسەر پشتیوانی دارایی بۆ حزبەکان و ملکەچی چاودێری دیوانی چاودێری دارایی دەبێ.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی شەشەم:**

ئـەم یاسـایە لـە 2011/1/1دا جێبـەجێ دەكـرێ و لـە ڕۆژنامـەی فـەرمی (وەقـائیعی كوردسـتان)دا بڵاودەكرێتەوە.

**هۆیە پێویستیەكانی**

بـۆ دەسـت نیشـانكردنی زەوابیتـی پێشكەشـكردنی پشـتیوانی دارایـی بـۆ ئـەو حزبانـەی كـە كورسـیان لـە پەرلەمانی هەرێمی كوردستاندا بە دەستهێناوە، بۆ ئەوەی بتوانن چالاكی هەمەجۆری خۆیان بـەجێ بێـنن، تاكو دەورێكی ئەرێنیان لە پرۆسەی دیموكراتی ئاشتیانەدا هەبێ و، تا پشتیوانە ناوبراوەكە دادوەرانە بـێ و لـە پێنـاوی هانـدانی گەشـەپێدانی سیاسـی لـە هەرێمـداو هـەر حزبـە مـافی خـۆی پـێ بـدرێ ئـەم یاسـایە دەرچوێنرا.

تكایە ئاگاداری بفەرموون و راپۆرتە هاوبەشەكەی كە لەلایەن هەردوو لیژنەكەوە پێشكەشكراوە، پیشكەش بە پەرلەمان بكرێت، بۆ وتووێژ لەسەر كردنی و دەربڕینی ڕای گونجاو لەبارەیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی كەرەم بكەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئێستا دەقی راپۆرتە هاوبەشەكە بە زمانی عەرەبی دەخوێنینەوە، كە بەم شێوەیە:

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان _ العراق**

**م/ التقرير المشترك**

اجتمعت اللجنتان القانونيـة والداخليـة والامـن والمجالس المحليـة في برلمـان كوردسـتان بصـورة مشـتركة وفقـاً للمواد 6/39 و(46) و(47) من النظام الداخلي للبرلمان يوم الاحد 29/سەرماوەرز/2709 كوردي المصادف ليـوم 2009/12/20 وتوالـت الاجتماعـات الى ان اجتمعـت مـرة اخـرى في 2/گـەلاڕێزان/2710ی كـوردي المصادف ليوم 2010/10/24 الميلادية لدراسة ومناقشة مشروعي قرار منح الاحـزاب وقـانون الـدعم المـالي للاحزاب والكيانات السياسية المقدمين من قبل العدد القانوني لأعضاء البرلمان كل علـى حـدة والمحـالين اليهمـا بعد القراءة الاولى لهما في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (10) والمؤرخة في 2009/11/17 وبعد المناقشة والمداولة تؤيد اللجنتان غالبية الافكار الواردة في المشروعين وقررتا توحيدهما وتقديم تقرير موحد بشـأنهما يتضـمن خلاصـة مـاورد في المشـروعين توحيـداً للافكـار وتسـهيلاً للمناقشـات والتصـويت في البرلمـان وبـذلك تقترحان إعادة صياغة المشروع وتسميته على الشكل الآتي:-

**مشروع قانون الدعم المالي للاحزاب**

**في اقليم كوردستان ـ العراق**

**المادة الاولى/ يخصص دعم مالي للاحزاب المجازة في الاقليم ضمن الميزانية السنوية المعتمدة لاقليم كوردستان ـ العراق.**

**المادة الثانية/ يقدم الدعم المالي المخصص للاحزاب لأغراض هذا القانون من قبل مجلس وزراء الاقليم بدفعات وحسب تقديره على ان يصرف ضمن السنة المالية المخصص فيها.**

**المادة الثالثة/ يقدم الدعم المالي للاحزاب وفقاً للمعايير والضوابط الآتية:-**

**أولاً:- عدد مقاعد الحزب في البرلمان على ان يعادل كل مقعد بـ(25 - 50) مليون دينار شهرياً.**

**ثانياً:- الحزب الذي حصل على نصف أو اكثر من الاصوات المقررة للمقعد الواحد بموجب القاسم الانتخابي في كل دورة انتخابية برلمانية ولم يحصل على مقعد واحد، يستحق نصف المبلغ المالي المحدد في الفقرة (اولاً) من هذه المادة.**

**ثالثاً:- الحزب الذي يحصل على مقعد برلماني وفق نظام (الكوتا) يستحق نصف المبلغ المخصص للمقاعد البرلمانية الاخرى، اما اذا حصل على نصف الاصوات المقررة للمقعد البرلماني الواحد يحصل على ربع المبلغ المخصص.**

**رابعاً:- يحجب الدعم المالي للاحزاب المشمولة بهذا القانون في حالة حله او مخالفته للاحكام الواردة في قانون الاحزاب رقم 17 لسنة 1993 المعدل.**

**المادة الرابعة/ تطبق النظم المحاسبية المعتمدة في الاقليم على الدعم المالي للاحزاب وتخضع لرقابة ديوان الرقابة المالية.**

**المادة الخامسة/ على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.**

**المادة السادسة/ ينفذ هذا القانون اعتباراً من 2011/1/1 وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**الاسباب الموجبة**

**لتحديد ضوابط تقديم الدعم المالي للأحزاب الحاصلة على مقاعد في برلمان إقليم كوردستان لتمكينها من ممارسة انشطتها المختلفة بُغية قيامها بدور إيجابي في العملية الديموقراطية السلمية ولكي يكون الدعم المذكور شفافاً وعادلاً ولغرض تشجيع التنمية السياسية في الاقليم وإعطاء كل حزب حقه، فقد شرع هذا القانون.**

**راجين التفضل بالاطلاع وعرض التقرير المشترك المقدم من اللجنتين على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأي المناسب بصدده. مع التقدير.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی راپۆرتتان، فەرموو.**

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوا بەدوای کۆنووسی ژمارە (8)ی لیژنەکەمان دەربارەی رای لیژنە لەسەر هەردوو پرۆژە بڕیارو پرۆژە یاسای پێشنیار کراو، بۆ پێدانی پشتگیری دارایی بۆ حزب و کیانە سیاسیەکان، کە بە نووسراوی ژمارە (12) لە بەرواری 2009/12/21 بەرز کرا بۆوە بۆ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، کە تیایدا لیژنەکەمان رەزامەندی لەسەر ئەو دوو پرۆژە پێشنیار کراوە دابوو، جگە لە بڕگەی یەك لە خاڵی سێیەم لە پرۆژەی بەخششەکانی حزبەکان لە هەرێمی کوردستان، واتا (مشروع قرار منح الاحزاب لاقليم كوردستان – العراق)، کە لیژنەکەمان داوای وەرگرتنی رەئی وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیرانی کرد بوو، بەلاَم بەشێوەیەکی رەسمی ئەو رەئیە نەهاتووە بۆ لیژنە، بۆیە بە مەبەستی رواندنی ئەو پرۆژە یاسایە بەبێ دواکەوتن و لەسەر داوای زارەکی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لیژنەکەمان (35)ـەمین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا، بە مەبەستی گفتوگۆ کردن و بڕیاردان لەسەر بڕی پارەی پارتەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان، بەپێی ژمارەی کورسیەکان کە بەدەستیان هێناوە لە پەرلەمان، لیژنە بە زۆرینەی دەنگ گەیشتینە ئەم بڕیارانەی خوارەوە:

یەکەم/ دیاری کردنی پاڵپشتی دارایی بۆ ئەو حزبانەی کە مۆڵەتی یاساییان هەیە لە هەرێمی کوردستان.

دووەم/ پێمان باشە پاڵپشتە داراییەکە بە چەند گوژمەیەکی مانگانە بێت، بدرێت بە حزبەکان.

سێیەم/ بڕیارماندا کە هەر حزبێکی مۆڵەت پێدراو بەپێی یاسای حزبەکان ژمارە (17)ی ساڵی 1993ی هەموار کراو مانگانە بڕی دە ملیۆن دینار وەربگرن، بڕی پاڵپشتی دارایی بۆ هەر کورسیەکی پەرلەمانی لەنێوان (25 – 50) ملیۆن دینار بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە 3/18دا وەك سەرۆکی فراکسیۆنەکان لەگەڵ سەرۆکی حکومەت کۆبوونەوەیەکمان سازدا، کە تیایدا بیروبۆچوونەکان و یەکێك لە تەوەری دانیشتنەکە بودجەی حزبەکان بوو، کۆمەڵێك بیروبۆچوونی تیا گەلاَڵە بوو، بەلاَم نەگەیشتینە کۆتایی، پێویستە ئەمڕۆ ئێمە ئەو یاسایە بە نامەیەك، بە کتابێکی فەرمی بنێرینەوە لای حکومەت، چونکە هێشتا حکومەت بۆچوونێکی وای لەلا ئامادە نەبووەو خۆشیان باسیان کرد دانیشتنەکان زیاتر بەردەوام دەبێت، چونکە لەو کۆبوونەوەیە ئەو حزبانەی کە کورسی پەرلەمانیان نەهێناوە، نەهاتوونەتە ناو پەرلەمانەوە، بەشدار بوون لە هەڵبژاردنەکان ئامادە بوونیان نەبوو، هەندێ حزبیش هەبوو هەر نەچوونەتە ناو پرۆسەی هەڵبژاردنەکەوە، ئەوانیش لەو کۆبوونەوەیە ئامادەییان نەبوو، لەبەر ئەوە داوا کرا لە سەرۆکی حکومەت، کە بەردەوام بن لەو کۆبوونەوانە لەگەڵ ئەو لایەنانەی تردا، هەموو ئەو بیرو بۆچوونانە گەلاَڵە بکرێت، حکومەت تەسەور دەکەی لەلای دروست ببێت، بۆیە ئێمە

داوا دەکەین زۆر لە جێی خۆیدا نییە، ئەمڕۆ ئێمە موناقەشەی ئەو یاسایە بکەین، بەڵکو داوای راوێژی زیاتر لە حکومەت بکەین و بە نامەی فەرمی راپۆرتی ئەم لیژنانەیان بۆ رەوانە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار کەرەم بکە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەم یاسایە ئەهمیەت و بایەخی خۆی هەیە لەم سات و وەختەدا، بۆیە دەستخۆشی لە لیژنەکان دەکەم، کە لە کاتی خۆیدا وابزانم لە 2010/10/29ەوە راپۆرتەکانیان ئامادە کردووە، بەڵام بۆ ئەم ساتە وەختە ئەوەی ئێمە تێبینی دەکەین، کە حیکمەت لەیاسا بۆ پاراستنی مافی کەمینەیە، ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا تەعەددودی ئەحزاب هەیە بەپێی پرەنسیپە دیموکراسیەکان و ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمانی کوردستان و بەپێی دەستووری عێراقیش دەرچوێندراون، بۆیە زۆر گرنگە دوا راو دوا بۆچوونی هەموو ئەو هێزە سیاسیانەی کە لە کوردستاندا بەشداریان لە تەلاری سەرخستنی پرۆسەی دیموکراسی و تەعەددودی حزبیان کردووە، هەروەها بۆ ئەو کەمە نەتەوایەتیانەی کە فراکسیۆن و ئەندامیان هەیە لە پەرلەمانی کوردستان و لە جێگاکانی تر، هەموو ئەوانە دەبێت لە چوارچێوەیەکدا موداوەلە بکرێت، بۆ ئەوەی ئێمە بەرچاومان روونتر بێت.

خاڵێکی گرنگتر لەهەموو ئەوە بۆ رای گشتی و خەڵکی کوردستانیش هەموویان موتابەعەیە ئێمە دەکەن، ئەو یاساو بڕگانە گرنگترن کە پەیوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، نەك بودجەی ئەحزابەکان، هیوادارم یاسای گرنگتر موناقەشە بکرێت، بۆ نموونە لە دوای ئەم پرۆژە یاسایە، یاسای دەستەی نەزاهەت دێت، کە پەیوەندی بە هەموو ئەو مەلەفانەوە هەیە، کە لە چوارچێوەی ئیختیلاسی مالی و سیاسیدا دەخولێتەوە........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دانیشە، بەڕێز هەموو پرۆژەیەك گرنگە، ئێرەش پەرلەمانی کوردستانە، ئێوەش نوێنەری گشت لایەن و حزب و خەڵك و گەورەو بچووکی ئەم هەرێمەی کوردستانن، ژمارەی یاساییش لێرە ئامادەیە، لەبەر ئەوە ناکرێت، لەبەر ئەمەیە، یان ئەوە، بەڵام ئەوەی سۆزان خان پێشکەشی کرد، کە رەئی حکومەت هێشتا موهیمە وەربگیرێت، چونکە ئیلتیزامی ماددی تیایە، ئەوە بۆچوونێکی تیایە، بەڵام لەبەر ئەم حزب، یان ئەو حزب، یان زۆرینە، یان کەمینە، ئەمە پەرلەمانی کوردستانە، نوێنەری خەڵکی کوردستانە، پەرلەمان بڕیار دەدات (56) ئەندام لێرە بێت، حەقی خۆیەتی، زۆر تەبیعی موناقەشە بکات لەسەر بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان، کاك شێردڵ کەرەم بکە.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری له پێشنیارەکەی سۆزان خان دەکەم، بەڕاستی ئێمە دانیشتمان کرد لەگەڵ سەرۆکی حکومەت، دانیشتنی زیاترمان پێویستە لەگەڵ سەرۆکی حکومەت و حکومەت هەردووکی دابنیشین، بۆیە من پێشنیاری سۆزان خان و پێشنیاری خۆمان وەکو لیستی تورکمانی داوا دەکەین تەئجیل بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سالم کەرەم بکە.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەبڕیاری سەرۆکی پەرلەمان ئێمە کۆبوونەوەمان لەگەڵ سەرۆکی حکومەت کرد بۆ تاوتوێ کردنی دوو بابەت، یەکێکیان/ هەڵبژاردنی پارێزگاکان، ئەویتریان/ بودجەی حزبەکان بوو، لە کۆبوونەوەکە لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی حکومەتی کوردستان، بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش ئامادە بوو، ئەو بابەتە زۆر باش موناقەشە کراو بڕیار درا کە کۆبوونەوەی تر بکرێت، ئێمە لەسەر ئەو ئەساسە بێین دووبارە موناقەشەی بکەینەوە، پشتگیری لە رەئیەکەی سۆزان خان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك دکتۆر احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(ومرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو هاوکارانم سۆزان خان و کاك شێردڵ و کاك سالم ئاماژەیان پێدا، لە کۆبوونەوەمان لەگەڵ سەرۆکی حکومەت لە 3/18دا بڕیار بوو بۆ دیاری کردنی پێوەر بۆ پێدانی بودجە بە حزبەکان، هەروەها بڕی ئەو پارەیەی، ئەو یارمەتیەی دەدرێت بە حزبەکان وتووێژی زیاتر بکرێت، هەم لەنێوان حزبەکان و فراکسیۆنەکان، هەم لەگەڵ حکومەتیشدا، لەبەر ئەوەی ساڵی پار بودجەی ساڵی 2010 بە سولفە پارە دراوە بە حزبەکان، لەبەر ئەوە رەنگە ئەو بڕە پارەیە وەکو خۆی دیاری نەکرا بێت ئەعبائێکی مالیش لەسەر حزبەکان دروست کرا بەڕاستی، بۆیە پێویستە ئەم بڕە، هەم پێوەرەکان دیاری بکرێن، بۆیە منیش پێشنیار دەکەم کە دوا بخرێت، بۆ ئەوەی گفتوگۆی زیاتری لەسەر بکرێت و بگەینە ئەنجامێکی باش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبداللە کەرەم بکە.

**بەڕێز عبداللە حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری سۆزان خان دەكەم، چونكە ئەو مەسەلەیە زۆر موهیمە، لەبەر دوو سەبەب، یەكەمیان/ ئیلتیزاماتی مالی تێ دەكەوێت، دووەمیان/ ئێمە قەرار بوو لەگەڵ بەڕێز سەرۆكی حكومەت گفتوگۆی زیاتر بكەین لەو بارەیەوە، بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامی كۆتایی، تا ئێستا ماوەتەوە، لەبەر ئەوە منیش لەگەڵ رەئیەكەی سۆزان خانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك ئەمیر كەرەم بكە.

**بەڕێز امیر گۆگا یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری رەئی سۆزان خان و كاك سالم و جەماعەت دەكەم، چونكە باشە پتر بێتە گەشە كردن لەسەر ئەو بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئامانجی سەرەكی لەو پرۆژەیە ئەوەیە كە بتوانرێت زیاتر پێگەی دیموكراسیەت بەهێز بكرێت، هەموو ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەی كە لە گۆڕەپانی سیاسی كوردستان هەن، بتوانن پشتگیری داراییان بكرێت، بۆ ئەوەی ئیشوكارەكانیان و چالاكیەكانیان جێ بەجێ بكرێت، بۆیە منیش بەڕاستی پشتگیری لە هاوكارانم دەكەم بەوەی كە ئێمە بتوانین زیاتر گفتوگۆ لەسەر بابەتەكە بكەین، چونكە بابەتێكی زۆر هەستیارە، پێویستی بە گفتوگۆی زیاتر هەیە، بۆ ئەوەی بگەین بە رێككەوتنێك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا پێشنیارەكە روون بوو، نەك بۆ رەدی پرۆژەكە، یەعنی بۆ رەفز كردنی نییە، بۆ ئەوەی زیاتر گفتوگۆی زیاتری لەسەر بكرێت و ئیلتیزامی ماددی تیایە لەگەڵ حكومەت، ئەگەر رەئیتان لەسەر بۆ دواخستنی؟ كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، كە دوا بخرێت، لەگەڵ حكومەت زیاتر ئاڵوگۆڕی را بكرێت و پاشان بێتەوە پەرلەمان بۆ موناقەشە كردن لەسەری، ئێستا بۆ خاڵی دووەم لە بەرنامەی كار/ خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای دەستەی نەزاهەی گشتی لە هەرێمی كوردستان، فەرموو، سوپاس ئێستا داوا لە لیژنەی دارایی و نەزاهەو یاسایی دەكەین كەرەم بكەن بۆ شوێنی خۆتان، فەرموون، كەرەم بكەن.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**راپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری بە زمانی کوردی پێشکەش بە بەڕێزتان دەکەین.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان _ عێراق**

**بابەت/ ڕاپۆرتی هاوبەش**

**لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری چەند کۆبوونەوەیان ئەنجامداو، دواترینیان لە ڕۆژی 5/بەفرانبار/2710 ی کوردی بەرامبەر ڕۆژی 2010/12/26 زایینی سازدا، بۆ لێکۆڵینەوە لە پڕۆژە یاسای(دەستەی گشی دەستپاکی (نەزاهەت)ی هەرێمی کوردستان - عێراق)، کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (15) لە ڕۆژی2010/6/20 ڕەوانەی لیژنە پەیوەندیدارەکان کراوە، دوای گفتوگۆو تاوتوێ کردن، لیژنەکان گەیشتنە ئەوەی کەوا داڕشتنەوەی پڕۆژەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:**

**ناونیشانی پرۆژە یاساکە:**

**دەستەی گشتی دەستپاکی (نەزاهەت)ی هەرێمی کوردستان**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەو دامەزراندن و ئامانجەکان**

**ماددەی یەکەم: پێشنیاز دەکەین:**

1- **لادانی وشەی (کوردستان) لە دوو بڕگەی (دووەم) و (سێیەم)دا.**

2- **بڕگەیەك بەزنجیرەی (شەشەم) بەم شێوەیەی خوارەوە بخرێتە سەری:**

**(ئەنجومەنی دادوەری: ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمدا).**

**ماددەی دووەم: پێشنیاز دەکەین:**

1- **گۆڕینی دەستەواژەی (بودجەی سەربەخۆ) بە (بودجەی تایبەتی) چونکە بەشێکە لە بودجەی گشتی هەرێم.**

2- **لادانی دەستەواژەی (فەرمانبەرێك بە پلەی وەزیر سەرۆکایەتی دەکات)و بگوازرێتەوە بۆ ماددەی حەوتەم، کە دامەزراندنی سەرۆکی دەستە دەگرێتە خۆ.**

3 - **پێشنیاز دەکەین ماددەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:**

**(بەپێی ئەم یاسایە دەستەیەك دادەمەزرێ و پێی دەگوترێ (دەستەی گشتی نەزاهەت)و کەسایەتی مەعنەویی دەبێ و ملکەچ دەبێ بۆ چاودێری پەرلەمان و سەربەخۆی دارایی و کارگێڕی و بودجەی تایبەتی لەناو بودجەی گشتیدا دەبێ).**

**ماددەی سێیەم: پێشنیاز دەکەین:**

1- **بڕگەی (یەکەم): هیچ تێبینی لەسەر نییە.**

2- برِگەی دووەم: گۆڕینی وشەی (بەرەنگاربوونەوە) بە (لەناوبردنی)و دەستەواژەی (ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی) بخرێتە دوای وشەی (چارەسەرکردنی)و ڕستەی (یاساکاری تا ڕێکارە یاساییەکان) لە کۆتایی برِگەکە لابدرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دابرِێژرێتەوە:

(دووەم: لەناو بردنی گەندەڵی کارگێڕی و دارایی و چارەسەرکردنی و ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی گەندەڵێ و پاڵپشتی کردنی پرِنسیپی ڕوونی (شەفافیەت) لە دەزگاکانی هەرێمدا).

3- برِگەی (سێیەم): دەستەواژەی (یاسایی پێویست) بخرێتە دوای وشەی (ڕێکارەکان) و بەم شێوەیەی خوارەوە دابرِێژرێتەوە:

(سێیەم: گرتنەبەری ڕێکارە یاساییەکانی پێویست بۆ خۆپاراستن لە گەندەڵی).

4- بەنیسبەت برِگەی (چوارەم): هیچ تێبینیەکمان لەسەر نییە .

5- برِگەی (پێنجەم): گۆڕینی دەستەواژەی (هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی لە ئەنجامدانی خزمەتی) بە (گرتنە ئەستۆی بەرپرسیاریەتی لە کاتی ئەنجامدانی خزمەتی گشتی)و دەستەواژەی (لە هەرێمدا) بخرێتە دوای وشەی (گشتی)و بەم شێوەیەی خوارەوە دابرِێژرێتەوە:

(پێنجەم: چەسپاندن و بەهێزکردنی هەڵس وکەوتی فەرمانبەرایەتی و گرتنە ئەستۆی بەرپرسیاریەتی لەکاتی ئەنجامدانی خزمەتگوزاری گشتی لە هەرێمدا، بەپێی یاساکان و ڕێکارەکانی قەدەغەکردنی گەندەڵی).

ماددەی چوارەم: پێشنیاز دەکەین:

1- گۆڕینی زنجیرەی برِگەکانی (یەکەم)و (دووەم)، واتە دانانی برِگەی (یەکەم) لە زنجیرەی برِگەی (دووەم).

2- لادانی وشەی (هەموو) لەسەرەتای هەردوو برِگەکانی (یەکەم)و (دووەم).

3- لادانی وشەی (لایەنەکان) لەسەرەتای برِگەی (چوارەم)دا.

4- برِگەی پێنجەم: وشەی (ڕێکخستنەکان) بخرێتە دوای وشەی (کیانەکان)و دەستەواژەی (ڕێکخراوە ناحکومیەکان و نێودەوڵەتیەکان کە لە هەرێمدا کاردەکەن) بخرێتە دوای (کۆمەڵگای مەدەنی)و بەم شێوەیەی خوارەوە دابرِێژرێتەوە:

(کیانەکان و ڕێکخستنە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومیەکان و نێودەوڵەتیەکان لە هەرێمدا کاردەکەن لەگەڵ یەکیتیەکان و کۆمەڵەکان و یانەکاندا و ئەوانەی پەیوەندیان بەم کاروبارەی خوارەوە هەیە).

5- برِگەی پێنجەم/ ب: دەستەواژەی (لە دیوانی چاودێری دارایی) بگۆڕدرێ بە (خەرج کردن) و بەم شێوەیەی خوارەوە دابرِێژرێتەوە:

(پێنجەم/ ب: ڕووەکانی خەرج کردن بەپێی ڕێساکانی پەیڕەو کراو لە خەرجکردندا).

**بەشی دووەم**

**ئەرکەکانی دەستە**

**ماددەی پێنجەم: هەردوو لیژنەکە پێشنیاز دەکەین:**

**1- لێکدانی هەردووو ماددەی (5) و (6) لە یەك ماددەدا بە زنجیرەی ماددەی (5) لەبەرئەوەی هەردووکیان ئەرکەکانی دەستە ڕێك دەخەن.**

**2- ژمارە دانان بۆ زنجیرە و بڕگەکانی ماددەکە بە (یەکەم ، دووەم ، سێیەم ،..... ) .**

**3- بڕگەی (أ): پیشنیاز دەکەین دەستەواژەی (دەستە کاردەکات لە پێناو) لەسەرەتای بڕگەکەدا لا بدرێت.**

**4- لادانی بڕگەی (ب).**

**5- لادانی بڕگەی (دووەم)، چونکە دەکەوێتە ناو تایبەتمەندی سەرۆکی دەستەو ئەمەش ئەرکی دەستە نییە، ئەرکی سەرۆکی دەستەیە کە لەماددەیەکی دواتر باس کراوە.**

**6- (یەکەم) لە ماددەی شەشەمەدا بکرێتە زنجیرەی (3)ی ماددەی پێنجەم.**

**7- (دووەم/ أ): پیشنیاز دەکەین وشەی (لایەنەکان) بخرێتە دوای وشەی (هاوولاتیان).**

**8- (دووەم/ب) :گۆڕینی بڕگەی (دەستە هەڵدەستێت بە) بە وشەی (پاراستن).**

**9- (چوارەم): دانانی وشەی (خزمەتگوزاری) بۆ دوای وشەی (هەڵس و کەوت) لە ڕێزی یەکەم.**

**10- (پێنجەم/ 1): پێشنیاز دەکەین وشەی (گەورەکان) لە دێڕی دووەمی بڕگەکە لابدرێ.**

**11- (پێنجەم/ 2): پێشنیاز دەکەین دەستەواژەی (ناو هەرێم و دەرەوەی) زیاد بکرێ و بخرێتە کۆتایی بڕگەکە.**

**12- بڕگەی (پێنجەم / 3): پێشنیاز دەکەین (بە پێشکەشکردنی) لە دوای وشەی (دەگرێتەوە) لابدرێ.**

**13- بڕگەی (د): پێشنیاز دەکەین بکرێتە دوو بڕگەی (یەکەمیان) تایبەت بێ بە دادوەران و (دووەمیشیان) تایبەت بێ بە بەرزەفتکردنی پاسەوانی هەرێم.**

**14- بڕگەی (شەشەم): هیچ تێبینیەکمان لەسەر نییە.**

**15- (حەوتەم): پێشنیاز دەکەین دەستەواژەی (پێشکێنەرە گشتیەکان) لە دوای (دارایی) لابدرێ و هەردوو ماددەکەش دوای لێکدانیان بەم دارشتنە بێت و بە ژمارەی (ماددەی پێنجەم):**

**(ماددەی پێنجەم: دەستە ئەم کارانە دەکات:**

**یەکەم: جێبەجێ کردنی و پیادەکردنی یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵ و پێوەرەکانی خزمەتگوزاری گشتی بەپێی دەستوورو یاسا کارپێکراوەکان.**

**دووەم: لێکۆڵینەوە لە سکالاکانی گەندەڵ و ناردنی بۆ دادگای تایبەتمەندو بەدواداچوونی.**

**سێیەم: وەرگرتنی سکالای هاوولاتیان و ئەو لایەنانەی پەیوەندیدارن بە گەندەڵی.**

**چوارەم: پاراستنی نهێنی ناسنامەی ئەوانەی هاریکاری دەکەن، بەپێی یاسا، مەگەر هاریکار وازی لە پاراستن هێنابێ.**

پێنجـەم: بلاّوكردنــەوەی رۆشــنبیری نیشــتمانیی بــۆ گەشــەپێدانی ڕەوشــتەكانی دەســتپاكی كەســێتی و پابەندبوونی خـودی بـە پێوەرەكـانی خزمـەتگوزاری و لەگـەڵ بەرپرسـی تایبەتمەنـدكار دەكـات لـە پێنـاوی دانانی بەرنامەیەكی خوێندنی نیشتیمانی لە پێناوی چەمكی دەستپاكی (نەزاهەت)دا.

شەشەم: دەرچوواندنی ڕێنمایی بنچینەی ڕەوشـتی وەزیفـی بـۆ ڕوونكردنـەوەی پێوەرەكـانی خزمـەتگوزاری گشتی و ڕەوشتیەكانی، كە فەرمانبەرانی هەرێم و كەرتی گشتی و تێكەلاّو پابەندی بن بەوەی مەرجێكە بۆ دامەزراندن و لە پێناو بەردەوامبوون و چاودێری كردنی ڕادەی پابەندبوون پێیانـەوەو بـەپێی پێویسـتیش ناوبەناو هەمواربكرێ .

حەوتەم: 1- دەرچوواندنی ڕێنمایی بەپێی بنچینەی دەسكەوتنی ناڕەوا (كسب غير مشـروع)، كـە دەقەكـەی لـە بەشـی پێنجـەمی ئـەم یاسـایەدا هـاتووە كـە دەبـێ فەرمانبـەرانی هـەرێم و هاوسـەرەكانیان و منداڵـە ناكامـەكانیان پابەنـدبن پێیـەوەو بەرژەوەنـدی دارایـی خۆیـان ئاشـكرا بكـەن و لـە كاتێـك بـۆ كـاتێكی تـر هەمواربكرێ بەو پێیەی كە بە گونجاوی دەزانێ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی كە مەبەستن.

2- ئاشـكرا كردنـی بەرژەوەنـدی بەیاننامـەی ڕاشـكاوانە دەگرێتـە خـۆ لـەبارەی ئـەو كەسـەی كـە چـەند خانووبەرەو ومـاڵی گـوازراو و نـەگوازراوو داهـاتی دارایـی و ڕەسـیدی لـە بانكەكانـداو پشـك و سـەندو مـافی مەعنەوی لە ناو هەرێم و دەرەوەدا هەیە.

3- ئاشكرا كردنی بەرژەوەندی دارایی ئەمانە دەگرێتەوە:

أ- سەرۆكی هەرێم و جێگرەكەی.

ب- سەرۆكی پەرلەمان و جێگرەكەی و سكرتێر و ئەندامان.

ت- سەرۆك وزیران و جێگرەكەی.

پ – وەزیرەكان و ئەوانەی بە پلەی وەزیرن و بریكاری وەزارەتەكان.

ج- سەرۆكی دەستەی گشتی دەستپاكی (نەزاهـەت)و جێگرەكـەی و هـەموو بەڕێوەبـەرە گشـتیەكانی دەسـتەو لێكۆڵەرەكانی.

ح- خاوەنی پلەی تایبەتی و بریكارەكانیان و یاریدەدەرەكانیان.

خ- بەڕێوەبەرە گشتیەكان و یاریدەدەرەكانیان.

د- دادوەران و ئەندامانی داواكاری گشتی و سەرپەرشتیارانی دادو لێكۆڵەران.

ژ – ئەفسەرانی پاسەوانی هەرێم و هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ.

هـ- هەر كەسێك پایـەكی مـەدەنی یـا سـەربازی هـەبێ و نـاوی لەسـەرەوەدا نـەهاتبێ و دەسـتە بـە پێویسـتی دەزانێ ڕاپۆرتی ئاشكراكردنی دارایی بیان گرێتەوە، بەپێی ڕێنماییەكانی بۆ ئەم مەبەستە دەردەچێ.

هەشــتەم: أ- دەســتە بــۆی هەیــە فەرمانگــەی پەیوەندیــدار ڕاســپێرێ بەدەســت لەكاركێشــانەوەی ئــەو فەرمانبــەرەی لێكۆڵینــەوەی لەگــەڵ دەكـرێ، بـەپێی یاسـای بـەرزەفتكردنی فەرمانبـەرانی دەوڵـەتی ژمـارە (14)ی ساڵی 1991، كە لە هەرێمدا كاری پێ دەكرێ.

ب- دەستە بۆی هەیە ئەو سەرپێچیانەی کە پەیوەندیدارن بە پێوەرەکانی ڕاژەی گشتی بنێرێ بۆ سەرۆکی فەرمانگە حکومییەکەی، کە فەرمانبەرە سەرپێچیەکەرەکەی پێوە بەستراوەتەوەو بۆی هەیە ئەمە بە ڕاسپاردەیەك بلکێنێ، تاکو ڕێکاری بەرزەفتکردن و دادوەری لە بارەیەوە ئەنجام بدرێ.

نۆیەم: أ- دەستە بۆی هەیە چاودێری دەستکاری کردن بە موڵکی هەرێم و ڕێگای بەڕێوە بردن بکات، ئەمەش بەهاوکاری دەبێ لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی و لایەنی پەیوەندیداری دیکەدا.

ب- چاودێری یاسایی بڕیارەکان و کارەکانی وەزارەتەکان و فەرمانگەکان و ئەو دەستانەی ملکەچن بۆ چاودێری و ڕادەی دەستپاکیان دەگرێتەوە.

ج- ئەو لایەنەی ملکەچە بۆ چاودێری، دەبێ لەسەر داوای دەستەو بەبێ دواکەوتن زانیاری و ڕوونکردنەوەو بەڵگەنامە و دۆکیومێنت بە نهێنیەکانەوە، جا هەر چیەك بێ پلەی شاردنەوەی و هی تریش پێشکەش بە دەستە بکات کە دەستە بەپێویستی دەزانێ بۆ مەبەستی چاودێری سەیریان بکات.

## بەشی سێیەم

## هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستەو ئەرکی و پێکهاتەکانی دەستە

ماددەی حەوتەم: کە دەبێتە زنجیرەی (ماددەی شەشەم) پێشنیاز دەکەین:

1- بڕگەی (یەکەم): گۆڕینی دەستەواژەی (بە هەڵبژاردنێکی نهێنی)و (ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێم) بکرێ بە (لیژنەیەکی پەرلەمانی بۆ ئەم مەبەستە)و دەستەواژەی (پلەی وەزیر) بخرێتە کۆتایی بڕگەکە لە (ماددەی شەشەم/ یەکەم)دا.

2- دوو ڕا لە نێوان ئەندامانی هەردوو لیژنەکە هەیە: ڕای یەکەم/ کە ڕای زۆرینەیە، پشتگیری پڕۆژەکە دەکەن بەنیسبەت هەڵبژاردن بەزۆرینەی ڕەها، بەڵام ڕای دووەم (ڕای کەمینە)/ پێشنیاز دەکات هەڵبژاردنەکە بە زۆرینەی (3/2)ی ژمارەی ئەندامانی ئامادە بووی پەرلەمان بێ.

3- پێشنیاز دەکەین بڕگەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(یەکەم: پەرلەمان سەرۆکی دەستە هەڵدەبژێرێ بە دەنگدانی نهێنی و بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی لە نێوان سێ پاڵێورا کە هەڵدەبژێردرێن لەلایەن لێژنەیەکی پەرلەمانی بۆ ئەم مەبەستە پێکدێ، ز، هەڵبژێردراو بە مەرسومێکی هەرێمی و بە پلەی وەزیر دادەمەزرێ)، لەحاڵەتێکیش کە پەرلەمان لەسەر ڕای دووەم دەنگ بدات، ئەوا پێشنیاز دەکرێ بڕگەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(یەکەم: پەرلەمان سەرۆکی دەستە هەڵدەبژێرێ بە دەنگدانی نهێنی و بە زۆرینەی 3/2ی ژمارەی ئەندامە ئامادەبووەکان دەبێ) .

4- بڕگەی (دووەم): دارشتنەوەی بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

(دووەم/ 1): حوکم نەدرابێ بە تاوانێکی ئابڕووبەر و ڕەوشت و ئادابی گشتی).

بەڕێز محمد دلێر محمود:

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ماددەی هەشتەم: کە دەبێتە زنجیرەی (ماددەی حەوتەم) پێشنیاز دەکەین:

1- بڕگەی (یەکەم): گۆڕینی (ئەنجومەنی دادوەری) بە (لیژنەی پەرلەمانی) لە حاڵەتی پەسەند کردنی ئەو لیژنەیە لە ماددەی پێشوو .

2- بڕگەی (پێنجەم/ أ): گۆڕینی دەستەواژەی (کردنی تاوانێك یان کەتنێك) بە (تاوانێکی ئابڕووبەر)و بڕگەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە :

(پێنجەم/أ: ئەگەر بڕیاری دادوەری بە تۆمەتبارکردنی بە تاوانێکی ئابڕووبەر بۆ دەرچوو بوو).

ماددەی نۆیەم: دەبێتە زنجیرەی (ماددەی هەشتەم) پێشنیاز دەکەین.

1- داڕشتنەوەی سوێند بەم شێوەیەی خوارەوە بێ:

﴿سوێند بەخوای گەورە دەخۆم کە ئەرکی فەرمانگەکەم بە ڕاستگۆیی و ئەمانەت و دەستپاکی و بێ لایەنی و دڵسۆزانە جێبەجێ بکەم و یاساو پێڕەو و ڕێنماییەکان بە دادوەری پیادە بکەم، بۆ نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵییەوە﴾.

2- بڕگەی (دووەم) لابدرێ و تەنیا ئەوەی لە بڕگەی (یەکەم)دا هاتووە لەماددەکەدا بەس بێ.

ماددەی دەیەم: دەبێتە زنجیرەی (ماددەی نۆیەم) پێشنیاز دەکەین:

1- بڕگەی (یەکەم) وشەی (هەموو) کە لەدوای وشەی (کارگێڕی) دا هاتووە لابدرێت.

2- بڕگەی (دووەم/1) پێشنیاز دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(دووەم/1: ئامادەکردنی بودجەی دەستەو میلاکی وەزیفی ولەبەردەم پەرلەمان دابندرێ بۆ پەسەندکردنی).

3- بڕگەی (سێیەم): پێشنیاز دەکەین وردەکارییەکانی کە هاتووە سەبارەت بە بەڕێوەبردنی لق لابدرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(کردنەوەی نووسینگەو لق بۆ دەستە لە پارێزگاکانی هەرێمدا).

4- بڕگەی (چوارەم): ئەم بڕگەیە بگوازرێتەوە بۆ حوکمە کۆتاییەکان، چونکە دەرچوواندنی ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی یاساکە دەگرێتە خۆ.

5- بڕگەکانی (پێنجەم) و (شەشەم): هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.

6- بڕگەی (حەوتەم): بگوازرێتەوە بۆ حوکمە کۆتاییەکان، چونکە تایبەتمەندە بە دروستکردن و یەکخستنی بەشەکانی دەستەو، ئەمەش لە حوکمە کۆتاییەکاندا باس دەکرێت.

7- گۆڕینی زنجیرەی بڕگەکان بەپێی هەموارکردنەکان.

ماددەی یازدەیەم: دەبێتە زنجیرەی (ماددەی دەیەم) پێشنیار دەکەین:

بڕگەی (دووەم): دەستەواژەی (پشکنێرە گشتیەکان) لە کۆتایی بڕگەکە لابدرێ.

ماددەی دوازدەیەم: دەبێتە زنجیرەی (ماددەی یازدەیەم) پێشنیاز دەکەین:

1- بڕگەی (یەکەم) دەستەواژەی (ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاروبار) لە پاش (کارگێڕی) لە دێری سێیەم لابدرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(یەکەم: فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی و دارایی: فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات بەپلەی بەڕێوەبەری گشتی و بەلایەنی کەم خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێ و شارەزایی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ لەبواری پسپۆڕیەکەی و ژمارەیەك فەرمانبەر یاریدەی دەدەن و کاروباری کارگێڕی و دارایی و ئامادەکردنی بودجەی ساڵانەو ڕێکخستنی کاروباری دارایی و ژمێریاری و کاری وردبینی ناوخۆ و ڕێکخستنی تۆمارو ئامادەکردنی ڕاپۆرتی مانگانەو ساڵانەو دارایی و بەپێی یاسا دەگرێتە ئەستۆ).

2- بڕگەی (دووەم/1): دەستنیشان کردنی پلەی فرمانی ئەو فەرمانبەرەی کە سەرۆکایەتی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە دەکات و بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(دووەم/ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی: فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی لە یاسادا هەبێ و شارەزایی لە بواری پسپۆڕییەکەی لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێ و ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ).

- بڕگەی (أ) گۆڕینی دەستەواژەی (کە دەخرێتە بەردەم دەستە) بە (کە پەیوەندیدارە بە دەستەوە).

-بڕگەی (ت) دەستەواژەی (لەلایەن پشکێنەری گشتی)ی دوای (کێشە) لابدرێ.

3 - بڕگەی (دووەم/2): دەستنیشان کردنی ئەو فەرمانبەرەی کە سەرۆکایەتی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە دەکات و بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

{2-بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوە: فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات، کە خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێ لە یاساو شارەزایی بەلایەنی کەم لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێ لە بواری پسپۆڕییەکەی خۆی و ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ).

بڕگەی (2/أ) گۆڕینی (و)ی پێش وشەی (هەموو) لە دێری یەکەم بە (لەڕێگای)و بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

أ- ئاشکرا کردنی حاڵەتەکانی گەندەڵی لەناو هەموو دەستە حکومیەکان لەڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەیەوە، بەسوود وەرگرتن لەدەزگای هونەری و هاریکارە نهێنیەکان و لێکۆڵینەوە لەسەرکردنی}.

4- بڕگەی (سێیەم): هیچ تێبینیەکمان لەسەر نییە.

5- بڕگەی (چوارەم): هیچ تێبینیەکمان لەسەر نییە.

ماددەی سێزدەیەم: دەبێتە زنجیرەی (ماددەی دوازدەم):

پێشنیاز دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(پێویستە لەسەر دادوەری لێکۆڵینەوە، یان لیژنەی لێکۆڵینەوەی تایبەت لە کاتی دەست پێکردنی ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە لە کێشەیەکی گەندەڵیٚ ئاگاداری بەڕێوەبەری گشتی کاروباری یاسایی و لێکۆڵینەوە لە دەستە بکات، بۆ زانینی چونیەتی بەڕێوەچوونی لێکۆلینەوەکە).

ماددەی چواردەیەم: دەبێتە زنجیرەی (ماددەی سێزدەیەم):

1- بڕگەی (یەکەم): هیچ تێبینیەکمان لەسەر نییە.

2- بڕگەی (دووەم): گۆڕینی وشەی (لێکۆڵینەوە) بە (لێکۆڵینەوەیی)و دەستەواژەی (ئەندامیەتی هەر یەك لە پشکێنەری گشتی لە وەزارەتی پەیوەندیدار) لابدرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(ئەگەر ئەو لایەنەی مل کەچی لێکۆڵینەوەیە داوای کرد، ئەو زانیارییانە و بەڵگەنامانەی داواکراون سەیر بکرێن زۆر نهێنین و ئەگەری دڕکاندنی ئاسایشی هەرێم تووشی مەترسی دەکات، ئەوا سەرۆکی دەستە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بە سەرۆکایەتی خۆی، یان جێگرەکەی و بەڕێوەیوبەری گشتی لە دەستە پێکدینیٚ بۆ وردبینی کردنی زانیاری و بەڵگانەدا).

3- بڕگەی (سێیەم): هیچ تێبینیەکمان لەسەر نییە.

ماددەی پازدەیەم: دەبێتە زنجیرەی (ماددەی چواردەیەم):

1- بڕگەی (یەکەم): لادانی دەستەواژەی (لەگەڵ پشکێنەرە گشتیەکان لە وەزارەتەکانی هەرێمدا).

2- بڕگەی (دووەم): هیچ تێبینیەکمان لەسەر نییە.

3- بڕگەی (سێیەم): هیچ تێبینیەکمان لەسەر نییە.

4- بڕگەی (چوارەم): هیچ تێبینیەکمان لەسەر نییە.

ماددەی شازدەیەم: دەبێتە زنجیرەی (ماددەی پازدەیەم) هیچ تێبینیەکمان لەسەر نییە.

ماددەی حەڤدەیەم: دەبێتە زنجیرەی (ماددەی شازدەیەم):

پێشنیار دەکەین، لێکدانی هەردوو بڕگەی (یەکەم و دووەم) بۆ مەبەستی ناردنی هەموو ئەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە بۆ دادگاو هیچ جیاوازی لەنێوان خاوەن پلە تایبەتیەکان و هەموو فەرمانبەرەکانی تر نەبیٚ و بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(سکاڵای دەستکەوتی ناڕەوا سەبارەت بەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە دەنێردرێنە دادگای تایبەتمەند، بۆ دادوەری لێکۆڵینەوە بەپێی یاسا).

ماددەی هەژدیەم: دەبێتە زنجیرەی (ماددەی حەڤدەیەم):

پێشنیار دەکەین لادانی وشەی (سەرۆك) بۆ پێدانی دەسەڵات بە دادگای تایبەتمەندو ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(دادگای تایبەتمەند بۆی هەیە سەیری داواکاری دەستکەوتی ناڕەوا بکات و گلدانەوەی ئیحتیاتی بخاتە سەر ماڵی گومان لێکراو، یان هاوسەرەکەی، یان منداڵە ناکامەکانی، ئەمەش لەسەر داوای دەستە دەبیٚ).

ماددەی نۆزدیەم: دەبێتە زنجیرەی (ماددەی هەژدەیەم ):

لیژنە پشتگیری ماددەکە دەکات و پێشنیازیش دەکات وشەی (فەرمان دەدات) لە بڕگەی (سێیەم) لە ماددەکەدا بگۆڕدرێ بە (بڕیار دەدات).

ماددەی بیستەم: دەبێتە زنجیرەی (ماددەی نۆزدەیەم) پێشنیار دەکەین:

دەستەواژەی (لەسزاکە) لەدوای دەستەواژەی (لێبوردنی هاوبەش) زیاد بکرێ، چونکە دەقەکە لێبوردنی هاوبەشەکە دەگرێتەخۆ، بەبێ ئەوەی ڕوون بکرێتەوە لەچی لێی دەبوردرێ.

مادەی بیست و یەکەم: دەبێتە زنجیرەی (ماددەی بیستەم) پێشنیاز دەکەین:

بڕی بژاردن (غەرامەکە) زیاد بکرێت، چونکە ئەو گوژمەیەی کە لە پرۆژەکەدا هاتووە گونجاو نییە لەگەڵ گەورەیی ئەو کارەو ئەویش پێشکەش نەکردنی زانیاری پێویستەو پێشنیاز دەکەین غەرامەکە لەنێوان (سێ ملیۆن دینار بە لایەنی کەم و ڕادەی بەرزیشی پێنج ملیۆن دینار)و پێشنیاز دەکەین ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(هەر کەسێك بە ئەنقەست دواکەوت لە پێشکەش کردنی دەرخستنی بەرژەوەندیی دارایی خۆی لە وادەی دیاری کراودا سزا دەدرێ بە غەرامەیەك لە سێ ملیۆن دینارکەمتر نەبێ و لەپێنج ملیۆن دیناریش زیاتر نەبێ، یان بە یەکێك لەو دوو سزایە و هەرکەسێك بە ئەنقەست زانیاری گرنگی ناڕاستی لەبارەی ئەو بڕیارانەوە باس کرد بەهەمان سزا، سزا دەدرێ.

ماددەی بیست و دووەم: زنجیرەکەی دەبێتە (ماددەی بیست و یەکەم) پێشنیاز دەکەین:

وشەی (ئیمزا) کە لەدوای وشەی (سزا) هاتووە بگۆردرێ بە وشەی (سەپاندن).

ماددەی بیست و سێ: زنجیرەکەی دەبێتە (ماددەی بیست و دووەم):

هیچ تێبینیمان لەسەر نییە.

ماددەی بیست و چوارەم: زنجیرەکەی دەبێتە ماددەی (بیست و سێ یەم):

هیچ تێبینیمان لەسەر نییە.

ماددەی بیست و پێنجەم: زنجیرەکەی دەبێتە ماددەی (بیست و چوارەم) پێشیاز دەکەین بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

(ژمێریاری دەستە ملکەچە بۆ وردبینی لەلایەن دیوانی چاودێری داراییەوە).

هەردوو لیژنە پێشنیاز دەکەن بە زیادکردنی ئەم ماددانە بەم شێوەیەی خوارەوە:

ماددەی بیست و پێنجەم:

سەرۆکی دەستە بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربچووێنێ بۆ ئاسنکاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی بیست و شەشەم:

دەشێ بەپێی پێویستیەکانی کار هەندێ پێکهاتەی نوێ دابمەزرێ، یان پێکهاتەکان لێکبدرێن، یاخود هەڵوەشێندرێتەوە.

**ماددەی بیست و حەوتەم:**

**کار بە هیچ دەقێکی یاسایی، یان بڕیار ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.**

**ماددەی بیست و هەشتەم:**

**پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .**

**ماددەی بیست و نۆیەم:**

**ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاْوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێ .**

**هۆیە پێویستیەکانی: هیچ تێبینیەکمان لەسەر نییە.**

**ئاگاداری ئەسڵی پڕۆژەکە و ڕای هەردوو لیژنە بن لەم بارەیەوەو بخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن لەسەری و دەربڕینی ڕای گوونجاو لەبارەیەوەو دەنگدان لەسەری. لەگەڵ ڕێزماندا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە عەرەبیش کەرەم بکەن.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

**ئێستا دەقی پرۆژەی هاوبەش بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە، کە بەم شێوەیە:**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان - العراق**

**م/ تقرير مشترك**

**عقدت لجنة الشؤون القانونية ولجنة الشؤون المالية والاقتصاد عدة اجتماعات وكان اخرها بتأريخ 5/بەفرانبار/2710 كوردي المصادف ليوم 2010/12/26 الميلادية لدراسة مشروع قانون (هيئة النزاهة العامة لاقليم كوردستان - العراق) المقدم من قبل مجلس الوزراء والمحال الى اللجان المعنية بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (15) والمؤرخة في 2010/6/20 وبعد المناقشة والمداولة، توصلت اللجنتان الى مايلي:**

**الفصل الاول**

**التعاريف والتأسيس والاهداف**

**المادة الأولى: نقترح:**

1- **حذف كلمة (كوردستان) في الفقرتين (ثانيا) و (ثالثا).**

2- **اضافة فقرة بتسلسل (سادسا) بالشكل الآتي:**

**( مجلس القضاء: مجلس القضاء في الاقليم).**

**المادة الثانية: نقترح:**

1- **تبديل عبارة (ميزانية مستقلة) بـ (ميزانية خاصة) لانها جزء من ميزانية الاقليم.**

**2- حذف عبارة (يرأسها موظف بدرجة وزير) ونقلها الى المادة السابعة التي تتناول تعيين رئيس الهيئة.**

**3- نقترح اعادة صياغة المادة بالشكل الآتي:**

**(تؤسس بموجب هذا القانون هيئة تسمى بـ (هيئة النزاهة العامة) وتكون لها شخصية معنوية تخضع لرقابة البرلمان ولها استقلال مالي واداري وميزانية خاصة ضمن الميزانية العامة).**

**المادةالثالثة: نقترح:**

**1- الفقرة (اولا): لاتوجد عليها اية ملاحظة.**

**2- الفقرة (ثانيا): تبديل كلمة (مواجهة) بـ (القضاء على) واضافة عبارة (ومكافحة ظاهرة الفساد) الى ما بعد كلمة (معالجته) وحذف جملة (التشريعية... احراءات قانونية) من نهاية الفقرة واعادة صياغتها بالشكل الآتي:**

**(ثانيا: القضاء على الفساد الاداري والمالي ومعالجته ومكافحة ظاهرة الفساد ودعم مبدأ الشفافية في مؤسسات الاقليم).**

**3- الفقرة (ثالثا): اضافة عبارة (القانونية اللازمة) الى ما بعد كلمة (الاجراءات) واعادة صياغتها بالشكل الآتي:**

**(ثالثا: اتخاذ الاجراءات القانونية اللازمة للوقاية من الفساد).**

**4- بالنسبة للفقرة (رابعا) لاتوجد عليها اية ملاحظة.**

**5- الفقرة (خامسا): تبديل عبارة (والاحساس بالمسؤولية في تأدية الخدمة) بـ (وتحمل المسؤولية اثناء الخدمة العامة) واضافة (في الاقليم) الى ما بعد كلمة (العامة) واعادة صياغتها بالشكل الآتي:**

**(خامسا: تثبيت وتقوية السلوك الوظيفي وتحمل المسؤولية اثناء تأدية الخدمة العامة في الاقليم وفقا للقوانين والاجراءات التي تحرم الفساد).**

**المادة الرابعة: نقترح:**

**1- تغيير تسلسل الفقرتين (اولا) و (ثانيا)، اي جعل الفقرة (اولا) بتسلسل الفقرة (ثانيا).**

**2- حذف كلمة (جميع) في بداية الفقرتين (اولا) و (ثالثا).**

**3- حذف كلمة (اطراف) في بداية الفقرة (رابعا).**

**4- الفقرة (خامسا) : اضافة كلمة (التنظيمات) الى ما بعد كلمة (الكيانات) واضافة عبارة (والمنظمات غير الحكومية والدولية العاملة في الاقليم) الى ما بعد (المجتمع المدني) واعادة صياغتها بالشكل الآتي:**

**(الكيانات والتنظيمات السياسية ومنظمات المجتمع المدني والمنظمات غير الحكومية والدولية العاملة في الاقليم والاتحادات والجمعيات والنوادي فيما يتعلق بالامور الآتية).**

**5- الفقرة (خامسا/ ب): تبديل عبارة ( في ديوان الرقابة المالية ) بـ (الصرف)، واعادة صياغتها بالشكل الآتي:**

**(خامسا/ ب: اوجه الانفاق وفقا للقواعد المتبعة في الصرف).**

## الفصل الثاني

## مهام الهيئة

**المادة الخامسة: تقترح اللجنتان:**

**1- دمج المادتين (5) و (6) في مادة واحدة بتسلسل المادة (5) لانهما تنظمان مهام الهيئة.**

**2- ترقيم تسلسل فقرات المادة بـ (اولا، ثانيا، ثالثا،........... ).**

**3- الفقرة (أ) نقترح حذف عبارة (تعمل الهيئة من اجل) في بداية الفقرة.**

**4- الغاء الفقرة (ب).**

**5- حذف الفقرة (ثانيا) لانها تدخل ضمن اختصاص رئيس الهيئة و ليس مهام الهيئة.**

**6- جعل (اولا) من المادة السادسة بتسلسل رقم (3) للمادة الخامسة.**

**7- (ثانيا/ أ ) نقترح اضافة عبارة (والجهات) ما بعد كلمة (المواطنين).**

**6- (ثانيا/ب) نقترح تبديل عبارة (تحافظ الهيئة) بـ (المحافظة).**

**7- (رابعا) نقترح اضافة كلمة (الوظيفي) الى ما بعد (السلوك) في السطر الاول.**

**8- (خامسا/ 1) نقترح حذف كلمة (كبار) في السطر الثاني من الفقرة.**

**9- (خامسا/ 2) نقترح اضافة عبارة (داخل الاقليم وخارجه) الى نهاية الفقرة.**

**10 – الفقرة (خامسا/3) نقترح حذف (بتقديم) ما بعد كلمة (يشمل).**

**11- الفقرة (د) نقترح جعلها فقرتين (الاولى) خاص بالقضاة و (الثانية) انضباط حرس الاقليم.**

**12 – الفقرة (سادسا): لا توجد عليها اية ملاحظة.**

**13- (سابعا) نقترح حذف عبارة (والمفتشين العموميين) من بعد (المالية).**

**وتكون المادتان بعد دمجهما بالصياغة الآتية وبرقم (المادة الخامسة):**

**(المادة الخامسة: تعمل الهيئة على:**

**اولا: تنفيذ وتطبيق قوانين مكافحة الفساد ومعايير الخدمة العامة وفق الدستور والقوانين النافذة.**

**ثانيا: التحقيق في قضايا الفساد واحالتها الى المحكمة المختصة ومتابعتها.**

**ثالثا: استلام شكاوى المواطنين والجهات المتعلقة بالفساد.**

**رابعا: المحافظة على سرية هوية المتعاونين وفقا للقانون الا اذا تنازل المتعاون عن الحماية.**

**خامسا: نشر ثقافة وطنية لتنمية اخلاقيات النزاهة الشخصية والالتزام الذاتي بمعايير الخدمة وتعمل مع مسؤولين مختصين من اجل وضع مناهج دراسية و طنية لتعزيز مفهوم النزاهة.**

**سادسا: اصدار تعليمات قواعد السلوك الوظيفي لتوضيح معايير الخدمة العامة واخلاقياتها التي يلتزم بها موظفوا الاقليم والقطاع العام والمختلط باعتبارها شرطا للتعيين وللاستمرار ومراقبة مدى التقيد بها وتعدل من وقت لاخر حسب الحاجة.**

سابعا: 1- اصدار تعليمات وفقا لقواعد الكسب غير المشروع المنصوص عليها في الفصل الخامس من هذا القانون والتي تلزم موظفي الاقليم وكذلك زوجاتهم واولادهم القصر، الكشف عن مصالحهم المالية وتعدل من وقت لاخر وفق لما تراه مناسبا لتحقيق الاغراض المنشودة منها.

2- يتضمن كشف المصالح المالية بيانات تفصيلية عما يملكه المكلف من عقارات ومنقولات ودخل مالي وارصدة في المصارف واسهم وسندات وحقوق معنوية داخل الاقليم وخارجه.

3 – يشمل كشف المصالح المالية كل من:

ا- رئيس الاقليم ونائبه.

ب- رئيس البرلمان ونائبه والسكرتير والاعضاء.

ت- رئيس الوزراء ونائبه.

ث- الوزراء ومن هم بدرجة وزير ووكلاء الوزارات.

ج- رئيس هيئة النزاهة العامة ونائبه وجميع مدراء الهيئة العاميين ومحققيها.

ح- اصحاب الدرجات الخاصة ووكلائهم ومعاونيهم.

خ- المدراء العامين ومعاونيهم.

د- القضاة واعضاء الادعاء العام و المشرفين العدليين والمحققين.

ذ- ضباط حرس الاقليم وقوى الامن الداخلي.

هـ- اي شخص يشغل منصب مدني او عسكري ممن لم يرد ذكره اعلاه وترى الهيئة ضرورة شموله بتقرير الكشف المالي، وفقا لتعليمات تصدر لهذا الغرض.

ثامنا: أ – للهيئة ان توصي الدائرة المعنية بسحب يد الموظف الخاضع للتحقيق وفقا لقانون انضباط موظفي الدولة رقم (14) لسنة 1991 النافذ في الاقليم.

ب- للهيئة ان تحيل المخالفات المتعلقة بمعايير الخدمة العامة الى رئيس الدائرة الحكومية التي يرتبط بها الموظف المخالف، ولها ان ترفق ذلك بتوصية باتخاذ اجراءات انضباطية وقضائية.

تاسعا: أ- للهيئة ان تقوم بمراقبة التصرف باموال الاقليم وطريقة ادارتها بالتعاون مع ديوان الرقابة المالية والجهات المعنية الاخرى .

ب- تشمل المراقبة قانونية قرارات واعمال الوزارات والدوائر والهيئات الخاضعة للرقابة ومدى نزاهتها.

ج- على الجهة الخاضعة للرقابة ان تقدم للهيئة بناءا على طلبها وبدون تأخير المعلومات والايضاحات والمستندات والوثائق بما فيها السرية ايا كانت درجة كتمانها وغير ذلك مما ترى الهيئة ضرورة الاطلاع عليها لاغراض الرقابة).

## الفصل الثالث

## انتخاب رئيس الهيئة ومهامه وتشكيلات الهيئة

المادة السابعة وتصبح بتسلسل المادة السادسة: نقترح:

1- الفقرة (اولا): تبديل عبارة (باقتراع سري) بـ (بالاقتراع السري) و (مجلس القضاء في الاقليم) بـ (لجنة برلمانية تشكل لهذا الغرض) واضافة عبارة (وبدرجة وزير) الى نهاية الفقرة من (المادة السادسة/ اولا).

2- هناك رأيان من بين اعضاء اللجنتين: الرأى الاول: وهو رأى الاغلبية، يؤيد اصل المشروع بالنسبة للانتخاب بالاغلبية المطلقة، اما الرأي الثاني (رأي الاقلية): يقترح ان يكون الانتخاب باغلبية (2 / 3) ثلثي عدد اعضاء البرلمان الحاضرين.

3- نقترح اعادة صياغة الفقرة بالشكل الآتي:

(اولا: يتولى البرلمان انتخاب رئيس الهيئة بالاقتراع السري وبالاغلبية المطلقة لعدد اعضائه من بين ثلاث مرشحين ترشحهم لجنة برلمانية تشكل لهذا الغرض، ويعيين المنتخب بمرسوم اقليمي وبدرجة وزير).

وفي حالة تصويت البرلمان على الرأي الثاني نقترح اعادة صياغة الفقرة بالشكل الآتي :

(اولا: يتولى البرلمان انتخاب رئيس الهيئة بالاقتراع السري وباغلبية (2 / 3) لعدد اعضائه الحاضرين).

4- الفقرة (ثانيا) اعادة صياغتها بالشكل الآتي:

(ثانيا/ 1: غير محكوم عليه بالجرائم المخلة بالشرف والاخلاق والآداب العامة).

المادة الثامنة وتصبح بتسلسل المادة السابعة: نقترح

1- الفقرة (اولا): تبديل (مجلس القضاء) بـ (اللجنة البرلمانية) في حالة الموافقة على هذه اللجنة في المادة السابقة).

2- الفقرة (خامسا/ أ): تبديل عبارة (بارتكاب جناية او جنحة) بـ (جريمة مخلة بالشرف) و اعادة صياغة الفقرة بالشكل الآتي:

(خامسا/ أ: اذا صدر قرار قضائي بادانته بجريمة مخلة بالشرف).

المادة التاسعة وتصبح بتسلسل المادة الثامنة: نقترح:

1- اعادة صياغة اليمين بالشكل الآتي :

(اقسم بالله العظيم ان اقوم بمهام وظيفتي بصدق وامانة ونزاهة وحيادية واخلاص وان اطبق القوانين والانظمة والتعليمات للقضاء على ظاهرة الفساد).

2- الغاء الفقرة (ثانيا) والاكتفاء بما ورد في الفقرة (اولا) من المادة.

المادة العاشرة وتصبح بتسلسل المادة التاسعة: ونقترح:

1- الفقرة (اولا): حذف كلمة (جميع) الواردة ما بعد كلمة (ادارة).

2- الفقرة (ثانيا/ 1): نقترح اعادة صياغتها بالشكل الآتي:

(ثانيا/ 1: اعداد ميزانية الهيئة وملاكها الوظيفي، وعرضها على البرلمان للمصادقة عليها).

3- الفقرة (ثالثا): نقترح حذف التفصيلات الواردة بالنسبة لادارة الفرع واعادة صياغة الفقرة بالشكل الآتي :

(فتح مكاتب وفروع للهيئة في محافظات الاقليم).

**4- الفقرة (رابعا): نقل هذه الفقرة الى الاحكام الختامية لانها لا تتضمن اصدار التعليمات اللازمة لتنفيذ القانون.**

**5- الفقرتان (خامسا) و (سادسا): لا توجد عليها اية ملاحظة.**

**6- الفقرة (سابعا): نقلها الى الاحكام الختامية لانها تخص استحداث ودمج اقسام الهيئة وهذه ترد عادة في الاحكام الختامية.**

**7- تغيير تسلسل الفقرات تبعا للتعديلات.**

**المادة الحادية عشرة وتصبح بتسلسل المادة العاشرة: نقترح:**

**- الفقرة (ثانيا): حذف عبارة (والمفتشين العامين) من نهاية الفقرة.**

**المادة الثانية عشرة وتصبح بتسلسل المادة الحادية عشرة: نقترح:**

**1- الفقرة (اولا): حذف عبارة (وتنظيم وادارة الشؤون) من بعد (الادارية) في السطر الثالث واعادة صياغة الفقرة بالشكل الآتي:**

**(اولا: دائرة الشؤون الادارية والمالية: يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية على الاقل وله خبرة لا تقل عن عشر سنوات في مجال اختصاصه ويعاونه عدد من الموظفين، وتتولى شؤون الهيئة الادارية والمالية واعداد الموازنة السنوية وتنظيم الامور المالية والمحاسبة واعمال التدقيق الداخلي ومسك السجلات واعداد التقارير المالية الشهرية والسنوية وفقا للقانون).**

**2- الفقرة (ثانيا/ 1): تحديد الدرجة الوظيفية للموظف الذي يرأس هذه المديرية واعادة صياغة المادة بالشكل الآتي:**

**(ثانيا/ 1: مديرية الشؤون القانونية: يرأسها موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية في القانون وله خبرة لا تقل عن خمس سنوات في مجال اختصاصه وتتولى المهام التالية):**

**- الفقرة (أ): تبديل عبارة (التي تعرض على الهيئة) بـ (المتعلقة بالهيئة).**

**- الفقرة (ت): حذف عبارة (من قبل المفتشين العموميين) ما بعد (المشكلة).**

**3- الفقرة ثانيا/2: تحديد الموظف الذي يرأس هذه المديرية واعادة صياغة الفقرة بالشكل الآتي:**

**{2- مديرية التحقيقات: يرأسها موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية في القانون وله خبرة لا تقل عن خمس سنوات في مجال اختصاصه وتتولى المهام التالية:**

**الفقرة (2/ أ): تبديل (و) ما قبل كلمة (جميع) في السطر الاول بـ (من خلال) واعادة صياغة الفقرة بالشكل الآتي:**

**أ- الكشف عن حالات الفساد في الهيئات الحكومية كافة من خلال جمع المعلومات بشأنها بالاستعانة بالاجهزة الفنية والمتعاونين السريين والتحقيق فيها.**

**4- الفقرة (ثالثا): لا توجد عليها اية ملاحظة.**

**5- الفقرة (رابعا): لا توجد عليها اية ملاحظة.**

المادة الثالثة عشرة: وتصبح بتسلسل المادة الثانية عشرة:

نقترح اعادة صياغتها بالشكل الآتي:

(على قاضي التحقيق او اللجان التحقيقية الخاصة عند بدء اجراءات التحقيق في قضية فساد القيام بابلاغ مدير عام الشؤون القانونية والتحقيقات في الهيئة بذلك واطلاعه على سير التحقيق.

المادة الرابعة عشرة وتصبح بتسلسل المادة الثالثة عشرة:

1- الفقرة (اولا): لا توجد عليها اية ملاحظة.

2- الفقرة (ثانيا): استبدال كلمة (تحقيق) بـ (تحقيقية) وحذف عبارة (عضوية كل من المفتش العام في الوزارة المعنية) واعادة صياغتها بالشكل الآتي:

(اذا ادعت الجهة الخاضعة للتحقيق، ان المعلومات والوثائق المطلوب الاطلاع عليها غاية في السرية، وان احتمال افشائها قد يعرض الامن في الاقليم للخطر يقوم رئيس الهيئة بتشكيل لجنة تحقيقية برئاسته او نائبه ومدير عام من الهيئة للقيام بتدقيق تلك المعلومات والوثائق).

3- الفقرة (ثالثا): لا توجد عليها اية ملاحظة.

المادة الخامسة عشرة وتصبح بتسلسل المادة الرابعة عشرة:

1- الفقرة (اولا): حذف عبارة (مع المفتشين العموميين في وزارات الاقليم).

2- الفقرة (ثانيا): لا توجد عليها اية ملاحظة.

3- الفقرة (ثالثا): لا توجد عليها اية ملاحظة.

4- الفقرة (رابعا): لا توجد عليها اية ملاحظة.

المادة السادسة عشرة وتصبح بتسلسل المادة الخامسة عشرة: لا توجد عليها اية ملاحظة.

المادة السابعة عشرة وتصبح بتسلسل المادة السادسة عشرة: نقترح:

دمج الفقرتين (اولا وثانيا) لغرض احالة جميع المشمولين باحكام هذا القانون الى المحكمة وعدم التمييز بين اصحاب الدرجات الخاصة وسائر الموظفين واعادة صياغة المادة بالشكل الآتي:

(تحال قضايا الكسب غير المشروع بالنسبة للمشمولين باحكام هذا القانون الى المحكمة المختصة او الى قاضي التحقيق وفق القانون).

المادة الثامنة عشرة وتصبح بتسلسل المادة السابعة عشرة: نقترح:

- حذف كلمة (لرئيس) لاعطاء الصلاحية للمحكمة المختصة واعادة صياغة المادة بالشكل الآتي:

(يجوز للمحكمة المختصة بنظر دعوى الكسب غير المشروع ايقاع الحجز الاحتياطي على اموال المتهم او زوجه او اولاده القاصرين بناء على طلب الهيئة).

المادة التاسعة عشرة وتصبح بتسلسل المادة الثامنة عشرة:

تؤيد اللجنة المادة ونقترح تبديل كلمة (تأمر) في الفقرة (ثالثا) من المادة بـ كلمة (تقرر).

المادة العشرون وتصبح بتسلسل المادة التاسعة عشرة: نقترح:

اضافة (من العقوبة) الى مابعد عبارة (يعفى الشريك) لان النص يتضمن اعفاء الشريك دون ان يبين من ماذا يتم اعفاءه .

المادة الحادية والعشرون وتصبح بتسلسل المادة العشرون: نقترح:

زيادة مبلغ الغرامة نظرا لان المبلغ الوارد في المشروع لا يتناسب وجسامة هذا الفعل و هو عدم تقديم المعلومات المطلوبة و نقترح ان يتراوح المبلغ بين (ثلاثة ملايين كحد ادنى وخمسة ملايين كحد اقصى)، ونقترح اعادة صياغة المادة بالشكل الآتي:

(كل من تخلف عمدا عن تقديم اقرارات الكشف عن المصالح المالية في المواعيد المقررة، يعاقب بغرامة لا تقل عن ثلاثة ملايين دينار ولا تزيد على خمسة ملايين دينار او باحدى هاتين العقوبتين ويعاقب بالعقوبة ذاتها كل من ذكر عمدا بيانات جوهرية غير صحيحة في تلك الاقرارات).

المادة الثانية والعشرون وتصبح بتسلسل المادة الحادية والعشرون:

نقترح تبديل كلمة (توقيع) بـ (فرض) الواردة قبل كلمة (عقوبة).

المادة الثالثة والعشرون وتصبح بتسلسل المادة الثانية والعشرون:

لا توجد عليها اية ملاحظة .

المادة الرابعة والعشرون وتصبح بتسلسل المادة الثالثة والعشرون:

لا توجد عليها اية ملاحظة.

المادة الخامسة والعشرون وتصبح بتسلسل المادة الرابعة والعشرون: نقترح اعادة صياغة المادة بالشكل الآتي:

(المادة الرابعة و العشرون: تخضع حسابات الهيئة للتدقيق من قبل ديوان الرقابة المالية).

تقترح اللجنتان اضافة مواد بالشكل الآتي:

المادة الخامسة والعشرون:

لرئيس الهيئة اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة السادسة والعشرون:

يجوز استحداث او دمج او الغاء تشكيلات الهيئة حسب متطلبات العمل.

المادة السابعة والعشرون:

لا يعمل باى نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة الثامنة والعشرون:

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

المادة التاسعة والعشرون:

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

الاسباب الموجبة: لا توجد عليها اية ملاحظة.

راجين التفضل بالأطلاع و عرض أصل المشروع ورأي اللجنتين بشأنه على البرلمان للمناقشة و أبداء الرأى المناسب بصدده و التصويت. مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕاپۆرتی لیژنەی نەزاهە تكایە.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرەوە ڕاپۆرتی لیژنەی دەستپاكیی (نەزاهەت) لە بارەی پرۆژە یاسای دەستەی گشتیی دەستپاكی نەزاهەتی هەرێمی كوردستان – عێراق دەخەینە بەرچاو، كە بە ژمارە (31) لە ڕۆژی 2010/9/6دا ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان كراوە.

**ڕاپۆرتی لیژنەی دەستپاكی (نەزاهەت) لە بارەی**

**پرۆژە یاسای دەستەی گشتیی دەستپاكیی (نەزاهەت)ی هەرێمی كوردستان ـ عێراق**

لە ڕۆژانی 27-6، 29-6، 1-7، 29-8 لیژنەكەمان بەمەبەستی تاوتوێكردنی پرۆژە یاسای دەستەی دەستپاكی (نەزاهەت)ی هەرێمی كوردستان – عێراق كۆبۆوە، هەروەها لە ڕۆژی 29-8-2010 وۆرك شۆپێكی كراوەی بۆ هەمان مەبەست ئەنجامدا كە تیایدا كۆمەڵێك پسپۆری یاساو نوێنەرانی ئەنجومەنی دادوەری و داواكاری گشتی و دادگای كارگێری و دیوانی چاودێریی دارایی (لە هەولێرو سلێمانی) و وەزارەتی دارایی و كۆمەڵێك مامۆستای زانكۆ و بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی پەرلەمانی كوردستان و نوێنەرانی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی بەشدار بوون، لەم وۆرك شۆپەدا لێدوان و گفتوگۆ لە بارەی پرۆژە یاساكەوە كرا. دوای ئەوەی لیژنەكەمان لە ڕۆژانی 30 و31-8 و 5-9-2010 سەر لەنوێ كۆبۆوە بە مەبەستی تاوتوێكردنی زیاتری پرۆژە قانونەكەو سودوەرگرتن لەو بیرورایانەی كە لە وۆرك شۆپەكەدا خرانە ڕوو لە كاتی نووسینی ئەم ڕاپۆرتەدا .

لێرەدا ڕای لیژنەكەمان لە بارەی پرۆژە یاساكەوە دەخەینە ڕوو:

1 – لەبەر ئەوەی دەستەی دەستپاكی (نەزاهەت) پەیوەندییەكی بە هێزی بە هەریەك لە دیوانی چاودێریی دارایی و دەستەی داواكاری گشتییەوە هەیەو كۆمەڵێك ئەركی هاوبەش لە نێوان هەرسێك دەستەكەدا هەیە، بۆیە پێویستە، پێش دامەزراندنی دەزگای دەستپاكی، هەردوو دەزگاكەی تر، كارا بكرێن، بە پێچەوانەوە دەستەی دەستپاكی، لە بەجێگەیاندنی ئەركەكانیدا، كارا نابێت.

2 – ئەم پرۆژە یاسایە وێنەیەكی دەستكاریكراوی یاسای (دەستەی نەزاهەی عێراق)ە ژمارە (55) ساڵی 2004، كە لەلایەن دەسەڵاتی هاوپەیمانانەوە دەرچووێندراوەو هەندێك ماددەی چڕكراونەتەوەو دەستكاری

کراون. بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە وشەی (پشکنەری گشتی - المفتش العام) حەوت جار، لە زۆر ماددەدا هاتووە، کەچی لە وەزارەتەکانی هەرێم وەزیفەیەکی بەو ناوو ئەرکە نییە، بەلاَم لە هەیکەلیەتی وەزارەتەکانی عێراقدا، کە بە فەرمانی دەسەلاَتی هاوپەیمانان ژمارە (57)ی ساڵی 2004 پێکهاتوون، ئەم وەزیفەیە هەیە، بۆیە دەبێت ئەم ناوە (المفتش العام) لابرێت، یان بگۆڕدرێت.

3 – پێشنیار دەکەین کە ناوی پرۆژە یاساکە لە یاسای دەستەی گشتیی دەستپاکی (نەزاهەت)ی هەرێمی کوردستان بگۆردرێت بە یاسای دەستەی دەستپاکی (نەزاهەت)ی هەرێمی کوردستان، واتا وشەی (گشتی) لە تەواوی پرۆژە یاساکەدا لابرێت.

4 – تێبینییەکانمان لە بارەی پرۆژە قانونەکە بەم جۆرەیە:

## بەشی یەکەم

## پێناسەو دامەزراندن و ئامانجەکان

ماددەی یەکەم:

یەکەم: لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

دووەم: لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

سێ یەم: لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

چوارەم: دووبارە بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە:

دەستە: دەستەی دەستپاکی (نەزاهەت) لە هەرێمی کوردستان

پێنجەم: دووبارە بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە:

سەرۆك: سەرۆکی دەستەی دەستپاکی (نەزاهەت) لە هەرێمی کوردستان.

پێشنیار دەکەین برگەی شەشەم زیاد بکرێت بەم شێوەیە:

شەشەم: ئەنجومەنی دادوەری: ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان.

ماددەی دووەم:-

دەستەواژەی (فەرمانبەرێك بە پلەی وەزیر سەرۆکایەتی دەکات ) لابدرێت و بگوازرێتەوە بۆ برگەی یەکەم لە ماددەی (7)ی بەشی سێیەم لە ئەسڵی پرۆژەکە.

ماددەی سێیەم:

پێشنیار دەکەین بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە :

ئەم یاسایە ئەم ئامانجانەی هەیە:

یەکەم: چەسپاندنی میکانیزمێکی کاریگەر، بۆ بەدەستهێنانی پرەنسیپی سەروەریی یاسا (واتا لابردنی وشەی چاودێری لە رستەکەدا).

دووەم: چارەسەر کردنی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی و پاڵپشتیکردنی پرەنسیپی شەفافیەت لە سەرجەم دەزگاکانی هەرێم لە رێگەی رێکارە یاساییەکانەوە.

سێ یەم: گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ خۆپاراستن لە گەندەڵی (واتا زیادکردنی وشەی پێویست لە ڕستەکەدا).

چوارەم: لابردنی ڕستەی (بەهێز کردنی شەفافیەت لە کاری کارگێریدا) و بڕگەکە بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە: پشتبەستن بە پێوانەی بابەتی بۆ هەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی کارگوزاریی گشتی و نەهێشتنی ڕۆتین .

پێنجەم: ئەم برگەیە بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە: چەسپاندن و بەهێزکردنی ڕەوشتی فەرمانبەرایەتی و هەستکردن بە بەر پرسیاریەتی لە ئەنجامدانی خزمەتگوزاریە گشتیەکان بەپێی یاساو ئەو ڕێکارانەی گەندەڵی قەدەغە دەکەن.

ماددەی چوارەم:

پێشنیاز دەکەین ماددەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر ئەوانەی خوارەوەدا جێ بەجێ دەکرێن:

یەکەم: ئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانان کە ئەمانە دەگرێتەوە (سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێرو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ).

دووەم: هەموو کارمەندانی دەسەڵاتی ڕاپەراندن و دەزگاکانی، ئەوەش ئەمانە دەگرێتەوە (سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی، وەزیرەکان و خاوەنی پلە تایبەتەکان).

سێ یەم: لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

بڕگەی (چوارەم) لەم ماددەیەدا زیاد بکرێ و ریزبەندییەکەی بەم شێوەیە بێ.

چوارەم: سەرجەم فەرمانبەران بە جیاوازی پلەو پۆستەکانیانەوە، لە سەرجەم فەرمانگەو دامەزراوەکانی هەرێمدا.

پێنجەم: کە بڕگەی (چوارەمە) لە پرۆژەکەدا، هیچ تێبینیەکمان لە بارەیەوە نییە.

شەشەم: کە بڕگەی (پێنجەم)ە لە پرۆژەکەدا،

ڕێکخستنە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ئەو ڕێکخراوە نا حکومی و نێودەوڵەتییانەی لە ناو هەرێمدا کار دەکەن، هەروەها یەکێتی و کۆمەڵەو یانەکان، ئەوەی پەیوەستە بەم کاروبارانەی خوارەوە:

أ – لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

ب – شێوەکانی خەرجکردن بەپێی ئەو ڕێوشوێنانەی لەم بارەیەوە پەیرەو دەکرێن

ت - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

## بەشی دووەم

## ئەرکەکانی دەستە

ماددەی پێنجەم:

پێشنیار دەکەین ماددەکانی (5) و (6) لێك بدرێن و لە یەك ماددەداو بەم شێوەیە دابڕێژرێنەوە:

یەکەم:

أ- دەستەی چاودێری پیادەکردنی یاساکانی نەهێشتنی گەندەڵی و پێوانەکانی خزمەتگوزاریی گشتی بەپێی دەستورو یاسایە پەیرەوکراوەکان دەکات.

ب- ئەم بڕگەیە لا ببرێت .

دووەم: ئەم بڕگەیە بگوازرێتەوە بۆ ماددەی (10) بۆ ئەرکەکانی سەرۆك .

لە جیاتیان ئەمە دابندرێت: لێکۆڵینەوە لە دۆزەکانی گەندەڵی و ڕەوانەکردنیان بۆ دادگای تایبەتمەندو بەدواداچوونیان.

سێ یەم : بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (6) لە ئەسڵی پرۆژەکە:

أ – وەرگرتنی سکاڵای هاووڵاتیان و ئەو لایەنانەی کە پەیوەندیان بە گەندەڵیەوە هەیە .

ب - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

چوارەم : (سێیەم ) لە ماددەی (6) لە ئەسڵی پرۆژەکە ، لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

پێنجەم: (چوارەم) لە ماددەی (6) ئەسڵی پرۆژەکە .

دەرکردنی ڕێنمایی لە بارەی ڕێسایەکانی ڕەفتارکردنی وەزیفی بۆ ڕوونکردنەوەی پێوانەو ڕەوشتی خزمەتگوزاریی گشتی، کە دەبێ فەرمانبەرانی هەرێم وەکو مەرجێك بۆ دامەزراندن و بەردەوامبوون لە خزمەتکردندا پێیەوە پابەند بن و چاودێری ئەم پابەند بوونە بکرێت و ڕێنماییەکان ناوە ناوە بەپێ ی پێویست هەموار دەکرێن.

شەشەم: (پێنجەم) لە ماددەی (6)ی ئەسڵی پرۆژەکە.

1 – وشەی (گەورە) لە دێری دووەم لابرێت و بڕگەکە وەك خۆی دەمینێتەوە.

2 – لە کۆتایی بڕگەکەدا دەستەواژەی (لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم) زیاد بکرێت.

3 – وشەی (پێشکەشکردنی) لابدرێت لە دەستەواژەکەدا.

أ - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

ب - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

ت - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

پ - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

ج - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

ح - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

خ - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

د – ئەم بڕگەیە بکرێت بە دوو بەش و بەم شێوەیە:

دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و سەرپەرشتیارانی دادو لێکۆڵەرانی داد.

ژ – ئەفسەرانی پاسەوانی هەرێم و هێزی ئاسایشی ناوخۆ.

**ر – بڕگەی (ژ) لە ئەسڵی پرۆژەکە، هیچ تێبینیەکمان لە بارەیەوە نییە.**

**حەوتەم: (شەشەم) لە ماددەی (6) لە ئەسڵی پرۆژەکە:**

**1 - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.**

**2 - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.**

**هەشتەم: (حەوتەم) لە ماددەی (6)ی ئەسڵێ پرۆژەکە لیژنە تێبینی لە بارەیەوە نییە.**

## بەشی سێیەم

## هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستەو ئەرکەکانی و دامەزراوەکانی دەستە

**ماددەی (6): ماددەی (7)ە لە ئەسڵی پرۆژەکە.**

**یەکەم: دەستە دەستەواژەی (زۆرینەی رەها) بگۆڕێت بە ( سێ لەسەر چواری ئەندامان)،و لە کۆتایی رستەکەشدا دەستەواژەی (بەپلەی وەزیر) زیاد بکرێت.**

**دووەم/**

**1 – وشەی (بەزیندانی کردن) لابدرێت.**

**2 - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.**

**3 - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.**

**4 - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.**

**ماددەی (7): ماددەی (8)ە لە ئەسڵی پرۆژەکە.**

**یەکەم: وشەی (کارەکە) بگۆڕدرێت بە (پلەکە).**

**دووەم: ژمارەی ماددەی (5 / یەکەم) بگۆڕدرێت بە ( 6 / یەکەم )**

**سێ یەم: دەستەواژەی (ماددەی 5) بگۆڕدرێت بە (ماددەی 6) .**

**چوارەم: لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.**

**پێنجەم:**

**أ – وشەی (بڕیار) بگۆڕدرێت بە (حکم قضائي بات)**

**ب - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.**

**ج - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.**

**شەشەم: لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.**

**ماددەی هەشتەم: ماددەی (9)یە لە ئەسڵی پرۆژەکەو لیژنە تێبینی لە بارەیەوە نییە .**

**ماددەی (9): ماددەی (10)یە لە ئەسڵی پرۆژەکە .**

**یەکەم: وشەی (هەموو) لابدرێت.**

دووەم: دەستەواژەکە بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە.

1 – ئامادەکردنی بودجەی دەستەو میلاکی فەرمانبەرانی و ناردنی بۆ پەرلەمان بە مەبەستی پەسەند کردنی .

2 – لە کۆتایی رستەکەدا وشەی (دەستە) زیاد بکرێت .

سێ یەم: وشەی (نووسینگە) لابدرێت.

1 – دەستەواژەی (بەپێی پسپۆرییان) لابدرێت.

2 – دەستەواژەی (لە پۆلینی دووەم کەمتر نەبێت) لە کۆتایی رستەکەدا لابرێت.

بڕگەیەکی تر زیاد بکرێت و بەم شێوەیە:

چوارەم: داوا لە ئەنجومەنی دادوەری بکرێت بە تەنسیبکردنی لێکۆڵەری داد بۆ کارکردن لەو دەستە.

ریزبەندیی بڕگەکان لێرەوە گۆڕانیان بەسەر دادێت:

پێنجەم: لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

شەشەم: لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

حەوتەم: دووبارە بڕگەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

پێدانی پاداشتی دارایی بە هاوکارە نهێنیەکان.

هەشتەم: لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

نۆیەم: دوو بارە بڕگەکە دابڕێژرێتەوە بەم شێوەیە:

دەرکردنی فەرمانی تایبەت بە چاودێری و پشکنین وگەڕان و بەکارهێنانی ئامێرەکانی لێگەڕان و تۆمارکردنی نهێنیی تایبەت بەکاری دەستەوە.

ماددەی (10): ماددەی (11)یە لە ئەسڵی پرۆژەکە.

لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

ماددەی (11): ماددەی (12)یە لە ئەسڵی پرۆژەکە دووبارە بڕگەکانی بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە.

یەکەم: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات و دەبێت بەلای کەمی بڕوانامەی بەرایی زانکۆی لە بواری پسپۆریی فەرمانگەکەیدا بەدەستهێنابێ و شارەزا بێ لە بواری پسپۆریەکەیدا

دووەم: پێشنیاز دەکەین بڕگەی (1) بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

1 – بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری یاسایی: فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات بە پلەی بەڕێوەبەر، دەبێت بڕوانامەی زانکۆی لە یاسادا هەبێ و بەلای کەمەوە (5) ساڵ لە بواری پسپۆریەکەیدا خزمەتی هەبێ و ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ.

2 – بەڕێوەبەرایەتیی لێکۆڵینەوەکان : پێشنیاز دەکەین دەستەواژەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:-

فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات بە پلەی بەڕێوەبەر و دەبێت بڕوانامەی زانکۆی لە یاسادا هەبێ و بەلای کەمەوە (5) ساڵ لە بواری پسپۆریەکەیدا خزمەتی هەبێ و، ئەم ئەرکانە دەگرێتە ئەستۆی.

**سێ یەم: فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافیەت:**

**1 - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.**

**2 - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.**

**3 - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.**

**4 – دەستەواژەی (وقواعد السلوك المهنی) لە کۆتایی رستەکەدا زیاد بکرێت .**

**5 – وشەی (بەدواداچوون) بکرێت بە (چاودێریکردن).**

**6 - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.**

**7 - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.**

**چوارەم: لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.**

**ماددەی (12): کە ماددەی (13)یە لە ئەسڵی پرۆژەکە، ئەم ماددەیە سەر لە نوێ بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە:**

**دادوەری لێکۆڵینەوەو لیژنە تایبەتەکانی لێکۆڵینەوە کاتێك دەست بە لێکۆڵینەوە لە دۆزێکی گەندەڵیدا دەکەن، پێویستە بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری یاسایی و لێکۆڵینەوەکانی دەستەی دەستپاکی ئاگادار بکەن و رەوشی لێکۆڵینەوەکەی بۆ باس بکەن.**

**مادەدی (13): کە ماددەی (14)یە ئەسڵی پرۆژەکەیە:**

**یەکەم: لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.**

**دووەم: لە دەقە کوردیەکە هیچ تێبینیەکمان نییە، چونکە ئێمە لە دەقە کوردیەکەو دەقە عەرەبیەکە لە رووی زمانیەوانی هەندێ ئیشکالیەتی تێدا هەیە، بۆیە لە دەقە عەرەبیەکە تێبینیمان هەیە، بەڵام لە دەقە کوردیەکە هیچ تێبنیەکمان نییە.**

**سێیەم: لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.**

**ماددەی (14): ماددەی (15)یە لە ئەسڵی پرۆژەکە.**

**لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.**

## بەشی چوارەم

## داهاتی نامەشروع

**وشەی (حوکمەکان) لە ناو نیشانی بەشەکەدا لا بدرێت.**

**ماددەی (15): کە ماددەی (16)یە لە ئەسڵی پرۆژەکەدا لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە .**

**ماددەی (16): کە ماددەی (17)یە لە ئەسڵی پرۆژەکەدا:**

**یەکەم: وشەی (ابلاغ) بگۆرێت بە (اخبار) و لەدوای دەستەواژەی (بەڕێوەبەری گشتییەکان) وشەی (ئەوانەی بە پلەی هاوشێوەیانن) زیاد بکرێت.**

**دووەم: لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە .**

**ماددەی (17): کە ماددەی (18)یە لە ئەسڵی پرۆژەکە :**

**ماددەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە :**

**پێویستە دادوەری لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند بەدوای داهاتی نامەشروع، لە سەر داوای دەستە حیجزی ئیحتیاتی (الحجز الاحتیاطی) بخاتە سەر سامانی تۆمەتبار، یان هاوسەری، یان منداڵە ناکامەکانی، جگە لەو سامانەی کە بەپێی حوکمەکانی یاسای تەنفیز، نابێت حجز بکرێن.**

**ماددەی (18): کە ماددەی (19)یە لە ئەسڵی پرۆژەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:**

**یەکەم: هەر کەسێك داهاتێکی نامەشروعی بۆ خۆی، یان بۆ کەسێکی دیکە بە دەست هێنابێت بە زیندانیکردن سزا دەدرێت و ناچاریش دەکرێت، کە داهاتە نامەشروعەکە بگەڕێنێتەوە .**

**دووەم: لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.**

**سێ یەم: لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.**

**ماددەی (19): کە ماددەی (20)یە لە ئەسڵی پرۆژەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:**

**ئەو کەسەی لە داهاتی نامەشروعدا بەشدار بووە لەو تاوانە دەبووردرێت کە لە ماددەی (18)ی ئەم یاسایە دا هاتووە .....تاد.**

**ماددەی (20): کە ماددەی (21)یە لە ئەسڵی پرۆژەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:**

**هەر کەسێك بە ئەنقەست دوا بکەوێت لە پێشکەشکردنی دەرخستەی بەرژەوەندییە داراییەکانی لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا، بە غەرامەیەك سزادەدرێت کە لە سێ ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر نەبێت و لە پێنج ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر نەبێت، هەروەها هەر کەسێك بە ئەنقەست دەرخستەکانی بە هەڵە لەو بڕیارانە دا باس بکات بە هەمان سزاو بە زیندانیکردن کە لە ساڵێك کەمتر نەبێ، سزا دەدرێت.**

**ماددەی (21): کە ماددەی (22)ە لە ئەسڵی پرۆژەکە:**

**وشەی (توقیع) بگۆڕدرێت بۆ (ایقاع) (سەپاندن).**

## بەشی پێنجەم

## حوکمە گشتی و کۆتاییەکان

**ماددەی (22): کە ماددەی (23)ـە لە ئەسڵی پرۆژەکە:**

**لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.**

**ماددەی (23): کە ماددەی (24)ـە لە ئەسڵی پرۆژەکە:**

**لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.**

**ماددەی (24): کە ماددەی (25)ـە لە ئەسڵی پرۆژەکە:**

**لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.**

**لێرەدا ماددەیەکی تازە زیاد بکرێت بە ژمارەی (25):**

**ماددەی (25):**

**یەکەم : بۆ فەرمانبەرانی دەستە یاساغە کە:**

**1 – لە بازرگانیدا بە ئەسڵی، یان بە وەکیلی کار بکەن.**

**2 – پەنا بۆ واستەو مەحسوبیەت بەرن.**

**3 – نهێنیەکانی کارەکەیان ئاشکرا بکەن.**

**4 – دیاری و بەخشیش وەربگرن.**

**5 – داوای سوود وەرگرتن (منفعة) بۆ خۆیان، یان بۆ کەسانی دی بکەن.**

**دووەم: هەر کەسێك سەرپێچی حوکمەکانی بڕگەی (یەکەم) کە لە سەرەوە هاتووە بکات، سزاکەی لە کار دەرکردن دەبێت و حوکمە جەزاییەکانیشی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت.**

**هۆیەکانی دەرکردنی یاساکە:**

**لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە عەرەبیەکەشی کەرەم بکەن.**

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان – العراق**

**الموضوع/ تقريرلجنة النزاهة حول مشروع قانون هيئة النزاهة العامة لإقليم كوردستان – العراق**

**إجتمعت اللجنة في (6/27، 6/29، 7/1، 8/28، 8/29)، لغرض دراسة مشروع قانون هيئة النزاهة العامة لإقليم كوردستان – العراق، وفي 2010/8/29 عقدت لجنتنا ندوة مفتوحة حول هذا الموضوع مع نخبة من المختصين في القانون وممثلين عن مجلس القضاء والادعاء العام والمحكمة الإدارية والرقابة المالية (في اربيل والسليمانية) ووزارة المالية وعدد من اساتذة الجامعات ومدير عام ديوان برلمان كوردستان ومنظمات المجتمع المدني، من خلال هذه الندوة تم تبادل الاراء والمناقشات حول مواد مشروع القانون المذكور، ومن ثم إجتمعت اللجنة من جديد بتأريخ 30 -31 /8، 9/5 لدراسة الاراء المطروحة في الندوة والاستفادة منها في أعداد هذا التقرير. وفيما يلي رأي لجنتنا حول هذا المشروع:**

**1-بما ان لهيئة النزاهة علاقة متينة مع كل من ديوان الرقابة المالية، وهيئة الادعاء العام، وهناك مهام ووظائف مشتركة بين الهيئات الثلاث، لذا يستوجب تفعيل المؤسستين المذكورتين بصورة فعلية قبل تشكيل هذه الهيئة، والا سوف تكون الهيئة غير فعالة في مهامها.**

**2- ان هذا المشروع هو نسخة معدلة من قانون (هيئة النزاهة العراقية) الصادر بموجب امر سلطة الأئتلاف رقم (55) لسنة 2004 مع اجراء بعض التعديلات والاختزال لبعض المواد. تأكيداً على ذلك ورد مصطلح (المفتش العام) سبع مرات في عدة مواد علماً انه لا يوجد وظيفة (المفتش العام) او ما يعادلها في وزارات**

الاقليم، الا انها موجودة في هيكلية الوزارات العراقية الصادرة بموجب امر سلطة الأئتلاف رقم (57) لسنة 2004 . وعليه يجب حذف هذه التسمية من المشروع اوتبديلها بتسمية اخرى.

3- نقترح تغير اسم المشروع من (قانون الهيئة العامة لأقليم كوردستان-العراق) الى (قانون هيئة النزاهة لأقليم كوردستان- العراق) اي حذف كلمة (العامة) من التسمية اينما وردت في هذا المشروع.

4- اما ملاحظاتنا حول مواد المشروع فهي كالاتي:-

## الفصل الاول

## التعاريف والتأسيس والاهداف

المادة (1):-

أولاً:- لا توجد ملاحظة عليها.

ثانياً:- لا توجد ملاحظة عليها.

ثالثاً:- لا توجد ملاحظة عليها.

رابعاً:- اعادة صياغة الفقرة كالاتي: الهيئة : هيئة النزاهة لإقليم كوردستان.

خامساً:- اعادة صياغة الفقرة كالاتي: الرئيس: رئيس هيئة النزاهة لإقليم كوردستان.

نقترح إضافة سادساً: مجلس القضاء: مجلس القضاء في إقليم كوردستان.

المادة (2):-

حذف جملة (يرأسها موظف بدرجة وزير) وتنقل الى المادة (7) أولاً من الفصل الثالث، من اصل المشروع.

المادة (3):-

نقترح صياغة هذه المادة بالشكل الاتي:-

أولاً:- تثبيت آلية فعالة لتكريس مبدأ سيادة القانون ،(اي حذف كلمة الرقابة من الجملة) .

ثانياً:- معالجة الفساد المالي والاداري، ودعم مبدأ الشفافية وتعزيزه في مؤسسات الإقليم كافة من خلال الاجراءات القانونية.

ثالثاً:- إتخاذ الاجراءات اللازمة للوقاية من الفساد، اي اضافة كلمة (اللازمة) الى الجملة.

رابعاً:- حذف عبارة (تعزيز الشفافية في العمل الاداري السلبي) وصياغتها بالشكل الاتي:-

(اعتماد معايير موضوعية لتقويم الاداء وتطويره في الخدمة العامة والقضاء على الروتين).

خامساً:- اعادة صياغة الفقرة كالاتي: ( تثبيت وتقويم السلوك الوظيفي، والاحساس بالمسؤولية في تأدية الخدمة العامة وفقاً للقوانين والاجراءات التي تحرم الفساد).

المادة (4):- تقترح اللجنة صياغة المادة بالشكل الآتي:-

أولاً:- أعضاء السلطة التشريعية وتشمل (رئيس البرلمان ونائبه والسكرتير وأعضاء برلمان كوردستان).

ثانياً:- العاملين في السلطة التنفيذية ومؤسساتها كافة وتشمل (رئيس الاقليم ونائبه، رئيس مجلس الوزراء ونائبه، الوزراء وأصحاب الدرجات الخاصة).

**ثالثاً:- لا توجد ملاحظة عليها.**

**إضافة فقرة (رابعاً) الى المادة وترتيب تسلسل الفقرات من جديد:**

**رابعاً:- جميع الموظفين بمختلف درجاتهم و عناوينهم في كافة دوائر ومؤسسات الاقليم).**

**خامساً:- (رابعاً) في الاصل، لا توجد ملاحظة عليها.**

**سادساً:- (خامساً) في الاصل، التنظيمات السياسية ومنظمات المجتمع المدني، والمنظمات غير الحكومية والدولية العاملة داخل إقليم كوردستان، والاتحادات والجمعيات والنوادي، فيما يتعلق بالأمور الآتية:-**

**أ- لا توجد ملاحظة عليها.**

**ب- أوجه الانفاق وفقاً للقواعد المتبعة في الصرف.**

**ت- لا توجد ملاحظة عليها.**

## الفصل الثاني

## مهام الهيئة

**المادة (5):-**

**نقترح دمج المادتين (5) و(6) في مادة واحدة وأعادة صياغتها و تسلسلها بالشكل الآتي:**

**أولاً: فقرة (أ): تعمل الهيئة على مراقبة تنفيذ قوانين مكافحة الفساد ومعايير الخدمة العامة وفقاً للدستور والقوانين النافذة.**

**فقرة (ب): تحذف من المشروع.**

**ثانياً: تنقل الفقرة الى مهام الرئيس في المادة (10)، ويحل محلها ما يلي: التحقيق في قضايا الفساد وإحالتها الى المحكمة المختصة ومتابعتها.**

**ثالثاً:- الفقرة (ثانياً)من المادة (6) من أصل المشروع:-**

**أ- إستلام شكاوي المواطنين والاطراف المتعلقة بالفساد.**

**ب- لا توجد ملاحظة عليها.**

**رابعاً:- (ثالثاً) من المادة( 6) في اصل المشروع،لا توجد ملاحظة عليها.**

**خامساً:- (رابعاً)من المادة (6) في اصل المشروع، إصدار تعليمات قواعد السلوك الوظيفي لتوضيح معايير الخدمة العامة وأخلاقياتها التي يجب ان يلتزم بها موظفوا الإقليم بإعتبارها شرطاً..الخ.**

**سادساً، (خامساً) من المادة (6) في اصل المشروع:**

**1- حذف كلمة (كبار) ، وتبقى الفقرة كما هي.**

**2- إضافة عبارة (داخل الإقليم وخارجه ) الى نهاية الفقرة .**

**3- حذف كلمة (بتقديم) من العبارة .**

**أ- لاتوجد ملاحظة عليها .**

ب- لاتوجد ملاحظة عليها .

ت- لاتوجد ملاحظة عليها .

ث- لاتوجد ملاحظة عليها .

ج- لاتوجد ملاحظة عليها .

ح- لاتوجد ملاحظة عليها .

خ- لاتوجد ملاحظة عليها .

اعادة صياغة الفقرة وتجزئتها بإضافة فقرة (ذ) وكالاتي:-

د- القضاة واعضاء الادعاء العام والمشرفين والمحققين العدليين.

ذ- ضباط حرس الإقليم وقوى الامن الداخلي .

ر- فقرة (ذ) في اصل المشروع، لاتوجد ملاحظة عليها .

سابعاً:- (سادساً) من المادة (6) من أصل المشروع:-

1- لاتوجد ملاحظة عليها .

2- لاتوجد ملاحظة عليها .

ثامناً: (سابعاً) من المادة (6) في اصل المشروع، لاتوجد ملاحظة عليها .

## الفصل الثالث

## انتخاب رئيس الهيئة

المادة (6): المادة (7) في أصل المشروع :-

أولاً: استبدال عبارة (بالاغلبية المطلقة) بـ (ثلثي الاعضاء)، وإضافة (بدرجة الوزير) الى نهاية الجملة.

ثانياً:

1-حذف كلمة (بالسجن).

2-لاتوجد ملاحظة عليها .

3-لا توجد ملاحظة عليها.

4-لاتوجد ملاحظة عليها .

المادة (7): المادة (8) في أصل المشروع:-

أولاً: استبدال كلمة (الوظيفة) بـ (المنصب).

ثانياً: استبدال رقم المادة من (5/أولاً) بـ (6/أولاً) .

ثالثاً: استبدال عبارة (المادة 5) بـ (المادة 6) .

رابعاً: لاتوجد ملاحظة عليها .

خامساً:-

أ-استبدال كلمة (قرار) بـ (حكم قضائي بات) .

**ب- لا توجد ملاحظة عليها.**

**ج- لا توجد ملاحظة عليها.**

**سادساً: لا توجد ملاحظة عليها.**

**المادة (8): المادة (9) في أصل المشروع :- لا توجد ملاحظة عليها.**

**المادة (9): المادة (10) في أصل المشروع :-**

**أولاً: حذف كلمة (جميع) من العبارة .**

**ثانياً: صياغة العبارة بالشكل الاتي :-**

**1-اعداد ميزانية الهيئة وملاكها الوظيفي، وعرضها على البرلمان للمصادقة عليها.**

**2-إضافة كلمة (في الهيئة) الى نهاية الجملة.**

**ثالثاً:- حذف كلمة (مكاتب).**

**1-حذف عبارة (حسب الاختصاص).**

**2- حذف عبارة (لا يقل صنفه عن الصنف الثاني).**

**أضافة فقرة جديدة وكالاتي:**

**رابعاً:- الطلب من مجلس القضاء تنسيب محققين عدليين للعمل في الهيئة.**

**وتعدل تسلسل الفقرات تبعاً لذلك:-**

**خامساً:- لاتوجد ملاحظة عليها.**

**سادساً:- لاتوجد ملاحظة عليها.**

**سابعاً:- إعادة صياغة الفقرة بالشكل الاتي:- منح مكافأت مالية للمخبرين والمتعاونين.**

**ثامناً: - لاتوجد ملاحظة عليها.**

**تاسعاً:- إعادة صياغة الفقرة بالشكل الاتي:- اصداراوامر بالمراقبة والتفتيش والتحري ...الخ.**

**المادة (10) :المادة (11) في أصل المشروع:-**

**لاتوجد ملاحظة عليها.**

**المادة (11): المادة (12) في أصل المشروع :- اعادة صياغة الفقرة بالشكل الاتي:-**

**أولاً:- يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية في مجال أختصاص الدائرة وله خبرة لا تقل...الخ.**

**ثانياً:- الفقرة (1) نقترح اعادة صياغتها بالشكل الاتي:-**

**1-مديرية الشؤون القانونية:- يرأسها موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية في القانون وله خدمة لا تقل عن (5) سنوات في مجال أختصاصه وتتولى المهام الاتية..الخ.**

**2- مديرية التحقيقات: نقترح اعادة صياغة العبارة بالشكل الاتي:-**

يرأسها موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية في القانون وله خدمة لا تقل عن (5) سنوات في مجال اختصاصه.

ثالثاً:- دائرة الوقاية والشفافية:-

1-لاتوجد ملاحظة عليها.

2- لاتوجد ملاحظة عليها.

3- لاتوجد ملاحظة عليها.

4- أضافة عبارة (وقواعد السلوك المهني) الى نهاية الجملة.

5- استبدال كلمة (متابعة) بـ (مراقبة).

6- لاتوجد ملاحظة عليها.

7- لاتوجد ملاحظة عليها.

رابعاً:- لاتوجد ملاحظة عليها.

المادة (12): المادة (13) في أصل المشروع:- اعادة صياغة المادة كالاتي:-

على قاضي التحقيق اواللجان التحقيقية الخاصة عند بدء اجراءات التحقيق في قضية فساد القيام بابلاغ مدير عام الشؤون القانونية والتحقيقات في الهيئة بذلك واطلاعه على سير التحقيق.

المادة (13): المادة (14) في أصل المشروع:-

أولاً:- لاتوجد ملاحظة عليها.

ثانياً:- استبدال كلمة (لجنة تحقيق برئاسته) بـ (لجنة تحقيقية برئاسته).

ثالثاً:- لاتوجد ملاحظة عليها .

المادة (14): المادة (15) في أصل المشروع:- لاتوجد ملاحظة عليها .

## الفصل الرابع

## الكسب غير المشروع

حذف كلمة (أحكام) من عنوان الفصل.

المادة (15): المادة (16) في أصل المشروع:- لاتوجد ملاحظة عليها .

المادة (16): المادة (17) في أصل المشروع:- اولاً:- أستبدال كلمة (ابلاغ) بـ (اخبار) وأضافة كلمة (و من بدرجتهم)بعد عبارة (ومدرائها العامين).

ثانياً:- لاتوجد ملاحظة عليها .

المادة (17): المادة (18) في أصل المشروع:- تصاغ المادة بالشكل الاتي:-

على قاضي التحقيق المختص في دعوى الكسب غير المشروع ايقاع الحجز الاحتياطي على اموال المتهم او الزوجة او الاولاد القاصرين بناء على طلب الهيئة عدا الاموال التي لا يجوز حجزها وفق احكام قانون التنفيذ.

**المادة (18): المادة (19) في أصل المشروع:- وتصاغ بالشكل الاتي:-**

**أولاً:- يعاقب بالسجن كل من حصل لنفسه او لغيره على كسب غير مشروع واجباره برد المبلغ المكتسب بطريقة غير مشروعة.**

**ثانياً:- لاتوجد ملاحظة عليها .**

**ثالثاً:- لاتوجد ملاحظة عليها .**

**المادة (19): المادة (20) في أصل المشروع:- وتصاغ بالشكل الاتي:-**

**يعفى الشريك من العقوبة الواردة في المادة (18) في جريمة الكسب غير المشروع...الخ.**

**المادة (20): المادة (21) في أصل المشروع:-اعادة صياغة المادة كالاتي:**

**كل من تخلف عمداً عن تقديم إقرارات الكشف عن المصالح المالية في المواعيد المقررة يعاقب بغرامة مالية لا تقل عن ثلاثة ملايين دينار ولا تزيد على خمسة ملايين دينار عراقي، ويعاقب بالعقوبة ذاتها مع الحبس مدة لا تقل عن سنة واحدة كل من ذكر عمداً بيانات جوهرية غير صحيحة في تلك الاقرارات.**

**المادة (21): المادة (22) في أصل المشروع:- تبديل كلمة (توقيع) بـ (ايقاع).**

## الفصل الخامس

## أحكام عامة وختامية

**المادة (22): المادة (23) في أصل المشروع:- لاتوجد ملاحظة عليها.**

**المادة (23): المادة (24) في أصل المشروع:- لاتوجد ملاحظة عليها.**

**المادة (24): المادة (25) في أصل المشروع:- لاتوجد ملاحظة عليها .**

**استحداث مادة برقم (25) وبالشكل الاتي:-**

**المادة (25):-**

**أولاً:- يحظر على جميع منتسبي الهيئة ما يلي:-**

**1-العمل في التجارة اصالة كان ام وكالة.**

**2- الوساطة والمحسوبية.**

**3- افشاء أسرار الوظيفة.**

**4- قبول الهدايا والهبات.**

**5- طلب منفعة لنفسه او لغيره.**

**ثانياً:- يعاقب كل من يخالف أحكام الفقرة (أولاً) اعلاه بعقوبة الفصل عن الوظيفة وتطبيق الاحكام الجزائية عليه.**

**الاسباب الموجبة**

**لا توجد ملاحظة عليها.**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان. بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان. هەڵبەتە ئەم پرۆژە یاسایە بە واژووی کۆی ئەندامانی لیژنە پەسند کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی ئێستا بۆ ئەسڵی پرۆژەکەو، ناوی پرۆژەکە، فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی (نەزاهەت)ی هەرێمی کوردستان – عێراق

**بەشی یەکەم**

**پێناسەو دامەزراندن و ئامانجەکان**

ماددەی یەکەم:

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

دووەم: پەرلەمان: پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.

سێیەم: حکومەت: حکومەتی هەرێمی کوردستان.

چوارەم: دەستە: دەستەی گشتیی دەستپاکی (نەزاهەت) لە هەرێمدا.

پێنجەم: سەرۆك: سەرۆکی دەستەی گشتیی دەستپاکی لە هەرێمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیش کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**مشروع قانون هيئة النزاهة العامة لاقليم كوردستان – العراق**

**الفصل الاول**

**التعاريف والتأسيس والاهداف**

المادة الاولى:

يقصد بالكلمات الاتية المعاني المبينة ازائها:

اولاً: الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

ثانياً: البرلمان: برلمان اقليم كوردستان – العراق.

ثالثاً: الحكومة: حكومة اقليم كوردستان.

رابعاً: الهيئة: هيئة النزاهة العامة في الاقليم.

خامساً: الرئيس: رئيس هيئة النزاهة العامة في الاقليم.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش ڕەئیەکەمان بەو شێوەیە، ئێمە لە ڕاپۆرتەکەش ئیشارەتمان پێداوە، بەنیسبەت ناوی یاساکە هیچ ئیعتیرازێکمان نییە، بەنیسبەت ماددەی یەکەم، دوو تێبینیمان هەیە، لەبەر ئەوەی مەجلیسی قەزا دووبارە بۆتەوە، پێمانوایە فەقەرەی شەش ئیزافە بکرێت لە تەعریفەکە بەنیسبەت مەجلیسی قەزا، یەعنی مەقصود چیە لە مەجلیسی قەزا لە هەرێم، لەبەر ئەوەی ناوی پرۆژەکە چەند ئیعادە بۆتەوە، ئەوە تێبینی یەکەممانە.

تێبینی دووەمیشمان/ ئێمە پێمانوایە لە ماددەی یەکەم (اولا) ئیقلیمی کوردستان بە تەواوەتی تەعریف کراوە، (الاقليم: اقليم كوردستان – العراق)، بۆ دووبارە بوونەوەی کوردستان لە سێیەم و چوارەم، پێمانوایە زیادە، ئەوەی تر لەگەڵ ناوەڕۆکی ماددەکەین، پاش ئەو دوو تێبینیانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەسەر ناوەکە مولاحەزەتان نییە؟ هەیئەکە عامە؟ یان نەزاهەی عامە؟ لیژنەی نەزاهە ئێوە ڕەئیتان لەسەر ناوی پرۆژەکە.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەناوی پرۆژەکە، ئێمە پێمانوایە وشەی گشتی لابدرێت، ببێت بە یاسای دەستەی دەستپاکی نەزاهەت لە هەرێمی کوردستان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان. لەسەر ناوەکە کێ مولاحەزەی هەیە؟ ناوتان دەنووسین، ئەم ئەندامانەی بەڕێزی پەرلەمان دەیانەوێت قسە بکەن، ڕێزداران (بەفرین حسین، جمال طاهر، سۆزان شهاب، د.احمد وەرتی، سالار محمود، شوان عبدالكريم، صباح بيت الله، عمر عبدالرحمن)، فەرموو بەفرین خان.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە ناوی یاساکە هەر دەستەی گشتیەکە بمێنێتەوە، دەستەی گشتی دەستپاکی، بەلأم ئەوەی من تێبینیم لەسەر هەیە نەزاهە لەنێوان دوو کەوانەیە، ئەو نەزاهەیە لابدرێت، چونکە دەستەواژەیەکی

**عەرەبیـە، بۆچـی بێتـە نـاو پێناسـە کوردیەکـە، مـادام لـە عەرەبیەکـە هـەبێت، بـا نەزاهەکـە لابرێـت دەستپاکیەکە کیفایەتە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، رێزدار جمال کەرەم بکە.**

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەگەر بێتو زمانەوانی بڕوانینە بابەت، دەبینین ئەمە هەیئەیـەکی سـەرەکییە، بڵـێین رەئیسـیە، مەرکەزیـە زائیدەن ئەمە ئەگەر بێتو لەبواری ئیش کردنی هەموو سوڵتات وەردەگرێت، سوڵتاتی تەشریعی و تەنفیزی و قەزائی، کەواتە لێرە شمولیەت هەیە، مانای ئەوە ئەوەیە وشەی عامە دەگـۆڕێتن بـۆ دەسـتە، ئەگـەر بێتـو ئەوەی کوردیش بخـوێنین دەسـتەی گشـتی نووسـراوە، نەنووسـراوە دەسـتەی دەسـتپاکی گشـتی، لەبـەر ئـەوە جوانتر دەبێتن ببێتە (قانون الهيئة العامة للنزاهة في اقليم كوردستان – العراق)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، رێزدار سۆزان خان کەرەم بکە.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێز کاك جەمال قسەکەی منی کرد، ئەگەر لە عەرەبیەکەدا چاکی بکەن هەیئەی گشتی دەستپاکی، ئەگـەر بێین لە عەرەبیەکە چاکی بکەینەوە (قانون الهيئة العامة للنزاهة) رێك دەبێتەوە، لەبەر ئـەوەی بـە هـەمان شێوە ئەمە هەموو بوارەکان دەگرێتەوە، عامەکە بمێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ چاك کردنی لە عەرەبیەکەی، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆر احمد کەرەم بکە.**

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**منیش رەئـیم وایـە کـە وشـەی (العامـة) لابچـێت، تـەنها (مشـروع قـانون هيئـة النزاهـة لاقلـيم كوردسـتان)، چونکە ئێمە زۆر دەستەی تریشمان هەیە، کە وشەی گشتیشیان پێوە نییە، دەتوانرێت لقیشیان هـەبێت لـە شارەکانی تر، لە کوردیەکەشدا پێم باشە هەر وشەی نەزاهە بەکار بێت، نەك نەزاهـەت، لەبـەر ئـەوەی ئـەو (ت)یە لە عـەرەبی، عادەتـەن لـە کوردیـدا لادەچـێت، یـەعنی دەسـتەی نەزاهـە لـە هـەرێمی کوردسـتان، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، رێزدار سالار محمود کەرەم بکە.**

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەوەی پەیوەندی بە دەستەواژەی گشتی و دەستەواژەی نەزاهەتەوە هەیە، دەبێت ئێمە هەر لە عینوانەکەوە موعالەجەی بکەین، من ڕەئیم وایە ئەمە وەرگیراوە لە ئەو قانونە موەقەتەی کە لە سوڵتەی موەقەت کاتی خۆی لە عێراقدا دەرچوێندراوە، ئەوە پەیوەندی بە نەزاهەی عامەوە هەیە، بۆیە من تەسەورم وایە وەکو ئەوەی کاك دکتۆر ئەحمەد ئاماژەی پێ کرد دەستەواژە گشتیەکە لابدرێت، ئەمە دەستەیەك بێت، سەربەخۆ بێت، لەراپۆرتی لیژنەی نەزاهەش ئاماژەی پێ کراوە، وشەی نەزاهەش وشەیەکی عەرەبیە دەستپاکیەکە تەسەورم وایە شمولییەو جێگای خۆی دەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شوان کەریم کەرەم بکە.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من پشتگیری لە ڕەئیەکەی هاوکارانم کاك جەمال و خاتوو سۆزان دەکەم، ئەگەر عامەکە بۆ هەیئەکە بێت، دەبێت لەگەڵ هەیئەکە بێت، ئەگەر بۆ نەزاهەکە بێت لە شوێنی خۆیەتی، دەبێت ئەوەمان بۆ یەکلا بکەنەوە، بەتایبەتی لیژنەی هاوبەش.

دووەم/ بەڕاستی نەزاهەی عەرەبی وەکو تەرجەمە بە تەنها دەستپاکی نییە، نەزاهە کۆمەڵێ سیفەتی ترە لەئینساندا کە هەیە، دەڵێت کەسێکی نەزیهە، مەرج نییە مەسەلەکە هەر ئەوە بێت دەستی پاك بێت، یەعنی کۆمەڵێ سیفاتی ترە لە ئینسان تیا بێت، لەبەر ئەوە من پێموایە مەنتیقی ترەو ماناکەی ئەدات، ئەگەر بەوە بیهێلینەوە عەیبیشی تیا نییە، لە زمانی کوردیشدا، لە هەموو زمانەکانی تردا، زمانی تر بەکار هاتووەو ڕۆیشتووشەو بووە بە بەشێك لە زمانەکان و هیچ عەیبەیەکی تیا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار صباح بیت الله کەرەم بکە.

**بەڕێز صباح بيت الله شكرى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت فەقەرە چوارو فەقەرە پێنج، کەلیمەی (العامة) بە ڕەئی منیش لەگەڵ ڕەئی برادەرانم، کە بێتە لادان، ماددەیەکی تر بێتە ئیزافە کرن (سادساً: مجلس القضاء: مجلس القضاء في الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عمر عبدالرحمن کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم یاسایە وەها باشترە بە (قانون هیئة النزاهة لاقلیم كوردستان) بێت، لەبەر دوو هۆكار:

یەكەم/ ئەم هەیئەتە لە ماددەی دووەم بە هەیئەتێكی موستەقیل هاتووە، شەخصیەتێكی مەعنەوی تایبەتی خۆی هەیە، كە شەخصیەتێكی مەعنەوی تایبەتی خۆی هەبوو، هەیئەیەكی موستەقیلیش بوو، لە ماددەی سێیەمیش لە فەقەرەی یەكەمدا باس لەوە دەكات، كە حیمایەو تەتبیقی مەبدەئی سیادەی قانون دەكات، سیادەی قانونیش گشتییە، لێرە پێویست ناكات ئەم هەیئەتە خاص بێت، یان عام بێت، وا چاكترە، لەبەر ئەوەی مەبدەئی سیادەی قانون گشتگیرە، هەیئەتەكەش خۆی موستەقیلە، هەر بە عینوانی (قانون هیئة النزاهة لاقلیم كوردستان) بێت، ڕێكتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش، لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشانی یاساكە، ئایا وشەی گشتی بمێنێت، یان نەمێنێت؟ ئێمە پشتگیری لەوە دەكەین كەوا وشەی گشتی بمێنێت، لەبەر ئەوەی لەوانەیە چەند لقێك، یان هەیئاتی فەرعی هەبێت، با تێكەڵاو نەبێت، چەندین جار ئەو شتە دووبارە دەبێتەوە، لە پێناسەكان لە ماددەی یەك و هەروەها لە ماددەی دووەم دروست كردنی ئەم دەستەیە، بەڵام گشتیەكە بۆ دەستەكە دەگەڕێتەوە، نەك بۆ نەزاهە، نەزاهە گشتی و تایبەت نییە، بۆیە ئێمە بەباشی دەزانین و پێشنیار دەكەین كەوا ناوی یاساكە بكرێتە (الهیئة العامة للنزاهة لاقلیم كوردستان – العراق)، واتا (دەستەی گشتی نەزاهەی هەرێمی كوردستان – عێراق)، سوپاس، بەڵێ (قانون الهیئة العامة للنزاهة اقلیم كوردستان – العراق).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی لێرە باس كرا سەبارەت بە دوو شت بوو، یەكێكیان/ سەبارەت بە وشەكە، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین بەڕاستی وەكو كاك عومەریش باسی كرد، پێمانوایە زیادە، چونكە كە دەڵێی دەستەی نەزاهە، ئیتر خۆی دەستەیەكی گشتیەو هەمووی دەگرێتەوەو پێویست بەو گشتیە ناكات، كە بەو جۆرەش هاتووە، ئێمە لە ڕاپۆرتەكەی خۆشماندا ئیشارەتمان پێداوە كە ئەمە تەقلیدێكی ئەو پرۆژە یاسایەیە كە لەعێراقدا هەبووە، هەروەكو لە ماددەكانی تریشدا لە زۆربەیان هاتووە، بۆیە دەبینی هەتا لە عەرەبیەكەشدا بەشێوەیەك هاتووە (قانون هیئة النزاهة العامة)، بۆیە لەگەڵ ئەوەداین وشەی گشتی لابدرێت.

سـەبارەت بـە نەزاهـەتیش، یـان ئـەوەی دەسـتپاکی، زۆر ئاسـاییە کـە فیعلـەن وەکـو دەڵێـت کـاك دکتـۆر ئەحمەدیش ئیشارەتی پێدا کە نەزاهەیە، پێمان ئاساییە، ئەگەر بێت و ئەمـە بێـت، بـەڵام دەسـتپاکی، ئێمـە پێشتر لێرە لـە پەرلەمانـدا وەکو لیژنەکە، بـە لیژنـەی دەسـتپاکی، یـان نەزاهـە هـاتووە، نەزاهـەت هـاتووە، لەسەر ئـەو شـێوەیە ڕۆیشـتووین، بەلامانـەوە ئاساییە، ئەگـەر بێتـو بـەو جـۆرەش بێـت، وەکو کـاك دکتـۆر ئەحمەد گوتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆچوونێکیش هەبوو کەوا وشـەی نەزاهـە هـەر هـەڵبگیرێت، لەبـەر ئـەوەی وشـەیەکی عەرەبیـەو تـەنها بـە کوردیەکـە دەسـتپاکی بمێنێـت، ئێمـە ڕەئیمـان وەکـو ڕەئـی کـاك شـوانە، هەڵبەتـە نەزاهـە تـەنها دەسـتپاکی ناگرێتەوە، بەڵکو چەند کارێکی تریش پێ دەکات، دەچێتە زیمـنی گەنـدەڵی و فەسـادو شـەفافیەتەوە، بۆیـە وشەی نەزاهە گشتگیرترە، تاوەکو دەستپاکی بـە تـەنها بمێنێتـەوە، بۆیـە وشـەی نەزاهـەمان لەگـەڵی دانـاوە، وابـزانم ئـەویش واریـدە لـە زمانـە زینـدووەکان (حەیەکانـدا) هەیـە، وشـەی بێگانـە بـەکار دەهێـنن و هـیچ ئیشکالیەتێکی زمانەوانیش دروست ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فرسەت موداخەلەی هەیە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕەئی من ئەو عینوانە هەندەك تەحەمولی ئەو موناقەشاتانە ناکـات، عامەکـە بـۆ نەزاهـە نـەهاتووە، بـۆ عامەیە، سەبەبیش ئەوەیە، چونکە هەیئاتی فـەرعی هەنـە، بـۆ نموونـە محکەمـەی تـەمییز مەجموعەیـەك هەیئاتی فەرعی هەیە، یەعنی تەقریبەن لە موستەوای لیژنەکانن، هەر یەك لە پێنج حاکم، یان سێ حاکم، یان حەوت حـاکم پێکهـاتووە، بـۆ تـەمییز کردنـی ئـەو هەیئەیـە لـە هـەیئاتی بچووك و فـەرعی، مـەفروزە عامەی تێدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا بۆچوونێك هەیە کە عامەکە بۆ هەیئەت بێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، ئـەو بـەڕێزە یـەك کەس بوو، لەبەر ئەوە پێویست بە دەنگدان ناکات، ئێستا ئەو پێشـنیارەی کـە هـاتووە (قـانون الهیئـة العامـة للنزاهة لاقلیم کوردستان – العراق)، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەدەستەواژەی گشتی زیاد بوو لەیەك كەس، كە داوای كرد نەمێنێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەكو كاك سالار باسی كرد، زیاد لە یەك كەس بووە، دووەمیش لە راپۆرتەكەی ئێمە وەكو لیژنەی نەزاهەش هاتووە، راپۆرتی لیژنەیەكی تایبەتەو لابچێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان، كێ لەگەڵ ئەوەیە دەستەواژەی گشتی لابچێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ (23) بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (33) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ مایەوە، بۆیە عامە مایەوە، ئێستا (قانون الهیئة العامة للنزاهة لاقلیم كوردستان – العراق)، كێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (30) ئەندامی پەرلەمان لەگەڵە بەو شێوەیە بێت، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (22) كەس، بۆیە بە زۆرینەی دەنگ بەو شێوەیە مایەوە (قانون الهیئة العامة للنزاهة لاقلیم كوردستان – العراق)، ئێستا بۆ فەسڵی یەكەم تەعاریف و تەئسیس و ئەهداف، فەرموون لیژنەی یاسایی رەئیتان، ماددەی یەكەم خوێندراوەوە، رەئی لیژنەی هاوبەش، ئەسڵی ماددەكە بخوێننەوەو رەئیتان لەسەر بدەن.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی یەكەم**

**پێناسەو دامەزراندن و ئامانجەكان**

ماددەی یەكەم:

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەریانە:

یەكەم: هەرێم: هەرێمی كوردستان ـ عێراق.

دووەم: پەرلەمان: پەرلەمانی هەرێم.

سێیەم: حكومەت: حكومەتی هەرێم.

چوارەم: دەستە: دەستەی گشتیی دەستپاكی لە هەرێمدا.

پێنجەم: سەرۆك: سەرۆكی دەستەی گشتیی دەستپاكی.

شەشەم: ئەنجومەنی دادوەری: ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمدا.

پرۆژە یاساکەش ناوەکەی بەم ناوەیە: (پرۆژە یاسای دەستەی گشتی نەزاهەی هەرێمی کوردستان – عێراق).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکەن بە عەرەبی.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الاول**

**التعاريف والتأسيس والاهداف**

المادة الاولى:

يقصد بالكلمات الاتية المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون:

اولاً: الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

ثانياً: البرلمان: برلمان اقليم كوردستان.

ثالثاً: الحكومة: حكومة اقليم كوردستان.

رابعاً: الهيئة: الهيئة العامة للنزاهة في الاقليم.

خامساً: الرئيس: رئيس الهيئة العامة للنزاهة في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشتریش ڕەئی خۆمان عەرز کرد، بەنیسبەت ئیزافە کردنی مەجلیسی قەزا، ئێمەش پشتگیری دەکەین، بەنیسبەت تەعریفەکانی تریش هەروەکو گوتم هەرێم تەعریف کراوە لە ئەوەڵەن و کوردستانیشی تێدا هاتووە، بۆیە دووبارە کردنەوەی لە سێیەم و چوارەم پێمان دروست نییەو لەگەڵ ناوەڕۆکی ماددەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی نەزاهە.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم هیچ تێبینیەکمان نییە، تەنها بڕگەیەك زیاد بکرێت بە شەشەم/ ئەنجومەنی دادوەری: ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ماددەی یەکەم قسە بکات؟ ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن، ڕێزداران (بێریڤان سەرهەنگ، د.احمد وەرتی، شۆڕش سید مجید، عبدالسلام بەرواری، کەیلی ئەکرەم، گەشە دارا، عمر عبدالرحمن)، فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەکەمدا لەو پڕۆژەیەدا پێناسەی نەزاهە نەکراوە، حەز دەکەم پێناسەی نەزاهەی تێدا بێت، چونکە تازە هەندێك دوو دڵی بوو، کە نەزاهەو دەستپاکی مانای چیە، لەبەر ئەوەش لە زۆر وڵاتان ئەو دەستەیە نییەو نایناسن، پێویستە تەعریفێکی هەبێت، چونکە لە وڵاتان پەرلەمان هەیەو لیژنەی چاودێری هەیە، بۆیە پێویست بەو دەستەیە ناکات، بۆ ڕوون کردنەوە بزانین کە نەزاهە مانای چیە لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ڕەئیەکەی لیژنەی یاسایی دەکەم، بۆ لابردنی وشەی کوردستان لە هەردوو فەقەرەی دووەم و سێیەم، چونکە لە یەکەم پێناسەی کوردستان کراوە، (الاقلیم: اقلیم کوردستان – العراق)، لە دووەم و سێیەمدا دووبارە کردنەوەی ناوێت، هەر (البرلمان: برلمان الاقلیم)، (الحکومة: حکومة الاقلیم)، لە (رابعاً: الهیئة: الهیئة العامة للنزاهة للاقلیم) بە ڕەئی من ڕاسترە، لەوەی کە (في الاقلیم) بێت، سەبارەت بە ڕەئی هەردوو لیژنە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی نەزاهە بە زیاد کردنی فەقەرەی شەشەم (سادساً: مجلس القضاء: مجلس القضاء في الاقلیم)، من پشتگیری دەکەم، لەبەر ئەوەی لە یاساکەدا چەند جارێك هاتووە، لەبەر ئەوە پێویستە ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شۆڕش کەرەم بکە.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کاك دکتۆر ئەحمەد کردی، بۆیە پشتگیری خۆم لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دەردەبڕم جارێکی دیکە بە لادانی وشەی کوردستان لە بڕگەکانی دووەم و سێیەم و هەروەها زیاد کردنی بڕگەیەك بۆ پێناسە کردنی ئەنجومەنی دادوەری، کە ناوی لە یاساکەدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عبدالسلام بەرواری کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەمین تێبینیم ئەوەیە لە دەقە عەرەبیەكە خوێندرایەوە، هەموو ناوەكە بە كاملی بوو، تكایە ڕەچاوی ئەوە بكەن ئەوەی لە دەقە كوردیەكە كرا، یەعنی كە دەقە عەرەبیەكە خوێندرایەوە (ثانیأ: البرلمان: برلمان اقلیم كوردستان) نووسرا، (ثالثا: الحكومة: حكومة اقلیم كوردستان)، تكایە تەنها پەرلەمانی ئیقلیم و حكومەتی ئیقلیم بێت، بە كوردی كرا، بە عەرەبی نەكرا، تاكو تێپەڕ نەبێت، پێنجەمیش ناوی هەیئە پێش ئەوە تەعریف كراوە، لەوێش ڕەئیسی هەیئە بەس بێت، چونكە لە چوارەم تەعریفی هەیئە كراوە، بە كوردیش دەستەی گشتی نەزاهەی هەرێم، یان دەستپاكی هەرێم، نازانم بەكوردی لەلای من سەقەت دێت، وەكو بڵێی نەزاهەی ئیقلیم خۆی دەكوڵێ، بۆیە لە هەرێم بێت بە ڕەئی من باشترە، دەستەی گشتی دەستپاكی لە هەرێمی كوردستان، یان نەزاهە لە هەرێمی كوردستان، نەك نەزاهەی هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار كەیلی كەرەم بكە.

**بەڕێز كەیلی اكرم احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە تەعریفەكان ئەوە زیاد بكرێت فەساد، چونكە لە یاساكە فەساد زۆر دووبارە بۆتەوە، هەروەها لە موستەڵەحاتە دەولیەكانیش، ئەگەر بێتو تەعریفی بكەین بە (اساءة استعمال السلطة العامة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار گەشە كەرەم بكە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری قسەكەی هاوكارم كەیلی خان دەكەم، دیارە یاساكە بۆ نەهێشتنی گەندەڵییە، چەند جاریش ئەم موستەڵەحە بەكار هاتووە، بەڵام پێناسەی نەكراوە، لەبەر ئەوە من پێموایە پێناسە بكرێت، ئەگەر چی پێناسەی زۆر زۆر هەیە، بەڵام دیاری كردنی باشترە، كە یاساكە ئامانجەكەی خۆی پێ بپیكێ، بەم شێوەیەش بێت (الفساد: اساءة استعمال القوة العمومية او المنصب او السلطة لمنفعة خاصة سواء عن طريق الرشوة، اختلاس من الاموال العامة، الاتجار بالنقود، اساءة استغلال الوظائف، الاثراء غيرالمشروع، غسل الاموال المتحصلة عن جرائم الفساد، اخفاء الاموال المتحصلة عن الفساد وعرقلة سير العدالة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عمر عبدالرحمن كەرەم بكە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من هاوڕام لەگەڵ موقتەرەحەکەی لیژنەی یاسایی بە ئیزافە کردنی فەقەرەیەك و بە لابردنی وشەی کوردستان، بەڵام مولاحەزەم هەیە لەسەر فەقەرەی چوارەم بە هەیئەی نەزاهەی عامە، عینوانەکە بوو بە هەیئەی عامەی نەزاهە، هەر پێویست ناکات ئەو فەقەرەیەش لەوێ بمێنێت، پێویستە ئەوەش لابرێت، چونکە قانونەکە هیچ هەیئەیەکی تری تیا دروست نەبووە، تەنیا هەیئەی عامەی نەزاهە خۆی هەر هەیئەو لە هیچ شوێنێکی تر باسی هەیئەی تر نەکراوە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بەو پێشنیارەی کرا بوو لەلایەن هەرسێ لیژنەوە بە زیاد کردنی بڕگەیەك ئەنجومەنی دادوەری، ئەوە ماددەکەمان داڕشتەوە، سەرۆکی دەستە لە بڕگەی پێنجەم، کە سەرۆك تەنیا سەرۆکی دەستە، لەبەر ئەوەی لە بڕگەی پێشوو. چوارەم دەستەکە پێناسە کراوە، پێویست ناکات هەموو ناوە دووبارە بێتەوە، ئەوە کورت کردنەوەی چەند دەستەواژەیەکە، وشەی کوردستانیش لە راپۆرتی لیژنەکە پێشنیار کراوە کە هەڵبگیرێت، بەڵام پێشنیاری ئەوە کرا کە لە دووەم و سێیەم وشەکە لابدرێت، چونکە دووبارەیە، هەرێم پێناسە کراوە لە بڕگەی یەکەم، سەبارەت بە پێناسە کردنی نەزاهە، کە پێناسە بکرێت لەو ماددەیە، یەکەم وشەی نەزاهە لە ئەرك و مەهامەکانی دەستەکە دیاری کراوە، کە چ ئەرکێك دەکات لەوێ ورد کراوەتەوە پێویست ناکات ئەو وشەیە لێرە پێناسە بکرێت، یاخود نەزاهە حەصر بکەین بە چەند رەفتارێك، یان بە هەڵسوکەوتێك، دوایێ دەستەکە نەتوانێت کەسێك لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەی ئێمە بۆمان دیاری کردووە لەو ماددەیە، رێکاری یاسایی وەربگرین بەرامبەر خەڵکانی دی، بۆیە ئێمە بە باشی نازانین کەوا دەستەواژەی نەزاهە لەو ماددەیە پێناسە بکرێت و تەسکی بکەینەوەو چوارچێوەیەکی بۆ دابنێین و دەستەکە دەبەسیتنەوە، کە تەنها لە ئیتاری ئەو پێناسەیە، لە چوارچێوەی ئەو پێناسەیە رێکاری یاسایی وەربگرێ، ماددەکەشمان داڕشتۆتەوە بە وەرگرتنی ئەو تێبنیانەو ئەو پێشنیارانە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی نەزاهە.**

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە چەند ئەندامێكی بەڕێز باسی ئەوەیان كرد، بۆچی تەعریف، یاخود پێناسەی نەزاهە نەكراوە، یاخود پێناسەی فەساد نەكراوە، هەڵبەتە ئێمە لە لیژنەی نەزاهە گفتوگۆیەكی زۆرمان كرد لەبارەی ئەوەوە، كە ئایا فەساد پێناسە بكەین؟ یاخود نەزاهەش بەرامبەری پێناسە بكەین، بەلأم بەپێی ئەوەی كە ئێمە دوای گفتوگۆكانمان و لەگەڵ لایەنەكانی تریش دانیشتین بۆمان دەركەوت گوتمان ئەگەر بێتو ئێمە پێناسە بكەین، ئێمە حەصری دەكەین لە چوارچێوەیەكدا، كە لەوانەیە ئەو چوارچێوەیەی ئێمە بۆی دادەنێین كارێكی فەساد، یاخود گەندەڵییەك ئەنجام بدرێت، یاخود كارێكی نەزاهە نەتوانیت لەبەرامبەری ئەنجام بدەیت، لەبەر ئەوەی ئێمە حەصرمان كردووە، كە ئەم یاسایە لە چوارچێوەی تەعریفێكدا، بۆیە پێمان باش بوو بە رەهایی بمێنێتەوە، پێمان باش بوو تەعریف نەكرێت، تاوەكو بتوانرێت هەر شێوەیەك لە شێوەكان ئەگەر بۆنی فەسادی لێ هات، یاخود زانیمان لەوەی كە كارەكە لە یاسا لایداوە، یاخود گەندەڵی تیا دەكرێت، ئەم هەیئەتە بتوانێت كاری لەسەر بكات و بیخاتە قاڵبی ئەوەی كە ئەمە فەسادە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی كە ئەو پێشنیارەیان كرد بۆ تەعریف، هەم لیژنەی هاوبەش، هەم لیژنەی نەزاهە روونیان كردەوە، ئەگەر رەئیتان لەسەرە بێت و موتەفیق بن بەوە سەحبی بكەن، بۆ ئەوەی حەصر نەكرێت، بە رەهایی بمێنێتەوە، زۆر زۆر زەروریترە، ئەگەر سەحبی بكەن، نایخەینە دەنگدانەوە، بێریڤان خان جەنات فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەحب دەكەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەو تەعریفەی كە كردمان زۆر شت دەگرێتەوە، ئیتر لەوە بەدەر فەساد چیە؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەیلی خان فەرموو.

**بەڕێز كەیلی اكرم احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ، سەحبی دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخیر صیاغە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی یەكەم:**

**مەبەست لەم وشانەی خوارەوە ماناكانی بەرامبەریانە:**

**یەكەم: هەرێم: هەرێمی كوردستان ـ عێراق.**

**دووەم: پەرلەمان: پەرلەمانی هەرێم.**

**سێیەم: حكومەت: حكومەتی هەرێم.**

**چوارەم: دەستە: دەستەی گشتیی نەزاهەی هەرێم.**

**پێنجەم: سەرۆك: سەرۆكی دەستە.**

**شەشەم: ئەنجومەنی دادوەری: ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمدا.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**تكایە عەرەبیەكەش كەرەم بكە.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل الاول**

**التعاريف والتأسيس والاهداف**

**المادة الاولى:**

**يقصد بالكلمات الاتية المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون:**

**اولاً: الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.**

**ثانياً: البرلمان: برلمان الاقليم.**

**ثالثاً: الحكومة: حكومة الاقليم.**

**رابعاً: الهيئة: الهيئة العامة للنزاهة للاقليم.**

**خامساً: الرئيس: رئيس الهيئة.**

**سادساً: مجلس القضاء: مجلس القضاء في الاقليم**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، یەك كەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، تكایە ماددەی دووەم، فەرموو.**

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی دووەم:**

**بەپێی ئەم یاسایە دەستەیەك دادەمەزرێ بەناوی (دەستەی گشتیی دەستپاكی) و كەسایەتیەكی مەعنەوی دەبێ و ملكەچی چاودێریی پەرلەمانە و سەربەخۆیی دارایی و كارگێڕی هەیەو بودجەی سەربەخۆیەو پەیوەستە بە بودجەی گشتیی هەرێم، فەرمانبەرێك بە پلەی وەزیر سەرۆكایەتی دەكات.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**تكایە بە عەرەبیش كەرەم بكە.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الثانية:**

**تؤسس بموجب هذا القانون هيئة تسمى ب(الهيئة العامة للنزاهة) وتكون لها شخصية معنوية تخضع لرقابة البرلمان ولها استقلال مالي واداري وميزانية مستقلة ترتبط بالميزانية العامة للاقليم يرأسها موظف بدرجة وزير.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە بەنیسبەت ئەم ماددەیە دوو مولاحەزەمان هەیە، یەكەمیان/ گۆڕینی میزانیەی موستەقیلە بە میزانیەی تایبەت، لەبەر ئەوەی ئەو میزانیەی هەیئەیە بەشێكە لە میزانیەی هەرێم.**

**دوو/ لابردنی وشەی (بدرجة وزير)، كە لەم بڕگەیەدا هاتووە، یان لەم ماددەیەدا هاتووە، بۆ ئەوەی بچێتە ماددەی حەوت، چونكە لەوێ باسی ڕەئیسی هەیئە دەكات، وا باشترە ئەمە بگوازرێتەوە ماددەی حەوت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی نەزاهە.**

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمەش هاوڕاین لەگەڵ ڕەئیەكەی لیژنەی هاوبەشدا، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەندامانی پەرلەمان کێ دەیەوێت قسە بکات؟ ئەم ئەندامە بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن، ڕێزداران (هاژە سلیمان، د.احمد وەرتی، بەفرین حسین، گوڵێزار قادر، د.حسن محمد سورە، سۆزان شهاب، خورشید احمد، سمیرە عبداللە، صباح بیت اللە، سالار محمود)، کەسی تر هەیە؟ هاژە خان کەرەم بکە.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی دووەم، من هەمان تێبینی لیژنەی نەزاهەم هەیە، کە لەسەر بودجەی سەربەخۆ، بەڕاستی ئەوە دەبێت بودجەیەکی تایبەت بێت، چونکە بەشێکە لە بودجەی هەرێم، دەربارەی ئەوەی کە فەرمانبەرێك بە پلەی وەزیر سەرۆکایەتی دەکات، منیش هەمان ڕەئیم هەیە کە ئەوە بۆ ماددەی حەوت، چونکە لە ماددەی حەوتدا باس لە دامەزراندنی سەرۆکی دەستە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر ئەحمەد کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ پشتگیری کردنم بۆ ڕەئی لیژنەی هاوبەش بە گۆڕینی دەستەواژەی بودجەی سەربەخۆ بە بودجەی تایبەتی، هەروەها لابردنی فەقەرەی ئەخیر (یرأسها موظف بدرجة وزیر)، بەڵام من پێم باشە لێرە کە تەئسیسی هەیئەکە دەکرێت، دەڵێت (تؤسس بموجب هذا القانون هیئة تسمى ب(الهیئة العامة للنزاهة لاقلیم کوردستان – العراق) بۆ زیاد بکرێت، چونکە لێرەدا پێناسەی، یان ناوی ئەو هەیئەتە باس دەکات، کە لێرە تەئسیس دەکرێت بە موجیبی ئەو قانونە، بۆیە ناوەکە بە تەواوەتی بهێنردرێت، نەك تەنها (الهیئه العامه للنزاهه)، یەعنی ناوی هەیئەکە چیە، هەمووی لێرە باس بکرێت، چونکە باسی دروست کردنەکەی دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار بەفرین حسین کەرەم بکە.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی دووەم سەرەڕای پشتگیریم بۆ قسەی کاك دکتۆر ئەحمەد کە ناوی دەستەکە بە تەواوەتی بێت، لەبەر ئەوەی ناونیشانی یاساکە بەو شێوەیە هاتووە، بێ لەناوی دەستەکەش هەر بەو جۆرە بێت، کە باس لەوە دەکات کەسایەتی مەعنەوی دەبێت، بکرێت بە خاوەن کەسایەتی مەعنەوی دەبێت و ملکەچی چاودێری پەرلەمانە، بکرێت بە لە ژێر چاودێری پەرلەماندا دەبێت، پشتگیری لیژنەی هاوبەش دەکەم بودجەی سەربەخۆ بکرێت بە بودجەی تایبەت، پلەی وەزیریەکەش بکرێت بە پلەی تایبەت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار گوڵێزار كەرەم بكە.

**بەڕێز گوڵێزار قادر :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە بۆچوونەكەی لیژنەی هاوبەش دەكەم، كە بودجەی تایبەتی لەجێی بودجەی سەربەخۆ دابنرێت، هەروەها دەستەواژەی فەرمانبەرێك بە پلەی وەزیر سەرۆكایەتی دەكات لابرێت، چونكە ئێرە شوێنی خۆی نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دكتۆر حەسەن كەرەم بكە.

**بەڕێز د.حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ماددەیە وەسفی هەیئەكە دەكات، بۆیە بە ڕەئی من چەند خاڵێكی تری بۆ ئیزافە بكرێت بەم شێوەیە:

یەكەم: ئەو خاڵەی كە بۆ خۆی هاتووە بكرێتە خاڵی یەكەم بە لابردنی (موظف بدرجة وزیر) بچێتە شوێنێكی تر، هەروەكو لە لیژنەی هاوبەش هاتووە.

خاڵی دووەم/ لە مەهامی هەیئە جوملەیەك هاتووە ناچێتە بابی مەهام، بەڵكو چۆنیەتی مەهامە، ئەویش دەڵێت (تؤدي الهیئة مهامها بحیادیة وموضوعیة دون تمییز)، بێتە خاڵی دووەمی وەسفی هەیئەكە بێت.

سێیەم/ (تتمتع الهیئة في ممارسة مهامها واعمالها بحریة واستقلالیة دون اي تأثیر او تدخل من اي جهة كانت)، ئەمەش ئیزافە بكرێت.

خاڵی چوارەم/ (یكون المقر الرئیسي للهیئة اربیل ویجوز انشاء فروع لها في بقیة محافظات الاقلیم عند الاقتضاء بقرار من رئیس الهیئة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سۆزان كەرەم بكە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە تەعریفەكەدا من پێم باشە بەم شێوەیە بێت، دوو شێوەش بێت:

(تؤسس بموجب هذا القانون هيئة تسمى ب(الهيئة العامة للنزاهة لاقليم كوردستان) بزەبت وەكو ئەوەی بەڕێز كاك دكتۆر ئەحمەد باسی كرد، (وتكون لها شخصية معنوية مستقلة) ئەو موستەقیلەیەی بۆ زیاد بكرێت، بۆ ئەوەی تەئكید بكرێتەوە كە ئەمە موستەقیلە (تخضع لرقابة البرلمان ولها استقلال مالي واداري ولها ميزانية خاصة ترتبط بالميزانية العامة للاقليم)، وەك لە راپۆرتی هاوبەشدا هاتووە.

بەشی دووەمی كە دەكاتە (ثانياً: ومن مهام الهيئة)، یەعنی لە جیاتی ئەوەی بچێتە فەسڵی دووەم، كە لێرەدا نووسراوە (ومن مهام الهيئة: اولاً

أ-ان تعمل الهيئة من اجل تنفيذ وتطبيق القوانين ومكافحة الفساد ومعايير الخدمة العامة.

ب- تؤدي الهيئة مهامها بحيادية وموضوعية دون تمييز)، چونكە تەعریفەكەو مەهامەكانی پێكەوە لە یەك ماددەدا كۆ دەكەینەوە لە صیاغەكەدا باشتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار خورشید كەرەم بكە.

**بەڕێز خورشيد احمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كەلیمەی (تؤسس) بەڕاستی لە جێگای خۆی نابینم، لەبەر ئەوە من صیاغەكەم بەو شێوەیە كردووە، بە رەئی من صیاغەكە باشە (يشكل بموجب هذا القانون هيئة تسمى ب(الهيئة العامة للنزاهة لاقليم كوردستان – العراق) ويكون لها شخصية معنوية وتخضع لرقابة البرلمان وتتمتع باستقلال مالي واداري وميزانية خاصة تدرج ضمن الميزانية العامة للاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سمیرە كەرەم بكە.

**بەڕێز سميرە عبدالله اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم باشە ئەو ماددەیە وا صیاغە بكرێتەوە (هيئة النزاهة: هيئة مستقلة لها شخصية معنوية واستقلال مالي واداري ويمثلها رئيس الهيئة او من يخوله وتخضع لرقابة البرلمان)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار صباح بیت الله كەرەم بكە.

**بەڕێز صباح بيت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

له ماددەی دووەمدا له ڕێزی دووەم (ولها استقلال مالي واداري وميزانيـة مسـتقلة تـرتبط بالميزانيـة العامـة للاقليم) به رەئیا من بێته صیاغه کرن (ولها استقلال مالي واداري وميزانيـة خاصـة ضـمن الميزانيـة العامـة ويرأسها موظف بدرجة وزير) ئەڤەش بێته لادان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سالار کەرەم بکە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاسـتیدا بـۆ هـەر ماددەیـەکی یاسـایی، کـە پـرۆژە بێـت پێشکەشـی پەرلـەمان بکرێـت، دوای ئـەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت، یان ڕاپۆرتی لەسەر ئامادە بکرێت، مەراحیلی خۆی هەیە، تـا دەگاتـە ئـەم ساتە وەختە، لەم ساتە وەختە ئیتر دەبێت شکلێکی تەواو یاسایی و جێگری بکرێـت بـە بـەرا، بۆیـە هەنـدێ دەستەواژە هەیە بە تەسەورم وایە زیادەیە، دەمەوێت قسە لەسەر دوو، سێ دەستەواژە بکەم، سەرەتا دەڵێـت بەپێی ئەم یاسایە لە ئێستا بەدوا کە ئەم ماددەیـە پەسـند کـراوە، ئـەم یاسـایە کـە پەسـند کـرا بـەپێی ئـەم یاسایە ئیجاب ناکات هەبێت.

خاڵی دووەم/ ملکەچی چاودێری پەرلەمانە، دەستەواژەی ملکەچیش تۆزێك هەست دەکەم قورسـە لـە ڕووی هەزم کردنەوە، دەکرێت بگوترێت لە ژێر چاودێری، بودجەی سەربەخۆش هـەر دەکرێـت لابـدرێت بکرێتـە بودجەی تایبەت، ئەگەر بکرێت ماددەکە بەم جۆرەم صیاغە کردۆتەوە:

(دەستەی گشتی نەزاهە: دەستەیەکی خاوەن کەسایەتی مەعنەوی خۆیەتی سـەربەخۆیی دارایـی و کـارگێڕی هەیـەو لـە ژێـر چاودێری پەرلـەمان دایـەو بودجەیـەکی تایبـەتی دەبێـت و پەیوەسـتە بـە بودجـەی گشـتی هەرێم و فەرمانبەرێك بە پلەی وەزیر سەرۆکایەتی دەکات، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزات زۆر دران، بەلأم ئەوەی جێی سـەرنجە دوو، سـێ مولاحەزەیـە، یەکـەمیان/ ئەوەیـە ئێمـە ئەگـەر گوتمان (شخصية معنوية مستقلة)، مانای وایە ئەوەی تر پێویست ناکـات ئیسـتیعمال بکـەین (ولهـا اسـتقلال مـالي واداري)، چـونکە موسـتەقیلەکە کـە دەسـتەواژەی موسـتەقیلەکە ئیزافـەی شەخصـیەتی مەعنەویەکـە دەکەین، مانای وایە ئیشارەتە بۆ ئیستقلالی مالی و ئیداری، ئینجا یان دەبێت ئێمە بڵێین (شخصية معنويـة ولها استقلال مالي واداري)، یاخود ئەوەتا ئیستقلالی مالی و ئیداریەکە هـەڵبگرین بڵێین (شخصـية معنويـة مستقلة)، پێموایە وا جوانتر دێت (شخصية معنوية مستقلة).

ئەوەی کاك سالار ئیشارەتی پێدا، ڕەنگە لە دەستەواژە کوردیەکە ئەوەی تەرجومە کراوە بەم شێوەیە بێت، بەڵام کە دەڵێی (تخضع لرقابة البرلمان)، وابزانم تەبیعیە لە ژێر ڕەقابەی پەرلەمان دایە، ئەمەیان وایە، بەس ڕەنگە لە کوردیەکەی دەستەواژەکە بەشێوەیەکی تر بڵێین کە پێویست بە راست کردنەوەی هەیە، دیارە هەموو کۆکن لەسەر ئەوەی کە موازەنەکە تایبەت بێتن و موستەقیلەکە هەڵبگیرێت، واتا جێگای بۆ بکرێتەوە لەزیمنی میزانیەی هەرێمی کوردستان، زۆرینەی ڕەئیش ئەوە بوو، کە فیعلەن ئەو دەرەجەی وەزیرە لابدرێت، ئەوەی دکتۆر حەسەنیش ئیشارەتی پێدا، بەڕاستی ئێمە ئەگەر هاتینە سەر ئەو ماددەیە، ڕەنگە مولاحەزەکە وارید بێت، بۆیە ئەگەر پێتان باش بێت ئێستا صیاغە دەکەین و عەرزی بەڕێزتان دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیعادەی صیاغەی ماددەکە بکەن، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ڕۆشنایی و پێشنیارەکان بەو شێوەیە دامانڕێشتەوە:

المادة الثانية:

تؤسس بموجب هذا القانون هيئة تسمى ب(الهيئة العامة للنزاهة لاقليم كوردستان – العراق) وتكون لها شخصية معنوية مستقلة تخضع لرقابة البرلمان ولها تخصيصات ضمن الميزانية العامة للاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەش کەرەم بکە.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

بەپێی ئەم یاسایە دەستەیەك دادەمەزرێ بەناوی (دەستەی گشتی دەستپاکی (نەزاهە) لە هەرێمی کوردستان – عێراق)و خاوەن کەسایەتیەکی مەعنەوی سەربەخۆیەو لە ژێر چاودێری پەرلەمانەو بودجەی تەرخان کراوی خۆی هەیە لە بودجەی گشتی هەرێمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لەگەڵ عەرەبیەکە بگونجێت، صیاغە عەرەبیەکە دروستە، بە عەرەبیەکە بیخوێنەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، دەبێتە ئەساس، پاشان تەرجومە دەکرێت، کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

تؤسس بموجب هذا القانون هيئة تسمى ب(الهيئة العامة للنزاهة لاقليم كوردستان – العراق) ذات شخصية معنوية مستقلة وتخضع لرقابة البرلمان ولها تخصيصات ضمن الميزانية العامة للاقليم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، یەك كەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، بەڕێزان، ئێستا كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دەهێنین، دانیشتنی داهاتوو رۆژی دوو شەممە سەعات (11) بەردەوام دەبین، دانیشتنی سبەی لەبەر ئەوەی برای گەورەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ كۆچی دوایی كردووە، ئیجازەی وەرگرت لە سەرۆكایەتی، بۆ دانیشتنە نائاساییەكە ئاگادارتان دەكەینەوە لە هەفتەی داهاتوو، بەخواتان دەسپێرین خواتان لەگەڵ.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د. ارسلان بایز اسماعیل | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (7)

## دووشەممە رێكەوتی 18\4\2011

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (7)

## دووشەممە ڕێکەوتی 2011/4/18

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2011/4/18 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (7)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (7)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2011/4/18 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای دەستەی نەزاهەی گشتی لە هەرێمی كوردستان.

2-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای قەدەغە كردنی ڕێكخستنە حزبیەكان لەناو ریزەكانی پێشمەرگەو هێزەكانی ئاسایشی گشتیدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (7)، ڕۆژی دانیشتن 2011/4/18، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (7)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2011/4/18 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای دەستەی نەزاهەی گشتی لە هەرێمی كوردستان.

2-خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای قەدەغە كردنی ڕێكخستنە حزبیەكان لەناو ریزەكانی پێشمەرگەو هێزەكانی ئاسایشی گشتیدا.

ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی نەزاهەو لیژنەی دارایی دەكەین كەرەم بكەن بۆ سەر مەنصە، ئێستا بۆ خاڵی یەكەمی بەرنامەی كار/ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای دەستەی نەزاهەی گشتی لە هەرێمی كوردستان، بۆ ماددەی سێ، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم لە ئەسڵی پرۆژەكە، ماددەی یەك و دوو لە دانیشتنی پێشوو پەسند كرا، ئێستا ماددەی سێیەم، ئەوەی لە ئەسڵی پرۆژەكەدا هاتووە:

المادة الثالثة:

يهدف هذا القانون الى:

اولاً: تثبيت آلية فعالة للرقابة وتكريس مبدأ سيادة القانون.

ثانياً: مواجهة الفساد الاداري والمالي ومعالجته ودعم مبدأ الشفافية في مؤسسات الاقليم التشريعية، التنفيذية، والقضائية والمؤسسات الاخرى من خلال الاجراءات القانونية.

ثالثاً: اتخاذ اجراءات للوقاية من الفساد.

رابعاً: تعزيز الشفافية في العمل الاداري واعتماد معايير موضوعية لتقويم وتطوير الاداء في الخدمة العامة والقضاء على الروتين الاداري السلبي.

خامساً: تثبيت وتقوية السلوك الوظيفي والاحساس بالمسؤولية في تأدية الخدمة العامة وفقاً للقوانين الاجراءات التي تحرم الفساد.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەکوردیش کەرەم بکەن.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

ئەم یاسایە ئەم ئامانجانەی هەیە:

یەکەم: چەسپاندنی میکانیزمێکی کاریگەر بۆ چاودێری و تەرخان کردنی پرەنسیپی سەروەری یاسا.

دووەم: ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵیی کارگێڕی و دارایی و چارەسەر کردنی و پاڵپشتی کردنی پرەنسیپی شەفافیەت لە دەزگاکانی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادوەری و دەزگاکانی دیکە، لە ڕێگای ڕێکارە یاساییەکانەوە.

سێیەم: گرتنەبەری ڕێگاکانی خۆپاراستن لە گەندەڵی.

چوارەم: بەهێزکردنیی شەفافیەت لە کاری گارگێڕیداو پشت بەستن بە پێوانەی بابەتی بۆ هەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی کارگوزاری لە خزمەتگوزارییەکانی گشتی و نەهێشتنی ڕۆتینی نێگەتیف (سەلبی)ی کارگێڕی.

پێنجەم: چەسپاندن و بەهێزکردنی ڕەوشتی فەرمانبەرایەتی و هەست کردنی بە بەرپرسیاریەتی لە ئەنجامدانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بەپێی یاساو ڕێکارەکانی قەدەغە کردنی گەندەڵی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاپۆرتی هاوبەش کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تێبینیەکانی هەردوو لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی دارایی، ئێمە ئەو بڕگانەی کە لە ماددەکەدا هاتووە، بڕگەی یەکەم هیچ تێبینیمان نییە، تەنها لە بڕگەی دووەم، ئەویش پەیوەندی بە دارشتنەوە هەیە وشەی (مواجهة)کە بگوڕدرێت بۆ (مکافحة)، (مكافحة ظاهرة الفساد)، ئەوەی کە لە بڕگەی دووەمدا هاتووە، کە باس لە (القضاء على ظاهرة الفساد) دەکات، ئێمە تەنها بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بەو شێوەیەی لێ بکرێت.

سەبارەت بە بڕگەی سێیەم، کە باس لە ڕێکارەکان دەکات، ئێمە پێشنیاری زیاد کردنی دوو وشە دەکەین (ڕێکارە یاساییەکانی پێویست)، واتا ڕێکارەکان زیاتر تەحدید بکرێت.

سەبارەت بە چوارەم هیچ تێبینیمان نییە، بڕگەی پێنجەمیش، تەنها وشەی تەقویە ببێتە تەقویمی سلوك، وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە ڕاپۆرتەکەتان بە کوردی، پاشان بە عەرەبی، کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێ لە راپۆرتی لیژنەی نەزاهەدا، ئێمە رەئیمان وایە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

ئەم یاسایە ئەم ئامانجانەی هەیە:

یەکەم: چەسپاندنی میکانیزمێکی کاریگەر، بۆ بەدەستهێنانی پرەنسیپی سەروەریی یاسا (واتا لابردنی وشەی چاودێری لە رستەکەدا).

دووەم: چارەسەر کردنی گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی و پاڵپشتیکردنی پرەنسیپی شەفافیەت لە سەرجەم دەزگاکانی هەرێم لە رێگەی رێکارە یاساییەکانەوە.

سێ یەم: گرتنەبەری رێکاری پێویست بۆ خۆپاراستن لە گەندەڵی (واتا زیادکردنی وشەی پێویست لە رستەکەدا).

چوارەم: لابردنی رستەی (بەهێز کردنی شەفافیەت لە کاری کارگێریدا) و بڕگەکە بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە: پشتبەستن بە پێوانەی بابەتی بۆ هەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی کارگوزاریی گشتی و نەهێشتنی رۆتین.

پێنجەم: ئەم بڕگەیە بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە: چەسپاندن و بەهێزکردنی رەوشتی فەرمانبەرایەتی و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی لە ئەنجامدانی خزمەتگوزاریە گشتییەکان، بەپێی یاساو ئەو رێکارانەی گەندەڵی قەدەغە دەکەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیش کەرەم بکەن.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

نقترح صياغة هذه المادة بالشكل الاتي:

أولاً: تثبيت آلية فعالة لتكريس مبدأ سيادة القانون، (اي حذف كلمة الرقابة من الجملة).

ثانياً: معالجة الفساد المالي والاداري، ودعم مبدأ الشفافية وتعزيزه في مؤسسات الإقليم كافة من خلال الاجراءات القانونية.

ثالثاً: إتخاذ الاجراءات اللازمة للوقاية من الفساد، اي اضافة كلمة (اللازمة) الى الجملة.

رابعاً: حذف عبارة (تعزيز الشفافية في العمل الاداري السلبي) وصياغتها بالشكل الاتي:-

(اعتماد معايير موضوعية لتقويم الاداء وتطويره في الخدمة العامة والقضاء على الروتين).

خامساً: اعادة صياغة الفقرة كالاتي: (تثبيت وتقويم السلوك الوظيفي، والاحساس بالمسؤولية في تأدية الخدمة العامة وفقاً للقوانين والاجراءات التي تحرم الفساد).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ ناویان دەنووسین، ئەم ئەندامە بەڕێزانە دەیانـەوێت قسە بکەن، ڕێزداران (هاژە سلیمان، ئاسۆ کەریم، خەلیل عوسمان، سمیرە عبداللە، سەردار رشید، شفان احمد، شلێر محمد، لانا چەلەبی، گەشە دارا، عمر نـورەدینی، شـەونم محمـد، عیمـاد محمـد)،کەسـی تـر هەیـە؟ سـێ کەس، هەرسێ بەڕێز (سالار محمود، تارا ئەسعەدی، سۆزان شهاب)، کەسی تر هەیە؟ نییـە، کـەرەم بکـە هـاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی سێیەم، بڕگەی سێیەم، پشتگیری لە لیژنـەی نەزاهە دەکەم بەوەی کەوا بەو شـێوەیەی لـێ بکرێت (گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ خۆپاراستن لە گەندەڵی).

چوارەم/ پێشنیار دەکەم بڕگەکە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

(ئەرکـە ئیـداری و کارگێڕیـەکان بـە ڕوونـی ئـەنجام بـدرێن و، پشـت ببەسـترێت بـە پێوانـەی بابـەتی بـۆ هەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی............هتد).

پێنجەم/ پێشنیار دەکەم کە وشەی ڕەوشت هەڵبگیرێت و هەڵسوکەوت لە جێگای دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئاسۆ کەریم کەرەم بکە.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت بڕگەی یەکەم، من پێم باشە بەم شێوەیە بێت: (تثبيت آلية فعالة اخرى للرقابة وتكـريس مبـدأ سيادة القانون)، چونکە میکانیزمی تریش هەن بۆ ڕەقابە لە هەرێمداو، دیوانی چاودێری داراییە، هـەروەها میکانیزمی چاودێری ناوخۆ لە هەر وەزارەتێك و هەر دائیرەیەك هەیـە، هـەروەها ئیـدیعای عـامیش هەیـە، بۆیە بەم شێوەیە بێت.

دووەمیان/ بەنیسبەت بڕگەی دووەم، بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

(مكافحة ظاهرة الفساد) بەبێ تەحدید کردن (المالي والاداري)، لەبەر ئەوەی فەساد کۆمـەڵێك جـۆری هەیـە، بە بڕوای من بە شێوەیەکی ڕەها بێت وەکو وشە (ودعم مبدأ الشفافية في الاقليم) (مكافحـة ظـاهرة الفسـاد ودعم مبدأ الشفافية في الاقليم).

سێیەم/ تەنیا وشەی (اللازمة) بۆ ئەو فەقەرەیە زیاد بکرێت، بەو شێوەیە:

(اتخاذ الاجراءات القانونية اللازمة للوقاية من الفساد).

چوارەم/ بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

(اعتماد المعايير الموضوعية لتقويم الاداء الوظيفي وتطويره).

پێنجەم/ بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

(تثبيت وتقويم السلوك الوظيفي وتحمل المسؤولية اثناء تأدية الخدمة العامة في الاقليم وفقاً للقوانين والاجراءات التي تحرم وتجرم الفساد)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار خەلیل كەرەم بكە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من داواكارم یەك، دوو خاڵی تر زیاد بكرێت بۆ ئەمە، چونكە ئەمە زۆر هەڵدەگرێت، پێویستە ئەركەكانی باشتر و وردتر بكرێتەوە، لەوەی كە هەموو خەڵك تێی بگات زیاتر، یەكێك لە خاڵەكانیش ئەوەیە، كار پێ كردن بۆ بەشداری پێ كردنی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی و دامەزراوە فێركارییەكان، موئەسەساتی تەعلیمی، لە چالاكیەكانی ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی و بڵاو كردنەوەی مەترسییەكان و كاریگەرییەكانی.

دوو/ پتر هاوكاری كردن لەگەڵ ڕێكخراو و دەستە نێودەوڵەتیەكان، كە پەیوەندارن بە نەهێشتنی گەندەڵی بەشداری پێ كردنیان لە داڕشتنی بەرنامەیەك، بۆ خۆپاراستن لەو دیاردەیە)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سمیرە كەرەم بكە.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنسبەت ماددەی سێ، من حەز دەكەم ئەو ماددەیە ببێتە دوو ماددەی سەربەخۆ، ئێستا صیاغەكەی دادەنێم، وەكو ماددەی سێ باسمان كرد (تهدف الهيئة الى المساهمة في منع الفساد ومكافحته واعتماد الشفافية في ادارة شؤون الحكم على جميع المستويات)، ئەوەی ماددەی سێ موستەقیل بێت.

ماددەی چوار، دەبێت بڵێین (تعتمد الهيئة لتحقيق اهدافها الوسائل الاتية)، ئەوجا بێینەوە خوارێ بڵێین (اولاً، ثانياً، ثالثاً...) پێدا چوونەوەی لەسەر بكەین، هەروەكو ئەوەی كاك خەلیل گوتی پشتگیری ئەویش دەكەم لەگەڵ دەوری ئیعلامیش لێرە باس نەكراوە، ئەگەر دەوری ئیعلامیش وەكو خاڵێك ئیزافە بكرێت و جێی بكەینەوە لێرە، هەروەها لە چوارەم (تعزيز الشفافية في العمل الاداري) ئەگەر بیكەینە (في الدائرة الاداري) بە ڕەئی من، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سەردار كەرەم بكە.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لـە مـاددەی سـێیەم/ بڕگـەی یـەك/ چەسـپاندنی میكـانیزمی كاریگـەر بـۆ چـاودێری و تـەرخان كردنـی پرەنسـیپی سـەروەری یاسـا، مـن پێموایـە یاسـا باشـترە بچەسـپێندرێت، نـەك میكـانیزم، بـەم شـێوەیەی لـێ بكرێت، چەسپاندنی سەروەری یاسا بەپێی میكانیزمێكی گونجاو و كاریگەر، هەروەها هاوڕاش لەگەڵ كاك خەلیل، كە دەوری سەندیكاو كۆمەڵەكان و ڕاگەیاندن، بەڕاستی لەوە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شلێر محمد كەرەم بكە.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی لە مـاددەی سـێیەمدا، لەبـەر ئـەوەی ئەهدافـەكان دەبێـت زۆر بـە وردی دابڕێـژرێت، چـونكە ئێمـە دەزانین بەپێی ماددەی (72) لە دەسـتووری عێراقیـدا، كـە فەسـادی بـە جەریمەیـەكی ئەوەنـدە خـەتر نـاو بردووە، هەتا لـە سـوڵتەی عـەفوی خاصـی رەئیسـی كۆمـاری دەرچـووە، یـەعنی ئـەو كەسـەی تـاوانی فەسـاد ئیسپات ببێت لەسـەری، هـەتا  شمـولی عـەفو ناكـات، یـەعنی لەبـەر ئـەوە ئەوەنـدە كـارێكی قورسـەو چـەند زەرەری بۆ كۆمەڵگاكەمان هەیـە، لەبـەر ئـەوە بەنیسـبەت مـاددەی چـوارەم، كـە دەڵێـت لـە بڕگەكانـدا (اولاً، ثانیاً، ثالثاً، رابعاً/ تعزیز الشفافیة في العمل الاداري، ومنع استغلال النفـوذ الـوظیفي)، چـونكە فەسـاد چـیە؟ هەر ئەوەیـە ئـەو كەسـەی لـە وەزیفیـە، یـان لـە هـەر شـوێنێكدا بێـت، ئـەو ئیسـتیغلالی وەزیفیـە بكـات بـۆ بەرژەوەندی خاصی خۆی، یەك شتی تریش هەیە، ئێمە تازە بەسەریدا ڕۆیشتین، ئەگینا نەوعی فەساد هەر مەوزوع ماددە نییە، هەموومان دەزانین، لەبەر ئەوە لێرە هیچ نـەبێت بـا لـە ئەهدافەكانـدا (منـع الواسـطة والمحسوبیة التي تلغي حقاً او تحق باطلاً)، لەدواییدا دەڵێت (والقضاء علی الروتین الاداري عبرة)، مـن دەڵـێم ئەمەی بۆ ئیزافە بكرێت (عـبر اصدار تشـریعات اضافیة بمـا تلائـم الواقـع الحـالي) لەبـەر ئـەوەی بەڕاسـتی ئەگەر ئێمە مەجموعەیـەك شـت نـەگۆڕین لـەوە، بـەپێی ئـەو واقیعـەی ئـەمڕۆ ، ئـەو نەوعـە قانونانـە زۆر بەڕاستی نایەتە دەست، بۆ ئەوەی تۆ موحاسەبەی خـەڵكی پـێ بكـەیت، ئەگـەر بێتـو ئێمـە بـێین بـەراوردی بكـەین حكومـەتی عێراقـی لـە تەئسـیس بوونیـەوە چ قـەوانینی هەیـە، كـە بـۆ فەسـاد بـاس كـردووە؟ لـە دەستووری ساڵی 1925ەوە قانونی هەیەو دەریكردووە بۆ جەریمەی فەسادی نەفوزی وەزیفـەو لـە مـاددەی (90) لە قانونی عقوباتی بەغدادیدا هەیە، لەبەر ئەوە قانونی ئینزیباتی موەزەفی دەوڵەیە، قانونی كەسـبی غــەیر مەشــروع هەیــە، باشــە ئەمانــە كەنــەیانتوانی ئــەو زاهیرەیــە لەناوبــەرێت، كەواتــە ئێمــە زۆر بەرپرسیاریەتیەكەمان گەورەیە، كە شتێك دابڕێژرێ، بەڕاستی مەنعی ئەو زاهیرەیە بكات و، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شڤان احمد كەرەم بكە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حەقیقەتەن ئەو ماددەیە لەو چەند بڕگانە، چەند تێبینیەكم هەیە، بڕگەی یەكەم لە ماددەی سێ (تثبیت آلیة فعالة للرقابة وتكریس مبدأ مشروعیة)، مەبدەئی مەشروعیە بەرفراوانترە لە سیادەی قانون، (مبدأ مشروعیة خضوع الكل) یەعنی (محكومین، المحكومین للقانون)، ئەو مەبدەئی مەشروعیە بەرفراوانترە، من وا دەبینم ئەوە بەقوەتترە لە جێی دابنرێت.

بڕگەی دووەم (القضاء علی الفساد)، پێموایە قەزا زۆر زەحمەت بێتن، من مواجەهە دەبینم باشترە، یەعنی ئەگەر پێمان بكرێت قەزا زۆر زۆر شتێكی گەورەیە، بەلاَم (مواجهة الفساد بجمیع مظاهره)، لێرە حەصر كراوە تەنیا بە فەسادی ئیداری و مالی، زۆر مەزاهیری هەیە، مەزاهیری فەساد لە ئیداری و مالیدا نییە، (بجمیع مظاهره ودعم .......) بەو شێوەیە تەواو ببێتن.

من یەك ئەوەم بۆ ئیزافە كردووە، بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە (مواجهة الفساد بجمیع مظاهره ودعم مبدأ الشفافیة في مؤسسات الاقلیم كافة)، كافەكە هەمووی دەگرێتەوە، یەعنی لێرە هەندێك دوورو درێژتر هاتووە، (من خلال اتخاذ الاجراءات القانونیة)، واتا كافەكە هەمووی دەگرێتەوە، یەعنی لەبەردەمی دەرباز نابێت، شمولی هەموو دەسەلاَتەكانیش دەكات.

بڕگەی سێیەم لە ئەسڵی پڕۆژەكەدا هاتووە (اتخاذ اجراءات للوقایة من الفساد)، من وام پێ راسترە، (اتخاذ اجراءات قانونیة لازمة للوقایة من الفساد).

بڕگەی چوارەم وەكو خۆی بێت، بەس رۆتینی ئیداری حەقیقەتەن لێرە كە بە رۆتینی ئیداری لە ئاخیری بڕگەدا هاتووە، رۆتینی ئیداری كە هاتووە، رۆتینی سلبی هەیە، رۆتینی ئیجابی هەیە، دەبێت رۆتینی سلبی، ئەگەر مەبەستمان رۆتینی سلبی بێت لێرە، ئەگەر رۆتینەكە سلبی بێت دروستە، ئەگەر رۆتین بەشێوەیەكی عام بێت، (ما المقصود بالروتین)، دەبێت دیار بێتن، هەندێ جار رۆتینی ئیجابی لە صالحی شەخصەكەیە، بەتایبەتی لە ئیجرائاتی ئیداری و ئەوانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار لانا كەرەم بكە.

**بەڕێز لانا احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی سێیەم، خاڵی دووەم، تەبعەن ئێمە هەموومان دەزانین بەنیسبەت شەفافیە یەكێكە لەو مەفاهیمانەی ئیدارە، كە یەكێكە لە ستیراتیجیە گرنگەكان، كە دەوڵەت بەكاری دەهێنێت بۆ موكافەحەی فەساد، چەند دەرەجەی شەفافیەت زیاد بێت، ئەوەندە دەرەجەی خەڵك بە قیتاعی حكومی زیاد دەبێتن، بەنیسبەت خاڵی دووەم لە ماددەی سێیەم، من دەمەوێت صیاغەكە بەم شێوەیە بێت، كە بنووسرێت (مكافحة الفساد الاداري والمالي ومعالجته ودعم مبدأ الشفافیة في مؤسسات الاقلیم التشریعیة، التنفیذیة،

والقضائية والمؤسسات الاخرى من خلال وضوح اجراءات العمل والابتعاد عن الروتين وتعقيد الاجراءات)، ئەوە بەنیسبەت خاڵی دووەم لە ماددەی سێیەم.

بەنیسبەت خاڵی چوارەم لە ماددەی سێیەم، لێرە مەبدەئی ئیصلاحیش بێتە ناوی (تعزيز الشفافية في العمل الاداري واعتماد معايير موضوعية لاصلاح وتقويم وتطوير الاداء في الخدمة العامة والقضاء على الروتين الاداري السلبي).

بەنیسبەت خاڵی پێنجەم، صیاغەکە بەو شێوەیە بکرێتن (تحسين وتطوير السلوك الاخلاقي الوظيفي)، چونکە بەس لێرە نووسراوە (السلوك الوظيفي)، ئێمە مەبەستمان چیە لە (السلوك الوظيفي)، ئەخلاقی وەزیفی لێرە بگۆڕدرێتن، هەتاکو تەتبیقی شەفافیەت بکرێت، لێرە بکرێتە (تحسين وتطوير السلوك الاخلاقي الوظيفي والاحساس بالمسؤولية في تأدية الخدمة العامة وفقاً للقوانين والاجراءات التي تحرم الفساد)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار گەشە کەرەم بکە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر سەبارەت بە خاڵی دووەم، پێموایە جۆرێك لە مەتاتیەت و ئینشائیەتی پێوە دیارە، وا باشترە بە وردتر دابڕێژرێتەوە بەم شێوەیە:

(العمل على كشف جرائم الفساد والتحقيق فيها ومتابعة الدعوى الجزائية الخاصة بها الى اخر مراحلها).

بڕگەی سێ باسی ئەوە دەکات، کە ئیجرائات بکرێت بە ویقایەی جەریمەی فەساد، بەڵام لە کاتێکدا کە هیچ ئالیەتێکی دانەنابێ و قاعیدەی نەبێت، بۆ ئەوەی کە چۆن تەعامول لەگەڵ فەساددا بکات، پێم باشترە بەو شێوەیە بێت (وضع آليات والقواعد الكفيلة بمنع الفساد ومكافحته).

بڕگەی چوارەم لە لیژنەی هاوبەش دەپرسم، کە ڕۆتینی ئیداری سلبی، ئێمە پێناسەمان نەکردووە، یەعنی سبەینێ ئەم هەیئەیە چۆن تەعامول لەگەڵ ڕۆتینی سلبی دەکات، کامەی ڕۆتینی سلبییە؟ کامەی ڕۆتینی ئیجابییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عمر نورەدینی کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر حمد امين خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو داڕشتنەوەی لیژنەی هاوبەشم، بەتایبەتی ئەوەی بۆ بڕگەی دوو کردوویانە، من لەگەڵ ئەوەم تەنها ئەوەندە بمێنێتەوە (مكافحة ظاهرة الفساد ودعم مبدأ الشفافية في مؤسسات الاقليم)، کە دەگوترێت لەوێ زاهیرەی فەساد، فەسادی ئیداری و مالیش دەگرێتەوە، بۆیە ئەمە پێویست نییە بگوترێت

بەشێوەیەکی گشتی، کە دەگوترێت دەعمی مەبدەئی شەفافیە، دیسان بە رەئی من ئەمە وادەکات کە بڕگەی چوارەم کە تەعزیزی شەفافیەتە، ئەوە پێویست ناکات بمێنێتەوە، چونکە کە دەگوترێت دەعمی مەبدەئی شەفافیەت بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی لە بڕگەی چواردا هاتووە، هەمان ماناو هەمان ناوەڕۆك و هەمان جەوهەری هەیە، بۆیە واتا من لەگەڵ ئەوەم بڕگەی چوارەم نەمێنێت، چونکە ئەوەی کە پێویستە لەویَ لە بڕگەی دووەمدا هاتووە، بەلاَم لە بڕگەی دووەمیشدا تەنها ئەوە بمێنێتەوە (مكافحة ظاهرة الفساد ودعم مبدأ الشفافية في مؤسسات الاقليم) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شەونم کەرەم بکە.

**بەڕێز شەونم محمد غريب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت بڕگەی دووەمەوە لە ماددەی سێ، پێم باشە وەك لیژنەکان ئیقتیراحیان کردووە (مواجهة الفساد) بکرێت بە (مكافحة الفساد)، لەویَ ئیزافە بکرێت، پێویست ناکات ئەم تەوزیحە بلێی (الاداري والمالي)، (مكافحة الفساد بجميع انواعه)، چونکە ئەنواعی فەساد زۆرە، (ودعم مبدأ الشفافية في مؤسسات الاقليم كافة)، یەعنی بۆ ئەوەی هیچ موئەسەسەیەکی لێ دەرنەچێت.

بەنیسبەت بڕگەی چوارەمەوە (تعزيز الشفافية واعتماد معايير موضوعية للاداء الوظيفي وتطويره).

بڕگەی پێنجەم (تثبيت وتقوية السلوك الوظيفي وتحمل المسؤولية خلال الخدمة الوظيفية)، پێم باشە ئەو بابەتە کورت بکرێتەوەو ئەو فەقەرەیە ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عیماد کەرەم بکە.

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەرەتا پشتگیری لە رەئی لیژنەی هاوبەش و کاك ئاسۆ دەکەم، سەبارەت بە بڕگەی دووەم، کە پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە صیاغە بکرێتەوە (ثانياً: مكافحة الفساد بما فيه الاداري والمالي ومعالجته ودعم مبدأ الشفافية في جميع مؤسسات الاقليم).

سەبارەت بە بڕگەی چوارەم، پێم باشە بەم شێوەیە صیاغە بکرێت (رابعاً: ارساء مبدأ الشفافية والنزاهة في المعاملات الاقتصادية والمالية والادارية بما يكفل تحقيق الادارة الرشيدة لاموال وموارد وممتلكات الاقليم والاستخدام الامثل للموارد).

سەبارەت بە زیاد کردنی بڕگەیەکی تر، پشتگیری رای بەڕێزم کاك خەلیل دەکەم، کە من پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە صیاغە بکرێتەوە (تشجيع وتفعيل دور مؤسسات ومنظمات المجتمع المدني في المشاركة

**الفاعلة والنشطة في محاربة الفساد ومكافحته وتوعية افراد المجتمع بمخاطره وتوسيع نطاق المعرفة بوسائل واساليب الوقاية منه)، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار سالار کەرەم بکە.**

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەڕاستیدا دروستە ئەم یاسایە بۆ هەرێمی کوردستانە، بەڵام دیاردەکانی گەندەڵی و ڕادەی شەفافیەت لە پرسێکی لەم جۆرەدا دەتوانین بڵێین ڕەهەندێکی نێودەوڵەتیشی هەیە، بۆیە کۆمەڵگاکان کۆکن لەسەر ئەوەی کۆمەڵێك مەعاییری گشتیان هەبێت، بۆ شێوازی ڕووبەڕوو بوونەوەی فەسادو دەرخستنی شەفافیەت لە هەموو کۆمەڵگاکان، بەتایبەتیش پەیوەندی نێوان هەرێمەکان و وڵاتەکان لەسەردەمی گلۆبالدا بە جیهانی بووندا لە ئاستێکی زۆر زۆر باڵا دایەو، پەیوەندییە ئابووری و پەیوەندییە بازرگانی و پەیوەندییەکانی بانکیش لە ئاستێکی زۆر زۆر ڕوون و زۆر دیار دایە، بۆیە گرنگە هەدەفی ئەم دەستەیە لەناو هەدەفی ئەم یاسایەدا پشت بەستن بەنێو پێوەرە نێودەوڵەتیەکان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی فەسادو ڕادەی شەفافیەت دەست نیشان بکرێت، بیرمان نەچێت ساڵانە جیهان و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی، بەتایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئیتیفاقیەکی نێودەوڵەتی هەیە بۆ موکافەحە کردنی فەساد لە ساڵی 2003 و مونەزەمەی شەفافیەتی نێودەوڵەتی کە ساڵی 1993 دامەزراوە لەسەر بنەمای دژایەتی کردنی گەندەڵی لە ئاستی جیهاندا مانشێتەکەی بەرز کردۆتەوە، گرنگە ئێمە لەسەر ئەم پێوەرانە کار بکەین، چونکە دوا جار پەیوەندییە ئابووری وبازرگانی و ئیستیسمارییەکانیشمان لە ئاستی جیهانیدایە، هەرێمی کوردستان بەو قۆناغە دەڕوات، لەو ڕوانگەیەوە ئەگەر ئیستیناد بکرێتە سەر ئەوە کارێکی گرنگە وەکو عەرزم کردن ساڵانەش ڕاپۆرتی نێودەوڵەتی هەیە سەبارەت بە ئاستی وڵاتان لە موکافەحە کردنی فەسادو لە ئاستی بوونی شەفافیەت و لە ڕادەی بوونی ئەو دەرفەتانەی کە دەبنە مایەی بە هەدەردانی سامانی  ماددی و مەعنەوی، هەم ئینسانی، هەم ماددی وڵاتەکان، لەو ڕوانگەیەوە ئەگەر بەڕێزان لیژنەی یاسایی و لیژنەی نەزاهە بڕگەیەك خۆیان بە شیاوتری بزانن بدۆزنەوە، بۆ پشت بەستن بەو پێوەرە نێودەوڵەتیانە، من تەسەورم وایە موصداقیەتی ئەم یاسایە دەخاتە ئاستێکی باڵاتر، سوپاستان دەکەم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار تارا کەرەم بکە.**

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەم ماددەیە لێرە وابزانم کرۆکی باسەکەیە، لەبەر ئەوە دەبێت بزانین هەر ماددەیەك، یان با بڵێین کە قانونێك دەردەچێت، لەبەرچی دەردەچێت؟ ئێمە وەکو کەلتوورێکی باو لە زۆر وڵاتاندا کە کاریسەکە**

دەبێت، یان نەخۆشیەکە دەبێت، ئینجا دەگەڕێین بۆ عیلاج، بەلام بە رەئی من لێرەدا ماددەیەك زیاد بکرێت، پێش ئەوەی عیلاجی بکەین، پێشتر بەری لێ بگرین (الوقایة خیر من العلاج)، یەکەم/ پێش تەسبیتی تەکریسی بڵێین رەقابەیەکی تایبەت، با بڵێین (ایجاد آلیة عامة في کل المؤسسات للوقایة من الفساد)، هەروەکو سیستەمی ئەمریکی، کە لەوێدا وا بەکاری هێناوە، کە لە هەموو شوێنێك شوێنی تایبەتی خۆی هەیە، تا گەندەڵی نەهێڵێت، ئێمە هەیئەتێك دروست بکەین، تەنها ئەو هەیئەتە ئەم هەموو کارەی بخەینە سەر، وابزانم ئەگەر لە هەر شوێنێك شوێنی خۆی کە ئێستا هەیە، بەلام بەشێوەیەکی باشتر تەفعیل بکرێت بۆ موئەسەسەکان.

دووەم خاڵ، کە دەڵێت (مواجهة الفساد)، من هەر لەگەڵ ئەو برادەرانەم کە دەڵێن (مکافحة)، بەلام بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە (مکافحة کافة انواع الفساد في مؤسسات الاقلیم من خلال اجراءات قانونیة)، ئیتر ئەو دوورو تەفسیلە، ئەگەر ئێمە بڵێین (التشریعیة) و بڵێین (والقضائیة)، بەڕاستی ئەو وڵاتەی کە ئیمانی بە دیموکراسیەتە، ئەو وڵاتانەی کە ئیمانیان بەوەیە ئەو شوێنەی تەشریع دەکات، ئەو شوێنەی قانون دادەنێت، کە خۆی پێشێلی قانون بکات و خۆی گەندەڵی بکات، سزاکەی زۆر لەوە گەورەترە، کە هەیئەتێك دابنرێت بۆ موحاسەبە کردنی ئەم جۆرە گەندەڵیەی کە دەبێت، لەبەر ئەوە ئەگەر موئەسەسەکانی لەناو حکومەتدا هەیە تەنفیزی، ئەوانە یەکێکن کە دەبێت کاری لەسەر بکرێت، بەلام بۆ ئەوان دەبێت یاسای تایبەتیش دەربێت، وەکو هاوڕام لەگەڵ کاك سالار، کە دەبێت تەنیا هەیئەیەك نەبێت، بەس بۆ موکافەحە کردنی، بەلام کە یاسای تریش بێتە دەرەوە، بەپێی ئەو بۆ قانونی نەزاهە لە وڵاتەکە، تاکو زیاتر بتوانین ئەو شتەی کە دەمانەوێت بهێنینە دی، ئەویش کەم کردنەوەی گەندەڵییە.

خاڵی چوارەم، دەڵێت (القضاء علی الروتین)، من نازانم رۆتین لە هەموو وڵاتێکدا رۆتین سەلبیەتی تێدایە، بۆیە تەئکید دەکات (الروتین السلبي)، ئێمە لە هەموو شوێنێك، ئێستا زۆری ئەوانەی کە بڵێین ناڕازین، یان شتێك لە وتارەکانمانە لەبەر رۆتینە، ئەگەر نەهێشتنی رۆتین بە گشتی بە ئیجابیەتیش، من تەسەور ناکەم ئیجابیاتێکی وا هەبێت لە رۆتینە، لەبەر ئەوە دەست نیشان کردنی (القضاء علی الروتین) بەتەنها باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سۆزان کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر گرنگی ئەم یاسایەو لەبەر ئەوەی دەبێت زۆرترین لایەنی ژیان بگرێتەوە لە هەرێمی کوردستان، ئەو لایەنانە بگرێتەوە کە پەیوەستن بە دیاردەی گەندەڵیەوە، من چەند پێشنیارێکم هەیە بۆ ئیزافە کردن و زیاد کردنی چەند خاڵێك.

یەکەم/ بڵێین لە (ثالثاً: مواجهة الفساد الاداري والمالي والوظيفي ومعالجته ودعم مبدأ الشفافية في مؤسسات الاقليم التشريعية، التنفيذية والقضائية) وەکو خۆی بەس وەزیفی بۆ زیاد بکرێت.

من پێشنیار دەکەم، لەبەر ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری گەندەڵییەکان، ئێمە دەزانین باسی لێوە دەکرێت و قسەی لەسەر دەکرێت، لەبواری تەندەرین و عقودو ئەو شتانە دایە، بۆ زانین لێرەدا بەهیچ جۆرێك باسی عقود نەهاتووە لە یاساکەدا لەمسەر هەتا ئەوسەر، کە من سەیرم کردووە، کە ئەوە بوارێکی زۆر گرنگە، بۆیە من پێم باشە ئێمە صلاحیەتی ئەوەش بدەینە دەستی ئەم هەیئەیە، بۆ (مراقبة ومتابعة) دەبێتە خاڵی (سادساً: مراقبة ومتابعة الاجراءات المتعلقة بالعقود المبرمة من قبل الحكومة وفي جميع المجالات)، ئەوسا ئەم گەندەڵیەی کە باس دەکرێت، ئەو فەسادیەی کە باس دەکرێت لە ڕێگەی صلاحیاتدانەوە بەم هەیئەتە، دەتوانێت موراقەبەی ئەم عقودە بکات، شێوازی ئیعلانەکەی، مەبدەئی پەیڕەو کردنی ئەو عقودە چۆن دەبێت.

(سابعاً)ی بۆ ئیزافە بکەین، کە دەبێت باس بکرێت ئێمە گەندەڵی بۆیە دەمانەوێت کەمی بکەینەوەو موحارەبەی بکەین، بۆ پێش خستنی وەبەرهێنانە لە هەرێمی کوردستاندا، بەلاّم دەبێت لە هەمان کاتیشدا ویقایەی قیتاعی تایبەت بکەین، کەرتی گشتی بکەین، کەرتی تایبەت بکەین، بۆ ئەوەی فەساد نەگاتە ئەوێ، لەبەر ئەوە دەبێت خاڵێکی تریشی بۆ ئیزافە بکەین، کە بڵێین (وقاية القطاع الخاص من الفساد ووضع معايير واجراءات الحفاظ على نزاهة كيانات القطاع الخاص)، ئەویش بەوەی کە هەموو کاتێك ئەم دەستەیە، یاخود هەرچی دەستەیەکی ڕەقابی بێت، ئەگەر کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت کارێکی لە حکومەت وەرگرتووە، دەتوانێت ئەم موتابەعەی بکات، بزانێ لەکوێ خەلەل هەیە، هەم حیمایەی قیتاعی تایبەتەکە دەکات، هەم حیمایەی کارەکانی حکومەت دەکات، لە دواییشدا دەگەڕێتەوە بە سوود بۆ هاووڵاتی لە بەهەدەردانی پارەیە.

هەشتەم/ کە ئێمە لە خاڵی یەکەمدا باس کراوە، بەلاّم بەو شێوەیە باس نەکراوە، یەعنی بە عمومیات هاتووە لە (مؤسسات الاقليم التشريعية، التنفيذية والقضائية)، بەتایبەتی من باسی قەزا بە خاڵێك بکەین، چونکە قەزا ڕۆڵی ئەساسی دەبینێت لە یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشانەی گەندەڵی، بۆیە ئەگەر زیادی بکەین بڵێین (وقاية السلطة القضائية عن طريق اتخاذ الاجراءات اللازمة ومتابعته لمنع الفساد واستغلال المنصب واعتماد مبدأ.........)

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تەواو، دەتوانی بینووسی و بۆیان بنێری، بۆ ئەو بەڕێزانە، کاتەکەت تەواو بوو، لیژنەی هاوبەش، لیژنەی نەزاهە ڕەئیتان بدەن لەسەر ئاخیر صیاغەتان، فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کۆمەڵێك تێبینیان خستەڕوو، بەلاّم ئەگەر بێتو لە راپۆرتەکەی ئێمە وەکو لیژنەی نەزاهە سەیر بکرێت، پێموایە بەشی هەرە زۆری ئەو تێبینیانە چارەسەر کراون.
سەبارەت بە چەند شتێك نەبێت کە بیلێین، لە بڕگەی دووەمدا وشەی چارەسەر کردنی، بەڵێ، ئێمەش پێمانوایە بکرێت بە بەرەنگاربوونەوەی، کە دەڵێت گەندەڵی دارایی و کارگێڕی، ئەویش لابدرێت بە هەمان شێوە گەندەڵی بێت، چونکە فراوانەکەیەتی هەمووی بگرێتەوە.
لەخاڵی سێیەمدا گرتنەبەری رێکاری پێویست بۆ خۆپاراستن لە گەندەڵی، چەند بەڕێزێك خستیانەڕوو، کە وشەی یاسایی زیاد بکرێت، ئێمە وەکو لیژنەی نەزاهە پێمانوایە پێویست ناکات وشەی یاسایی زیاد بکرێت، چونکە لەوانەیە هەندێك کار دەکرێت مەسەلەی یاساییش نییە بۆ رووبەڕوو بوونەوەی، بۆ نموونە هەندێك لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کار دەکەن، بۆ نموونە تۆ لە راگەیاندندا کار دەکەیت، مەسەلەی هۆشیار کردنەوەیە، ئەمەش بەشێکە لە وقایەو هەوڵدان بۆ خۆپارێزی بن، ئێمە پێمان وانییە ئێمە وەکو لیژنەی نەزاهە ئەمە زیاد بکرێت.
لە خاڵی چوارەمدا کە چەند بەڕێزێك باسیان کرد رۆتینی ئیجابی و سلبی چیە؟ وابزانم کاك شڤان و گەشە خان بوون باسیان کرد، ئێمە لێرە لەگەڵ ئەوە دابووین بەڵێ لامان داوە، ئەمە پێویست بەوە ناکات، تەنها وشەی رۆتینیمان ماوەتەوە، رۆتینیش دیارە خۆی چیە، نەوەك بەو جۆرە پێناسە بکرێت کە ئیجاب و سلبی بێت.
لەگەڵ ئەو رەئیەی کاك سالار دام لە شوێنێکدا، پێمانوایە شوێنێك بکرێتەوە، بەلاّم لەوانەیە هی ئەو ماددەیە نەبێت، چونکە عێراق ئەندامە لەو ئیتیفاقیەی کەوا کراوە، ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێمەش پێمانوایە لە یاساکە ئیشارەتی پێ نەدراوە، هەرچەندە خۆی لە خۆیدا ئەمە دەگرێتەوە، کە هەرێم بەشێکە لە عێراق، عێراقیش ئەندامە لەوێ، کەواتە ئێمەش ئەندامین، کەواتە ئێمەش پەیوەستین پێوە، بەلاّم دەکرێت لە شوێنێك بە دەستەواژەیەك ئیشارەت پێ بدرێت.
سەبارەت بە سۆزان خان شتێکی باس کرد، زۆر راست دەکات، مەسەلەی گرێبەستەکان، کە ئیشارتی پێ بدرێت، بەلاّم ئیشارەتی پێدراوە، سۆزان خان ئەگەر بیخوێنیتەوە لە ماددەی چوارەم، بڕگەی چوارەم بیخوێنیتەوە دەقاودەق ئەوەی بەڕێزتان دەڵێن ئەوەی تیادا هاتووە، بۆیە ئێمە پێمانوایە صیاغەکە نازانم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دوا صیاغەکە بخوێنینەوە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە، فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

ئەم یاسایە ئەم ئامانجانەی هەیە:

یەکەم: چەسپاندنی میکانیزمێکی کاریگەر بۆ بەدەستهێنانی پرەنسیپی سەروەری یاسا.

دووەم: بەرەنگاربوونـەوەی گەنـدەڵیی و پاڵپشـتی کردنـی پرەنسـیپی شـەفافیەت لەسـەرجەم دەزگاکـانی هەرێمدا، لە رێگای رێکارە یاساییەکانەوە.

سێیەم: گرتنەبەری رێکاری پێویست بۆ خۆپاراستن لە گەندەڵی.

چوارەم: پشت بەستن بە پێوانـەی بابـەتی بـۆ هەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی کارگوزاری گشتی و نەهێشتنی رۆتین.

پێنجـەم: چەسـپاندن و بـەهێزکردنی رەوشـتی فەرمانبەرایـەتی و هـەڵگرتنی بەرپرسـیاریەتی لـەکاتی ئەنجامدانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بەپێی یاساو ئەو رێکارانەی گەندەڵی قەدەغە دەکەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لەو داڕشتنەوەیە دەکەین، کە هەموو لیژنە هاوبەشەکان بەشداریم تێدا کرد لـە داڕشـتنەوە، تـەنها لـە بڕگـەی سـێیەم نـەبێت، کـەوا پێشـنیاری ئـەوە دەکـەین وشـەی یاساییشـی بـۆ زیـاد بکرێـت، واتـا وەرگرتنی رێکاری یاسایی پێویست بۆ خۆپاراستن لـە گەنـدەڵی، رێکـارە پێویسـتیەکان لـە چوارچێوەی یاسـا بێت، کە دەتوانێت، بۆ ئەوەی خۆمان بپارێزین لەو دیاردەیـە، ئەگـەر رەزامەنـدی بفـەرموون صـیاغەکە بـە عەرەبی بخوێنمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

يهدف هذا القانون الى:

اولاً: تثبيت آلية فعالة لتكريس مبدأ سيادة القانون.

ثانياً: مكافحة ظاهرة الفساد ودعم مبـدأ الشـفافية وتعزيـزه في مؤسسـات الاقلـيم كافـة مـن خـلال اجـراءات قانونية.

ثالثاً: اتخاذ الاجراءات القانونية اللازمة للوقاية من الفساد.

رابعاً: اعتماد معايير موضوعية لتقويم الاداء وتطويره في الخدمة العامة والقضاء على الروتين.

خامساً: تثبيـت وتقـويم السـلوك الـوظيفي وتحمـل المسـؤولية اثنـاء تأديـة الخدمـة العامـة وفقـاً للقـوانين والاجراءات التي تحرم الفساد.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیش كەرەم بكە.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

ئەم یاسایە ئەم ئامانجانەی هەیە:

یەكەم: چەسپاندنی میكانیزمێكی كاریگەر بۆ بەدەستهێنانی پرەنسیپی سەروەری یاسا.

دووەم: بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی و پاڵپشتی كردنی پرەنسیپی شەفافیەت لەسەرجەم دەزگاكانی هەرێم لە ڕێگای ڕێكارە یاساییەكانەوە.

سێیەم: گرتنەبەری ڕێكاری یاسایی پێویست بۆ خۆپاراستن لە گەندەڵی.

چوارەم: پشت بەستن بە پێوانەی بابەتی بۆ هەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی كارگوزاری گشتی و نەهێشتنی ڕۆتین.

پێنجەم: چەسپاندن و بەهێزكردنی ڕەوشتی فەرمانبەرایەتی و هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی لەكاتی ئەنجامدانی خزمەتگوزارییە گشتییەكان بەپێی یاساو ئەو ڕێكارانەی گەندەڵی قەدەغە دەكەن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئیختیلافێكتان هەیە، كەرەم بكە فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی نەزاهە سوورین لەسەر ئەوەی كەوا وشەی بەرەنگاربوونەوە، ئەوەی كە دەڵێت (اتخاذ الاجراءات اللازمة للوقاية من الفساد)، لەگەڵ لیژنەی هاوبەشدا وابزانم یەك ناگرینەوە، لەوەی كەوا وشەی قانونی بۆ زیاد بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ئیجرائاتانەی كە دەكرێت، ئەگەر یاسایی نەبێت ئیجرائاتی لازم چیە، كامەی ئیجرائاتی لازمە ئەگەر یاسایی نەبێت و ئیجرائاتی قانونی لەبەرامبەردا نەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیارێك هەبوو، ئەگەر ئەو مولاحەزەیەمان لەسەریدا بوو، ئەگەر بۆیان روون بکەنەوە، پێشنیارێك هەبوو لەویٚ بۆتان هاتبوو بە نووسراو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند برادەرێك باسیان لەوە کرد، کە پێویستە لەم یاسایە باس لە رێکخراو و وەسائیلی ئیعلام و ئەوانە بکرێت، بەلاّم ئەم یاسایە بۆ ئاگاداری هەموو بەڕێزان، بۆ هەمووشمان، ئەم یاسایە، یاسایەکی تایبەتیە، تایبەتە بە دەزگایەکی تایبەتی، تەشکیلەیەکی تایبەتی هەیە، ئەهدافێکی تایبەتی هەیە، عقوباتێك و ئیجرائاتێکی تایبەتی هەیە، بۆ بەرەنگار بوونەوە، ئێمە لە یاسای رێکخراوە مەدەنیەکاندا، کە چەند رۆژێك لەوەو پێش موصادەقەمان لەسەر کردووە، لەوێش تەحدیدی مەهام و ئەرکەکانی ئەوانمان کردووە، لەبەر ئەوە لەم یاسایە پێویست ناکات بگوترێت، چونکە ئەم یاسایە خاصە، خاصە بەو ئیجرائاتانەی کە باسی لەسەر کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خەلیل نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەم یاسایە ئێمە رووبەڕووی دیاردەی گەندەڵیەکی زۆر دەبینەوە، بەشێکی زۆر لە نارەزاییەکانی خەڵك ئەمڕۆکە لەسەر گەندەڵیە، سەبارەت بەم نوقتەیەی کاك عومەر باسی دەکات، ئێمە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و موئەسەساتی تەعلیمی، یەعنی ئێمە دەتوانین ئیستیفادەی لیٚ بکەین، لەو رووەوە کە ئێمە سەر لەنویٚ دژی ئەم دیاردەیە ئیش بکەین بەڕاستی.

دوو/ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانێت ئیستیفادەیان لیٚ بکات لە وەرگرتنی داتاو مەعلوماتی گەندەڵی لەسەر کەرتێك لە کەرتەکان، من پێموایە هاوکار دەبین.

خاڵی دووەمیش/ کە زۆر لە برادەران تەئکیدیان لەسەر کردەوە، ئەوەیە کە پێوەرێکی نێودەڵەتی هەبێت، یەعنی تۆ بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان ساڵانە راپۆرتی گەندەڵی هەیە لەسەر ئەم ولاّتانە، لەسەر هەموو ولاّتانی جیهان، بۆ ئەوەی بتوانیت بەشێوەیەکی علمی و زانستی رووبەڕووی ئەو دیاردەیە ببیتەوە، مەفروزە تۆ خاڵێك دابنێیت لە مەهامەکانی ئەو دەستەیە بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ رێکخراو و دەستە نێودەوڵەتیەکان لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، من نازانم ................

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی جەنابت دەڵێی لە ماددەی شەش دەتوانیت ئیزافەی بکەیت لە فەقەرە سیٚ، جێگای ئێرە نییە، نوقتەی نیزامی، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە لیژنەی هاوبەش خوێندیەوەو ئەوەی لەگەڵ لیژنـەی نەزاهـە خوێندیانـەوە لـە مـاددەی سـێیەم، بڕگـەی دووەم (القضـاء علـى الفسـاد)، ئـەوان بـە بەرەنگاربوونـەوە خوێندیانـەوە، یـەعنی (قضـاء) شـتێکەو بەرەنگاربوونەوە شتێکی ترە، دەبێت تەسبیب ببێت......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە خەریکینە، ئاخر صیاغەتان بخوێننـەوە، کـاك خـەلیل ئـەوەی جـەنابت لـە ماددەیـەکی تـر موناقەشـە دەکرێت و جێگای بۆ دەکەینەوە، فەرموون لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم:

ئەم یاسایە ئەم ئامانجانەی هەیە:

یەکەم: چەسپاندنی میکانیزمێکی کاریگەر بۆ بەدەستهێنانی پرەنسیپی سەروەری یاسا.

دووەم: بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی و پاڵپشتی کردنی پرەنسیپی شەفافیەت لەسەرجەم دەزگاکـانی هـەرێم لە ڕێگای ڕێکارە یاساییەکانەوە.

سێیەم: گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی پێویست بۆ خۆپاراستن لە گەندەڵی.

چوارەم: پشت بەسـتن بەپێوانـەی بابـەتی بـۆ هەڵسـەنگاندن و پەرەپێـدانی کـارگوزاری گشـتی و نەهێشـتنی ڕۆتین.

پێنجـەم: چەسـپاندن و بـەهێزکردنی ڕەوشـتی فەرمانبەرایـەتی و هـەڵگرتنی بەرپرسـیاریەتی لـەکاتی ئەنجامدانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بەپێی یاساو ئەو ڕێکارانەی گەندەڵی قەدەغە دەکەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیش کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

يهدف هذا القانون الى:

اولاً: تثبيت آلية فعالة لتكريس مبدأ سيادة القانون.

ثانياً: مكافحة ظاهرة الفساد ودعـم مبـدأ الشـفافية وتعزيـزه في مؤسسـات الاقلـيم كافـة مـن خـلال اجـراءات قانونية.

ثالثاً: اتخاذ الاجراءات القانونية اللازمة للوقاية من الفساد.

رابعاً: اعتماد معايير موضوعية لتقويم الاداء وتطويره في الخدمة العامة والقضاء على الروتين.

خامساً: تثبيت وتقويم السلوك الوظيفي وتحمل المسؤولية اثناء تأدية الخدمة العامة وفقاً للقوانين والاجراءات التي تحرم الفساد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (62) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (3) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی چوارەم، کەرەم بکەن.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر ئەوانەی خوارەوەدا جێ بەجێ دەکرێت:

یەکەم: هەموو کارمەندانی دەسەڵاتی راپەڕاندن و هەموو دەزگاکانی، ئەوەش ئەمانە دەگرێتەوە: (سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی، وەزیرەکان و بریکاری وەزارەتەکان، پارێزگارەکان و جێگرەکانیان، سەرۆکی زانکۆکان و دەستەکانی فێرکردنی تەکنیکی و راگری کۆلیژو پەیمانگاکان، راوێژکاران و خاوەنی پلە تایبەتیەکان، بەڕێوبەرەگشتیەکان، ئەندامانی دەستەی داواکاری گشتی و کارمەندانیان، هەموو فەرمانبەران بەجیاوازی پلەو ناونیشانیانەوە).

دووەم: ئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانان، کە ئەمانە دەگرێتەوە: (سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و جێگرەکەی و سکرتێرو ئەندامانی پەرلەمان) و هەموو کارمەندانی پەرلەمان.

سێیەم: هەموو کارمەندانی دەسەڵاتی دادوەری (ئەنجومەنی دادوەری، دادگای پێداچوونەوە، دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەری بە جیاوازی پلەو جۆرەکانیانەوە).

چوارەم: لایەنەکانی کەرتی تایبەت لە کەسان و کۆمپانیاکان، کە گرێبەستیان لەگەڵ وەزارەت و هەموو دەزگاو فەرمانگەکانی هەرێمدا هەیە.

پێنجەم: قەوارە سیاسیەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و یەکێتی و کۆمەڵەو یانەکان، ئەوەی پەیوەستە بەم کاروبارانەی خوارەوە:

أ-بە یاسایی بوونی سەرچاوەکانی پارە پێدان و بەخشین.

ب- رووەکانی خەرج کردن بەپێی رێساکانی پەیڕەو کراو لە دیوانی چاودێری داراییدا.

ت- لەبەرچاو گرتنی پەیڕەوەکانی ناوخۆ تایبەت بە خۆیان و سەرپێچی نەکردن لێیان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیش کەرەم بکەن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

تسري احكام هذا القانون على:

اولاً: جميع العاملين في السلطة التنفيذية ومؤسساتها كافة ويشمل ذلك (رئيس الاقليم ونائبه، رئيس مجلس الوزراء ونائبه، الوزراء ووكلاء الوزارات، المحافظين ونوابهم و رؤساء الجامعات وهيئات التعليم التقني وعمداء الكليات والمعاهد، المستشارين، اصحاب الدرجات الخاصة، المدراء العامين، واعضاء هيئة الادعاء العام ومنتسبيها، الموظفين كافة بمختلف درجاتهم وعناوينهم).

ثانياً: اعضاء السلطة التشريعية وتشمل (رئيس برلمان كوردستان ونائبه والسكرتير واعضاء البرلمان) وجميع العاملين في البرلمان.

ثالثاً: جميع العاملين في السلطة القضائية (مجلس القضاء، محكمة التمييز، هيئة الاشراف القضائي، المحاكم بمختلف درجاتها وانواعها).

رابعاً: اطراف القطاع الخاص المتعاقدة اشخاصاً وشركات مع الوزارات ومؤسسات ودوائر الاقليم كافة.

خامساً: الكيانات السياسية ومنظمات المجتمع المدني والاتحادات والجمعيات والنوادي فيما يتعلق بالامور التالية:

أ-قانونية مصادر التمويل والتبرع.

ب- اوجه الانفاق وفقاً للقواعد المتبعة في ديوان الرقابة المالية.

ت- مراعاة الانظمة الداخلية الخاصة بها وعدم مخالفتها.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم: پێشنیاز دەكەین ماددەكە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

حوكمەكانی ئەم یاسایە بەسەر ئەوانەی خوارەوەدا جێ بەجێ دەكرێن:

یەكەم: ئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانان كە ئەمانە دەگرێتەوە (سەرۆكی پەرلەمان و جێگرەكەی و سكرتێرو ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان).

دووەم: هەموو كارمەندانی دەسەڵاتی راپەراندن و دەزگاكانی، ئەوەش ئەمانە دەگرێتەوە (سەرۆكی هەرێم و جێگرەكەی، سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەكەی، وەزیرەكان و خاوەنی پلە تایبەتەكان).

سێ یەم: لیژنە هیچ تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

بڕگەی (چوارەم) لەم ماددەیەدا زیاد بكرێ و ریزبەندییەكەی بەم شێوەیە بێ.

چوارەم: سەرجەم فەرمانبەران بە جیاوازی پلەو پۆستەکانیانەوە، لە سەرجەم فەرمانگەو دامەزراوەکانی هەرێمدا.

پێنجەم: کە بڕگەی (چوارەمە) لە ئەسڵی پرۆژەکەدا، هیچ تێبینیەکمان لە بارەیەوە نییە.

شەشەم: کە بڕگەی (پێنجەم)ە لە پرۆژەکەدا،

ڕێکخستنە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و ئەو ڕێکخراوە ناحکومی و نێودەوڵەتییانەی لە ناو هەرێمدا کار دەکەن، هەروەها یەکێتی و کۆمەڵەو یانەکان، ئەوەی پەیوەستە بەم کاروبارانەی خوارەوە:

أ – لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

ب – شێوەکانی خەرجکردن بەپێی ئەو ڕێوشوێنانەی لەم بارەیەوە پەیرەو دەکرێن

ت - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە، گرنگی ئەو ماددەیە ناوەڕۆکەکەی لەوەیە، کە کێنە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، کە ئەم دەستەیە دەتوانێت چاودێری ئیش و کارەکانیان بکات، خازعی ڕەقابە دەبن، بۆیە ئەگەر پۆلین بکرێت و جیا بکرێنەوە بەپێی پلەو پۆستەکان، ئەوە شتێکی باشە، ئێمە پێشنیار دەکەین کەوا بڕگەکان بەو شێوەیە بێت، پەرلەمان تەشریعی لەسەرەتاوە باس بکرێت، واتا پێش بخرێت، پێش دەسەلاتی جێ بەجێ کردن، بەپێی دەسەلاتەکان و یەکەم/ سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی، دووەم/ دەسەلاتی یاسا دانان، پەرلەمان، ئینجا جێگرەکەی و سکرتێرو هەموو ئەندامانی پەرلەمان.

دواتر بێینە سەر دەسەلاتی جێ بەجێ کردن، کە ئەویش هەموو پلە تایبەتەکان دەگرێتەوە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان، بەو شێوەیە پۆلینی بکەین.

سەبارەت بە بڕگەکانی تر، ئەوە یەکەم و دووەم و سێیەم، سەبارەت بە دەسەلاتی دوادوەریش دواتر بێت، سێ دەسەلاتەکان جیا بکرێتەوە، ئەوە مەبەستمانە لە پۆلین کردنەکە، بڕگەی چوارەم و پێنجەم، ئێمەش پشتگیری لەو داڕشتنەوەی لیژنەی نەزاهە دەکەین، کە بەم شێوەیە دایانڕیشتووە، پشتگیری لە داڕشتنەوەکەیان دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ دەیەوێت قسە بکات؟ ناویان دەنووسین، ئەم ئەندامە بەڕێزانە داوایان کردووە قسە بکەن، ڕێزداران (محمد شارەزووری، صباح بیت الله، عبدالله مام علی، شڤان احمد، شۆڕش مجید، بەفرین حسین، خورشید احمد، جلال علی، ئاسۆ کەریم، دکتۆر بەشیر، دڵشاد شەهاب، هاژە سلیمان، دکتۆر احمد)، ئەو سێ بەڕێزە (تارا ئەسعەدی، جمال تاهر، زکیە سید سالح)، بەڕێز محمد شارەزووری کەرەم بکە.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من پێشنیارەم ئەوەیە، ئەو تەفاسیلە کە جیا کراوەتەوەو لیژنەی هاوبەش و نەزاهە پێیدا، من سەرنجم لەسەر ئەوە هەیە، پێویست ناکات ناویان بێنیت، تۆ دەڵێیت (کافة العاملین في.........)، یەعنی هەموو فەرمانبەران لە دەسەڵاتی راپەڕاندن، ئیتر هەمووی دەگرێتەوە، چونکە لە ماددەی سێ ئیشارەتی پێداوە، بەڵام ئەگەر هاتە سەر ئەوەی کە ناویان بێنی، من سەرنجێکم لەسەر خاڵی یەکەم هەیە، کە باسی پارێزگارو جێگرەکانیان دەکات، ئەنجومەنی پارێزگاشی بۆ زیاد بکرێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار صباح بیت الله کەرەم بکە.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی چوار، فەقەرەی پێنج بێژیتن (الکیانات السیاسیة ومنظمات المجتمع المدني والاتحادات والجمعیات والنوادي فیما یتعلق بالامور التالیة) بە رەئیا من (المتعلق بالامور التالیة) بێتە:

أ-قانونیة مصادر التمویل والتبرع واوجه الانفاق)، خالاً (ب) زێدەیە، چونکە دیوانە رەقابا مالی ئەرکی ویە دەبێت چەند جار را بێتن، یا سێ (مراعاة الانظمة الداخلیة الخاصة بها وعدم مخالفتها)، بە رەئیا من ئیل ڤی قانونا ئێن جی ئۆ هاتیە دیار کرن، کە چاڤدێری دکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عبدالله مام عەلی کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالله علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەمان تێبینی کاك محمد شارەزووریم هەیە لە داڕشتنی سێ فەقەرەی یەکەم، هەر لە دوو پرۆژەکەدا بە دوو شێوەی جیاواز هاتووە، جارێك دەسەڵاتی یاسادانان پێش سەرۆکایەتی هەرێم خراوە، جارێك سەرۆکایەتی هەرێم، بۆ ئەوەی لەوە رزگار بین بە یەك جوملە بڵێین حوکمەکانی ئەم یاسایە لە سەرۆکی هەرێم تا هەموو ئەندام و کارمەندانی دەسەڵاتەکانی هەرێم دەگرێتەوە، بەپێی جیاوازی پلەو ناونیشانیانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شڤان احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له ماددەی چوارەم حەقیقەتەن زۆر بە دوورو درێـژی هـاتووە، قـانونیش ئـەو تەفاسـیل و ئەوانـەی ناوێـت، قانون خۆی پوخت و ئەوانەیە، دەبێت دیار بێتن، ئەو سێ دەسەڵاتەی کە بە تەفسیل باس کـراوە، مـن پـێم باشە هەرسێ بڕگەی یەکەم بە یەك بڕگە ئێمە باسی بکەین، (تسري احكام هذا القانون على:
اولاً: العاملين في السلطات التشريعية والتنفيذية والقضائية)، ئەوە هەمووی دەگرێتەوە، پێویست ناکـات ئـەو تەفاسیلە بێت، ئەوە هەمووی شاملە، ئەو دەسەڵاتانە هەمووی دەگرێتەوە، ئەوانەی کە لەوێ ئیش دەکەن.
دووەم/ وەکو خۆی بێت (شركات القطاع الخاص المتعاقدة مع الوزارات ومؤسسات ودوائر الاقليم كافة).
سێیەم/ لەبڕگـەی سـێیەم (الكيانـات السياسـية ومنظمـات المجتمـع المـدني والجمعيـات والنـوادي فيمـا يتعلـق بالامور التالية) وەکو خۆی بێتە خوارێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شۆڕش کەرەم بکە.

**بەڕێز شۆڕش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوار لە بڕگەی یەك، ئەگەر بەو تەفاسـیلە دوورو درێـژەی وەکـو خـۆی، کـە خوشـك و برایان هەندێکیان بە درێژیان زانیوە مایەوە، مـن پێشـنیاز دەکـەم هـەروەکو کـاك محمـد شـارەزووری باسـی کرد، ئەنجومەنی پارێزگای بۆ زیاد بکرێت، هەروەها لە دوا بڕگە، ئەوەی خاڵی یەکەمی، کـە دەڵێـت هـەموو فەرمانبەران بەجیاوازی پلەو ناونیشانیانەوە، ئەوە بەو صیاغەوە تەنها ئەو فەرمانبەرانە دەگرێتەوە، کەلە دەستەی سەرۆکایەتیەکاندا هەن، بەلام ئەوەی مووچە خۆرو فەرمانبەرانی دەرەوەی ئەو سێ سەرۆکایەتیە، بۆیە من پێشنیاز دەکەم، کە ئەو صیاغەشی بۆ زیاد بکرێت (لە سەرجەم فەرمانگەکانی هەرێمدا).
لە خاڵی پێنجەمدا، لە بڕگەی پێنجەمدا کە باس لە قەوارە سیاسیەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و یەکێتی و کۆمەڵەو یانـەکان دەکـات، ئەحکامـەکانی ئـەو یاسـایە دەیانگرێتـەوە، ئێمـە لـە مـاوەی رابـردوو یاسای رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیمان دەرکرد، دوای تەئکید کردنەوەم لـە خوشـك و برایـانی لیژنـەی یاسایی، ئەوە بوو کە ئێمـە رێکخراوەکـانی عێراقـی و نێودەوڵەتیەکانیشمان پابەنـدی رێسـاو رێنماییـەکانی چاودێری دارایی کـردووە لـە هـەرێمی کوردسـتان، بۆیـە پـێم باشـە بـۆ ئـەوەی بکەونـە ژێـر ئـەحکامی ئـەو یاسایانە، کاری ئەو دەستەیەش رێکخراوە عێراقی و بیانیەکانیشی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار بەفرین کەرەم بکە.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی من لەسەر وشـەی هـەمووە، کـە ئێمـە بـاس لـە هـەموو کارمەنـدانی دەسـەڵاتەکان دەکـەین، لەوانەیـە کارگوزاریش و پاککەرەوەو باخەوانـەکانیش بگرێتـەوە، مـن پـێم باشـە هـەموو لابـبرێن لـە بڕگەکانـدا، ئـەو

بەڕێزانەی پێشتری باسیان کرد، مادام پارێزگارەکان و جێگرەکانی تێدایە، با ئەنجومەنی پارێزگاکانیشی تێدا بێت.

بڕگەی پێنجەم، کە باس لە قەوارە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنی دەکات، من پێم باشە حزب، ئینجا قەوارە سیاسیەکان و ڕێکخراوەکان هەر بە کراوەیی بهێڵدرێتەوە، ناوی ڕێکخراوەکان نەنرێت ڕێکخراوی مەدەنیە، سیاسیە، چیە؟

بڕگە (ب)ـەکەی، باس لە شێوازەکانی خەرج کردن دەکات، پێم باشە بەم شێوەیەی لێ بکرێت: (شێوازی خەرج کردن بەپێی سیستەمی ژمێریاری بێت، پەیڕەو کرا بێت لە هەرێمدا).

بڕگەی (ت) باس لە لەبەرچاو گرتنی پەیڕەوی ناوخۆی ئەو حزب و قەوارە سیاسی و ئەوانە دەکات، من پێم باشە پەیڕەوەکانی ناوخۆ بکرێت بە پەیڕەوی ناوخۆی تایبەت بە خۆیان، چونکە ڕاناوی خۆیان کۆکەرەوەی پەیڕەوەکانە، پەیڕەوەکانی ناوخۆ بکرێت بە پەیڕەوی ناوخۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار خورشید احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسا بۆ هەموویانە، ناکرێت ئێمە زۆر بێینە ناو تەفاسیل، فلان دەگرێتەوە، فلان ناگرێتەوە، ئەم تەفسیلە بۆ یاسا خزمەت ناکات، ئێمە دەتوانین صیغەیە بدۆزینەوە، چونکە هەمووی هاووڵاتینە بەپێی هەر پلەیەك و هەر مەسئولیەتێك، هەر وەزیفەیەك، خازیعە بۆ یاسا، لەبەر ئەوە تەحدید ئەم شەخصانە وەکو بڵێی ئێمە گومان دەخەینە سەر جددیەتی جێ بەجێ کردنی یاسا، لەبەر ئەوە من وا بەباشی دەزانم صیغەکە بەم شێوەیە بێت: (تسري احكام هذا القانون على كافة مواطني الاقليم بغض النظر عن المسؤولية التي يحملها في السلطات التشريعية والتنفيذية والقضائية، وكذلك الكيانات السياسية والمنظمات والاتحادات والقطاع الخاص المتعاقد مع الوزارات والجهات الحكومية كافة فيما يتعلق بالامور التالية)، ئەمە هەموو کەسێك لەو وڵاتە دەگرێتەوە، بەبێ ئەوەی بێینە سەر ناوی فلان هات و ناوی فلان نەهات، بە ڕەئی من ئەم تەفسیلە لە یاسا خزمەت ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جلال کەرەم بکە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی کاك خورشید دەکەم، چونکە بەڕاستی کە گوتت هەموو دەسەڵاتەکانی جێ بەجێ کردن و یاسادانان و دادوەری دەتوانێت هەمووی بگرێتەوەو یاساکە کورتتر دەبێتەوە، تەئیدی برای بەڕێزم

کاك شۆڕش دەکەم، کە باس لە کۆمپانیاکان دەکات لە خاڵی چوارەمدا، لایەنەکانی کەرتی تایبەت لـە کەسـان و کۆمپانیاکانی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار ئاسۆ کەریم کەرەم بکە.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەو ماددەیە هەر پێنج فەقەرەی بـاس لـەوە دەکـات کـە ئەحکامـەکانی ئـەم قانونـە بەسـەر ئەشـخاص تەتبیق دەبێت، بەڵام بەبڕوای من چونکە تەعریفی فەساد نـەکراوە، وەکـو جەریمـە، کـە لـە زۆر قـەوانینی وڵاتانی تر باس لە بەرەنگاربوونـەوەی فەسـاد دەکرێـت، لـەوێ جەرائیمـەکان بـە جـوانی تەشـخیص کـراون، چونکە لێرەدا بەڕاستی نازانرێت چ بە جەریمەی فەساد دادەنرێت، چ بە جەریمـەی فەسـاد دانانرێـت، بۆیـە لێرە تەنیا لە رووی ئەشخاصەوە دیاری کراوە، یەعنی ئەحکامەکانی ئەو قانونە تەنیا ئێستا حالیەن بەسەر ئەشخاص تەتبیق دەبن، بەڵام لە رووی مەوزوعیەوە تاوانەکان و ئەوانەی بە تاوانی گەنـدەڵی دەژمێـردرێن دیاری نەکراوە، ئەمەیان بە بڕوای من نەقصێکە لێرەدا.

بەنیسیبەت پێنجەم، هەر لێرە بڕگەی پێنجەم پێم باشە (الاحـزاب والكیانـات السیاسـیة)، چـونکە بەڕاسـتی کیاناتی سیاسی شتێکە، ئەحزابیش شتێکی ترە، پێویستە ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆر بەشیر کەرەم بکە.

**بەڕێزد.بشیر تۆفیق حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە، من پشتگیری لە راپۆرتەکەی لیژنەی نەزاهە دەکەم، کە خاڵی دووەم پـێش بخرێـت بـۆ خـاڵی یەکـەم، لەبـەر ئـەوەی سـوڵتەی تەشـریعی لـە پـێش سـوڵتەی تەنفیزییـە، ئەمـە هەرچـەندە لـە نەزەریاتەکان، بەڵام لە واقیعدا شتێکی دوورە، ئێستا ئەمە دەکرێت، هەروەها لە خـاڵێکی تریشـدا پشـتگیری لە رەئیەکەی بەڕێزان کاك عبداللە مام علی و کاك شڤان و کاك خورشید دەکەم، کە ئەو هەموو تەفاسـیلەی ناوێت، بەڕاستی یەك لە سیفاتی قانونی بـاش ئەوەیـە کـە ( مـا قـل ودل)، یـەعنی شـتێکی کـورت مانایـەکی تەواو و پوخت بدات، تۆ لێرە دەڵێیت (جمیع العاملین في السلطة التنفیذیة)، دێیە خـوارەوە دایانـژمێری تـا (وجمیـع المـوظفین كافـة)، باشـە لـە سـەرۆکی هەرێمـەوە تـا بچـووکترین فەرمانبـەر، مـادام وایـە تـۆ بۆچـی دەیانژمێری، فلان و فلان و فلان، نەخێر، من دەڵێم (اولاً: اعضاء السلطة التشریعیة والعاملین فیها.

ثانیاً: اعضاء السلطة التنفیذیة والعاملین فیها.

ثالثاً: اعضاء السلطة القضائیة والعاملین فیها).

تەواو، ئیتر (العاملین فیها) هەمووی دەگرێتەوە، لە سەرۆکەکەی تا ئەخیریەکەی.

بەنیسبەت خاڵی چوارەمەوە (رابعاً: اطراف القطاع الخاص)، ئەتراف بگۆڕێت بە (مؤسسات القطاع الخاص) جوانترە لە ئەتراف.

خاڵی پێنجەم (خامساً) منیش پشتگیری لە رەئیەکەی لیژنەی نەزاهە دەکەم، کە پێویستە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت (والمنظمات غیر الحکومیة والدولیة العاملة داخل الاقلیم)، لەبەر ئەوەی هەندێ لە مونەزەماتی دەولی هەیە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن، بەڕاستی لە مەهامی خۆیان دەردەچن، زاهیریش شتێکە، بەلاّم باتنی کارەکەی کە دەیکات شتێکی ترە، پێویستە ئەمە بگرێتەوە.

لە خاڵێکی تردا، پشتگیری لە رەئیەکەی کاك ئاسۆ دەکەم، منیش مولاحەزە دەکەم تەعریفی فەساد نەکراوە، لە قانون تەماشا دەکەیت، ئێمە لە قانونی عقوباتی عێراقی (الجرائم المخلة بالشرف) هەیە، (الجرائم المخلة بالشرف) ئیکتیفای نەکردووە، کەوا قانون ئیجتیهادی قازی ئەمە بکرێت، داینـاوە فلان و فلان و فلان، چەند جەریمەیەکی ژماردووە، ئەمانە بە جرائیم موخلە بە شەرەف حساب دەکرێن، ئێمە دەڵێین ئەگەر پێویست بوو، چەند جەریمەیەك، یان چەند کارێك بژمێردرێت، کە ئەوانە بە فەساد حساب دەکرێن، جا چ فەسادی ئیداری بێت، چ فەسادی مالی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دڵشاد شەهاب کەرەم بکە.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر شتەکان گوتران، منیش لەگەڵ ئەو رەئیەدانیم، کە ئەو دامودەزگایانە هەمووی بەو دوورو درێژیە ناوبنرێن، ئەگەر ناو نران زۆر فجواتی تێدا دروست دەبێت، نموونە لەسەر ئەوە دەڵێت سەرۆکی زانکۆکان و دەستەکانی فێر کردنی تەکنیکی و راگری کۆلیژو پەیمانگاکان، یاریدەدەرەکانیان تێدا نییە، بۆ زانیاری بە هەمان دەرەجاتی ئەوانن و رەنگە کارو دەسەلاّتی زۆرتریش لە راگرەکان لەبەردەست بێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم، فیعلەن هەرسێ دەسەلاّتی دادوەری و یاسادانان و جێ بەجێ کردن ناویان بێت، بەلاّم ئیزافەیەکی بۆ بکرێت، ئەو دەستەو دەزگایانەی کەوا سەر بەو دەسەلاّتانەن، بۆ نموونە پەرلەمان دەزگای یاسادانانە، دەسەلاّتی یاسادانانە، ئەمە هەیئەتێکە سەر بە پەرلەمانە، بەشێك نییە لە یاسادانان، ئەوانەی کەوا لەو هەیئەتەشن فەرمانبەری پەرلەمانیش نین، ئەمە بەیانی هەیئەتێکی مولحەق بە پەرلەمانەوە دەکرێت، ئەمانەش ئیزافە بکرێن، یاخود بەیانی هەیئەتێك ئیستیحداس دەکرێت ئیلحاق بە دەسەلاّتی دادوەری دەکرێت و کاریشی قەزائی نییە، بەلاّم لەبەر هۆکارێك وەکو ئەوەی کە لە هەیئەی مافی مرۆڤ کە سەر بە پەرلەمان دەبێت، یاخود هی چاودێری دارایی، ئەوانی تر زۆربەیان گوتران، ئەگەر وەکو ناوهێنان

له خاڵی پێنجەمیشدا، تەبیعی من لەگەڵ ئەو ڕەئیەدام، کەوا قەواره سیاسیەکان حزبەکانی لەگەڵ بێت، حزب و کیاناتی سیاسی، یەعنی قەواره سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنی و یەکێتی و کۆمەڵەو سەندیکاش، ئەگەر ئەو تەسمیاتانه هاتن، سەندیکاش بەشێکه، یاخود جیاوازه، ناوهێنانێکی جیایه لەگەڵ یەکێتی و کۆمەڵەکان، سەندیکاکانیش ئیزافه بکرێت، واتا یەکێتی و کۆمەڵەو سەندیکاکان و یانەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار هاژە کەرەم بکە.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی چوارەم، یەکەم، بەڕاستی منیش لەگەڵ ئەو هەموو تەفاسیلانه نیم، بەلاَم لێره له پارێزگارەکان و جێگرەکانیان دەست نیشان کراوه سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان وەکو قائیمقام، مودیر ناحیەی تێدا نییه، پێم باشه ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، هەروەها سەرۆکی ئەو دەستانەی کە بە وەزارەت نەبەستراون، ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت.

لەچوارەمدا دەڵێت: لایەنەکانی کەرتی تایبەت له کەسان و کۆمپانیاکان کە گرێبەستیان لەگەڵ وەزارەت و هەموو دەزگاو فەرمانگەکانی هەرێمدا هەیه، یەعنی هەیه تەئکید دەکاتەوە، کە ئێستا هەیە، بەلاَم وشەی هەیه بگۆڕێت بە هەبێت، یەعنی لەمەودواش ئەگەر هەبێت، حوکمی ئەو یاسایه شمولیان بکات.

پێنجەم/ قەواره سیاسیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنی و یەکێتی و کۆمەڵەو، من پێم باشه سەندیکاکانیشی بۆ زیاد بکرێت، لەگەڵ بڕگەی پێنجەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی خاڵی یەکەم و دووەم لەگەڵ ڕەئی لیژنەی هاوبەش دامە، کە خاڵی یەکەم بۆ دووەم بێت، دووەمیش بۆ یەکەم بێت، ئەو داڕشتنەی کە لیژنەی نەزاهە کردوویەتی، ڕەنگە چارەسەری بەشێکی ئەو تێبنیانەی کرد بێت، کە هاوکارانم باسیان کرد، لەوەی کە ئایا بە درێژی باسی هەموو ئەو کارمەندو عاملانه بکرێت، کە لەو موئەسەساتانه ئیش دەکەن، یان نا؟ فەقەرەی یەکەم کە دەبێتە دووەم، تەنها تا (الوزراء) بێت (واصحاب الدرجات الخاصة)، کە لیژنەی نەزاهە پێشنیاریان کردووە، فەقەرەی چوارەم زیاد دەکرێت، کە (جميع الموظفين بمختلف درجاتهم وعناوينهم في كافة الدوائر ومؤسسات الاقليم)، کە لیژنەی نەزاهە پێشنیاری کردووە، من پێشنیار دەکەم کە موئەسەسات پێشی دەوائیر بنووسرێت، (في كافة المؤسسات ودوائر الاقليم)، چونکە موئەسەسە گەورەترە له دەوائیر، بۆیە لێرە (وكلاء الوزارات والمحافظين............)،

ئەمە لە فەقەرەی چوارەمدا چارەسەر دەكرێت، یەعنی درێژەكەی پێویست ناكات، بەس بە رەئی من ئەوانە ناو هێنانیان شتێكی باشە، ئەو تەفاسیلە، چونكە یەك لە بنەماكانی هەر قانونێك بۆ سەركەوتنی ئەوەیە كە روون بێت، ئەوانەی كە ئەحكامی ئەو قانونە دەیانگرێتەوە بە روونی ئاماژەیان پێ بدرێت، بۆیە من پێموایە باس كردنیان شتێكی زۆر ئاساییە، بەشێكە لە سەركەوتنی یاساكە.

لە (ثانیاً: اعضاء السلطة التشریعیة) نووسراوە (وتشمل) بكرێتە (ویشمل رئیس البرلمان)، نەك بە صیغەی موئەنەس، (جمیع)ەكانیش لابچێت، تەئیدی ئەوە دەكەم.

سەبارەت بە (رابعاً) لە ئەسڵی قانونەكەدا (شركات القطاع الخاص المتعاقدة مع الوزارات) نووسراوە (ومؤسسات ودوائر الاقلیم)، بنووسرێت (مع الوزارات او مؤسسات ودوائر الاقلیم كافة)، یەعنی لەگەڵ وەزارەتەكان، یان لەگەڵ موئەسەسات و فەرمانگەكانی هەرێم.

منیش پشتگیری ئەوە دەكەم لە فەقەرەی (خامساً: الكیانات والتنظیمات والاحزاب السیاسیة)ی بۆ زیاد بكرێت، (ومنظمات المجتمع المدني والمنظمات غیر الحكومیة والدولیة العاملة في الاقلیم والاتحادات والجمعیات والنوادي الثقافیة والاجتماعیة واي نشاطات اخرى) زیادە (فیما یتعلق بالامور التالیة) لە یەكەم نووسراوە (قانونیة مصادر التمویل والتبرع)، من لێرە بە پێویستی دەزانم كە لە دوای وشەی (قانونیة) وشەی (شفافیة)ی بۆ زیاد بكرێت، كە هەندێك لە هاوكارانم ئاماژەیان پێ كرد، كە ئەمڕۆ مەبدەئی شەفافیەت، مەبدەئێكی گرنگە، گرنگی پێ دەدرێت، بنووسرێت (قانونیة وشفافیة مصادر التمویل والتبرع)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار تارا كەرەم بكە.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەمە گرنگە لێرە دەڵێن لەسەر كێ تەتبیق دەبێت ئەحكامی ئەم قانونە؟ لەسەر كێیە؟ با یەكەم كەس ئەو هەیئەیە خۆشی بێت، یەكەم شت (كل من یعمل في هذه الهیئة)، ئینجا دووەم شت كورت بكرێتەوە هەروەكو هاوكارانم گوتیان بەم شێوەیە بێت (تسري احكام هذا القانون على كل من یثبت علیه الفساد من العاملین في المؤسسات التنفیذیة والتشریعیة والقضائیة والاطراف الخاصة في القطاع الخاص والشركات المتعاقدة مع المؤسسات)، ئیتر هەموو شەریكەكان دەگرێتەوە (ودوائر الاقلیم وكذلك منظمات المجتمع المدني والاتحادات والجمعیات)، هەروەها هاوڕام لەگەڵ چەند برادەرێك كە باسی سەندیكاشیان كرد لەگەڵیان (والكیانات السیاسیة)، تەواو، یەعنی دەڵێت (اللبیب من ا لاشارة)، قانونیش بەم شێوەیە، كە تۆ بەكورتی باست كرد، كە دەڵێی تەنفیزی ئیتر ئەم هەموو دوورو تەفسیلەی ناوێت بە سەعات بە هەموو شتە بڕوات، بڕوا بكەن خوێندنەوەی قانون تاكو كورت بێت خەڵك زیاتر تێی دەگات، لەبەر ئەوەی كە تۆ

دەڵێی موئەسەساتەکان بەم شێوەیە، هەر بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە وەکو ئاماژەم پێ کرد، زۆر چاکەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جەمال کەرەم بکە.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرە لازمە لەنێو دوو شت جیاوازیەکمان هەبێت، یەعنی شت لە شت جیاواز بکەن، ئێمە ئێستا خەریکی دەرخستنی قانونێکین تایبەتە بە هەیئەیەك، کە (الهیئة العامة للنزاهة) نەك قانونی نەزاهەیە، ئەمە قانونی نەزاهە نییە، بۆیە من دەبینم (تسري احكام هذا القانون) ناگونجێتن، پێم باشترە ئەگەر بنووسن (یمتد نطاق عمل الهیئة)، ئەوە ئێستا کە ئەوانە هەموو دەکەونە ژێر دەسەڵاتی هەیئە، مەبەستیان ئەوەیە، بەس وا دیارە بەشێوەیەکی تر ڕۆیشتووە، باشتر دەبێت (یمتد نطاق عمل الهیئة وصلاحیاتها لتشمل: اولاً) من موتەفیقم لەگەڵ برادەران، کە ئەو سێ خاڵە ببنە یەك، ئیقتیراح دەکەم (اولاً: جمیع العاملین في مؤسسات السلطات الثلاثة التشریعیة والتنفیذیة والقضائیة بمختلف مستویاتهم وعناوینهم الوظیفیة دون استثناء) لێرە کۆتایی بێت و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار زکیە سید صالح کەرەم بکە.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە بەڕاستی، ئێك/ تێبینیم لەسەر زنجیرا یا ڤان ماددێتن هاتی، کو بە رەئیا من باشترە کو زنجیرەك ڤی شکلی بهێتن، ئەوەلی ئەم تەشکیلا هەیئە بکەین، یا دوێ/ ئەرکێ یێت هەیئە دیار بکەین، یا سێش/ بێین ئەحکامێ دێ جێ بەجێ بن.

تێبینی دووەم/ سەر ئەڤی ماددەی ئەڤەیە کو ئەڤ ماددە ئەگەر ئەم بێین سەح کەینێ، ماددەی شەشێ لە برگا پێنج، خاڵە پێنج برگا وێیە سێیەدا تایبەت برگە (ژ) یا هاتی، ئەڤ ماددەیە دووبارە بوویە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانێ، لە ماددەی شەشێدا دووبارە بوویە، بەتایبەتیش ژی خاڵە سێ برگە پێنجێ خاڵە سێ هی ماددە شەش، ژێ کو دەسەڵاتیان دایە ڤێ هەیئە، هەر کەسەکی دی بکەویتە بەر کارێ چاڤدێریا دارایی ڤەت گری، ژی بەر هەندێ ئەز دبینم کو ئەڤ ماددەیە زیادەیە، ئەگەر بێتە لابردن، چونکە یا تیکرار بوویەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیارەکان و تێبینیەکان، هەندێك ڕەئی لەگەڵ ئەوە بوون کەوا پێویست ناکات لەو ماددەیە وردەکارییەکان باس بکرێت و تەفاسیلەکان باس بکرێت، کاتی خۆی ئێمەش هەر لە لیژنە هەندێك ڕەئی هەبوو، بەلأم ئێمە بە پێویستمان زانی کەوا ئەو ماددەیە هەموو ئەو حاڵەتانە بگرێتەوە، کەوا ئەو کەسانە دیاری بکرێن، کەوا حوکمەکانی یاساکە دەیانگرێتەوە، ئەگەر ناویشیان لێرە بێت، ڕاستە هەندێك گوتیان پێویست ناکات لە یاسا وردەکارییەکان باس بکرێت، بەلأم لەو ماددەیە ئەگەر بەباشی دەزانن ئەوە باس بکرێت، هیچ تەئسیرێکی سلبی نابێت لەناوەڕۆکی قانونەکە، بەلأم پاشەو پێشی دەسەلأتەکان کێ پێشتر باس بکرێت، کامیان دواتر باس بکرێت، هەموو لەسەر ئەوە ڕێکەوتین کەوا هەموو تێبینی و پێشنیارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەو یاسایە هەموو فەرمانبەران بگرێتەوە، پلە تایبەتەکان، هەر لە سەرۆکی هەرێم و جێگری و سەرۆکی پەرلەمان و جێگری و هەموو فەرمانبەرانی هەر سێ دەسەلأت، بەلأم جیاوازییەکە ئەوە بوو، ئایا ناوەکانیان بێتن؟ بۆ نموونە داواکاری گشتی ناوی بێت، سەرۆکی هەرێم ناوی بێتن، سەرۆکی پەرلەمان، یان تەنها بڵێین کارمەندانی دەسەلأتەکانی جێ بەجێ کردن و یاسادانان و دادوەری، ئەوەندە کیفایەتە، یان وردەکارییەکە، ئێمە لە هەردوو لیژنە لەگەڵ ئەوەدا بووین، ئەگەر ناوەکان بێت و باس بکرێت لەناو یاساکە باشترە دیاری بکرێت، چونکە ئەوە یەکەم یاسایە بۆ پێکهێنانی ئەو دەستەیە دەرچووە، پێویستە ئەو کەسانەی کە دەیانگرێتەوە حوکمەکانی ئەو یاسایە ناویان بێت، ئێمە بەباشی دەزانین کەوا ماددەکە، بەلأم پێویستی بە داڕشتنەوە هەیە، واتا لەگەڵ ئەوەینە بڕگەیەك تایبەت بێت بە دەسەلأتی جێ بەجێ کردن، هەر لەسەرۆکی بالأی دەسەلأتی جێ بەجێ کردن کە سەرۆکی هەرێمە، جێگرەکەی و، هەتا هەموو کارمەندەکان، بەپێی جیاوازی پلەو پایەی وەزیفیان، دەسەلأتی یاسادانان، ئەویش بە بڕگەیەکی جیاواز بێت، دەسەلأتی دادوەری بە بڕگەیەکی جیاواز بێت، دواییش بڕگەکانی تر وەکو خۆی بێتە خوارێ، واتا ئێمە لەگەڵ ئەوەینە کە لەو ماددەیە پێویستە ناوەکان بێتن و وردەکارییەکان باس بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە کەرەم بکەن.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ئەوە داین، وابزانم ئێمە لە ڕاپۆرتەکەشماندا دیاریمان کردووە، کەوا دەسەلأتەکانمان جیا کردۆتەوەو هەر بە تەسەلسولی خۆی داماناوە، تەنها و تەنها ئەو کەسانەمان دیاری کردووە، کە لە سەرۆك و جێگرەکان و هەروەها سەرۆکی پەرلەمان و نائیبەکەی و سکرتێرەکەی، یەعنی ئێمە تەصنیفێکمان بۆ کردووە بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی کە نووسیومانە، پاشان هاتووین باسی هەموو فەرمانبەرانیشمان کردووە بە هەموو دەرەجات و عەناوینەکانیان، ئێمە لەگەڵ ئەوەشداین بڕگەی پێنجەم بڵێین لە ئەسڵی ماددەکەدایەو

ئێستا بوو به شەشەم لەلای ئێمە تەنزیماتی سیاسیمان دیاری کردووە، لەگەڵ ئەوە موجتەمەعی مەدەنیمان بۆ زیاد کردووە، مونەزەماتی حکومی و دەولیشمان بۆ زیاد کردووە، هەروەها ئەتراف قیتاعی خاصیشمان، کە ئەوانەی تەعاقود دەکەن لەگەڵ حکومەتدا، بەتایبەتی ئەوانەی کە گرێبەست و تەندەری و ئەو شتانە، ئێمە لێرە هەموومان دیاری کردووە، بەپێی راپۆرتەکەی خۆمان، نازانم ئێمە پێمان باشە ئەو پۆلینەی کە کردوومانە بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر صیاغەتان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەنجامی ئەو راو بۆچوونە جیاوازانە بەو شێوەیە ماددەکەمان داڕێشتەوە:

المادة الرابعة:

تسري احكام هذا القانون على:

اولاً: رووٴساء السلطة التشريعية والتنفيذية والقضائية واعضائها وجميع العاملين فيها.

ثانياً: اطراف القطاع الخاص المتعاقدة اشخاصاً وشركات مع الوزارات ومؤسسات ودوائر الاقليم كافة.

ثالثاً: التنظيمات السياسية ومنظمات المجتمع المدني والمنظمات غير الحكومية والدولية العاملة في الاقليم والاتحادات والجمعيات والنوادي فيما يتعلق بالامور التالية:

أ-قانونية مصادر التمويل والتبرع.

ب- اوجه الانفاق وفقاً للقواعد المتبعة في الصرف.

ت- مراعاة الانظمة الداخلية الخاصة بها وعدم مخالفتها.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەو پێشنیارەی بۆمان هاتووە، ئێستا دەیخەمە بەردەم بەڕێزتان:

المادة الرابعة:

تسري احكام هذا القانون على:

1-رووٴساء السلطة التشريعية والتنفيذية والقضائية واعضائها والعاملين فيها.

2- اطراف القطاع الخاص المتعاقدة اشخاصاً وشركات مع الوزارات ومؤسسات ودوائر الاقليم كافة.

3- التنظيمات السياسية ومنظمات المجتمع المدني والمنظمات غير الحكومية والدولية العاملة في الاقليم والاتحادات والجمعيات والنوادي فيما يتعلق بالامور التالية:

أ-قانونية مصادر التمويل والتبرع.

ب- اوجه الانفاق وفقاً للقواعد المتبعة في الصرف.

ت- مراعاة الانظمة الداخلية الخاصة بها وعدم مخالفتها.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە کوردیش کەرەم بکەن.**

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی چوارەم:**

**حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر ئەوانەی خوارەوەدا جێ بەجێ دەکرێت:**

**یەکەم: سەرۆکی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێ بەجێ کردن و دادوەری و سەرجەم ئەو کارمەندانەی کاری تێدا دەکەن.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، عەرەبیەکە دەکەینە ئەساس، ئەو پێشنیارە هاتووە، دەیخەینە دەنگدانەوە، ئێستا ئاخیر جار بە عەرەبیەکە بخوێنەوە، پاشان تەرجومەی کوردی دەکرێت، فەرموون.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الرابعة:**

**تسري احكام هذا القانون على:**

**1- رؤساء السلطة التشريعية والتنفيذية والقضائية واعضائها والعاملين فيها.**

**2- اطراف القطاع الخاص المتعاقدة اشخاصاً وشركات مع الوزارات ومؤسسات ودوائر الاقليم كافة.**

**3- التنظيمات السياسية ومنظمات المجتمع المدني والمنظمات غير الحكومية والدولية العاملة في الاقليم والاتحادات والجمعيات والنوادي فيما يتعلق بالامور التالية:**

**أ-قانونية مصادر التمويل والتبرع.**

**ب- اوجه الانفاق وفقاً للقواعد المتبعة في الصرف.**

**ت- مراعاة الانظمة الداخلية الخاصة بها وعدم مخالفتها.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (38) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (14) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی پێنج.**

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم**

**ئەرکەکانی دەستە**

ماددەی پێنجەم:

یەکەم:

أ- دەستە لەپێناو جێ بەجێ کردن و پیادە کردنی یاساکانی نەهێشتنی گەندەڵی و پێوانەکانی خزمەتگوزاری گشتیی، بەپێی دەستوورو یاسا پەیرەو کراوەکان کار دەکات.

ب- دەستە ئەرکەکانی خۆی بەبێ لایەنانەو بابەتیانەو بەبێ جوداکاری ئەنجام دەدات.

دووەم: سەرۆك بۆی هەیە داوا لە وەزارەتی داد بکات بۆ دانانی لێکۆڵەری داد بۆ کار کردن لە دەستەکەدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیش کەرەم بکەن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثاني**

**مهام الهيئة**

اولاً:

أ-تعمل الهيئة من اجل تنفيذ وتطبيق قوانين مكافحة الفساد ومعايير الخدمة العامة وفقاً للدستور والقوانين النافذة.

ب- تؤدي الهيئة مهامها بحيادية وموضوعية دون تمييز.

ثانياً: للرئيس ان يطلب من وزارة العدل تنسيب محققين عدلين للعمل في الهيئة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە راپۆرتەکەتان بە کوردی، پاشان بە عەرەبی.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی نەزاهە پێشنیار دەکەین ماددەکانی پێنج و شەش لێك بدرێت و لە یەك ماددەدا دابڕێژرێنەوە:

**بەشی دووەم**

**ئەرکەکانی دەستە**

ماددەی پێنجەم:

پێشنیار دەکەین ماددەکانی (5) و (6) لێك بدرێن و لە یەك ماددەداو بەم شێوەیە دابڕێژرێنەوە:

یەکەم:

أ- دەستەی چاودێری پیادەکردنی یاساکانی نەهێشتنی گەندەڵی و پێوانەکانی خزمەتگوزاریی گشتی بەپێی دەستورو یاسایە پەیرەوکراوەکان دەکات.

ب- ئەم بڕگەیە لا ببرێت .

دووەم: ئەم بڕگەیە بگوازرێتەوە بۆ ماددەی (10) بۆ ئەرکەکانی سەرۆك .

لە جیاتیان ئەمە دابندرێت: لێکۆڵینـەوە لـە دۆزەکـانی گەنـدەڵی و ڕەوانـەکردنیان بـۆ دادگای تایبەتمەنـدو بەدواداچوونیان.

سێ یەم : بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (6) لە ئەسڵی پرۆژەکە، بەم شێوەیە بێت:

أ – وەرگرتنی سکالای هاوولاتیان و ئەو لایەنانەی کە پەیوەندیان بە گەندەڵیەوە هەیە.

ب - لیژنە هیچ تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

چوارەم : (سێیەم) لە ماددەی (6) لە ئەسڵی پرۆژەکە، لیژنە هیچ تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

پێنجەم: (چوارەم) لە ماددەی (6) ئەسڵی پرۆژەکە، بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

دەرکردنـی ڕێنمـایی لـە بـارەی ڕێسـایەکانی ڕەفتـارکردنی وەزیفـی بـۆ ڕوونکردنـەوەی پێوانـەو ڕەوشـتی خزمەتگوزاریی گشتی، کە دەبێ فەرمانبەرانی هەرێم وەکو مـەرجێك بـۆ دامەزرانـدن و بـەردەوامبوون لـە خزمەتکردندا پێیەوە پابەند بن و چاودێری ئـەم پابەنـد بوونـە بکرێـت و ڕێنماییـەکان نـاوە نـاوە بـەپێی پێویست هەموار دەکرێن.

شەشەم: (پێنجەم) لە ماددەی (6) لە ئەسڵی پرۆژەکە، بەم شێوەیە بێت:

1 – وشەی (گەورە) لە دێری دووەم لابرێت و بڕگەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە.

2 – لە کۆتایی بڕگەکەدا دەستەواژەی (لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێم) زیاد بکرێـت.

3 – وشەی ( پێشکەشکردنی) لابدرێت لە دەستەواژەکەدا.

أ – لە خاڵی (أ)ـەوە تا (خ) لیژنە هیچ تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئێمە بەپێی ڕاپۆرتەکەی خۆمان پێمانوایە کە ئەو دوو ماددەیە تێکەڵ بکرێـت و بـە یەکـەوە بـەو شـێوەیە دابڕێژرێتەوە.

د – ئەم بڕگەیە بکرێت بە دوو بەش و بەم شێوەیە:

دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و سەرپەرشتیارانی دادو لێکۆڵەرانی داد.

ژ – ئەفسەرانی پاسەوانی هەرێم و هێزی ئاسایشی ناوخۆ.

ر – بڕگەی (ژ) لە ئەسڵی پرۆژەکە، هیچ تێبینیەکمان لە بارەیەوە نییە.

حەوتەم : (شەشەم) لە ماددەی (6) لە ئەسڵی پرۆژەکە:

1 - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە .

2 - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە .

هەشتەم: (حەوتەم) لە ماددەی (6) لە ئەسڵێ پرۆژەکە لیژنە تێبینی لە بارەیەوە نییە.

ببورە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەمەی خوێندرایەوە لێرە دەبوایە پێشتر بخرایە دەنگدانەوە، ئایا ئێمە ئەو دوو ماددەیە دەمج بکرێت، یاخود دەمج نەکرێت؟ ئەمە لەوانەیە وەکو رەخنەیەك بێت لەسەر خۆمان وەکو لیژنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە پێویستە، بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارەی لیژنەی نەزاهە بخرێتە دەنگدانەوە، دەمج بکرێت، یان دەنج نەکرێت، بەڵام با جارێ لیژنەی هاوبەش رەئی ئەوانیش وەربگرین، پاشان دێینەوە سەری، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە ماددەی پێنج و ماددەی شەش، ماددەی پێنج بە مەهامی هەیئە هاتووە، ماددەی شەش هەیئە هەڵدەستێت بەم کارانەی خوارەوە، بەواتای یاسایی هەردووکی، دەکرێت هەردووکی دەمج بکرێت، چونکە یەك هەدەف تەحقیق دەکات، لەبەر ئەوە ئێمە لە لیژنەکە پێمان باش بوو کە هەردوو ماددەکە دەمج بکەین و بە تەسەلسولێکی جیاواز دامانڕشتووە، ئەگەر جەنابت ئەمر بفەرموویت بخرێتە دەنگدانەوە بۆ دەمج کردنی، دوایی موناقەشەی لەسەر دەکرێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادردزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەردوو لیژنە، لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری پێشنیاری ئەوەمان کردووەو هاوڕاین لەگەڵ لیژنەی نەزاهە سەبارەت بە یەکخستنەوەی هەردوو ماددە، ماددەی پێنج و شەش، لە حاڵەتێك ئەگەر رێکخرا، ئێمە چەند تێبنیەکمان هەیە سەبارەت بە داڕشتنەوەو ریزبەندی بڕگەکان.

بەنیسبەت فەسڵی دووەم:

**الفصل الثاني**

**مهام الهيئة**

المادة الخامسة: تقترح اللجنتان:

1- دمج المادتين (5) و (6) في مادة واحدة بتسلسل المادة (5) لانهما تنظمان مهام الهيئة.

2- ترقيم تسلسل فقرات المادة بـ (اولا، ثانيا، ثالثا،........... ).

3- الفقرة (أ) نقترح حذف عبارة (تعمل الهيئة من اجل) في بداية الفقرة.

4- الغاء الفقرة (ب).

5- حذف الفقرة (ثانيا) لانها تدخل ضمن اختصاص رئيس الهيئة وليس مهام الهيئة.

6- جعل (اولا) من المادة السادسة بتسلسل رقم (3) للمادة الخامسة.

7- (ثانيا/ أ ) نقترح اضافة عبارة (والجهات) ما بعد كلمة (المواطنين) (استلام شكاوي المواطنين والجهات).

6- (ثانيا/ب) نقترح تبديل عبارة (تحافظ الهيئة) بـ (المحافظة على).

7- (رابعا) نقترح اضافة كلمة ( الوظيفي ) الى ما بعد (السلوك) في السطر الاول.

8- (خامسا/ 1) نقترح حذف كلمة (كبار) في السطر الثاني من الفقرة (كبار موظفي الدولة او الاقليم).

9- (خامسا/ 2) نقترح اضافة عبارة ( داخل الاقليم و خارجه ) الى نهاية الفقرة.

10 – الفقرة (خامسا/ 3) نقترح حذف (بتقديم) ما بعد كلمة (يشمل).

11- الفقرة (د) نقترح جعلها فقرتين (الاولى) خاص بالقضاة و (الثانية) ضباط حرس الاقليم.

12 – الفقرة (سادسا): لا توجد عليها اية ملاحظة.

13- (سابعا) نقترح حذف عبارة (والمفتشين العموميين) من بعد (المالية).

وتكون المادتان بعد دمجهما بالصياغة الآتية وبرقم (المادة الخامسة).

ماددەكەمان هەموو دارِشتەوە بەو شێوەیەی ئێستا خستمە بەردەستی بەرِێزتان.

**بەرِێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دانیشتنەكە دوا دەخەین تا سەعات چواری ئێوارە بەردەوام دەبین، چونكە تا شەو درەنگ بەردەوام دەبین، پێویستە بەرنامەی كارمان زوو تەواو بكەین، بچینە كاری تر، سەعات چوار لێرە چاوەرِێتان دەكەین، كەرەم بكەن، فەرموون، خواتان لەگەڵ بێت.

## دانیشتنی دووەم

**بەرِێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەكەمان، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری و لیژنەی نەزاهە دەكەین بێن بۆ سەر مەنصە، بەرِێزان، بۆچوونێك هەبوو، پێشنیارێك هەبوو كە ماددەی پێنج و ماددەی شەش دەمج بكرێت، بكرێتە ماددەیەك، ئەوە پێویست بە دەنگدان دەكات، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە ماددەی پێنج و شەش دەمج بكرێت، كە لیژنەی هاوبەش زائیدەن لیژنەی نەزاهە لەگەڵ ئەوە بوون ماددەی پێنج و شەش دەمج بكرێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، ئێستا ماددەی پێنج و شەش دەمج كرا، بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی موناقەشەی لەسەر بكرێت، فەرموو.

**بەرِێز محمد دلێر محمود:**

**بەرِێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم: دەستە ئەم کارانە دەکات:

یەکەم: جێبەجێ کردن و پیادەکردنی یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵێ و پێوەرەکانی خزمەتگوزاری گشتی بەپێی دەستوورو یاسا کارپێکراوەکان.

دووەم: لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکانی گەندەڵێ و ناردنی بۆ دادگای تایبەتمەندو بەدواداچوونی.

سێیەم: وەرگرتنی سکاڵای هاووڵاتیان و ئەو لایەنانەی پەیوەندیدارن بە گەندەڵی.

چوارەم: پاراستنی نهێنی ناسنامەی ئەوانەی هاریکاری دەکەن، بەپێی یاسا، مەگەر هاریکار وازی لە پاراستن هێنابێ.

پێنجەم: بلاوکردنەوەی رۆشنبیری نیشتمانی بۆ گەشەپێدانی ڕەوشتەکانی دەستپاکی کەسێتی و پابەندبوونی خودی بە پێوەرەکانی خزمەتگوزاری و لەگەڵ بەرپرسی تایبەتمەندکار دەکات لە پێناوی دانانی بەرنامەیەکی خوێندنی نیشتمانی لە پێناوی چەمکی دەستپاکیدا.

شەشەم: دەرچوواندنی ڕێنمایی بنچینەی ڕەوشتی وەزیفی بۆ ڕوونکردنەوەی پێوەرەکانی خزمەتگوزاری گشتی و ڕەوشتیەکانی، کە فەرمانبەرانی هەرێم و کەرتی گشتی و تێکەلاو پابەندی بن بەوەی مەرجێکە بۆ دامەزراندن و لەپێناو بەردەوامبوون و چاودێری کردنی ڕادەی پابەندبوون پێیانەوەو بەپێی پێویستیش ناوبەناو هەمواربکرێ .

حەوتەم:

1- دەرچوواندنی ڕێنمایی بەپێی بنچینەی دەسکەوتنی ناڕەوا (کسب غیر مشروع)، کە دەقەکەی لە بەشی پێنجەمی ئەم یاسایەدا هاتووە، کە دەبێ فەرمانبەرانی هەرێم و هاوسەرەکانیان و منداڵە ناکامەکانیان پابەندبن  پێیەوەو بەرژەوەندی دارایی خۆیان ئاشکرا بکەن و لە کاتێك بۆ کاتێکی تر هەمواربکرێ بەو پێیەی کە بە گونجاوی دەزانێ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کە مەبەستن.

2- ئاشکرا کردنی بەرژەوەندی بەیاننامەی ڕاشکاوانە دەگرێتە خۆ لەبارەی ئەو کەسەی کە چەند خانووبەرەو ماڵی گوازراو و نەگوازراوو داهاتی دارایی و ڕەسیدی لە بانکەکانداو پشك و سەندو مافی مەعنەوی لە ناو هەرێم و دەرەوەدا هەیە.

3- ئاشکرا کردنی بەرژەوەندی دارایی ئەمانە دەگرێتەوە:

أ- سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی.

ب- سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێرو ئەندامان.

ت- سەرۆك وزیران و جێگرەکەی.

پ – وەزیرەکان و ئەوانەی بە پلەی وەزیرن و بریکاری وەزارەتەکان.

ج- سەرۆکی دەستەی گشتی دەستپاکی و جێگرەکەی و هەموو بەڕێوەبەرە گشتیەکانی دەستەو لێکۆڵەرەکانی.

ح- خاوەنی پلەی تایبەتی و بریکارەکانیان و یاریدەدەرەکانیان.

خ- بەڕێوەبەرە گشتیەکان و یاریدەدەرەکانیان.

د- دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و سەرپەرشتیارانی دادو لێکۆڵەران.

ژ – ئەفسەرانی پاسەوانی هەرێم و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

ه- هەر کەسێك پایەیەکی مەدەنی، یان سەربازی هەبێ و ناوی لەسەرەوەدا نەهاتبێ و دەستە بەپێویستی دەزانێ ڕاپۆرتی ئاشکراکردنی دارایی بیان گرێتەوە، بەپێی ڕێنماییەکانی بۆ ئەم مەبەستە دەردەچێ.

هەشتەم:

أ- دەستە بۆی هەیە فەرمانگەی پەیوەندیدار ڕاسپێرێ بەدەست لەکارکێشانەوەی ئەو فەرمانبەرەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێ، بەپێی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەتی ژمارە (14)ی ساڵی 1991، کە لە هەرێمدا کاری پێ دەکرێ.

ب- دەستە بۆی هەیە ئەو سەرپێچیانەی کە پەیوەندیدارن بە پێوەرەکانی ڕاژەی گشتی بنێرێ بۆ سەرۆکی فەرمانگە حکومییەکەی، کە فەرمانبەرە سەرپێچیەکەرەکەی پێوە بەستراوەتەوەو بۆی هەیە ئەمە بە ڕاسپاردەیەك بلکێنێ، تاکو ڕێکاری بەرزەفتکردن و دادوەری لە بارەیەوە ئەنجام بدرێ.

نۆیەم:

أ- دەستە بۆی هەیە چاودیرّی دەستکاری کردن بە موڵکی هەرێم و ڕێگای بەڕێوە بردن بکات، ئەمەش بەهاوکاری دەبێ لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی و لایەنی پەیوەندیداری دیکەدا.

ب- چاودێری یاسایی بڕیارەکان و کارەکانی وەزارەتەکان و فەرمانگەکان و ئەو دەستانەی ملکەچن بۆ چاودێری و ڕادەی دەستپاکیان دەگرێتەوە.

ج- ئەو لایەنەی ملکەچە بۆ چاودێری، دەبێ لەسەر داوای دەستەو بەبێ دواکەوتنی زانیاری و ڕوونکردنەوەو بەڵگەنامەو دۆکیومێنت بە نهێنیەکانەوە، جا هەر چیەك بێ پلەی شاردنەوەی و هی تریش پێشکەش بەدەستە بکات، کە دەستە بەپێویستی دەزانێ بۆ مەبەستی چاودێری سەیریان بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیەکەش تکایە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة: تعمل الهيئة على:

اولاً: تنفيذ وتطبيق قوانين مكافحة الفساد ومعايير الخدمة العامة وفق الدستور والقوانين النافذة.

ثانياً: التحقيق في قضايا الفساد واحالتها الى المحكمة المختصة ومتابعتها.

ثالثا: استلام شكاوى المواطنين والجهات المتعلقة بالفساد.

رابعا: المحافظة على سرية هوية المتعاونين وفقا للقانون الا اذا تنازل المتعاون عن الحماية.

**خامسا: نشر ثقافة وطنية لتنمية اخلاقيات النزاهة الشخصية والالتزام الذاتي بمعايير الخدمة وتعمل مع مسؤولين مختصين من اجل وضع مناهج دراسية و طنية لتعزيز مفهوم النزاهة.**

**سادسا: اصدار تعليمات قواعد السلوك الوظيفي لتوضيح معايير الخدمة العامة واخلاقياتها التي يلتزم بها موظفوا الاقليم والقطاع العام والمختلط باعتبارها شرطا للتعيين وللاستمرار ومراقبة مدى التقيد بها وتعدل من وقت لاخر حسب الحاجة.**

**سابعا:**

**1- اصدار تعليمات وفقا لقواعد الكسب غير المشروع المنصوص عليها في الفصل الخامس من هذا القانون والتي تلزم موظفي الاقليم وكذلك زوجاتهم واولادهم القصر، الكشف عن مصالحهم المالية وتعدل من وقت لاخر وفق لما تراه مناسبا لتحقيق الاغراض المنشودة منها.**

**2- يتضمن كشف المصالح المالية بيانات تفصيلية عما يملكه المكلف من عقارات ومنقولات ودخل مالي وارصدة في المصارف واسهم وسندات وحقوق معنوية داخل الاقليم وخارجه.**

**3- يشمل كشف المصالح المالية كل من:**

**أ- رئيس الاقليم ونائبه.**

**ب- رئيس البرلمان ونائبه والسكرتير والاعضاء.**

**ت- رئيس الوزراء ونائبه.**

**ث- الوزراء ومن هم بدرجة وزير ووكلاء الوزارات.**

**ج- رئيس الهيئة العامة للنزاهة ونائبه وجميع مدراء الهيئة العاميين ومحققيها.**

**ح- اصحاب الدرجات الخاصة ووكلائهم ومعاونيهم.**

**خ- المدراء العامين ومعاونيهم.**

**د- القضاة واعضاء الادعاء العام والمشرفين العدليين والمحققين.**

**ذ- ضباط حرس الاقليم وقوى الامن الداخلي.**

**هـ- اي شخص يشغل منصب مدني او عسكري ممن لم يرد ذكره اعلاه وترى الهيئة ضرورة شموله بتقرير الكشف المالي، وفقا لتعليمات تصدر لهذا الغرض.**

**ثامنا:**

**أ- للهيئة ان توصي الدائرة المعنية بسحب يد الموظف الخاضع للتحقيق وفقا لقانون انضباط موظفي الدولة رقم (14) لسنة 1991 النافذ في الاقليم.**

**ب- للهيئة ان تحيل المخالفات المتعلقة بمعايير الخدمة العامة الى رئيس الدائرة الحكومية التي يرتبط بها الموظف المخالف، ولها ان ترفق ذلك بتوصية باتخاذ اجراءات انضباطية وقضائية.**

**تاسعا:**

أ- للهيئة ان تقوم بمراقبة التصرف باموال الاقليم وطريقة ادارتها بالتعاون مع ديوان الرقابة المالية والجهات المعنية الاخرى .

ب- تشمل المراقبة قانونية قرارات واعمال الوزارات والدوائر والهيئات الخاضعة للرقابة ومدى نزاهتها.

ج- على الجهة الخاضعة للرقابة ان تقدم للهيئة بناءاً على طلبها وبدون تأخير المعلومات والايضاحات والمستندات والوثائق بما فيها السرية ايا كانت درجة كتمانها وغير ذلك مما ترى الهيئة ضرورة الاطلاع عليها لاغراض الرقابة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە بە كوردی.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كەوا بەڕێزان لە لیژنەی هاوبەش خوێندیانەوە، تەقریبەن ئێمە هەمان رامان هەیەو زۆر لە یەك نزیكین، تەنها ئەوە نەبێت لە هەندێك شێوازی داڕشتنەوەیدا، ئەویش كێشەیەك نییە، بۆیە پێموا نییە پێویست بكات دووبارە ئێمەش ئەوە بخوێنینەوە، تەنها لە یەك خاڵدا نەبێت، خاڵی پێنجەم، كە پێنجەمە لیژنەی هاوبەشیش ئامادەی كردووە، پێموایە ئەوەی ئێمە تێرو تەسەل ترەو هەندێك بابەتی تری تێدایە، كە دەڵێت پێنجەم/ دەركردنی رێنمایی لەبارەی رێساكانی رەفتار كردنی وەزیفی بۆ روون كردنەوەی پێوانەو رەوشتی خزمەتگوزاری گشتی، كە دەبێت فەرمانبەرانی هەرێم وەكو مەرجێك بۆ دامەزراندن و بەردەوام بوون لە خزمەت كردندا پێوەی پابەند بن و چاودێری ئەو پابەند بوونە بكرێت و رێنماییەكان ناوە ناوە بەپێی پێویست هەموار دەكرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوانەی دەیانەوێت موداخەلە بكەن ناویان دەنووسین، ئەگەر رازیشن بەو تەرتیبەی كە هەردوو لیژنە دایانناوە دەستخۆشیتان لێ دەكەین، كەس نییە، لیژنەی هاوبەش ئاخیر صیاغە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، ئێ دەستتان بەرز نەكرد، فەرموو، ئەم ئەندامە بەڕێزانە دەیانەوێت موداخەلە بكەن، رێزداران (شەونم محمد، عماد محمد، عمر نورەدینی، گەشە دارا، عبدالسلام بەرواری، سمیرە گۆران، دكتۆر بەشیر، پەروین عبدالرحمن، دڵشاد شهاب، ئاسۆ كەریم، هاژە سلیمان، اسماعیل محمود، دكتۆر احمد وەرتی)، كەسی تر ماوە؟ خەلیل عوسمان، كەسی تر ماوە؟ تارا ئەسعەدی، شەونم خان كەرەم بكە.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی پێنجەوە وەك باس كرا، ماددەی پێنج و شەش دەكرێت بە یەك، بەڵام هەندێك لە برگەكان مایەوە، بەنیسبەت برگەی یەكەمەوە پێم باشە بەم شێوەیە بێت (تعمل الهيئة على مراقبة تنفيذ القوانين للحد من ظاهرة الفساد) ئەو برگەیە بەو شێوەیەی لێ بكرێت (للحد من ظاهرة الفساد وفق القوانين النافذة واحالتها الى المحكمة المختصة ومتابعتها).

برگەی دووەم/ (للرئيس ان يطلب من وزارة العدل) بكات بە مەجلیسی قەزا (تعيين محققين ومدعي العام للعمل في هذه الهيئة).

ماددەی شەشەم كە كرا بە سێیەم (التحقيق في جمع المعلومات والادلة في قضايا الفساد وابلاغ رئاسة الادعاء العام واخبار قاضي التحقيق لاتخاذ الاجراءات القانونية).

برگەی دوایی (استلام الشكاوي والبلاغات عن الفساد وتشمل كافة الاطراف والشركات والمنظمات) ئیزافە بكرێت تاكو دوایی.

هەروەها بەنیسبەت برگەی شەشەوە (اصدار تعليمات وقواعد السلوك المهني والوظيفي) ئیزافە بكرێت لەوێدا (لتوضيح معايير الخدمة العامة واخلاقياتها التي يلتزم بها موظفوا الاقليم والقطاع العام والمختلط ومنظمات المجتمع المدني والمنظمات غير الحكومية وكذلك المنظمات التي تعمل في الاقليم مع النوادي والسنترات الموجودة في الاقليم)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار كەرەم بكە.

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە لە دوای دەمج كردنیان لە یەك ماددەدا، پێشنیار دەكەم بەم شێوەیە صیاغە بكرێت و دوو برگەی تری لێ زیاد بكرێت:

(المادة الخامسة: تتولى الهيئة ممارسة المهام والاختصاصات التالية) لە جیاتی (تعمل الهيئة على)، چونكە ئەم ماددەیە باس لە مەهام و ئیختیصاصاتی هەیئەكە دەكات، مەهام و ئیختیصاصات لە یەك ماددەدا دەمج كراون، لەبەر ئەوە پێم باشە بەم موقەدیمەیە دەست پێ بكات، ئەم دوو برگەیەش زیاد بكرێت:

یەك/ (وضع ستراتيجية شاملة من نزاهة وشفافية ومكافحة الفساد واعداد آليات والخطط والبرامج المنفذة لها ومتابعة تنفيذها مع الجهات المعنية).

برگەی دووەم/ (اتخاذ الاجراءات القانونية اللازمة لإلغاء او فسخ اي عقد تكون الحكومة طرفا فيها او سحب الامتياز او غير ذلك من الارتباطات اذا تبين انها قد ابرمت بناءاً على مخالفة احكام القوانين النافذة او يجري تنفيذها بالمخالفة للعقد المبرم وتلحق ضرراً لصالح العام وذلك بالتنسيق مع الجهات المختصة قانوناً)، چونكە زۆر باس لە عقودو تەندەرات دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بینووسە بۆیان بنێرە، ڕێزدار عمر نورەدینی کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك لە راپۆرتی هاوبەشدا هاتووە بڕگەی پێنجەم تایبەت بە بلاْوکردنەوەی سەقافەی وەتەنی و رۆشنبیری و کەلتووری و نیشتمانیی، کە لە بڕگەکە بخوێنینەوە دەبینین تەنها ئامرازێك، میکانیزمێك دیاری کراوە بۆ بلاْو کردنەوەی ئەو سەقافەو رۆشنبیرییە نیشتمانییە، ئەویش پرۆگرامی دیراسیە، ئەمە بۆ خۆی کارێکی زۆر باشە، بەلاْم رەنگە ئەگەر هەندێ ئالیەتی ترو ئامرازی تریش ئیزافە بکەین، دەستە باشتر بتوانێت لە جێ بەجێ کردنی ئەو مەهامەیدا کە بلاْو کردنەوەی رۆشنبیری نیشتمانی باشتر ئەو ئەرکەی خۆی بەجێ بگەیەنێت، ئەویش ئەوەیە کە من ئەوە ئیزافە دەکەم، واتا دوو ئامرازی تریش ئەگەر ئیزافە بکەین، ئەویش جگە لە رێگای بلاْو کردنەوەی رۆشنبیری نیشتمانی لە رێگای دانانی پرۆگرامی دیراسی نیشتمانی، هەروەها بەستنی کۆنگرەو کۆنفرانسی زانستی تایبەت بە دیاردەی قەلاْچۆ کردنی گەندەلْی، هەروەها سوود وەرگرتن لە ئامرازەکانی راگەیاندن و پەروەردەیی و توێژینەوەی زانستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار گەشە دارا کەرەم بکە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش سەبارەت بە ماددەی پێنج لە ئەسلْی پرۆژەکە، باسی ئەوە دەکات (وفق القوانین النافذة)، یەعنی لێرە نازانم مەبەستی قەوانینی عێراقیە، یاخود قەوانینی دەولیشە، چونکە کە پێویستە موعاهەداتی دەولی هەیە لەم بوارەدا، دەبێت ئیشارەتی پێ بدرێت.

لە ماددەی شەش لە ئەسلْی مەشروعەکە لە یەکەم (اولا) پێم باشە (التحقیق) بکرێت بە (جمع المعلومات)، (احالتها) لابرێت (احالتها الى المحكمة المختصة)، چونکە ئیحالە بەس لە ئیختیصاصی مەحکەمەی تەحقیقە، کە ئەمە پێشێل کردنی مەبدەئی فەسلْی سولْتاتەو تەدەخولە لە قەزا، لەبەر ئەوە وا باشترە کە بگوترێت (اخبار قاضي التحقيق لاتخاذ الاجراءات القانونية او ابلاغ رئاسة الادعاء العام لتحريك الدعوى الجزائية ومتابعتها).

(ثانیاً: أ- استلام شكاوي المواطنين)، مواتنین لێرە لەگەلْ یاساکە، چونکە ئێمە باسمان لە (NGO)یەکان و لە مونەزەماتی دەولی کردووە، لێرە مواتنین نەبێت باشە، هەر بەو شێوەیە بێت (استلام الشكاوي والبلاغات كافة المتعلقة بالفساد).

سێیەم/ (ثالثاً) هەر لە ماددەی شەش (نشر ثقافة وطنية ومفهوم رقابة الذاتية) ئەگەر ئەو عیبارەیەی بۆ زیاد بکرێت.

له برگەی پێنج/ (خامساً: يتضمن كشف المصالح المالية بيانات تفصيلية عما يملكه او خضاع لرقابة لاحكام هذا القانون من عقارات ومنقولات ودخل مالي وارصدة في المصارف واسهم وسندات وحقوق معنوية داخل الاقليم وخارجه)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عبدالسلام بەرواری كەرەم بكە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نازانم، هیوادارم بتوانم قسەكانم لە سێ دەقیقە كورت بكەم، چونكە بەڕاستی مولاحەزاتی قەیدی نییە ئیلتیزام دەكەم، مولاحەزات لەلای من هی لیژنەی قانونی زۆر ئەوەی بكات، ئەگەر دەست پێ بكەم ئەم مادده تازەیە (تتولى الهيئة المهام الاتية)، واتا دەبێ هەموو برگەكان (العمل على اصدار) لەگەڵ من موتەفقن، (تعمل على)، واتا (اولاً: تعمل الهيئة من اجل) ڕەئەسەن بكرێتە (العمل من اجل)، ئەمە یەك.

دوو/ هەندێك مەهام هەنە مەهام نین، یان شەرحی ماددەیەكە، یان دەچێتە ئەحكامی عامە كە لە ماددەی شازدە دەست پێ دەكات و وەسفی بەشێوەی گشتی ئیشی هەیئەیە كە لە ماددەی (13) و (14)دا هەیە، بۆ؟ (تحافظ الهيئة على سرية على كذا كذا)، ئەمە هیچ ناچێتە خانەی (تعمل الهيئة على) رجاتان لێ دەكەم ئەوە مولاحەزە بكەن، ئەوە دەتوانرێت بچێتە نزیكی ماددەی (13 و14)، لە (سادساً) كە (رابعاً)ی كۆنی ماددەی شەشە لە كوردی خوێندرایەوە ڤیتاعی موختەڵەت، لە عەرەبی نەماوە، تكاتان لێ دەكەم ئەو ڤیتاعی موختەلەتە نەماوە.

له (سابعاً) كە (خامساً)ی كۆن بوو، تەماشای بكەن یەك (اصدار) ڕاستە، پاشان (يتضمن كشف، يشمل بتقديم الكشف)، ئەمە موهیمە نییە، ئەمە شەرحە، یان بیكەن (خامساً/ اصدار) دەست پێ بكەن (وفق المعايير التالية: اولاً، ثانياً)، یان عیلاجێكی تری بۆ بدۆزنەوە، چونكە موهیمە نییە، (يشمل بتقديم ثانياً وثالثاً) پێنجی كۆن، ئەمانە شەرحی سەرەوەیە، سەرەوەی یەكەكە لابدەن و لەوێ جوملەیەك ئیزافە بكەن (وفق المعايير التالية: اولاً، ثانياً...........).

(سادساً)ی كۆن كە بووە بە (ثامناً) جارێكی تر دەچێتە بواری ئەو بابەتانەی لە ماددەی (13 و 14)دا هەیە تكاتان لێ دەكەم موهیمە نییە، (للهيئة ان توصي)، (ثانياً)یش هەر ئەوا (للهيئة ان تحيل)، موهیمەكە تەقریبەن تەواو بووە.

نۆ/ دوو/ دەچێتە ئەحكامی عامە (تشمل المراقبة قانونية).

سێ/ ئەوەش موهیمە نییە، (على الجهة الخاضعة للرقابة)، ئەمەش دەتوانێت بچێتە ئەحكامی عامەی پاش ماددەی (16 و 22) و ملكەچ، بەخوای بە كوردی ملكەچ خازیعە نییە، رجاتان لێ دەكەم، ئەو ملكەچە لادەن بیكەنە شتێكی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سميره گۆران کەرەم بکە.

**بەڕێز سميره عبدالله اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له ماددەی (پێنجەم/أ) باشتر وایه بەم جۆره دابڕێژرێتەوه (تعمل الهيئة من اجل مكافحة الفساد وتطبيق معايير الخدمة وفقاً للدستور والقوانين النافذة)، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەرکی یەکەمی ئەو دەزگایە، که زۆر بە روونی دیار بێت له موکافەحەی فەساده، بێگومان بەپێی دەستوورو یاسا بەرکارەکان دەبێت.

بەنیسبەت ئەوەی که ماددەی شەش بوو، ئێستا دەمج کراوه لەگەڵی برگەی پێنجەم/أ، پێویستە ئاشکرا کردنی سەروەت و سامانی کەسی بەرپرسان بەر له دەست بەکار بوونیان بێت، بۆیە رستەی (قبل مباشرة مهامهم) بۆ زیاد بکرێت.

هەروەها له خاڵی پێنجەم که بۆتە حەوتەم (اولاد قاصرين)یش نووسراوه، بۆ بەس قاسرین، ئەگەر تابیعینیشی لەگەڵدا بێت، یەعنی هەموو منداڵەکان، بەس قاصر نەبێت، لێره دیسان باسی (اي شخص يشغل منصب مدني وعسكري)، عەسکەریەکە دیاری نەکراوه دەرەجەکەی، پلەکەی له چەندەوە دەست پێ بکات مەسەلەن، له سەرەوەی نەقیبە، عەمیدە، چیە؟ ئەگەر ئەویش دیاری بکرێت، ئەگەر خاڵێکیش ئیزافە بکرێت (واطراف القطاع الخاص المتعاقدة الاشخاص والشركات مع القطاع العام في الاقليم)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر بەشیر کەرەم بکە.

**بەڕێز د.بشير خليل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو دوو ماددەیەی که لێك دراوه، (اولاً: تعمل الهيئة) پێم باشە کەلیمەیەکی بۆ ئیزافە بکرێت، ئەویش کەلیمەی (وبشفافية)، لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ شەفافیەت پێوەرێکی گرنگە لەو مەسەلانەو داخوازییەکی گەورەی جەماوەریشە، بۆیە ئەگەر بکرێت (تعمل الهيئة وبشفافية من اجل او تنفيذ وتطبيق القوانين)لە لابدەین، لەبەر ئەوەی له نیهایەتی فەقەرەکە دەڵێین (وفقاً للدستور والقوانين النافذة)، بۆیە تیکرار دەبێتەوە، دەڵێت (تعمل الهيئة وبشفافية من اجل مكافحة الفساد)، کەواتە موکافەحەی فەساد دەبێتە ئیشی گرنگی ئەو هەیئەیە.

له فەقەرەی (ب) هەردوو لیژنەکە ئیقتیراحیان کردووه کەوا لابچێت، لەبەر ئەوەی ئەمەیان حاصل تەحصیلە، فەقەرەی سێ بچێتە ماددەی دە، لەبەر ئەوەی ئەوێندەر مەهامی رەئیسی هەیئەیە، له (ثالثاً) له خوارەوە که باسی نەشری سەقافەی وەتەنی دەکات (لتنمية اخلاقيات النزاهة)، ئەمانە مەجموعەیەك موئەساسات هێناوه وەکو مەسەلەن له مەناهیجی دیراسی کاك عومەریش باسی ئەوەی کرد، کەوا کۆنگرە بگیرێت بۆ ئەو مەسەلانە، منیش دەڵێم ئەگەر ئیستیفاده له حیفازی دینی بکرێت بۆ ئەو مەسەلەیە، بۆیە

ئەوەشی بۆ ئیزافە بکرێت (والاستفادة من الخطاب الديني لجميع الاديان)، هەتا ئیسلام و مەسیحی و ئەوانەش ئەگەر لە وەعزی خۆیان، لە خوتبەی خۆیاندا باس لەو ئەخیلاقیاتانە بکەن.

لە خاڵی دووەمی (خامساً) کە باس لە کەشفی مەسالحی مالی دەکات، دەڵێت کەشفی مەسالحی مالی ئەوە لێرە ئەوەندە ئەوە دەکات، کە کابرا فەرمانبەرە، باشە ئەوە مەفروزە لە پێش ئەوەی کە فەرمانبەر بێت بزانین چی هەیە، هەتا بزانین لە وەزیفەکەی لە چی زیادی کردووە، بۆیە من پێم باشە لە ئاخیری ئەم خاڵەدا بنووسرێت (قبل مباشرة مهامه)، یەعنی کەشفی مەسالحی خۆی بکات لە پێش موباشەرەی مەهامی، ئینجا بزانێت لە کاتی مەهامەکەی چی بۆ زیاد بووە؟

لە خاڵی سێیەم فەقەرەی (ذ) دەڵێت ئەوانەی کەوا شمولی ئەو کەشفی مالیە دەکات لە ئاخیری دەڵێت (اي شخص يشغل منصب مدني او عسكري)، باشە من دەڵێم ئەدی ئەوانەی کەوا تەقاعود بوون، لەوانەیە کابرا موتەقاعیدیشە، بەلام دیسان فەسادی کردووە، یان ئەوەی کەوا ئێستا گوێی لێیە کەوا ئەم قانونەو ئەم هەیئەیە دروست دەبێت لەوانەیە لە ئێستاوە محاوەلە دەکات خۆی تەقاعود بکات، دواتر ئەوە شمولی تەقاعود ناکات، بۆیە لە ئاخیری هەڵدەستێت (اي شخص يشغل منصب مدني او عسكري او يحال او احيل على التقاعد قبل فترة مثلا ما يقارب من ستة اشهر).

لە (سادساً) نووسراوە (للهيئة ان توصي الدائرة المعنية بسحب يد الموظف)، بە خۆی لە قانونی ئینزیباتی دەوڵەت هەر موەزەفێك کەوا کەوتە بواری تەحقیقەوە مەفروزە سەحبی یەد بکرێت، بەلای کەمی لە وەزیفەکەی دوور بکرێتەوە، نابێت بگوترێت (للهيئة)، یەعنی سیفەتێکی ئیختیاری بدرێتێ، مەفروزە بگوترێت (على الهيئة)، بۆ ئەوەی سیفەتێکی ئیلزامی بداتێ، کە ئەو فەرمانبەرە لە شوێنەکەی خۆی دوور بکەوێتەوە، تا ئەوەی کە تەحقیقەکەی لەگەڵ تەواو دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار پەروین عبدالرحمن کەرەم بکە.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکم لەسەر بڕگەی پێنجەم لە ماددەی شەشدا هەیە، ئێستا دەکاتە بڕگەی پێنجەم لە پاش دەمج کردنی ماددەکە، کە دەڵێت (اصدار التعليمات وفقا لقواعد الكسب غير المشروع المنصوص عليها في الفصل الخامس من هذا القانون والتي تلزم موظفي الاقليم وكذلك زوجاتهم واولادهم القصر، الكشف عن مصالحهم المالية)، لێرە من تێ ناگەم لەبەر چی ژن و منداڵەکەی کەشف لەسەر ئەو ماڵەو ئەو شتانەی کە هەیتیان کەشف بکەن، من پێم باشە بکرێتە (وكذلك زوجاتهم واولادهم القصر، الكشف عن مصالحهم المالية بعد مباشرة مهامه)، لەبەر ئەوەی زۆر ژن هەیە پێش ئەوەی مێرد بەو پیاوە بکات هەندێك موڵك و ماڵی هەبێت بەناوی خۆشی بێت، جا ناکرێت لێرە کەشف لەسەر ئەو ماڵە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دڵشاد شهاب كەرەم بكە.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە خاڵی سێیەم لە ڕاپۆرتی هاوبەش ئەوەی كە یەكخراوە (استلام شكاوي المواطنين والجهات المتعلقة بالفساد)، تەبیعی بەخۆی (الشكاوي المتعلقة بالفساد) لە خوێندنەوەكەی بۆتە (الجهات المتعلقة بالفساد)، بۆیە ئەگەر ڕێك بخرێتەوە (استلام الشكاوي من المواطنين والجهات)، یان (استلام الشكاوي المتعلقة بالفساد من المواطنين والجهات الاخرى) موهیم بەشێوەیەك موعالەجە بكرێت، چونكە پێموایە تێكەڵیەك دروست بووە، لەوانەی كە ناویان هاتووە هەرچەندە تێیدا هاتووە كە دەڵێت (اصحاب الدرجات الخاصة و وكلائهم ومعاونيهم)، بەلآم پێشنیار دەكەم پارێزگارو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا بەناو هاتن ناویان بێت، چونكە بە حوكمی قانونی موحافەزات كۆمەڵێك ئەو ئیش و كارەی كە ئێستا لە مەهامی ئەنجومەنی پارێزگاكان دایە، پێم زەرووریيە كە بە زیكر كردن ناویان بێت.

ئەوەی تر وەرگرتنی سكاڵاكان، هەم دیسان ئەوەی شەكاوی لە هاووڵاتیان، بمبورن ئەگەر شتێكی بزەبت حازرم نییە بڵێم بەو نەصە بنووسرێت، بەلآم مەبەستەكەی من ئەوەیە وەرگرتنی سكاڵا لە هاووڵاتی شتێكی باشە، ڕاستە لە تەعلیمات ئالیەت دادەنرێت، بەلآم من پێم باشە ئیلزامێكی تێدا بێت، كەوا شێوازێكی زۆر ئاسانكاری هەبێت، یەعنی ئێستا زۆر تەعلیمات و زەوابت بۆ ئینزیباتی فەرمانبەران دەرچووە، كە مەفروزە بەو شێوەیەو بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ هاووڵاتیدا بكات، بەلآم چونكە هاووڵاتی وسیلەیەكی گەیاندنی نییە، بەڕاستی ئەو موشكیلەیەی لە كوردستان هەیە ئەوەیە دەوام لە سەعات هەشتی بەیانی دەست پێ دەكات تا سێی ئێوارە، سەعات نۆ دەهێڵن فەرمانبەر بچێتە ژووری سەعات دوازدە دەرگا دادەخرێت، هاووڵاتی شەكوای هەیە لەم حاڵەتەدا، نازانێت بە كوێ بڵێت؟ چۆن بیگەیەنێت؟ بۆیە لەگەڵ ئەوەی كە ئەم هاووڵاتیە حەقی ئەم گەیاندنەی دەبێت، بەلآم ئیلزام بكرێت كەوا ڕێگایەكی وەكو دانانی ئالیەتێكی ئاسان و ئاشكرا، بۆ ئەوەی هەموو هاووڵاتیەك بتوانێت پیادەی ئەم مافەی خۆی بكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئاسۆ كەریم كەرەم بكە.

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی من پێم باشە بەو شێوەیە بنووسرێت (تتولى الهيئة المهام والصلاحيات الاتية)، بڕگەی دووەم لە تەقریری موشتەرەك پێم باشە بەو شێوەیە صیاغە بكرێتەوە (التحري عن جرائم الفساد من تلقاء نفسها او بناءاً على اخبار ترد اليها من اية جهة كانت وجمع الادلة والمعلومات الخاصة بذلك واحالتها الى المحكمة المختصة ومتابعتها).

فەقەرەی پێنجەم لەتەقریری موشتەرەك، كە پێموایە هی سێیەمە لە ماددەی شەشەم لە دوای جوملەی (نشر ثقافة وطنية لتنمية اخلاقيات النزاهة الشخصية)، ئەوە ئیزافە بكرێت (بالتعاون مع وسائل الاعلام ومؤسسات المجتمع المدني)، لە كۆتاییدا پێم باشە سێ فەقەرەی تر ئیزافە بكرێت بۆ ئەو ماددەیە دەیەم/ (نشر تقارير دورية عن جرائم الفساد ومكافحتها للرأي العام في وسائل الاعلام المختلفة).

یازدەم/ (التعاون مع الجهات المحلية والعراقية والاقليمية والعالمية لمكافحة جرائم الفساد)، چونكە بەڕاستی جەرائیمی فەساد بۆتە زاهیرەیەكی عالەمی.

دوازدەم/ (اقتراح المشروعات الخاصة بظاهرة الفساد)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار هاژە كەرەم بكە.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەركەكانی دەستە، كە هەردوو ماددەی پێنج و شەش كرا بە یەك، لە دووەم پشتگیری لە لیژنەی نەزاهە دەكەم كە دووەم بگوازێتەوە بۆ ماددەی دەیەم، چونكە لە زیمنی ئەركەكانی سەرۆكە، لە بڕگەی پێنجەمی ماددەی شەشی ئەسڵی پڕۆژەكە، منیش پێم باشە كە لێرەدا دەڵێت كە گەورە فەرمانبەرانی هەرێم و هاوسەرەكانیان، منداڵە ناكامەكانیان دەربەست دەكات كە بەرژەوەندییە داراییەكانیان ئاشكرا بكەن بەر لە دەست بەكار بوونیان لە ئەركە وەزیفیەكانیان، ئەوەی بۆ زیاد بكرێت، چونكە وەكو گوتمان بەڕاستی هەندێك كەس هەیە یەعنی مەعقول نییە موڵك و ماڵی خۆی هەیە، دوای ئەوەی كە موحاسەبە بكرێت لەسەر ئەوەی كە موڵك و ماڵی خۆشی هەیە، بۆیە بەر لە دەست بەكار بوونی لە ئەركە وەزیفیەكەی وا باشە ئەوەی بۆ زیاد بكرێت، هەمووی دووبارە بوونەوەیە، بۆیە من پێم باشە پێشكەش كردنی دەرخستەی بەرژەوەندییە داراییەكان هەر یەك لەوانەی كە لە ماددەی چوار بڕگەی یەك و دوو و سێدا هاتووە، پێویست ناكات ئەو هەموو دووبارە كردنەوەیە.

لە بڕگەی حەوتەم، لێرە پشكێنەرە گشتیەكان، یەعنی كە موفەتیشی عام، وابزانم ئەو وەزیفەیە تاكو ئێستا نییە لە كوردستان، لێرە دانراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار اسماعیل محمود كەرەم بكە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی پێنج/ بڕگەی سێ، من هەمان تێبینی كاك دڵشادم هەبوو، وەرگرتنی سكاڵای هاووڵاتیان و ئەو لایەنانەی پەیوەندیدارن بە گەندەڵی، یەعنی ئەو لایەنانە كامەن؟ كامە لایەن پەیوەندیدارە بە گەندەڵییەوە، دەبێت بەڕاستی صیاغەكەی باشتر بكرێتن.

له حەوتەمیشدا، کاك دڵشاد ئەنجومەنی پارێزگای ئیزافە کرد، من دەڵێم ئیداراتیش ئیزافە بکرێت، چونکە ئیداراتیش ئێستا هەیە لەگەڵ ئیدارەی ئێستا ئەو شوێنانەی کە بڕیارە لە ئەنجومەنی وەزیران ئیدارات لە شوێنەکانیان هەبێت، پارێزگارو ئیدارات، ئەو ئیدارانەی کە ناومان ناون، ئیدارەی گەرمیانە، ئیدارەی سۆرانە، ئەو ئیدارانەش ئیزافە بکرێت وەکو سەرۆك و یەکە ئیدارییەکانی تر ناویان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبارەی ماددەی پێنج و شەشەوە، لەبەر ئەوەی بوون بە یەك ماددە، بۆیە منیش ئەو پێشنیارەم هەیە، کە هەندێك لە هاوکارانم تەرحیان کرد، کە مەهامی ئەو ماددەیە، مەهامی هەیئەکە باس دەکات، لەبەر ئەوە لە جیاتی (تعمل الهيئة من اجل)، سەرەتا بڵێین (تتولى الهيئة المهام الاتية: )، من لەگەڵ ئەوەم هەردوو (أ و ب) بکرێن بە یەك (اولاً) بەم شێوەیە: (العمل بقيادية وموضوعية وشفافية دون تميز من اجل تنفيذ وتطبيق قوانين مكافحة الفساد ومعايير الخدمة العامة وفقاً للدستور والقوانين النافذة)، فەقەرەی (ب) لا دەچێت.

سەبارەت بە (ثانياً) لە ماددەی شەش لە ئەسڵی قانونەکە کە (أ-استلام شكاوى المواطنين والجهات والاطراف المتعلقة بالفساد)، بۆ ئەوەی ماناکەی لە کوردیەکەش بەشێوەیەکی تر بووە، کە ئەو جیهاتانە پەیوەندییان بە فەسادەکەوە هەیە، من پێشنیار دەکەم بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە (استلام الشكاوى المتعلقة بالفساد من المواطنين والجهات والاطراف).

سەبارەت بە (سادساً) لە ماددەی شەشەمی ئەسڵی قانونەکە، کە دەڵێت (للهيئة ان توصي الدائرة)، من پێم باشە ئەو توصیە بکرێتە (ان تقرر)، واتا (للهيئة ان تقرر للدائرة المعنية بسحب يد الموظف الخاضع للتحقيق وفقا لقانون انضباط موظفي الدولة رقم (14) لسنة 1991 النافذ في الاقليم)، نەك بە صیغەی تەوصیە، بە صیغەی ئیقرار بێت.

لە (سابعاً)ش (أ- تقوم الهيئة بمراقبة التصرف باموال الاقليم)، من پێشنیار دەکەم بکرێتە (تقوم الهيئة بمراقبة التصرفات المتعلقة باموال الاقليم وطريقة ادارتها بالتعاون مع ديوان الرقابة المالية والجهات المعنية الاخرى)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعەدی کەرەم بکە.

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری تەواو دەکەم لە لیژنە هاوبەشەکەو ئەوانەی تێی هاتووە، بەلاّم بەباشی دەزانم ئەگەر بەکورتی هەموو مەهام و کارەکانی هەیئەکە دەتوانین بە سێ خاڵ دەست نیشانی بکەین:

یەکەم/ گەیشتن بە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە گەندەڵی، ئەوە کارە ئەساسیەکەیەتی.

دووەم/ چاودێری کردارەکان، ئەوانەی دەیکەین.

سێیەم/ چۆن وا لەو کەسانە بکەین کە ملکەچی یاسای گەندەڵی بن.

هەر پشتگیری لە کاك عمر نورەدینی دەکەم کە چۆن وا بکەین، چۆن وا لەو کەسانە بکەین ملکەچی یاسای گەندەڵی بن بە کردنەوەی دەورات و سیمینارات و بەرنامەی تایبەت بە گەندەڵی، ئەگەر بکرا بوایە دەسەلاّتی ئەو هەیئەیە لەوە دەبێت، کە ماڤ بدرێتێ، ئەو لیژنەیە خۆی کە قەزیەکی گەندەڵی بە تەواوی گەیشت بێ و راستەوخۆ بیدات بە قەزا، ئەگەر هاتو لە ئەنجامی ئەوەی دای بە قەزا، بەلاّم نارەزایی هەبوو لەو کەسەی کە گەندەڵی پیشان دەدات، بۆی هەبێت جارێکی تر تەمیز بکاتەوەو داوا بکات ئیعادەی نەزەر بکرێت بە قەزیەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار خلیل عثمان کەرەم بکە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ناوی ئەو بەشە وەکو برای بەڕێزم کاك ئاسۆ گوتی ناوی بەشەکە کە ئەرکەکان هاتووە، بکرێتە ئەرك و دەسەلاّتەکانی دەستە.

خالێکی تر، لە دانیشتنی پێشتردا لەگەڵ چەند هاوکارێکم پێشنیاری دوو برگەمان کرد، کە داواکارم لێرەدا جێگەی بکرێتەوە.

پێشنیارێکی دیکە، لە ماددەی شەشەم/ یەکەمیان، کە دەڵێت لێکۆڵینەوە لە دۆزەکانی گەندەڵی، من پێم باشە ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت، ئەو گەندەڵیانەش کە لە دوای 1991/3/25ـەوە ئەنجام دراون، یەعنی لەوانەیە برادەرانی یاسایی تۆزێك هین بکەن لەوەی کە ئەمە جەدوەلێکی قانونی لەسەر دروست بکرێت، بلێن ئەمە نابێت ئەسەری رەجعی هەبێت، بەلاّم من پێموایە هەندێك جار ئیستیسنائات هەیە لە قانون، چونکە راستە ئەسڵ ئەوەیە کە قانون ئەسەری رەجعی نەبێت، بەلاّم تۆ لێرە هەڵناستیت بەوەی کە شتێك جەریمە نەبووە بیکەیت بە جەریمە، بەڵکو جەریمەکە هەیە، ئەو کەسەی کە ئیختیلاسی کردووە، پێشتریش زانیوویەتی کە ئەوە جەریمەیە، بەلاّم تۆ دێیت لێرە بە نەصێك دەسەلاّتێك دەدەیت بە دەستەیەك کە لە گەندەڵیەکانی پێش خۆی بکۆڵێتەوە، من پێم باشە لێرە ئەوەش ئیزافە بکرێت و هەر وای لێ بکرێت، (لێکۆڵینەوە لە دۆزەکانی گەندەڵی و ئەو گەندەڵیانەش کە لە دوای 1991/3/25ـەوە ئەنجام دراون و هەروەك چۆن لە قانونە عێراقیەکان هاتووە بۆ ساڵی (1967)ی گێڕاوە، بەلاّم دیارە ئەوە بۆ ئێمە ناکرێت، من پێم باشە لە ساڵی (1991)ـەوە بێت، لە هەندێ شوێنی رستەو بابەتەکاندا ناوی

بەرژەوەندییە داراییەکان هاتووە، هەروەکو ئەو رۆژە برای بەڕێزم کاك دکتۆر ئاراس ئاماژەی پێ کرد بەرژەوەندییە داراییەکان، دارایی زیاتر ئەم وشەیە ئەموالی نەقدی دەگرێتەوە، یەعنی عەینی و شتەکانی تر ناگرێتەوە، ئەگەر صیغەیەك بۆ ئەمە بدۆزنەوە، زۆر زۆر باشەو زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەو موناقەشەو مولاحەزاتانەی کە ئەو برا بەڕێزانە، ئێمەش هاوڕاین لەسەر ئەوەی کەوا بکرێتە مەهام و سەلاحیەت، واتا عینوانی ماددەکە بکرێتە مەهام و سەلاحیەت، دوای ئەوە بەنیسبەتی هەندێك مولاحەزاتمان وەرگرت لەسەر ئەوەی کەوا لە بڕگەی پێنجدا باس لە عەقدی موئتەمەرات و نەدواتی عیلمی بکرێت، ئەوە لە ماددەی حەوتدا بە ئاشکرا باسی لەسەر کراوە، ماددەی دوازدە بڕگەی حەوت لە عەقدی موئتەمەرات و نەدەوات کراوە لەسەر ئەوە، مولاحەزەکە واریدە، بەلاَم خۆمان هەمانە لە ماددەکانی دواتردا، لەبەر ئەوە پێویست ناکات لێرە ئیزافەی بکەین، تەنها ئێمە فەقەرەیەکی ترمان ئیزافە کردووە لەسەر تەلەبی ئەم خوشك وبرا بەڕێزانە، ئەویش ئەوەیە کەوا ئیزافەی سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان و ئەعزای مەجلیسی موحافەزەو مەجلیسی بەلەدییەکانیش بخرێتە زیمنی ئەو کەسانەی کە خازیعن بۆ کەشفی مەسالحی مالی بۆ تەقدیم کردن، دواتر ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش و هەرسێ لامان هاوڕاین لەسەر ئەوەی کە ئەوانە ئیزافە بکەین، مولاحەزەی کاك دڵشاد شەهاب و یەك و دوو برا تر لەسەر (استلام الشکاوی) راست دەکات، فەقەرە سێ لێرە تۆزێك غموزی تێدایە، هەرچەند ئەگەر تەفسیر بکرێت تەفسیرێکی یاساییانە، تەقریبەن هەمان مانا دەگەیەنێت، بەلاَم بۆ زیاتری وزوح پێمانوایە بکرێت بە (استلام الشکاوي من المواطنين والجهات المختلفة)، (استلام الشکاوي المتعلقة بالفساد من المواطنين والجهات المختلفة)، ئەوە وزوحێکی زیاتری تێدایەو تێگەیشتنێکی تێدایە، ئیتر دواتری بڕگەکان هەموو وەکو خۆی، هەرسێ لیژنەکان هاوبەشین لەسەر ئەوەی وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر بەشیر کەرەم بکە.

**بەڕێز د.بشير خليل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیقتیراحێك هەبوو، دوو ئەندامی پەرلەمان ئیقتیراحمان کرد، بۆ ئەوەی پێش دەست بەکار بوون مەهامەکان کەشف بکرێت، مەسالحەکان کەشف بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو کەشفی مالیە، عادەتەن لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە لەسەر ئـەو مەنصـەبە وەردەگرێت، ئەو پۆستە وەردەگرێت، دواتر ئەو کەسانە ئازادن...........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئێمە دەست بەکارین، ئەگەر بڵێین لە پێش دەست بەکار بوونەوە، نابێت، یـەعنی هـەمووومان بـا بگرێتـەوە، ئـەوەی ئێسـتا کـار دەکـات، ئـەوەی لـە موسـتەقبەلیش کـار دەکـات، خۆیـان هەیئەتەکـە جێـی ئیعتیمادن فەترەیەك دادەنێن و بەدواداچوونی بۆ دەکەن، فەرموو بۆ ئاخیر صیاغە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## بەشی دووەم

## ئەرك و دەسەڵاتەکان

ماددەی پێنجەم: دەستە ئەم کارانە دەکات:

یەکەم: جێبەجێ کردن و پیادە کردنی یاساکانی بەرەنگاربوونـەوەی گەنـدەڵ و پێوەرەکـانی خزمـەتگوزاری گشتی بەپێی دەستوورو یاسا کارپێکراوەکان.

دووەم: لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکانی گەندەڵ و ناردنی بۆ دادگای تایبەتمەندو بەدواداچوونی.

سێیەم: وەرگرتنی سکاڵای پەیوەندیدار بە گەندەڵی لە هاووڵاتیان و لایەنە جیاوازەکان.

چوارەم: پاراستنی نهێنی ناسنامەی ئەوانەی هاریکاری دەکەن، بەپێی یاسا، مەگەر هاریکار وازی لە پاراسـتن هێنابێ.

پێنجـەم: بلاْوکردنـەوەی رۆشـنبیری نیشـتمانی بـۆ گەشـەپێدانی ڕەوشـتەکانی دەسـتپاکی کەسـێتی و پابەندبوونی خودی بەپێوەرەکانی خزمەتگوزاری و لەگەڵ بەرپرسی تایبەتمەندکار دەکات لەپێناوی دانـانی بەرنامەیەکی خوێندنی نیشتمانی لەپێناوی چەمکی نەزاهەتدا.

شەشەم: دەرکردنی ڕێنمایی لەبارەی ڕێساکانی رەفتار کردنی وەزیفـی بـۆ ڕوونکردنـەوەی پێوانـەو رەوشـتی خزمەتگوزاری گشتی، کە دەبێت فەرمانبەرانی هەرێم وەکو مـەرجێك بـۆ دامەزرانـدن و بـەردەوامبوون لـە خزمەتکردندا پێیەوە پابەند بن و چاودێری ئـەم پابەنـد بوونـە بکرێـت و ڕێنماییـەکان نـاوە نـاوە بـەپێی پێویست هەموار دەکرێت.

حەوتەم:

1- دەرچوواندنی ڕێنمایی بەپێی بنچینەی دەسکەوتنی ناڕەوا (کسب غیر مشروع)، کـە دەقەکـەی لـە بەشـی پێنجەمی ئـەم یاسـایەدا هـاتووە، کـە دەبـێ فەرمانبـەرانی هـەرێم و هاوسـەرەکانیان و منداڵـە ناکامـەکانیان

پابەندبن  پێیەوەو بەرژەوەندی دارایی خۆیان ئاشکرا بکەن و لە کاتێك بۆ کاتێکی تر هەمواربکرێ بەو پێیەی کە بە گونجاوی دەزانێ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کە مەبەستن.

2- ئاشکرا کردنی بەرژەوەندی، بەیاننامەی ڕاشکاوانە دەگرێتەخۆ لەبارەی ئەو کەسەی کە چەند خانووبەرەو ومالّی گوازراو و نەگوازراوو داهاتی دارایی و ڕەسیدی لە بانکەکانداو پشك و سەندو مافی مەعنەوی لە ناو هەرێم و دەرەوەدا هەیە.

3- ئاشکرا کردنی بەرژەوەندی دارایی ئەمانە دەگرێتەوە:

أ- سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی.

ب- سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێرو ئەندامان.

ت- سەرۆك وزیران و جێگرەکەی.

پ – وەزیرەکان و ئەوانەی بە پلەی وەزیرن و بریکاری وەزارەتەکان.

ج- سەرۆکی دەستەی گشتی نەزاهەو جێگرەکەی و هەموو بەڕێوەبەرە گشتیەکانی دەستەو لێکۆڵەرەکانی.

ح- خاوەنی پلەی تایبەتی و بریکارەکانیان و یاریدەدەرەکانیان.

خ- بەڕێوەبەرە گشتیەکان و یاریدەدەرەکانیان.

د- دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و سەرپەرشتیارانی دادو لێکۆڵەران.

ژ – ئەفسەرانی پاسەوانی هەرێم و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

ه- سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان وشارەوانییەکان.

و- هەر کەسێك پایەکی مەدەنی، یان سەربازی هەبێ و ناوی لەسەرەوەدا نەهاتبێ و دەستە بەپێویستی دەزانێ ڕاپۆرتی ئاشکراکردنی دارایی بیان گرێتەوە، بەپێی ڕێنماییەکانی بۆ ئەم مەبەستە دەردەچێ.

هەشتەم:

1- دەستە بۆی هەیە فەرمانگەی پەیوەندیدار ڕاسپێرێ بەدەست لەکارکێشانەوەی ئەو فەرمانبەرەی لێکۆڵینەوەی لەگەلّ دەکرێ، بەپێی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەتی ژمارە (14)ی ساڵی 1991، کە لە هەرێمدا کاری پێ دەکرێ.

2- دەستە بۆی هەیە ئەو سەرپێچیانەی کە پەیوەندیدارن بە پێوەرەکانی ڕاژەی گشتی بنێرێ بۆ سەرۆکی فەرمانگە حکومییەکەی، کە فەرمانبەرە سەرپێچیەکەرەکەی پێوە بەستراوەتەوەو بۆی هەیە ئەمە بە ڕاسپاردەیەك بلکێنێ، تاکو ڕێکاری بەرزەفتکردن و دادوەری لە بارەیەوە ئەنجام بدرێ.

نۆیەم:

1- دەستە بۆی هەیە چاودێری دەستکاری کردن بە موڵکی هەرێم و ڕێگای بەڕێوە بردن بکات، ئەمەش بەهاوکاری دەبێ لەگەلّ دیوانی چاودێری دارایی و لایەنی پەیوەندیداری دیکەدا.

2- چاودێری یاسایی بڕیارەکان و کارەکانی وەزارەتەکان و فەرمانگەکان و ئەو دەستانەی ملکەچن بۆ چاودێری و ڕادەی دەستپاکیان دەگرێتەوە.

3- ئـەو لایەنـەی ملکەچـە بـۆ چـاودێری، دەبـێ لەسـەر داوای دەسـتەو بـەبێ دواکـەوتنی زانیـاری و ڕوونکردنەوەو بەڵگەنامەو دۆکیومێنت بە نهێنیەکانەوە، جا هەر چیەك بێ پلەی شاردنەوەی و هی تـریش پێشکەش بەدەستە بکات، کە دەستە بەپێویستی دەزانێ بۆ مەبەستی چاودێری سەیریان بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بە عەرەبیەکەی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثاني**

**مهام وصلاحيات الهيئة**

المادة الخامسة: تعمل الهيئة على:

اولاً: تنفيذ وتطبيق قوانين مكافحة الفساد ومعايير الخدمة العامة وفق الدستور والقوانين النافذة.

ثانياً: التحقيق في قضايا الفساد واحالتها الى المحكمة المختصة ومتابعتها.

ثالثا: استلام الشكاوى المتعلقة بالفساد من المواطنين والجهات المختلفة.

رابعا: المحافظة على سرية هوية المتعاونين وفقا للقانون الا اذا تنازل المتعاون عن الحماية.

خامسا: نشر ثقافة وطنية لتنمية اخلاقيات النزاهة الشخصية والالتـزام الـذاتي بمعـايير الخدمـة وتعمـل مـع مسؤولين مختصين من اجل وضع مناهج دراسية وطنية لتعزيز مفهوم النزاهة.

سادسا: اصدار تعليمات قواعد السلوك الوظيفي لتوضيح معـايير الخدمـة العامـة واخلاقياتها الـتي يلتـزم بها موظفوا الاقليم والقطاع العام باعتبارها شرطا للتعيين وللاستمرار ومراقبة مدى التقيد بها وتعدل من وقت لاخر حسب الحاجة.

سابعا:

1- اصدار تعليمات وفقا لقواعد الكسب غير المشروع المنصوص عليها في الفصل الخامس من هذا القانون والـتي تلزم موظفي الاقليم وكذلك زوجاتهم واولادهم القصر، الكشف عن مصـالحهم الماليـة وتعـدل مـن وقـت لاخـر وفق لماتراه مناسبا لتحقيق الاغراض المنشودة منها.

2- يتضمن كشف المصالح المالية بيانات تفصيلية عما يملكه المكلف من عقارات ومنقولات ودخل مالي وارصدة في المصارف واسهم وسندات وحقوق معنوية داخل الاقليم وخارجه.

3- يشمل كشف المصالح المالية كل من:

أ- رئيس الاقليم ونائبه.

ب- رئيس البرلمان ونائبه والسكرتير والاعضاء.

ت- رئيس الوزراء ونائبه.

ث- الوزراء ومن هم بدرجة وزير ووكلاء الوزارات.

ج- رئيس الهيئة العامة للنزاهة ونائبه وجميع مدراء الهيئة العاميين ومحققيها.

ح- اصحاب الدرجات الخاصة ووكلائهم ومعاونيهم.

خ- المدراء العامين ومعاونيهم.

د- القضاة واعضاء الادعاء العام والمشرفين العدليين والمحققين.

ذ- ضباط حرس الاقليم وقوى الامن الداخلي.

هـ- رؤساء الوحدات الادارية واعضاء مجالس المحافظات والاقضية والنواحي ورؤساء البلديات واعضاء مجالس البلدية.

و- اي شخص يشغل منصب مدني او عسكري ممن لم يرد ذكره اعلاه وترى الهيئة ضرورة شموله بتقرير الكشف المالي، وفقا لتعليمات تصدر لهذا الغرض.

ثامنا:

1- للهيئة ان توصي الدائرة المعنية بسحب يد الموظف الخاضع للتحقيق وفقا لقانون انضباط موظفي الدولة رقم (14) لسنة 1991 النافذ في الاقليم.

2- للهيئة ان تحيل المخالفات المتعلقة بمعايير الخدمة العامة الى رئيس الدائرة الحكومية التي يرتبط بها الموظف المخالف، ولها ان ترفق ذلك بتوصية باتخاذ اجراءات انضباطية وقضائية.

تاسعا:

1- للهيئة ان تقوم بمراقبة التصرف باموال الاقليم وطريقة ادارتها بالتعاون مع ديوان الرقابة المالية والجهات المعنية الاخرى .

2- تشمل المراقبة قانونية قرارات واعمال الوزارات والدوائر والهيئات الخاضعة للرقابة ومدى نزاهتها.

3- على الجهة الخاضعة للرقابة ان تقدم للهيئة بناءاً على طلبها وبدون تأخير المعلومات والايضاحات والمستندات والوثائق بما فيها السرية ايا كانت درجة كتمانها وغير ذلك مما ترى الهيئة ضرورة الاطلاع عليها لاغراض الرقابة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو، کەرەم بکە.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها بۆ بەرچاو خستنێك لە برگەی پێنجەمدا جیاوازییەك لەنێوان کوردییەکەو عەرەبیەکەدا هەیە، چونکە ئێمە کە کوردیەکەمان خوێندەوە دەڵێ (کە دەبێ فەرمانبەرانی هەرێم وەکو مەرجێك بۆ دامەزراندن و .........)، بەلاَم لە عەرەبیەکەی دەڵێ قیتاعی عامی تیادا لا نەدراوە، ئەمە پێویستە لابدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو فەقەرەی سێ (ثالثاً) ئەگەر تەصلیح بکرێت و ئەو مولاحەزەی کاك سەروەر وەربگرن، فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێکمان لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی بۆ هاتووە، بۆ دارشتنەوەی بڕگەی سێیەم کە باس لە ئیستیلامی شەکاوی دەکات (استلام شكاوي المواطنين المتعلقة بالفساد والجهات المختلفة والتحقيق فيها)، داوایان کردووە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە کاك شۆڕش.

**بەڕێز شۆڕش مجيد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو دەزانین ئەو پرۆژە یاسایە لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هاتووە لە کۆتایی مانگی نۆی ساڵی 2010، لە دوای تێکەڵ کردنەوەی ماددەی پێنج و ماددەی شەش، لە بڕگەی شەشدا باس لەوە دەکات (اصدار تعليمات قواعد السلوك الوظيفي لتوضيح معايير الخدمة العامة واخلاقياتها)، حکومەتی هەرێمی کوردستان بیست رۆژێك نابێت، یەعنی بیست رۆژی بەسەردا نەرۆیشتووە لە ژێر ناوی نیزامی ژمارە (1)ی ساڵی 2011 نیزامی قەواعیدی سلوك و میهەنیەی دەرکردووە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێموایە ئەوەی لە بڕگەی شەشدا هاتووە زیادە، چونکە لە رووی یاساییەوە لەنگ دەبێت لە دوو شوێندا باس بکرێت، چونکە پێشتر حکومەت ئەوەی دەرکرد بوو، بەڵام ئەو پرۆژە یاسایە کۆنەو ساڵی پار هاتووە، حکومەت بیست رۆژێك نابێت ئەو قەواعیدی سلوکەی دەرکردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پرۆژە یاساکە کۆنە، بەس راپۆرتی لیژنەکان زۆر درەنگ هاتن تاکو ئێمەش توانیمان لە بەرنامەی کار دابنێین، کەرەم بکە کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە کاك شۆڕش باسی لەسەر دەکات، ئەوە نیزامێکە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەریکردووە، ئەمە یاسایەکی تایبەتیە، لەبەر ئەوە پێویست دەکات ئەم فەقەرەیە لێرەدا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەگەر قەرارە ئێمە قسە بکەین، بۆ ئەوەی بۆچوونەکانمان داخیلی ماددەکانی ئەم یاسایە بکرێت، ئەوە کارێکی ئیجابی و بەجێیە، بەلاّم بۆ تەنها قسەو بچێتە پرۆتۆکۆلەوە، مـن تەسـەورم وایـە کـاتێکی زۆر دەکوژرێت و ئێمەش هیچ خزمەتێك بەم یاسایە ناکەین، چونکە لەڕاستیدا لە ماددەی چوار چەند هەڤاڵێك تەرحی چەند بڕگەیەکمان کرد، گوتیان بۆ ماددەی شەش دەیهێڵێنەوەو داخیلی دەکەین و تەرحی..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بینووسەو بینێرە، بەنووسینیش ئێستا بینێرە، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چونکە پێشتریش نووسی بوومان و ناردمان، سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕێزم بۆ بۆچوونەکانی کاك سالار و هەموو ئەو خوشك و برا بەڕێزانەی ئێرە، ئەم یاسایانەی کە ئێمە لێرە باسی لەسـەر دەکـەین و دەمانـەوێت ئیصداری بکـەین، بـە تەئکیـد هـەر هـەموومان دەمانـەوێت دەوڵەمەندی بکەین، بەلاّم ئەم یاسایانە پێش ئەوەی بێتە ئێرە هەموومان وەکو لیژنـەکان قسـەمان لەسـەر کردووەو کۆبوونەوەی لەسەر کراوە، صیاغەی بۆ کراوەتـەوە، کـە دەڵـێن لێـی وەرناگیرێـت، بـە پێچـەوانەوە، ئێمە لەم ماددانە گەلێك مولاحەزاتی برادەرانمان بـە هەنـد وەرگرتـووەو ئیزافـەمان کـردووە، ناکرێـت هـەر برادەرێك، هەر مولاحەزەیەکی هەبوو و ئارەزوومەند بوو مولاحەزەکەی بچێتە نـاو یاسـاکەو لێـرە بخرێتـە ناو یاساکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر مولاحەزەیەك چـەند ئەنـدامی پەرلـەمان تەئیـدی بکـات، بـا صـیاغەکەی بخوێندرێتـەوە، بـۆ ئـەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر موخالیف یاسا نەبێت، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەڵێم ئەگەر ئاڕا تەرح کرا، یان وەلاّم بدرێتـەوەو شـەرح بکرێـت بۆچـی داخیـل نـەبوو؟ یـانیش ڕەچـاو بکرێت، یەعنی ئەو سێ، چوار ئیقتیراحەی من کردم کە ئەسڵەن ئەو قسانە هی ئەم ماددەیە نین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام ئەگەر ئەندامێکی پەرلەمان ڕەئیـەکیش بـدات، برایـەکی تـر، یـان خوشـکێکی تـر تەسـنیەی نـەکات و لیژنـەکە وەری نـەگرێت ئیهمـال دەکرێـت، دوایـی بـۆ لیژنـەکەش ئـەوە نییـە یـەك، یـەك جـوابی

پرسیارەکانتان بداتەوە، لیژنەکە لێرە دانیشتوونە دیفاع لە راپۆرتەکەیان دەکەن و ئەو بۆچوونانەی کە چەند ئەندامێکی پەرلەمان پشتگیری دەکات بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر موخالیفی یاسا نەبێت، کاک سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە بۆ هەر پرۆژە یاساو بڕیارێك راپۆرت ئامادە دەکرێت و لە لیژنەکانیش گفتوگۆ دەکرێت، بەلام دانیشتنی پەرلەمان بۆ دەوڵەمەند کردنیەتی و قابیلی تاوتوێ کردنیەتی، بەڕێز لیژنەکانیش مولزەمن............

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەس ئەگەر تەسنیە نەکرێتە سەر رەئیەکەت وەرناگیرێت، کە وەری نەگرن زۆر تەبیعیە، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تەرحانەی ئێمە کردوومانە زیاد لە پێنج بۆ شەش ئەندامی پەرلەمان تەسنیەی کرد....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کاك عومەر تەرحەکەیان بە نووسین بیخوێننەوە، کە بەنووسین دایانە پێتان، با وازیح بێت، فەرموو بیخوێنەوە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە کە تەرحێکە کراوە بۆ ئەوەی زیاد بکرێت لەسەر ماددەی شەشەم:

یەکەم/ کار کردن بۆ بەشداری پێ کردنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە فێرکارییەکان لەو چالاکیانەی بۆ رووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی ئەنجام دەدرێت.

دووەم/ هاوکاری کردن لەگەڵ رێکخراو و دەستە نێودەوڵەتیەکان کە پەیوەندیدارن بە رووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی و داڕشتنی بەرنامەی زانستی بۆ خۆپاراستن و بەربەست دانان لەبەردەم هەموو جۆرەکانی گەندەڵی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، ئەو پێشنیارەی ئێستا وابزانم کاك سالار بەڕێزیان بۆیان ناردینە باس لە بەشداری کردنی ڕێکخراوەکان دەکاتن، ئێمە دەقێکمان هەیە لە ماددەی دوازدە باس لەوە دەکات، ئەگەر پەلە نەکەن، ئەو پێشنیارانەی بۆمان هاتووە لە ماددەی دوازدەو سێزەدا هەیە، بەڵێ لە بڕگەی حەوت، باس لە ئیعدادی دیراسات و بحوس دەکات، باس لە (تنمية العلاقات مع المنظمات ذات النشاطات المشابهة، تطوير المهارات، التحقيق، آليات عمليات ملزمة للدوائر الرسمية، ادارة برامج التدريب واقامة المؤتمرات)، هەموو ئەو بڕگانە لە ماددەی دوازدەدا لەخۆ دەگرن، هاوکاری ڕێکخراوەکان و دەستە نێودەوڵەتیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەوە ئەو بڕگە ئەو چالاکیانە لەخۆ دەگرێت، وابزانم پێویست ناکات لێرە لەو ماددەیەش زیاد بکرێت، چونکە لە ماددەی دوازدەدا باسی لێ کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە نەصەکە بخوێنەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی هێنا، ئینجا ئەوە، ڕەئی هاوبەشتان لەسەر ئەوەمان پێ بڵێن.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو بڕگەی کە ئیستیلامی شەکاوی بوو، بڕگەی یەکەم وەکو خۆی مایەوە، هی دووەم وەکو خۆی، هی سێیەم، سەبارەت بە وەرگرتنی سکاڵاکان دامانڕێشتەوە بەم شێوەیە: (استلام شكاوى المواطنين المتعلقة بالفساد والجهات المختلفة والتحقيق فيها)، بڕگەی چوارەم و پێنجەم وەکو خۆی، بەنیسبەت بڕگەی شەشەم کەرتی گشتی و تێکەڵاوەکەمان لادا، واتا قیتاعی عام و موختەلەت، لەبەر ئەوەی باس لە فەرمانبەری هەرێم دەکات، دامودەزگاکانی هەرێم، پێویست ناکات باسی کەرتی گشتی و کەرتی تێکەڵاو بکەین، ئەوە هەڵگیرا، بەنیسبەت بڕگەیەك پێشنیاری ئەوە کرا سەرۆکی یەکە کارگێڕیەکان زیاد بکرێت، بڕگەیەکمان بە ریزبەندی (هـ) زیاد کرد (رؤساء الوحدات الادارية واعضاء مجالس المحافظات والاقضية والنواحي ورؤساء البلديات واعضاء المجالس البلدية)، ریزبەندەکان بەو شێوەیە بوو.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو موقتەرەحە باس لە بەشداری پێ کردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنی دەکات تا چەند بەشدار بن و هاوکاری ئەو دەستەی بن، بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی گەندەڵی، ئێمە وەڵامەکەمان ئەوەیە، ئێمە لەبەر ئەوە وەڵامی یەکە یەکەی ئەندامانمان نەداوە، چونکە ئەو ڕێگەیەمان پێ نەدرا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی، لەبەر ئەوەی لە ماددەی دوازدەدا باسی ڕێکخراوەکان کراوە، چۆن هاوکاری ئەو دەستەیە دەکەن، ئەو دەستەی گشتی نەزاهە، هەموو لایەك هاوکار بن بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان، کە لە ماددەی دوازدەدا هاتووە، پێویست ناکات لەو ماددەیە بڕگەیەك زیاد بکەین بەهاوکاری کردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ دەستەی گشتی نەزاهە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## بەشی دووەم

## ئەرك و دەسەڵاتەکان

ماددەی پێنجەم: دەستە ئەم کارانە دەکات:

یەکەم: جێبەجێ کردن و پیادە کردنی یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و پێوەرەکانی خزمەتگوزاری گشتی بەپێی دەستوورو یاسا کارپێکراوەکان.

دووەم: لێکۆڵینەوە لە سکالاکانی گەندەڵی و ناردنی بۆ دادگای تایبەتمەندو بەدواداچوونی.

سێیەم: وەرگرتنی سکالای پەیوەندیدار بە گەندەڵی لە هاوولاتیان و لایەنە جیاوازەکان و لێکۆڵینەوە لێیان.

چوارەم: پاراستنی نهێنی ناسنامەی ئەوانەی هاریکاری دەکەن، بەپێی یاسا، مەگەر هاریکار وازی لە پاراستن هێنابێ.

پێنجەم: بلاوکردنەوەی رۆشنبیری نیشتمانی بۆ گەشەپێدانی ڕەوشتەکانی دەستپاکی کەسێتی و پابەندبوونی خودی بەپێوەرەکانی خزمەتگوزاری و لەگەڵ بەرپرسی تایبەتمەندکار دەکات لەپێناوی دانانی بەرنامەیەکی خوێندنی نیشتمانی لەپێناوی چەمکی نەزاهەتدا.

شەشەم: دەرکردنی ڕێنمایی لەبارەی رێساکانی رەفتار کردنی وەزیفی بۆ ڕوونکردنەوەی پێوانەو رەوشتی خزمەتگوزاری گشتی، کە دەبێت فەرمانبەرانی هەرێم وەکو مەرجێك بۆ دامەزراندن و بەردەوامبوون لە خزمەتکردندا پێیەوە پابەندبن و چاودێری ئەم پابەند بوونە بکرێت و رێنماییەکان ناوە ناوە بەپێی پێویست هەموار دەکرێت.

حەوتەم:

1- دەرچوواندنی ڕێنمایی بەپێی بنچینەی دەسکەوتنی ناڕەوا (کسب غیر مشروع)، کە دەقەکەی لە بەشی پێنجەمی ئەم یاسایەدا هاتووە، کە دەبێ فەرمانبەرانی هەرێم و هاوسەرەکانیان و منداڵە ناکامەکانیان پابەندبن پێیەوەو بەرژەوەندی دارایی خۆیان ئاشکرا بکەن و لە کاتێك بۆ کاتێکی تر هەمواربکرێ بەو پێیەی کە بە گونجاوی دەزانێ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کە مەبەستن.

2- ئاشکرا کردنی بەرژەوەندی بەیاننامەی ڕاشکاوانە دەگرێتەخۆ لەبارەی ئەو کەسەی کە چەند خانووبەرەو ومالی گوازراو و نەگوازراوو داهاتی دارایی و ڕەسیدی لە بانکەکانداو پشك و سەندو مافی مەعنەوی لە ناو هەرێم و دەرەوەدا هەیە.

3- ئاشکرا کردنی بەرژەوەندی دارایی ئەمانە دەگرێتەوە:

أ- سەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی.

ب- سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێرو ئەندامان.

ت- سەرۆك وزیران و جێگرەكەی.

پ – وەزیرەكان و ئەوانەی بە پلەی وەزیرن و بریكاری وەزارەتەكان.

ج- سەرۆكی دەستەی گشتی نەزاهەو جێگرەكەی و هەموو بەڕێوەبەرە گشتیەكانی دەستەو لێكۆڵەرەكانی.

ح- خاوەنی پلەی تایبەتی و بریكارەكانیان و یاریدەدەرەكانیان.

خ- بەڕێوەبەرە گشتیەكان و یاریدەدەرەكانیان.

د- دادوەران و ئەندامانی داواكاری گشتی و سەرپەرشتیارانی دادو لێكۆڵەران.

ژ – ئەفسەرانی پاسەوانی هەرێم و هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ.

ه- سەرۆكی یەكە كارگێڕیەكان و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاكان وشارەوانییەكان لەشارو قەزاو ناحیەكان.

و- هەر كەسێك پایەیەكی مەدەنی، یان سەربازی هەبێ و ناوی لەسەرەوەدا نەهاتبێ و دەستە بەپێویستی دەزانێ ڕاپۆرتی ئاشكراكردنی دارایی بیان گرێتەوە، بەپێی ڕێنماییەكانی بۆ ئەم مەبەستە دەردەچێ.

هەشتەم:

1- دەستە بۆی هەیە فەرمانگەی پەیوەندیدار ڕاسپێرێ بەدەست لەكاركێشانەوەی ئەو فەرمانبەرەی لێكۆڵینەوەی لەگەڵ دەكرێ، بەپێی یاسای بەرزەفتكردنی فەرمانبەرانی دەوڵەتی ژمارە (14)ی ساڵی 1991، كە لە هەرێمدا كاری پێ دەكرێ.

2- دەستە بۆی هەیە ئەو سەرپێچیانەی كە پەیوەندیدارن بە پێوەرەكانی ڕاژەی گشتی بنێرێ بۆ سەرۆكی فەرمانگە حكومییەكەی، كە فەرمانبەرە سەرپێچیەكەرەكەی پێوە بەستراوەتەوەو بۆی هەیە ئەمە بە ڕاسپاردەیەك بلكێنێ، تاكو ڕێكاری بەرزەفتكردن و دادوەری لە بارەیەوە ئەنجام بدرێ.

نۆیەم:

1- دەستە بۆی هەیە چاودێری دەستكاری كردن بە موڵكی هەرێم و ڕێگای بەڕێوە بردن بكات، ئەمەش بەهاوكاری دەبێ لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی و لایەنی پەیوەندیداری دیكەدا.

2- چاودێری یاسایی بڕیارەكان و كارەكانی وەزارەتەكان و فەرمانگەكان و ئەو دەستانەی ملكەچن بۆ چاودێری و ڕادەی دەستپاكیان دەگرێتەوە.

3- ئەو لایەنەی ملكەچە بۆ چاودێری، دەبێ لەسەر داوای دەستەو بەبێ دواكەوتنی زانیاری و ڕوونكردنەوەو بەڵگەنامەو دۆكیومێنت بە نهێنیەكانەوە، جا هەر چیەك بێ پلەی شاردنەوەی و هی تریش پێشكەش بەدەستە بكات، كە دەستە بەپێویستی دەزانێ بۆ مەبەستی چاودێری سەیریان بكات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەس لە (رابعاً) مولاحەزەیەكمان هەبوو ئەگەر ئەوە چاك بكەیت، پاشان بە عەرەبیەكە بخوێندرێتەوە، ئەگەر چوارەمیان بخوێنیتەوە، زەحمەت نەبێ.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**چوارەم گۆڕانکاری بەسەرداهات:**

**چوارەم: پاراستنی نهێنی ناسنامەی ئەوانەی هاریکاری دەکەن، بەپێی یاسا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە عەرەبیش کەرەم بکەن.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثاني**

**مهام وصلاحيات الهيئة**

**المادة الخامسة: تعمل الهيئة على:**

**اولاً: تنفيذ وتطبيق قوانين مكافحة الفساد ومعايير الخدمة العامة وفق الدستور والقوانين النافذة.**

**ثانياً: التحقيق في قضايا الفساد واحالتها الى المحكمة المختصة ومتابعتها.**

**ثالثا: استلام شكاوى المواطنين المتعلقة بالفساد والجهات المختلفة والتحقيق فيها.**

**رابعا: المحافظة على سرية هوية المتعاونين وفقا للقانون.**

**خامسا: نشر ثقافة وطنية لتنمية اخلاقيات النزاهة الشخصية والالتزام الذاتي بمعايير الخدمة وتعمل مع مسؤولين مختصين من اجل وضع مناهج دراسية وطنية لتعزيز مفهوم النزاهة.**

**سادسا: اصدار تعليمات قواعد السلوك الوظيفي لتوضيح معايير الخدمة العامة واخلاقياتها التي يلتزم بها موظفوا الاقليم باعتبارها شرطا للتعيين وللاستمرار ومراقبة مدى التقيد بها وتعدل من وقت لاخر حسب الحاجة.**

**سابعا:**

1- **اصدار تعليمات وفقا لقواعد الكسب غير المشروع المنصوص عليها في الفصل الخامس من هذا القانون والتي تلزم موظفي الاقليم وكذلك زوجاتهم واولادهم القصر، الكشف عن مصالحهم المالية وتعدل من وقت لاخر وفق لماتراه مناسبا لتحقيق الاغراض المنشودة منها.**

2- **يتضمن كشف المصالح المالية بيانات تفصيلية عما يملكه المكلف من عقارات ومنقولات ودخل مالي وارصدة في المصارف واسهم وسندات وحقوق معنوية داخل الاقليم وخارجه.**

3- **يشمل كشف المصالح المالية كل من:**

**أ- رئيس الاقليم ونائبه.**

**ب- رئيس البرلمان ونائبه والسكرتير والاعضاء.**

**ت- رئيس الوزراء ونائبه.**

**ث- الوزراء ومن هم بدرجة وزير ووكلاء الوزارات.**

ج- رئيس الهيئة العامة للنزاهة ونائبه وجميع مدراء الهيئة العاميين ومحققيها.

ح- اصحاب الدرجات الخاصة ووكلائهم ومعاونيهم.

خ- المدراء العامين ومعاونيهم.

د- القضاة واعضاء الادعاء العام والمشرفين العدليين والمحققين.

ذ- ضباط حرس الاقليم وقوى الامن الداخلي.

هـ- رؤساء الوحدات الادارية واعضاء مجالس المحافظات والاقضية والنواحي ورؤساء البلديات واعضاء المجالس البلدية.

و- اي شخص يشغل منصب مدني او عسكري ممن لم يرد ذكره اعلاه وترى الهيئة ضرورة شموله بتقرير الكشف المالي، وفقا لتعليمات تصدر لهذا الغرض.

ثامنا:

1- للهيئة ان توصي الدائرة المعنية بسحب يد الموظف الخاضع للتحقيق وفقا لقانون انضباط موظفي الدولة رقم (14) لسنة 1991 النافذ في الاقليم.

2- للهيئة ان تحيل المخالفات المتعلقة بمعايير الخدمة العامة الى رئيس الدائرة الحكومية التي يرتبط بها الموظف المخالف، ولها ان ترفق ذلك بتوصية باتخاذ اجراءات انضباطية وقضائية.

تاسعا:

1- للهيئة ان تقوم بمراقبة التصرف باموال الاقليم وطريقة ادارتها بالتعاون مع ديوان الرقابة المالية والجهات المعنية الاخرى .

2- تشمل المراقبة قانونية قرارات واعمال الوزارات والدوائر والهيئات الخاضعة للرقابة ومدى نزاهتها.

3- على الجهة الخاضعة للرقابة ان تقدم للهيئة بناءاً على طلبها وبدون تأخير المعلومات والايضاحات والمستندات والوثائق بما فيها السرية ايا كانت درجة كتمانها وغير ذلك مما ترى الهيئة ضرورة الاطلاع عليها لاغراض الرقابة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (54) بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (8) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، تكایە ماددەی حەوت، فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی سێیەم**

**هەڵبژاردنی سەرۆكی دەستەو ئەركەكانی و دامەزراوەكانی دەستە**

له ئەسڵی پرۆژەکە ماددەی حەوتەمە، لەبەر ئەوەی ماددەی پێنج و شەش بوو بە ماددەیەك، بوو بە ماددەی پێنج، ئەم ماددەیەش دەبێتە ماددەی شەشەم:

ماددەی شەشەم:

یەکەم/ پەرلەمان بە هەڵبژاردنی نهێنی و بەزۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامەکانی سەرۆکی دەستە لەنێوان سێ پاڵێوراودا، کە ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمدا دەیانپاڵێوێ هەڵدەبژێرێت و بە مەرسومی هەرێمی دادەمەزرێت.

دووەم/ مەرجی پاڵێوراو بۆ پۆستی سەرۆك، سەرباری مەرجە گشتیەکانی فەرمانبەرایەتی ئەمانەی خوارەوەیە:

1-بەتاوانی بەدڕەوشتی و ئابڕووبەر بە زیندانی کردن حوکم نەدرا بێت.

2- خاوەن تواناو دەست پاك و بێ لایەن بێت.

3- بەشداری نەکرد بێت لەو تاوانانەی رژێمی بەعس پلانی بۆ داناون، یاخود جێ بەجێی کردوون، یان ئەنجامی داون.

4- بڕوانامەی زانکۆی لە یاسا بەدەست هێنا بێت و شارەزایی لە مەیدانی کارەکەیدا لە (15) ساڵ کەمتر نەبێت، سەبارەت بە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس و دوو ساڵ لەو ماوەیە کەمتر بێتەوە سەبارەت بەو کەسانەی کە بڕوانامەی مەجستێریان لە یاسادا بەدەست هێناوەو پێنج ساڵ سەبارەت بەوانەی بڕوانامەی دکتۆریان لە یاسا بەدەست هێناوەو ماوەی خوێندن بۆ بەدەست هێنانی هەردوو بڕوانامە، بۆ مەبەستی ئەم یاسایە بە ماوەی کارکردن دادەنرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە بە عەرەبیش.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**انتخاب رئيس الهيئة ومهامه وتشكيلات الهيئة**

المادة السادسة:

أولاً: يتولى البرلمان انتخاب رئيس الهيئة باقتراع سري وباغلبية مطلقة لعدد أعضائه من بين ثلاثة مرشحين يرشحهم مجلس القضاء في الاقليم، ويعين المنتخب بمرسوم جمهوري.

ثانياً: يشترط في المرشح لمنصب الرئيس اضافة الى الشروط الوظيفية العامة ماياتي:

1- غير محكوم عليه بالسجن في الجرائم المخلة بالاخلاق والاداب العامة.

2- يتمتع بالكفاءة والنزاهة والحياد.

3- ان لايكون مشتركاً في الجرائم التي خطط لها او نفذها او ارتكبها النظام البعثي.

4- حاصلاً على شهادة جامعية في القانون وله خبرة في مجال عمله مدة لاتقل عن خمس عشرة سنة بالنسبة لحملة شهادة البكالوريوس وتنزل من هذه المدة سنتان بالنسبة للحاصلين على شهادة الماجستير في القانون وخمس سنوات بالنسبة للحاصلين على شهادة الدكتوراه في القانون وتعتبر مدة الدراسة الصغرى للحصول على اي من الشهادتين مدة ممارسة لاغراض هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە ڕەئیتان.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (6) کە ماددەی (7)ە لە ئەسڵی پرۆژەکە.

یەکەم: دەستە دەستەواژەی (زۆرینەی رەها) بگۆڕێت بە (سێ لەسەر چواری ئەندامان)و، لە کۆتایی ڕستەکەشدا دەستەواژەی (بەپلەی وەزیر) زیاد بکرێت.

دووەم/

1 – وشەی (بەزیندانی کردن) لابدرێت.

2 - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

3 - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

4 - لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ڕاپۆرتی هاوبەش پێشنیارێکمان کرد بوو، بەڵام پێشنیارەکەی خۆمان سەحب دەکەینەوە، لەبەر ئەوەی پێشنیارمان کرد بوو کەوا لیژنەیەکی پەرلەمانی پێك بێت، ئەو لیژنە پەرلەمانیە جێ بەجێ کردنی یاساکە زەحمەت دەکات، لەبەر ئەوە ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووەو ئەو پێشنیارەی کە کردوومانە، پێشنیارەکە سەحب دەکەینەوەو ئێمە پشتگیری لە ئەسڵی ماددەکە دەکەین کە لە پرۆژەکە لەلایەن حکومەت پێشکەش کراوە، واتا دەقەکە وەکو خۆی بێتەوە، هەروەکو چۆن هاتووە (یتولی البرلمان انتخاب رئيس الهيئة باقتراع سري وباغلبية مطلقة لعدد أعضائه من بين ثلاثة مرشحين يرشحهم مجلس القضاء في الاقليم، ويعين المنتخب بمرسوم اقليمي) دەرەجەی وەزیر زیاد بکرێت، لەبەر ئەوەی لە ماددەی دوودا هەبوو، ئێمە لەوێ هەڵمانگرت و پێشنیارمان کرد کەوا بێتە دەقی ئەو ماددەیە لە ماددەی حەوت لە ئەسڵی پرۆژەکە بۆتە ماددەی شەش، دەرەجەی وەزیر لە کۆتایی بڕگەی یەکەم زیاد بکرێت.

سەبارەت بە بڕگەی دووەم خاڵی یەك (غير محكوم عليه بالسجن) وشەی سجنەكە لابدرێت، هەروەكو لیژنەی نەزاهە پێشنیاری كردووە (غير محكوم عليه بالجرائم المخلة بالشرف والاخلاق والآداب العامة)، پشتگیری لە ئەسڵی پرۆژەكە دەكەین، كە دەقی ماددەی حەوت بڕگەی یەك و دوو كە لەلایەن حكومەتەوە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە عەرەبیش فەرموون.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**انتخاب رئيس الهيئة**

المادة (6)؛ المادة (7) في أصل المشروع :-

أولاً: استبدال عبارة (بالاغلبية المطلقة) بـ (ثلثي الاعضاء)، وإضافة (بدرجة الوزير) الى نهاية الجملة.

ثانياً:

1-حذف كلمة (بالسجن).

2-لاتوجد ملاحظة عليها .

3-لا توجد ملاحظة عليها.

4-لاتوجد ملاحظة عليها .

زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دكتۆر احمد نوقتەی نیزامی هەیە، كەرەم بكە.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علي(وەرتی).**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو ڕەئی هەبوو لە لیژنەكە، وابزانم تەنها ڕەئی یەكەم خوێندرایەوە، ئەگەر ئاماژە بە ڕەئی دووەمیش بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راستە لە راپۆرتە هاوبەشەکە دوو رەئی هەبوو، رەئی یەکەم/ ئەوە بوو کە مەجلیسی قەزائەکە بگۆڕێت، واتا ئەنجومەنی دادوەری، لیژنەیەکی پەرلەمانی بۆ ئەوە پێك بێت، ئەوە رەئی یەکەم بوو.

رەئی دووەم/ پشتگیری لە ئەسڵی پرۆژەکە دەکات، (وهو رأى الاغلبية، يؤيد اصل المشروع بالنسبة للانتخاب بالاغلبية المطلقة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ ناویان دەنووسین، ئەم ئەندامە بەڕێزانە دەیانەوێت موداخەلە بکەن، رێزداران (د.احمد وەرتی، سۆزان شهاب، دکتۆر بەشیر، ئاسۆ کەریم، پەروین عبدالرحمن، اسماعیل محمود، تارا ئەسعەدی، جلال علی، خلیل عوسمان، خورشید احمد، گوڵێزار قادر، بەفرین حسین، سالار محمود، سمیرە گۆران، شلێر محمد، شڤان احمد، شوان کەریم، صباح بیت الله، شەونم محمد، گەشە دارا، عمر نورەدینی) کەسی تر ماوە؟ کاك دکتۆر کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا نوقتە نیزامیەکەم لەوە بوو لە راپۆرتی هاوبەش باس لە شێوازی دەنگدانەکە دەکات، ئایا بە ئەغەلەبیەی موتڵەق بێت، یان بە دوو لەسەر سێ بێت؟ رەئی یەکەم دەڵێت بە ئەغەلەبیەی موتڵەق، رەئی دووەم دەڵێت بە دوو لەسەر سێ بێت، من تەئیدی ئەوە دەکەم دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بێت، ئەو سێ کەسەی کە کاندید دەکرێن بۆ رەئیسی هەیئە، مەجلیسی قەزا پێشنیاریان بکات، یان کاندیدیان بکات، تاکو دەرەجەی وەزیر لە کۆتاییەکەی من تەئید دەکەم زیاد بکرێت.

سەبارەت بە برگەی یەکەم لە (ثانياً) خاڵی یەکەم (غير محكوم عليه في الجرائم المخلة بالشرف والاخلاق والاداب العامة)، تەبعەن لەبەر ئەوەی ئەوانە لە شروتی وەزیفەی عامن، بەڵام سجن لە شروتی وەزیفەی عامە نییە، بۆیە لێرە پێویست ناکات سجن باس بکرێت.

لە خاڵی سێیەمیشدا، من لەگەڵ ئەوە دام کە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە (ان لايكون مشتركاً في الجرائم التي خطط لها او نفذها او ارتكبها النظام البائد في العراق)، یەعنی وشەی بەعسی نەهێڵدرێت، تەنها بگوترێت (النظام البائد في العراق)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سۆزان شهاب کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری برای بەڕێزم کاك دکتۆر ئەحمەد وەرتی دەکەم، سەبارەت بەوەی کە (يتولى البرلمان انتخاب رئيس الهيئة باقتراع سري باغلبية ثلثي عدد أعضائه من بين ثلاثة مرشحين يرشحهم مجلس القضاء في الاقليم، ويعين المنتخب بمرسوم اقليمي وبدرجة وزير)، بەم شێوەیە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دكتۆر بەشیر كەرەم بكە.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەر پشتگیری لەو ڕەئیەی بەڕێزانی پێشە خۆم دەكەم لەوەی كەوا (اغلبیة ثلثي عدد اعضاء)، بەلاّم لە ئاخیریدا (ویعین المنتخب بمرسوم اقلیمي)، بۆ ئەوەی دوا نەكەوێت و تاخیر نەكرێت، ئەوەی بۆ ئیزافە بكەین (في فترة اقصاها شهر من تاریخ الانتهاء)، یەعنی با سەقفێكی زەمەنی بۆ دابنرێت، كەوا مەرسوم جمهوریەكە بۆ دەربچێت.

لە (ثانیاً) لە خاڵی یەكەمدا (غیر محكوم علیه بالسجن في الجرائم المخلة بالشرف) ئەوجا (والجرائم المخلة بالاداب العامة)، ئەگەر ئەوە لە شروتی وەزیفەی عامەدا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئاسۆ كەریم كەرەم بكە.

**بەڕێز بكر كریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەسڵی ماددەكەم، بەلاّم لە جیاتی زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامان بكرێتە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامان، نەك ئەوانەی ئاماژە بوونە، هەروەها دووەم لە خاڵی چوارەم، بڕوانامەی زانكۆی هەبێت لە قانون، بە بڕوای من ئەوە مەرج نییە لە قانون بێت، دەكرێت لە هەر كۆلیژێك، موهیم بەكالۆریۆسی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار پەروین عبدالرحمن كەرەم بكە.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە دەقەكە دەكەم كە لە ڕاپۆرتەكەدا هاتووە بەوەی كە ئەنجومەنی دادوەری هەڵبستێت بە دەست نیشان كردنی و پەرلەمان موصادەقەی لەسەر بكات، من لەگەڵ ئەوەم بە زۆرینەی دەنگ بێت بۆ ئەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار اسماعیل محمود كەرەم بكە.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر پشتیوانی لە ڕەئی ئەو خوشك و برایانە دەکەم سەرۆکەکە بە دوو لەسەر سێی ئامادە بووانی ئەندامی پەرلەمان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعەدی کەرەم بکە.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت خاڵی یەکەم، هەر زیاتر لەگەڵ ئەوەم دوو لەسەر سێی ئامادە بووان بێت، بەنیسبەت (غیر محكوم عليه بالسجن في الجرائم المخلة بالشرف)، نەك (بالاخلاق) یەعنی (بالشرف) هەمووی دەگرێتەوە لە ئیختیلاس، لە خیانەت، لە تەزویر، هەموو شتەکان کە ناشرینە ناوی بێت، ئەو کەسەی لە نەزاهە ئیش دەکات (المخلة بالشرف) هەموو ئەمانە دەگرێتەوە، ئەوەی (حاصل على شهادة جامعية) بەڕاستی دە ساڵ دابنرێت بۆ هەمووان، ئەوەی ماجستێرە دوو ساڵی لێ کەم بکرێتەوە، ئەوە دکتۆرا ئەوەندەی لێ کەم بکرێتەوە، با هەموو لە دە ساڵ کەمتر نەبێت، تاکو خاوەن خیبرە بێت لەو بوارەی کە بۆی دانراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جلال علی کەرەم بکە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە خوشك و برایان دەکەم بۆ مەسەلەی دەنگدان بە دوو لەسەر سێی ئامادە بووان بێت.

پرسیارێکیشم هەیە، خاوەن تواناو دەست پاك و بێ لایەن بێت، بێ لایەنەکە، ئەگەر سیاسیەکی بۆ زیاد بکرێت، چونکە بێ لایەن زۆر جار شتیش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار خلیل عوسمان کەرەم بکە.

**بەڕیز خلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو هاوڕێیەکانم، من تەئکید لەسەر ئەوە دەکەمەوەو لەگەڵ ئەوەدام دەنگدانەکە دوو لەسەر سێ بێت.

پرسیارێکیش ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەکەم، یەعنی حیکمەت لەوە چیە، کە تەنیا دەبێت بڕوانامەی زانکۆی هەبێت، هەندێك ئیش هەیە جاری وا مومارەسەو ئیش کردنی تیایە، لەوانەیە دەرچوویەکی

ئیدارەو ئیقتیصاد بێت، یان بەشێکی دیکە هەمان خیبرەو پلەو کارایان هەبێت، بەتایبـەتی کـە تـۆ مـەرجی شارەزا بوونی و پسپۆڕیت داناوە لە بوارەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار خورشید احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئکید لەوە دەکەم کە هەڵبژاردن بە دوو لەسەر سێ بێت، ئەمە یەك.

دووەم/ من پێشنیاری دوو خاڵی تر دەکەم هەر لێرە ئیزافە بکرێت، چونکە شوێنیەتی:

یەك/ (تكون فترة الرئاسة لكل دورة اربعة سنوات قابلة للتجديد لمـرة واحـدة)، دەبێـت ئاماژەی پـێ بـدەین، ئەمە بۆ چەند ساڵە؟ ساڵێکە، چوار ساڵە، پێنج ساڵە، ئەمە یەك.

دوو/ (تتم اقالة رئيس الهيئة بموافقة ثلثي عـدد اعضاء البرلـان عنـد تـوفر الاسـباب الموجبـة لـذلك)، مـادام دامەزراندنی بە دوو لەسەر سێیە، دەبێت ئاماژەش بەوە بدەین، کە پەرلەمان ئیقالەی بکات بـە دوو لەسـەر سێی ئەندامان بێت لەکاتی دروست بوونی هۆیەکانی، یەعنی هۆیەکانی پێویست هەبێت بۆ ئیقالە، ئەم دوو خاڵە پێویستە لێرە جێگای بۆ بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار گوڵیزار قادر کەرەم بکە.

**بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی حەوتەم، کە ئێستا بووە بە ماددەی شەشەم، یەکـەم/ پەرلـەمان بـە هەڵبـژاردنی نهێنی و بەزۆرینـەی ڕەهـای بگۆڕدرێـت بـە سـێ لەسـەر چـواری ئەنـدامان، ئەنجومـەنی دادوەریـش بگۆڕێـت بـە لیژنەیەکی پەرلەمانی بۆ ئەم مەبەستە، وەکو لیژنـەی هاوبـەش پێشکەشـیان کـردووە، مـن پشـتگیریان لـێ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار بەفرین حسین کەرەم بکە.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەروەك هاوەڵانی پێشە خۆم پێشنیار دەکەم کە هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستەکە بە دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئامادە بوو بێت.

لە برگەی دووەم باسی ئەوە دەکات، کە خاوەن تواناو دەست پاك و بێ لایەن بێت، بەڕاستی من گومان لە بێ لایەنـەتی هەیـە، دەکرێت بڵێی لەکاتی پیشەکەدا بێ لایەنانـە کار بکات، دەست پاکیەکەش پێموایـە تحصیل حاصلە، لەبەر ئەوەی پرۆژەی یاساکە بۆ خۆی ناوی پرۆژە یاسای دەست پاکییـە، یان نەزاهەیـە، هیچ پێویست ناکات لەوێ هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سالار محمود کەرەم بکە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا بەشێك لە قسەکانی من کران، تەنها ئەوەی پەیوەندی بە مەسەلەی بڕوانامەوە هەیە لە یاسا، من تەسەورم وایە ئیختیصاصی ئەم کارە زۆرتر مالی و ئیداری و ئابوورییە، نەك یاسایی، ئیختیصاصیش لەو مەجالەدا بێگومان بەپێی خزمەتی کار کردنە، ئەگەر مەسەلەی یاساکە لابدرێت، تەسەورم وایە ئیختیصاصی کار کردنەکە خۆی خاوەن بڕوانامەکە دەست نیشان دەکات، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سمیرە گۆران کەرەم بکە.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی حەوتەم کە ئێستا بۆتە ماددەی شەشەم، داوا دەکەم سەرۆکی دەستەی نەزاهە پێویستە بە زۆرینەی رەها نەبێت، بەڵکو بە تەوافوق بێت لەنێوان کوتلەکانی سەرەکی پەرلەمان، هەروەها پێویستە ماوەکە دیاری بکرێت بۆ دەرچوونی مەرسومی هەرێمی بە دامەزراندنی سەرۆکی دەستە تاوەکو زۆر دوا نەکەوێت، هەم لەم ماددەیە برگەیەکی تر زیاد بکرێت، وەکو خاڵی پێنجەم زیاد بکرێت (مقبولا کتابة لدى کتلة برلمانیة رئیسیة)، بۆ ئەوەی ئەو پاڵێوراوانە جێی رەزامەندی دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن بن، لە یەکەم هەنگاودا متمانە دەست بەکار بن، دیسان لەو ماددەیە لە (ثانیاً) خاڵی سێیەم هاتووە دەڵێت (او ارتکبها النظام البعثي)، ئەگەر بگۆڕێت بکرێت بە (او اي نظام اخر)، خاڵی چوارەم (حاصلاً علی شهادة جامعیة في القانون وله خبرة في مجال عمله) لەجیاتی (له خبیرة في مجال عمله)، بکەینە (ممارسة فعلیة کقاضي مدة لاتقل عن عشر سنوات)، دیسان خاڵێکی تریشم ئیزافەیە (ان لا یکون قد ترأس الهیئة لفترتین سواء کانت متتالیة او غیر متتالیة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەنیسبەت تەوافوق لەناو پەرلەمان نابێت، ئێوە فراکسیۆنەکانن لە دەرەوە دەتوانن بۆ خۆتان چی دەکەن بیکەن، بەڵام بنەمای دیموکراسی ئەوە نییە، تۆ بیکەیتە قانون بڵێی ئیلا دەبێت وا بێت، یەعنی دەبێت ئەگەر هیچ نەزانین، دەبێت ئەوەندە بزانین، لەدەرەوە لەناو فراکسیۆنەکان ئیتیفاق دەکەن بیکەن، بەڵام بیکەیتە قانون بڵێ دەبێت وا بێت، خوا سەلامەتمان بکات، رێزدار شلێر محمد کەرەم بکە.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی شەشەم خاڵی یەکەم (یتولى البرلمان انتخاب رئیس الهیئة)، کە دەڵێت (یرشحهم مجلس القضاء)، نابێت مورەشەحەکە لەبەردەستی قەزا دابنێین، چونکە ئەمە لەقانونە عێراقیەکە وەرگیراوە، هی زەمانی بریمەرە، دوای ئەوە دەستوور دەرچووە، کە دەستووریش دەرچووە، قەزا بەس بۆی هەیە قازی دابنێت، لەبەر ئەوەی ئەمە دەرەجەی خاصەیە، لەبەر ئەوە هەر دەبێت سەلاحیەتی مەجلیسی وزەرا بێت، بەڵام دەیخاتە بەردەمی پەرلەمان بە ئەکسەریەتی دەنگ، لەبەر ئەوە نابێت ئەو مەجلیسی قەزایەی تیا بێت، ئیشی ئەوە نییە، دوای ئەوە ئێمە لە شروتەکاندا بۆچی تەئکید ناکەین (ان یكون من ساكني الاقلیم وحاصلاً على الجنسیة العراقیة فقط)، یەکێك لە دەرەوە مەهێنن بۆ ئەو ئیشە، دوای ئەوە ئێمە خۆمان دەزانین چیمان دەوێت (یتمتع بالكفاءة والنزاهة والحیاد السیاسي)، دوای ئەوە هیچ شەرت نییە ئەو کەسە لە قانوندا بە تەنیا ئیشی کرد بێت، ئێمە ئیداریمان هەیە، مودەقیقی باشمان هەیە لە وەزارەتەکاندا، ئەگەر ئەوەندە کەفوئ بن، ئیلا بۆچی قانونی بێت، قانونی وابزانم بە تەنیا هەر ئیشی ئەو هێنانە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شڤان احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕامە لەگەڵ ئەو خوشك و برا پەرلەمانتارانە کە دوو لەسەر سێی ئامادە بووان بێت، بە ئەغلەبیەی موتڵەق نەبێت، ئەگەر جەولەی یەکەمیش تەحصیل حاصلە، جەولەی دووەم بە ئەکسەریەت دەردەچێت، بەس ئێمە تەسبیتی بکەین دوو لەسەر سێ بێت.

من پرسیارێکم لە لیژنەی هاوبەش و لیژنەی نەزاهە هەیە، معیاری تەرشیح لە لایەن مەجلیسی قەزاوە چیە؟ ئەگەر هەر بۆ حیادی و موستەقیلی بگەڕێتەوە، ئەوە بە تەئکید رەقیب و ئەوانەی بەرامبەر، یەعنی بە قەزایەی موسەیەسەو هیچ ناچێتە ئەو بوارە، من پێم باشەو ئیقتیراح دەکەم لیژنەیەك دیار بکرێت، ئەگەر گوێم لێ رابگرن، داوای لێبوردن دەکەم، من ئیقتیراح دەکەم لیژنەیەك لە نوێنەرایەتی سەرۆکی هەرێم بێت، کە راستەوخۆ هەڵبژێردراوە، نوێنەری سەرۆکی پەرلەمان بێت، کە راستەوخۆ هەڵبژێردراوە لەلایەن گەلەوە، نوێنەری مەجلیسی قەزاشی تێدا بێتن، ئەم لیژنەیە تەرشیحی ئەم ناوانە بکات، چونکە

معیاری تەرشیحی ئەوە نەهاتووە، ئەگەر تەعن کرا چ دەکرێتن؟ ئەگەر هاتو مەجلیسی قەزا ئـەو تەرشـیحە تەعن کرا چ دەکرێتن؟

لە ئاخیری جوملەکەدا هاتووە (بمرسوم اقليمي ويكون موظفاً بدرجة وزير) ئەوە ئیزافە بکرێتن پێم باشە، (ثانياً/1- محكوم عليه بالسجن في الجرائم المخلة بالشرف) ئەخلاقەکە (المخلة بالشرف) بێتن (والاداب العامة) (والنزاهة) زیادە.

بڕگەی دووەم (يتمتع بالكفاءة والنزاهة والحياد) حیاد نازانم به چ معیارێکەوەیە، بەس ئەوە کافیە (يتمتع بالكفاءة والنزاهة) بێت.

بڕگەی چوارەم (حاصلاً على شهادة جامعية اولية)ی بۆ ئیزافە بکرێت، ئەوەی کە چـەند خوشـك و برایـەك باسیان کرد جنسیە عێراقیەو ساکنی کوردستان بێت، زۆریشم پێ پەسندە کە ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شوان کەریم کەرەم بکە.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن بـە پێچـەوانەی ڕاو بۆچـوونی ئـەو خوشـك و برایانـەم، مـن پێموایـە بـە ئەغەلەبیـەی موتڵـەق بێـت هەڵبژاردنەکە لەناو پەرلەماندا، چونکە بەڕاستی هەر کۆمـەڵێك، هـەر گروپێـك لـەناو پەرلەمانـدا بیـەوێت ئەو یاسایە تەعتیلی بکات، دەتوانێت تەعتیل بکات، یەعنی مەرج نییـە فراکسیۆنیش بێـت، چـونکە دوایـی ئەمـە عەمەلیـەی دەنگدانـە، دووبـارە دەبێتـەوەو وەختێکـی زۆریـش لـە پەرلەمانـدا، لەوانەشـە دەرئـەنجام نەگەینە ئەوەی کە دوو لەسەر سێی پەرلـەمان دەنـگ بـدات بـۆ ئـەو مورەشـەحە مەعنیـە، یـان یـەکێك لـە مورەشەحەکان کە پێموایە مەجلیسی قەزا باشترە تەرشیحیان بکات، ئەو ئەرکە بسـپێردرێت بـە مەجلیسـی قەزا، چونکە ئەویش بۆ خۆی دەسـەڵاتێکە لـەناو هـەرێمی کوردسـتانەوە ئەهمیـەتی خـۆی هەیـە بەڕاسـتی، هەروەها پشتگیری لە ڕەئی ئەو خوشك و برایانە دەکەم، کە یەکێك لە مەرجـەکانی ئـەوە بێـت دانیشـتووی هەرێمی کوردستان بێت، بەڕاستی ئەوە زۆر زۆر زەرورە، حەتمەن کە دانیشتووی هـەرێمی کوردسـتان بێـت، دەبێت جنسیەی عێراقیشی هەبێت، چونکە ناکرێت یەکێك لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بێت ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار صباح بيت الله کەرەم بکە.

**بەڕێز صباح بيت الله شكرى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دگەل هەندێ دامە لە ماددەی شەش ئەوەلەن وەکی خۆی بمێنێتەڤـە (بالاغلبيـة المطلقـة)، چـونکە ئـەم سیقەی دەدەینە وەزیرێ بە ئەغەلەبیەی موتڵەقە، بۆ سەرۆکێ ئەڤە بە ڕەئیا من  بە ئەغەلەبەی موتڵەقـە

بێت، نەك دوو لەسەر سێ بێت، لە فەقەرەی (ثانیاً) ئێك/ ئەز دگەل هەندێ دامە ئەڤ راپۆرتی موشتەرەك هاتیە (غیر محکوم علیه بالجرائم المخلة بالشرف)، ئەوە فەقەرە سێ دبێژیتن (ان لایکون مشترکاً في الجرائم التي خطط لها او نفذها او ارتکبها النظام البعثي البائد) یان (المأمور)ی تێدا بێتن، (حاصلاً علی شهادة جامعیة في القانون) شەرت نییە لە قانون بێت، با شەهادەی تر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شەونم محمد کەرەم بکە.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت پرۆژە یاسا ئەسڵیەکەوە لە ماددەی حەوت/ بڕگەی یەکەم (یتولی البرلمان انتخاب رئیس الهیئة باقتراع سري)، دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی هاوڕێکانم کە دوو لەسەر سێ بێت، پێم باشە دوو حاڵەتی تر تەحدید بکرێت لەم بڕگەیەدا، یەکێك/ ئەو کاتە چەندە کە ئەو شەخصە ئەم پۆستە وەردەگرێت؟ ئایا چوار ساڵە، قابیلە بۆ تازە کردنەوە؟ یاخود هەر لە چوار ساڵەوە کۆتایی پێ دێت و شەخصێکی تر دادەنرێت لە جێگای ئەو لەلایەن پەرلەمانەوە، هەروەها سیفەی وەزیفی ئەو شەخصە تەحدید بکرێت، ئایا ئەو شەخصە قازییە؟ ئەو شەخصە مودەعی عامە؟ ئەو شەخصە خەڵکێکی حیسابییە کە بۆ ئەم پۆستە وەزیفیە دەبێت، ئەوەش پێم باشە لەگەڵ مەرجی تەمەنیدا، چونکە تەمەن دەبێت ئەو کەسە لە تەمەنێکدا بێت تەسەلسولی وەزیفی خۆی بینی بێت، چونکە ئەم ئیشە ئیشێکی وا ئاسان نییە، ئیشێکی زۆر وردەکارییە، ئیشێکی قورس و گرانە، چونکە ئەم ئیشە موستەقبەلی خەڵکانێکی زۆری پێوە ڕەبتە، لەبەر ئەوەی دەبێت تەدەروجی وەزیفی کرد بێت، هەروەها ئەوەندەش لە تەمەن گەورە نەبێت، کە نەتوانێت موتابەعەی ئیش و کارەکانی خۆی بکات.

بەنیسبەت بڕگەی چوارەوە (حاصلاً علی شهادة جامعیة في القانون وله خبرة في مجال عمله مدة لاتقل عن خمس عشرة سنة)، دوای ئەوە دەڵێت ئەو کەسانەی کە ماجستێریان هەیە، یان دکتۆرایان هەیە دوو ساڵ کەمتر بێت، یان سێ ساڵ، بەڕاستی من ئەوەی هەموو بە زیاد دەزانم، چونکە ئەوە تەحصیل حاصلە لە قانونی خدمەی مەدەنیدا، هەروەها لە دەوائیردا هەر کەسێك تەعین دەکرێت تەعلیماتی خاص هەیە بەنیسبەت ئەوانەی کە شەهادەی ماجستێریان هەیە، شەهادەی دکتۆرا، یان بەکالۆریۆس تەعامولیان لەگەڵدا دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار گەشە دارا کەرەم بکە.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ هاوکارانم بۆ دوو لەسەر سێ، ئەو ڕێژەیە دیاری بکرێت، سەقفێکی زەمەنی بۆ مەرسومەکە دیاری بکرێت، کە مەرسومێکی ئیقلیمی دادەنرێت بۆ ڕەئیسی هەیئەکە، لەبەر ئەوە چەند یاساکە گرنگی هەیە، بەڵام بۆ ئەو چاکسازی ئیداریەی ئێمە پێویستمانە زووتر جێ بەجێ کردن و دروست کردنی هەیئەکە گرنگی زیاترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عمر نورەدینی کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا بەشێك لە قسەکانی من کران، بەڵام یەك، دوو خاڵ هەیە دەمەوێت ئاماژەیان بدەم:

یەکەمیان/ من تەئیدی ئەوە دەکەم، کە ماوەی سەرۆکایەتی کردنی دەستە چوار ساڵ بێت، شایەنی درێژ کردنەوە بێت تەنها بۆ یەك جار.

دووەم/ ئالیەتی تەرشیح کردن دیاری نەکراوە، کە چۆن تەرشیح دەکرێت؟ پێوەرەکان، مەرجەکان چین بۆ ئەو کەسەی کە کاندید دەکرێت لەلایەن مەجلیسی قەزاوە؟

هەروەها سەبارەت بە بڕوانامەش، هەر بڵێین بڕوانامەی زانکۆی هەبێت، ماوەی خزمەت و ئەزموونیشی پازدە ساڵ بە ڕەئی من زۆرە، دە ساڵ بێت و دیاریش نەکرێت کە بە کام بواردا هەڵگری بڕوانامەی زانکۆی بێت، دیارە بۆ لەوێ ئاماژەی پێ کراوە کە لەبواری یاسادا بێت، بەڵام ئەگەر ئاماژەشی پێ نەکرێت، دەکرێت، چونکە لەناو دەستەکەدا دائیرەی شوئونی قانونی هەیە، کە ئەگەر سەرۆکی دەستە قانونیش نەبێت فەراغی لە بواری یاسایی و قانونی و کاری یاساییەوە نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار کاك دکتۆر ئەرسەلان کەرەم بکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەمێکە دەربارەی پرۆژە یاسای دەستەی نەزاهە قسە دەکەین، یەکێکە لە پرۆژە یاسا گرنگەکان بەڕاستی، بۆ چارەسەر کردنی زۆر لە کێشەکان، لەبەر ئەوە من پێم باشە دوو لەسەر سێی پەرلەمانتارەکان بێت، ئەمە یەك.

دووەم/ ئەگەر ئیشکال لەوە هەیە کە سێ پاڵێوراو جاری یەکەم وەکو پێویست دەرناهێنرێن، دەکرێت وەکو ئینتیخاباتێکی تر ئیعادەی ئینتیخابات بکرێتەوە بۆ دووەکەی تر تا یەکێکی تریان دەردەچێتەوە، یەعنی کەمترین دەنگ جاری یەکەم دەکەوێت تا دوایی یەکێکیان هەر لە جێی تیکرار کردنی هەڵبژاردنەکە، بۆ ئەوەی یەکێك دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتی خۆی کە ئەم راپۆرتە نووسرا، من لە لیژنەی خۆمان سەرنجم هەبوو، بەڵام سەیرم کردو ئێستا سەرنجەکانم لێرە دەنگی زیاد بوو، یەکێك لەو شتانە لە بڕگەی دووەمدا لە خاڵی چوارەمدا، کە دەڵێت دەرچووی بڕوانامەی زانکۆیی بێت لە یاسادا، لێرەدا من ئەوە ناڵێم لێرە حاکم دانانێین، ئەم ئیشە زیاتر پەیوەندی بە کارگێری و ژمێریارییەوە هەیە، بۆ نموونە ئێمە کە دەزانین کارمەندانی چاودێری دارایی رۆڵی گرنگ و بەرچاویان هەبووە لە پێشتریشدا لە کەشف کردن و خستنەرووی ئیختیلاسات و گەندەڵی و کۆمەڵێك شتی تردا، زۆربەشیان یاسایی نین، یان دەرچووی ژمێریارین بەکالۆریۆس، یان دەرچووی ئیدارە عامەن بەکالۆریۆس، لە هەمان کاتدا ئەم دەستەیە بە تەنیا هاوکاری داواکاری گشتی نییە، هاوکارو کار ئاسانکاریشە بۆ دیوان و چاودێری دارایی، لەبەر ئەوەی لێرەشدا من وای بە باشی دەزانم ئەو سێ پاڵێوراوەکە لەلایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە نەبێت، بەڵکو لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێت، ئەمەش کە من تەرحی دەکەم چەند برادەرکێش هەر عەینی شت تەرحی کردو منیش هاوکاری ئەوانم کاك اسماعیل و کاك ئاسۆ و کاك خەلیل و کاك سالارو شلێر خان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆرە رۆژان کەرەم بکە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هەندێك پێشنیار خرانە روو، سەبارەت بە ماوەی سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەم دەستەیە باس کرا کە ماوەی چوار ساڵ بێت، ئەوە لە ماددەی هەشت، بڕگەی سێیەم باس کراوە، کە دەڵێت بۆ ماوەی چوار ساڵەو دەتوانێت یەك جار نوێ بکرێتەوە، لە ئەسڵی پرۆژەکە ماددەی هەشت.

باس لەوە کرا کە لە دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت، بەڕێزان، ئەگەر سەیری پێشەکی بڕگەی دووی ئەو ماددەیە بکەین، دەڵێ ئەو مەرجانە بۆ پۆستی سەرۆکی دەستەیە، جگە لە مەرجە گشتیەکانی وەزیفە (اضافة الى الشروط الوظيفية العامة)، واتا تەنها ئەو مەرجانەی مەبەستە لێرە، کە تایبەتە بە پۆستی سەرۆکی ئەم دەستەیە، مەرجەکانی تر، مەرجی وەرگرتنی پۆست هەمووی دەبێت تێدا هەبێت زائیدەن ئەو مەرجە.

باس لە بڕوانامە کرا، بەڕێزان، دەبێت بڕوانامەی زانکۆیی لەبواری یاسا هەبێت، ئەگەر تەماشای ئەرك و کارەکانی بکەین لە ماددەکانی دوایی یاسایی نەبێت ئەو ئەرك و کارانەی پێ جێ بەجێ ناکرێت، باس لە بەکالۆریۆس کراو خدمەکە دە ساڵە، پازدە ساڵە، وابزانم پازدە ساڵ ماوەیەکی وا زۆر نییە بۆ بواری یاسا، کە پێویستی بە شارەزاییەکی باش هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو ئەرکانەی پێی رادەسپێردرێت جێ بەجێی بکات، ئەگەر لە بەکالۆریۆس لە یاسا زیاتری هەبوو، ئەوە ماوەکەی بۆ حیساب کراوە، ئەگەر ماستەری هەبوو دوو ساڵ کەمتر دەبێتەوە، واتا دەبێتە سێزدە ساڵ، ئەگەر دکتۆراشی هەبوو، ئەوە ماوەکەی دەبێتە دە ساڵ، داوا دەکرێت دە ساڵ خیبرەی هەبێت.

سەبارەت بە دەنگدان، دوو لەسەر سێ و سێ لەسەر چوار و ئەغلەبیە، ئێمە زۆرینەی ئەندامانی لیژنە، هەردوو لیژنە لەگەڵ ئەغلەبیە بووین، بەڕێزان، لە بیر نەکەن ئێمە متمانەماندا بە کابینەکی حکومەت داوای چ ڕێژەیەك کرا، ئەگەر داوای دوو لەسەر سێ، یان سێ لەسەر چوار دەکەن، باشە لە حاڵەتی دەست لەکارکێشانەوە دەبێت ئەو کات بە ئیجماع بێت، سێ لەسەر چوار داوا بکرێت بۆ ئەوەی دەست بەکار بێت، ئەدی لە ماددەیەك باس لە ئیعفا دەکات مەنصەب بە قەراری پەرلەمان لە ماددەی دواتر، لە بڕگەی پێنجەم لە ماددەی هەشتەم، بۆیە ئێمە پشتگیری لە بۆچوونەکەی خۆمان دەکەین، کەوا بە زۆرینە بێت، لەبەر ئەوەی متمانەمان داوەتە حکومەت بەچ دەنگێك، تەنها چەند حاڵەتێك نەبێت کە داوای دوو لەسەر سێ کراوە وەکو وەرگرتنەوەی متمانە، یەعنی کابینەکی حکومەت بە زۆرینە دەنگی هێنا، باشە سەرۆکی دەستەکە بە دەرەجەی وەزیرە داوای دوو لەسەر سێ و سێ لەسەر چوار بکەن، ئەدی لە سەحبی سیقە چ بکەین، هەر ئەو پێشنیارەی دکتۆر ئەرسەلانیش کردی، نەمانتوانی یەك لەو پاڵێوراوانە کە لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری پاڵێوراوە بۆ سەرۆکی دەستە، نەتوانرا ئەو دەنگە بینی، ئەو ڕێژەیە بێنێ، ئەو کات بە چ حاڵەتێك چارەسەر دەکرێت؟ بۆیە ئێمە پشتگیری لەوە دەکەین، کەوا بە زۆرینە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار کاك فرسەت موداخەلەی هەیە، کەرەم بکە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێ دەچێت زۆر لە برادەران لەگەڵ ئەوە بن کو دوو لەسەر سێ بێت، من نازانم ئەو زۆرینە چەندە؟ لە هەموویان زۆرترن، ئان نا؟ بەس لازمە ئیحتیمالەك دابنێین، ئەگەر سێ پاڵێوراو بن و کو کەس دەرنەچن، چونکە دوو لەسەر سێ دەکاتە (74)، چ لەوێ دەمێنێت (38) دەنگ دەمێنێت، ئەگەر بێتو هیچ غیابێك نەبێت، ئەوانی تر ئیحتیمالی هەیە لە (19) دەنگ زیاتر وەربگرن، من قەصدم ئەوەیە، مەفروزە نەصێکمان هەبێت، بڵێین ئەگەر هاتو نەتیجەی هەڵبژاردنی یەکەم کەس دوو لەسەر سێی وەرنەگرت، مونافەسە لەنێوان ئەو دووانە بێت، ئەوەی زۆرترین دەنگیان وەرگرتووە، لە مەرحەلەی دووەم کێ زۆرترین دەنگی هێنا ئەو دەبێت، ئان وا نەبێتن، دەبێتە ئەزمەیەك دوور نییە حەل نەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار کاك دکتۆر سەروەر کەرەم بکە.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر لەوەی قسەکانم بکەم، هەست دەکەم لەبەینی ڕاپۆرتی کوردی و عەرەبی ئێمەدا خەلەلێك هەبووە، لە تەرجومە کردنەکەدا، ئێمە خۆمان لەگەڵ دوو لەسەر سێ داین، لە ڕاپۆرتی عەرەبیەکەش دوو لەسەر سێیە، بەڵام لە کوردیەکە بە داخەوە ئەو هەڵەیە هەیە سێ لەسەر چوار نووسراوە، خۆی لەڕاستیدا دوو لەسەر سێیە، ئێمەش هاوڕاین لەگەڵ ئەمە، بەڕاستی بە کۆی دەنگی لیژنەکەشمان کە ئیمزا کراوە لەگەڵ ئەوە دابووین، هەم یاسایەکی گرنگە، هەم وەکو دەڵێ ڕەهەندی

نیشتمانیی هەیە، لێرە لە پەرلەمانیشدا ئێمە  خۆمان بڕیارێکمان داوەو کە دەنگمان لەسەر داوە، هەموو ئـەو جـۆرە یاسایانـە بەو جۆرە تێپەڕێت، بۆیە بەڕاستی پێمانوایە کە هەوڵ بدەین، ئەمەش بە دوو لەسەر سێ بێت، بۆ ئەوەی بتوانین هەموومان کۆ ببینەوە لەسەر ئەو کەسەی کەوا دادەنرێت و کۆك بین لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس، دەیخەمـە دەنگدانـەوە، کـێ لەگـەڵ ئەوەیـە دوو لەسـەر سـێ بێـت دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ نیسبەکە پەسند کـرا، بـووە دوو لەسەر سێ، نا، نا ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر دوو لەسەر سێ بێت هی حازرین لەوەیـە بـە سـی کـەس، چل کەس بێتن، لەبەر ئەوە دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان، کە (11)ین دەکاتـە (74)، (74) دەنـگ دەبێت هەمان بێت، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ماددەکە، بڕگەی یەکەم لەلایەن سکرتێری پەرلەمانـەوە داڕێـژراوە بـەو شـێوەیە، ئێـستا دەخەمـە بەردەم بەڕێزتان:

(المادة السادسة:

أولاً: يتـولى البرلمـان انتخـاب رئـيس الهيئـة بـاقتراع سـري باغلبيـة ثلثـي عـدد أعضـاء البرلمـان مـن بـين ثلاثـة مرشحين يرشحهم مجلس القضاء في الاقليم، ويعين المنتخب بمرسوم اقليمي وبدرجة وزير وفي حالة عدم فوز احد المرشحين بثلثي اصوات اعضاء البرلمـان يعاد الانتخاب بـين المرشـحين الحاصلين على اكثريـة الاصـوات، ويكون الفائز من يحصل على ثلثي عدد اصوات اعضاء البرلمان).

واتا یەکەم جار دوو لەسەر سێی نەهێنا، ئـەوجارە یـەکێك ئـەوەی دەنگـی زۆر کـەم هێنـاوە ئـەو لادەدرێـت، لەنێوان دووەکەی تر زۆرترین دەنگیان هێناوە، لەنێوان ئەوان دووبارە هەڵبـژاردن دەکرێت، دووبـارە داوای دوو لەسـەر سـێ دەکرێـت، جاری یەکـەم دوو لەسـەر سـێیان نـەهێنا، بـەڵکو جاری دووەم دوو لەسـەر سـێی دەهێنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆر داوای لێبوردن دەکەم، یەعنی ئەو موقتەرەحەی سێ لەسەر چوار، لـە ئەنـدامانی پەرلـەمان باسمـان لەسـەر کـرد، لیژنـەی هاوبەشـیش ئـەوەی کـرد، ئێـستا دووبـارە صیغەکە هاتـەوە، مەجلیسـی قـەزا بـەپێی دەستوور تـەعینی قـوزات دەکات، تـەعینی مورەشحین ناکـاتن بـۆ هەیئەیـەك، یـەعنی مورەشـەحین دیـاری ناکات، ئێستا عێراق پەشیمان بووە لەو ماددەیە، ئەو وەختەی کە عێراق ئەمەی کرد دەستوور دانەنرا بوو، ئیشی مەجلیسی قەزا نییە............

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، تەواو، تێ گەیشتین، كاك عمر صدیق كەرەم بكە.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من قسەم لەسەر ئەو ڕێكارەیە كە گیراوەتە بەر، ئەگەر لەنێوان هەرسێ مورەشەح یەكیان نەیتوانی دوو لەسەر سێی دەنگەكانی ئەندامانی پەرلەمان بەدەست بهێنێت، دواتر ئینتیخاب دەكرێت بۆ دووانیان، بە باوەڕی من ڕێكاری دووەم دەبێت ئاسانتر بێت لەوەی یەكەم، بە واتای ئەوەی مەرج نییە بۆ جاری دووەم دوو لەسەر سێی دەنگەكان بەدەست بێنێت و بڕاوە، بەڵكو زۆرینەی دەنگەكان بەدەست بێنێت (50+1)، تەسەور دەكەم بەو شێوەیە باشتر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو تەفسیرە وا نییە، ئەگەر وا بێت، كەواتە ئەو مورەشەحەی بۆ ئێرە دێت بە دوو جۆر عەددەی دەنگدان دێت، جارێك بە ئەغلەبیە دێت، جارێكیش بە دوو لەسەر سێ بێت، ئەمە لە نەصێكی قانونیدا وارید نییە، خۆ ئەگەر وا بێت ئەو كەسەی كە دەرنەچووە لە یەكەم جار بە دوو لەسەر سێ، خۆ نیوەی هێناوە، بەڵام دوو لەسەر سێی نەهێناوە، ئیتر پێویست ناكات ئینتیخابات بۆ ئەوەی تر بكرێت، لەبەر ئەوەی ئەو نەصەی كە ئێستا سەرۆكایەتی دایبەزاند، ئەمە نەصێكە دەقاودەق لەگەڵ یاساكە هاتووە، هەر بە دوو لەسەر سێ بۆ هەر هەردوو مەرحەلەكە، مەرحەلەی یەكەمی ئەوەی دەرناچێت، مەرحەلەی دووەمی ئەوەی كە دەردەچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بیخوێنە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**انتخاب رئیس الهیئة ومهامه وتشكیلات الهیئة**

المادة السادسة:

أولاً: یتولى البرلمان انتخاب رئیس الهیئة باقتراع سري باغلبیة ثلثي عدد أعضاء البرلمان من بین ثلاثة مرشحین یرشحهم مجلس القضاء في الاقلیم، ویعین المنتخب بمرسوم اقلیمي وبدرجة وزیر.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵە بە عەرەبی دوایێ تەرجومەی دەكەین بۆ كوردی، ئەو فەقەرەیان، كێ لەگەڵە دەستی بەرز بكاتەوە؟ ئەو فەقەرەی یەكەم بیخوێنەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**انتخاب الرئيس ومهامه وتشكيلات الهيئة**

**المادة السادسة:**

**أولاً: يتولى البرلمان انتخاب رئيس الهيئة باقتراع سري باغلبية ثلثي عدد أعضاء البرلمان من بين ثلاثة مرشحين يرشحهم مجلس القضاء في الاقليم، ويعين المنتخب بمرسوم اقليمي وبدرجة وزير وفي حالة عدم فوز احد المرشحين بثلثي اصوات اعضاء البرلمان يعاد الانتخاب بين المرشحين الحاصلين على اكثرية الاصوات. ويكون الفائز من يحصل على ثلثي عدد اصوات اعضاء البرلمان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئەو بڕگەیە دەخەینە دەنگدانەوە بەو شێوەیەی خوێندرایەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (47) بەڕێز لەگەڵدایە ، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (13) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ ئەو فەقەرەیە پەسند کرا، ئێستا گشت ماددەکە بخوێنەوە.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**انتخاب رئيس الهيئة ومهامه وتشكيلات الهيئة**

**المادة السادسة:**

**أولاً: يتولى البرلمان انتخاب رئيس الهيئة باقتراع سري باغلبية ثلثي عدد أعضاء البرلمان من بين ثلاثة مرشحين يرشحهم مجلس القضاء في الاقليم، ويعين المنتخب بمرسوم اقليمي وبدرجة وزير وفي حالة عدم فوز احد المرشحين بثلثي اصوات اعضاء البرلمان يعاد الانتخاب بين المرشحين الحاصلين على اكثرية الاصوات، ويكون الفائز من يحصل على ثلثي عدد اصوات اعضاء البرلمان.**

**ثانياً: يشترط في المرشح لمنصب الرئيس اضافة الى الشروط الوظيفية العامة ماياتي:**

**1- غير محكوم عليه بجريمة مخلة بالشرف.**

**2- يتمتع بالكفاءة والنزاهة والحياد.**

**3- ان لايكون مشتركاً في الجرائم التي خطط لها او نفذها او ارتكبها النظام البعثي.**

4- حاصلاً على شهادة جامعية في القانون وله خبرة في مجال عمله مدة لاتقل عن خمس عشرة سنة بالنسبة لحملة شهادة البكالوريوس وتنزل من هذه المدة سنتان بالنسبة للحاصلين على شهادة الماجستير في القانون وخمس سنوات بالنسبة للحاصلين على شهادة الدكتوراه في القانون وتعتبر مدة الدراسة الصغرى للحصول على اي من الشهادتين مدة ممارسة لاغراض هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (34) بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (26) بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، بەڕێزان، ئێستا كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دەهێنین بۆ دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەكەین، سبەی سەعات (3)ی پاش نیوەڕۆ وەزیری ناوخۆ بانگهێشتی ناو پەرلەمانی دەكەین، تكایە هەمووتان لێرە ئامادە بن، خوا ئاگادارتان بێت.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د. ارسلان بايز اسماعيل | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (9)ی نائاسایی**

**سێ شەممە رێکەوتی 19\4\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (9)ی نائاسایی

## سێ شەممە رێكەوتی 2011/4/19

كاتژمێر (3)ی پاش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2011/4/19 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز

د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (9)ی نائاسایی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) له پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (9)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (3)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2011/4/19 دا بەم شێوەیە بێت:

1- ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان بۆ ڕوون کردنەوە و لێپرسینەوە لە بارەی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (9)ی نائاسایی، ڕۆژی دانیشتن (2011/4/19)، بەرنامەی کار:
بە پێی حوکمی بڕگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992)ی پەرلەمانی کوردستان-عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (9)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (3)ی پاش نیوەڕۆ، ڕۆژی سێ شەممە، ڕێککەوتی (2011/4/19)دا بەم شێوەیە بێت:

1- ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان بۆ ڕوون کردنەوە و لێپرسینەوە لە بارەی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان.

بەڕێز وەزیری ناوخۆ کاك کەریم سنجاری بەخێرهاتن دەکەین، هەروەها هەردوو ڕاوێژکاری کە لەگەڵ بەڕێزیان هاتوون، زۆر بەخێربێن، بەڕێزان بە پێی بڕیاری ژمارە (1)ی پەرلەمانی کوردستان، لەسەر داواکاری یاسایی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان بەو نووسراوە کە بە دەست ئێمە گەیشت، بۆتان دەخوێنینەوە، لەگەڵ ناوەکان:

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**ب/ داوای ئامادەبوون**

ئێمە ئەندامانی پەرلەمان کە لە خوارەوە واژوومان کردووە بە پێی خاڵی (15)ی بڕیاری ڕۆژی (2011/2/23)ی پەرلەمان تایبەت بە بانگهێشت کردنی سەرۆکی حکومەت و وەزیری ناوخۆ و وەزیری

پێشمەرگە بۆ پەرلەمان، بۆ ڕوونکردنـەوە و لێپرسـینەوە لـە ڕووداوەکـانی (2011/2/17) و دواتـر، داوای ئامادەبوونیان دەکەین لە نزیکترین کات دا کە لە هەفتەی یەکەمی وەرزی یاسایی نوێ تێ نەپەڕێ.

**ناوەکان:**

**ئەوانەی واژوویان کردووە:**

1-ئاسك توفیق 2-بلال سليمان 3-کاردۆ محمد 4-عمر عبدالعزيز 5-ئارام قادر 6-سمير سليم 7-عبدالله ملا نوری 8-پەیمان عبدالكريم عبدالقادر 9-عدنان عثمان 10-پەیمان عزالدين 11ڤیان عبدالرحيم عبدالله 12-عبدالرحمن حسين 13-ئاشتی عزيز 14-ڕێباز فتاح 15-پێشەوا توفیق 16-نەریمان عبدالله قادر 17-یاووز خورشيد عثمان 18-يشار نجم الدين نورالدين 19-پەیام أحمد 20-هاوڕاز شێخ أحمد 21-بەیان أحمد حسن 22-کاروان صالح أحمد 23-شێرزاد عبدالحافظ 24-کوێستان محمد عبدالله 25-پەریهان قبلای محمد 26-نەسرین جمال مصطفى 27-سەرگوڵ رضا حسن 28-إسماعيل سعيد 29-عظيمة نجم الدين 30-حمه سعید حمه علی 31-د.صباح بەرزنجی 32-شێردڵ تحسين محمد

ئێستاش داوا لە بەڕێز وەزیـری نـاوخۆ کـاك کـەریم سـنجاری دەکـەین کەرەمکـە بـۆ ڕوونکردنـەوە و پاشـان پرسیاری ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان و لێپرسینەوە لە بەڕێزیان، فەرموو مایکەکەت پێکە.

**بەڕێز کەریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلـەمانی کوردسـتان، ئەم کاتەتان شاد.

سەرەتا خۆشحاڵی خۆمان دەردەبڕین بۆ بانگهێشت کردنمـان بـۆ پەرلـەمان، تـا بەیەکـەوە و لـە نزیکـەوە بـە بارودۆخی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان ئاشنابین، بێ گومان ئامادەبوونی ئێمەش لێرە ڕێزگرتنە لە ئیرادەی جـەماوەر، کـە هـەر ئـەوانن شـەرعیەتیان بـە ئێـوەی بـەڕێز داوە، ببنـە نوێنـەریان لـە پەرلـەمان، ئێمـەش متمانـەمان لـە ئێـوەی بـەڕێزەوە وەرگرتـووە بـۆ ئـەوەی بتـوانین لـە ڕێگـای یاسـاوە خزمـەت و پارێزگـاری بەرژەوەندییـەکانی کۆمەڵگاکـەمان بکـەین، بـەڕێزان، وەزارەتـی نـاوخۆ کۆڵەگەیـەکی گـرنگ و سـەرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەرکی سەرەکی کارکردنە لـە پێنـاو ڕاگـرتنی سـەروەری یاسا و دابینکردنـی هێمنی و ئاسایش، دڵنیایی بۆ سەرجەم هاووڵاتیان بێ جیاوازی، پارێزگاری کردنیان لە هەر مەترسییەك بۆ سەر ژیان و ماڵ و بەرژەوەندییەکانیان، ئێمە لـە وەزارەتـی نـاوخۆ کـار دەکـەین لـە پێنـاو جێبـەجێ کردنـی سیاسەت و بەرنامـەی کـاری حکومـەت، پاراسـتنی بەرژەوەنـدی مـاڵی گشـتی، لـە ڕێگـای چەسـپاندنی یاسا و ڕێزگرتن لە سیستەمی گشتی بەڕێوەبردنی دەسەڵات، بە شێوەیەکی دەسـتووری و یاسـایی، لـە ڕێگـای بنـەما دیموکراتییـەکان و بەرقـەراربوونی مـاف و ئازادییـەکان، بـەڕێزان، سـەرکەوتن و بـەردەوام بـوونی هـەر دەسەڵاتێك لە بەڕێوەبردنی سیستەمی سیاسی و ئیداری و کۆمەڵایەتی دا، بەندە بە ڕاددەی بەرقەراربوونی هـێمنی تـەناهی و ڕێزگـرتن لـە مافـەکانی تـاکی کۆمـەڵگا، لـە ڕێگـای چەسـپاندنی بنـەماکانی مافـە دیموکراتییـەکان و عەدالـەتی کۆمەڵایـەتی و پەرەپێـدان بـە ژێرخـانی ئـابووری، نـوێ بوونـەوە و ئـاوەدانی

بەردەوام بە خۆوە دەبینێ، لە هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵگا، ئێمەش لە وەزارەتی ناوخۆ بە بەردەوامی هەوڵمان داوە ئەو فاکتەرە ئیجابی یە بین، بۆ مسۆگەر کردنی زۆرترین ڕادەی ئارامی و هێمنی بۆ هەموو هاووڵاتیان و دانیشتووی هەرێمەکەمان بە یەکسانی، لە هەمان کاتیش دا هەر سەرپێچییەك کە ڕوویدابێ ئەرکی یاسایی و نەتەوەییمان بە جێ گەیاندووە، ئەویش بە گرتنەبەری ڕێو شوێنی یاسایی و گونجاو لە سنووری دەسەڵاتمان دا، بەڕێزان، زۆر جێگای دڵگرانی ئێمە و هەموو لایەك بوو کە بە داخەوە چەند ڕووداوێکی دڵتەزێن لە ڕێککەوتی (17)ی شووباتی ڕابردوو و ڕۆژانی دیکە هاتنە پێشەوە، بوونە هۆی شەهید بوونی حەوت هاووڵاتی و دوو کارمەندی پۆلیس و برینداربوونی چەندین لاو و ڕۆڵەی خۆشەویستمان لە شاری سلێمانی و سنووری گەمیان و هەڵەبجە، کە دوا ئاماری بریندارەکان (285) پۆلیس و (190) هاووڵاتی یە، بۆ زانیاری بەڕێزیشتان لە ڕووداوەکەی دوێنێ خۆپێشاندانی شاری سلێمانی (66) پۆلیس و (33) هاووڵاتی برینداربوون، لەم دەرفەتەدا بە پێویستی دەزانین هاوخەمی خۆمان بە کەس و کار و هاوڕێیانی هەر (9) شەهیدەکە ڕابگەیێنین و لە خودای گەورە داواکارین کە سەبووریان پێ ببەخشێ، هیوای چاك بوونەوەش بۆ سەرجەم بریندارەکان دەخوازین، ئەم ڕووداو و خۆپیشاندانانە، ئاکامەکانی لە چەندین شار و شارۆچکەی کوردستان وای لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان کرد کە دەبێت لە بەردەم ئەو حاڵەتانەدا هەڵوەستە بکەین، لە هۆکاری سەرەکی ئەم بارودۆخە وردبینەوە دەستنیشانی کەم و کوڕییەکان بکرێت، بە هاوکاری و هەماهەنگی هەموو لایەك چارەسەری ڕیشەیی بۆ بدۆزینەوە، بێ گومان ئەوەی پەیوەندی بە ئەرکی وەزارەتمانەوە هەبێ، بە دڵنیایی یەوە کاری لەسەر دەکەین، پێویستە چارەسەری بکەین، بێ گومان خۆپیشاندان بە شێوازێکی یاسایی و هێمنانە مافی هاووڵاتیانە، لە کوردستانیش پەیڕەو کراوە و دەکرێت و هەموو خەڵکی کوردستان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش شایەد حاڵی ئەوەن کە لە هەولێر لە ساڵی پار و سەرەتای ئەم ساڵیش لەلایەن چین و توێژە جۆراوجۆرەکانەوە چەندین خۆپیشاندان و کۆبوونەوەی جەماوەری کراوە، بەڵام دوا بە دوای ئەو خۆپیشاندانانەی ڕۆژی (2/17)ی بەردەرکی سەرا لە سلێمانی، کە لەلایەن پارێزگاری سلێمانی یەوە مۆڵەتی پێدراو، دواتر ئاراستەکەی گۆڕاو، ئەو ئاکامە دڵتەزێنەی لێ کەوتەوە، بە داخەوە ئەو ڕووداوە ناخۆشانە لە کەلار و هەڵەبجە و چەندین شوێنی تریشدا دووبارە بوونەوە، بۆیەش لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییانەوە، نە ئەوانەی داوای وەرگرتنی مۆڵەتی خۆپیشاندان دەکەن دەتوانن زەمانەتی ئەوە بدەن کە خۆپیشاندانی ئەوانیش ڕووداوی دڵتەزێنی لێ نابێتەوە، نە لایەنی پەیوەندیداریش دەتوانێت ئەو زەمانەتە بدات، هەر لەبەر ئەو هۆیەش دا لە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان دا بڕیاری پێدانی مۆڵەت بە سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان دراوە، تا لەسەر ئەرزی واقیع دا ڕەوشەکە هەڵبسەنگێنن و بڕیاری پێویست بدەن، ئەگەر سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان بە پەسندییان نەزانی مۆڵەت بدەن، ئەوە بڕیاری یەکلاکەرەوە بۆ دادگا دەبێ، هەمووشمان پابەندی بڕیاری دادوەر دەبین، چونکە بڕیارێکی ورد و بێ لایەنە و ڕەچاوی بەرژەوەندی گشتی تێدا دەکرێت، لێرەدا بەڕاشکاوی دەڵێم، پێموایە لێپێچینەوە لە پێ نەدانی مۆڵەت زۆر باشترە لە کوژران و برینداربوونی هاووڵاتیان کە لەم هەل و

مەرجەی عیراق دا نازانرێ چ پلان و هەوڵێك لە ئارادایە بۆ تێكدانی ئەم ئەزموونە، سەبارەت بە چوونی هێزی زێرەڤانی بۆ سلێمانی دوای ڕووداوی (17)ی شووبات، سەرەتا دەمەوێ بڵێم كە زێرەڤانی بەشێكە لە هێزەكانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ، كە لە ڕووی یاسایی یەوە مانای وایە لە ژێر فەرمانی وەزیری ناوخۆدایە، وەك چۆن ئەگەر پێویست بكات پۆلیس و ئەفسەر لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی دیكەوە بگوازرێنەوە، ئەوانیش بۆ هەر شوێنێكی هەرێمی كوردستان كە پێویست بكات دەگوازرێنەوە و ئەركی خۆیان جێبەجێ دەكەن، تەنانەت جووڵاندنی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ بۆ پاراستنی ئاسایش لە دەسەڵاتی سەرۆكی یەكەی ئیداری دایە، لە سنووری هەر یەكە ئیداریەك دا، نەك هەر ئەوەندە، بەڵكو سەرۆكی یەكەی ئیداری بۆی هەیە داوای هێزی سەربازیش بكات، ئەگەر پێویست بكات، بێ گومان ئەوەی لە دەسەڵاتی یەكەی ئیداری دابێت لە دەسەڵاتی وەزیری ناوخۆش دایە، كاتێك بە هۆی گۆڕینی ڕێڕەوی خۆپیشاندان و هێرش كردنە سەر بارەگای لقی چوار، پەنابردن بۆ توندو تیژی و ئەوەی دواتر كەوتەوە، لە شەهیدبوونی گەنجێك و برینداربوونی دەیانی تر لە هەردوولا، پشێوییەك كەوتەوە و هێزە ئەمنییەكانی شارەكە لەم كاتەدا نەیانتوانی كۆنتڕۆڵی ڕەوشەكە بكەن، هەر بۆیەش بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە هێزێكی زێرەڤانی خرایە ژێر فەرمانی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە، بە مەبەستی هاوكاری كردنی هێزە ئەمنییەكان لەو شارەدا گەر پێویست بكات، كە ئەو كاتە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە ئەركی بەرپرسی لێژنەی ئەمنی شارەكەی پێ سپێردرابوو، لێرەدا دەمەوێ بڵێم/ تكایە با كەس بە چاوی ئەمڕۆ تەماشای هەل و مەرجی ئەو كات نەكات، كە گەنجێك شەهید ببوو، بە دەیان بریندار هەبوون و پشێوییەك هاتبووە ئاراوە، ئێمە لەو كاتەدا بە دەیان ئەگەرمان لەبەرچاو گرتبوو، بە مەبەستی پاراستنی ڕەوشەكە و ڕێگرتن لە پشێوی دیكە، قوربانی تر، لەو كاتەدا بە باشمان زانی ئەو هێزەی زێرەڤانی بخەینە ژێر فەرمانی وەزیری پێشمەرگەوە بۆ ئەوەی بنێرێ، تەنانەت فەرمانیان پێ كرابوو نەچنە ناو شاریشەوە، بۆ ماوەیەك لە دەرەوەی شاری سلێمانی جێگیر بوون و بەشداری هیچ ئەركێكیشیان نەكرد، كە ڕەوشەكەش ئاسایی تر بوو، هەست كرا پێویست بە بوونی ئەوان نیە، گەڕانەوە شوێنی خۆیان، لە هەمان كات دا بە هۆی گرژبوونی ڕەوشەكە لە كەركووك هێزێكی تری زێرەڤانی بۆ كەركووك نێردرا، بەڕێزان، هەرێمی كوردستان بە شێوازێكی دیموكراسیانە بەڕێوە دەچێ، بە دەنگی خەڵكی كوردستان و لە ژێر چاودێری عیراقی و ئیقلیمی و جیهانی دا هەڵبژاردن ئەنجام دراوە، هەموو لایەك، بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە پەسندیان كردووە، بۆیە لە هەر ڕووداوێكی نا یاسایی بۆ تێكدانی سەقامگیری و هەراسانكردنی هاووڵاتیان، ئەركی هەموومانە بیپارێزین، لە كۆتاییدا، سوپاس بۆ گوێگرتن و گرنگیدانتان و ئێستاش ئامادەین بۆ هەر سەرنج و تێبینی و ڕینماییەك كە لە ئێوەی بەڕێزەوە ئاراستەمان بكرێت لەگەڵ دووبارە ڕێز و پێزانینمان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیر، ئێستا ئەندامە بەڕێزەكانی پەرلەمانی كوردستان، ئەوانەی ئەیانەوێ موداخەلە بكەن ناویان ئەنووسین، ئێستاش ئەم ئەندامە بەڕێزانە ئەیانەوێت لەم ئیستیجوابە بەشدار بكەن، پەیمان

عزالدين، پەريهان قوبلاى، كوێستان محمد، كاردۆ، برهان، اسماعيل، دڵشاد، اسماعيل محمود، هاژە سلێمان، د. احمد، عمر عبدالعزيز، پەيمان عبدالكريم، پێشەوا، زانا رەئوف، جعفر على، ئامينە زكرى، نيشتمان مرشد، پەروين، تارا ئەسعەدى، ئاواز عبدالواحد، گوڵيزار، بلال، حمه سعيد، عظيمة نجم الدين، عبدالله مەلا نورى، شاهۆ سعيد، سەرهەنگ، كاوە، شلێر محى الدين، سميرە گۆران، ژيان عمر، زكيە، ڤيان، سەرگوڵ، عدنان، ڤيان عبدالرحيم، نەسرين جمال، صباح بيت الله، ناسك توفيق، سمير سليم، عبدالرحمن، شێرزاد، ئاشتى عەزيز، لانە، گۆران، كەيلى ئەكرەم، قادر حسن، فازڵ، عومەر هەورامى، سۆزان شهاب، ئەڤين عومەر، شڤان احمد، هيچ بەڕێزێكى تر ئەيەوێت با كەرەم بكات ناوى بنووسين، بەڕێز پەيمان عزالدين كەرەم بكە.

**بەڕێز پەيمان عزالدين:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

من سەرەتا لە قسەكانى جەنابى وەزيرەوە دەست پێ ئەكەم، كە باسى ئەركەكانى وەزارەتى ناوخۆى كرد، بەوەى كە.....

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

پەيمان خان، ئەگەر گوێ لە برات بگرى، هەر ئەندامێكى بەڕێز 3 دەقيقەى هەيە، وەختەكەتان كورت بكەن، كەرەم بكەن فەرموون.

**بەڕێز پەيمان عزالدين:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لە قسەى بەڕێز وەزيرى ناوەخۆ دەست پێ دەكەم كە باسى ئەركەكانى وەزارەتى ناوخۆى كرد، كە ئەركى پاراستنى ژيانى خەڵك و دڵنەوايى كردنيان و پاراستنى سەروەرى ياسايە لە ڕێگەى بەرقەراربوونى ماف و ئازادييەكان، پرسيارى يەكەمم بەوە دەست پێ ئەكەم، بۆ جەنابيان نەيانتوانيە ئەم ئەركە گەورەى وەزارەتى ناوەخۆ هەتاكو ئێستا بەجێ بگەيەنن؟، چونكە يەكێك لەكێشەكانى وەزارەتى ناوەخۆ و يەكێ لە كێشەكانى خەڵك ئەوەيە كە دڵنەوايى و دڵنيايى نيە لە ئەمنيەتيان و لە پاراستنى سەرو ماڵيان لە دواى ڕووداوەكانى 17ى مانگەوە، كە بە بڕواى من يەكێك لە كێشەكان ئەوەيە، بەڕێزيان وەكو لە لێژنەى ناوەخۆش ئيشارەتيان پێكردووە، وەزارەتەكەى ئەوان تەنيا وەزيرى هێزەكانى پۆليس و چالاكيە مەدەنيەكان و پۆليسى هاتۆچۆيە، كە تێكڕاى خەڵك و بە جياوازى بير و بۆچوونەكانيانەوە، گلەيى و نيگەرانيان لەو هێزانە نيە كە بەڕێزتان سەرپەرشتى ئەكەن، كە ئەوانە وەكو جەنابيشت لە ئامارەكاندا خوێندتەوە، كۆمەڵێك قوربانى هەن كە كەس نازانێ بە دەستى كوێن، كەواتە ئەو هێزانەى لاى جەنابيشتن، وەكو هاووڵاتيان سەر و ماڵيان نەپارێزراوە، وەكو ئەوەى كە جەنابتان نەتانتوانيوە سەر و ماڵى تاكەكانى هێزەكانى خۆتان بپارێزن، لێرەوە پرسيارەكە دێت، هێزى ئاسايش ئەى سەر بەكێيە؟، هێزەكانى دژە تيرۆر ئەى سەر بەكێن؟، هێزە دەمامك دارەكان ئەى سەر بەكێن؟، كە جەنابت نە ئەتوانى منى هاووڵاتى لێى بپارێزى و نە ئەتوانى هێزەكانى خۆتى لێ بپارێزى، پرسيارێكى تر ئەوەيە كە يەكەمن با بڵێين

پێشێلکردنی یاسای خۆپێشاندان لە سایەی وەزارەتەکەی جەنابتانەوە و لە ژێر چەترێ ئەودا کرا بەوەی کە یەکەم، ئێستاشی پێوە بێ، مۆڵەتی خۆپێشاندان لە هەولێر و لە دهۆکدا، کە لە هەولێریش داواکراوە چەند جار، مۆڵەتی نەدراوەتێ کە یەکە ئیدارییەکان دیسانەوە لەناو ئیختیصاصی وەزارەتەکەی جەنابتان دان کە هەتا ئێستا لە بەشێك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، خۆپێشاندان بە پیلانی ناحەزان ناو ئەبرێ، بەو جۆرە لە هەولێردا مامەڵە لەگەڵ خۆپێشاندەران ئەکرێ کە تاکو ئێستا نەتوانراوە نە هێزەکانی ئێوە، سەرۆکی یەکەی ئیداری و نە دادگاش مۆڵەتی خۆپێشاندان بدات، کە وەکو شتێکی، وەکو پیلانێکی دەرەکی، پیلانێکی نەتەوایەتی سەیر ئەکرێ، تەقە کردن لە خۆپێشاندان و بەکارهێنانی دار لاستیك و کۆمەڵێك چەك و تەقەمەنی، ئەمە لە کوێی یاساکە هەیە؟، کە هەر بۆ خۆی ئەمە دارلاستێك تازەترین چەکە کە نازانم هاتووتە ناو جبەخانەی وەزارەتی ناوەخۆ یان نا؟، جگە لەوەی کە یەکێکی دیکە لە ئەرکە گرنگەکانی وەزارەتی ناوەخۆ، جێبەجێ کردنی فەرمانی دەستگیر کردنی دادوەری لێکۆڵینەوەیە، هەتا ئێستا لە سلێمانیدا ئەمری دەستگیرکردنی چەند کەسێك هەیە لە تەقەکەرانی 17ی شوبات، بەڵام هەتا ئێستا هێزەکانی پۆلیس نەیانتوانیوە، جورئەتیان نەکردووە دەستگیریان بکەن، ئەمە ئێوە جەوابتان چییە بەرامبەری؟، دوا پرسیارم ئەوەیە هەر بە قسەی جەنابت کە وتت با بە چاوی ئەمڕۆ سەیری ڕووداوەکانی ئەو کاتە نەکەین، من عەکسی ئەکەمەوە، با بەچاوی ڕووداوەکانی 17ی مانگ سەیری ئەمڕۆ نەکەین، کە چ مەجزەرەیەك ئەمڕۆ لە سلێمانی ڕوو ئەدات، جەنابت چیت کردووە ئەمڕۆ کە خۆت لە پەرلەماندای بۆ ئەوەی ئەو قتل العامەی سلێمانی.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز پەریهان خان فەرموو.

**بەڕێز پەریهان قبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ڕۆژی 17ی شوباتەوە دەست پێ ئەکەم، کە ئەو ئاراستەی خۆپێشاندەرەکان کە بەڕێز وەزیری ناوەخۆ ئیشارەتی پێدا کە نەیتوانی پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان کە بە گرتە ڤیدیۆیەکان زۆر وازیح و ئاشکرایە، کە نەیتوانیوە پارێزگاری هەم لە خەڵك بکات و هەم لە سەرو ماڵی خەڵك، ئایا سەبەبی ئەوە چیە؟، ئایا هێزی کافی نیە؟، ئایا مودەرەب نین؟، ئایا پێیان وترابوو بە جۆرێکی تر مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕووداوە بکەن، بەلزەبت ئەوەش ڕەبتی هەیە بەو هێزانەی کە هاتنە ناو سلێمانیەوە بۆ دوای 17ی شوبات، من لێرەوە پرسیارەکەم ئەوەیە، ئایا هێزی زێرەڤانی سەر بەکێیە؟، هەتا ئێستا پرسیارێکی وازیح هەیە کە ئەو دژە تیرۆر بۆ چی دوای ئەوە بە بەرچاو ڕوونی دوای 17ی شوباتەوە تا ئێستا موتەواجیدن؟، پرسیارێکی تر، بۆ چی دوای دەرکردنی بڕیاری پەرلەمان نەیتوانیوە وەزارەتی ناوەخۆ ئەو تاوانبارانە دەستگیر بکات؟، بۆچی نەیتوانی پارێزگاری لە کەناڵ و ڕادیۆ و تەلفزیۆنی گۆڕان بکات؟، کە لە کاتێکدا لە ژێر حیمایەی وەزارەتی ناوەخۆ بوون، بەڵام لە نەفسی کاتدا سووتێندرا، بۆ چی نەتواندرا کەناڵی نالیا کە

سووتێنرا لەناو جەرگەی سلێمانیدا، بۆ نەیانتوانی پارێزگاری لەو کەناڵە بکەن؟، بۆ چی تاوانبارانی نالیا ئەرفێنن و ئەیانبەنە دەرەوەی وڵات؟، بۆ چی تا ئێستا وەزارەتی ناوەخۆ نەیتوانیوە دەستگیریان بکات؟، هەتا ئێستا ئەگەر هەموو گرتە ڤیدیۆیەکان شاهیدن کە هێزەکان بە لێدان بێت، ئەشکەنجەی جەستەیی بێت، بە گۆتن بێت، بۆ چی؟ ئایا بۆ خەڵك خۆپێشاندان بکات بۆ بگیرێت؟، بۆچی گیراون؟ زۆر زۆر وازیحە کە لێدانی جەستەییان لەسەرە و نەفسیەن ئەو هاووڵاتی ئێمە تەدمیر دەکرێت و ئەبێت بە حاڵەتێکی دەروونی بۆیان، باشە من پرسیارم لەوەیە، بۆ چی پۆلیسی چالاکی مەدەنی ئێمە ڕۆیشتووین، خۆمان گەڕاوین و پۆلیسی دارستانیشمان بینیوە لەگەڵیاندا، ئایا ئەمانە مودەڕەبن بەو شێوەی کە بتوانن لەگەڵ خۆپێشاندەران مامەڵە بکەن؟، بۆ چی هەتا ئێستا وەزارەتی ناوەخۆ نەیتوانیوە تاوانباران دەستگیر بکات؟ لە کاتی ئەوەی زۆر ئاسانە بۆیان کە بەشداران لە خۆپێشاندەران دەستگیر بکات و لە هاووڵاتیان بدات و بە خۆپێشاندان ئەبەن بەڕێگاوە، بەڵزەبت لەم 48 سەعاتەی ڕووداوی ئەخیری شارەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵزەبت لە شاری سلێمانی کە ئێستا هێزێکی زۆر بەرچاو لەناو سلێمانیدایە، بۆ چی؟، بۆ ئەوەی خۆپێشاندان نەکرێ؟، لەکاتێکدا ئەمە پێشیلکردنی یاسای خۆپێشاندانە کە تەنها ئەبێت پۆلیسی چالاکی مەدەنی بتوانێت لەوێ بێ تەنها بۆ پارێزگاری خەڵك، نەك ....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کوێستان محمد فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری ناوەخۆی حکومەتی هەرێم، بەڕێزم، ئێستا لە شاری سلێمانی هێزێکی زۆری پۆلیس، ئاسایش، پێشمەرگە، دەمامکدار بەناو دژە تیرۆر و هێزێکی زۆری عەرەب لەناو شاری سلێمانیدایە، مەجزەرەیەکیان دروست کردووە، ئایا بەڕێزت ئاگات لەمەیە؟، ئەگەر ئاگات لەمەیە، ئەمە یاسایی و ئاساییە؟، ئەگەر نا ئیدانەی ئەکەیت؟، بەڕێزم، بە پێی ماددەی دووی یاسای خۆپێشاندان، ئەبێ دەزگاکانی پۆلیس خۆپێشاندەران بپارێزن، بەڵام بە پێی ئەو وێنانەی لەبەر دەستی مندایە، پەیامنێری کەناڵێکی ئاسمانی بە دەمانچەی ڕووت تەقە لە خۆپێشاندەران ئەکات و هێزەکانی بەڕێزت ئەیپارێزن، لێرە هێزەکانی پۆلیس، کامیرەی پەیامنێرێکی تری کەناڵێکی ئاسمانی بە دەستەوەیە و بۆیان پاراستووە و ئەویش بەرد دەگرێتە خۆپێشاندەران، ئایا هێزەکانی ئێوە چ ڕووبەڕووبونەوەیەك، یان چ سزایەك لە لایەن ئێوە دراوە کە لە باتی خۆپێشاندەران بپارێزن، ئەوانە ئەپارێزن کە هێرش دەکەنە سەر خۆپێشاندەران، لێرە یەکێك لە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەڕێزت بە دەمانچەی ڕووت تەقە لە خۆپێشاندەران ئەکات و لەویش شەهید دەبێ، تا ئێستا بەڕێزت نەتتوانیوە، یەکێك لە بەڕێوەبەری وەزارەتەکەی خۆت ڕادەستی دادگا بکەی کە بڕیاری گرتنی هەیە، چۆن ئەتوانی بەرپرسی حیزبی کە لێرە بە کلاشنکۆف ڕووت و بە دەمانچەی ڕووت، تەقە لە خۆپێشاندەران ئەکەن؟، لێرە ئەمە بەرپرسی حیزبەکەی بەڕێزتانە بە دەمانچەی ڕووت

تەقـە لـە خۆپێشـاندەران ئـەكات و هێزەكـانی بـەرێزت لـە پشـتەوە ئـەيپارێزن، كـە نـاتوانی بەرپرسـە حیزبیـەكانی ڕادەسـتی دادگـا بكـەی، چ ئیجرائاتێكـت لەگـەڵ پۆلیسـەكان كـردووە كـە ئـەيپارێزن؟، مـن پرسیارێكم هەیە لە $2/17$ تا ئێستا ئێوە نەتاناتوانیوە یەك كەس لەوانەی كە كوشت و كوشتاریان كـردووە لە شاری سلێمانی ڕادەستی دادگا بكەن لەبەرامبەر دا فاروق رفیق و ڕێبین هـەردی ئـەو دوو ڕۆشـنبیرە گەورەیەی كورد ڕادەستی دادگا دەكەن، لەپای چی ئەمـە؟ مـن ئـەخێر شـتم بەمـە كۆتـایی پـێ دێـنم بـەڕێز ئێمە لەسەردانێكمان بۆ لای بەڕێزتان پێش ئەوەی كە دەسبەكار بیت وەك وەزیری ناوخۆ بەڵێنت دا ئەگەر نەتوانی لە دوای دەست بەكاربوون وەك وەزیری ناوخۆ ئەو دوو ئیدراییە یـەك خەیتـەوە، نـەتوانی ئـەوەی كە لە هـەولێر و لـە سـلێمانی ڕوودەدات سـەیتەرە و هـەبێ بەسـەری دا حەتمـەن دەسـت لەكاردەكێشیتەوە، بەڵام ئێستا دوو وەزارەتی نـاوخۆ هەیـە ئـەوەی لـە سـلێمانی دەكرێـت مـن دڵنیـام بـەرێزت سـەیتەرەت نیـە بەسەری دا، ئایا لەسەر هەمان هەڵوێستی پێشووتی یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بـەڕێز وەزیـری نـاوخۆ بـۆ ڕووداوەكـانی دوای $2/17$ بـانگ كـراوە، بـەڵام تـا ئێسـتا لـە هـەرێمی كوردسـتان بەشـێوەیەك بـەرخورد لەگـەڵ خـەڵكی كوردسـتان یـان بـە تایبـەتی لەگـەڵ خۆپیشـاندەران دەكرێـت بـە عەقڵیەتێكی سەربازی چارەسـەر كـردن، كـە ئەمـەش وا دەكـات و پێویسـت بكـات هێزێكـی جۆراوجـۆری كـە سەرچاوەی دەسەڵاتەكان دیار نین لەكوێ ڕێنوێنی دەكرێن یان دەپارێزرێن كە پێموایە ئێستا بەو شێوەیە و بـە ئاراسـتەیەك دەڕوات كـە ڕەنگـە دەتـوانین بڵـێین مەترسـی شـەڕێكی گـەورە لـە نێـوان خۆپیشاندەران و دەسەڵاتە كە بـە ئـەركی وەزیـری نـاوخۆ دەزانـین و بەرپرسـیاریەتی یاسـایی هەیـە بـە هەماهـەنگی لەگـەڵ حكومەت كە پارێزگاری لە هاووڵاتیان بكات كە سەرو ماڵی هاووڵاتیان بپارێزێ بەداخەوە ئێستا ڕۆژ بـەڕۆژ هەوڵەكان بۆ بەكارهێنانی هێز بۆ توندوتیژی بەردەوام تر و زیاتر دەبێت، ئەگەر قسە لەسەر یاسا دەكـەین لە كوردستان دا یاساكان نین كە كارپێكراون و پێشێل دەكرێن، هەر ئەو یاسایەی كە لە پەرلـەمان دەرچـووە و ئەو بڕیارەی لە پەرلەمان دەرچووە بۆ تەجریم كردن و تەحریم كردنـی توندوتیـژی، هـەتا ڕێگـەدان بـۆ خۆپیشاندانێكی ئاشتیانە و مەدەنیانە ڕێـی لێ دەگیرێ، كـاتێ خـەڵكی كوردسـتانیش لەسـەر مافـە ڕەواكـانی خۆیـان و لەسـەر داخوازیـە ڕەواكـانی خۆیـان دژ بـە ناعەدالـەتی، دژ بـەم شـێوازەی كـە دەسـەڵات لەگـەڵیان تەعامول دەكات، دژ بە نەدانی دادگایی هەموو تۆمەتباران، بە هێرش بردن بۆ سەر ئەوانەی كـە ڕێكخـەری خۆپیشاندەرانن بە ئاشـتیانە داواكاریـەكانی خۆیـان جـێ بـەجێ كـرد، ئەوانـە دەدرێنـە دادگـا، ئایـا وەزیـری نـاوخۆ بـەرپرس نیـە لـە بەرامبـەر ئـەم هـەموو پێشـێلكاریانەی كـە لـە كوردسـتاندا دەكرێـت، دوای ئـەوەی مۆڵەت نادرێت دەستی دەستی بەوە دەكرێت ڕۆژێك دەڵێن سەرۆك لـە هـەولێرە، محافز و سـەرۆكی یەكـەی

ئیداری بەرپرسە، نەخێر لیژنەیەکی تر بەرپرسە و تایبەتە، نەخێر وەزیری ناوخۆ ئیتر ئەمە بۆ ئەوەی کاتێکیش خەڵك دێتە جادە ئەگەر خوێندکاران یان ماموستایانی زانکۆ بەشێوەیەکی ڕەفتاریان دەکرد کە بڕوا ناکەم لە هیچ شوێنێکی دنیادا بەم شێوەیەی کە بیانوو بگرێ بە ڕۆژنامەنووس و دەرفێندرێ و دەگیرێ و دوایی بەردەدرێت، مامۆستا لێی دەدرێت، پەرلەمنتار حەسانەی نەك پارێزراو نیە، ڕۆژانە ئیهانە دەکرێن لە کوردستان دا هەموو ئەو حەقیقەتانە وا دەکەین ئێمە بڵێین تا ئێستا لە کوردستان لایەنی ئەمنی دابەش کراوە، دوو ئیدارەیە و دوو ئەمنیەتە و دوو دەسەڵاتە، زۆبەی بەڕێوبەرەکانی پۆلیس لە سلێمانی دەگۆڕدرێن و وەزیری ناوخۆ پێمان خۆشە جوابم بداتەوە ئاگادارە، زۆربەی ئەوانەی کە پێویستن بنێردرێنە دادگا لە سنووری سلێمانی ئایا هیچ ئیجرائاتێکی یاساییان لەبەرامبەر کراوە؟ لە هەولێر دا بە ئاگاداری وەزیری ناوخۆی بەڕێز خۆی کە دەبووایە چاودێری لە بارەگاکانی گۆڕان بکات بە بەرچاوی هێزەکانی پۆلیس بە هێزی جۆراوجۆری ڕەنگاو ڕەنگ پێمواییە لە لای ئەو لایە هاتوون کە ........... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من چەند پرسیارێکم لە بەڕێز جەنابی وەزیر هەیە و پرسیارەکانیشم بۆ نووسیوە، بۆی دەخوێنمەوە بۆیەش بۆم نووسیوە دانە دانە دەمەوێ وەڵامم بداتەوە، یەکەم/ بۆچی تا ئێستا بڕیارەکانی دادگا کە بە دەستیان گەیشتووە تاوانبارانی 17ی شوبات و ڕۆژانی دواتر تەسلیم نەکردووە؟ کە ئەمری مەحکەمە هەیە، من تاقیبم کردووە ئەمرەکە گەیشتووەتە پێشیان لە دەسەڵاتی دادگا دەرچووە و لە دەسەڵاتی تەنفیزی دایە کەشورتەیە جێ بەجێ ی بکات لەبەرئەوەی ئەم وڵاتە قوەی قەزائی نیە وەك هەندێ وڵات خۆیان دەچن دادگا و بیگرن، ئەوانە ناگرێ و خەڵکی تر دەگرێ، بەڵام ئەوانە تەسلیم ناکەن، دووەم/ بە پێی ماددەی 3 یەکەم دەسەڵاتی مۆڵەتی خۆپیشاندان لە دەسەڵاتی محافز دایە، بەڵام لە هەولێر دا بە خیلافی ئەوەی نێردراوەتە وەزارەتی ناخۆ، سێیەم/ ماددەی 6 لە یاسای خۆپیشاندان مەنعی کردووە خەڵك مەنع بکرێت لە خۆپیشاندان، بۆچی ئەمان مەنعی دەکەن پێشێلی ئەو ماددەیەیان کردووەە، چوارەم/ بە پێی ماددەکانی 7 و 11 بەس بۆ پۆلیس بەکاردەهێندرێن لەم حاڵەتی خۆپیشاندانە، بەڵام ئەمان هێزی پێشمەرگە دەبەن، من خۆم پێشمەرگە دەناسم هەتا جلی پۆلیسی لەبەرکراوە و لەو جێگایانەیە، بۆچی ئەمان پێشمەرگە دەبەن و ئەم مخالەفەیە قبوڵ دەکات بەڕێزی؟ پێنجەم/ دەسگیر کردنی بە پێی هەمان یاسا قەدەغەیە بە ئەمری دادگا نەبێ، بەڵام ئەم بەیانیە 25 پاسی خوێندکارانی سلێمانی، میلیشیایە کە کەس نازانێ کێیە فڕاندوویەتی بۆ پشتی چەق چەق، 25 پاسی کۆستەر کە پڕە لە خوێندکار، شەشەم/ لە کوێی وەزارەتی ناوخۆ دا هاتووە بەڕێزتان هێزێکتان هەبێ و ناونرا بێت هێزی زێرەڤانی بە پێی قانون لە تەشکیلەی وەزارەت دا نەبوو، ئەو هێزە خیلافی قانونە، حەوتەم/ ئەگەر زێرەڤانی هێزی وەزارەتی

ناوخۆیە بۆچی سەیارەکانیان نیوەی ڕەقەمی (فلك)ە؟ کە فەرماندەی لەشکری کوردستانی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بۆچی ئەوامریش لە پارتی وەردەگرێ و کە مەعاشیان لەسەر وەزارەتی بەڕێزتە، مووچەکانیشیان 250 هەزارە، 250 هەزار دەدەن بەو خەڵکە فەقیرە کە جەژنانە و موکافەئەش شمولیان ناکات وەك باقی تری هێزەکانی تری ناو وەزارەتی ناوخۆ، هەشتەم/ سووتانی بارەگاکانی گۆڕان لە هەولێر و دهۆك لەبەرچاوی هێزەکانتان، بۆچی ئەو کەسانەتان دەسگیر نەکردووە؟ کێن ئەو کەسانە؟ لەبەرچاوی هێزەکانتان ئەو کارەیان کردووە، نۆیەم/ ئەوانەی لە د.پشتیوان و محمد کیانی و د.سلمان و لە هەڤاڵەکانیان داوە کێن؟ لەبەرچاوی هێزەکانی پۆلیسەوە بۆ دەسگیرتان نەکردوون، دەیەم/ لەم کاتەدا سەیارەی بێ ڕەقەم و جام ڕەش خەڵك دەگرێت و تەعقیبی ماڵان دەکات بە بەرچاوی هێزی ناوخۆوە بۆ دەسگیریان ناکەن ئەم هێزانە؟ بۆمان ڕوون بکەرەوە، یانزەم/ بۆچی کەسێکی وەك عمید بەهزاد محمد سعید کە پێشتر ئامر فەوجی خەفیفەی جاشی فەوجی هەشتاو هەشت بووە لە بادینان، عقید ساطح فاضل شهاب کۆنە مەسئولی سەیتەرەی موسڵ بووە زەمانی بەعس، عەقید ئەسکەندەر کە لە فیدائی سەدام بووە لە زمنی ئەو هێزەی زێرەڤانی بووە کە کراوەتە سەر سلێمانی بۆ پەلاماردانی گۆڕان، دوانزە/ چ ئیجرائاتێکتان کردووە بەرامبەر ئەو هێزە چەکدارانەی بە دارلاستیك لەخەڵك دەدەن و وێنەیان دیار و ئاشکرایە، سیانزە/ ئەوانەی تەقەیان لە خەڵك کردووە دیارن، بۆ نموونە ئەوانەی خەڵکی بۆسکێنن ئێستا ماڵ و شوێنیان من مەعلوماتم هەیە کە لە کەڵەك دادەنیشن، کاروان هیدایەت مصطفی کە شوێنی سوتاندووە لە سلێمانی دا لەم مەتارەی هەولێرەوە بە بەرچاوی هێزەکانی جەنابتەوە ڤیزەی بۆ لێ دراو....... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید گەلاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی بەڕێز، بەڕێز وەزیری ناوخۆ، دیارە منیش زۆر شتم هەیە بیلێم، بەلام دیارە کات مەجال نادات لەم پەرلەمانەی ئێمەدا کات لە خوێنی لاوەکان گرنگترە، ... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە قسەکانت بکە و وەختەکەت دەڕوات و خۆت زەرەر دەکەی شتێکت هەیە بە نووسین بیدەرێ، کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل سعید گەلاڵی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێوەی ڕەق قسە دەكەم، بـەڵام بەڕاسـتی ئینسـان زەحمەتـە لـە كەشـێكی ئـاوا دا بتـوانێ بـە ئـارامی قسـە بكات؟ من تەنها ئەوە لە جەنابی وەزیر دەپرسم ئەم دروشمـە لـەناو مۆبایلەكـەم هەیـە و لەسـەر دیـوارێكی هەولێر نووسراوە و دەڵێ ئەزموونی تـونس و مصـر و لیبیـای غـەم ڕێگـای پـێ نـادەم لـە هەولێرەكـەم، ئایـا بەڕاستی ڕزگار بوونی میللەتان غەمە بۆ ئێمە؟ ئەم پرسیارەم لە وەزیری پێشمەرگە كـردو لـە جەنابیشـتی دەكەم ناوم اسماعیلە و داوای جوابەكەی دەكەم بەڕێز، هێزێكی میلیشیا بە جلی كوردی لـە كـەلار تەقـە لـە خەڵك دەكات كە پۆلیسێكی سەر بە وەزارەتەكەی جەنابتان دەستی دەگرێت، ئەو هێزە میلیشیایە كێ بـوو؟ هێزێكی غەیرە كوردی لە كەلار هەن، دوێنێش لە سلێمانی بینـراون، ئـەم هێـزە چـین بەڕاسـتی كوردسـتان تەجروبە تاڵەكەی ڕابردوو دووبارە دەبێتەوە؟ منیش پرسیار دەكەم سووتێنەرانی كەناڵی نالیا سـووتاوەكان هاتنە هەولێری پایتەخت چیان بەسەرهات؟ لە كاتێك دا باسی دیموكراسی و دەوڵەتی یاسا دەكەین هێزێكی دەمامكدار هەن لەكوردستان دا ئەم هێزانە كێن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك دڵشاد فەرمووو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بـەخێرهاتنی بـەڕێز وەزیـری نـاوخۆ دەكـەم، سـەباری هەڵسـەنگاندن ومامەڵـە كردنـی واقعیانـەمان لەگـەڵ ڕووداوەكانی ئەمڕۆ، بەڵام ناشاردرێتەوە كەوا یەكێك لـە خاڵـە بـەهێز و كۆڵەگـە سـەرەكیەكانی بـەردەوامی ئـەم تەجروبەیـەی كـەوا لـە هـەرێمی كوردسـتان ڕۆژ بـە ڕۆژ لەبـەرەوپێش چـوون دایـە لـە سـەقامگیری و ئەمنیەت و پاراستنی سەروەت و ماڵ و گیانی هاووڵاتیان دایە، چەندین ڕووداویش لەڕابردوو دا ڕووی داوە كەوا بارودۆخی نائاسایی بەسەر ناوچە و بەسەر هەرێمیش داهـاتوون بـە تایبـەتی بەسـەر شـاری هـەولێری پایەتەختی هەرێمی كوردستان دا هاتوون، من تەنها یەك شت بەبیر ئێوەی بەڕێز دەخەمـەوە سـاڵی 2003 كاتێك كەوا شەڕی ئازادی عیراق دەستی پێ كرد ئەم شارە زیـاتر لـە 90٪ ی چۆڵ بـوو بـوو تەنانـەت یـەك حاڵەتی تەجاوزیش لەسەر ماڵ و سەروەت و سامانی هاووڵاتیان كەوا بـە جهودی ئـەو كارمەنـدە ئازیزانـەی كە گیانی خۆیـان و مـاڵ و سـەروەتی خۆیـان بـەجێ هێشـت هـاتن سـەروەری خـەڵكی بپـارێزن و ئـەمڕۆ لـە قەفەزی تۆمەت دا دادەندرێن و پەنجەی ئیتهامیان بۆ درێژ دەكرێت، پرسیاری مـن ئەوەیـە لـە كاتێـك هـەر ڕووبەڕووبوونەوەیـەك كاتێـك كـەوا زەرور زیـان بـەر خۆپیشـاندەر یـان بـەر هـاووڵاتی دەكـەوێت لـە كـاتی ڕووبەڕووبوونەوەكاندا تەڕەفی دووەم كە دەعوای لەسەر تەقیم دەكرێت یـاخود تەقـدیم و تۆمـار دەكرێـت ئاشكرایە كە لایەنی ئەمنیە یاخود لایەنی دەسەڵاتە، پرسیار لێرە ئەوەیە، ئەی ئەو كاتەی كەوا كارمەندانی وەزارەتەكـەی بـەڕێزتان، كارمەنـدانی پاراسـتنی ئەمنیـەتی خـەڵكی كوردسـتان دەكەونـە بـەر هێرشـی تەرەفەكەی تر كێیە ئەوەی كە ئەوان مافیان هەبێ و بچن داوای مافی خۆیان لەسەری تۆمار بكـەن؟ ئـەوان داوایـان لـە كـوێ تۆمـار دەكـەن؟ كارمەنـدانی پاراسـتنی ئەمنیـەت بـە تایبـەتی پـۆلیس بـۆی نیـە لـە

ڕووبەڕووبونەوەی خۆپیشاندانددا پەنا بۆ هیچ توندوتیژیەك و بەكارهێنانی چەك ببەن، لە حاڵەتێك دا هێشتا زەمانەتی ئەوە نەكراوە كەوا خۆپیشاندەر چەكی پێ نەبێت، بە چەك هێرش دەكرێتە سەری ئەو بۆی نیە هیچ وەڵامێكی هەبێ، ئایا ئەمە نابێتە ئەگەری ئەوەی كەوا خەڵك لەم ئەركە مەدەنیە بكشێتەوە؟ ببێتە ئەگەری ئەوەی كەوا خەڵك حازر نەبێت ئەم كارە مەدەنیە بكات لە هەرێمی كوردستان، یاخود زەمانەتی پاراستنی گیانی ئەوانەی كەوا بە بێ چەك بەرەو ڕووی ئەم هێرشانە دەبنەوە چیە؟ ئەی مەسئولیەتی پاراستنی ئەوان لە ئەستۆی كێ دایە؟ لە حاڵەتێك دا كە ئەو زەمانەتە وەكو عەرزم كردن مەجود نیە، پرسیاری ئەخیریشم لە كاتی زەرەر پێ كەوتنی كارمەندی پاراستنی ئەمنیەت چ لە شەهید بوونی و چ لە بریندار بوونی چ لە هەر كارەساتێكی كە بەرەو ڕووی دەبێتەوە وەزارەت چ مافێكی بۆ ئەوان دەستەبەر كردووە بۆ ئەوەی ببێتە هاندەر بۆ بەردەوام بوونی كارمەندانی تر و ئەوانیش شعور بە ........ .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیری ناوخۆ دەكەم، من لەگەڵ كارە جوان و باشەكانی وەزارەتی ناوخۆم كە پێی هەستاوە و ئەنجامی داوە، بەڵام پێموایە لە ڕووداوەكانی $2/17$ بە دواوە هەندێ كەموكورتی لە وەزارەتی ناوخۆ بەدی دەكەم، ئومێدم هەیە پێكەوە جەنابیان هەنگاویان نابێ بۆ ئیجرائات كردن لەبەرامبەر ئەو كەسانەی كە ئەو جۆرە كارانەیان ئەنجام داوە یان كەمتەرخەمیان نواندووە لە هەر شوێنێك كە كرابێت، من دوو پرسیارم هەیە لە بەڕێز وەزیری ناوخۆ، یەكەم/ دەپرسم ئایا هەموو ئەو خۆپیشاندانانەی كە كراون لێرەو لەوێ چەندیان بە مۆڵەت بوون؟ چەندیان مۆڵەتیان بۆ وەرگیراوە؟ لە هەموو شاروشارۆچكەكان ئەو خۆپیشاندانانەی كە دەكرێن چەندیان بەمۆڵەت بووە؟ دووەم/ خەڵكێكی زۆر لێرەو لەوێ پەیوەندیمان پێوە دەكەن كە بە ژمارەی تەلەفۆنی تایبەت و یان ژمارەی ناسراو خەڵك تەهدید دەكرێت، وەزارەتی ناوخۆ چ هەنگاوێكی ناوە لەبەرامبەر ڕێگرتن لەو جۆرە كارانە كە تا ئێستا بەردەوامە، پەیوەندی بە خەڵكەوە دەكرێت بە ژمارەی تایبەت، ئومێدم وایە وەزارەتی ناوخۆ هەنگاو بنێ بە تایبەتی لەهەر دوو دەزگای كۆڕەك تیلیكۆم و ئاسیاسیل، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێز وەزیری ناوخۆ، بەخێرهاتنت دەکەین بۆ پەرلەمانی کوردستان، بەڕێزان ئەوەی ئێمە شانازی پێوە دەکەین لە کوردستان ئەو ڕەوشە ئارام و هێمنەیە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری باشوور و ناوەڕاستی عیراق دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و بڵاوبوونەوەی تۆڕە تیرۆرستیەکان لە عیراق کە ئەویش بە شەونخونی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بووە، پاراستنی سەرو ماڵی هاووڵاتیان لە هەموو ئەو هێرش و پلانانەی کە ناحەزان ویستویانە بیکەن بەرامبەر بە کوردستان، بەڕێزان دوای ڕووداوەکانی 17ی شوبات، دوای ئەوەی کە لە شاری سلێمانی و دواتریش لە شارۆچکەکانی تری کوردستان ڕوویاندا، وەزعی ئەمنی هەرێم پشێوی تێ کەوت، لە ئەنجامدا خەڵك کوژراو بریندار بوون، هەروەها بە هەمان شێوە لە هێزە ئەمنیەکانیش خەڵکی کوژراو بریندار هەبوو، لێرەدا دەزگا ئەمنیەکان و ئاسایشی هەرێم ئەرکی بەرپرسیارێتی پاراستنی ئەمنیەتی خەڵکی لە ئەستۆدایە، بۆیە بەڕێز وەزیری ناوخۆ من سێ پرسیارم هەیە، یەکەمیان ئەوەیە، کە بۆچی تاوەکو ئێستا نەتوانرا وەکو پێویست وەزعی ئەمنی هێور بکرێتەوە؟، چونکە تاوەکو ئێستاش لە خۆپیشاندانەکان توندو تیژی ڕوو دەدات، دووەمیان، ئایا خاڵی پێنجەم لە بڕیاری 17 خاڵیەکەی نائاسایی پەرلەمان جێبەجێ کراوە کە باس لە پاراستن و ڕێکخستنی خۆپیشاندان دەکات؟، کە دەبێ تەنها بە هێزەکانی پۆلیس و ناوخۆ، پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان بسپێردرێت، بەوەی کە شوناسیان بۆ بکرێت بە ناو یا باجیان هەبێ، وە شوێنی کاریان دیار بێ، هێزە پارێزگارەکان ئاشکرابێ و نەهێڵدرێت هیچ کەسێك بە دەمامك و ئۆتۆمبێلی جام ڕەش هاتوچۆ بکات، ئەوە لە بڕیارەکەی پەرلەماندا هاتووە، پرسیاری سێیەمم ئەوەیە ئایا خاڵی هەشت لە بڕیارەکەی پەرلەمان جێبەجێ کراوە؟ کە دەبێ دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە لایەنی کەمتەرخەم ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵدا بکرێت، بەتایبەتی بەرپرسی دەزگا ئەمنیەکان، ئەوانەی کە کەمتەرخەمیان نواندووە، لەگەڵ ڕێزم زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، بەڕێز ئارام قادر.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەم، من پرسیارەکانم لە سۆنگەی ئەرکەکانی وەزارەتی ناوخۆ دەکەم کە لە بڕگەی دووی ماددەی دوودا هاتووە کە دەڵێت کارکردن لە پێناو سەپاندنی پرەنسیپی سەروەری یاسا، کە یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی وەزارەتی ناوخۆ، کە ئەبێ هەوڵ بدات بۆ ئەوەی سەروەری یاسا بپارێزێ و پێشێلکاری بەرامبەر بە یاساکان نەکرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە دەبینین لە 17ی شوباتەوە تا ئێستا، پێشێلکاری لە زۆرێك لە یاساکاندا کراوە، بەڵام وەزارەتی ناوخۆ هیچ ئیجرائاتێکی نەکردووە، یەکێك لەوانە لە یاسای ڕۆژنامەگەری لە ماددەی (7) بڕگەی (5) کە تێیدا هاتووە کە ڕۆژنامەنووس، نابێت بە هۆی کارەکەیەوە سووکایەتی پێ بکرێت، یاخود سزا بدرێت، بەڵام بە پێی ڕاپۆرتێکی سەنتەری

میترۆ، کە لە 17ی شوبات تا 4/1 هاتووە، زیاتر لە 100 پێشێلکاری بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان کراوە، سووکایەتیان پێ کراوە، ئیهانە کراون و سزاش دراون، هەروەها بە هەمان مادده، هەڕەشە کردن و ترساندنی ڕۆژنامەنووسان بە تایبەتی لە شاری هەولێر، کە ڕاپۆرتەکەشم ئێستا لەبەر دەستدایە، پەنجاو سێ ڕۆژنامەنووس یاداشتێکیان بەرز کردۆتەوە، بۆ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانیشیان بەرز کردۆتەوە، کە هەڕەشەیان لێ دەکرێت، فشاریان لەسەرە لەناو شاری هەولێردا، وە دوێنێ لە 4/18 لە شاری هەولێر لە کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووس و پەیامنێران ڕێگایان لێ گیراوە بۆ ئەوەی کە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵسن وەکو کارێکی ڕۆژنامەگەری، هەروەها سووکایەتی کردن بە ئەندام پەرلەمان و تەقە کردن و لێدانی، هەرلە دوێنێ کە لە شاری هەولێر ڕوویدا چوار ئەندامی پەرلەمان، ئەمە پێچەوانەی هەموو پرەنسیپە نێودەوڵەتیەکانیشە نەوەك یاسای هەرێم، هەروەها ئەمە بێجگە لە یاسای ڕۆژنامەگەری، یاسای خۆپیشاندان، کە پێویستە تەنها هێزی چالاکی مەدەنی پارێزگاری لە خۆپیشاندەران بکات، بەڵام دەبینین هێزی بەرگری و فریاکەوتن، لە هەڵەبجە، سەید صادق، ڕانیە، سلێمانی ئەمانە بەشداریان کردووە لە تەقە کرن، لە گرتن و لە ئازاردانی خۆپیشاندەران، هەروەها بە هەمان شێوە لەیاسای خۆپیشاندان لە ماددەی(2) بڕگەی (2) بە پێچەوانەی یاساوە نابێ ڕێگە بگیرێت لە خۆپیشاندان، بەڵام دەبینین لەناو شاری هەولێردا، چەندین جار یاداشت پێشکەش کراوە بەوەی کە خۆپیشاندان بکرێت، بەڵام ڕێگری لێ کراوە، ئێستاش مۆدێلێکی تازە هاتووە کە خەڵك دەڕوات داوای خۆپیشاندان دەکات، هەرلەبەردەم پارێزگا یەکسەر ڕەتی دەکەنەوە، گوایە ئەمە پێچەوانەی یاسایە، بەهەمان شێوە هەر لە ئەرکەکانی وەزارەتی ناوخۆ، کە لە ماددەی (2) لە بڕگەی (3) لە ئەرکەکانی وەزارەت، ئەڵێ کاردەکەن لە پێناو پاراستن و مافی مرۆڤ و ئازادیە دیموکراتیەکان، کە تەقریرەکەشم لەبەردەمدایە، مونەزەمەی عەفووی دەولی کە لە 4/12 دەرکراوە، کە پێشێلکاری مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە ئەنجام دراوە، ئایا وەزارەتی ناوخۆ چ کارێکی کردووە؟، یاخود چ ئیجرائاتێکی کردووە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.احمد وەرتی.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەم، دەست خۆشیمان بۆ وەزارەتی ناوخۆ، هێزەکانی ناوخۆ لە پاراستنی ئەمن و ئاسایشی هەرێمی کوردستان، منیش ئەم چەند پرسیارەم هەیە ئاراستەی بەڕێز وەزیری ناوخۆی دەکەم، یەکەم، جەنابتان وەکو وەزیری ناوخۆ لە کۆبوونەوەتان لەگەڵ لیژنەی ناوخۆی پەرلەماندا لە 2011/2/22دا دەڵێن هێزی زێرەڤانی بە تەنسیق و بڕیاری حکومەت نێردراوە بۆ سلێمانی، بەمەبەستی پاڵپشتی کردنی هێزەکانی ناوخۆ، لەوێ خراونەتە ژێر فەرمانی وەزیری پێشمەرگە، لە خاڵی (10)یەمی بڕیای ژمارە (1) ی پەرلەمانیشدا هاتووە، کە بڕیاری جووڵاندنی هێزی سەربازی لە شارێکەوە

بۆ شارێکی تر نابێ ئەنجام بدرێت، تەنها لە حاڵەتی بوونی مەترسی دەرەکی نەبێ، ئایا ئێوە هەستتان بە هیچ جۆرە مەترسیەکی دەرەکی کردبوو لەو کاتەدا؟، پرسیاری دووەم، بەپێی بڕیاری پەرلەمان مامەڵە کردن لەگەڵ بارودۆخەکەدا، کەمتەرخەمی لەدام و دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایشدا هەبووەو، دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە دەبێ لایەنی کەمتەرخەم ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵ بکرێت، بەڕێز وەزیری ناوخۆ لە کۆبوونەوەی لیژنەی ناوخۆدا دەڵێت، لیژنەی لێکۆڵینەوەمان دروست کردووە، دوای تەواو بوونی لێکۆڵینەوەکان ئیجرائات دەکەین، بەڵێنی داوە بەرامبەر کەمتەرخەمیەکانی دام و دەزگا ئەمنیەکان ئیجرائات بکات، هەرکەسێك کە لەسەری ساغ بێتەوە کە پێشێلکاری یاسایی کراوە، ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵدا دەکرێت، ئایا تا ئێستا ئەو لیژنەیە چی کردووە، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ڕاگەیاندن و ئیجرائاتی وەزارەت چی بووە؟، پرسیاری سێیەم، بە پێی بڕیاری ژمارە (1) ی پەرلەمان خاڵی (9) نابێ بەبێ بڕیاری دادگا هیچ خۆپیشاندەرێك بە هۆی خۆپیشاندانەوە، یا بەهۆی بەشدرای کردنی لە خۆپیشاندان دەستگیر بکرێت، بەڵام بە گوێرەی لێدوانی چەندین کەس لە مامۆستایانی ئاینی و خەڵکی تریش بە هۆی خۆپیشاندان و بەبێ بڕیاری دادگا دەستگیر کراون، ئایا بۆچی بەبێ بڕیاری دادگا خەڵك دەستگیر دەکرێت؟، هەڵوێستی وەزارەتی ناوخۆ لەو بارەیەوە چیە؟، دوا خاڵیشم بەرپرسانی ئەمنی شارەکە راستەخۆ ڕووبەڕووی بارودۆخی ئەم دواییە دەبنەوە، یان بارودۆخەکان دەبنەوە، ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتی پەرلەمان، ئاماژە بەوە دەکات کە دوای ڕووداوەکای 2/17 پێك هات لە پەرلەمانی کوردستان، بەپێی بڕیاری ژمارە (1) ئاماژە بەوە دەکات کە هێزە ئەمنیەکان، وەکو پێویست هاوکار نەبوون و بەڵێنی دیاری کراویان نەدەدا بە لیژنە، لە خاڵی سێهەم(ج) لە بڕیاری ژمارە (2) ی پەرلەمان، لە 3/17 هاتووە، بانگهێشت کردنی بەرپرسانی ئەمنی سەرجەم ئەو شارانەی پەیوەستن بە ڕووداوەکانی 2/17 و دواتر، پێش هاتنی وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە، بۆ لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی پێشمەرگە، بۆ ڕووبەڕوو کردنەوەی پێشێلکاریەکان، کە لە ئەنجامی خۆپیشاندانەکان ڕوویداوە، ئایا ئەم بەرپرسانە هاتوونەتە لیژنەکانی ناوبراو؟، وە ئایا ....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عمر عبدالعزیز.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە ئەمڕۆ بۆ پرسینەوە لە بەڕێز وەزیری ناوخۆ کۆبووینەتەوە، کە یەکێکە لە بڕیارەکانی یان لە خاڵی 15 لە بڕیارەکانی 27ی مانگ لە پەرلەمان، پاش بەخێر هێنانی هیوادارین وەڵامی ئەو پرسیارانەمان بداتەوە، کە بەداخەوە پاش شەش ڕۆژ لە ڕووداوەکانی 2/17 بڕیارمان دەکرد بۆ بانگهێشتی بەڕێز وەزیری پێشمەرگەو بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، پاش شەش ڕۆژ لە ڕووداوەکان، بەڵام بەداخەوە 51 ڕۆژ تێپەڕیوە بەسەر ڕووداوەکان، کە ئەوکات لێپرسینەوە بە

چەند شتێکی مەحدودبوو، ئێستا دەیان ڕووداوی تر بە دوای هات، لە توندوتیژی لە شەهیدو بریندار کردنی هاووڵاتیان، لە پێشێلکاری چەندین بڕیاری شتی وەکو تەنانەت بڕیارەکانی خودی پەرلەمانی کوردستان، بۆیە من لە ئیتاری بڕیارەکانی پەرلەمان و، لە ئیتاری پێڕەوی ناوخۆی وەزارەت، چەند خاڵێك دەخەمە بەرچاو، ئایا بەڕێزیان سەبارەت بەو خاڵی یەکەمەی کەلە بڕیاری 17ی مانگ لە پەرلەمان، دەربارەی ئیدانەو تەحریم و تەجریم کردنی توندو تیژی و تەقە لە هاووڵاتیان، چ هەنگاوێکیان ناوە؟، قەرار بوو هێزەکان دەم و دەست بکشێندرێنەوە، کە جێبەجێ نەکرا کێ بەرپرسیارە لێی؟، پاراستن و رێکخستنی خۆپیشاندەران بەهێزی مەدەنی، کە جێبەجێ نەکرا، بەو شێوەیەی کە وەکو هاوڕێیانم ئیشارەیان پێی کرد، بەشدرابوون کێ بەرپرسە لێی؟، ئەوە ئەگەر باج و کارنامەو شوناسێك دروست بکرایە بۆ هێزی چالاکیە مەدەنیەکان، ئێستا ئەمانزانی دەمامك دار کێیە، بەرپرسی ڕەسمی کێیە؟ بڕیاری پەرلەمان بوو کە بۆ هێزەکان ئەو باج و شتە دروست بکرێت، تا ئێستا نەمان بینی لێی، کێ بەرپرسە لێی؟، ئەمانەی کە بە دەمامك ئەسووڕێنەوە، ئۆتۆمبێلی جام ڕەشیان پێیە، کێ بەرپرسە لێی؟، ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵ کەمتەرخەمانی پۆلیس چی کراوە؟، قەرار بووبەبێ بڕیاری دادگا خۆپیشاندەر نەگیرێ، کە ئەمەش جێبەجێ نەکراوە، کێ بەرپرسیارە لێی؟، ئەمە هەشت، نۆ خاڵن لە خودی بڕیارەکانی پەرلەمان، سەبارەت بە پەیرەوی ناوخۆ، بەڕێز وەزیری ناوخۆ لە ئەرکی وزارەت شەش، حەوت ئەرکی سەرەکیە، من وا دەزانم لە چوار ئەرك وەزارەت نەیتوانیوە هەڵسێ بە جێبەجێ کردنیان، یەکەمیان پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ، دووەمیان، سەپاندن و جێبەجێ کردنی سەروەری یاسا، پاراستنی سامانی گشتی، پارستنی ئازادیە دیموکراتیەکان و مافی مرۆڤ و بەرجەستە کردنی ڕۆڵی دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی تر بۆ پاراستنی ئاسایشی گشتی، چی کراوە بۆ ئەمانە، پاراستنی گیانی هاووڵاتیان 475 بریندار خۆت ئیعتیرافت کرد لەگەڵ نۆ شەهید، کێ بەرپرسیارە لێی؟، ئاسایشی گشتی شکاندنی سەروەری یاسا، ئازادیەکان کە نەپارێزراون، مافی مرۆڤ کە پێ شێل کراوە، کارا کردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، کە نەکراوە کێ بەرپرسیارە لەمانە؟، دەستەی پشکنینی هێزەکانی ناوخۆ کە سەر بە وەزارەتی بەڕێزتانە، چی کردووە بۆ ئەم کەش و هەوایەی هەرێم؟، وە ئەو هەموو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیانەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، کە وائەزانم هەشت بەڕێوەبەری گشتیتان هەیە، حدودی پەنجا بەڕێوەبەرایەتی تر، جگە لە چەندین دەزگای تر، خۆی لە پەنجا، شەست دەزگا ئەدات کە وەزارەتی ناوخۆ دەوڵەمەندترین وەزارەتە لە ڕووی دەزگاو موئەسەساتەوە، چی کردووە بۆ ئەو کەش و هەوایە، لە نەتیجە کێ بەرپرسیارە بۆ ئەو هەموو پێشێلکاریانەی کە کراوە، سەرباری ئەوە ئەم بەیاننامەی دوێنێ و ئەم ئێوارەیەی لیژنەی ئەمنی سلێمانی کە ئەو گرژیەی لێ کەوتەوەو ئەو هەموو هێزە هێنراوە، ئەو هەموو توندو تیژیە بەرامبەر بە هاووڵاتیان دەکرێت، لە ئابلۆقەی خەڵکی، لە گرتنی قوتابیان بە پاس و شاردنەوەیان لە شوێنێکی نادیار، دەست بەسەرداگرتنی چەندین دەزگای ڕاگەیاندن، کێ بەرپرسیارە لەمانە؟، هێنانی ئەو سەدان هێزەی ئەمڕۆ هێنراون بۆ سلێمانی، لە هەموو کوچەو کۆڵان و سەرجادەکان بلاو کراونەتەوە بۆ چاو ترساندنی خەڵکی،

کێ بەرپرسیارە لێی؟، بە فەرمانی کێ ئەمە کراوە؟، بۆچی مۆڵەتی خۆپیشاندان لە هەولێر نادرێت؟، پاساوی لایەنە بەرپرسەکان چیە لەوەی کە داوای مۆڵەتێکی هێمنانە دەکرێت لە هەولێر، چەندین جار ئەم داوایە ڕەت کرایەوە، هیچ وەڵامێکی ڕەواو مەعقولیشمان نەدی، ئەگەر پاساوێك هەبێ......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز پەیمان عبدالكریم.

**بەڕێز پەیمان عبدالكریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری ناوخۆی هەرێم، وێڕای پێزانینی دەوری هێزی ناوخۆ لە پاراستنی ژیانی خەڵك، بەلاّم بە داخەوە دیارە ئەم هێزانە لەو ڕووداوانەی دوایی، بە ئاراستەیەکی تر بەکارهاتن، من دەمەوێ لێرەدا باسی حاڵەتێکی یاسای بکەم، کە ئەویش بە گوێرەی ماددەی (19) ی دەستووری عیراق لە مافە بنەڕەتیەکان کە تیایدا (الكرامة والحياة والحرية)، کەرامەتی ئینسان پارێزراوە، ڕێزگرتنی ئەرکی سەرشانی دەسەلاّتەکانی هەرێمە، وە بەگوێرەی دەسەلاّتەکانی هەرێم، لە خاڵی (10) هەرکەسێك سەربەستە لە ڕا دەربڕین، دەبێ سەربەستی ڕۆژنامەگەری و هۆیەکانی ڕا دەربڕین و ئەوانە هەموو جۆرەکانی، بەلاّم ئەوەی لێرەدا دیترا، ئەوەیە کە ئەو یاسای خۆپیشاندان، زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی هێنا، لەو یاسایەدا هیچ بەندێك نیە کە باسی بەکارهێنانی چەکی زیندوو بکات بەرامبەر بە خۆپیشاندەران، بەلاّم لە 2/17 وە تاوەکو ئێستا ئەو یاسایە خۆی لە خۆیدا پێشێلکراوە، وێڕای پێشێلکردنی ئەو ماددەیە، کە جۆرەها چەك بەکاردەهێندرێت، تەنانەت کاتێك کە هات ئەو خاڵە دەست نیشان کرا، گازێکی وا بەکارهێنرا کە خۆپیشاندەران لە هۆش خۆیان دەچن، وەکو ئەوەی میدیاکان قسەی لەسەر دەکەن، ئەمە بێجگە لە دارلاستیك و ئەو شتانەی کە بەکاردەهێندرێت، هەرچەندە ئەو ڕاستیەی کە دەبێ بیڵێین، زیانی بۆ خەڵك هەیەو بۆ هێزی ناوخۆش هەیە، کە لەکاتێکدا هێزی ناوخۆ، بە خۆمان دەزانین کە بۆ پاراستنی خۆپیشاندەران دەچن، بەلاّم بەهۆی نارێکی ئەو چەکانەی کە بەکاری دەهێنن و ناڕاستی بەکارهێنانیان، خۆشیان زەرەرمەند دەبن، پرسیاری دووەمم، تا ئێستا هیچ ڕێکارێکی یاسایی نەگیراوەتە بەر، دەرهەق بەوەی کە پەلاماری بارەگاکانی گۆڕانیان دا لە هەولێر، لەکاتێکدا کە بارودۆخ لە سلێمانی لە 2/17 شێوا، یەکسەر هەڵسووڕاوانی گۆڕان وەلاّمیان بۆ وەزارەتی ناوخۆ نارد کە پارێزگاری لە بارەگاکەیان بکەن، هەرتاکە بارەگایەکیشە کە پارێزگاری لێ بکات، بەلاّم بە داخەوە لە پێش چاوی هەموو خەڵك سووتێنرا، تەنانەت ئەو کەسانەی کەتیایدا بوون بە پێ پیلکانەی ئاگر کوژێنەوە هاتنە خوارێ، واتە مافی ئەو کەسانەش پێشێلکرا تێیدا، خاڵێکی تر بە پێی یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (35) ی ساڵی 2007 ڕۆژنامەنووس وەکو کارمەندی حکومی لە کاتی کاری ڕەسمی خۆیدا مافەکانی پارێزراوە، بەلاّم ئەوەی دیسان بڵێینەوە لە 2/17 وە تاوەکو ئێستا ڕوودەدات، نزیکەی 100 پێشێلکاری ڕوویداوە بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسەکان، بێجگە لە لێدان و ئیهانە کردن و با بڵێین ناشیرین کردنیان، بەلاّم تا ئێستا هیچ

ئیجرائاتێك وەرنەگیراوە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە بڕیارە 16 خاڵیەکەی پەرلەمان وەکو ئەوەی لە خاڵی 5 داهاتووە پاراستن و ......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گرنگە من لێرە پرسیارێك ئاڕاستەی جەنابی وەزیر بکەم، لەسەرەتای قسەکانی دا ئاماژەی بە ڕووداوەکانی 2/17 داو، ئەو ڕووداوانەی کە لە دوای 17 ی مانگەوە ڕوویان دا، بەڵام لە قسەکانی دا هیچ ئاماژەیەکی بۆ ئەو ڕووداوانە نەدا کە دوێنێ لە شاری هەولێر ڕوویاندا، ئەو ڕووداوانەی کە بە بەرچاوی هەموومانەوە و بە بەرچاوی هێزەکان و ئەو هێزانەی کە سەر بە وەزارەتەکەی جەنابیانن کە بێری سەریان سوورە و جلی سەربازیان لەبەرە، کۆمەڵێك خەڵك بەربوونە گیانی هاووڵاتیان و ڕۆژنامەنووسان و پەرلەمانتاران بە بەرچاوی ئەوانەوە، حەزم دەکرد لەسەر ئەوە ڕوونکردنەوەیەکی دابا جەنابی وەزیر، ئایا بۆچی ئەمەی بە هەند وەرنەگرت؟ لەسەرەتای قسەکانی دا ئاماژەی پێ بدا، لەکاتێك دا ئەمە زۆر نزیکە لە خۆیان، پرسیارێکی تر، ئایا جەنابیان وەکو وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان ئێستا تەعامول دەکەن؟ یاخود وەکو وەزیری ناوخۆی هەولێرو دهۆك؟ بەو پێیەی کە لە دوای 2/17 ەوە من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان نەم بینی تا ئەم لەحزەیەش قسەی لەسەر دەکەین جەنابی وەزیری ناوخۆ سەردانێکی پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان بکات، بەو پێیەی کە بارودۆخێکی ئاڵۆز دروست بوو، ئایا ئەم دوو شوێنە سەر بە وەزارەتی ناوخۆن یاخود لە دەرەوەی دەسەڵاتی جەنابیانن؟، جەنابتان وەکو وەزیری ناوخۆ بەرپرسن لە کاروباری ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان، لەڕۆژی 2/17 ەوە تاوەکو ئەمڕۆ هێزێکی جۆراو جۆر ئەوەی کە سەر بە وەزارەتەکەی جەنابتانە و ئەوەی لە دەرەوەی وەزارەتەکەی جەنابتانە، جووڵەی پێ کرا لەم شار بۆ ئەو شار، هیچ هەڵوێستێکتان نەبوو، هیچ ڕوونکردنەوەیەکتان نەبوو وەکو وەزارەت، ڕوونکردنەوەی ڕەسمی وەکو وەزارەتی ناوخۆ، ئەوەندەی من ئاگادار بم، بۆچی؟ جەنابتان لە 22 مانگ وتووتانە لیژنەی لێکۆڵینەوەمان دروست کردووە لەسەر ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویاندا و بووە هۆی کوشتنی یاخود شەهید بوونی 9 هاووڵاتی و بریندار بوونی نزیکەی 200 کەسیش ئەوانەی کە هاووڵاتی و پۆلیسیش بوون لە خۆپیشاندانەکان، ئایا ئەو لیژنە لێکۆڵینەوەی ئێوە دروستتان کردووە، بەڕێزت وتووتە، ئەو لیژنەیە کێ یە؟ لە کێ پێکهاتووە؟ ئیجرائاتی ئەو لیژنەیە چیە تا ئێستا؟ گەیشتووەتە چی؟ ئەو زانیاریە سەرەتاییانەی کە لای جەنابتانە پێم خۆشە لێرەوە بۆ ئێمەی پەرلەمانتاران وبۆ هەموو هاووڵاتیانی ڕوون کەیتەوە، هەڵوێستی ئێوە چی بوو کاتێك کە بازگەکانی دەوروبەری هەولێر بەڕووی هاووڵاتیان داخران ونەیانهێشت هاووڵاتیان داخلی هەولێر بن؟ کاتێك کە هەواڵێك لە ئارا دابوو کە خۆپیشاندان بکرێ یاخود ئەگەری خۆپیشاندان هەیە لە هەولێر، بۆنموونە پاسەوانێکی من ڕۆژی 4/5 کە ویستی داخلی هەولێر بێ کە

دەوامی هەیە لای من لە بازگەی کەسنەزان ڕێگەی لێ گیراوە، داشیان بەزاندووە و ویستویانە بینێرنەوە ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتووە، دوایی بە بڕیاری مدیری ئاسایشی گشتی ڕێگەی پێدراوە بێتە ناو هەولێر، ئایا ئەمە جائیزە ئاسایش تەحەدای وەزارەتی ناوخۆ بکات بۆ ئەوەی کە بازگەکان ڕێگە بگرن لە خەڵك؟، سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە بینیمان بەبەرچاوی هەمووومان ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانی دەرەوەو بێگانە کە ویستیان لەڕێی فڕۆکەخانەی هەولێرەوە سەفەر بکەن بۆ دەرەوە، بەڵام لەو بازگانە تەقەیان لێ کراو گەڕانەوە، لە خاڵی 8 ی بڕیاری ژمارە 1 هاتووە، هەروەکو بەڕێزێکی تریش ئاماژەی پێی کرد، کەمتەرخەمی هەبووە لە دەزگاکانی پۆلیس، ئیجرائاتی ئێوە چیە بۆ ئەو کەمتەرخەمیە؟، دیارە ئەوە بڕیارە و پێویستیشە، دوای ئەوەی کە لیژنەی هەڵسەنگاندنی پەرلەمانی چووە باسی لە کەمتەرخەمیەکانی کردووە، من دەمەوێ دوا پرسیارم ئەوە بڵێم، یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان کە پەسەند کرا لە پەرلەمانی کوردستان، بەندە وەکو نوێنەری فراکسیۆنی گۆڕان لە 1/9 لە کۆبوونەوەیەك لەگەڵ سەرۆکی هەرێم بەئامادەبوونی هەموو فراکسیۆنەکان جەنابیشتان لەوێ بوون، من باسم لەوە کرد کە ئەو یاسایە لەگەڵ واقعی ئەمڕۆی کوردستان ناگونجێ، بۆیە بە خۆشحاڵیەوە ئەمڕۆ ڕایدەگەیەنم کە بە کردارەکی سەلمێنرا کە ئەم یاسایە پێشێل کراو و یاسای.......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا ڕؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە کورتی ئەم پرسیارانە ئاراستەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەم، من جارێکی تر ئەوە دووبارە دەکەمەوە، ئێمە لە قۆناغی ئیستجواب کردندا هیوادارم نەگەینە قۆناغی دەنگدانەکە لەسەر ئەوە، چونکە هاتنی وەزیر پەیوەندی هەیە بە بڕیارەی 1 ی پەرلەمانی کوردستانەوە، چونکە بەرپرسیاریەتی لێرە بەدوا بەرپرسیاریەتی سیاسی دا ناگەڕێین، چونکە ئێستا لێرەدا تاوانێك ڕووی داوە بە دوای بەرپرسی جەزای ئەم بابەتانە دەگەڕێین، من دوو ڕووداو دەهێنمەوە بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ کە هەردووکیان موخالفاتی قانونی گەورەی تیایە و تایبەتە بە وەزارەتەکەی خۆی، یەکەمیان/ 17/شوبات، دووەمیان/ ئەوەی دوێنێ، ئەوەی کە پەیوەندی بە 17/شوباتەوە، هەیە ئەو چەکدارانەی لە گرتە ڤیدیۆیەکاندا لەبارەگای لقی 4 تەقە دەکەن، یا چەکداری سەر بە حیزبن، یان چەکدارن وسەر بە وەزارەتی ناوخۆن، ئەگەر چەکداری سەر بە حزبن ئەوا پێویستە لەسەر بەڕێز وەزیری ناوخۆ بە پێی یاسای ژمارە 17ی ساڵی 1993 سکاڵا لەسەر حزبەکەی خۆی تۆمار بکات بۆ ئەوەی کە ئەو حیزبە هەڵوەشێنێتەوە لەبەرئەوەی موخالەفەی قانونی کردووە و هێزی چەکداری هەیە بەدەر لەو یاسایانەی کە ڕێگەی پێدراوە، ئەگەر چەکداری وەزارەتەکەی خۆشیەتی ئەوا دەبێ دەست بەجێ ئەو کەسانە دەسگیر بکات، ئەگەر وانەبێ خودی خۆیان بەرپرس دەبن لەبەرامبەری دا بە پێی یاسای سزادانی عیراقی، چونکە ئەو ئەمری لەسەرەوە وەرگرتووە، دەبێ فەرمانەکە

له خوارەوە جێ بەجێ بکەن، پاشان من سوپاسیان دەکەم  کە وتی هێزی زێرەڤانی سەربە وەزارەتی ناوخۆیە، ئەگەر هێزی زێرەڤانی سەربە وەزارەتی ناوخۆیە، جوڵاندنی هێزی زێرەڤانی بۆ شاری کەرکووك، هەموو جوڵاندنی هێزێك پێویستی بە بڕیاری سەرۆکی هەرێم و پاشان ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان هەیە، تۆ بە پێچەوانەی  یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە 1 ی ساڵی 2005، بە پێی ماددەی 10 موخالەفەی ئەوەشت کردووە، یەعنی تۆ لە هەموو جووڵاندن و نەجووڵاندنێك دا بە پێی یاساکانەوە ڕەفتارت کردووە، پاشان ئەوەی کە  دوێنێ ڕوویدا لە ڕۆژی 4/18 دا ڕوودەدات، بەڕاستی حەز دەکەین ئەوەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە ئایا ئەو چەکەی کە دەیدەیتە دەست هێزی چالاکیە مەدەنیەکان بۆ خۆپیشاندەران، بەڕێزتان چەند جارێك جەختتان کردووەتە سەر یاسای خۆپیشاندان، ئەو چەك و تفاقەی دەیدەیتێ بزانی چیە و چیت تەسلیم کردووە؟، ئێمە دەیبیستین و دەڵێین لەناو سلێمانی دا ئەوەی کە لە پارێزگا وەڵڵا خۆپیشاندەران گازی فرمێسك ڕێژ بەکاردەهێنن لەبەرامبەر هێزی چالاکیە مەدەنیەکان، ئەوانیش بە هەڵمات وەڵامیان دەدەنەوە، یەعنی ئەم سیناریۆیانە چین بۆ ئەمانە ڕێك ناکەونەوە، ئایا هێزی چالاکیە مەدەنیەکان، ئایا تۆ بە پێی یاسای خۆپیشاندان مۆڵەت دەدەی بە خۆپیشاندەر؟ چۆن ڕێگە بەهێزەکانی خۆت دەدەی چەك بەکاردەهێنێ و زۆر بە توندوتیژی بەکاردێنێ؟، ئەو هێزانەی کە ئێستا ئەمڕۆ هاتوونەتە سلێمانی، ئەو هێزە لەشکرەی کە بڵاو کراوەتەوە ئەمە هێزی زێرەڤانیە یان هێزی زێرەڤانی نیە؟ سەر بە وەزارەتەکەی خۆتە یان سەر بە وەزارەتەکەی خۆت نیە؟ ئەگەر سەربە وەزارەتەکەی خۆت نیە چی دەکات لەویا؟، بەڕێزتان چەند ڕۆڵتان هەیە لە چارەسەر کردنی ئەو گرفتانە، بە هەموو پێوەرێك ئەوەی کە لەدوێنێ و ئەوەی کە ئەمڕۆش لە سلێمانی ڕوویداوە، سلێمانی لە مۆڵگەیەکی سەربازی دەچێت، ئەو هێزانەی کە بە شێوەیەك پەرش وبڵاو کراونەتەوە نە دەزانی سەر بە ئاسایشە و نە دەزانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆیەو هێزی پێشمەرگەیە، بە چ شێوەیەك وەڵامیان دەدرێتەوە؟ هەڵوێستی بەڕێزتان لەبەرامبەر ئەم حاڵەتە چۆنە و چۆن چارەسەر دەکرێ؟ پاشان سووتاندنی جارێکی تر سەکۆی سەرای ئازادی، یەعنی ئەمە سیاسەتی ئەرزی مەحروقەیە، ئەمە لە چ پێوەرێك دا هاتووە؟ کام یاسا ڕێگەی پێداوە؟ من هەمان پرسیار لە کۆتایی دا دووبارە دەکەمەوە کە هاوڕێی بەڕێزم کاك پێشەوا کردی، بەڕێزتان ئاخر جار کە هاتوون بۆ سلێمانی کەی هاتوون؟ بۆ بەڕێزتان و وەزیری پێشمەرگە ڕاسپێرن و ببێتە سەرۆکی لیژنەی ئەمنی، بەڕێزتان داوای لیژنەیەك دەکەن لەناو وەزارەتی پێشمەرگە.......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له 17ی شوباتەوە تا ئەمڕۆ وەك بەرێزیان ئاماژەی پێیدا 9 شەهید و سەدان بریندار لە کوردستان دا هەیە، چەندین پەلاماری چەکداری بەشێوەیەکی ناقانونی کراوەتە سەر خۆپیشاندەران و بارەگاکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا کەناڵی نالیا سووتێندراوە و تاوانباران بە ئاشکرا دیارن، تەلەفزیۆن وڕادیۆی گۆڕان سووتێنراوە تاوانباران دیارن، بارەگاکانی گۆڕان لە هەولێر و بنەسلاوە و شەقلاوە و سۆران و هتد، سووتێنراوە و تاوانباران دیارن، تاوانبارانی سەرجەم ئەو شوێنانە دیارن کێن و ناسنامە و حیزبەکانیان بەڕوونی دیارن، دەموچاوەکان ناسراون، جگە لەوانەی ڕووی خۆیان ڕەش کردووە، مەبەستم ئەوانەی کە هێزە دەمامکدارەکانن، بەڵام هیچ ئیجرائاتێك دیار نیە، تەنانەت لەسەر خوێن ڕشتنی خەڵکی مەدەنیش، وە پۆلیسیش کە هاوولاتی ئەم کوردستانەن تاکە یەك کەس نەنێردراوەتە بەردەمی دادگا لەکاتێك دا بڕیاری دەستگیر کردنیان هەیە، لەلایەن دادگاوە، بۆ بڕیاری دادگا جێ بەجێ ناکرێت؟ هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن کە وەزارەتی ناوخۆ نەك نەیتوانیوە وەك وەزارەتێکی بێ لایەن بۆ پاراستنی گیان و سامانی هاوولاتیانی کوردستان کار بکات، بەڵکو بە عەمەلی بووەتە بەشێك لە ململانێکان لەبەرژەوەندی حیزبە دەسەڵاتدارەکاندا، ئایا تاکەی بکوژان تەسلیم بە دادگا ناکەن؟ چ بەوانەی پۆلیسیان کوشتووە و چ بەوانەی کە خەڵکی مەدەنیان کوشتووە؟ بەلای ئێمەوە هەمووی هاوولاتی کوردستانە و هیچ جیاوازیەك نیە، چونکە جەنابتان دەبێ ئەو ڕاستیە باش بزانن کە جەنابت وەکو وەزیری ناوخۆ بەرپرسیاری یەکەمی لەوەی کە هەر هاوولاتیەك لەم نیشتمانەدا یەك دڵۆپ خوێن لە جەستەی بێت جا ئەم هاوولاتیە مەدەنی بێت یان پۆلیس بەرپرسیاریەتی یەکەمی بەر جەنابت دەکەوێ، بە پێی خاڵی 1 لە بڕیاری ژمارە 1 ی پەرلەمان کە لە 2011/2/23 تەقە کردن و توندوتیژی بەرامبەر هاوولاتیان و هەڵکوتانە سەر بارەگا فەرمیەکان تەحریم و تەجریم کراوە، بەڵام تا ئەم ساتە وەختەی کە ئێمە قسەی تێدا دەکەین لەناو ئەو پەرلەمانەدا، تەقە کردن و ڕاونان و دەسگیرکردنی خەڵکی مەدەنی بەردەوامە، پەلاماردانی نەك دەزگا فەرمیەکان، پەلاماردانی زانکۆ بەردەوامە، هێرش کراوەتە سەر ناوەندی زانکۆ لە کەلار و سلێمانی و کۆیە، پەلاماری ناو نەخۆشخانە دراوە و بریندار ڕفێندراوە لەناو نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، هەڵوێستی عەمەلی ئێوەمان نەبینی، هەڵوێستێکی عەمەلی ئێوە دیار نیە، ئایا تاکەی ئێوە دەبنە پەناگەیەکی ئارام بۆ هەموو ئەو خروقاتە قانونیانەی کە لەم وڵاتەدا ئەنجام دەدرێت؟، لە دوو ڕۆژی ڕابردوو و بەم ڕۆشەوە بە دەیان شێوازی جیاواز پەلاماری کەرامەتی ئینسانی ئەم نیشتمانە دراوە و سووکایەتی پێ کراوە، لە 4/18 لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی برینداری ڕفێندراوە و بۆ شوێنی نادیار براوە، هەر لە 4/18 لە سلێمانی زیاتر لە 10 کەس بە گوللە بریندار کراون، هەر لە 4/18 لە شاری هەولێر پەلاماری ڕۆژنامەنووسان و خوێندکارانی زانکۆ و مامۆستایان و خەڵکی مەدەنی دراوە و ژمارەیەکیان دەسگیر کراون وهەندێکیش لە ڕۆژنامەنووسان هەوڵ دراوە وەك ئاژاوەگێڕ بەڵێننامەی ئیجباریان پێ پڕبکرێتەوە لە بنکەکانی پۆلیس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بینووسه و بینێره، وەختت تەواو، امینە خان فەرمووو.

**بەڕێز امینە ذكرى سعيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیرێ ناڤخۆ، پێش وەختێ پێزانیا کو پلانەکا دژی پارتی هەی لە سلێمانیێ، سەرەڕای هەندێ کو پارتی دیموکرات ئاگاهداری هێزێن ئەمنی سلێمانیە ژی کر بۆ کو دێ هێرشەك سەر بارەگا کرن، بۆچی ئامادەکاریێ باش بۆ نەهاتنە کرن بۆ پاراستنا وان بارەگایێ، چ ئیجرائات بەرامبەر ئەو کەسێن کو هێرش کرنە سەر بارەگایەت پارتی هاتینە وەرگرتن؟، ژ لایەکی دی ڤە ئەمر بۆ هێزێن سلێمانیێ چوو بوو کو بارەگایەن پارتی نەپارێزن؟، لسەر ڤێ چەندێ هەوە پرسین گەل ئەو بەرپرسێت ئەمنیێ ل سلێمانیێ ئەنجام داینە، دوینێ تێنە پەخش کرن دێتە دیتن کو گەلەك جار بەرد دایە دەستێت خۆپیشاندەران دا، ژ لایەکی دی تر بە ئەو لایێ کو کەسن هەنە کو خەلکێ ژی ددەن بارەگا ودەزگەهێ بسوژن، هەوە چ ئیجرا دگەل وان وەرگرتینە؟ پرسیارا من لسەر وێ جانبێیە وەزیر دگەل ڕەئیا منە هەروەك هەندەك هەڤالێ دیتر من ژی ئاماژە پێدا کو جێ بەجێ کرنا هەندەك یاسا گەل پلە وەزیر دێتە کرن یان هەما نەهێتە کرن وەکی یاسا ڕۆژمانەڤانیێ و یاسا خۆپیشاندەران، ئەم بینین کو ڕاگەهاندنا هندەك لایەنا گەلەك ئاشکرایی هاندانا توندوتیژیێ دکات، ناڤ زراندنێ دکات، خەبەرێت بێ بنەما بلاڤ دکەن، هەوە چ ئیجرائات بۆ هەندێ وەرگرتینە، بۆچی یاسایێ ڕۆژنامەڤانیا نەهاتیە جێ بەجێ کرن، بۆ ل سلێمانیێ نەشیاینە یاسا خۆپیشاندانێ جێ بەجێ بکەن، سەرپەرشتێن دەرگەهێ سلێمانیێ بڕیارا دای کو ڕەوتا خۆپیشاندانێ بگۆڕن، جەنابی هەوە چ بەرنامە و ئامادەکاری بۆ هەندێ کرینە؟ بۆ هەر ڕیدانەکا کو نەیا چاڤەڕێ کری بی هەوە چ ئامادەکاری کرینە؟ جەنابێ وەزیرێ ئاماژە دا هەندێ کو هەتا دوهێ 351 پۆلیس و 223 خەلك هاتینە بریندار کرن، پرسیارا من ئەڤەیە، کی بەرامبەر ئەم دزانین کی گیانێ خەلکی دپارێزی، بەس کی گیانی پۆیسێ دپارێزی؟ کی جهێ دنیایێ چێ بوویە ڕێژەیەکا هەندە بلندا پۆلیسا بریندار ببیتن؟، تشتەکی گەلەك بەرباژیە ئەوێ دەوروبەرێت خۆ ئەم دبینین؟ ئەگەر زۆری پۆلیسی هاتە کرن، وەزیفەکا وی دپارێزیتن؟، چ جۆرە جواب دان و قەرەبوو کرن بۆ وان پۆلیسا هاتیە کرن؟، بۆچی جەنابێ هەوە سەر تەلەفزیۆنێ بۆ میللەتێ وان ڕیدانا ڕوون ناکەن و ئاشکرا ناکەن؟ ئەڤ هەمی بریندار بوونە و بۆچی ڕێکا ددەنە هەندەك تێکدەرا کو نا ئارامیا سایکۆلۆژی ل هەرێمی دا چێ بکەن، هەندەك ژێدەرێ مە ئاگەهداریا هەی کو بۆ مە هاتی کو خەلکی بیانی تێتە بکارئینان بۆ تیژ کرنا بەردەرگەهێ سەرا لسلێمانیێ، یەعنی وەك خەلکی عەرەبی دێنە خۆپیشاندان دا خەلکی ئیرانێ دینە تێدا، ئایا ڕاستیەك بۆ ڤێ چەندێ هەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نیشتمان خان فەرمووو.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها پرسیارێکم لە بەڕێز وەزیری ناوخۆ هەیە، پرسیارەکەشم ئەوەیە، بەشداری کردنی منداڵ و مێرمنداڵ لە خۆپیشاندان و توندوتیژیەکان کێ لێی بەرپرسیارە؟ چونکە چەند شەهیدێکی ئەم ڕووداوانە منداڵ و مێرمنداڵی خوار تەمەنی 15 بۆ 16 ساڵانی تێدایە، هەروەها لەناو بریندارەکانیش ژمارەیەکی زۆری ئەو منداڵانەی تێدایە، کە ئەمەش پێچەوانەی یاسا و ڕێککەوتنی نێودەوڵەتیەکان وجاڕنامەی مافی مرۆڤە، پرسیارەکەم ئەوەیە کێ بەرپرسیارە و ئایا ئیجرائاتی وەزارەت چی بووە بۆ پێشگرتن لەو کارە نامرۆڤانەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیری ناوخۆ دەکەم، من یەك پرسیارم هەیە لە وەزیری بەڕێز، سەبارەت بەو توندوتیژیانەی کە لە خۆپیشاندانەکان دەرکەووتون بووەتە هۆی شەهید بوونی ژمارەیەك پۆلیس و هاووڵاتی، هەروەها سەدان پۆلیس و هاووڵاتیش بریندار بوونە، لە خاڵی 4 لە 17 خاڵەکەی پەرلەمان دیارە ئاماژە بەوە دەکات کە قەرەبووی ماددی و مەعنەوی ئەو بریندار و شەهیدانە بکرێتەوە، پرسیارەکەی من لێرە ئەوەیە ئایا تا ئێستا کەس قەربووی بۆ کراوەتەوە؟ ئەگەر قەرەبوو کراونەتەوە چۆن چۆنی قەرەبوو کراونەتەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری ناوخۆ بەخێرهاتنت دەکەین بۆ پەرلەمانی کوردستان، پێش ئەوەی دەست بە پرسیارەکەم بکەم، سەرەخۆشی خۆم لە جەنابت دەکەم کە جارەکەی تر نەتوانی ئامادەبی بەهۆی کۆچی دوایی برای بەڕێزتانەوە، بەڕاستی لەم ساتەوەختەدا دەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە کە لە هێزی هەموو کەسێك دا هەردەم پێشمەرگە و پۆلیس و جیهازی ئەمنی ئەم وڵاتە ئەو ڕەوشەی ئێستای تێدایە هەمووی لە سایەی ئەم هێزە ئەمنیە دایە، ئایا ڕۆڵی ڕاگەیاندن ئێستا چۆن دەبینیدرێ بەهۆی ئەوەی کە دەسەڵاتی چوارەمە لە گەڵ تەنفیزی و تەشریعی و قەزائی؟، ئەو سوڵتەیەی کە خۆی بەکاری دەهێنێ ڕاگەیاندن لەگەڵ تەنفیزیەکە کە چۆن ئیتهاماتی خەڵك دەکەن بە پێی قانونی عەمەلی سوحەفی کە ژمارە 35ی ساڵی 2007 کە بەندی تەشهیر و تەوجیهی توهەم بۆ کەسانێك کە بە بێ بەڵگە توهمەی بۆ پیشان بدرێت، هەروەها لە قانونی ئەحزاب و قانونی ڕێکخراوەکان وقانونی ئەحزاب کە لە ماددەی 13 لە ڕەقەم 17 کە

هەموار كراوە لە ساڵی 1993 و هەموو ئەو كۆبەندی یاسایانەی كە لێرەدا دادوەر عونی بەزاز هەمووی پیشانداوە تیایدا هەیە، كە توهمە ئاراستە كردن بە چ شێوەیەكە بەندەكەی، ئایا ئەو پەیوەندیەی نێوان كۆمەڵگای ئێستا لەگەڵ هێزە ئەمنیەكان بەم مووچە كەمەی بەڕاستی كە لە نێوان 300 ـ500 هەزار زیاتر نیە، كە شەو و ڕۆژ هەموو خەڵك دەنوێت ئەو نانوێ، هەموو كاتێ ئێمە بە ئاسانی و بە خۆشی گوزەران دەكەین، ئەوان هەردەم بێدارن، ئەگەر ئێمە هەموومان لێرەدا كۆببینەوە و داوا بكەین چی بۆ ئەم هێزە ئەمنیە بكرێت تاوەكو بەرێك و پێك ترین شێواز ئیشی خۆیان بكەن، یانیش ئێمە پیشاندانی ئەم ڕۆڵە ئاڵۆزە بكەین و تەشویهی ڕۆڵی پۆلیس و پێشمەرگەكان بكەین كە لە سایەی ئەوانەوە ئەم هەموو ڕەوشە ڕێك وپێكە هاتووەتە كایەوە، ئێوە جەنابتان پرسیارەكەم لەوەدایە چی ئەكەن بەوانەی كە ناو و ناتۆری ناشیرین لەناو ڕاگەیاندنەكان كە بە تایبەتی وشەی میلیشیا و غەدار و دێوەزمە وناوی ناشیرین كە بۆ ئەوانەی كە ئێمە خۆمان چەپڵەمان بۆ لێداون كاتی ئینتفازەو هاتنی پێشمەرگەكان كە ئەم شارانەی كوردستان بەهۆی ئەوانەوە ئەم ئاشتی و ئازادیەی كە هەر كەسێ لە جێگای خۆیەوە بەو پەڕی ئازادیەوە قسە دەكات كە دەڵێن ئازادی نیە، لەڕێی هەندێك كەسەوە كە لەناو ڕاگەیاندنەكاندا پیشان دەدرێت دەڵێ ڕاستە ئازادی هەیە بەس مرۆڤی ئازاد نیە، وابزانم (جان جاك ڕۆسۆ) پێش چەندەها ساڵ وتویەتی (ئینسان كە لە دایك دەبێ كەس ناتوانێ عەبدایەتی پێ بكات)، ئێمە لەناو كوردستان دا ئەو ئازادیە زۆر بە جوانی بەدی دەكەین، بەڵام چی دەكەی لەگەڵ ڕاگەیاندنەكان و ئەو ڕۆڵەی كە ئێستا .......... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاواز خان فەرموو.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری ناوخۆ دەكەم، پرسیارەكەی من ئەوەیە كە ئەوەی كە لەم وڵاتەدا هەموو لایەكمان لەسەری موتەفقین و بەبەرچاوی هەموو لایەكمان شاهێدی بۆ دەدەین ئەم بارە باشەی سەقامگیری و ڕەوشی ئەمنی لەم هەرێمەی كە بووەتە دەرگای پەرەپێدانی بازرگانی و قونسوڵخانەی هەموو وڵاتەكان لەم هەرێمەدا، بەڵام بەداخەوە ئەوەی كە لەم خۆپیشاندانانە دیتمان سەرەڕای ماندووبوون وشەونخونی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ كە دوو ئەركیان لەسەرە، هەم ئەركی پاراستنی ئەزموونی ئەم وڵاتە وهەم ئەركی ئەمنیەتی خۆپیشاندەران، بەڵام ئەوەی كە دیتمان بەبەرچاوی هەموو مانەوە بەداخەوە ئەوان لە هەموو لایەك زیاتر كرانە ئامانجی هێرشكردنە سەر و كرانە ئامانجی شەهیدكردن و بریندار كردن، ئەوەی كە نازانم كاتێك باس لە عەدالەت دەكرێت، عەدالەت تەنیا ئەوە نیە لەسەر یەك لایەندا تەتبیق بكرێت، ئایا لەهیچ جێگایەكی ئەم یاسایەدا هاتووە كە تەنیا ئەمنیەت و عەدالەت تەنیا بۆ خۆپیشاندەران بێت؟ كە خۆپیشاندەرانیش وەكو پۆلیس و هێزەكانی ناوخۆ كوڕی ئەم وڵاتەن هیچ جیاوازیان نیە، ئەگەر باس لە عەدالەت دەكرێت، دەبێ عەدالەت لەسەر هێزەكانی ناوخۆش تەتبیق بكرێت، كە ئەوانیش ژیانیان

پارێزراو بێ، سەرەڕای ئەوەی کە لە ئەرکی وەزیفەی خۆیانـدان، بـەڵام بەداخـەوە ئـەوەی دیتمـان کـە بـە بەراورد لەگەڵ ژمارەی بڵێین برینـدار بـوون و شـەهیدەکانیش ئـەوەی کـە لـە هێزەکـانی نـاوخۆ کاردەکات، زیـاتر تووشـی زیـان بـووە، دوو هەنـدی ئـەم هاووڵاتیانـەی کـە لـە کـاتی خۆپیشاندانەکان برینـدار بـوون و شەهید بوونە، ئایا بەرنامەی وەزارەت چیە بۆ ئەوەی کە لەمەودوا یاخود لـەو دەقـەی ئێمـە بتـوانین ڕێگـە لەوە بگرین کە زیاتر تەشویهی ئەم پۆلیسانە نەکرێت و بتوانین لەلایەك ئێمە بـاس لـە چاککردنی ژیـان و مووچەیان دەکەین و لەلایەك بـە بەرچاوی خۆمانـەوە دەبیـنین ڕۆژانـە ئیهانـە دەکـرێن و ڕۆژانـە شـەهید دەکرێن، بەبێ ئەوەی مافیان هەبێ لە هیچ لایەك و داوای سکاڵا بکەن، دووەم/ ئەوانەی کە برینـدار کـراون یاخود شەهید کراون تاوەکو ئێستا قەرەبوویان کراوەتەوە؟ چونکە لە سەر میلاکی وەزارەتەکـەی بـەڕێزتان دەبـێ بـزانن چـیان بـۆ کـراوە، لـەڕووی قـەرەبوو کردنـەوەی مـاددی و مەعنەوییـەوە دەبـێ ئـەم پۆلیسـانە قەرەبوو بکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گوڵێزار خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵێزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، پرسیاری یەکەم/ لە خاڵی 8 لەبڕیاری 1ی پەرلـەمان داهـاتووە لە مامەڵە کردن لەگەڵ بارودۆخەدا کـەم تەرخـەمی لەلایـەن دامودەزگاکـانی پـۆلیس و ئاسـایش داهـەبووەو دوای ئەنجامـدانی لێکۆڵینـەوە دەبـێ لایـەنی کەمتەرخـەم ئیجرائـاتی یاسـایی لەگـەڵ دا بکرێـت، ئـەو دەزگـا ئەمنیانەی کە کەم تەرخەم بوونە بە گوێرەی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ دا بکرێـت، پرسـیارەکەم ئەوەیـە ئایـا جەنابی وەزیر چ ئیجرائاتێکی کردووە؟ پرسـیاری دووەمـم ئایـا تـا چـەند تەنسیقی ئـەمنی هەیـە لـەنێوان شارەکاندا پلانی وەزارەت بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی ئێستای کوردستان؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحیم، سوپاس بۆ جەنابی وەزیر و بەخێرهاتنی دەکەم، دەمـەوێ لـە قسـەیەکی جـەنابی وەزیرەوە دەست پێ بکەم کە باسی ئەوەیان کرد کە مەترسی جەنابی وەزیر لەوەی کە باسی پلانێك دەکات لە ئارا دابێت، نازانم چ پلانێك لە ئارادایە؟ من حەز دەکەم جەنابیان ئەگەر بکرێت بۆمان بـاس بکـات ئـەم پلانە چیە کە جەنابیان لێی دەترسن لە هەرێمی کوردسـتان بـە هـۆی ئـەو خۆپیشاندانانەوە کـە هاتووەتـە پێش، باسیان لە پاراستنی گیان و سەروەت و سامانی هاووڵاتیان کرد، کە وەکو ئەرکێکی وەزارەتە، دەمـەوێ بپرسـم چـیتان کـردووە بـۆ ئـەو هـەموو هەڕەشـە و گوڕەشـانەی کـە لـە هاووڵاتیـان دەکرێـت ڕۆژانـە و بـە

بەردەوامی وبە تایبەتی و نەك هەر هاووڵاتیانی سادە ئەندامانی پەرلەمانیشی گرتووەتەوە، من حەز دەكەم بڵێم كە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان بە تایبەتی ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن بەردەوام هەڕەشەیان لێ دەكرێت، سەبارەت بەو كوشتارەی ئەمڕۆ و دوێنێ بە تایبەتی ئەمڕۆ لە شاری سلێمانی خەریكە و بەردەوامە، چیان كردووە و ئایا ئەم هێزو چەكدارانەی كە لە سلێمانی بڵاوبوونەتەوە سەر بە وەزارەتەكەی بەڕێزیانن یان نا؟ ئەگەر ئەو نین چیان كردووە بۆ پاراستنی گیان و سەروەت و سامانی ئەم خەڵكە لەوێ؟ هەر سەبارەت بە پاراستنی گیانی هاووڵاتیان و ئارامی ئەوەی كە ئێستا ئێمە ئاگامان لێی بێت زۆر بەشێوەیەكی فراوان بە هێزێكی چەكداری زۆر پەلاماری كەناڵی ئاسمانی پەیام دراوە و دەوری گیراوە بەهێزێكی چەكدار، ئایا ئەو هێزە چەكدارەی دەمامك دراوە سەربە وەزارەتی جەنابتانە؟ یان هێزێكی ترن؟ كە ئێستا هەڕەشەی سووتاندنی كەناڵی پەیام دەكەن، ئەو كەناڵەی كە لەلایەن وەزارەتەكەی بەڕێزتانەوە ئیجازەی ڕەسمی وەرگرتووە و سەر بە لایەنێكی ڕەسمیە كە ئەویش ئیجازەی ڕەسمی هەیە، ئایا ئەم كەناڵە هەڕەشەی لێ دەكرێت تەنها لەبەرئەوەی ڕاستیەكان دەگوازێتەوە یان تاوانێكی كردووە؟ یان تەشهیرێكی كردووە، ئەگەر تەشهیری كردووە بۆ لەرێگەی یاساوە ئیجرائاتی لەگەڵ ناكرێت؟ بۆ ڕێگەی عەسكەری بەكاردەهێندرێ بەرامبەری؟، هەروەكو چۆن پێشتریش بینیمان لەگەڵ چەند كەناڵێك و هەم كەناڵی نالیا و هەم و چەند كەناڵێكی تری ڕاگەیاندن ئەم هەڕەشە و گوڕەشانە بەكارهاتووە، گەیشتە سووتاندنی ئەم كەناڵانە، ئایا ئەم بەرنامەیە بۆ سووتاندنی ئەم كەناڵەش وەكو ئەوانەی ترە؟ یان شتێكی تری لە پێشە؟ من حەز دەكەم ئەوە بەبیر جەنابی وەزیر بێنمەوە كە باسی لە یاسای خۆپیشاندان كردو بە گرنگەوە باسی كرد، من ئەڵێم یەكەم كەسانێك كە پێشێلی ئەو یاسایەیان كردووە، لەلایەن وەزارەتەكەی بەڕێزیانەوە بووە، بەوەی كە هەم لە بڕیاری ژمارە 1ی پەرلەمان و هەم لەم یاسایەش دا هاتووە كە نابێ تەقە لە هاووڵاتیان بكرێت، بەڵام بەداخەوە بەردەوام دەبینین كە تەقە لە هاووڵاتیان دەكرێت و هاووڵاتیان گرنگیان پێ نادرێت و ژیانی هاووڵاتیان كەوتووەتە خەتەرەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك حمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری ناوخۆ، من وێڕای پشتگیری و تەئكید كردنەوە لە وتەی هەندێ لە هاوەڵەكانم، داواكارم وەڵامەكانی بەڕێزت ڕوون و ئاشكرا و موحەدەد بێت، نەك وەڵامی گشتی و مەتاتی، بەڕێزت بە سێ بەڵگەی یاسایی و ڕەسمی مەسئولیەتێكی گەورە لە ئەستۆت دایە و دەبێ ئەو مەسوئولیەتە جێ بەجێ بكەی، بە پێی یاسای وەزارەتی ناوخۆ كە ئەوە یاساكەی وەزارەتی بەڕێزتە كە لە ماددەی 2 بڕگەی 2 و 3و 4 و بڕگەی 1 یشی باسی پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی هەرێمی كوردستان دەكات، بەداخەوە ئێستا هێزەكانی و ئەو هێزە چەكدارانە ئیتر پێشمەرگە بن، هێزی ناوخۆ بن، باری ئاسایشی ناوخۆیان تێك داوە، خاڵێكی تر

باسی سەروەری یاسا دەکات کە شکاندن وپێشێلکردنی یاسا لەلایەن ئەو هێزانەوەیە کە هەندێکیان سەر بە وەزارەتەکەی بەڕێزتن، خاڵێکی تر کە باسی زامن کردن و دەستەبەر کردنی ئازادیە دیموکراسیەکان دەکات و کە ئێستا پێشێلکردنی ئازادی و پێشێلکردنی پرەنسیپەکانی دیموکراسی کە ئەوە پێموایە غەڵەتێکی گەورەیە و پەڵەیەکی گەورەیە بەسەر پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان کە پرۆسەی دیموکراسی ئاوا پێشێل بکرێ و ئاوا بەرامبەر ئازادیەکان پێشێل بکرێت، کێشەیەکی تر کە بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ و بەرجەستە کردنی ڕۆڵەکانی دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئێستا مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێت چەندین ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی و چالاکوانی کۆمەڵگای مەدەنی تەهدید دەکرێن و توندوتیژیان لەگەڵ دا بەکاردەهێندرێ، خاڵێکی تر هەر لەیاسایەکەی وەزارەتەکەی بەڕێزت باسی ئەوە دەکات کە ڕێگە بگیردرێت لە توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان، بەداخەوە ئێستا ئەو هێزانەی کە لە ئابلۆقەی شار و شارۆچکەکان دا توندوتیژی بەکاردەهێنن بەرامبەر بە ئافرەتان و ژنان وەکو ئەوەی لە کەلار کرا، بە بەرچاوی خۆمانەوە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان کە ویستیان یادی ئەنفال بکەنەوە چەند پێشێلی توندوتیژی کرا بەرامبەر بە ئافرەتان، دوێنێ لە هەولێر چەند ئافرەتێك و چەند کچێك فڕێندراون و بۆ ماوەی چەند سەعاتێك دیار نەماون، پێشێلکاری کراوە بەرامبەر بە ئافرەتان کەمن پێموایە ئەوە پەڵەیەکی گەورەیە و شەرمەزاریە ئاوا مامەڵە لەگەڵ ئافرەت و لەگەڵ ژناندا بکرێت، خاڵێکی تر ئەو بڕیاری ژمارە 1ی پەرلەمان کە لە 17 خاڵ پێکهاتووە، کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو بڕیارانە پێشێل دەکرێت لە تەقە کردن و لە بەرکاهێنانی چەك، لە هەڕەشە و لە توندوتیژی و لە لێدان و سووکایەتی کردن بە مرۆڤ و بە خۆپیشاندەران و بەکارهێنانی چەقۆ و... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەوەوە دەست پێی دەکەم کە پرسیارێکە لەبەڕێز وەزیری ناوخۆ کە بەرپرسیارە بەرامبەر بە ئەم دۆخە نائارامەی کە ئێستا لە کوردستان هەیە، ئەوەی کە ئەرك وبەرپرسیاریەتی بێت لەناو وەزارەتی ناوخۆ دا ئەم وەزارەتە ئەمڕۆ کەوتووەتە بەردەم بەرپرسیاریەتیەکی گەورە بە تایبەتی ئێستا لە ناوخۆی هەولێر دا، ئێمە لە پەرلەمان دا یاسایەکمان دەرکردووە بە ناوی یاسای خۆپیشاندان لەو یاسایە هاتووە کە بەرپرسی یەکەمی ئیداریەکە یان وەزیری ناوخۆ بۆی هەیە مۆڵەتی خۆپیشاندان بداتە هەموو هاووڵاتیەك کە خۆپیشاندان مافێکی یاسایی و دەستووری هەموو هاووڵاتیەکە ئەگەر لە هەولێر بێ یان لە سلێمانی بێ و یان لە دهۆك بێت، بەڵام ئەوەی کە بینیومانە لە سلێمانی ئەو مۆڵەتە وئەو خۆپیشاندانانە ماوەی 61 ڕۆژە بەردەوامە، بەڵام لە هەولێر داوای خۆپیشاندان دەکرێت و لە ڕێکخراوەکان و چالاکیە مەدەنیەکان لەو گەنجانە و لە خوێندکارانی زانکۆ، بەڵام ڕێیان پێ نادرێ، بەناوی ئەوەی کە ئەمە ئاژاوەگێڕن، ئەمانە

دەستیان لە پشتە و ئەمانە تێکدەرن، لەڕاستی دا خۆمان لە واقعێك دەدزینەوە کە لەناو ئەم کوردستانە دا لە دەسەڵاتدارەکانمانەوە کە خۆیان لەوە ئەشارنەوە کە لەم کوردستانەدا ئەمانە دەستی تێکدانە، کە لەڕاستی دا لە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت و لەبەرپرسە باڵاکانەوە گوێمان لێ دەبێ کە لەم وڵاتەدا ناعەدالەتی هەیە و سەروەری یاسا نیە و گەندەڵی هەیە وئەمانە هەمووی بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم خۆپیشاندانە و داوای مۆڵەتی خۆپیشاندان بکرێت، خۆشمان دەزانین کە خۆپیشاندانەکان بۆچیە و داواکاریەکە بۆ کێیە و مۆڵەت بۆچیە؟ لەکاتێك دا کە ئەم حاڵەتانە لە هەولێر دابووە و تا ئێستا لە هەولێر ئایا وەزیری ناوخۆ کە من ئەم پرسیارە ئاراستەی دەکەم ئێوە درێژەدان بەم سەرکوتکردنە و درێژەدان بەم ڕێ گرتنە، بەم پێشگرتنە بە ئازادی خەڵك، ئێوە سەرکەوتوو دەبن بەم سیاسەتەی کە تا ئێستا تیایا دەست بەکاربوونە؟ ئەمە پرسیارێك، پرسیارێکی ترم هەر ئاراستەی وەزیری ناوخۆ دەکەم کە باس لە سەروەریەتی یاسا دەکەین، کە وەزیری ناوخۆ کەم تەرخەم بووە لە گرتنی ئەو تاوانبارانەی کە لە 2/17 ەوە تەقەیان لە خۆپیشاندەر کردووە، لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەوانەی کە دەڵێن منداڵ بەکاردەهێنرێ لەناو خۆپیشاندەرەکاندا، لە چەمچەماڵ منداڵێك بەناوی گەرمیان شەهید کراوە لە لقی 19 ەوە تەقەی لێ کراوە، ئەو منداڵە ئەسڵەن دایکی خۆی لە ڕاگەیاندنەکاندا دەڵێ ئەم منداڵەی من پرسیاری لێم کردووە دایە خۆپیشاندان چیە؟ ئەکرێ کێ ئەم منداڵەی ئاراستە کردبێ بۆ ناو خۆپیشاندان کە قەرەباڵغیەکی بەرامبەر بە ماڵیان بینیوە بەرەو ئەو جێگایە ڕۆیشتووە و لەوێ دا شەهید دەکرێ بە بێ تاوانی، من لێرە دەڵێم وەزیری ناوخۆی کوێت لە کاتێك دا کە لە کوێت دەڵێین کە حوکمێکی عورفی لە کوێت دا هەیە، وەزیری ناوخۆی ئەم وڵاتە، لەمصر کە حوکمێکی 30 ساڵەی دیکتاتۆری و بنەماڵەیی لەم وڵاتانەدا هەبووە کەچی وەزیرەکانیان توانیویانە کە حاڵەتێکی نائاسایی و کە زوڵمێکە و تاوانێکە و چارەسەریان پێ نەکراوەو نەیانتوانیوە ئیجرائاتێکی یاسایی بەرامبەر بە ئەوکەسانەی کە لە سەرووی خۆیەوەن دەستیان لەکارکێشاوەتەوە، لە کوێت دا وەزیری ناوخۆ......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبداللە فەرموو.

**بەڕێز عبداللە مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەژێر ڕۆشنایی قسەی برادەرەکانم کە زیاتر باسی ئەو پێشێلکاریانەیان کرد یاخود باسی ئەو سەرپێچیانەیان کرد کە لە چوارچێوەی یاسای وەزارەتی ناوخۆ کراوە لە ڕاستی دا من تەنها یەك پرسیار دەکەم لەبەڕێز جەنابی وەزیری ناوخۆ، لێی دەپرسم وەزارەتێك نەتوانێ ئەو تاوانبارانە ڕادەستی دادگا بکات کە تەلەفزیۆنی نالیایان سووتاند، کە خوێنی خۆپیشاندەرانیان ڕشت، یاخود خوێنی پۆلیسەکانیان ڕشت، وەزارەتێك نەتوانێ ئەو چەقۆکێشانەی دوێنێ ی هەولێر دەسگیربکات کە ئێمە بەچاوی خۆمانەوە کۆمەڵێ پەرلەمانتار بینیمان کە لە تەنیشتمان پۆلیسی نەجدە ئامادە بوو کە هەڕەشەیان لە ئێمە و

هەڕەشەیان لە خۆپیشاندەران دەکرد، ئەم وەزارەتە نەتوانێ ئا ئەم چەقۆ کێشانە دەسگیر بکات؟ وەزارەتێـك بەداخەوە یەعنی بەشێوەیەك لە شێوەکان بە پێچەوانەی ئەمانجەکانی خۆی مافی خۆپیشاندانی لـە خـەڵك قەدەغە کردووە، وەزارەتێك کە بە بەرچاویەوە کە هەموو دەبینین ڕۆژنامەنووسان تەعـەدایان لێ دەکـرێ و بە بەرچاوی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆوە کەچی ئەوان بێ دەنگن، نەتوانێ ئەو تاوانبارانـە دەسگیر بکـات و هەروەها وەزارەتێك نەتوانێ، وەزارەتی حکومەتێکی یەکگرتوو بێ و دەسەڵاتی بەسەر گەرمیان وناوچەکانی سلێمانی و ئەوانە نەبێ، من لە بەڕێزتان دەپرسم و دەتخەمە بەردەم دادوەری ویژدانتەوە، ئایا کـاتی ئـەوە نەهاتووە جەنابت دان بەوە بنێـی کـە ئـەم وەزارەتـە بـەڵێ تووشـی شکست هـاتووە؟ بـە تایبـەتی کـە ئێمـە جەنابی وەزیر من لەم ماوەیە ئاگام لێی بوو کە یەکێك لـە وەزیرەکـانی وڵاتێکـی ئـەوروپی لەبەرئـەوەی لـە خولێکی مەلـەوانی دا کـە بـۆ پۆلیسـەکان و کارمەنـدەکانی خۆیـان کردبوویـان لەبەرئـەوەی سـێ کارمەنـدی خنکا دەسـتی لەکارکێشـایەوە، بـەڵام جـەنابت وەکـو نـاوخۆ و ئامارەکانـت خسـتەڕوو و دنیایـەك خـەڵك لـە گەرمیانەوە تا دەگاتـە هـەولێر لێـی دراوە، مـافی خـەڵك پێشـێلکراوە، دیمـوکراتی بەشـێوەیەك لـە شـێوەکان پێشێلکاری بۆ کراوە، لە هەموو بوارە جیاجیاکان، من نازانم جەنابی وەزیر کاتی ئەوە هاتووە ئـیتر ئیلتـزام بەو سوێندەوە بکەی کە لە پەرلەمان دا خواردت کە تۆ بەڕاستی وەزیری خەڵك بـی کـە بەڕاسـتی لەبـەرەی خەڵك بی، بۆیـە هیـوادارم ئـەو پرسـیارەم وەکـو خـۆی جواب بدەیتـەوە، ئایا کـاتی ئـەوە نـەهاتووە دان بـە شکستی وەزارەتەکەدا دابنێی؟زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شاهۆ فەرموو.

**بەڕێز شاهۆ سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان من سـەرەتا سـەرنجتان ڕادەکێشـم بـۆ لای دوو ڕاپـۆرتی دوو ڕێکخـراوی نێودەوڵـەتی کـە یـەکێکیان ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنوورە، ئەوەی تریشیان ڕێکخراوی لێ بوردنی نێودەوڵەتیە، لـەڕاپۆرتی یەکـەم دا باس لەوە دەکـات کـە ڕۆژی 2011/4/11 دەرچـووە و بـاس لـەوە دەکـات کـە ڕۆژنامەنووسـانی هـەرێمی کوردسـتان قوربـانی داپڵۆسـینی دەسـەڵاتدارانی هـەرێمی کوردسـتانن، لـەڕاپۆرتی دووەم دا کـە ڕاپـۆرتی ڕێکخراوی لێ بوردنی نێودەوڵەتیە و ڕۆژی 2011/4/12 دەرچووە بـاس لـەوە دەکات کـە پـاش 8 سـاڵ لـە کۆتـایی هـاتنی حـوکمی (سـەدام حسـین) ئێسـتا هاووڵاتیـانی کوردسـتان لـەژێر داپڵۆسـینی دەسـەڵاتدارانی هەرێمی کوردستاندان، ئەم ڕاپۆرتەی ڕێکخراوی لێ بوردنی نێودەوڵەتی بە دۆکیۆمێنتـەوە ئـەوە دەسـەلمێنێ کە هێزە ئەمنیەکان و وەزارەتی داخلی تێوەگلاوە لە داپڵۆسینی خەڵکی کوردستان لە کوشـتنی هاووڵاتیـانی خەڵکی کوردستان، من بۆیە ئەو دوو ڕاپۆرتەم کـردووە بـە شـاهێد، چـونکە دڵنیـام دەسـەڵاتدارانی هـەرێمی کوردستان هیچ حسابێك بۆ گوشـاری نـاوخۆیی ناکـەن، هـیچ حسابێك بـۆ هـاوار و بـۆ خـوێنی هاووڵاتیـانی کوردسـتان ناکـەن، بـەڵام بـەم دوو ڕاپۆرتـە ئەتانترسـێنم، چـونکە ڕێکخـراوی لێ بـوردنی نێودەوڵـەتی ئـەو

ڕێکخراوە بوو کە وڵاتێکی زلهێزی وەکو ئەمریکای ناچار کرد برێ لە زیندانیەکانی دابخات، بەڕێزان ئێمە ئێستا هەموومان لەبەردەم بەرپرسیاریەتیەکی مێژوویی داین، لەوتەی بەرایی بەڕێزتان باستان لەوە کرد کە ئیشی وەزارەتی ناوخۆیە ئاسایش بۆ هەمووان بێ جیاوازی دابین بکات، بەڵام من بە بەڵگەوە پێت دەڵێم کە وەزارەتەکەی جەنابت نەك ئاسایشی بۆ هەمووان وەکو یەك دابین نەکردووە، بەڵکو تەنها ئاسایش بۆ ئەوانە دابین دەکات کە ئاسایشی خەڵك وێران دەکەن، گرتە ڤیدیۆیەکان دەیسەلمێنێ کە کارمەندانی پۆلیسەکانی وەزارەتی ناوخۆ تێوەگلاون لە پاراستنی ئەو بکوژانەی کە هاووڵاتیانی کوردستان دەکوژن، ئێمە دوێنێ وەکو چەند ئەندام پەرلەمانێکی ئۆپۆزسیۆن لە ناوچەی زانکۆی هەولێر بینیمان کە چۆن هێزی زێرەڤانی بە بێری سوورەوە حیمایەی ئەو چەقۆکێشانە دەکات کە هاووڵاتیان دائەپلۆسێنن، کە جنێو بە خەڵك دەدەن، ئێستا ئەوەی کە لە هەولێر حاکمە تەبعەن لە وتەکانتدا هیچ باسی هەولێرت نەکرد، ئەوەی کە ئێستا هەولێر بەڕێوە دەبات کۆمەڵێك هێزی نەناسراون، بە جلی مەدەنیەوە لە خەڵك دەدەن، جنێو بە خەڵك دەدەن، سووکایەتی بە خەڵك دەکەن، هێزەکانی وەزارەتەکەی جەنابت تەنها ئیشی ئەوەیە ئەو خەڵکە چەقۆکێشە دەپارێزێ .......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە وەختت تەواو بوو، کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز، من چەند پرسیارێکم ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەم، پرسیاری یەکەم/ ئایا وەزارەتی ناوخۆ چی کردووە بۆ دەستگیر کردنی تاوانباران کە خەڵکیان شەهید کردووە؟، کە ئێمە دەزانین فەرمانی دادگا هەیە بۆ گرتنی ئەو کەسانە، دووەم/ لە ئێستا دا ئێمە هەست دەکەین کە لەناو دەسەڵات دا دەسەڵاتێکی تر هەیە، هەموو دەسەڵاتەکانی ئەم هەرێمەی خۆمان و داواکاری خۆپیشاندەرانە ئەوە دەسەلمێنن، ئەی ئەوە کێیە کە ئەو هەموو توندوتیژیە بەرامبەر بە خەڵك ئەنجام دەدات، ئەوانە کێن کە دەمامکیان لە دەم وچاوی خۆیان کردووە لەسەر جادەکە ڕۆژانە دەیانبینین؟ ئەوانە کێن کە بە جلی مەدەنیەوە سەرکوتی خۆپیشاندەران دەکەن؟ ئەمانە کێن بێ زەحمەت؟ سێیەم/ لە ماوەیەکی کەم دا لە سلێمانی چەندین جار بەڕێوبەری پۆلیس و بەڕوێوبەری پۆلیسی هاتوچۆ گۆڕدرا، من لە جەنابی وەزیر دەپرسم، ئەمانە بەڕێوبەری سلێمانی و پۆلیس و پۆلیسی هاتووچۆ، وەکو هاوپیشەکانیان لە پارێزگاکانی تر پلەی مودیر عامیان هەیە؟ داواکارم وەڵامی ئەو پرسیارەم بدرێتەوە، ئەگەر نیانە، بۆ نیانە؟ بۆ پلەی مودیر عامیان نیە؟ چونکە من زانیاریم هەیە کە پلەی ئەو بەڕێوبەرانە بۆ ئەوەی زوو زوو بیانگۆڕن پلەی بەڕێوبەرە، ئایا لە گۆڕینیان جەنابی وەزیری ناوخۆ ئاگادارە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی وەزیری ناوخۆ دەکەم، من دوو پرسیارم هەیە یاخود وەڵام دوو ڕوونکردنەوەیەم بداتێ لەو بابەتە، یەکێکیان/ هەروەکو مولاحەزە دەکەین ئەو دوو مانگە ئەو وەزعەی لە سلێمانی هەیە لە بیدایەت دا بە داخەوە لە $2/17$ چەند شەهیدێکی لێ کەوتەوە کە مۆڵەتەکە مۆڵەتی گردبوونەوە، بوو دوایی ئاڕاستەکەی بە نەوعێکی تر وەرگرت، ئەگەر تێبینی بکەین دوو هەفتە دواتر ئەوەی کە هاووڵاتی بوو و خۆپیشاندەر بوو و نارەزایی هەبوو وەڵامیان درایەوەو لە سەرۆکی هەرێم پەیامی هەبوو لە پەرلەمان و سەرۆکی حکومەت وەڵامی داواکاری خۆپیشاندەرانی دایەوە، لیژنەیەکی پەرلەمان چەند خاڵێکی هێنا لە پەرلەمان، هەموو ئەو شتانە کران، ئەگەر تێبینی بکەین دوای ئەو دوو هەفتەیە یان بیست ڕۆژە و ڕۆژێك دواتر زیاتر گردبوونەوە لەبەردەرکی سەرا و بووە گردبوونەوەیەکی حیزبی، ئەندام و لایەنگرانی ئەو سێ حیزبە ئۆپۆزسیۆنە کۆدەبوونەوە، ئایا وەکو وەزیری ناوخۆ کە مەسئولیەتی ئەمنیەتی خەڵك و پاراستنی کاسبی خەڵك ئەو لایەنەتان ئاگادار نەکردووەتەوە کە بەردەرکی سەرا چۆڵ بکەن و بۆ ئەوەی کاروکاسبی خەڵك پەشێوی تێ نەکەوێت و ڕانەوەستێ؟، چونکە ئەو لایەنانە هەم کەناڵی تر هەبوو بێن قسەی خۆیان تێدا بکەن، نەك کۆبوونەوەیەك کە سێ لایەن لەوێ کۆببنەوە، دەیانتوانی بێن لەگەڵ لایەنی تر و حزبەکانی تر کۆببنەوە، دەیانتوانی بێن لە پەرلەمان لەڕێگەی نوێنەرەکانی خۆیان قسەی خۆیان بکەن، لەگەڵ حکومەت قسەی خۆیان کردو بەردەوامیش دەتوانن بیکەن، ئەوە پرسیاری یەکەمم، پرسیاری دووەم/ لە هەڵەبجەی شەهید دوو پۆلیس شەهید بوون بەداخەوە، وابزانم هەردووکیشیان بێ چەك بوون، ئایا ئێوە وەکو ئەوەی کە کارمەندی خۆتان وەکو وەزارەتی ناوخۆ ئەو خۆپیشاندەرانەی ئەو پۆلیسانەیان کە شەهید کرد، دەستەیەك بن نەیارانی کورد ناردوویانە؟ یاخود لە لایەنێك بە مەرامێکی تایبەتی ئەوەی کردووە، ئایا ئێوە هیچ زانیاریەکتان هەیە لەو بارەیەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەپێشدا دەمەوێ سوپاسی وەزارەتی ناوخۆ بکەم کە بەهۆی هێزی ناوخۆ و ئاسایش و پۆلیس و هەموو هێزەکانی کە سەقامگیری ئەو کوردستانە هاتووەتە کایەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە زۆر زۆر بەداخەوە ئەوان بوونەتە هۆی سەقامگیری کوردستان، بەڵام ئەمنیەتی خۆیان نەپاراستووە، هەموو ڕۆژێك تووشی بریندار بوون و شەهید بوون و سەرەڕای بریندار بوون و شەهید بوونیش زۆر سووکایەتیان پێ دەکرێت، کە لەسەر زمانی دانیشتووانی خەڵکی سلێمانی لەناو خۆپیشاندانەکە دەڵێن سووکایەتیەکی زۆر بە کەسوکار

و ژن و خوشکی پۆلیسەکان دەکرێت، لەناو خۆپیشاندانەکان، باشە هەموو حیزبەکان هەمووی پشتگیری لە خۆپیشاندان دەکەن، هەمووی دەڵێن ئێمە خاوەنی ئەو بەردەرکی سەرا و ئەو خۆپیشاندانانەن، باشە کە شتی وا ناشیرین ڕوودەدات بۆ کەس بەرپرس نیە لێی؟ بۆ هیچیان خۆیان ناکەنە ساحب لە خۆپیشاندانەکە و بەرەو ئاراستەی ناشیرین و خراپ و توندوتیژی دەڕوات؟ لێرە پرسیارێکم هەیە لە 17 شوبات کە ئاراستەی خۆپیشاندان بەرەو لقی 4 ڕۆیشت، خۆپیشادان لەلایەك بۆ پشتگیری بوو لە وڵاتی عەرەبی و پشتگیری و داوای چاکسازی بوو لەکوردستان، ئاراستەکە گۆڕا بەرەو لقی 4 بە تایبەتی هێرشکرایە سەری، نازانم وەکو وەزارەتی ناوخۆ گەیشتوونەتە حەقیقەتی ئەوەی ئەو ئاراستەیە چۆن بەرەو لقی چوار ڕۆیشت و لەوێوە خەڵکێك بریندار کرا؟، تەبعەن کە هێرشبکرێتە سەری خەڵك بریندار دەکرێت لە لق و لە دەرەوەی لق، بەڵام کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەداخەوە هەموویان خەڵکیان وا تێ گەیاند کە هەموو دنیا کەوا لقی 4 چووە تەقەی لە خۆپیشاندەران کردووە، یان مەسیرەیەکی هێمنانە لەبەردەرکی بارەگاکە تێ پەڕێوە ئەوان تەقەیان لێی کردووە، ئەوان وایان لە خەڵك گەیاند و قەت باسی ئەوە ناکەن کەوا هێرشکراوەتە سەری، ئەویش کەدیفاعی لە خۆی کردووە، نازانم لێکۆڵینەوەی بەڕێزتان و وەزارەتەکەتان دەربارەی ئەو ڕووداوە چۆنەو حەزمان لێیە ڕوونکردنەوەیەك هەبێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی وەزیری ناوخۆ دەکەم، هەموومان دەزانین ململانێیەکی سیاسی توند لە نێوان هێزەکانی سیاسی هەیە، هەمووشمان دەزانین ماوەکانی ڕووداوەکانی 17 شوبات و زیاتر، ئەنجامیش هاووڵاتیان و هێزەکانی ئەمنی بوونە قوربانی، ئەو ململانێیەش پۆلیس شەهید و بریندار بوونە، هاووڵاتیش لەگەڵ دا شەهید وبریندار بوون، پرسیارەکەم لێرە ئەوەیە ئایا بەڕێزتان پەیامتان چیە بۆ هێزە سیاسیەکان، بۆ یارمەتیدان؟ بۆ پاراستنی ئەمنیەت و سەروەری یاسا لە پێناو کۆتایی هێنانی بەو ڕووداوە نەخوازراوە؟ دووەم/ بە خوێندنەوەی ڕووداوەکانی سیناریۆی نوێ و سیناریۆی ترسناکتر هەست پێ دەکرێت، بەرنامەتان چیە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی سیناریۆیەکی تر کە خوێنی هاووڵاتیان تێیدا بڕژێت، خوێنی کوڕ و کچی ئەم وڵاتە تێدابڕژێت شەڕی خوێناوی لێ بکەویتەوە، هەموومان دەزانین شەڕی ناوخۆ ماڵوێرانییەکی گەورەیە مێژوویەکی تاڵمان لەگەڵ ئەو شەڕەداهەیە، سێیەم/ هەرچەندە مافێکی ڕەوایە خۆپیشاندان وەك خزمەتگوزاری تێ کەڵ نەکرێت لەگەڵ ئەجندای سیاسی و بەداخەوە لەم ڕۆژانەی دوایی دا لە سلێمانی سووکایەتی و جنێودان بە دایك و ژن و خوشك و هێزەکانی ناوخۆ دەکرێت، لەکاتی بەرەنگاربوونەوە دا، ئایا ئافرەت نیوەی کۆمەڵ نیە؟ بۆ هەستی پۆلیسی ناوخۆ بە سووکایەتی کردن بە ژن بریندار دەکرێت؟ ئایا ئەمە ڕاستە؟ کەناڵی ڕاگەیاندیش پەخشی دەکات؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ژیان خان فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێشەکی دا بەخێرهاتنێکی گەرمی جەنابی وەزیر دەکەم، من دەڵێم لە کاتێك دا ئێمە هەر هەموومان شانازی بەم ئارامی و سەقامگیریە دەکەین کە لە هەرێمەکەی ئێمە هەیە، کە نەك بووە بە لانکەیەکی ئارام تەنها بۆ خۆمان، بەڵکو بۆ کوردی هەرسێ پارچەکەی تریش کە پەنایان هێناوە بۆ هەرێمەکەی ئێمە، هەروەها کە ئێمە دەبینین 16 و 17 قونسولگەری کە لە هەرێمەکەی ئێمە هەیە، لەم ساڵیش ئەمریکا بە تەمایە کە قونسولگەری خۆی بکاتەوە لە هەرێمەکەی ئێمە، ئایا ئەمە نیشانەی ئارامی نیە؟ من کاتێك دەڵێم کە کوشتن و بریندار بوونی خۆپیشاندەران تاوانە، ئەی ئایا ئەوە تاوان نیە کە ئاسایش و پۆلیس بریندار بکرێ و شەهید بکرێت کە لەوانەیە لەبەر بژێوی ژیان و لەبەر سەختی ژیان ئەو کارە بکەن، کە بەو شێوەیە تەعەدایان لێ بکرێت و یان شەهید بکرێن، ئەگەر بەو شێوەیە نەبێت، ئایا ئێمە دیدێکی ژیان دۆستانەمان نیە لەڕوانگەی شوناسی مرۆڤ بوونەوە؟ کاتێك کە جەنابی سەرۆکی هەرێم بە نموونە داوا دەکات ئەوەی توندوتیژی کردووە لە پۆلیس و خۆپیشاندەران، ڕادەستی دادگا بکرێن، ئایا مانای ئەوەیە کە جەنابی کە جەلادو قوربانی یەکسان دەکات؟ کە هەندێ میدیاو و ڕۆشنبیر وای باس دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زکیە خان فەرموو.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەسپێکێ بخێرهاتنا وەزیرێ ناوخۆ دکەم، ڕاستی هێمناهیا ئەڤرۆکە ل کوردستانێ هەی پشکداریا چاودێرێ سیاسی ژی هەین و هەروەسا وەکو پراکتیك ژ دێتە دیتن، ئەو بازرگانیا نوکە ل کوردستانێ تێتە کرن و دیسا وەکی هەڤالێت من بەری نوکە ژی ئاماژە پێ کری، ئەو قونسولگەری ونڤیسینگەهێ ولاتێت بیانی کو نیشانا هەندێنە کو دبلۆماسیەتێت کورد بەرەڤ پێشڤەچوویە، ئەو ژی نیشانا هەبوونا هێمنا هی و تەناهیەیە لە هەرێما کوردستانێ، ژ بەرهەندێ جهێ دەستخۆشیەیە کو ئەڤرۆکە ئەم هێزێت هێمناهیێ وەکو پەرلەمانتار دەست خۆشیێ لڤان هێزا بکەین، پرسیارا من ل ڤێرێ ئەڤەیە، ئەم هەمی دزانین دەسپێکێ ل 2/17 ئەم هەمی موهلاتا خۆپیشاندانێ نەهاتیە وەرگرتن، موهلات بۆ خرڤەبوونەکا یا جەماوەری بۆ پشتگیری کرن ل ولاتێ مصر و تونسێ، لێ مە دیت ڕێرەوێ یان ژی هەدەفێ ڤێ خۆپیشاندانێ هاتە گۆڕین بەرەڤ توندوتیژیێ چوو، دیڤ یاسای خۆپیشاندانا کو ل پەرلەمانێ کوردستانێ دەرکەتی ڕێکخەر یان ژی موسەبەبێت یێت بووینە سەبەبێ گۆڕینا یان هەدەفا خۆپیشاندانێ پێتڤیا بهێنە ئیجرائاتێت یاسایی بەرامبەر بهێنە وەرگرتن، ئایا هەتا نوکە پێنگاڤەك بۆ ڤێ یەکێ هاڤێتیە، پێنگاڤا

دوهێ دیسا دیڤ یاسا خۆپیشاندانێ، مه یا دیار کری کو پێتڤیا هێزێت یێت چالاکیا مەدەنی خۆپیشاندەرا دەپارێزێ، ل مەجالێ پراکتیکی دا وەکو وەزارەتا ناڤخۆ شیاینە چ پێنگاڤ هاوێژن بۆ پێگەهاندنا ڤان هێزا، هەروەسا بۆ تەجهیز کرنا وان قەزا و ناحیەت کوردستانێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەیان خان فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ژی بخێرهانا جەنابی وەزیرێ ناڤخۆ دکەم، براستی ل ڤان ڕیدانێ ئەز دبێژم (اختیار مقدمات الصحة تؤدی الی النتائج الصحیحة)، وەختێ سەرەداریا درستێ دگەل ڕیدانا تێتە کرنێ، دێ ئەنجامێت وێ ژی دێ جان بن، لبەر هندێ ئەز دبێژم هەلۆێستێ درست بیتدایەتێ سەرەداریا درست دگەل ڤان ڕیدانا نەهاتە کرنێ، لەوما ئەم دبینین بەردەوامیا پێڤە دیارە و ڕەدفعلا پێڤە دیارە و توندوتیژیا پێڤە دیارە کو جهێ داخێیە، ئەز دبێژم وەزارەتا هەوە بەڕێز وەزیرا ناڤخۆ، براستی ئەز دبینم یا کەمتەرخەمە و تەخسیریا هەی ئیجرائاتێت خۆ دا لبەرامبەر ڤان ڕیدانێت کو هاتینە کرن، ئەڤ ئارمانجێت کو وەزارەتا هەوە کو ئەڤرۆ لبەر دەستێت مە ئەم سەح کەینێ دگەلەکە ئارمانجێت خۆ دا بدرستی بڕۆلێ خۆ نەڕابوویە و جێ بەجێ کرنا یەعنی ڕۆلی خۆ نەکریە بە تایبەتی ڤان ڕیدانێ هەنێ دا، ئەز دبێژم گەلەکا پێتڤی بۆ هێزێت ناڤخۆ ئەڤرۆکە، بە ئەرکی خۆیی پیشەیی ڕاببیتن، هەروەسا بێ لایەنیێ خۆ بپارێزێ، خۆ نەکاتە تەرەف، لبەر هندێ کو یەك ڕیزیا کۆمەلایەتیا ڤێ میللەتێ بێتە پاراستن، کو ئەم دزانین میللەتەکی گەلەك وگەلەك خودانێت قوربانیا هەروەسا بۆ پیرۆزیا ڕۆلێ هێزێت مە دناڤ تەبعەن ڕۆلێ وانە تەبعەن دناڤ وڵاتێ دا، ئەز دبێژم هیچ ڕێزگرتنەکا براستی نەبوویە، بۆ مافێت مرۆڤێ وان ڕیدانێ دا، تشتێ دی ئەز دبێژم کو ئامانجێت ڤێ پرسیارێ جەنابت ئاراستەی جەنابی وەزیری بکەین، ئەرێ ئامانجێت لیژنەیا لێکۆلینی یەعنی دەمەکی بەسەر چوو کانێ؟ یەعنی چ لێ دیار بوون، گەیشتینە کیرێ و کەنگی دێنە ڕاگەهاندن بۆ ڕایا گشتی؟ و ئاخر پرسیار من ئەڤەیە، خەلکێ سلێمانی ئەڤرۆکە بەرامبەر ڤێ تەزحیا دی هاتیە کرن، گەلەکی خەمگینە و نارەحەتە، ئەرێ پلانا وەزارەتا هەوە چیە بۆ ئارامکرنا ڤێ وەزعی کو ئەڤرۆکە د ڤێ کۆنبوونا پەرلەمانێ دا جەنابی هەوە ڕاگەهینن، بۆ جەماوەریش و بۆ ڕای گشتی ژی کانێ چ پلان هەنە بۆ ئارامکرنا ڤێ وەزعێ و دوماهی هینانا بارودۆخێ ئەڤرۆ لهەرێمێ کوردستانێ ڕادبوریت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرگوڵ خان فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەوێ من لێرە چەند پرسیارێك ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ بکەم، سەبارەت بەو ڕووداوانەی لە $2/17$ و ڕۆژانی دواتر ڕووی داوە، ئەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە لە لایەن هێزەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ پێشێلکاری کراوە بەرامبەر یاسا کە ئێمە زۆر جار دەڵێین یاسا سەروەر بێ و پێوستە دامودەزگاکان بە تایبەتەکان لە هەوڵی جێ بەجێ کردنی یاسا بن، یەکێك لەو یاسایانە یاسای خۆپیشاندانە، ئەو خۆپیشاندانانەی $2/17$ لە سلێمانی ڕووی دا خۆپیشاندانێك بوو بە مۆڵەت بوو، بەپێی یاساکە دەبێ هێزی چالاکی مەدەنی لەو شوێنە ئامادە بێت بۆ پاراستنی خۆپیشاندەران وبۆ هەر ڕووداوێك کە ڕوو دەدات، بەڵام ئێمە دەزانین لەو ڕۆژەدا کەم تەرخەمیەك ڕووی داوە لەو کاتەدا، ئەمە بووەتە هۆکارێك کە ڕووداوەکە بەو شێوەیە تەسعید بکرێت، ئایا ئێوە وەکو وەزارەت هیچ ئیجرائاتێکتان کردووە سەبارەت بەو کەمتەرخەمیانەی کە لەو ڕۆژانە ڕووی دا، چونکە ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە ڕۆژانی دواتریش شتی تر ڕوویدات، دواتر کە پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەی خۆی کردو ئەو بڕیارانەی دەرکرد سەبارەت بەو بارودۆخە، بڕیاری ژمارە $1$ و $2$ باس لەوە کرا کە ئەو هێزانەی جووڵەیان پێ کراوە، ئەبێ بگەڕێندرێنەوە شوێنەکانی خۆیان، بەڵام ئێمە بینیمان لەدوای دەرچوونی ئەو بڕیارە ڕاستە ئەو هێزانەی بۆ سلێمانی ڕۆیشت بوون وەکو جەنابی وەزیر باسی کرد هێزەکانی زێرەڤانی لە دەرەوەی شار جێگیر کرابوون، بەڵام بینیمان بۆ گەرمیان و شوێنەکانی تر هێز جووڵەی پێکرا لە دوای دەرچوونی ئەو بڕیارەی پەرلەمانەوە، ئایا جەنابیان وەڵامیان چیە بۆ ئەو پێشێلکاریانەی بڕیارەکەی پەرلەمان، یاسایەکی تر کە پێشێل کراوە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە یاسایی ڕۆژنامەنووسیە کە زۆر لە هاوکارانم ئاماژەیان پێی دا، کە پێشێلکاری بەرامبەر ڕاگەیاندنەکان و ڕۆژنامەنووسەکان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کراوە، کە بە پێی ئەو یاسایە وەزارەتی ناوخۆ یان هێزەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ لەبەرامبەر ئەمە دەبێ وەڵامیان هەبێ، سەبارەت بەوەی کە لە دانیشتنی بانگهێستی وەزیری پێشمەرگە باسی لەوە کرد کە پۆلیس و هێزەکانی ناوخۆ نەیانتوانیوە کۆنتڕۆڵی ئەو بارودۆخە بکەن کە لە سلێمانی بووە، بۆیە ئێمە هەوڵمان داوە وەکو پێشمەرگەو هێزی پێشمەرگە تەداخول لەو بارودۆخەدا بکەین، ئایا قسەی ئەوان چیە سەبارەت بەوەی کە هێزەکانی ئەوان نەیانتوانیوە کۆنتڕۆڵی بارودۆخەکە بکەن، زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە ئێمە هێزەکانی پۆلیس و هێزەکانی ناوخۆ بەوە تۆمەتبار دەکەین کە ئەوان دەستیان هەبووە لەو بارودۆخە، ئێمە دەزانین ئەوانیش ڕۆڵەی ئەم میللەتەنە، ئەوانیش کۆمەڵێك کەسانی دڵسۆزی ئەو وڵاتەن لەو سیلکە خزمەتی خۆیان دەکەن، بەڵام ئێمە دەڵێین ئەوان کاتێك کە ئەو ئەرکەی خۆیان جێ بەجێ دەکەن وەکو ئەرکی خۆیان، ئەو ئەمرە لەوانە نیە بۆ هەر پێشێلکاریەك، ئەو پێشێلکاریانەی کە کراوە ئێمە پێمان وایە لەلایەن کەسانی ترەوە ئەوان ئاراستە دەکرێن بۆ ئەو پێشێلکاریانە بکرێن، ئێمە مەبەستمان نیە کە پۆلیسێکی ئاسایی کە تۆمەتبارە لەو بارودۆخە، بەڵکو ئەوەی کە ئەمر بەو دەکات ئەو کارە بکات، ئەو تۆمەتبارە، سەبارەت بە پێشێلکاری تر کە کراوە، پێشێلکاری بەرامبەر ژنان وەکوکاك حمە سعید باسی کرد، منیش تەئکیدی لێ

دەكەمەوە، ئەوەی بینیمان لە گەرمیان لەبەرچاوی ڕاگەیاندنەكانەوە كە پێشێلكاری كرابوو بەرامبەر ژنان لەلایەن هێزەكانەوە، ئیتر ئەو هێزانە هێزی ناوخۆ یان هێزی پۆلیس بوون، ئەمڕۆ لەبەرامبەر دادگای.... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عدنان فەرمووو.

**بەڕێز عدنان عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا من نازانم چی ماوە كە باسی بكەم، بەڵام فرسەتێكە جەنابی وەزیر لێرەیە و حەزدەكەم قسە لەسەررۆڵی وەزارەتی ناوخۆ بكەم لەو تەسعیدەی كە ئێستا لە كوردستاندا هەیە، پێموایە و خۆشمان دەزانین، یەعنی دوای ئەو بڕیارەی پەرلەمان كە دەرچوو، بابڵێین بەشێك لە مەتالبی شەعبی و بەشێك لە هەستی خەڵكی بریندار كردووە و مەوزوعی دەسگیر كردنی ئەو كەسانە بوون كە تۆمەتبار كرابوون كە دەستیان هەیە لە توندوتیژیەكاندا و لە كوشتنی خەڵكدا دیارە من تەبعەن هێرشكردنە سەر هێزی پێشمەرگە و پۆلیسیش هەر بە تاوان دەزانم و دیارە پۆلیسیش و پێشمەرگەش هەموو ئەوانە ڕۆڵەی ئەم وڵاتەت و هەمووشمان پێمان خۆشە گیانی پۆلیسەكانمان و گیانی هاووڵاتیانمان هەمووی پارێزراو بێت، دیارە ئەوەش بەشێكە لە ئەركی وەزارەتی ناوخۆ، بەڵام وەزارەتی ناوخۆ دەیتوانی ڕۆڵێكی گەورە بگێڕێت لەم مەوزوعەدا و بتوانێ جۆرێك لە ئەمان بگەڕێنێتەوە، جۆرێك لە ئیتمیئنان بگەڕێنێتەوە، تا ئێستێكیش دەتوانم بڵێم وەزارەتی ناوخۆ دەیتوانی هەوڵ بدات ئەو بارگرژیە بە ئاراستەیەكی تردا بە تایبەتیش كە ئێمە لە پەرلەماندا قسەمان لەسەر خاڵە بنەڕەتیەكان داخوازیەكانی خەڵك كردووە و شەقامی زۆر تەئكیدی لەسەر داخوازیە هەنووكەییەكان كردووە و كە یەكێك لەو خاڵانە دیارە هەندێكی جێ بەجێ كرا، پاشەكشەی هێزە جووڵە پێكراوەكان، بەڵام مەوزوعی دەستگیر كردنی ئەو خەڵكانە پێموایە ئەوە بەشێكە لە مەهامی وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی ناوخۆ نەی كرد، نەكردن و ئەنجام نەدانی ئەم مەسەلە یاساییە كە با بڵێین ئەمری قەزائی پێ دەرچووە، ئەمە هۆكارێكی گەورە بوو بۆ بەردەوام بوون و بۆ ئیدامە دانی ئەو بارگرژیەی كە ئێستا لە كوردستاندا هەیە، ئەو تەشەنوجەی لە كوردستان دایە پێموایە وەزارەتی ناوخۆ مەسئولیەتێكی گەورە هەڵدەگرێت لەوەی كە ئەو هەوڵەی نەدا، دیارە ئەمەش یەكێكە لە هۆكارە گرنگەكانیشی دەگەڕێتەوەبۆ ئەوەی بەداخەوە تا ئێستاكەش وەزارەتی ناوخۆ لە هەرێمی كوردستان دا بەو شێوەیەی كە دەمانەوێ یەكی نەگرتووەتەوە، من پێموایە وەزارەتی ناوخۆ لە ئێستادا ئەو ڕۆڵە ناگێڕێت كە مەفروز وایە وەزارەتی ناوخۆ بیگێڕێت، هێزی پۆلیسیش ئەو ڕۆڵە ناگێڕێ كە مەفروزە بیگێڕێ، من تەنها بەو نموونەی كە كاك عبداللە باسی كرد جارێكی تر جەختی لەسەر دەكەمەوە كە دوێنێ ئێمە بە بەرچاوی دوو مەفرەزەی پۆلیسەوە ئەندامانی ئێمە ئیهانە كران لەناو سەیارەكانی خۆیان بوون، دانەبەزی بوون، قسەیەكیان نەكرد لەگەڵ خەڵكدا، من نازانم ناویان بنێین چی؟ یەعنی جەنابتان چ ناوێكیان بۆ دەدۆزنەوە، نازانم جەنابی سەرۆكی پەرلەمان ناوێكیان بۆ بدۆزرێتەوە، ئەوانە جنێویان بە

ئەندامانی پەرلەماندا و ئیهانەیان کرد، ئەندامی پەرلەمان لە ناو سەیارەی خۆیان بوون، بەبەرچاوی دوو مەفرەزەی وەزارەتی ناوخۆوە، ئەو دوو مەفرەزەیە کە مەفروەزە بە جورمی مەشهودەوە ئەوانە دەسگیر بکەن کە ئیهانەی ئەندامی پەرلەمان دەکەن و ئیهانەی هاووڵاتیش دەکەن، با ئەندامی پەرلەمان نەبێ با هەر هاووڵاتیەکی ئاسایی بێت، مەفروز وا بوو بیان گرن و دەسگیریان بکەن، ئەوخەڵکانە نەك بە موعەزەز موکەرەمی، بەڵکو دوای ئەوە بە سەیارەیەك کەوتنە شوێن من و کاك نەریمان و تەقەیان لێ کردین، لەناو ئەم شارە تەقەیان لێ کردین، جا ئەمە چ ناوێکیان لێ ئەنێن؟ ئەم خەڵکانەی کە لە وەزارەتی ناوخۆ گەورەترن............. .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لە ئەرکەکانی وەزارەتی ناوخۆ بەڕێزیشی ئیشارەتی پێی دا، بێ گومان هەمووومان دەزانین بریتیە لە سەپاندنی سەروەری یاسا و پاراستنی ئاسایشی هەرێم و پاراستنیان و ڕێز گرتن لە ئازادی هاووڵاتیان و پارێزگاری کردنیان، کە خۆی لە ئەساسدا دەبێ ئەرکی وەزارەتی ناوخۆ بریتی بێت لەمانە، بەڵام ئەوەی ئێمە لەماوەی مانگی ڕابردوو دا دەیبینین یان لەوەو پێش بینیومانە بە پێچەوانەی ئەو ئەرکانەیە کە لەیاسای وەزارەتەکەی دا بۆی دیاری کراوە، بەشێوەیەکی ترئەگەر ئێمە لە خەمی ئەزموونی کوردستان و لە خەمی ئەزموون و پاراستنی دەسکەوت و ڕێزگرتن لە بەها مرۆڤایەتیەکان و شانازیش بکەین بە خوێنی شەهیدان و بە بوونی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان، تۆش وەکو یەکێك لەو ئەرکانەی کە هەتە، ئەرکت پاراستنی ئاسایشی هەرێمە، چۆن ڕێگە دەدرێ لەناو هەرێمەکەی تۆدا کە کۆمەڵێك دەزگا و یان کۆمەڵێك کەسانی دەمامك دار یان کۆمەڵە دەزگایەکی بێ مۆڵەت بە ئارەزووی خۆیان یان چەندین هێز و لایەن کە کەس نازانێ ئەمانە لەکوێوە هێنراون یان کەس نازانێ لەلایەن کێوە مۆڵەت پێدراون، لە پارێزگاکانی هەرێمی کورستاندا سووکایەتی بە خەڵك دەکرێت و خەڵك دەکوژن و خەڵك بریندار دەکرێت، سووکایەتی بە پەرلەمانتاران دەکرێت، ئایا ئەمانە هەمووی پاراستنی ئاسایشی هەرێمە لە چوارچێوەی ئەو یاسایەی کە وەزارەتەکەی تۆ جێ بەجێ ی دەکات؟ پاشان من ئەمەوێ ئەوە بڵێم کوشتنی 9 کەس لە ماوەی ئەو دوو مانگەی ڕابردوو داو یان بریندار کردنی دوو سەد کەس بەلای منەوە جێگەی سەرسامی نیە ئەگەر بڕیاری دادگا هەبێ بۆ گرتنیان یان بۆ دادگایی کردنیان، بەلای منەوە سەرسامی نیە، چونکە دەزانین جێ بەجێ ناکرێت، چونکە هەموو ئەزموونەکانی ڕابردوو شایەتی ئەوانەن کە هیچ کام لەو بڕیارانەی دادگا جێ بەجێ ناکرێن، چونکە ئێمە خۆمان پێشتر ئەزموونێکی تاڵمان بەسەر هەرێمی کوردستان داهاتووە کە تا ئێستاش بێ سەروشوێنانی شەڕی ناوخۆیە کە ماوەی 14 ساڵە کەس نازانێ ئەمانە لە چ شوێنێك دان و یان کەسوکاریان، ئەوە چوارده ساڵە چاوەڕوانی چارەنووسیانن کەس نازانێ لەلایەن کێیەوە زیندانی

کراون؟، پاشان بوونی (258)موستەشار کە فەرمان هەیە لەلایەن دەزگای باڵای تاوانەکانەوە، کە نووسراو هاتووە بۆ وەزارەتەکەی بەڕێزت لە 2010/11/8وە، دواتریش لە 10/20 لەلایەن وەزارەتی شەهیدانەوە جارێکی تر تەئکید کراوەتەوە لەوەزارەتی ناوخۆ، لەسەرۆکی هەرێم کە ئەمانە ئەبێت بگیرێن، لەبەر ئەوە من بەڕاستی سەرسام نیم بەگرتنی ئەمانە، ئێمە ئەزموونی پێشووتر شایەتی ئەم شتانەیە کە هیچ شتێك ناکرێت لەهەرێمی کوردستاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز نەسرین خان، فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە کاتەکە ئەوەندە نیە کە ئینسان بتوانێ قسەی زۆری لەسەر بکات، من لێرەوە دەست پێدەکەم، ئێمە هەروەکو چۆن دەڵێین تاوانباران یان ئەو کەسانەی کە تەقەیان کردووە لە خۆپیشاندەران، دەبێت بدرێن بە دادگا، وە ئەوانەی کە بوونەتە هۆی کە تەقە بکەن و خۆپیشاندەران بکوژن، بەهەمان شێوەش ئێمە داوا دەکەین ئەوانەی کە پۆلیسەکانیشیان شەهید کردووە، ئەوە ئەرکی وەزارەتی ناوخۆیە کە بگەڕێت بەدوای ئەوانەشداو بیاندۆزێتەوەو بیاندات بە دادگا، هەر کەسێك بێت، لێرەوە پرسیارێکی ترم ئەوەیە بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ، دەڵێم ئەمڕۆ دوو مانگ و دوو ڕۆژ بەسەر کارەساتی 17ی شوبات تێپەڕ دەبێت، ئایا لەم ماوەیەدا جەنابتان کە لیژنەتان دروست کردووە بۆ بەدواداچوونی ئەو کارەساتەو ئەو ڕووداوانەی کە ڕوویداوە، هیچ سەرەداوێکتان دەست نەکەوتووە؟، یان بۆ نەهاتووەتە پێشەوە تا بزانن کێ تاوانبارە؟، کێ یەکەمجار دەستی کردۆتەوە؟، بەردی وەشاندووە؟، کێ یەکەمجار تەقەی کردووە لە خۆپیشاندەران؟، لەماوەی ئەم دوو مانگەدا لیژنەکانی بەڕێزتان هیچ سەرەداوێکیان بۆ دەرنەکەوتووە؟، بۆ ئەوەی بتوانن تاوانباران بدەن بەدادگا، پرسیارێکی ترم ئەوەیە لەو کاتەدا کە سلێمانی هێزەکانی ناوخۆ، هێزەکانی زێرەڤانی و ئەمانە هەمووی بڵاوەیان پێکرا بەناو شاری سلێمانیدا، پرسیان بە بەڕێزت کرد؟، لەکاتێکدا کە پۆلیسی پاراستنی دارستان و پۆلیسی پاراستنی کارەبا بەناو شارو شەقامەکانیدا، ئەگەر پرسیار بەجەنابت کرد ئەو فەرمانەیان لەکوێوە پێدرا، کە پۆلسی پاراستنی کارەبا تەقە بکات لە خۆپیشاندەران، کابرایەك بە جلی مەدەنیەوە بە دەمانچەوە، وەکو عەسابە شوێن خەڵکەکە دەکەوێت و سێ فیشەك دەتەقێنێ، سورکێو و شێرزاد شەهید دەکات، بۆ تا ئێستا ئەم بکوژانە کە وازحە، یەعنی ئەگەر خۆشتان ئەو بکوژە ناناسن خۆ مەسئولەکەی دەیناسێ کە کێیەو کێ نیە؟، بۆ ئەمانە تا ئێستا نەدراون بە دادگا؟، باس لە پاراستنی سەروەت و سامانی خەڵك دەکرێت، بەڵام لەوە دەچێ مەسەلەکان پێچەوانە بووبێتەوە، ئایا پاراستنی هاووڵاتیان لە سنووری پارێزگایەکدا وەکو پارێزگای سلێمانی کێ دەیپارێزێت؟، ئێمە ڕێزمان هەیە بۆ برا پۆلیسەکان وپێشمەرگەکانمان، بەڵام ئێستا بزانە لەناو سلێمانیدا ئەو هێزانەی کە بڵاو بووەتەوە لە دەمامکدارو لە دژە تیرۆر ئەوانە کێن؟، بزانن چۆن کۆڵان بەکۆڵان شوێن هاووڵاتیان سلێمانی دەکەون، بۆ

دەسـتگیرکردنیان و بـۆ تاوانبـار کردنیـان، ئـەخیر خـاڵم کەباسـی دەکـەم، دیـارە سـەرۆکی هـەرێم، سـەرۆکی حکومەت، سەرۆکی پەرلەمان، باسی ئەوەیان کردووە، دانیان بەوەدا ناوە کە داواکاری خۆپیشاندەران ڕەوایە، ئەی من نازانم یان ئەمە سەحب بکەنەوە بڵێن ڕەوا نیە؟، یـان دەبـێ ئـەوە نـەڵێن کـە لـەلای ئەمریکیـەکان دەڵێن ئەمە دەسـتی ئێرانـە، لـەلای ئێرانیـەکان دەڵێن دەسـتی ئەمریکایـە، دەسـتی دەرەکیـە، ئەگـەر دەسـتی دەرەکیە با بەهەموو لایەکمانەوە ئەو دەستە دەرەکیە ببڕین، ئەگەر داواکانیشیان ڕەوایە، بەڕاستی بـا بچین بەدەم داواکارییەکانیانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەهیچ شوێنێك نەمانوتووە دەستی ئێرانە، یان دەستی دەرەکیە، ئـەوە بـۆ ئاگاداری جـەنابت، ڕەواش مانـای ئەوەیە لەزمنی سنووری یاسا بێـت، یـەعنی لەگـەڵ بنـەمای دیموکراسـی، لەبەرژەوەنـدی خـەڵکی کوردسـتان ئیجازەی هەبێت، سوپاس، بەڕێز صباح بیت الله، فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری ناوخۆ دەکەم، من بەری بەرایێ بێژم ئەم دکوردستانێدا شانازیا پێـوە دکەین، ئەو ئەمن و تەناهیا کو ڤێ گافێت ل هەرێمێ کوردستانیدا هەی، وە بەلگەژی بۆ ڤێ چـەندێ هـەی، کە گەلەك هەڤالا ئیشارەت پێ دای، ڤە کرنا پتر ل بیست قونسولخانێ کە ڤێ گـاڤێ ل هـەرێمێ کوردسـتانێ، ئەڤە ئەو پـەڕی نیشانا ئەمنیـەتێ و تـەباهیا ل هـەرێمێ کوردسـتانێدا، دەست خۆشـی لـە هێـزی ئـەمنی و پێشمەرگەی دکـەین، ل پاراسـتنا ئەمنیـەتا کوردسـتانێ، چونکە ئـەم نـزانین چ مەترسـیا ڤـێ گـاڤێ ل سـەر ئەزمونا کوردستانێدا هەیە، بەڕێز وەزێرێ ناڤخۆ ئەڤان دوو خالا ئەگەر جەنابێتە ڕوون کرن ل سەر بیـت، ئێـك، ئـەو خۆنیشـاندانێت هاتینـە کـرن، ل $17$هـەیڤا دوو هـەتا ئـەڤرۆ، ئەنـدێ ل وان مۆڵـەت یـان ئیجـازە هەبوویە؟، یان چەندێ ل وان ئیجازەی بێ مۆڵەت بوونە؟، دوو: ئەگەر خۆنیشاندانیا بێ مۆڵەت بـیتن، ئـەو زەرەرو زیانێ ب خەلکی و ب سەروەت و سامانێ وان دەکەویتن، چ ل خۆنشـاندەراو یـان هـەر لایـەنێکی تـر، کی بەر پرسیارە لە ئەنجامێت وێ؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ناسك تۆفیق، فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، من سەرەتا لەوەوە دەست پێدەکەم، ئێمە لە $2/23$ بڕیارێکمـان دەرکرد لەو بڕیارەدا ئیشارەتمان داوە بەوەی کە خۆپیشاندەران مافی ڕەوای خۆیانەو نابێ کـەس بگیرێـت بـە بیانووی بەشداری کردن لە خۆپیشاندان، دیارە ئەمـە ئـەوە ئیلغـا دەکاتـەوە، چونکە زانیمـان وەزعێکـی تـر خوڵقاوە، ناکرێت باس لە یاسای خۆپیشاندان بکەین، بڵێین دەبێ مۆڵەتی هەبێت ئینجا خۆپیشاندان بکـەن،

تـازه خـەڵکێك هاتوونەتـە سـەرجادەو ئـەو یاسـایەی شـکاندووه، ئێمـە دوای ئـەوه ئـەم بڕیارەمـان دەرکـرد، بڕیاری $2/23$ دوای ئەوه قسە لەسەر مافی خۆپیشاندەران دەکات، ئـەوه خـاڵێکم، خـاڵێکی تـر حـەز دەکـەم لەوێوه دەست پێبکەم لەدوای $2/18$ لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بەرپرسەکانی پارتی مەسئولیاتی پاراستنی بارەگاکانیان یان کەمتەرخەمی بارەگاکانیان لەسلێمانی دەخستە سەر یەکێتی، ئایـا تـۆ هەسـت ناکـەی ئەمـە بەڵگە نیـە لەسـەر ئـەوەی کـە وەزارەتـی نـاوخۆ نـەیتوانیوه، وەزارەتـی حکومـەتێکی یـەکگرتوو بێـت، بۆیـە گلەیی لەحزب دەکرێت لەو کاتەدا، بۆ ئەوەی نەیپاراستووه، ئـەویش ئـەو ناپارێزێـت، ئـەو کاتـە هاووڵاتیـان کێ بیانپارێزێت؟، پرسیاری ترم: لەکاتی وەڵامەکانی وەزیری پێشمەرگە، باسی لەوه کرد، پرسیاری لێکرا بۆ هێـزی پێشـمەرگە بـۆ کاروبـاری نـاوخۆ جووڵێنـدراون، کەچـی کـاتێ زانیمـان هێزەکـانی نـاوخۆ لـە پـۆلیس وچالاکیە مەدەنیەکان پێیان کۆنترۆڵ نەکرا، ئێمە مەجبور بووین هێز بجووڵێنین، مـن پرسـیارەکەم لێـرەدا ئەوەیە، ئایا ئێوه بۆچی کۆنترۆڵی حاڵەتێکی مـەدەنی واتـان پێنـەکرا، لەکاتێکـدا لـە بودجـەی سـاڵی2010 عەدەدی میلاکـاتی ئـەم وەزارەتـە (95983)یـە، لـە 15٪ی فەرمانبـەرانی ئـەم هەرێمـە هـی وەزارەتەکـەی جەنابتە، ئەگەر ئاسایشی هـەولێر و سـلێمانی بخەینـە سـەر (132480)میلاکـت هەیـە، یـەعنی لـە 21٪ی میلاکــات ئاســایش و وەزارەتــی نــاوخۆ دەبیــات، ئەمــە ســەبارەت بــە فەرمانبــەر، لــەڕووی ماددیــەوه، (793700000000)تـەنها بـۆ بودجـەی تەشـغیلی ئـەم وەزارەتـە دانـراوه، یـەعنی لـە 10٪ی بودجـەی تەشغیلی بۆ وەزارەتەکەی جەنابتە، ئەگەر هی ئاسایشی سلێمانی بخەمە سەر ئەوکاتە نزیکەی لە 15٪ ئایـا لەڕووی ماددی و ئیمکانیاتی میلاکاتەوه گرفتێك هەیە وا نەتوانراوه ئەم وەزارەتە کۆنترۆڵی بکات؟، تا پەنا ببرێتە بەر هێزی پێشمەرگە کە خۆی دەبێـت بـۆ مەترسـی دەرەکـی بجووڵێنـدرێت، خـاڵێکی تـر، تـا چـەند هێزەکــانی پــۆلیس و چــالاکیە مەدەنیــەکان بــەڕای جــەنابت ڕاهێنــراون لەســەر ئــەوەی کــە پاراســتنی خۆپیشاندانی مەدەنی بکەن؟، یاخود تا چەند ڤیناعیان پێیە بەلانی کەمی لەکاتێکدا کـەغاز دەڕژێـت، یـان غازی فرمێسك ڕێژ دەڕێژن، خۆیان تێیدا زەرەرمەند نەبن، کە بەداخەوه ئێستا بـەبێ ڤینـاع غـاز دەڕێـژن، خۆیان دواتر گیانیان دەکەوێتە بەر مەترسی، نـاکرێ ئەمانـە بـەبێ ڤینـاع شـتی وا بکـەن، ئەمـە غەڵەتێکـە بەڕاستی وەزارەتەکەی بەڕێزت لێی بەرپرسیاره، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، بەڕێز سمیر سلیم، فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای بەخێرهاتنی وەزیری نـاوخۆ، کۆمـەڵێك پرسـیار ئاراسـتەی جـەنابیان دەکـەم، یەکـەم: لـە قسـەکانیداو بـەپێی دەسـتووریش، چـونکە قسـەکانی ئـەو بوعـدیکی یاسـایی هـەبوو لـەو کاتـەدا، خۆپیشـاندان مـافێکی دەستووری و یاساییە، بۆچی ئێستا ئەو مافە بووه بە تـاوان،، بەدواداچـوونی دەوێـت، لێکۆڵینـەوەی دەوێـت، جووڵانـدنی هێـزی دەوێـت، بـەکارهێنانی هێـزی دەوێـت، ئـەم پرسـیارەم لـەوەزیر ئەوەیـە، بـە پاڵپشـتی چ

برگەیـەکی دەسـتووری و یاسـایی ئـەم مافـە ڕەهەنـدێکی تـاوانی وەرگرتـووە، ئێسـتا هێزەکـانی نـاوخۆ بەدواداچوونی بۆ دەکەن و لێکۆڵینەوەی بۆ دەکەن، هێزی بۆ بەکاردێنن و پەرتـەوازەیان دەکـەن، پرسـیاری دووەم: یەکێك لە ئەرکەکانی وەزارتی نـاوخۆ کەخۆشـی ئامـاژەی پێـدا، بەرقـەرار بـوونی هـێمنی وئاسایشـە، بەڵام دوو مەرج بوو، پێویستە جەنابی ڕەچاوی بکات، باسی بکات، یەکێك لەو مەرجانـە بـەپێی بنـەماکانی مافی مرۆڤە، دووەمیان بەپێی بنەماکانی دیموکراسیە، ئەم ئیجرائاتـە ئەمنیـە، ئـەم جووڵانـدنی هێـزە، ئـەم ئیجرائاتـە قەسـریە، بـەکام بنـەمای دیموکراسـی و بـەکام بنـەمای مـافی مـرۆڤ دەکرێـت؟، یـەعنی لەهـەموو دونیـادا پاراسـتنی ئاسـایش لەسـەر ئـەو دوو بنەمایـە ڕاوەسـتاوە، حـەتا تـەداخولی نێودەوڵـەتی لـە نەتەوەیـەکگرتووەکان بـۆ وڵاتـەکانی تـر، ئیدانـە کردنـی ئـەو وڵاتانـەو دیـارکردنی ناسـنامەی ئـەو وڵاتانـە لەڕووی دیموکراسـی و نادیموکراسـیەوە بریتیـە لـەو سیاسـەتە ناوخۆییانـەی کـە بـەر بەرامبـەر هاووڵاتیـان دەیگرێتە بەر، کە چەند پەیڕەوی لەمافەکانی مرۆڤ وە چەند پەیڕەوی لەبنەماکانی دیموکراسیان کـردووە، خاڵێکی تر جـەنابی $2/17$ لـە سلێمانی دیـارە کۆمـەڵێك ڕووداوی نـاخۆش ڕوویـدا، یـەکێك لەوانـە هێـرش کـردن بـوو بـۆ سـەر بارەگاکـانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و لقـی چـوار، ئایـا وەزارەتـی نـاوخۆ چ جـۆرە ئیجرائاتێکی کردووە، بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوە ڕوونەدات لەکاتێکدا بەرپرسانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، چ کـاك فـازڵ میرانـی و چ کـاك نێچیرڤان بـارزانی بێـت، ئاماژەیـان بـەوەدا کـە پێشـتر بەرپرسـانی نـاوخۆ و بەرپرسانیان لە سلێمانی ئاگادار کردۆتەوە کە مەترسی هێرش هەیە، وەزارەتی ناوخۆ کام ئیجرائاتی کرد؟، بۆچی نەیتوانی ئەو بارەگایانە بپارێزێت؟، خاڵێکی تر وەزارەتی ناوخۆ ($110797$)مونتەسبی هەیـە، واتـە دابەشکراوە بەسەر بەشەکاندا، ئایا لەشاری سلێمانیدا بـە ($110797$)کـەس کۆنـترۆڵ نـەکرا، هـەتا هێـزی پێشـمەرگەو دژە تـیرۆرو دەمامکـدارو هێزەکـانی تـر پێویسـت بەجووڵانـدن بکـەن و بیـانجووڵێنن؟، بۆچـی وەزارەتی ناوخۆ کە ئەرکێتی ئاسایشی ناوخۆ ڕابگرێت بۆ بوار دەدات هێزەکانی تـر تـەداخول بکـەن، بۆچـی بوار دەدات؟، حـەقی کێیـە ئەمانـە سنووردار بکـات؟، خـاڵێکی تـر لـە بڕیـاری ژمـارە ($1$) کـە لـە $2/23$ لـە پەرلـەمان دەرمـانکرد، یـەکێك لەخاڵـەکان بـۆ ئەنجومـەنی وەزیـران باسـی زەمینـە سـازکردنە بـۆ دایـەلۆگی نیشتمانی، ڕۆڵی وەزارەتی ناوخۆ لە زەمینە سازیدا چیە؟، ئایا مولاحەقە کردن ئامرازێکی زەمینـە سـازی و دایەلۆگ کردنە؟، خاڵێکی تر جەنابی لەوتەکەیدا ئاماژەی پێدا، مەترسیە دەرەکیەکان بەردەوام یەکێکە لەو حاڵەتانـەی کـە پاسـاون بـۆ ئیجرائاتـە نـا سروشـتیەکان، یـان نادیموکراسـیەکانی خۆمـان، ئێمـە لـە هـەموو دونیادا، ئەگەر مەترسی دەرەکی ڕوو بدات.....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاتت تەواو بوو، بەڕێز دکتۆر صباح بەرزنجی، فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری ناوخۆ دەکەم، بەپێی یاسای ژمارە (6)ی ساڵی 2009 یاسای وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، لەماددەی دووەم کۆمەڵێك ئەرك و فەرمان و ئامانج دیاری کراوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، هەر بەپێی ئەم یاسایە ئێمە دەتوانین کارکردی ئەم ماوانەی دوایی وەزارەتەکەمان بخەینە بەر پرسیارەوە، تەبعەن ئێمە پێمان خۆشە، وەکو سیستمی سیاسی لەهەرێمی کوردستان، هەم دەزگاکانی وەزارەتەکانمان بەهێز بن، هەم جەماوەرو خەڵکەکەشمان دڵخۆش و کامەران بن، ڕاگرتنی ئەو تەوازونە گرنگە بەڕاستی، بۆ دەزگایەکی وەکو پەرلەمانی کوردستان، من لەڕوانگەی ئەو یاسایەی وەزارەتی ناوخۆوە، دوو پرسیار لەبەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەم، یەکەمیان: لەکاتێکدا کە بەڕێزتان باس لە سەروەری یاساو پاراستنی گیانی هاووڵاتیان وسەروەت و سامانیان دەکەن، هەر بەپێی یاسای ناوبراو، کەچی ئێستا حاڵی حازر هێزێکی چەکدار کە تەریبە، لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ بەچەکی (بی، کەی، سی) و (قەناس)چواردەوری کەناڵی ئاسمانی پەیامیان لە شاری سلێمانی و بارەگاکانی کۆمەڵی ئیسلامیان داوە، ئایا ئەو هێزە سەر بەوەزارەتەکەی بەڕێزتانە یان نا؟، ئایا ئەوە پێشێلکردنی یاسا نیە؟، ئایا ئەوە دڵنیا کردنەوەی هاووڵاتیانە؟، کە ئەرکێکی سەرەکی وەزارەتەکەتانە؟، پرسیاری دووەم: هێزێکی چەکدار بەتەقەکردن حەرەمی زانکۆی سلێمانیان شکاند، ئەمڕۆ چوونەتە ناو زانکۆ، پێناس و شناسیان چیە؟، ئایا ئەمە دەچێتە ناو ئەو ئەرك و فەرمانانەی وەزارەتی ناوخۆی بەڕێزتان، لە حاڵێکدا کە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان هەوڵی ئەوە دەدەین کە موژدە بەخش بین بۆ گەلی کوردستان، بەلام لەم چەند ڕۆژەی دوایدا بەداخەوە وەزعەکە تەسعیدێکی زیاتری هەیە، فەزاریەك لە عونف و تۆقاندن دروست بووە لەکوردستان، هیوادارین بتوانین بەوەڵامدانەوەی جەنابتان و بەهەنگاوی جدی ئەو مەوزوعە چارەسەر بکرێت و هەنگاوی عەمەلی بندرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عبدالرحمن حسین، فەرمووو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری ناوخۆ دەکەم، بەڕاستی جەنابی وەزیر باسی یاسای کرد، کە ئەو من یاسا جێبەجێ دەکەم، ئێمە هەموو خۆشحاڵین کەوا یاسا جێبەجێ ببێت لەکوردستان، ئەگەر لەدوای 17ی شوبات، جەنابی وەزیر یاسای جێبەجێ بکردایە، دەبوایە دەمودەست بڕیارێکی دەربکردایە کەئەوانەی خەڵکیان کوشتووە بگیرێت، ئەوانەی توندوتیژییان کردووە بەرامبەر هەر جیهەتێك، هەر لایەنێك، بگیرێن، بدرێن بەدادگا، ئەم هەموو بارودۆخەی بەدوادا نەدەهات وئێستاش نەدەگەشتە ئەو ئاستەی ئێستا کە ئێمەی تێداین، لە هەمووومان پشێوی دیارەو ناخۆشی و ناڕەحەتی دیارە، کە ئەم هەرێمە بە چ ئاراستەیەك دەڕوات، ئەمە هەمووی دەکەوێتە ئەستۆی وەزیری ناوخۆ ووەزارەتەکەی، کە ئەم ئیشەی جێبەجێ نەکردووە، بەیاسا هەڵنەساوە بەئیشی خۆی، بە کردەوە ئیشی یاسایی نەکرد، من هەر بەقسە

بلێم یاسا سەروەرەو یاسا بەرقەرارە، ئەبێت بەکردەوە بێت، یەکسەر ئەم شتانەی جێبەجێ بکردایە ئێستا نەدەگەشتین بەم حاڵەی کە ئێستا دەیبینین، بەئاقارێکی تر دەڕوات، ئیتر من نازانم بۆچی، لەبەرچی وەزیر بەو کارە هەڵنەستا، ئەگەر هێزێکی تر لە پشت وەزیرە ناهێڵێت ئەو ئیشە جێبەجێ بکات، یان ئەو کارە بکات یان بەیاسا هەڵناسێت بە ئیشی خۆی وەك وەزیر، ئەمە شتێکی ترە دەمانەوێ بۆمان ڕوون بکاتەوە، ئەگەر دەسەڵاتیشی لە سلێمانی نیە هەر دەسەڵاتی لە هەولێر و دهۆك هەیە، دوو وەزارەتی هەیە، دوو هەرێمی هەیە، ئەوەش با بۆمان ڕوون بکاتەوەو ئێمەش بزانین، ئەی چۆن دەبین بە حکومەت و دەبین بە دەوڵەت؟، چۆن ئێمە بڵێین با ئەم ئەزموونە بپارێزین؟، ئەزموونەکە بەیاسا دەپارێزرێت، ئەزموونەکە بەشتی لاوەکی و بەشتی حزبایەتی ناپارێزرێت، ئێستا جەنابی وەزیر ئەبێت بە یاساو بە قانون حکومەت بەڕێوە ببات، فەرق و جیاوازی نەکات لەنێوان ئەم وئەو، ئەوەی کە هەڵە بکات بیدات بەدادگا، ئەوەشی کە باش بێت دەستخۆشی لێبکات، من نازانم وەکو گوێم لێبوو لە برادەرەکانم لەناو پەرلەمان، زۆر زۆرهێزو شت هەیە لەناو هەرێمی کوردستان، هێزی فریاکەوتن و زێرەڤانی ئەمانە هەموویان سەر بەکێن؟، ئەگەر سەر بەوەزارەتی جەنابتن ئایا دەبێ پۆلیس بن یان دەبێ ئاسایش بن، چ ناوێکی تری هەیە کە زێرەڤانی یان فریاکەوتن بن، ئەوانە بۆچی هەن؟، یان هەندێ هێزی تر هەیە دەمامکدار، ئەمە یەکەمجارە کە من دەیانبینم و دەی بیستم، بۆچی ئەمانە هەن؟، لە هەندێ فیلمدا دەیبینین ئەوانەی کە دەمامکدارن دەچن بانق دەبڕن، یان خەڵك دەکوژن، ئەگەر ئەمانەش لەوانەن بۆ لە هەرێمی ئێمە هەبن؟، کە هەرێمی ئێمە یاسایی بێت و خاوەنی یاسا بین، ئەمانە نابێت هەبن ئەبێت وەزیر دژی ئەمانە بوەستێ و نەیانهێڵێت، ئەگەر شتێکی نایاسایی کرا ئەبێت خۆی بچێت بیگرێت و تەسلیمی دەستی یاسای بکات، بیداتە دەست دادگا لەکەسیش نەترسێت، یان ئێستا لە کوردستان بەدەیان هەزار سەیارەی جام ڕەش هەیە، لەناو جادە دەسووڕێنەوە، ئەمانە سەیارەی کێن؟، خۆی لە گومرگی برایم خەلیل تەعلیماتی دەرکردووە هەر سەیارەك بێتە کوردستان، ئەگەر جامی ڕەش بێت دەبێ جامەکەی بشکێندرێت و لابرێت، من دەمەوێ لەجەنابی وەزیر بپرسم ئەم هەموو ڕێکخستنەی حکومەتی ئێمە و سەروەری یاسا جێبەجێ بکرێت، ئەمەشی بەدوادا نەدەهات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شێرزاد حافز، فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری ناوخۆ دەکەم، من لەوەوە دەست پێدەکەم، تکایە کە جوابمان دەداتەوە با جوابەکان یەك، یەك بەوازحی جوابمان بداتەوە، دووەمیان تکات لێدەکەم مەڵێ ئەوە عائیدی من نیە، ئەوەی تر عائیدی من نیە، چونکە ئەوەی کە ناوخۆیە ئێستا جەنابت مەسئولی هەموو هێزەکانی ناوخۆیت کە لەناو هەرێمدا هەیە، جەنابت لە $2/19$ باسی ئەوەت کرد کە هاتیە لیژنەی ناوخۆ، پرسیارمان لێکردی

لەسەر دەمامكدار وجام رەش و ئەو شتانە، سەیارەی بێ ڕەقەم، تۆ بێ ئاگایی خۆت پیشاندا، وتت مـن ئاگـام لەو شتانە نیە، وەعدیش دەدەم كە ئەو شتانە نەمێنێت، هەر ئەمڕۆ لە كەلار دەمامكـدار كۆمـەڵێك قوتـابی زانكۆیان گرتووە، بردوویانن كەس نازانێ بۆ كوێ؟، تكات لێدەكەم كە جوابی ئەوەمان بدەیتەوە، هەردوێنێ لەناو هەولێردا ئەندام پەرلەمانێكی گۆڕان، كاك عەبدوڵلایە لێدانی خوارد، مـن تەئكیـدم لـەوەی كـە بـەس كاك عبداللە نابێت، ڕەنگە ئەوانەی كەلێرەین هەموومان بەر ئەو شاڵاوی لێدانـە بكـەوین، زۆر سـەیرە سـێ ئەندام پەرلەمان چوونە زانكۆی سلێمانی وتاریاندا كە هەموویان بێچەك بـوون، مامۆسـتای زانكـۆش بـوون، لێیان كرا بە هەرا، بەڵام دوێنێ، ئەمڕۆ هێزێكی چەكدار كە ئاسایشـە یـان دەمامكـدارە ناناسـرێن چـوونەتە ناو زانكۆی سلێمانیەوە، ئەی بەئەوان بڵێین چی؟، جوابی ئەوەشمان گـەر زەحمـەت نیـە بدەنـەوە، مـن پـێم وایە لە 17 ی شوبات، گەر بمانویستایە دەمانتوانی ڕێگری باش بكەین، تا نەمانهێشتایە بگات بەم وەزعـەی ئێسـتا، ئـەویش بـەوەی كـە برادەرانـی پـارتی ئاگـاداری ئاسایشـی سـلێمانیان كـردووە، كـە لقەكـەمان لـە خەتەردایە، ئێمە یەك، دوو جار لەگەڵ حاكم قادر ولیژنەی نـاوخۆ باسـی ئـەوەمان كـردووە، تەئكیدیشـمان لێكردۆتەوە، ئەوان وتیان ئێمە ئەوەمان پێگەشتووە، بەڵام لەوە دڵنیا نەبووین كە ئەو خەتەرە هەیـە، ئـەی ئەوە نیە ئەو خەتەرە هەبوو؟، جا چی دەكرا ئەگـەر 4 سـەیارەی ئاسـایش بنێردرایەتـە ئـەوێ، نـە منـداڵی خەڵكیش دەكوژراو نە لەناو لقیشدا خەڵك بریندار دەبوو، نـە ئـەو وەزعـەش دروسـت دەبـوو، نـە لەهـەموو شارەكانی تر دەبوو بەو هەراو بەزمەی كە ڕوویدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز ئاشتی عزیز، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن دەمـەوێ لەسـەر دوو حاڵـەت بـە دەقیقـی قسـە بكـەم، یەكـەم: لـە 2/20 لـە سـلێمانی لەكاتێكـدا كـە بەداخەوە شەهید سوركێو شەهید كرا، هـەر لەسـەر شـەقامە گشـتیەكە، لەبـەردەم چـاوی ئـەو هێـزەی كـە جەنابت سەرپەرشتی دەكەیت، لەوێ بەئامادە بـوونی عەمیـدێك، كەناوەكەشـیم لەلایـە، ئـەم سكاڵایەش لـە دادگادا بوونی هەیە، بێدەنگی خۆی و بێ هەڵوێستی خۆی و دەور نـەبینینی لەیەكلاكردنـەوەی دۆخەكـەدا، كۆمەڵێك كەس بەجلی مەدەنیەوە تەقە دەكەن، ئەو گەنجە شەهید دەكرێت، ئەمە حاڵەتێكە كە بڕوام وایە بێـدەنگ بـوون لەحـەق، بەشـداری كردنـە لەناحـەقی خـۆی، ئەگـەر هێزەكـەی تـۆ ڕاسـتەوخۆ فیشـەكی نەتەقاندبێ، بەڵام بێدەنگی لە ئاستێكی زۆر زۆر بەرزدایە، دووەم: لەحاڵەتی كەیسێكی تـردا كـە لەهـەولێر بـۆ پێشـێلكردنی دەسـتووری عێراقـی مـاددەی 36 كـە بـاس لـە ئـازادی ڕۆژنامەگـەری و بڵاوكردنـەوەو چاپەمەنی دەكات، لەبـەردەم خۆپیشـاندەراندا پۆلیسـەكان كـامێرای ڕۆژنامەنووسـێك دەگـرن و كامێراكـەی دەشكێنن و كاسێتەكەشـی لەبەرچاوی خۆیـدا دەشـكێنن، ڕاپۆرتەكـەی لەبـەردەم لیژنـەی ناوخۆشـدا هەیـە، ئەمە تێكشاندنی دەستوور وپێشـێلكردنی ئـەو فەرمانانـە نیـە كـە جـەنابت دەڵێیـت بـۆ پاراسـتنی سـەروەت

وسامان و ماڵ و گیانی خەڵکیە؟، یەکێکی تر لە تێکشکاندنی ماددەکانی دەستوور لەماددەی 9 بڕگەی (ب)کە دەڵێت پێویستە هیچ میلیشیایەك نەبێت، لەدەرەوەی هێزی چەکدار، ئەم میلیشیایەی کەدوێنێ ڕێگایان بەئێمە گرت، لەنزیك زانکۆی سایبیس، یەکێك بەجلی مەدەنیەوە بەمن دەڵێت دابەزە باهەزار شەقت لێ نەدەم، پێی دەڵێم ئیحترامم بگرە من بێ ئەدەبیم بەرامبەر بە تۆ نەکردووە؟، نەدارلاستیکم پێیە، نە بەردم پێیە، نە چەقۆ وەشێنیشم، ئەڵێم نوێنەری 18 هەزار کەسم، ئەڵێ بریا نوێنەری 18 هەزار حەیوان بوویتایە، نەژدەکە پارێزگاری لەمن دەکات، پێی دەڵێم بۆ ئەو ناگریت؟ بۆ ئەو چەك ناکەی؟ بۆ حیمایەکەی ئێمە چەك دەکەیت؟، دەڵێ داوای لێبوردن دەکەم، بەشەرەفم، ئەگەر سەرنەکەویتە ناو سەیارەی نەژدەکەوە ئەکوژرێیت، ئایا ئەمە بێدەنگ بوون نیە؟، لاوازی وەزارەتەکەی جەنابت نیە؟، لە ئەدائی جێبەجێکردنی کارەکانی خۆیدا، جەنابت لە ڕوونکردنەوەکەتدا شتێکت وت، وتت یاسایەکی گشتی هەیە، کە من کاری پێدەکەم، بریتیە لەوەی کە ئەگەر پۆلیس وچالاکی مەدەنی نەیانتوانی کۆنترۆڵی وەزعەکە بکەن من پەنا بۆ پێشمەرگە دەبەم، ئەی جەنابت ئاگات لێ نیە، کە یاسایەکی خاص دەرچووە، کە یاسای خۆپیشاندانە، کە (الخاص یقید العام)کەلێرەدا تەقیدی دەکات بەوەی کە تەنها پۆلیسی چالاکیەمەدەنیەکان بەشداری تێدا بکەن، وەکۆمەڵێك پێشێلکاری تریش کە بەگرتەی ڤیدیۆیی دیارە، کە بێدەنگی، ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لەلایەن هێزەکەی تۆوە نابیندرێت، ئەگەر ئەم میلیشیایانە سەر بەوەزارەتی ناوخۆ وپێشمەرگە نین؟، من پێشنیاز دەکەم کەوا بۆشاییەك هەیە، پێویستە ئیقتراح بکەین وەزارەتێکی تازە دابندرێت، یان وەزارەتی ناوخۆ بچێتە سەر ئاسایش، لەگەڵ دژە تیرۆر، ئەگەر بۆمان کۆنترۆڵ ناکرێت، با ئێمە تەسلیمی ئەوان بین، ئەگەر نا با ئەوان تەسلیمی وەزارەتی ناوخۆ بن و یاسا سەروەر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز لانەخان، فەرموو.

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیری ناوخۆ دەکەم، پرسیارەکەم ئەوەیە، من کاتێ کە لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەمبینی کە پۆلیس، بە کەساسی دەستی گرتووە بەسەرییەوە، بۆ ئەوەی سەری نەشکێت، کە پۆلیس کاریان پاراستنی گیانی خۆپیشاندەرانە، پرسیارەکە ئەوەیە؟، ئایا ئەوە ڕەوایە؟، کە ئەم هێزانە بەدەیان وسەدان شەهیدیان پێشکەش کردووە، لەپێناو پاراستنی خەڵك و خاکی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گۆران ئازاد، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەسەرەتای ڕووداوەکانی 17ی شوبات تاکو ئێستا کۆمەڵێك پێشێلکاری لەهەرێمی کوردستان ڕوویداوە، سەروەری یاسا پێشێلکراوە، هەر لە جێبەجێ نەکردنی یاسای خۆپیشاندان، هەر لەتەقەکردن لەخەڵك، هەر لە بریندار کردن و کوشتنی هاووڵاتیان، پۆلیس و هێزەکانی ناوخۆ، هەم لە پەلاماردانی دامودەزگاو بارەگای حزب و لایەنەکان، من لەم ڕوانگەیەوە دوو پرسیارم لە جەنابی وەزیری ناوخۆ هەیە، یەکەمیان: بەگوێرەی فەرمانێکی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، کە لە 4/6 دەرچووە، بە ژمارە 114 ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە، کەوا بەڕێز سەرۆکی هەرێم بڕیاریداوە، کەدەست بەجێ ئەنجومەنی وەزیران پەلە بکات لە دەستگیرکردنی هەموو ئەو کەسانەی کە تەقەیان کردووە، لە هاووڵاتیان و کوشتن و برینداری کردنیان، هێرشی بردووە بۆ سەر بارەگای پارتەکان و دامودەزگا گشتیەکان، هانی خەڵکی داوەو پێشێلی یاسای کردووە، خۆپیشاندانی ڕێکخستووە بەپێچەوانەی یاساوە، کەمتەرخەم بووە لە جێبەجێ کردنی ئەرکی فەرمی خۆی، بەگوێرەی یاسا ئەم نووسراوە کە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کراوەو هی وەزارەتەکەی بەڕێزتان کەوەزارەتی ناوخۆیە، مەعنیە بەدەستگیرکردنی هەموو ئەو کەسانەی کە لەم فەرمانەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم ئاماژەی پێکراوە، چ لەوانەی کەتاوانی مەشهودەیان ئەنجامداوە، چ لەوانەی کە فەرمانی دەستگیرکردنیان هەیە، پرسیاری دووەم: دیارە ئەرکی وەزارەتەکەی بەڕێزتانە کەسەقامگیری و ئاسایش بگەڕێننەوە بۆ سەرجەم شارەکانی هەرێمی کوردستان، و پاراستنی ئازادی ڕادەربڕین و بەرتەسك نەکردنەوەی ئازادییەکانیش لە ئەستۆی ئێوەدایە، بەو پێیەی کە دۆخی پاراستنی ئاسایشی کوردستان یەکێکە لە خاڵە گەشەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمە ڕۆڵی گەورەی هەیە لەگەشەسەندنی ئابووری و گرانەوەی زیاتری دەولی و پێشکەوتن لەبواری تەندروستی، خوێندنی باڵا، بازرگانی لەگەڵ ئاستی دەرەوەدا، لەم ڕوانگەوە دەپرسم ئایا پلانی وەزارەتی ناوخۆ چیە؟، بۆ هاوسەنگی ڕاگرتن لەلایەك وگەڕاندنەوەی ئاسایش وهێمنی بۆ سەرجەم شارەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەکی ترەوە، بۆ پاراستنی ئازادی ڕادەربڕین و بەرتەسك نەکردنەوەی فەزای ئازادی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کەیلی ئەکرەم، فەرموو.

**بەڕێز کیلی اکرم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕوون وئاشکرایەو بەڵگە نەویستە کە وەزارەتی ناوخۆ، بەهەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی تری ئاسایش لەماوەی چەندساڵی ڕابردوو، توانیان دەورێکی کاریگەرو لێهاتوو و پۆزەتیڤانە ببینن، لەپاراستنی هێمنی و سەقامگیری ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەکارە تیرۆریستی، جەنگە سەربازییەکان، کەلەو چەند ساڵەی ڕابردوو دژ بەگەل وخاکی پیرۆزی کوردستان ئەنجام دراوە، هەتاکو ئێستاش بەبەردەوامی هەیە، بەڵکو

دەتوانین بڵێین زیاتر بووە، لەماوەی چەند ساڵی ڕابـردوو عێـراق و هـەرێمی کوردسـتان، ڕووبـەڕووی کـاری تیرۆرستی زۆر ترسناك بووەتەوە، کە ڕۆژانە سەدان کەس لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق لەخـەڵکی بێگونـاه دەبوونە قوربانی دەستی تیرۆر، کەتاکو ئێستاش بەردەوامی هەیە، بـەڵام خۆشـبەختانەو سـوپاس گـوزاریش بـۆ خـوای گـەورە، وە دەستخۆشـیش بـۆ وەزارەتـی نـاوخۆو هێزەکـانی تـری ئاسـایش، کـەتوانیان هـەرێمی کوردستان بپارێزن لە هەوڵە تیرۆریستیەکان، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان ببووژێتەوە، چونکە ئەگەر هێمنی و ئارامی نەبوایە ئەوە بێگومان نەدەتواندرا خزمەتگوزاری پێشکەش بکرێـت و بـەدی بکرێت، بەڵگەشمان بۆ کارامەیی و پرۆفیشناڵی وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێز وەزیری ناوخۆیـە، کـە بـۆ زیـاتر لـە سێجار ئەم وەزارەتە بووە بە ئامانجی تیرۆریستان، ئەمـەش لـەڕێگای تەقینـەوەی خۆکـوژی لەلایـەن گروپـە تیرۆرستیەکانەوە، کە بەدڵنیاییەوە بۆمان دەسـەلمێنێ کـە هێـزی ئـەمنی هـەرێمی کوردسـتان بوەتـە چـەقڵی چاوی دوژمنانمان، لێرەش بەپێویستی دەزانم پرسیارێك ئاراسـتەی جـەنابی وەزیـر بکـەم، کـە خۆپیشـاندان مافێکی ئاسایی و سروشتی هەر تاکێك و کۆمەڵگەیەکە، کە یاسای تایبەتیشی بۆ دەرچووە، بۆ ئـەوەی زیـاتر مافی خۆپیشاندەران بپارێزرێت، بەڵام وەزارەتی ناوخۆ بەرنامەو پیلانیان چیە؟ن بۆ ئـەوەی کـەس و لایـەن وگروپەکان کە خۆیان تێکـەڵ بـە خۆپیشـاندانەکان دەکـەن بـۆ ئـەوەی هـێمنی وئـارامی هـەرێمی کوردسـتان بشێوێنن، هـەروەها پـۆلیس دەکـەن بـە ئامـانج، لەهەمانکاتیشـدا جـەنگی دەروونـی دژی خـەڵکی کوردسـتان ئەنجام دەدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز قادر حسن، فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیری ناوخۆ دەکەم، وە بەپێویسـتی دەزانم کـە سـوپاس و پێـزانینی خـۆم ئاراسـتەی وەزارەتی ناوخۆو دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بکەم، لە پاراستنی ئەمن و ئاسایش لە ماوەی ساڵانی ڕابـردوو لەهـەرێمی کوردسـتان، کـە بێگومـان ئەمـەش بـە شـەو نخـونی وفیـداکاری کارمەنـدان و ئـەو هێزانـە بـووە، وەزۆرجاریش گیانی خۆیان بەخت کردووە لەپێناو سەقامگیری هەرێمی کوردستان بەتەسەوری مـن هـەموو پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان لەسایەی ئەو سەقامگیرییە ئاساییەیە کە لەم هەرێمەدا هەیە، بۆیە مـن دووبارە سوپاسیان دەکەم و بەهیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی بەردەوامیانم، پرسیارێکیشم هەیە ئاراسـتەی جەنابی دەکەم، مـن هەسـت دەکـەم هێزەکـانی نـاوخۆ لـە ڕووداوەکـانی 17ی شـوباتی سلێمانی و دواتـریش هەندێ کەمتەرخەمی هەبووە، بەڕێزیان لەمبارەیەوە چی دەڵێن؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز فازڵ بەشارەتی، فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری ناوخۆ دەکەم، پێم خۆشە کە ئیشارەت بدەم بەو دەستکەوتە مەزنەی کە هێزەکانی ناوخۆ و هێزە ئەمنیەکان بەگشتی و بەهاوکاری هێزە سەربازییەکان بۆ هەرێمی کوردستانیان فەراهەم کردووە، چونکە بەپێی ئەو واقیعیەتەی کە دەیبینین تا ئێستاش لەهەرێمی کوردستان فەرقی شەو وڕۆژ نیە بۆ هاتووچۆکردن، ئەوەش ئەو ئەمنیەتە دەسەلمێنێ کە لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، پێم خۆشە چەند پرسیارێکیش ئاراستەی جەنابی وەزیری ناوخۆ بکەم، کەدیارە لەو ماوەیەدا بەداخەوە ئەوەندە باس لەو ئەمنیەتە دەکەین، دیارە گرژیەك لەهەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە سنووری پارێزگای سلێمانی دروست بووە، بەداخەوە چەند کارەساتێکیشی لێ کەوتووەتەوە، من لێرە هیچ جۆرە تەعنێکم لەو جۆرە خۆپیشاندەرانە نیە کە بەڕاستی داوای چاکسازی لەهەرێمی کوردستان دەکەن، بەلاَم پێم خۆشە کە ئیشارەت بەوە بدەم کە لە $17$ی شوبات مۆڵەت وەرگیرا بۆ خۆپیشاندان لەهەرێمی کوردستان و کاتەکەی خۆی لەبەردەرکی سەرای سلێمانی تەواو کرد، بەلاَم هۆکاری دروست بوونی ئەو گرژییە کێ بوو؟، گۆڕینی ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکەش بۆ کوێ برا؟، چونکە زۆر باس لەوە دەکرێت کە لە لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان تەقە لەخۆپیشاندەران کراوە، من حەزدەکەم ئەو پرسیارە بکەم ئایا چەکدارەکان یان هێزە ئەمنیەکانی لقی چوار چوون بۆ بەردەرکی سەرا، یان ئەوانەی بەردەرکی سەرا هاتنە سەر لقی چوار؟، پێم خۆشە پرسیارێکی تری ئاراستە بکەم، چونکە زۆر باسی دەمامکدار دەکرێت، بەتەئکید منیش ئەو پرسیارەم هەیە، ئایا خەڵکێك کە داوا چاکسازی دەکات و خۆپیشاندان دەکات، بۆ دەمامکی لەسەردایە؟، چونکە خۆپیشاندەرانیش دەمامکیان لەسەرە، یا هێزە ئەمنیەکان تا ئێستا کاریان کردووە، خۆ کەشف کردنی ئەو دەمامکدارانە، پرسیارێکی تر، هەتاکو ئێستا لەهەندێ لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن ولەڕۆژنامەو بلاَوکراوەکاندا، بەداخەوە دەڵێم لەدوای ئەو هەموو سەروەری و دەستکەوتە مەزنەی کە لەبواری ئەمن وئاسایش بەدەست هاتووە، زۆر قسە دەکرێت و زۆر دەوترێت، لەسەر ناشیرین کردنی کردەوەو ڕوخساری هێزە ئەمنیەکانی ئێمە بەهێزە سەربازییەکانەوە وەکو ئەوەی کە بینیمان لەشاری سلێمانی، ئاخر پرسیارم من تەئیدی ئەو قسەی برای بەڕێزم کاك حمە سەعید دەکەم، بەتەئکید پێشێلکاری مافی ئافرەت لەهەرێمی کوردستان کراوە......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، قسەی خۆت کرد، کاتیشت تەواو، کاك عومەر هەورامی، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری ناوخۆ دەکەم، من باس لەپێش $2/17$ و پاش $2/17$ دەکەم، بەو هەڵسەنگاندنەی کەمن هەمە، خۆشبەختانە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگای وەزارەتی ناوخۆو هێزە

ئەمنیەکانیەوە، توانیویەتی لەماوەی سالآنی ڕابردوو، ئارامی وئاسایش بۆ هاوولآتیانی کوردستان ودامو دەزگاو دامەزراوەکان چ ئەوانەی کەئەکادیمین چ ئەوانەی کە حزبین چ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بڕەخسێنێت، بۆ ئەوەی بەئازادانە چالاکیەکانی خۆیان لەڕێگای یاساوە بەمەدەنیانە، بە ئاشتیانە ئەنجام بدەن، هەر ئەمەش وای کردووە ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەزانکۆ، پەیمانگا، لەڕێکخراوەی کۆمەلگای مەدەنی،لە ئەحزابی سیاسی، لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، هەر ئەمەش وای کردووە چالاکیەکی زۆری ئابووری لەهەرێمی کوردستاندا بەتەوای شارەکانیەوە فەراهەم بکرێت و بەچاو ببیندرێت، لەپێش $2/17$ من ئەو پرسیارە لەجەنابی وەزیری ناوخۆ دەکەم، لەدوای $2/17$ش ئایا ڕاگەیاندنی حزب و لایەنە سیاسیەکان بەتایبەتی ئەحزابی ئۆپۆزسیۆن، چەند هاوکار بوون، یان چەند ڕۆلی سلبیان بینیووە لەوەی کە ئارامی وترس و تۆقاندن لەناو دەروون و ناخی هاوولآتیاندا دروست بکەن؟، ترس وتۆقاندن بۆ کۆمپانیا ئەهلیەکان، بۆ ئەو شەریکاتانەی کە هەرێمی و لۆکالێن، بۆ ئەوانەی کە بیانین لەهەرێمی کوردستاندا دروست بکەن، ئەگەر ئەمە بەدی دەکەن ئایا لەلایەن بەڕێزتانەوە بەپێی حوکمەکانی ماددەی چوارەم لە بڕگەی سێیەم، کە هاتووە لەناو یاسای ئەحزابی سیاسی ئەڵێت(بەدیهێنانی ئامانجەکانی حزبی سیاسی بەڕێ و شوێنی دیموکراتیانەو ئاشتیانە دەبێت، دەبێت باوەڕی بە دەستاودەست کردنی دەسەلآت هەبێت، لەو ڕێگایەوە بتوانێت ئامانجەکانی بەدەست بهێنێت) هەروەها لەماددەی $13$ هاتووە، کە لە بڕگەی یەك و دووی باس لەوە دەکات( دەبێ حزبی سیاسی لەڕێگای ڕاگەیاندنەکانی خۆیەوە، بەڕێ و شوێنی یاساییانەو بە لەبەرچاو گرتنی ئەو یاسایانەی کە بەرکارن لەهەرێمی کوردستاندا بەرنامەکانی و ڕاپۆرتەکانی پەخش بکات، بەشێوەیەك کە ترس و تۆقاندن لەناو دەروونی هاوولآتیاندا دروست نەکات) من لەبەڕێزتان دەپرسم ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە هەندێ لەحزبە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان ئاگادار بکەنەوە، یان ڕێ و شوێنی یاسایی بگرنە بەر بۆ ئەوەی مۆڵەتی کارکردنیان لێ وەربگرنەوە؟، لەبەر ئەوەی ترس و تۆقاندنیان لەناو دەروونی هاوولآتیاندا دوروست کردووە، وا هەست دەکەم چالاکیەکانیان بەپێی ئەوەی لەماددەکانی ئەو یاسایەدا هاتووە، .......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاتت تەواو بوو، بەڕێز سۆزان شهاب، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەوەوە دەست پێدەکەم، مۆڵەتی $2/17$ بۆ پشتیوانی گەلی مصر و تونس وەرگیرا؟، ئاراستەکەی بەلا ڕێدا برا، ئەو کارەساتە گەورەیەی لێکەوتەوە، کە لەشاری سلێمانیدا ڕوویدا بەداخەوە، بەڵام لەڕۆژانی دوای ئەویش گرد بوونەوەی بێ مۆڵەت هەر بەردەوام بوو، پێم وایە داواکاری خۆپیشاندەران بەهەند وەرگیرا، وە پەرلەمانی کوردستان بڕیارە $17$ خاڵیەکەی دەرکرد، کە بە بڕیاری ژمارە $(1)$ناسراوە، دوای ئەوەش بڕیاری ژمارە $(2)$ی دەرکرد، بەڵام دوای ئەوە نزیکەی $2$ مانگ دەبێت، دەرکەوت کەوا ململانێیەکی سیاسی هەیە،

ئـەو خۆپیشـاندانە بـە كۆمـەڵێك هێـز ولایـەن ئاراسـتەی دەكـەن، هاووڵاتیـان هانـدەدەن كـە توونـدوتیـژی لێكەوتووەتـەوە، بـەڵێ توونـدوتیـژی لێكەوتووەتـەوە لەهـەردوو لایەنـەوە، دوێـنێ قومبەلـەی (مۆلۆتـۆڤ) بەكارهاتووە بەرامبەر بە هێزەكانی پۆلیس، بـەرد بـەكار هـاتووە، بەهـەڵمات بەدارلاسـتیك، پـۆلیس چـاوی كـوێر بـووە، بـەڕێزان لای هـەمووان ڕوون و ئاشـكرایە جێبـەجێكردنی ئەجنـدای سیاسـی لەڕێگـەی خۆپیشاندانەوە، ئێمە لێرەدا ماددەی 15 مان هەیە، لـە یاسـای حزبـە سیاسـیەكان، كـە دەڵێـت(حـزب دەبـێ پابەند بێت بەم ئەركانەوە):-

1 - نەهێشتنی تیرۆر بەهەموو شێوەكانیەوە.

2 - ڕێزگرتن لەیاساكان وپاراستنی سەربەخۆیی دادوەری.

3 - دامودەزگای سەربازی و شێوە سەربازی نەبێت، قەدەغەیە چەكی بەپێچەوانەی یاساوە هەبێت.

4 - نەنواندنی چالاكیەك كەپێچەوانەی بەرنامە ڕاگەیەندراوەكەی بێت.

5 - ڕێزگرتن لە سیستمی گشتی وداب ونەریتی گشتی.

ئەگەر هەر هـەمووومان پێـوەی پابەنـد بـین بێگومـان ئـەو حاڵەتـە ڕوونـادات، پرسـیارەكانی مـن لێـرەدا ئەوەیە، یەكەم: پێشێلكردنی یاسای خۆپیشاندان، ئەگەر ناڕەزایەتیشی لەسەر هەبێت لەلایـەن هەنـدێ لایەنەوە، لێی ناڕازی بـن، بـەڵام یاسـایەكە دەرچـووە لەهـەرێمی كوردسـتاندا، دەبـێ هـەموومان پێـوەی پابەند بین، پێشێلكاری بەردەوامە لەو یاسایەدا، خۆپیشـاندانی بـێ مۆڵـەت دەكرێت، دووەم: هـەر لـەو یاسایەدا هـاتووە كـە حكومـەت دەبـێ قـەرەبووی هـەموو زەرەرو زیانێـك بكاتـەوە، بـۆ هاووڵاتیـان و بـۆ هێزەكانی پۆلیس وچالاكیە مەدەنیەكان، بەڕێز وەزیری ناوخۆ هێزی چالاكی مەدەنی دەزانی ژمارەیان كەمەو بێ چەكن، بێ هیچ شتێكن بەردیان تێ دەگیرێت و چاویان كوێر دەكرێت، ........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاتت تەواو، ئەڤین عومەر، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەرەتادا ئەگەر ئێمە لەسەر هیچ شتێك كۆك نەبین، یاخود لەهەموو شـتێكی بـاش ئێمـە، ئەگـەر نكـۆڵی بكـەین و باسـی لێـوە نەكـەین، بـەڵام لـە ئاسـایش و ئـارامی كوردسـتاندا هـەموومان لـەوەدا كـۆكین كـەوا كوردستان ئارامەو ئـەو ئـارامی و ئاسایشـەی لەكوردسـتاندا هەیـە، هەڵبەتـە ئەمـە بەرهـەمی وەزارەتەكـەی بەڕێزتانە، بۆیە ئێمە دەبینین هەموو لایەك بەكوردستان دەڵێن بەشەكەی تری عێراق، لەبەر ئـەوەی ئـەو ئارامیـەی كـە هەیـە، لـەم ناوچـەیەدایە، یـان لـەم هەرێمەدایـە، بـەڵام بەداخـەوە لـە 17ی شـوبات بینیمـان هەرچەندە لەسەرەتادا مۆڵەت وەرگیرابوو بۆ خۆپیشاندان، بەڵام ئەو خۆپیشـاندانە ئـەو مۆڵـەت وەرگرتنـە چـەند سـەعاتێكی نـەبرد كـە گواسـترایەوە، وە ڕێڕەوەكـە گـۆڕا بـۆ بـەرد بـاران كردنـی بارەگاكـانی پـارتی دیموكراتی كوردستان، كـە ئەمـەش وای كـرد و خـۆی لەخۆیـدا بـوو بەشـێك و خـەرقی یاسـاكە كـرا، ئێمـە

ماوەیەك پێش ئێستا لەم پەرلەمانە دەنگدانمان بۆ دا و یاسایەكمان دەركرد كە ڕێ و شوێنمان بۆ هاووڵاتیانی ئەم هەرێمە دانا كە چۆن خۆپیشاندان بكەن وئەو مافە سروشتیە، دەستووریە، یاساییەی خۆیان بەرپا بكەن، بەڵام بینیمان هەر لەدوای چەند سەعاتێكدا لەم یاسایە دەست كرا بە پێشێل كردنی ئێستا ئەو یاسایە وای لێهاتووە لەناو خۆشماندا لەپەرلەمانتارانی خۆشمان هەندێكمان ئەو یاسایەمان پێشێلكردووە، كە بەشداریمان كردووە لەهەندێ كاردا كە بەڕاستی پێچەوانەی ئەو یاسایە بوو، كە لێرەدا دەرمان كردو دەنگمان بۆدا، بۆیە ئەبینین هەر لە پێشێلكردنی یاساو هەر لەوەی كە ئەو یاسایە خەرق كرا، هەندێ دەرئەنجامی لێكەوتەوە كە ئێستا هەموومان باسی دەكەین، هەر ئەو دەرئەنجامانە بوو كە بەتووندوتیژی باسی لێوە دەكرێت، تەقەكردن باسی لێوە دەكرێت، خەڵك گرتن یان هەر شتێك كە ئێستا بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان باسی لێوە دەكەن.....

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاتت تەواو، بەڕێز شڤان احمد، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەكەم، من دوو پرسیارم لەجەنابی وەزیر هەیە، یەكەمیان: ئەو ڕووداوانەی كە زۆر ئەسەف بارە بەحەقیقەت بۆهەمووومان، كە لەسنووری سلێمانی ودەوروبەری ڕوویدا، ئەگەر بەحاڵەتێكی عەرەزی دابنێین، كە یەكەمجار هێرش كرایە سەر لقی چواری پارتی دیموكراتی كوردستان لە سلێمانی، ئایا ئەو تكرارەی كە چەند جارە بوویەوە لە شوێنەكانی تر بەهەمان مەبەست، ئەگەر بڵێین لە سلێمانی ڕێڕەوەكەی گۆڕا بەحاڵەتێكی عەرەزی دابنێین، بەڵام ئەو دووبارە لەشوێنەكانی تر بوویەوە بەهەمان مەبەست چوونە سەر لقەكانی پارتی یان لیژنەو ناوچەكانی پارتی جەنابت چۆن لێكی دەدەیتەوە؟، دووەمیان: ماوەی دوو مانگە بە ئیجازەو بێ ئیجازە زۆربەی ئەو جادەو شەقام و شوێنە گشتیانە داگیركراون لەلایەن ئەو خەڵكەوە، ڕووبەڕووی پۆلیس دەبنەوە بەهەموو شێوەیەك حەتا بەچەك، ئەو پۆلیسانەی كە بریندار بوون زۆربەیان بە چەك بریندار بوون و شەهید بوون، نموونەی ئەمڕۆكە نزیكەی 65 پۆلیس بەپێی مەعلوماتمان بریندار بوون، ئەوانە هەندێكیان بەچەك بریندار بوون، ئایا ئەركی پۆلیس، ئەركی حكومەت لە بەرامبەر بەهاووڵاتیان پاراستی ئەمنی گشتی، صحەی گشتی، سەكینەی گشتی نیە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆ هەموولایەكتان ئێستا ئەندامان ڕاو بۆچوونی خۆیاندا، بۆیە بوار دەدەین بە بەڕێز وەزیری ناوخۆ بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەكان، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز كریم سنجاری (وەزیری ناوخۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڕاستی پرسیارەكان زۆر زۆرن، بەس من هەوڵدەدەم تا پێم دەكرێت وەڵامیان بدەمەوە، تەحەمولم بكەن چۆن من تەحەمولی ئێوەم كرد، یەكەم: تەبیعی من تەماشای پەرلەمانتاران دەكەم كە نوێنەری هەموو خەڵكی كوردستانن نەك تەنها نوێنەری خۆپیشاندەرانن، بەڵام نوێنەری پۆلیسن، هی خەڵكی خۆپیشاندەرن، نوێنەری هەموو خەڵكی كوردستانن، زۆر پێم باش بوو، زۆر لەو برادەرانەی كە باسی پۆلیس وهێزە ئەمنیەكانیان كرد، باسی ئەوەشیان بكردایە كە ئەوانیش تەعەدایان لێكراوە، زۆڵمێكی زۆریان بەرامبەر بەكار هێنراوە، پۆلیسمان هەیە شەهید كراوە بە گوللە، كەس باسی نەكرد، (285)پۆلیس بریندار بوون، هەموو بەدارلاستیك، بەبەرد، بە هەڵمات و بەشتی تر، تەبیعی پێم باشە ئێوە دیفاع لەحەقی ئەوانیش بكەن كە چۆن دیفاع لەحەقی خۆپیشاندەران دەكەن، وەكو یەك، چونكە ئێوە نوێنەری هەموو خەڵكی كوردستانن، من بێم چوار، پێنج پرسیاری مورەكەز هەیە زۆر بەی برادەران باسی ئەوانەیان كرد، یەكەمیان: خۆپیشاندان لەهەولێر بۆ ئیجازە نەدراوە، زۆربەی برادەران باسی ئەو پرسیارەیان كرد، كە زۆر داوا كراوە، محاوەلە كراوە، بەس ئیجازەكە حەسر كراوە بە وەزیری ناوخۆ ووەزارەتی ناوخۆ، شتی وا نیە؟، سێ داوامان بۆ هاتووە بۆ خۆپیشاندان لەهەولێر، یەك: لەلایەن چل كەسەوە داوایان كردبوو، كە خۆپیشاندان بكەن لە هەولێر هاتنە وەزارەتی ناوخۆ، من پێم وتن ئێوە داوا دەكەن كە خۆپیشاندان بۆ هەموو هەرێمی كوردستان بكەن یان بۆ هەولێر بەتەنها، وتم بەپێی یاسا دەچن لە پارێزگاری هەولێر داوا دەكەن كە ئیجازەتان بداتێ، چونكە ئیجازە عائیدی پارێزگاری هەولێرە، تەعقیبی ئەوانەمان كرد كە ئیمزایان كرد، تەبیعی داواكارییەكە یەك كەس ئیمزای كردووە كە بەپێی یاسا دەبێ بەلانی كەم دەبێ سێ كەس ئیمزای بكات، پێمان وتن كە داواكارییەكە پێشكەش دەكەن دەبێ بەلانی كەم سێ كەس ئیمزای بكات، پرسیارمان كرد لەهەندێ كەس لەوانەی كە ناویان لە لیستەكە هەبوو ئیمزایان كردبوو، وتیان ئێمە ئاگامان لێ نیە، ئێمە بەشدار نین لەوە، ئەو ئیمزایەی ئێمەش تەزویر كراوە، بەڵگەكانیش هەمووی لای منە، ئیمزای خەڵك هەمووی لای منە، ئەوەشی كەنووسیویەتی كەمن ناومی تێدا نیە و تەزویر كراوە ناوم و ئیمزاكەشم، داواكاری دووەم لەلایەن 100 كەسەوە ئیمزا كرابوو، بۆ پارێزگاری هەولێر، پارێزگاریش داواكارییەكەیانی ڕەد كردۆتەوە، بەپێی یاسا، بانگی كردوون وتوویەتی وەرن ئیمزای بكەن و سێ كەس با ئیمزای بكات بەلانی كەم لەسەر داواكارییەكە تەنها یەك كەس هاتووە، بەپێی یاسا نابێ، تەبیعی هەندێ موبەڕیڕاتی تریش هەبووە لەلای پارێزگار، چونكە ڕەدەكە بە تەحریرییە، بۆیە بەپێی یاسای خۆپیشاندان ڕەدی كردۆتەوە، كەئەوان چوون پاش ڕەد كردنەوەكەی بۆلای دادگا، لەدادگای ئیستیئنافی هەولێر ئیعتزازیان گرتووە لە بڕیارەكەی پارێزگار، دادگاش بەهەمان هۆكار ڕەدی كردۆتەوە، هۆكاری سەرەكی یەك كەس ئیمزای كردووە، كە دەبێ بەلانی كەم سێ تا پێنج كەس

ئیمزای بکات، ئینجا ئەو شتانەی کە لەداواکەشیان نووسیویانە، ئەسبابی موجەبە بۆ خۆپیشاندانەکە ئەوەشیان شی کردۆتەوە، ئەو ئەسبابە نیە، داواکاری سێیەم: کۆمەڵێك ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی داوایان کردبوو خۆپیشاندان بکەن لە پارێزگای هەولێر، بۆ ئەوەی پشتگیری لەدەسەڵات و حکومەت بکەن، خۆپیشاندانێك بکەن بۆ پشتگیری، بەهەمان شت لەبەر ئەوەی بارودۆخی ئەمنی گونجاو نەبوو، وەزعی گشتی گونجاو نەبوو، بەرژەوەندی گشتی گونجاو نیە، پارێزگاری هەولێر بڕیاریدا و ڕەدی کردەوە، ئەم سێ داواکارییە بۆ ئێمە هاتووە بۆ خۆپیشاندان، هیچ داواکارییەکی تری ڕەسمی تەحریری نەهاتووە، بەڵام کەسێك بچێتە سەرجادەو بڵێ خۆپیشاندان دەکەم ئەوە ناکرێت، چونکە یاسای خۆپیشاندان هەیە ئێمە لەسەر یاسای خۆپیشاندان کە لەم پەرلەمانە دەرچووە بڕیار دەدەین و جێبەجێی دەکەین، خاڵێکی تر کە زۆر تەئکیدی لەسەر کرایەوە، ئەوەی کەناڵی نالیا بوو، کە سووتا لە سلێمانی، وا دەڵێن کە ئێمە هیچ ئیجرائاتێکمان وەرنەگرتووەو کەمتەرخەم بووین لەم مەوزوعە، تەبیعی پرسیارەکە دوو بەشە، یەکەمیان: کەناڵەکە سووتا، دووەمیان: کەگوایە چەند کەسێك هاتوونەتە نەخۆشخانەی ڕزگاری لێرە چارەسەریان بۆ کراوە، تەبیعی من وەڵامم بۆ ئەو برادەرانەی کە نەقدی ئێمە دەکەن، یەکەمیان: نەخۆشخانە بۆ هەموو کەسێکە، نەخۆشخانەش هەموو کەس چارەسەر دەکات، بکوژیش چارەسەر دەکات، کوژراویش چارەسەر دەکات، ئیشێکی ئینسانیە، دووەمیان: چەند ئەندامێکی پەرلەمان داوایان کرد بچن سەردانیان بکەن، هی ئەو بریندارانە لە نەخۆشخانە، ئامۆزایەکی ئەو نەخۆشانە لەوێ بوو، ڕەفزی کرد کە بیبینن، وتی من ناهێڵم بچن بیبینن، ئێمە ناتوانین جەبری بکەین بڵێین ئیلا دەبێ ڕێگایان بدەیت بیبینن، سێیەمیان: ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان داوایان کردبوو تەبەڵەکەی ببینن، تەبەڵەی تەندروستی، ئەمە شتێکی شەخصیە، وەزارەتی تەندروستی تەعلیماتی هەیە تەنها ئەو کەسە دەتوانێ ئەو تەبەڵەیە ببینێت و بیخوێنێتەوە کە دکتۆری موشریفە یان موعالجە، هەندێ لە ئەندام پەرلەمانەکان نەقدی ئێمان کردووە بۆ نەتانگرتوون؟، وەزارەتی ناوخۆ چۆن دەتوانێ بیانگرێت بەبێ ئەمری قەبز، من لەکوێ دەزانم ئەوانە تاوانبارن، من لەکوێ دەزانم ئەوانە کەناڵی نالیایان سووتاندووە؟، نابێ ئەمرێکی حاکمم پێ بێت، تا بتوانم بچم دەستگیریان بکەم، پرسیارێکتان لێدەکەم، کێشەی سووتانی کەناڵی نالیا، کێشەکە ڕوویداوە شتێکی زۆر خراپ بووە، کێشەکە لە کەرتی پۆلیسی ئەزمەڕە لە پۆلیسی سلێمانی، دادوەری لێکۆڵینەوە خۆیان بەرپرسن و تەحقیق لە کێشەکە دەکەن، پۆلیسیش تەحقیقی تێدا ناکات، دادوەری لێکۆڵینەوە و محقق ئەوان فایلەکەیان بەدەستەوەیە، کێشەکەیان کردووە بە دوو بەش، دوو قەزیە، ئەوانەی قانون دەزانن ئەوراقەکە لەیەکتری جیا بووەتەوە، کێشەیەکیان بەپێی ماددەی 477ی یاسای سزاکانە، ئەوی تریان بەپێی ماددەی 405 بڕگەی 31ی یاسای سزاکانە، بەپێی ماددەی 405 بڕگەی 31 حاکم ئەمری گرتنی 9 کەسی دەرکردووە، ناوەکان لای منە، دوو کەس لەوانە براونەتە دادگا، حاکم بەکەفالەتی 50 ملیۆن دینار بەریداوە، ئەوانی تریش موتابەعەی یاساییان لەسەرە، پۆلیس لە 100٪ دەستگیریان دەکات، بەڵام ئێوە دەزانن کەسێك کە جەریمەیەك بکات بە ئاسانی خۆی نادات بەدەستەوە، بەڵام ئەمە واجبی ئێمەیە، هی

پۆلیسە، کە دەستگیریان بکەین و بیانبەینە بەردەم یاسا، چۆن ئەو دووکەسەکەی ترمان برد، کێشەی سێیەم سووتاندنی بارەگای (k.n.n) لە هەولێر، ئێمە حیمایەشمان بۆ دانابوو، من تەنسیقم هەبوو، لەگەڵ هەندێك لە برادەرانی گۆڕان، لەسەر کردایەتی گۆڕان کە لەهەولێر بوون، حیمایەشمان بۆ دانابوون، بەڵام خەڵکێکی زۆر هات هێرشیان کرد، بەڕاستی هێزە ئەمنیەکان لەکۆنترۆڵیان دەرچوو، ئێمە ئیجرائاتی یاساییمان وەرگرت، یەکسەر کێشەکە درا بە دادگا، بەپێی ماددەی 477 حاکم پشکنین و هێلکاری شوێنی ڕووداوەکەی کرد، لە ڕۆژی 2/23 شەش کەس گیران، چەند ڕۆژێك لە حەبس بوون پاشان بە کەفالەتی 3 ملیۆن دینار بەردران، بەڵام دادگایان بەردەوامەو چ بڕیارێك بدات ئەوە ئیشی ئێمە نیە، بەڵام بەکەفالەتی 3 ملیۆن دینار هەر شەش کەسەکە بەردران، وەکو پۆلیس ئێمە ئیجرائاتمان لەگەڵ پۆلیسی خۆمان کرد، بەپێی ماددەی 8 لە یاسای بنەماکانی دادگایی کرد، سەربازەکان، بڕیارماندا کە بە 10 ڕۆژ، بۆ 5 پۆلیس کە لەوێ بوون هەموویان مفەوەزن ئیعتیقال سەکەنە بۆ ماوەی 10 ڕۆژ کە بۆمان کردن لە بنکەی پۆلیس، ئەوە عقوبەیەکی پۆلیسە کە ئیهمالێك بکات لە واجبی عقوبە دەدرێت بەو شێوەیە، پرسیارێکی تریش باسی سووتانی بارەگای گۆڕانە لە سۆران، لەگەڵ ئەوەی شەقڵاوە، تەبیعی ئەوەی شەقڵاوە ژورێك لە پشتەوە بوو سووتا بوو، بەپێی ڕاپۆرتی بەرگری شارەوانی ئیحتیماله هەندێ برادەر بڕوا نەکەن بەوە، کە شۆرتی کارەبایی بووە، تەنها یەك ژووری بچووك لە پشتەوە سووتاوە، بارەگاکەیان نەسووتاوە، ئەویش بەپێی ڕاپۆرتی بەرگری شارستانی کە شۆرتی کارەبایی بووە، دەوامیان کردووە ئەو ڕۆژە لەوێ کەرۆشتوون سپلیتەکەیان بەجێ هێشتووە سووتاوە، بارەگاکە هەمووی سەلامەتە تەنها ژوورێکی بچووك بووە کە سووتاوە، ئێستاش حیمایەو پۆلیس لەبەردەرگای بارەگاکەیانە لەوێ، ئەوەی سۆران سێ پۆلیس برینـدار بوون لەوەی سۆران، یەکێکیش نیوە سووتاو بووە، واتە چوار پۆلیس برینـدار بوون، ئێمە ئیجرائاتمان لەگەڵ پۆلیس کردووە، پێنج پۆلیسیشمان ئیعتیقال سەکەنە کردووە، بۆ ماوەی 10 ڕۆژ وە موتابەعەی ئەو کەسانە دەکەین کە ئیجرائاتیان لەگەڵ بکەین ئەوانەی کە بارەگاکەیان سووتاندووە، پێمان باشە گەر کەسێك مەعلوماتی هەبێت پێمان بدەن، چونکە دائیمەن برادەران دەڵێن ئێمە گرتەی ڤیدیۆییمان هەیە، مەعلوماتمان هەیە، بۆیە پێم باشە هەرچی مەعلوماتێکتان هەیە پێمان بڵێن تا هاوکاریمان بکەن بۆ ئەوەی ئیجرائات وەربگرین، دەڵێن بارەگای (k.n.n)لە دهۆك سووتاوە، هیچ بارەگای (k.n.n)لە دهۆك نەسووتاوە داوای لێبوردن دەکەم لەو برادەرانە، تاڵانیش نەکراوە، چونکە بارەگاکە چی تێدایە چەند مێزو کورسیەکی تێدایە، ئەوە بۆچی تاڵان دەکرێت، ئێستا هەمووی وەکو خۆیەتی ئێستاش پۆلیس و ئاسایش حیمایەی بارەگاکەیان دەکات، خاڵێکی تر باسی گرتنی خەڵك کرا لە هەولێر، کە ئێمە لەم ماوەیەدا خەڵکمان گرتووە، ئەو ڕۆژەی کە (k.n.n)بڵاوی کردەوە پارێزگای هەولێر سووتاوە، ئاگری تێبەربووە، خەڵکەکە کە گوێی لێ بوو هەموو بە ئاراستەی پارێزگادا ڕۆشتن، کۆمەڵێك ڕاوەستابوون سێ کەس بوون، پۆلیس و ئاسایش هاتن، چەکیان پێ بوو، بەتۆمەتی چەك هەڵگرتن، دەمانچەی جۆری چواردە خۆریان پێ بوو، ژمارە ( پی، وای،18844245) لەگەڵ 59 گولله 9 ملیم، چوار یەدەگیش، گیران ناوەکانیان لای منە،

کێشەکە برادەرانی گۆڕان موتابەعەیان کرد، پاشان حاکم بە کەفالەتی 3 ملیۆن دینار بەریدان، بەڵام بەیاسای چەك گیرابوون و دەمانچەی بێ ئیجازەیان پێ بوو، دکتۆر پشتیوان باسکرا، لەهەمان کاتدا، لەهەمان فەترەدا، هەمووتان بینیتان و خۆی باسی کرد، کە خۆی هوتافی کردبوو، کە کراسی کردبوویەوەو باسی دژی حکومەتی کردبوو، کاکە خەڵکەکە قبوڵیان نەکردو لێیان دا، ئاسایش و پۆلیس هاتن لەدەستی خەڵك دەریانکرد، پاشان بردیان و ڕۆژی دووەم ئازاد کرا، خۆی باسی دەکات لە تەلەفزیۆن، ئەگەر بینیوتانە، دەڵێ من کراسم کردەوەو هۆتافم کێشا لەناو جادە، خەڵکەکەش لێیان قبوڵ نەکردم، ئاسایش بردی و تەسلیمی پۆلیسی کرد ئەوانیش بەرەڵایان کرد....

**بەڕێز سەرۆك پەرلەمان:**

بەڕێزان کەس لەجێگای خۆی قسە نەکات، ئەوەی کە ڕازی نیە بەجوابەکەی، ئەتوانێ لەکاتی کە دەیخەینە دەنگەوە بۆ سەحبی سیقە دەنگی پێ نەداتەوە، تکایە قسە مەکەن، با جوابەکانی خۆی بداتەوە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی من لێرە دەمەوێ نیگەرانی خۆمان بەرامبەر بە دەستدرێژی کردنە سەر ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز ڕابگەیەنم، بەڕاستی ئەوە قبوڵ ناکەین، بەهیچ شێوەیەك ئێمە ئیجرائات دەکەین، ئێمە لەوە نیگەرانین، ئەوە سیاسەتی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ نیە، ئێمە ئەوە قبوڵ ناکەین، وەزۆرم پێ باشە ئەو برا ئەندام پەرلەمانانە مەعلوماتمان پێ بدەن، ئێمە ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەریان دەکەین، زۆر پرسیار لەسەر ئەوەی 17ی شوبات کرا لە سلێمانی، کە ئێمە ڕاستە من لەبەردەم لیژنەی ناوخۆ وتم ئێمە لیژنەیەکمان دروست کردووە، فیعلەن حکومەت لیژنەیەکی دروست کرد، وە ئیعلانیشی کرد، چوونە سلێمانی ودەست بەکاریش بوون، بەڵام کاری لیژنەکەمان ڕاگرت، چونکە لەم پەرلەمانە بەڕێزە ئێوە لیژنەیەکتان دروست کرد، بەسەرۆکایەتی حاکمێك، هەموو ئیشەکە تەسلیمی لیژنەکە کرا، وە نوێنەری هەموو دەزگاکان لەو لیژنەیەدان، ئەو لیژنەیە سەرۆکەکەی حاکمێکە، ئێستا لیژنەکە تەقریبەن ئیشەکانی بەپێی مەعلوماتی ئەوەلی من کۆتایی بە ئیشەکانی هێناوە، مەعلوماتی باشیان دەستکەوتووە، ئەو بڕیارەی کە لیژنەکە دەیدات بە حاکم و حاکمیش بڕیاری لەسەر دەدات، دڵنیا بن ئێمە هەر کەسێك بێت ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەری دەکەین، چونکە زۆر پرسیار کرا لەسەر ئەوەی سلێمانی کە بۆچی ئیجرائات نەکراوە، ئێجرائاتەکە لەسەر ئەو لیژنەیەی پەرلەمان وەستا، ئێوە بڕیارتاندا کەلیژنەیەك دروست بکرێت، لیژنەکەش خەریکی ئیشی خۆیەتی، کۆتایی بەئیشەکانی خۆی دەهێنێ بە تەسەوری من لەمڕۆ یان سبەی کۆتایی پێ دێت، ئێمە هەرچی بڕیارێك لەوێ دەربچێت ئێمە یەکسەر جێبەجێی دەکەین، خەڵك تەهدید دەکرێت بەمۆبایل، ئێمە یەك شکایەتمان بۆ هاتووە، موتابەعەمان کردووە، خەریکین دەگەینە نەتیجەیەکی نیهائی پاشان ئیجرائاتی یاسایی کەکرا، بەو کەسەی دەدەین کە مەعلوماتی مۆبایلەکەی

بەئێمە داوە، کە تەهدید بۆ ئەو نێردراوە، بەهەمووی یەك کەس هاتووەتەلامان ڕەقەمێکی مۆبایلی بە ئێمە داوە، خاڵێکی تر هەیە، بەشداری کردنی منداڵ و مێردمنداڵ لە خۆپیشاندان، تەبیعی کێ بەرپرسیارە لەوە، بەحەقیقەت ئەوەی کە بەرپرسیارە لەوە ئەوانەن کە سەرپەرشتی خۆپیشاندانەکەیان کردووە، پەرلەمان داواتان لێدەکەم دیفاع لەحەقی ئەو منداڵانەش بکەن، چون دیفاع لەحەقی خۆپیشاندەران دەکەن، ئەوانیش کوڕی ئەم وڵاتەن، داوای حەقیان بکەن، ئێمە داوا دەکەین کە ئیدعای عام دەعوا تەحریك بکات، لەسەر سەرپەرشتیاری خۆپیشاندانەکان، بۆ ئەوەی ئەو منداڵانە بەکار نەهێنن لەخۆپیشاندانەکاندا، زۆرکەس پرسیاری کرد لەسەر قەرەبووکردنەوە، قەرەبووکردنەوەی هێزەکانی ناوخۆ ئەوانەی کە زەرەریان پێگەشتووەو بریندار بوون، ئێمە لیژنەیەکمان دروست کردووە، دیراسەیەکی باشمان بۆ دەکات و حکومەتیش هەموویان قەرەبوو دەکاتەوە، ڕۆڵی ڕاگەیاندن کە خەریکن تەشهیر دەکەن، ئەوە ئیشی وەزارەتی ناوخۆ نیە بەڕاست، ئیشی وەزارەتی ڕۆشنبیرییە، ئیشی وەزارەتی ڕاگەیاندنە، ئەوان ئەتوانن تەحریکی دەعوا بکەن دژی ئەو کەناڵانە، یەکێك پرسیاری کرد کە مودیری پۆلیس و هاتووچۆ لە سلێمانی، پلەی مودیری عامە، شتی وانیە، هەموویان پلەیان مودیرە، مودیری پۆلیسی سلێمانی ئێستا خۆی پلەی عەمیدی کۆلیژی پۆلیسە، کە عەمیدی کۆلیژی پۆلیسیش دەرەجەی مودیری عامە، ئێستا تەنسیب کراوە لەوێ، چونکە خۆی پلەکەی مودیر عامە، ئەگەر ئەوە بەغەڵەت پێتان گەشتبێ، بەڵام کەس بە پلەی مودیری عام، مودیری نیە لە سلێمانی، چەند خۆپیشاندان مۆڵەتی هەبوو پاش 17ی شوبات، تەنها یەك خۆپیشاندان مۆڵەتی هەبوو ئەویش لە مەسارەکەی خۆی دەرچوو ئەوەی 17ی شوبات، ئەوانی تر هەموویان بێ مۆڵەتن، من دەمەوێت ئەوەش تەوزیح بکەم کە خۆپیشاندان کارێکی ئاساییە، مافێکی یاسایی و دەستووریە، بەڵام مومارەسەکردنی ئەم مافە بەپێی یاسا ڕێکخراوە یاساکەش لەم پەرلەمانە دەرچووە، کاتێ بەبێ یاسا خۆپیشاندان دەکرێت، واتە ئەمە کارێکی نایاساییە، دژی یاسایە، یەکێك پرسیاری کرد لەسەر هێزەکانی ئێمە، تەبیعی هێزەکانی ئێمە ئەم ماوەیە مەشغوڵی تیرۆرو دژە تیرۆرو ئەوانە بوون، هەموو هێزەکان چ پۆلیس، چ هێزەکانی ئاسایش، بۆیە بەڕاستی هیزەکانی ئێمە مەجالێکی زۆریان نەبوو کە ڕاهێنانیان پێ بکرێت، بەتایبەتی ئەوانەی چالاکیە مەدەنیەکان، هەندێ دەورەمان بۆ کردوونەتەوە، بەڵام ئەو دەوراتانە سەرەتایین، ئێستا ئێمە لەم ماوەیەدا لەگەڵ هێزی هاوپەیمانان قسەمان کردووە، لەگەڵ ئیتحادی ئەوروپی قسەمان کردووە، وەعدیان پێداوین کە هەموو هێزەکانی چالاکیە مەدەنیەکان ڕاهێنانیان پێ بکەن بۆمان، بەشێوەیەکی تازە و ڕێکو پێك، ئێمەش سوپاسیان دەکەین کەی دەستیان بەکار کرد، هەندێ برادەر لەسەر هێزی دەمامکدار قسەیان کرد، تەبیعی دەمامك یەکێك لە برادەران باسی کرد، کەلەناو خۆپیشاندەرانیش هەیە، پێم باش بوو ئەوەی کەباسی دەمامکداری کرد، بیوتایە لەناو خۆپیشاندەرانیش هەیە کە بەدەمامك دێتە ناو خۆپیشاندەران، ئێمە وەزارەتی ناوخۆین، بەرپرسین لە پۆلیس لە پۆلیسی هاتوچۆ، ئاسایش و دژە تیرۆر، سەر بەئێمە نین، پرۆژە یاسای یەکگرتنەوەی دەزگاکانی ئەمنی هاتووە بۆ ئەم پەرلەمانە، بۆیە من داوا لەئێوە دەکەم کە بەزووترین کات ئەم یاسایە، تەصدیق

بکەن و بڕیاری لەسەر بدەن، بۆ ئەوەی ئەم هێزە ئەمنیانە هەموویان یەك بگرن، ببێت بەیەك هێز لەژێر یەك سەیتەرەی حکومەتدا بێت، یەکێك لەبرادەران باسی لە هێزی زێرەڤانی کرد کە سەربازن، پێشمەرگەن؟، ئەوان هێزێکن سەر بەوەزارەتی ناوخۆن، هێزێکی ئاسایشی ناوخۆن، ئێمە لەگەڵ عێراق خەریکین هێزی زێرەڤانی و بەرگری فریاکەوتن، کە سەر بە وەزارەتی ناوخۆن، کە فیرقەیەکی شورتەی فیدراڵی عێراقیان لێ دروست بکەین، پێکەوە کە ببن بە شورتەی فیدراڵی عێراقی، یەك فرقە لە هەرێمی کوردستان هەبێت، لە زێرەڤانی و بەرگری فریاکەوتن دروست بکەین، هەرەشە لەسەر ڕۆژنامەنووسان هەیە، بەڕاستی شتێکی خراپە، ئێمە قبوڵ ناکەین، بەڵام ڕۆژنامەنووس ئێوە دەزانن دائیمەن هەوڵ دەدات بەشێوەیەکی یاسایی و نایاسایی مەعلومات وەربگرێت، بۆیە لەگەڵ دەزگا ئەمنیەکان تووش دەبێت، ئێمە دژی ئەوەین، ڕۆژنامەنووس ئازادە، ئازادی تەواو هەیە لەهەرێمی کوردستان، بەڵام من پرسیارێك دەکەم، ئەو خۆپیشاندەرانەی بەردەرکی سەرا، ئەوانیش ناهێڵن هەندێ ڕۆژنامەنووس بچێتە ئەوێ و لەوێ حازر بێت، هەندێ کەناڵی تەلەفزیۆنی هەیە مەمنووعە بچنە بەردەرکی سەرا، پێم خۆش بوو باسی ئەوانیش بکەن، کە باسی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ دەکەن، باسی تەرەفەکەی تریش بکەن، من دەمەوێ یەك شت بڵێم هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، بەڕاستی زۆرترین مافیان پێشێلکراوە، لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە، چ کوشتن، چ بریندار کردن، نابێ ئێوەش دیفاعێکیان لێ بکەن؟، حەقی ئەوانیش داوا بکەن، دوو پۆلیسمان هە یە بە گوللە کوژراون، بەگوللە شەهید بووە، یەك دەزگای ئیعلامی ئۆپۆزسیۆن ناویشیان نەهێناون، باسیشی نەکرا، زۆر باسی هێزی زێرەڤانی کرا، چوونە سلێمانی ولەوێ ئەو وەزعە ڕوویدا، وەکیلی وەزیری ناوخۆ لەسلێمانی بوو لەگەڵ لیژنەی ئەمنی سلێمانی بوو، تەنسیقێکی تەواو هەبوو، خەبەریدا بە ئێمە کە وەزعەکە نائارامە، هێزەکانی ئەمنی ئەو هێزە کە دانرابوو تەنها بۆ خۆپیشاندانەکە بوو لەبەردەرکی سەرا، پاشان خۆپیشاندانەکە ڕۆشت بۆ ئاراستەیەکی تر، توندوتیژی لێکەوتەوە، بۆیە ئێمە هێزمان نارد لەژێر دەستی وەزیری پێشمەرگە بوو، لەژێر ئەمری ئەو بوو، ناردنی هێز بۆ سلێمانی ئێستاش هەندێ کەس پرسیاریان کرد کە هێز چووەتە سلێمانی لیژنەی ئەمنی سلێمانی قەرار دەدات، ئایا پێویستیان بەهێز هەیە یان نا؟، لیژنەی ئەمنی خۆی داوای هێز ئەکات، چ داوا لە پێشمەرگە بکات، یان لە پۆلیس بکات، خۆیان سەڵاحیاتیان هەیە، لیژنەی ئەمنی سلێمانی خۆی قەرار دەدات، چونکە ئەوان دەزانن چۆن ئەمنیەتی شارەکە بپارێزن، بە چیش دەپارێزرێت؟، من خاڵێکی تر دەمەوێ باسی بکەم، من دەڵێم یاسا بۆ هەمووانە، ناکرێت بەتەنها بۆ هەڵسوکەوتی دەزگای ئەمنی باس لەیاسا بکرێت، ئەی ئەو سەرپێچیانەی کەبەرامبەریان دەکرێت؟، هاندان، تەحریز، تاڕادەیەك فتواو جیهادیش درا لەهەندێ جێگا، توندوتیژی، مولاحەزەیەکی جوانە برادەرێك بۆی نووسیووم، ڕاستە ئێمەش داوا دەکەین کە ئیجرائات بکرێت بەرامبەر بەهەرکەسێك کە سەرپێچی یاسا دەکات، دەزگا ئەمنیەکان بن، پێشمەرگە بن، خۆپیشاندەریش بێت، هاووڵاتی بێت، بەیەکەوە بەیەکسانی ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵ هەموو بکرێت، ئێمە لەگەڵ ئیجرائاتی یاساییین، ئێمە لە ئیجرائاتی یاسایی لانادەین، هەندێ برادەر داوایان کرد کە من دەست لەکار بکێشمەوە،

**بەلای منەوە یەك دڵۆپە خوێنی منداڵێکی ئەم کوردستانە، لەهەموو پلەو پایەیەکی ئەم دونیایە بەنرخترو گرنگترە، بۆیە بەئەرکی ئەخلاقی و وەزیفی خۆمی دەزانم لەم هەلومەرجەدا ئەرکی خۆم لەپاراستنی ئەمن و ئاسایشی کوردستان وهاووڵاتیان جێبەجێ بکەم، هەرکاتێك هەست بکەم کە ناتوانم وەکو پێویست ئەم ئەرکەم جێ بەجێ بکەم بەبێ دوو دڵی ئەم وەزیفەیەم بەجێ دەهێڵم، زۆر سوپاستان دەکەم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر جارێ بوەستە، دەبێ بیخەینە دەنگدانەوە، بۆ سەندنەوەی سیقە لەجەنابت، بەڕێزان ئێوە پرسیاری خۆتان کرد، هیچ پرسیاری تر نیە، ئەمانەوێت سەحبی سیقە کە داوا کراوە بیخەینە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە کە سەحبی سیقەی لێ بسەنینەوە، ئەوەی رازییە کە ئێستا بیخەینە دەنگەوە دەستان بەرز بکەنەوە تکایە؟، فەرموون، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، بەڕێزان کێی لەگەڵدایە کە سەحبی سیقەی لی بکرێتەوە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ مایەوە، زۆر سوپاس، دانیشتنەکەمان کۆتایی پێهات، بەخواتان دەسپێرم.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8)**

**دووشەممە ڕێکەوتی 25\4\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (8)

## دوو شەممە رێكەوتی 2011/4/25

**كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2011/4/25 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (8)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (8)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2011/4/25 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای دەستەی نەزاهەی گشتی لە هەرێمی كوردستان.**

**3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای قەدەغە كردنی رێكخستنە حزبیەكان لەناو ریزەكانی پێشمەرگەو هێزەكانی ئاسایشی گشتیدا.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (8)، رۆژی دانیشتن 2011/4/25، بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی برگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (8)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2011/4/25 بەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای دەستەی نەزاهەی گشتی لە هەرێمی كوردستان.**

**3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای قەدەغە كردنی رێكخستنە حزبیەكان لەناو ریزەكانی پێشمەرگەو هێزەكانی ئاسایشی گشتیدا.**

ئێستا داوا له لیژنەی یاسایی و لیژنەی نەزاهەو لیژنەی دارایی دەکەین کەرەم بکەن بۆ سەر مەنصە، ئێستا بۆ خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار/ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای دەستەی نەزاهەی گشتی لە هەرێمی کوردستان، لیژنەی هاوبەش فەرموون بۆ ماددەی هەشت.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەسڵی پرۆژەکە ماددەی هەشتە دەبێتە ماددەی حەوتەم.

ماددەی حەوتەم:

یەکەم: دوای ڕاگەیاندنی کارەکە داواکاریی دامەزراندن لەگەڵ ژیاننامەی داواکارو بەڵگەنامەی تایبەت بە دامەزراندن پێشکەش بە ئەنجومەنی دادوەری دەکرێت.

دووەم: ئەنجومەنی دادوەری سێ لە داواکارانی دامەزراندن هەڵدەبژێرێ بە مەبەستی پاڵاوتنیان بۆ پۆستی سەرۆك، بۆ ئەوەی پەرلەمان بەپێی ماددەی (5/یەکەم)ی ئەم یاسایە، یەکێکیان هەڵبژێرێ.

سێیەم: ماوەی خزمەتکردنی سەرۆك چوار ساڵەو یەك جار قابیلی نوێ کردنەوەیە بە هەمان ئەو ڕێکارو ئوسوڵەی کە لە ماددەی (5)ی ئەم یاسایەدا هاتووە.

چوارەم: کاتێ سەرپێچی لە کاری فەرمانبەرایەتیەکەی بکات، بەپێی یاساو بەروخسەت وەرگرتنی پێشتر لە پەرلەمان، ڕێکارە یاساییەکان دەرەهەق بە سەرۆك وەردەگیرێت.

پێنجەم: سەرۆك بە بڕیاری پەرلەمان و لە یەکێك لەو حاڵەتانەی خوارەوە لە پۆستەکەی خۆی لادەبرێت:

أ- ئەگەر بە بڕیارێکی دادوەری بە ئەنجامدانی تاوانێك، یان کەتنێك حوکم درا.

ب- ئەگەر سەلمێندرا کە کەمتەرخەمە، یان کارو ئەرکەکانی خۆی پشتگوێ خستووە.

ت- خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکان.

شەشەم: بڕیاری لابردن لە هەردوو حاڵەتی (ب، ج) لە برگەی (پێنجەم)ی ئەم ماددەیە دەردەکرێ لەسەر راسپاردەی لیژنەی لێکۆڵینەوە، کە بە سەرۆکایەتیی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامەتی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و دادوەرێك لە دادگای پێداچوونەوە پێك دێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیش کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتە دەبێتە ماددەی حەوت، لەبەر ئەوەی ماددەی پێنج و شەش یەکخران، بوونە یەك ماددە.

المادة السابعة:

اولاً: تقدم طلبات التعيين بعد الاعلان عن الوظيفة الى مجلس القضاء مرفقة بها السيرة الذاتية والوثائق الخاصة بالتعيين.

ثانياً: يتولى مجلس القضاء اختيار ثلاثة من طالبي التعيين لغرض ترشيحهم لمنصب الرئيس ليتولى البرلمان انتخاب احدهم وفقاً للمادة (6/اولاً) من هذا القانون.

ثالثاً: تكون مدة خدمة الرئيس اربع سنوات قابلة للتجديد لمرة واحدة وبنفس الاجراءات والاصول المنصوص عليها في المادة السادسة من هذا القانون.

رابعاً: تتخذ الاجراءات القانونية بحق الرئيس عند مخالفته فيما يتعلق باعماله الوظيفية وفق القانون، بعد اذن مسبق من البرلمان.

خامساً: يعفى الرئيس من منصبه بقرار من البرلمان في احدى الحالات الاتية:

أ- اذا صدر قرار قضائي بادانته بارتكاب جناية او جنحة.

ب- اذا ثبت التقصير او الاهمال الجسيم في اداء مهامه وواجباته.

ج- اساءة استخدام الصلاحيات.

سادساً: يصدر قرار الاعفاء في الحالتين (ب، ج) من الفقرة (خامساً) من هذه المادة بناء على توصية لجنة تحقيقية تشكل برئاسة نائب رئيس البرلمان وعضوية نائب رئيس مجلس الوزراء وقاضي في محكمة التمييز.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە رەئیتان.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (7): ماددەی (8)ە لە ئەسڵی پرۆژەكە.

یەكەم: وشەی (كارەكە) بگۆڕدرێت بە (پلەكە).

دووەم: ژمارەی ماددەی (5/ یەكەم) بگۆڕدرێت بە ( 6/ یەكەم)

سێ یەم: دەستەواژەی (ماددەی 5) بگۆڕدرێت بە (ماددەی 6) .

چوارەم: لیژنە هیچ تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

پێنجەم:

أ – وشەی (بڕیار) بگۆڕدرێت بە (حكم قضائي بات).

ب – لیژنە هیچ تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

ج – لیژنە هیچ تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

شەشەم: لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، كێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بكات؟ ناویان دەنووسین، ئەم ئەندامە بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بكەن، ڕێزداران (سەمیرە گۆران، كاوە محمد، جمال طاهر، هاژە سلیمان، شڤان احمد)، فەرموو سەمیرە خان.

**بەڕێز سمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم لە ئەسڵی پرۆژەکە لە یەکەم هیچ تێبنیم نییە، لە دووەم (يتولى مجلس القضاء)، ئەگەر ئەو مەجلیسی قەزایە بکرێت بە پەرلەمان، پێم باشترە، هەروەها لە خاڵی پێنجەم (يعفى الرئيس)، ئەگەر فەقەرەیەکی تری بۆ زیاد بکەین، (بناءاً على طلب ثلثي اعضاء البرلمان)، ئەگەر ئەم ئەندامانە کارا نەبوون لە ئیشەکانیان بە ئاسانی لایان ببەین، هەروەها ئەگەر بکرێتە ماددەیەکی سەربەخۆ، شەشەم (يصدر قرار الاعفاء في الحالتين (ب، ج) من الفقرة (خامساً) من هذه المادة بناء على توصية لجنة تحقيقية تشكل برئاسة نائب رئيس البرلمان) ئەوە دیاری کراوە، (وعضوية نائب رئيس مجلس الوزراء) هەمی ئەویش دیاری کراوە، (وقاضي في محكمة التمييز)، ئەو قازیە کەسێکی نادیارە، چۆن دیاری دەکرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار کاوە کەرەم بکە.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە لە بڕگەی پێنجەم خاڵێکی تری دەوێت، ئەویش ئەوەیە، ئەگەر هاتو خۆی دەستەی سەرۆک داوای ئیعفا بکاتن، حەقە ئەو ئازادییەش بدرێتە خۆی، خۆی داوا بکات لەبەر ئەسبابی صحی بێت، یان هەر ئەسبابێك بێتن، ئەگەر خۆی داوای دەست لە کارکێشانەوە بکاتن، من پێموایە ئەوەشی پێویستە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جمال طاهر کەرەم بکە.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی حەوتەم خاڵی دووەم، کە ئێستا بۆتە ماددەی حەوتەم (يتولى مجلس القضاء اختيار ثلاثة من طالبي التعيين)، لێرە تۆزێك دیار نییە، پێشنیار دەکەم پاش (من طالبي التعيين وفق الشروط الواردة في المادة (6/ثانياً)) بەپێی ئەو مەرجانەی کە لەماددەی شەش هاتووە، (ج) بکرێت (عند استخدام او عند اساءة استخدام الصلاحيات الموكلة اليه)، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار هاژە کەرەم بکە.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی هەشتەم، من دوو تێبینیم هەیە، ئەویش لەسەر بڕگەی سێیەم (ماوەی خزمەت کردنی سەرۆك چوار ساڵەو یەك جار قابیلی نوێ کردنەوەیە)، من پێموایە قابیلی نوێ کردنەوە نەبێت، تەنها چوار ساڵ خزمەتەکە بکات و بگۆڕدرێت، لەلای من باشترە، دەربارەی بڕگەی پێنجەم، من پێشنیار دەکەم کە خاڵێکی تری بۆ زیاد بکرێت، ئەویش ئەوەیە ئەگەر سەرۆك بە بڕیاری پەرلەمان لەیەکێك لەو حاڵەتانەی خوارەوە لە پۆستەکەی لابدرێت، ئەگەر هاتو خەرقی ئەو یاسایەی کرد، پێویستە لابدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شڤان احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم کە دەکاتە ماددەی حەوت لە ئەسڵی پرۆژەکە، لە بڕگەی دووەم، من دەبینم تەوزیحی زیاتری دەوێت، بەو شێوەیەی کە هاتووە، قەراری ئەو لیژنەیە هی مەجلیسی قەزا چۆن تەعن دەکرێت؟ چۆن ئەو کەسە نیشان دەدرێت کە ڕەفز کراوە؟ مەسەلەن ئەو مورەشەحانە دیار کران، هەندێکیان بەدڵیان نەبوو، چۆن قەراری ئەم مەجلیسی قەزایە تەعن دەکرێت؟، من وا بە پێویست دەزانم کە بنووسرێت (تتولى مجلس القضاء اختيار ثلاثة من طالبي التعيين ويكون قرارها خاضعاً للطعن خلال ثلاثين) ئان پازدە (لغرض ترشيحهم لمنصب الرئيس ليتولى البرلمان انتخاب احدهم)، بەو شێوەیە بێت، بۆ ئەوەی جیهەتی تەعن دیار بێت، بڕگەی سێیەم ئەو (وفق المادة) کافیە، ئەوەی کە هاتووە (اولا من هذا القانون) شتێکی زیادە، هەر بۆ خۆی دیارە، ماددەی قانونێکی تر نییە.

لە بڕگەی چوارەم، لە سەرەتاوە دەبێت (لا)ی نەفی دابنرێت (لا تتخذ الاجراءات القانونية بحق الرئيس عند قيامه بمخالفات تتعلق باعماله الوظيفية او ارتكابه) ئیزافە بکرێت (ارتكابه بجناية او جنحة وفق القانون الا بعد اذن مسبق من البرلمان ماعدا الجريمة المشهودة) ئیزافە بکرێتن، لە بڕگەی پێنجەم، لێرە هاتووە (من البرلمان في احدى الحالات الاتية) لە ئەسڵی پرۆژەکەی پێشتر (احدى الحالات) نەهات بوایە، ئەو (احدى)یە ئیزافە بکرێتن (في احدى الحالات)، چونکە لێرە زۆر شامل هاتووە (احدى الحالات الاتية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ مولاحەزەکانی خوشك و برا بەڕێزەکان، بەڵام ئێمە وەکو لیژنە هاوڕاین لەگەڵ ئەو موقتەرەحەی یەکەم، کە لیژنەی نەزاهە پێشکەشیان کرد بە خصوصی بڕگەی یەکەمی کە وەزیفە بکرێتە پلە، ئەوی تریشی وەکو مەجلیسی قەزاش بمێنێتەوە، بەنیسبەت باقی موقتەرەحاتەکانی تری ئەو برا بەڕێزانەوە، ئەمە نەصەکە رێك و پێك بۆ خۆی هاتووە، تەنیا ئەوەی باس لەسەری کرا ئەم حاڵەتانە رئیس بۆی هەبێت ئیستیقالە بکات لە پۆستەکەی خۆی، ئەمەی کە لێرە باس کراوە، تەنیا حاڵەتێکە حەصرە بە موخالەفە کردنی ئیش و کارەکەی خۆی، بۆیە ئەوها هاتووە (أ، ب، ج) دەست لەکار دەکێشێتەوەو لیژنەیەکی بۆ دادەنرێت لەلایەن جێگری سەرۆکی پەرلەمان و دوو ئەندامی بەڕێزەوە، برادەرێك باسی لەوە کرد ئەو قازیە تەحدید نەکراوە، کەگوترا قازی مەحکەمەی تەمییز، یەعنی هەر قازیە لەو قازیانەی لەمەجلیسی قەزا، لە مەحکەمەی تەمییزدا، هەموو قازیەکان وەکو یەك وان، مەرج نییە تەعریف بکرێت، بڵێت فلاٌنە کەس بزات، حاکمێك لەو حاکمانەی دێنە ئەو لیژنەیەوە، باقی تری ئەوەی کە برادەرێك باسی لەوە کرد، ئەگەر هاتو قەبول نەکرا، چی بکات؟ حەقی چیە؟ ئەوە مەحکەمەی ئیداری موختەصە بەتەعن کردن لەهەموو قەراراتە ئیدارییەکان، دەتوانێت بۆ خۆی تەعن لە قەرارەکە بدات، بەڵام باقی تری بڕگەکان، ئێمە هاوڕاین لەگەڵ لیژنەی نەزاهەو هیچ مولاحەزاتێکی ترمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نەصەکەتان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، لیژنەی نەزاهە ئێوە مولاحەزەتان نییە؟

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لیژنەی هاوبەش گوتیان، هەمان رەئی ئێمەیەو هاوڕاین لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

یەکەم: دوای راگەیاندنی کارەکە داواکاریی دامەزراندن لەگەڵ ژیاننامەی داواکارو بەڵگەنامەی تایبەت بە دامەزراندن پێشکەش بە ئەنجومەنی دادوەری دەکرێت.

**دووەم: ئەنجومەنی دادوەری هەڵبژاردنی سێ لە داواكارانی دامەزراندن هەڵدەبژێرێ بە مەبەستی پاڵاوتنیان بۆ پۆستی سەرۆك، بۆ ئەوەی پەرلەمان بەپێی ماددەی (5/یەكەم)ی ئەم یاسایە، یەكێكیان هەڵبژێرێ.**

**سێیەم: ماوەی خزمەتكردنی سەرۆك چوار ساڵەو یەك جار قابیلی نوێ كردنەوەیە بە هەمان ئەو رێكارو ئوسوڵەی كە لە ماددەی (5)ی ئەم یاسایەدا هاتووە.**

**چوارەم: كاتێ سەرپێچی لە پلەكەیدا بكات، بەپێی یاساو بەروخسەت وەرگرتنی پێشتر لە پەرلەمان، رێكارە یاساییەكان دەرهەق بە سەرۆك وەردەگیرێت.**

**پێنجەم: سەرۆك بە بڕیاری پەرلەمان و لە یەكێك لەو حاڵەتانەی خوارەوە لە پۆستەكەی خۆی لادەبرێت:**

**أ- ئەگەر بە بڕیارێكی دادوەری (بات) كۆتایی لە تاوانێكی ئابڕووبەری بۆ دەرچوو.**

**ب- ئەگەر سەلمێندرا كە كەمتەرخەمە، یان كارو ئەركەكانی خۆی پشتگوێ خستووە.**

**ت- خراپ بەكارهێنانی دەسەلاًتەكان.**

**شەشەم: بڕیاری لابردن لە هەردوو حاڵەتی (ب، ج) لە برگەی (پێنجەم)ی ئەم ماددەیە دەردەكرێ لەسەر راسپاردەی لیژنەی لێكۆڵینەوە، كە بە سەرۆكایەتیی جێگری سەرۆكی پەرلەمان و ئەندامەتی جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و دادوەرێك لە دادگای پێداچوونەوە پێك دێت.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی هەشتە دەبێتە ماددەی حەوت، لەبەر ئەوەی ماددەی پێنج و شەش یەكخران، بوونە یەك ماددە.**

**المادة السابعة:**

**اولاً: تقدم طلبات التعيين بعد الاعلان عن المنصب الى مجلس القضاء مرفقة بها السيرة الذاتية والوثائق الخاصة بالتعيين.**

**ثانياً: يتولى مجلس القضاء اختيار ثلاثة من طالبي التعيين لغرض ترشيحهم لمنصب الرئيس ليتولى البرلمان انتخاب احدهم وفقاً للمادة (6/اولاً) من هذا القانون.**

**ثالثاً: تكون مدة خدمة الرئيس اربع سنوات قابلة للتجديد لمرة واحدة وبنفس الاجراءات والاصول المنصوص عليها في المادة السادسة من هذا القانون.**

**رابعاً: تتخذ الاجراءات القانونية بحق الرئيس عند مخالفته فيما يتعلق باعماله الوظيفية وفق القانون، بعد اذن مسبق من البرلمان.**

**خامساً: يعفى الرئيس من منصبه بقرار من البرلمان في احدى الحالات الاتية:**

**أ- اذا صدر قرار قضائي بات بادانته بارتكاب جناية او جنحة مخلة بالشرف.**

**ب- اذا ثبت التقصير او الاهمال الجسيم في اداء مهامه وواجباته.**

**ج- اساءة استخدام الصلاحيات.**

سادساً: يصدر قرار الاعفاء في الحالتين (ب، ج) من الفقرة (خامساً) من هذه المادة بناء على توصية لجنة تحقيقية تشكل برئاسة نائب رئيس البرلمان وعضوية نائب رئيس مجلس الوزراء وقاضي في محكمة التمييز.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی لە پرۆتۆکۆلدا بە هەڵە بەسەرماندا تێ نەپەڕێت، لە کوردیەکەدا کە خوێندرایەوە، هیچ لە گۆڕانکاریەکانی تەنها ئەو بڕگەی دوایی نەبێت نەخوێندرایەوە، لە بڕگەی یەکەمدا وشەی کارەکە وەکو خۆی خوێندرایەوە، ئێمە هاوڕاین، هەرسێ لیژنە لەسەر ئەوەی بکرێت بە پلە، نەوەك کار، مەنصەب، نەك وەزیفە، لە بڕگەی دووەمدا ماددەی پێنجەم/ یەکەم نووسراوە، خۆی شەشەم/ یەکەمە، لە بڕگەی سێیەمدا ماددەی شەشەمە، نەك پێنجەم، کە نووسراوەو وا خوێندرایەوە، تەنها خاڵی (أ) چاك کراوە کە لە بڕگەی پێنجەمدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێکی تر صیاغەکە بخوێننەوە هەردوولا.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

یەکەم: دوای ڕاگەیاندنی پلەکە داواکاریی دامەزراندن لەگەڵ ژیاننامەی داواکارو بەڵگەنامەی تایبەت بە دامەزراندن پێشکەش بە ئەنجومەنی دادوەری دەکرێت.

دووەم: ئەنجومەنی دادوەری سێ لە داواکارانی دامەزراندن هەڵدەبژێرێ بە مەبەستی پاڵاوتنیان بۆ پۆستی سەرۆك، بۆ ئەوەی پەرلەمان بەپێی ماددەی (6/یەکەم)ی ئەم یاسایە، یەکێکیان هەڵبژێرێ.

سێیەم: ماوەی خزمەتکردنی سەرۆك چوار ساڵەو یەك جار قابیلی نوێ کردنەوەیە بە هەمان ئەو ڕێکارو ئوسوڵەی کە لە ماددەی (6)ی ئەم یاسایەدا هاتووە.

چوارەم: کاتێ سەرپێچی لە کاری فەرمانبەرایەتیەکەیدا بکات، بەپێی یاساو بەروخسەت وەرگرتنی پێشتر لە پەرلەمان، ڕێکارە یاساییەکان دەرهەق بە سەرۆك وەردەگیرێت.

پێنجەم: سەرۆك بە بڕیاری پەرلەمان و لە یەکێك لەو حاڵەتانەی خوارەوە لە پۆستەکەی خۆی لادەبرێت:

أ- ئەگەر بە بڕیارێکی دادگایی یەکلاکەرەوەی دادوەری بە ئەنجامدانی تاوانێك، یان کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم درا بێت.

ب- ئەگەر سەلمێندرا کە کەمتەرخەمە، یان کارو ئەرکەکانی زۆر پشتگوێ خستووە.

ت- خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکان.

شەشەم: بڕیاری لابردن لە هەردوو حاڵەتی (ب، ج) لە بڕگەی (پێنجەم)ی ئەم ماددەیە دەردەکرێ لەسەر راسپاردەی لیژنەی لێکۆڵینەوە، کە بە سەرۆکایەتیی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامەتی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و دادوەرێك لە دادگای پێداچوونەوە پێك دێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عەرەبیەکەش موتابقە، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (60) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (1) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی نۆ لە ئەسڵی پرۆژەکە دەکاتە ماددەی هەشت، فەرموون.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەسڵی پرۆژەکە ماددەی نۆیە دەبێتە ماددەی هەشت.

ماددەی هەشتەم:

یەکەم: بەر لەوەی سەرۆك ئەرك و دەسەڵاتەکانی کە بەپێی ئەم یاسایە بڕیاری لەسەر دراوە بگرێتە دەست لەبەردەم پەرلەمان سوێندی یاسایی بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوات:

(بەخودای مەزن سوێند دەخۆم ئەرکەکانی فەرمانبەریم بەڕاستگۆیی و بە ئەمانەتەوەو بە دڵسۆزییەوە ئەنجام بدەم و یاساو پێڕەو و رێنماییەکان بە ئەمانەت و دەستپاکی و بێ لایەنییەوە جێ بەجێ بکەم بە ئامانجی سەقامگیر کردنی پرەنسیپی سەروەریی یاساو بەربەرەکانی کردنی گەندەڵی).

دووەم: سەرۆك ئەرکەکانی خۆی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەنجام دەدات و لەبەردەم پەرلەماندا بەرپرسیارە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

أولاً: قبل ان يتولى الرئيس مهامه وصلاحياته المقررة بموجب هذا القانون يؤدي امام البرلمان اليمين القانونية التالية:

(اقسم بالله العظيم ان اقوم بمهام وظيفتي بصدق وامانة واخلاص وان اطبق القوانين والانظمة والتعليمات بامانة ونزاهة وحياد بهدف تثبيت مبدأ سيادة القانون ومحاربة الفساد).

ثانياً: يؤدي الرئيس مهامه وفق احكام هذا القانون ويكون مسؤولاً امام البرلمان حصراً.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە رەئیتان.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی نەزاهە هیچ تێبینیەکمان سەبارەت بە ماددەی هەشت نییە، پێمانوایە هەروەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش رەئیتان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەی نۆ کە بۆتە ماددەی هەشت لە بڕگەی یەکەمیان لە بەشی سوێند خواردندا، ئێمە گۆڕانکارییەکمان تێدا هەیە بەم شێوەیەی خوارەوە بێت و پێشکەشتان دەکەین:

(اقسم بالله العظيم ان اقوم بمهام وظيفتي بصدق وامانة ونزاهة وحيادية واخلاص وان اطبق القوانين والانظمة والتعليمات لمكافحة الفساد). (للقضاء على ظاهرة الفساد)مان لابردووە، ئەمە یەك.

دوو/ بە رەئی ئێمە فەقەرە دوو پێویست ناکات لەم ماددەیەدا هەبێت، داوا دەکەین ئیلغا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێت قسە بکات لەسەر ئەو ماددەیە؟ ناویان دەنووسین، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن، رێزداران (بەفرین حسین، حسن محمد، جلال علی، تارا ئەسعەدی، بشیر خەلیل، دکتۆر احمد وەرتی، عبدالله مام علی، صباح بیت الله، شڤان احمد، عمر نورەدینی، عمر صدیق)، کەسی تر هەیە؟ فەرموو بەفرین خان.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم باس لە بەرپرسیار بوونی سەرۆکی دەستەکە دەکات بەرامبەر بە پەرلەمان، پێموایە لە ماددەی دووەم لە سەرەتای یاساکە ئێمە ئەوەمان پەسند کرد، کەوا دەستەکە بەرپرسیارە، یان لە ژێر چاودێری پەرلەماندایە، ئینجا سەرۆکی دەستەکەش بۆ خۆی تاجێکە لەنێو هەیئەکەدا، پێویست بەوە ناکات جارێکی تر دووبارە بکرێتەوە، لەبەر ئەوە من پێم باشە هەر بڕگەکە هەڵبگیرێت، لەبەر ئەوەی لە ماددەی دووەم لە بیدایەتەوە پەسند کراوە، پێشنیاریش دەکەم ماددەیەك زیاد بکرێت، یان بڕگەیەك، ئەوەتا ببێتە حوکمە کۆتاییەکان، حوکمەکانی ئەم یاسایە، یان دەستەی نەزاهە ئەسەری رەجعی هەبێت و بتوانرێت لە رابردووشدا کاری پێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆر حەسەن کەرەم بکە.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر سوێندەکە هەیە، دیارە سوێندەکە دوورو درێژەو وشەی تیکراری زۆر تێدایە، هەروەها هەندێکی لە زیمنی مەهامی وەزیفەکەیەتی، بۆیە بە تەئکید ئەگەر کورت بکرێتەوە، لەوانەیە جوانترو وازیحتر بێت، من بەو شێوەیە دامرێشتووە:

(اقسم بالله العظيم ان اقوم بالمهام الموكلة الي بصدق وامانة واخلاص وان احترم الدستور والقوانين والانظمة)، لێرە تەعلیمات هاتووە، تەعلیمات تەتبیقی قانون ناکات، تەتبیقی قانون مەحکمە دەیکات، نیزامیش فەرمانبەر دەیکات، بۆیە لێرە زیاتر ئیحتیرام بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جلال علی کەرەم بکە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من زۆری کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار تارا ئەسعەدی کەرەم بکە.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر لەبەر صیاغەی عەرەبیەکەی، دەڵێت (اولاً: قبل ان يتولى الرئيس مهامه وصلاحياته المقررة بموجب هذا القانون يؤدي اليمين القانونية والذي ينص على)، بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، هاوڕاشم لەگەڵ لیژنەی یاسایی کە شێوەی قەسەمەکە بەو شێوەیە بێت گرنگە، کە پیشان بدرێت لایەنی فەسادەکە، ئەو مەبەستی چیە؟ لە چیدا تەتبیقی دەکات؟ ئەویش بۆ نەهێشتنی فەسادە لەناویان، لەگەڵ ئەوەشم کە دووەم لابرێت، چونکە دووبارەیە، هەروەکو هاوکارانم ئەو شتەیان گوت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر بەشیر کەرەم بکە.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت سوێندەکە من هاوڕام لەگەڵ لیژنەی یاسایی، کەوا هەندێك سیفاتەکانیان کورت کردۆتەوە (بصدق وامانة) سیفەتەکان زۆرە، ئەوان کورتیان کردۆتەوە، بەڵام (محاربة الفساد) لە ئەهدافی سوێندەکە لە

ئاخیرییه، مەفروزە بێتە پێشەوە، واتا (بهدف محاربة الفساد) ئینجا (وتثبیت مبدأ سیادة القانون)، لەبەر ئەوەی لە مهامی هەیئە لە پێشەوە موحارەبەی فەساد هاتووە، هەمیش وا نیشان بدرێن لە سوێندەکەش، کەوا ئیشی یەکەمی ئەو رەئیسە ئەوەیە موکافەحەی فەساد بکرێت، ئینجا مەبدەئی سیادەی قانون بۆ خۆی تەنفیز دەکرێت، لە دووەم منیش لەگەڵ ئەوەم لابدرێت، بەلاّم نیوەی لابدرێت، نیوەی یەکەمەکە لابدرێت، چونکە پێویست بەوە ناکات و حاصل تەحصیلە، بەلاّم نیوەی دووەم مەسەلەن وای لێ بێت (یکون الرئیس مسؤولاً امام البرلمان حصراً)، تا جێگەکەی دیار بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆر احمد وەرتی کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەو رەئیەی لیژنەی هاوبەشم لە زیاد کردنەکەیدا بۆ فەقەرەی دووەم، من پێم باشە لەدوای تەواو بوونەکەی، کە کەوانەکە دادەخرێت بڕگەی ئەخیری فەقەرەی دووەم (ویکون مسؤولاً امام البرلمان حصراً)، لەگەڵ خاڵی یەکەمدا زیکر بکرێت، چونکە ئەوەی لە ماددەی دوودا هاتبوو، ئەمە تایبەت بوو بە هەیئە، یەعنی هەیئە بەشێوەیەکی گشتی بەرامبەر پەرلەمان خازیعە بۆ رەقابەی پەرلەمان، بەلاّم ئەوەی ئێرە باس لە بەرپرسیاریەتی مەسئوولی هەیئەکە دەکات، یان رەئیسی هەیئە، ئەو رەئیسی هەیئەیە مەسئوولە بەرامبەر بە پەرلەمان، سەبارەت بە سەرەتای سوێند خواردنەکەش (اقسم بالله العظیم ان اقوم بمهام)، پێموایە وشەیەك لێرە پێویستە ببێت، کە بەو شێوەیە (اقسم بالله العظیم ان اقوم بتنفیذ مهام وظیفتي)، چونکە لەکوردیەکەشدا ئەگەر خوێندرایەوە، دەڵێت (هەڵبستم بە جێ بەجێ کردنی، یان ئەنجامدانی ئەرکەکانم)، یەعنی لێرە ئەنجامدانی، یان جێ بەجێ کردنی دەبێتە تەنفیز، نەك (ان اقوم بمهام)، یەعنی (ان اقوم بتنفیذ مهام وظیفتي)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عبدالله علی کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالله علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دەست پێ کردنەکەدا دەڵێت (بەر لەوەی سەرۆك دەست بە کارەکەی بکات)، بە رەئی من دوای قبوڵ کردن، یان هەڵبژاردنی لەلایەن پەرلەمانەوە، ئەم جوملەیە بۆ ئەوە بگۆڕێت.

دووەمیش/ درێژی سوێندەکە، من لەگەڵ ئەو برادەرانە هاوڕام، بەلاّم لە صیغە کوردیەکەدا ئەوەی مولاحەزە دەکەم، ئەم یاسایە بۆ نەخواردنی هەموو شتێکە، ئێمە لە پێشەوە سوێند دەخۆین، ئەگەر لە پێشەوە بیگۆڕین، بڵێین سوێند بێ بە یەزدانی مەزن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار صباح بیت الله کەرەم بکە.

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ لیژنەی یاساییمە، بەڵام حەقیقەت دەربارەی ئەگەر سوێند خواردن ڤێ ڕەنگێ بێتن بنووسین (اقسم بالله العظیم ان اقوم بمهام وظیفتي بصدق وامانة ونزاهة وحیادیة واخلاص وان اطبق القوانین والانظمة والتعلیمات لمكافحة ظاهرة الفساد)، بە ڕەئی من زیاتر موحارەبەی زاهیرەی فەساد ببێتە موكافەحە.

(ثانیاً) بەرەئی من بێتە هەڵگرتن، چونكە لە ماددەی دووەمدا هاتووە (وتكون لها شخصیة معنویة تخضع لرقابة البرلمان)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شڤان احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر حیادی هەیە لە سوێند خواردنەکەدا هاتووە، ئەو حیادییە معیارێك نییە ئینسان بە حیاد دیار بكات، یەعنی معیارێکی مەعنەوییە، من بە پێویستی نابینم بکەینە ماڵ لەسەر خۆمان، بۆ من حیادییە، بەڵام بۆ خەڵێکی تر حیادی نییە، ئەمە هەر زیکر نەکەین باشترە، بڕگەی دووەمیش/ من هاوڕام لەگەڵ کاك خەلیل (ویكون الرئیس مسؤولاً امام البرلمان حصراً)، چونکە لە هیچ شوێنی تردا نەهاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عمر نورەدینی کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی بڕگەی دووەم، منیش تەئیدی لیژنەی هاوبەش دەکەم، کە ئەم بڕگەیە نەمێنێت، بۆ؟ چونکە لە ماددەی دووەمدا هەیئەتەکە هەمووی خۆی ملکەچە بۆ ڕەقابەو چاودێری پەرلەمان بە سەرۆکەکەشیەوە، چونکە کەسایەتی مەعنەوی هەیە، لێرەدا هاتووە دەڵێ (ویكون مسؤولاً امام البرلمان حصراً)، بە ڕەئی من ئەگەر ئەمە بهێڵدرێتەوە جۆرێك لە تەناقوزی تیایە، لەگەڵ ماددەی رابردوو، بەتایبەتی ئەو بڕگەیەی پەیوەندی بە پێکهێنانی لیژنەی تەحقیقیەوە هەیە، لەگەڵ سەرۆکی دەستە، چونکە لەوێ ئەو لیژنەیە تەنها لەلایەن پەرلەمانەوە پێك ناهێنرێت، بەڵكو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیش بەشێك دەبێت لەو لیژنەیە، بۆیە پێویستە ئەوە لاببرێت، بە ڕەئی من، چونکە ئەو دەمی لەوێشەوە، لە پێکهێنانی ئەو

ليژنەيەوە جۆرێك لە تێكەڵيمان بۆ دروست دەبێت، ئەگەر ئەمە بهێڵينەوە، دەبێت ليژنەی تەحقيقی تەنها لە پەرلەمان پێك بهێنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عمر هەورامی كەرەم بكە.

**بەڕێز عمر صديق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبينيم تەنها لەسەر ئەو ڕستەی پێش سوێندەكەيە، پێشنيار دەكەم صياغەكەی بەم شێوەيەی لێ بكرێت، ئەويش لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی ئەو تەسەلسولەی كە ئەو كەسەی كە دەبێتە سەرۆكی دەستەو تيای تێ دەپەڕێت، تەرابوت و پەيوەندی پێكەوە هەبێت، هەروەكو لە ياساكەدا هاتووە، يەكەم جار ئەو كەسەی كە دەبێتە دەستە، خۆی دەپاڵێوێت، پاش ئەوەی لەگەڵ دوو كەسی تر دێتە پەرلەمان و لە پەرلەمان هەڵدەبژێردرێن، ئينجا پاش ئەوەی لە پەرلەمان هەڵبژێردرا، دەبێت سوێند بخوات، بۆ ئەوەی ئەركەكە بگرێتە دەست، بۆيە من پێشنيار دەكەم، بەم شێوەيەی لێ بكرێت: (پاش ئەوەی سەرۆكی دەستە لەلايەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت ئەم سوێندە دەخوات، بۆ ئەوەی ئەرك و دەسەڵاتەكانی لەم ياسايەدا هاتوون بگرێتە دەست)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا تەواو بوو، ليژنەی هاوبەش ڕەئيتان لەسەر موداخەلەكان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەيی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی هەموومان موتەفيقين لەسەر ئەوەی سوێند خواردنەكە چەند كورت بكرێتەوە، ئايا وشەيەك پێش بخرێت، پاش بخرێت؟ ئەوە كێشە نييە، تەنها ئێمە سەرۆكی دەستە لە كاتی سوێند خواردنەكە پابەندی بكەين، بەچی؟ بڕگەی دووەم لابدرێت، لەبەر ئەوەی لە ماددەی دووەمدا ئێمە دەنگمان بۆ داوە، كەوا لە ژێر چاودێری پەرلەمان دەبێت، هەروەها ئەو ماددەيەی پێشوو كە ئێستا دەنگمان بۆدا ماددەی حەوت، سەرۆكی دەستە لە لايەن پەرلەمان دادەنرێت و دوای ئەوەی تەرشيح دەكرێت لەلايەن ئەنجومەنی دادوەری، پەرلەمان بۆی هەيە لە پۆستەكە لايبدات، بۆيە پێويست ناكات لێرە باسی بكەين، هەروەها لەبەر ئەو هۆيانەی كە مامۆستا عمر نورەدينی ڕوونی كردەوە، سەبارەت بە وشەی حيادی، بێ لايەنی، دەبێت ئەو وشەيە هەبێت و پابەندی بكەين، كەوا بێ لايەنی كارەكەو ئەركەكانی جێ بەجێ بكات، ئەگەرنا چ قيمەتێكی دەمێنێ، بۆ ئێمە ئەركێكمان هاوێشتە سەر ئەنجومەنی دادوەری، كەوا تەرشيحی سێ كەسمان بۆ بكەن، دواتر بێتە پەرلەمان و پەسندی بكەين، هەر بۆ زەمانەتی ئەو بێ لايەنيە لە كاتی جێ بەجێ كردنی ئەرك و مەهامەكانی پێ ڕاسپێردراوە، وشەی وەزيفەكە (مهام وظيفتي)، ئێمە هەر سێ ليژنە

لەگەڵ ئەوەین کەوا بگۆڕدرێت بۆ ئەو ئەرکانەی کەوا پێی رادەسپێرێ لە عەرەبیەکەش (اقسم بالله العظيم ان اقوم بالمهام الموكلة الي)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی نەزاهە هەڵبەتە هیچ ئیشکالیەتێکمان نییە لەسەر ئەوەی کەوا سوێند خواردنەکە دەستکاری بکرێت، لەبەر ئەوەی دەبێتە شتێك وەکو تەحصیل حاصل، کە ئەو بەڕێزە سوێندی خوارد، بۆ ئەوەی ببێت بە سەرۆکی ئەو هەیئەتە، بەلاَم سەبارەت بە خاڵی دووەم، کە دەڵێت لابردنی ئەوە بێت (يؤدي الرئيس مهامه وفق احكام هذا القانون ويكون مسؤولاً امام البرلمان حصراً)، ئێمە وەکو لیژنەی نەزاهە سورین لەسەر رەئی خۆمان، کەوا ئەو خاڵە بمێنێت، لەبەر ئەوەی لە خاڵی دووەم راستە ئێمە دەنگدانمان لەسەری کردووە، بەلاَم لە ماددەی دووەم ئێمە هەیئەکەمان مەلکەچ کردووە، بۆ ئەوەی لەژێر رەقابەی پەرلەماندا بێت، پەرلەمان ئەدائی ئەو هەیئەتە چاودێری دەکات، بەلاَم خۆ دەبێت سەرۆکی ئەو هەیئەتە مەسئوولیەتی هەبێت بەرامبەر بە جیهەتێك، ئایا ئەو جیهەتە کوێ بێت؟ ئێمە لە لیژنەی پەرلەماندا، ئێستا کاتی کار کردنمان خۆمان لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی، ئەگەر بێتو هەیئەی نەزاهەش دروست بێت، ئەو کاتە دەزانین کەوا پەرلەمان چەند پێویستی بەوە هەیە ئەو دوو هەیئەتە هەبێت، کەوا کاریان لەگەڵدا بکات و ئەوانیش لەکاتی کارکردندا دەزانن کەوا موخاتەبەی کوێ دەکەن، مەسئوولیەتیان بەرامبەر چ جیهەتێك دەبێت، بۆیە ئێمە پێمان زەرورە ئەو خاڵە بمێنێتەوە، پاشان بەڕێزێك باسی ئەوەی کرد کەوا دەڵێت ئەمە تەناقوز دەکات لەگەڵ ماددەی پێشی خۆی، کە لە خاڵی شەشەمدا دەڵێت (ئەگەر هاتو لیژنەیەك تەشکیل کرا بۆ تەحقیق کردن لەگەڵ ئەو سەرۆکە بۆ لابردنی)، بەڕێزان، ئەو لیژنەیە کە دروست دەکرێت، تەنها تەوصیە دەدات، ئەو بڕیار نادات، چونکە لە خاڵی پێشی باسی ئەوە دەکەین، کە کاتی هاتو ئیعفا کرا، سەرۆکی ئەو هەیئەتە بە قەرارێکی پەرلەمان دەکرێت، کەواتە ئەوان کاتێك تەحقیق کردنەکە جێگری سەرۆکی پەرلەمان و جێگری ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ دادوەرەکان، ئەوان تەنها لیژنەی تەحقیق تەوصیە دەکەن، بەڵکو بڕیارەکە لەلایەن پەرلەمانی بەڕێزەوە دەبێت، بۆیە ئێمە دیسانەوە دەڵێین وەکو لیژنە سورین لەسەر ئەوەی کەوا دووەم بمێنێتەوەو مەسئوولیەتی سەرۆکی ئەو هەیئەتە بەرامبەر بە پەرلەمان بێت حەسرەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارێك هەبوو كە دووەم لابچێت، چونكە لە ماددەی پێشتر نائیب سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەندامە لەوێ، لەبەر ئەوەی بۆ ئەو پێشنیارە رەئی لیژنەی هاوبەش وەردەگرین، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین وەكو لە راپۆرتەكەماندا هاتووە، بڕگەی دووەم لەو ماددەیە پێویست ناكات و لابدرێت، تەنها بە یەك بڕگە بمێنێتەوە، وشەی یەكەم و دووەمیش هەڵبگیرێت، تەنها سوێند خواردنەكە بێت، كیفایەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، وەكو لە لیژنەی هاوبەش هاتووەو چەند ئەندامێكی پەرلەمانیش داوایان كرد بڕگەی دووەم لابچێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (54) ئەندامی بەڕێز لەگەڵە لابچێت، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (5) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كراو لاچوو، ئێستا ماددەكە بەبێ بڕگەی دووەم بخوێننەوە بەكوردی، پاشان بە عەرەبی، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی هەشتەم:**

**(سوێند بە خوای گەورە دەخۆم ئەو كارەی پێم سپێردراوە بەراستگۆیی و ئەمانەت و دەستپاكی و بێ لایەنی و دڵسۆزانە جێ بەجێ بكەم ویاساو پەیڕەو و رێنماییەكان بە دادوەری پیادە بكەم بۆ نەهێشتنی گەندەڵی).**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الثامنة:**

**قبل ان يتولى الرئيس مهامه وصلاحياته المقررة بموجب هذا القانون يؤدي امام البرلمان اليمين القانونية التالية:**

**(اقسم بالله العظيم ان اقوم بالمهام الموكلة الية بصدق وامانة ونزاهة وحيادية واخلاص وان اطبق القوانين والانظمة والتعليمات لمكافحة الفساد).**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (55) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (4) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەی دە لە ئەسڵی پرۆژەکە دەکاتە ماددەی نۆ، فەرموون.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەسڵی پرۆژەکە ماددەی (10)یە دەبێتە ماددەی نۆ: سەرۆك ئەم ئەرکانەی خوارەوە ئەنجام دەدات:

یەکەم: بەڕێوەبردنی هەموو کارەکانی دەستەو مسۆگەر کردنی بە جێ گەیاندنی ئەرکەکانی لە سنووری یاسادا، بە جۆرێك بەدیهێنانی ئامانجەکانی مسۆگەر بکات.

دووەم:

1- ئامادە کردنی بودجەی دەستەو میلاکی فەرمانبەرانی و دانانی خشتەیەکی تایبەت بە مووچەی فەرمانبەرو کارمەندانی و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ناردنی بۆ پەرلەمان بە مەبەستی پەسند کردنی.

2- بەخشینی پاداشت بۆ غەیری کارمەندانی.

سێیەم: کردنەوەی نووسینگەو لقەکانی دەستە لە پارێزگاکانی هەرێمداو بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- بەشەکانی لق لەلایەنی تەکنیکەوە، بەپێی پسپۆرییان بە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دەستەوە دەبەسترێتەوە.

2- فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی لق بەڕێوە دەبات بەلای کەمی بڕوانامەی زانکۆی لە یاسادا بەدەست هێنا بێت و خزمەت کردنی لە مەیدانی پسپۆرییەکەیدا لە (15) ساڵ کەمتر نەبێت، ئەو کەسانەی بڕوانامەی ماجستێریان لە یاسا بەدەست هێناوە دوو ساڵ و ئەوانەی بڕوانامەی دکتۆرایان لە یاسا بە دەست هێناوە پێنج ساڵیان لەو ماوەیە بۆ دادەشکێندرێت، ماوەی خوێندن بۆ بەدەست هێنانی هەردوو بڕوانامە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە بە ماوەی کارکردن ئەژمار دەکرێت، یان دادوەر بێت لە پۆلینی دووەم کەمتر نەبێت.

چوارەم: دەرکردنی ڕێنمایی بۆ ئاسانکردنی بەجێ هێنانی حکومەکانی ئەم یاسایە، لەوانەش سیستەمی پشکنین دەربارەی بەرژەوەندییە داراییەکان و مسۆگەر کردنی جێ بەجێ کردنی.

پێنجەم: پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی دەوری هەرچوار مانگ جارێك بۆ پەرلەمان، یان هەر کاتێك پێویست بوو چالاکیەکانی دەستەو کورتەیەك لەو دۆزانەی لێکۆڵینەوەیان تێدا کراوەو ئەوانەی داخراون و ئەوانەی ڕەوانەی دادگاکانی تایبەتمەند کراون، لە خۆ دەگرێ و ڕێگا بە جەماوەرو هۆبەکانی ڕاگەیاندن دەدرێ ئاگادارییان دەربارەیەوە هەبێت.

شەشەم: مافی گرێبەستان لەگەڵ هاوکارە نهێنیەکان چ لە فەرمانبەرانی هەرێم، یان هی دیکە بن.

حەوتەم: دەرکردنی فەرمانەکانی تایبەت بە پشکنین و گەڕان و بەکارهێنانی ئامێرەکانی لێگەڕان و تۆمار کردنی نهێنی تایبەت بەکاری دەستەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە عەرەبیش کەرەم بکەن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

يمارس الرئيس المهام الاتية:

اولاً: ادارة جميع اعمال الهيئة وضمان تأديتها لواجباتها في حدود القانون بما يضمن تحقيق اهدافها.

ثانياً:

1- اعداد ميزانية الهيئة وملاكها الوظيفي ووضع جدول خاص برواتب موظفيها ومنتسبيها وبالتنسيق مع وزارة المالية، وعرضها على البرلمان للمصادقة عليها.

2- منح مكافأت لغير العاملين.

ثالثاً: فتح مكاتب وفروع للهيئة في محافظات الاقليم وعلى الشكل الاتي:

1- ترتبط اقسام الفرع من الناحية الفنية بالمديريات العامة في الهيئة وحسب الاختصاص.

2- يدير الفرع موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية في القانون على الاقل وله خدمة مدة لاتقل عن خمسة عشرة سنة في مجال الاختصاص، وتنزل من هذه المدة سنتان بالنسبة للحاصلين على شهادة الماجستير في القانون وخمس سنوات بالنسبة للحاصلين على شهادة الدكتوراه في القانون، وتعتبر مدة الدراسة الصغرى للحصول على اي من الشهادتين مدة ممارسة لاغراض هذا القانون، او قاض لايقل صنفه عن الصنف الثاني.

رابعاً: اصدار التعليمات لتسهيل تطبيق احكام هذا القانون بما فيها نظام الكشف عن المصالح المالية وضمان تنفيذها.

خامساً: تقديم تقرير دوري كل اربعة اشهر للبرلمان او كلما اقتضت الحاجة يتضمن نشاطات الهيئة وموجزاً عن القضايا التي تم التحقيق فيها والتي تم غلقها والتي احيلت الى المحاكم المختصة ويسمح للجمهور ووسائل الاعلام الاطلاع عليه.

سادساً: حق التعاقد مع المتعاونين السريين سواءاً كانوا من موظفي الاقليم او من غيرهم.

سابعاً: استحداث اقسام في الهيئة حسب مقتضيات العمل.

ثامناً: اصدار اوامر خاصة بالتفتيش والتحري واستخدام اجهزة التحري والتسجيل السرية الخاصة بعمل الهيئة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە رەئیتان.

**بەڕێز د.سەرووەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (9): ماددەی (10)یە لە ئەسڵی پرۆژەکە، ئێمە چەند تێبینیەکمان هەیە:

یەکەم: وشەی (هەموو) لابدرێت.

دووەم: دەستەواژەکە بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە.

1- ئامادەکردنی بودجەی دەستەو میلاکی فەرمانبەرانی و ناردنی بۆ پەرلەمان بە مەبەستی پەسەند کردنی.

2- لە کۆتایی رستەکەدا وشەی (دەستە) زیاد بکرێت.

سێ یەم: وشەی (نووسینگە) لابدرێت.

1- دەستەواژەی (بەپێی پسپۆرییان) لابدرێت.

2- دەستەواژەی (لە پۆلینی دووەم کەمتر نەبێت) لە کۆتایی رستەکەدا لاببرێت.

بڕگەیەکی تر زیاد بکرێت و بەم شێوەیە:

چوارەم: داوا لە ئەنجومەنی دادوەری بکرێت بە تەنسیبکردنی لێکۆڵەری داد بۆ کارکردن لەو دەستە.

ریزبەندیی بڕگەکان لێرەوە گۆڕانیان بەسەر دادێت:

پێنجەم: لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

شەشەم: لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

حەوتەم: دووبارە بڕگەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

پێدانی پاداشتی دارایی بە هاوکارە نهێنیەکان.

هەشتەم: لیژنە تێبینیی لە بارەیەوە نییە.

نۆیەم: دووبارە بڕگەکە دابڕێژرێتەوە بەم شێوەیە:

دەرکردنی فەرمانی تایبەت بە چاودێری و پشکنین وگەڕان و بەکارهێنانی ئامێرەکانی لێگەڕان و تۆمارکردنی نهێنیی تایبەت بەکاری دەستەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش رەئیتان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە چەند تێبینیەکمان لەسەر ئەو ماددەیە هەیە:

ماددەی دەیەم لە ئەسڵی پرۆژەکە دەبێتە ماددەی نۆیەم:

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم (اولاً) هەروەکو لیژنەی نەزاهەش پێشنیاریان کردووە کەوا وشەی (جمیع) پێش وشەی (اعمال) هاتووە لابدرێت، لەبەر ئەوەی ئەعمال هەمووی دەگرێتەوە، هەموو کارەکان دەگرێتەوە، ئەو وشەیە پێویست ناکات.

سەبارەت بە بڕگەی دووەم/ 1-دوای ئەوەی کە ئامادە کردنی بودجەکە دەکرێت (ملاکها الوظیفي)، لەوێ عیبارەك زیاد بکرێت (بالتنسیق مع وزارة المالیة)، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی، ئێستا خۆمان بودجەمان لەبەردەستەو بەنیسبەت میلاکات کێشە هەیە، چۆن هەموو وەزارەتەکان رێکیان خستووە، بۆیە پێشنیار دەکەین (بالتنسیق مع وزارة المالیة) لە دوای (ملاکها الوظیفي)، زیاد بکرێت.

سەبارەت بە بڕگەی سێیەم، زۆر باس لە وردەکاری کراوە لە خاڵی یەك و دووەم، ئێمە پێشنیار دەکەین خاڵی یەك و دوو پێویست ناکات و لابدرێت، تەنها بڕگەی سێ (فتح فروع للهیئة في محافظات الاقلیم)، (وعلى الشكل الاتي)، ئەو وردەکارییە پێویست ناکات، ئەوە خۆیان دەتوانن و دەسەڵاتی خۆیانە ئەو کارانە بکەن، شوێنی ئەوەی نییە لە یاسا ئەو وردەکارییە باس بکرێت.

بڕگەی چوارەم، باس لە دەرکردنی رێنمایی دەکات، ئەو بڕگەیەش پێشنیار دەکەین کەوا لابدرێت، لەو ماددەیە لابدرێت بچێتە حوکمە کۆتاییەکان، کە لەوێ دەسەڵاتەکانی پێ بدەین رێنمایی دەربکات، شوێنی ئێرە نییە.

بڕگەی پێنج و شەش هیچ تێبینیمان لەسەر نییە، بڕگەی حەوت، ئەوەش دەسەڵات بدرێتە سەرۆکی دەستە، واتا پێشنیار دەکەین لێرە لابدرێت بچێتە حوکمە کۆتاییەکان، لە شوێنی ئەو بڕگەیە پێشنیار دەکەین بڕگەیەکی تر زیاد بکرێت، ئەگەر لە یادتان بێت لە کاتی پەسند کردنی ماددەی پێنج، کە بڕگەی دوو پێشنیارمان کرد لابدرێت و شوێنی ئەو نییە، باس لە دەسەڵاتەکان دەکات، باس لە سەلاحیات دەکات، کە باس لە موحەقیقی عەدلی دەکرد، لەوێ پێشنیارمان کرد بڕگەکە لابدرێت لە ماددەکانی دواتر زیاد بکەین، شوێنی ئێرەیە، لە شوێنی بڕگەی حەوت بڕگە دووی ماددەی پێنج بێتە ئێرە، کە بەو شێوەیە بکرێتە بڕگەی حەوتەم (سابعاً: الطلب من الجهات ذات العلاقة بتنسیب محققین عدلین للعمل في الهیئة)، لەبەر ئەوەی بۆ جێ بەجێ کردنی کارەکان پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی دادوەری دەبێت، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین بڕگەی حەوتەم لێرە لابدرێت و بچێتە حوکمە کۆتاییەکان، بڕگەی دووەمی ماددەی پێنجەم بەو صیاغەی ئێستا پێشکەشم کردن بێتە شوێنی، بڕگەی هەشتەم هیچ تێبینیمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ دەیەوێت موداخەلە بکات؟ ئەم ئەندامە بەڕێزانە دەیانەوێت موداخەلە بکەن، رێزداران (محمد شارەزووری، قادر حسن، عبدالسلام بەرواری، کاوە محمد امین، شوان کەریم، شلێر محی الدین، شڤان احمد، سەمیرە گۆران، بەفرین حسین، حسن محمد، جلال علی، جمال طاهر، پەروین عبدالرحمن، دڵشاد شەهاب، احمد وەرتی، شەونم محمد)، کەسی تر ماوە؟ نییە، فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من ئەم تێبینی و سەرنجانەم هەیە، سەرەتا لە خاڵی یەكەمەوە پێشنیار دەكەم بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە: (بەڕێوەبردنی هەموو كارەكانی دەستە لەسنووری یاسا بەجۆرێك ئامانجەكانی مسۆگەر بكات)، چونكە ئەم دەستەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە، یان بەدیهێنانی ئەمانج پێم زیادە، چونكە پێشنیاری ئەوە دەكەم.**

**سەبارەت بە بڕگەی دووەم/2-بەخشینی پاداشت بۆ غەیری كارمەندانی، لە هەمان كاتدا بڕگەی شەشەم/ مافی گرێبەست، لەڕاستیدا ئەوە دەچێتە ڕێنماییەكانی ئەو دەستەیەوە، لەم یاسایە پێموایە زیادە، چونكە ئەم دەستەیە دوایی دادەمەزرێت بە پەیڕەوێك، پەیڕەوێك بۆ خۆی دادەنێت، دوایی ڕێنمایی دەردەكات، هێنانی، یان ناوهێنانی هاوكارە نهێنیەكان بۆ یاسا، من پێموایە شتێكی زیادەیە، بۆیە ئەگەر بچێتە ڕێنماییەكانەوە، لە هەمان كاتدا لەگەڵ ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاساییم، خاڵی چوارەمی ئەویش دەركردنی ڕێنماییەكان بچێتە ماددەی حوكمە كۆتاییەكانی ئەم یاسایە، سوپاستان دەكەم.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار قادر حسن كەرەم بكە.**

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**منیش تێبینیم لەسەر ماددەی (9) كە لە ئەسڵی پرۆژە یاساكەدا ماددەی دە بوو، لە بڕگەی دووەم خاڵی دوو/ بەخشینی پاداشت بۆ غەیری كارمەندانی، منیش پێشنیار دەكەم، یان بچێتە ڕێنماییەكان، یان ئەگەر بمێنێتەوە بەو كراوەیە نەمێنێت، بەخشینی پاداشت سەقفەكەی دیاری بكرێت، مەبلەغەكە دیاری بكرێت، لەبەرامبەر چیشدا، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ڕێزدار عبدالسلام بەرواری كەرەم بكە.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من نوسخە عەرەبیەكەم پێیە، منیش لەگەڵ ئەو دوو برادەرەم لە داڕشتنەوەی لیژنەی هاوبەشە، كە (ثانیا)، یان ئەوەلەن هەر لابدرێت، دەبێتە (اعداد میزانیة الهیئة وملاكها الوظیفي ووضع جدول خاص بالتنسیق مع وزارة المالیة).**

**دووەم/ ئەوەی (ثانیا) لابدرێت، لەبەر چەند هۆیەك:**

**1- زۆر بە عام هاتووە، واتا هەر یەكێك كە لەناو ئەو دەزگایەدا نییە، دەتوانێت پارەی بداتێ بەو شێوەیە بەحەقیقەت داعی نییە، وەكو كاك قادر باسی كرد، ئەگەر شەش مایەوە دەتوانین لەوێ باسی بكەین.**

**(ثالثاً)، پێشنیارەكە جارێكی تر هی لیژنەی هاوبەش تەئیدی دەكەم بە تەعدیلێك، ئەگەر قەبول بكرێت، هەر لەوێ صافی بكرێت (فتح فروع للهیئة في محافظات الاقلیم ترتبط من الناحیة الفنیة بالمدیریات العامة**

في الهيئة حسب الاختصاص)، يەعنى حەلى بكەين، ئەگەر پێویست بوو من لەگەڵ ئەوەمە بڵێین (یدیرها موظف بدرجة مدیر)، چونكە من دەترسم ئەو باسە نەكەین، ئەو ئەساسی فیكرەكە لە پرۆژەكەدا هاتووە (یدیرها موظف بدرجة مدیر عام)، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، وەزارەتێكیش هەیە بەقەد ئەمە نابێت، سێ مودیر عامی هەیە، مودیر مەكتەبی هەیە، رەئیس و نائیبی هەیە بە دەرەجە خاصە، ئیتر سێ مودیر عامی هەیە، چوار، یان بڵێین تا پێنج رەئیس فەرعی دەبێت، ئەویش مودیر عام بێت، من تەسەور ناكەم ئەوە باش بێت لەسەر مەبدەئی تەرشیقی حكومەت بێت.

(سادسا) من دەڵێم ئەمە هەڵبگیرێت، چونكە زۆر كێشەی هەیە، وابزانم تەعیقدات و خروجە لە زۆر یاسا، چۆن دەكرێت لایەنێك گرێبەستێكی نهێنی لەگەڵ كارمەندێك لە كارمەندەكانی حكومەتی هەرێم ببەستێت، بە چ شێوەیەك؟ بە چ رێگای قانونی؟ صلاحیاتی چیە؟ حدودی چیە؟ ئەگەر ئێمە بمانەوێت تەسبیتی مەبدەئی قانون و شەفافیەت بچەسپێنین لە رێگای ئەو دەستەیە، ئەم موتەعاون سری و شتە دوورە لێی بە تەسەوری من، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار كاوە محمد امین كەرەم بكە.

**بەڕێز كاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی (دوو/ 2) لیژنەی یاسایی ئیقتیراحیان كرد لابیرێت، بەڵام ئەگەر لا نەچوو، من پێم باشە وای لێ بكرێت (بەخشینی پاداشت بۆ غەیری كارمەندانی دەستە)، لێرەدا تۆزێك كراوەیە، یەعنی مەرجدار نییە، لەوانەیە سەرۆكی دەستە دیار نییە دەداتە كێ؟ پێم باشە وا بكرێت مەرجدار بكرێت، (بە مەرجێك بۆ بەرژەوەندی و ئاسانكاری ئامانجەكانی دەستە بێت)، چونكە لەوانەیە دوای باش بەكار نەهێنانی نابێت ئەو میزانیە لەبەر دەستی دەبێت، كەموكوڕی تیا دەكەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدارشوان كەریم كەرەم بكە.

**بەڕێز شوان عبدالكریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت سێیەمەوە، من هاوڕام لەگەڵ لیژنەی هاوبەش، كە یەك و دووی ئەو سێیەمە نەمێنێت، هەروەها پێشنیار دەكەم كە حەوتەم لیژنەی هاوبەش دەڵێت بخرێتە ئەحكامی خیتامی، من پێموایە هیچ جیاوازییەكی نییە، لەگەڵ (فتح مكاتب وفروع للهیئة في محافظات الاقلیم)، ئەویش ئیستیحداسە، ئیستیحداس و كردنەوە، راستە ئەو ئەقسامە، جیاوازییەكی ئەوتۆی نییە، هەردووكی دوو شتی تازەیە، سەرۆكی ئەو دەستەیە بۆی هەیە دایمەزرێنێت، یان بیكاتەوە، راستە، لەوانەیە لە رووی ئیدارییەوە مەكاتب و فروع فراوانتر بێت، بەڵام قسمیش لەناو هەیئەكەدا هەیە، لە فەرعێك، یان لە مودیریەتێكدا

هەیە، هەر دەسەڵاتی ئەوە، بۆچی ئەوە بچێتە ئەحکامی خیتامی؟ ئەمە لێرەدا بمێنێتەوە، من پێموایە بکرێت (ثالثاً: فتح مكاتب وفروع للهيئة في محافظات الاقليم واستحداث اقسام حسب مقتضيات العمل)، ئەو دووانە بکرێن بە یەك، ئەوەی یەك.

دووەم/ (سادساً) منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو هاوکارانەم کە باسیان کرد، (حق التعاقد مع المتعاونين السريين)، یەعنی بەڕاستی ئەمە لەکوێی یەکەمدایە، کە (اعداد ميزانية الهيئة وملاكاتها الوظيفي) لەوێ لەکوێ جێ دەبێتەوە، کە تۆ بە نهێنی گرێبەست لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵك بکەیت، بەڕاستی لەکوێی ئەو میزانیەو ئەو میلاکە جێ دەبێتەوە، دوای ئەوە بەڕاستی زۆر ڕێگا خۆش دەکات، بمبورن ئەم دەستەیە بۆ نەهێشتنی گەندەڵییە، هەم دیسان ڕێگا خۆش دەکات، من سەرۆکی ئەم دەستەیەم لە خۆمەوە دەڵێم (20) کەسم هەیە تەعاقودم لەگەڵیان کردووە بە نهێنی و پارەی مانگانەی دەدەمێ یەکی ملیۆنێك دینار، تکام وایە ئەمە بەڕاستی ئێمە دەمانەوێت ڕێگا لە گەندەڵی بگرین، جارێکی تر بۆ خۆمان بە یاسایەك فەقەرەیەك دادەنێین، لەگەڵ ڕێزمدا، هەر کەسێك دەبێتە سەرۆکی ئەو دەستەیە مەجالی گەندەڵی بۆ دەکەینەوە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شلێر محی الدین کەرەم بکە.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەندێك تێبینیم هەیە لەسەر صیاغە کردنی ئەو خاڵانە، یەکەم/ لە خاڵی یەکەم دوو جار مسۆگەر کردن دووبارە بۆتەوە، بۆیە حەز دەکەم بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە (بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی دەستەو بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی بەجۆرێك بەدیهێنانی ئامانجەکان لە سنووری یاسادا مسۆگەر بکات)، ئەو دوو مسۆگەرە لابدرێت، بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە.

لە دووەم، خاڵی یەکەم/ ئامادە کردنی بودجەی دەسەڵات میلاکی فەرمانبەران، بکرێتە سەرپەرشتی ئامادە کردنی بودجەی دەسەڵات، چونکە تەنها ئامادە کردنی بودجە ئەرکی سەرۆك نییە، بەشەکانی لق بە بەڕیوەبەرایەتیە گشتیەکانی دەستە ببەسترێتەوە لەلایەنی تەکنیکیەوە بەپێی پسپۆری.

دووەم، لە خاڵی دووەمدا هاوڕام لەگەڵ ڕەئی بەڕێز کاك عبدالسلام، بەڕاستی ئەوە ناگونجێت ئەو هەموو پلە وەزیفیە لەناو ئەو هەیئەیە لەگەڵ مەبدەئی تەرشیق، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شڤان احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر بڕگەی یەکی دووەم هەیە، (ثانیاً) لە بڕگەی یەك من دەبینم کاملەتەن مەهامی ڕەئیس لە زیمنی مەهامی هەیئە بێتن، کە خۆی ڕەئیسی ئەو هەیئەیە، یان هی ئەو دەستەیە، ئەوە لە زیمنی مەهامی هەیئە دەبێت، نەك مەهامی ڕەئیس، هەر ئەو تێبینیەم هەیە، هاوڕامە لەگەڵ بڕگەی حەوت لیژنەی یاسایی پێشنیاری کرد بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سمیرە گۆران کەرەم بکە.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم لە ئەسڵی پرۆژەکە، باسی دووەممان کرد ئەوەلەن ئەوە هیچ صیاغەکەی کرا دووەم لابچێت، منیش لەگەڵ ئەوەدا بووم، هەم فەقەرەی دووەم (فتح مکاتب وفروع للهيئة في محافظات الاقليم)، ئەگەر بکرێت (تأسيس مكاتب تحقيق) لە قەزاو ناحیەکانیش دابنرێت، ئەویشم پێ باشە، زۆر ئەم شتانە باسی ئیستیحداس و ئەوانەش دەکرێت لەگەڵ هەیئە، ئەگەر فەقەرەیەك لێرە زیاد بکرێت (اصدار نظام داخلي خاص بتشكيلات دوائر الهيئة) لەجیاتی ئەو ئیستیحداس و ئەو شتانە کە نیزامی داخیلی دەیگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار صباح بیت الله کەرەم بکە.

**بەڕێز صباح بيت الله شكري:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی نۆ (ثانياً/1) بەرەئی من ڤێ ڕەنگا بێتە داڕشتن (اعداد ميزانية الهيئة وملاكها الوظيفي لدرجها ضمن الموازنة العامة للاقليم للمصادقة عليها من قبل البرلمان)، بە رەئیا من ئەڤەی دیکە زێدەیە.

(ثالثاً/ فتح مكاتب وفروع للهيئة في محافظات الاقليم على ان يديرها موظف بدرجة مدير عام)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار بەفرین حسین کەرەم بکە.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەکانی من کران، بەس یەك خاڵی بچووك ماوە ئاماژەی پێ بکەم، ئەویش باس لە کردنەوەی نووسینگەو فەرعەکان دەکات هی دەستە لە پارێزگاکانی هەرێم، بەڵام ئێمە نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە ئیداراتی سەربەخۆمان هەیە، ئیدارەی گەرمیانمان هەیەو لە داهاتووشدا ئیداراتی تر دەکرێتەوە، بۆیە نابێت ئەوانە پشتگوێ بخرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، رێـزدار دکتـۆر حەسـەن کـەرەم بکـە، تکایـە موقەیـەت بـن نەبێتـە حکومـەت لـەناو حکومـەت، چونکە ئێمە حکومەتی خۆمان هەیە، فەرمانبەران هەن، جێگای ئیعتیمادن، جێگای ئیحتیرامن، هەیئەتێکی مەرکەزی بەقوەت هەبێت موتابەعە بکات، یەعنی زۆر زۆر ئەوەی پێ نەکرێتن، کەرەم بکە، فەرموو.**

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە رەئی منیش هەندێك لە فەقەرەتەکانی ئەو ماددەیە زیادە، هەندێك فەقـەرە پێویستـە لـەناو ماددەکـەدا هەبێت، هەروەکو لیژنەی هاوبەش تەئکیدیان لەسـەر کـرد، لەوانـە خـاڵی (اولاً: ادارة جميـع اعمـال الهيئـة)، منـیش نوسـخە عەرەبیەکـەم لەلایـە، بـە رەئـی مـن ئەمـەیان تەحصـیل حاصـلە، دەتـوانین لایبەیـن، بـۆ تەئکیدیش بمێنێت، دەکرێت وای لێ بکرێت (الاشراف الاداري والمالي  على الهيئة والموظفين والعاملين فيها). بەنیسبەت خاڵی دوو، خاڵی یەکەمیان زۆر دوورو درێژ کراوەتەوە، ئەگـەر هـەر یەکسـەر بکرێـت بـە (اقـرار الموازنة السنوية للهيئة وتقديمها الى البرلمان للمصادقة عليها)، ئەم هەموو تەفاسیلەی تری نەدەویست. خاڵی دووەمی (ثانياً) (منح مكافأة لغير العاملين)، منیش لەگەڵ ئەوەمە زیادە.**

**بەنیسبەت (فتح مكاتب وفروع الهيئة في محافظات) ئەمەشیان بە رەئی من یەکێکە لە مەهامی هەیئە، بۆیە ئەگەر لێرە لابچێت، چونکە ئێمە لەولا مەهامی هەیئەشمان هەیە، لەگەڵ ئیستیحداسی ئەقسام بکرێـت بـە یەك فەقەرە، بخرێتە سەر مەهامی هەیئە.**

**بەنیسبەت شەشەم، منیش لەگەڵ ئەوەم کە ئەمە لابچێت (التعاقـد مـع المتعـاونين)، چـونکە ئەمـە دروسـت کردنی جەیشێکی دەتـوانین بڵـێین موخابەڕاتیـە، شـەفافیەتی تیـا نییـە، جگـە لـەوەش هـیچ زەروری نییـە، خۆشی رەئیسی هەیئە بەپێی قانون دەتوانێت موکافەئە بدات بە هەر یەکێك کـە موتـەعاون بێـت لەگـەڵی، بۆیە زەروری نییە لێرە بێت.**

**بەنیسبەت شەشەم، هەروەکو باسمان کرد بکرێتە مەهامی هەیئە، من دوو، سێ پێشـنیارم هەیـە وەکـو دوو، سێ ماددە زیاد بکرێت، یەکێکیان لەوانە (تمثيل الهيئة لدى الغير)، چونکە رەئیسی هەیئە تەمسـیلی هەیئـە بکات لەو شوێنانەی کە پێویستە، لە هەر مەوقیعێك کە پێویست بێت.**

**دووەم/ ئێمە لە شوێنێ کە نائیبی بۆ دادەنرێت، رەئیسی هەیئە هەندێك لە سەلاحیاتی خۆی دەداتێ، بۆیـە پێویستە ئێمە لێرە لە مەهامی هەیئەکە تەئکید بکەینـەوە (لـرئيس الهيئـة تفـويض بعـض مـن صـلاحياته المنصوص عليها في هذا القانون والانظمة الصادرة بمقتضـى لنائبـه وللمـدراء العـامين او المفتيشـين العـاملين)، لەگەڵ لیژنەشم بەنیسبەت خاڵی ئەوەی داوا لە وەزارەتی عەدل بکات بۆ موحقیقینی عەدلی بـەپێی قـانون ئیزافە بکات، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، رێزدار جلال على کەرەم بکە.**

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی نۆ/ خاڵی یەكەم، راستە مەهامەكانی سەرۆكی دەستەكە ئەو شتانەی كە باس كراوە لە نووسینەكە، من كوردیەكەم لایە شتێكی بۆ ئیزافە بكرێت (بە ئامادە كردنی پەیڕەوی ناوخۆی دەستەكە)، یەعنی دەبێت سەرۆكی دەستەكە ئەمە بكات، من لەگەڵ رەئی لیژنەی هاوبەشم لە دووەمدا خاڵی یەكەم و دووەم یەك بخرێت، یان نەمێنێت، بەلاَم لەگەڵ مانەوەیدا ئامادە كردنی بودجەی دەستەو میلاكی فەرمانبەران و دانانی خشتەیەكی تایبەت بە مووچەی فەرمانبەران........

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لە دووەم، یان لە سێیەم.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خشتەیەكی تایبەت بە مووچەی فەرمانبەران، خشتەی تایبەت بۆ مووچەی فەرمانبەران، وا تێ دەگەم ئێمە نیزامی خۆمان هەیە، نیزامی رەواتب هەیە، خشتەی تایبەت نییە، ئەوە لابردنی شتێكی باشە، بەلاَم لە مانەوەیدا بەنیسبەت خاڵی دووەم/ بەخشینی پاداشت بۆ ئەو كارمەندانەی كە هاوكاری ئەركەكانی دەستەكە دەكەن، بۆ غەیری ئەوە، یەعنی ئەوە زۆرێك دەگرێتەوە.

بەنیسبەت سێیەم، خاڵی دووەم (فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی ئەرك و كاری لق بەڕێوە دەبات، نەك لق بەڕێوە دەبات، ئەرك و كاری لق بەڕێوە دەبات.

بەنیسبەت چوارەم، راست كردنەوەیەكە، بۆ ئاسان كردنی بەجێ هێنانی، حكومەكانی، نووسراوە، بكرێت بە حوكمەكانی.

پێنجەم/ بە مەسەلەی راپۆرتی دەوری ئەو برادەرانەی كە وەزیفەیان بینیوە، راپۆرتی دەوری دائیمەن و عادەتەن لە رووی یاساییشەوە سێ مانگ جارێك، یان شەش مانگ جارێك، چوار مانگەكە نەخرێت، شازە بەنیسبەت ئەو ئەرك و نیزامانەی لەناو عێراق و كوردستاندا هات بن، بۆیە پێشنیار دەكەم كە هەرسێ مانگ جارێك بێت، چونكە كە دەبێتە چوار تەقریر، چوار تەقریرەكە دەبێتە فەسلی تەواو، كە سێ مانگە.

بەنیسبەت خاڵی شەشەم، پشتگیری كاك عبدالسلام و برادەران دەكەم، بەڕاستی ماڤی گرێبەستن لەگەڵ فەرمانبەرانی هەرێم، بەڕاستی كفرە، تۆ سەرۆكی دەستەی، فەرمانبەرانی هەرێم دەهێنی، مەعاشێكی تری دەداتێ، بێ قسەی ئەم و ئەو بێنێ، بەنیسبەت ئەو خاڵەوە لەگەڵ ئەوەدام كە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار جمال طاهر كەرەم بكە.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت ڤى مادده پێشنیارم ئەوەیە لەجیاتی (یمارس الرئیس) بکرێت بە (یؤدي الرئیس المهام الاتیة).
(ثانیاً/ اعداد میزانیة الهیئة)، ئەوە ئیشی سەرۆکی هەیئە نییە، ئەوە ئیدارەیەك لێرە هەیە (شؤون اداریة ومالیة)، ئەوە ئیشی ئەوەیە، ئیختیصاصاتی ئەوەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم بکرێتە (الاشراف علی اعداد میزانیة الهیئة وملاکها الوظیفي جدول خاص رواتب موظفیها ومنتسبیها)، ئەوە هەموو حەزف بکرێت، تەنها بکرێت (الاشراف علی اعداد میزانیة الهیئة وملاکها الوظیفي وبالتنسیق مع وزارة المالیة وعرضها علی البرلمان للمصادقة علیها)، تەنیا ئیشراف کردن بێتن.
خاڵی سێیەم/ (فتح مکاتب وفروع)، ئایا ئێمە مەکتەب دەکەینەوە، یان فەرع، یەعنی ئەوە لێرە کەلیمەیەك نەقصە، یان مەکتەب دەکەینەوە، یان فەرع دەکەینەوە، نابێت (فتح مکاتب وفروع)، بۆیە چاکترە بکرێتە (فتح فروع)، چونکە فروع لەوانەیە ئیداریەن بەقوەتتر بێت و بەهێزتر بێت، (في محافظات الاقلیم).
خاڵی یەکەم (ترتبط اقسام الهیئة)، ئەوە بڕوات بۆ نیزامی داخیلی.
دووەم/ پێشنیار دەکەم بڕواتە ماددەی دوازدە، چونکە لەوێ تەشکیلاتی ئەمە هەیئەیە، ئەو مودیریاتی پێکهاتی باشتر دەبینم، خاڵی دووەم بڕواتە ماددەی دوازدە، ئەوێ شوێنێتی، نەك ئێرە.
سەبارەت بە (سادساً)، منیش پشتگیری برادەران دەکەم، کە حەقی (التعاقد مع المتعاونین السریین)، ئەوەش تۆزێك ئەوە دەبێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم (سادساً) بکرێت بە (اعتماد مایراه مناسباً من سبل مشروع للحصول علی المعلومات المتعلقة في مجال وظیفته)، زۆر سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، ڕێزدار پەروین عبدالرحمن کەرەم بکە.
**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەنیبسەت ماددەی نۆیەم، بڕگەی دووەم لە خاڵی دووەم/ بەخشینی پاداشت، من لێرە هاوڕام لەگەڵ کاك قادر، کە نیسبەی پاداشتەکە دیاری بکرێت، هەروەها هۆیەکەشی دیاری بکرێت، غەیری کارمەندان لەجیاتی کارمەندان بۆ ئەو کەسانەی کە موخبیرن بە خەبەری ڕاست.
هەروەها بەنیسبەت بڕگەی سێیەم/ خاڵی یەکەم/ دەڵێت بەشەکانی لق لەلایەن تەکنیکیەوە بەپێی پسپۆرییان بە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی دەستەوە ببەسترێتەوە، من پێم باشە بە سەرۆکی دەستەوە ببەسترێتەوە.
بەنیسبەت خاڵی شەشەم/ من هاوڕام لەگەڵ هاوکارانم، کە ماڤی گرێبەستەکە نەمێنێت، هەروەها پشتگیری ڕەئیەکەی لیژنەی نەزاهە دەکەم، کە لەجیاتی ئەو گرێبەستە موکافەئەی هاوکارە نهێنیەکان بکرێت چ فەرمانبەران لە هەرێم بێت، یاخود ئەوانەی دیکە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، ڕێزدار دڵشاد شەهاب کەرەم بکە.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی خاڵی دووەم لە ماددەکە، منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیە دام کە سەرۆك موکەلەف نییە بە ئامادە کردنی بودجە، هەیئاتی تر موکەلەفن، ئینجا ئەو بەرپرسیارە لە ئامادە کردنی، یاخود لە ئیشراف کردنی وەکو ئەوەی کاك جەمال ئیشارەتی پێ کرد.

زۆرێك لە ڕەئیەکانی من مامۆستا جەمال گوتی، سێیەم/ کردنەوەی نووسینگەو لق، فیعلەن ئەوە ئەگەر بۆ پارێزگاکانە، بکرێتە کردنەوەی لقەکانی دەستە لە پارێزگاو ئیداراتی هەرێم، لە ئیداراتیش ئەوانەی وەکو مامەڵەی پارێزگایان لەگەڵدا دەکرێت، لقی لێ بکرێنەوە، ئەگەر مەبەستیش نووسینگەکانی ناو هەیئەتەکەیە، ئیستیحداسی نووسینگەکان بکرێت، لێك جیا بکرێنەوە لە مەوزوعی موحافەزات، واتا نووسینگەو مەکاتبی تر لەناو هەیکەلەکەدا زیاد بکرێت و بۆ پارێزگاکان تەحدید بکرێت، کەوا لقی لێ دەکرێتەوە، ئیداراتیش زیاد بکرێت لەوێدا.

خاڵی دووەم، من لەگەڵ ئەوەدانیم، کەوا دیسان ئەمەش حەسر بکرێت ئیلا دەبێت بڕوانامەی لەبواری یاسادا هەبێت، پێموایە مەجالەکەی کراوەتر بهێڵین، سەرۆکی دەستە موناقەشەمان لێ کرد، بەلأم بەو ئاراستەیەدا دەڕۆیشت کەوا وا بە پەسند زانرا کە یاسایی بێت، ئەمە مەرج نییە یاسایی بێت بە دیتنی من، بواری تر هەن کە دەتوانن ئەم کارە بکەن، بەتایبەتی لەبواری کارگێڕی و ژمێریاری و بواری دارایی تر، بوارەکانی تری داراییدا، زیکر کردنی، باس کردنی ئەوەی کەوا ماوەی خوێندن بە خزمەت حیساب بکرێت، ماوەی خوێندن عادەتەن بە خزمەت حیساب دەکرێت، یەعنی هەر خزمەتی فیعلی حیسابە، پێویست بە زیکر کردنی ناکات، چونکە بەپێی قەوانین بە خزمەتی فیعلی حیساب دەکرێت، ئەگەر ئەوە لەجێگای خۆی مایەوە، ئەگینا من ئەسڵەن لەگەڵ ئەوەدام، چونکە ئەوە باسی هەیکەلیەت دەکات، وەکو ئەوەی بڕای بەڕێزم کاك جەمال ئیشارەتی پێدا، ئەوە بچێتە ماددەی دوازدە لە ئەسڵی پرۆژەکە، لەوێدا باسی هەیکەلیەتە، کە باسی هەیکەلیەتی دەستەکە دەکرێت، باسی ئەوەش بکرێت، چونکە لێرەدا نەقصێکی تریش هەیە، با ئەو بەڕێوەبەرە گشتیە چۆن دادەنرێت، یەعنی کە لەزیمنی هەیکلەلیەتەکەدا باس دەکرێت و شێوازی دانانی بەڕێوەبەرە گشتیەکانیش باس دەکرێت، چونکە ئەمیش بەرپرسی ئەم فەرمانگەیە، یاخود بابڵێین لقەکە پلەی بەڕێوەبەری گشتییە، مەجموعەیەك بەڕێوەبەری گشتی تریش هەن کە لە ماددەکانی تردا هاتوون، کە فەرمانگە سەرەکیەکان، یاخود یەکە سەرەکیەکانی دەستەکە بەڕێوەی دەبەن، بۆیە پێشنیاری ئەسڵیم ئەوەیە، کە ئەم بڕگەیە بچێتە لای هەیکەلەکان، پشتگیری کاك جەمال دەکەم،

ئینجا لەوێدا باسی شێوازو ئالیەتی دانانی بەڕێوەبەرە گشتیەکان بکرێت، چونکە لێرەدا ئەمەش نەهاتووە، وەکو ئەوەی ئەمانە هەمووی دەسەڵاتی تەعیین لە دەستی رەئیسی هەیئە دەبن، کە بە دیتنی من ئەمە کەموکورتیە، پشتگیری رەئی لیژنەی هاوبەش دەکەم لەوەی کە رێنماییەکان نەقل بکرێن بۆ شوێنی خۆی و پێویست ناکات لەو ماددەیەدا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆر احمد وەرتی کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دەیەم لە ئەسڵی پرۆژەکە، پێموایە هەندێك لە مەهامەکانی لێرە مەهامی هەیئەیە خۆی، بەڵام کراوەتە مەهامی رەئیسی هەیئە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم ماددەیەمان پەسند کرد، کە ماددەی پێنج بوو، تازە ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ پێشەوە، لەبەر ئەوە لێرە ناچارین هەندێك لەو مەهامانە دەبێت تەسبیت بکرێت، دەبوایە ئیعدادی میزانیە، بەڕاستی ئەرکی هەیئەیە بە کول، یەعنی بە رەئیس و بە ئەندامانی دەستەکە پێکەوە ئامادەی بکەن و پێشکەشی پەرلەمانی بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی ماددەی پێنجمان پەسند کردووە کە مەهامی هەیئەیە، لێرەدا من چەند سەرنجێکم هەیە لەسەر ئەو ماددەیە:

ئەوەلەن، منیش لەگەڵ ئەوەم کە وشەی (جمیع) لابدرێت (ادارة اعمال الهیئة وضمان ادائها لواجباتها)، پێموایە وشەی (ادائها) باشترە لە (تأدیتها).

سەبارەت بە (ثالثاً/ فتح مکاتب)، هاوکارانیشم باسیان کرد، ئایا مەکاتب بێت، یان فروع بێت؟ ئایا لێرە بێت، یان لە مودیریات بێت؟ پێموایە دەکرێت لێرەش بکەینەوە، دەکرێت لە ماددەی دوازدەمی ئەسڵی پرۆژەکە بێت، کە لەوێ باس لە پێکهێنانی بەشەکانی هەیئە دەکات، من لێرەدا پێشنیار دەکەم بەو شێوەیە خاڵی یەك و دوو لە (ثالثاً) بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە (فتح فروع في محافظات ومدن الاقلیم علی ان یدیرها موظف بدرجة مدیر عام حاصل علی شهادة جامعیة اولیة في مجال الاختصاص)، یەعنی هەردوو خاڵەکە بکرێت بە یەك، مەکاتب نەبێت، تەنها فروع بێت، هەر فرعێکیش موەزەفێك بە دەرەجەی مودیر عام سەرپەرشتی بکات، خاوەنی شەهادە بێت، بەڵام شەرت نییە لە قانون بێت، لە مەجالی ئیختیصاصی خۆی.

سەبارەت بە (خامساً) من پێشنیار دەکەم ئەو راپۆرتە دەوریەی کە پێشکەش بە پەرلەمان دەکات سێ مانگ بێت، نەك چوار مانگ، (تقدیم تقریر دوري کل ثلاثة اشهر للبرلمان).

سەبارەت بە خاڵی حەوتەم، لەگەڵ رەئی لیژنەی هاوبەشدام، کە (الطلب من) داوا بکرێت تەنیسبی موحقیقین عەدلیین کار بکات لە هەیئەدا، بەڵام من پێشنیار دەکەم، کە ئەو موحقیق عەدلانە داوا بکرێت لە مەجلیسی قەزا، نەك (من الجهات ذات العلاقة)، لەبەر ئەوەی موحقیق عەدلی سەر بە مەجلیسی

قەزان، سەر بە هیچ جیهەتێکی تر نینە، سەر بە وەزارەتی عەدلیش نین، لەبەر ئەوە من پێم باشە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

(سابعاً/ الطلب من مجلس القضاء تنسيب محققين عدليين للعمل في الهيئة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شەونم محمد کەرەم بکە.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند تێبینیەکم هەبوو لەسەر ئەم ماددەیە، بێگومان من لەسەر پرۆژە ئەسڵیەکە قسە دەکەم، ماددەی دەیەم، بڕگەی دوو/ (اعداد ميزانية الهيئة وملاكها الوظيفي)، پێویستە وەك كاك جەمال باسی کرد (الاشراف على ميزانية الهيئة وملاكها الوظيفي بالتنسيق مع وزارة المالية وعرضها على البرلمان للمصادقة عليها).

بەنیسبەت بڕگەی دووەوە، بڕگەی دوو، ئەگەر هاتو ئەو بڕگەیە مایەوە، پێویستە (في الهيئة)ی بۆ ئیزافە بکرێت (منح مكافأت للمنتسبين في الهيئة).

بەنیسبەت بڕگەی سێیەوە، بەباشی دەزانم مەکاتب لابدرێت، چونکە کە فەرع کرایەوە، فەرعەکە خۆی ئیشی خۆی جێ بەجێ دەکات، پێویست ناکات مەکاتبی جیاواز لە چەند جێگایەك بکرێتەوە، چونکە ئەوە دەبێت بەزۆری کارو بلاّو بوونەوەی ئیش و کارەکان.

بەنیسبەت سێیەم/ بڕگەی یەکەم/ (ترتبط اقسام فرع من الناحية الفنية للمديريات العامة في الهيئة وحسب التعليمات المتبعة في الاقليم)، دوای ئەوەی کە دێت دەڵێت مودیر عامێك دابنرێت، ئەگەر ماجستێری هەبێت، ئەگەر دکتۆرای هەبێت، بەڕاستی ئەمە لە هەموو وەزارەتەکان ئەو تەعلیماتە هەیە، یەکێك ئەگەر بەکالۆریۆس بێت دەرەجەکەی، ئەگەر ماجستێر بێت، ئەگەر دکتۆرا بێت حیسابی خدمەی خۆی بۆ دەکات، پێویست ناکات لێرەدا، بە ڕەئی من روون کردنەوەیەك لێرەدا بکرێت، بەس بنووسرێت (حسب التعليمات المتبعة في الاقليم)، پێم باشە لە کۆتایی ئەم بڕگەیەدا، ئەم بڕگەیە ئیزافە بکرێت (يجوز الطلب من مجلس القضاء انتداب عضو الادعاء العام او القاضي ويحدد ذلك كل اربع سنوات)، هەر هەمان دائیرە دەتوانێت داوای ئینتیدابی یان قازی یان ئیدیعای عام بکات و چوار ساڵ جارێکیش تەحدید بکرێت، کە کۆتایی بە ئیشەکەی بێت.

لەگەڵ ئەوەدا ڕەئیەکی ترم هەیە، ئەم بڕگەیە بخرێتە ماددەی دوازدەوە، چونکە پێکهێنانی هەیئەی ئیدارییە کە لە ماددەی دوازدە بە تەواوەتی باسی کردووە.

(رابعاً: اصدار تعليمات لتسيهيل تطبيق هذا القانون)، بڕگەی چوار من بە بڕگەی خیتامی دەبینمەوە، بخرێتە خیتامیەوە، چونکە ئەمە عیلاقەی بە دەرکردنی تەعلیماتەوەیە بۆ تەنفیزکردن و جێ بەجێ کردنی ئەم قانونە.
لە بڕگەی شەشەم، منیش هەمان ڕەئی هاوڕێکانم هەیە، کە بە باشی دەزانم ئەو بڕگەیە نەمێنێت لێرەداو حەزف بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار فرسەت احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم ئەگەر وەکو خۆی مایەوە، ڕەئی من ئەوەیە حەصر نەکرێت لەسەر قانونیەکان، هەر بۆ نموونە ئەوەی هەیئەی نەزاهەی کوێت با بڵێین، چونکە ئەسڵی ئیشەکە تەدقیقی مالیە، خیبراتی مەتلوب لەوێ، قانونە، مالیە، ئیدارەیە، تیجارەیە، قەزایەی ئیختیصاصی تەشریعی و موحاسەبەیە، با حەصر نەکەین بە قانونیەکان بە تەنیا.
بڕگەی شەش، بە ڕەئی من حەزف بکرێت، چونکە ئەوەڵەن مەوەزەف بەخۆی موکەلەفە، ئەگەر هاتو حاڵەتێکی گەندەڵی، یان ئیهمالێکی دیت، مەکەلەفە قانونەن ئەویتر بکات، بەو شکلە ئێمە مەوەزەف فێرە ڕەشوە دەکەین، لازمە ئیشی خۆی نەکات، هەتا پارەی پێ بدەین، بە ڕەئی من شتێکی خراپە، هەر هەیئەکە بەخۆی بە وەسائیلی خۆی مەشروعێك، کە برادەرێك ئیقتیراحی کرد، وابزانم کاك جەمال بوو، حەقی هەیە خۆ ئەگەر نەصیشی تێدا نەبێت، حەقی هەیە بە هەر وەسیلەیەکی مەشروع مەعلومات وەربگرێت.
بڕگەی هەشتەم/ (اصدار اوامر خاصة بالتفتيش والتحري واستخدام اجهزة التحري)، بە ڕەئی من ئەگەر تەفتیش و تەحری لەسەر ماڵان بێت، لازمە موافەقەی قەزا وەربگرین، با ئێمە دەسەڵات لە قەزا وەرنەگرین، تەدەخولە لە ئیش و کاری، ئەگەر تەحری و تەفتیش خاص بێت بە دائیرەیەکی ڕەسمی بێت، حەقیان هەیە بەخۆیان تەحری و تەفتیش بکەن، ئەوە هیچ مانیعەتێکی قانونی نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار دکتۆر ارسلان کەرەم بکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەیەك سەرنجی ڕاکێشام پێش ئەوە تیکرار بۆتەوە، (منح مكافأت لغير العاملين)، (حق التعاقد مع المتعانين السريين)، لەولاشەوە باسی تەفتیش و تەسجیلی سری و شتی وا دەکات، جارێ ئایا ئەوە نابێتە

بەدیلی ئاسایش؟ ئەوە نابێتە دەزگایەك، کە خۆی وەکو ئاسایش تەعامول بکات؟ چونکە دەزگاکانی ئاسایش بەشێکمان هەیە بۆ ئیقتیصاد، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەمە کارێکی خراپە.

دووەمیان/ مومکینە مەجالی، وەکو برادەرێك باسی کرد مەجالی ئەوەش بخاتە پێشەوە زەمینە ساز کردنێك بکات، بۆ ئەوەی گەندەڵی لەوێ ببێت، کە شتێك نامەرئی بوو، دیار نەبوو، نازانی پارەکە چۆن سەرف دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە، ئەو ماددەیە باس لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دەستەی گشتی نەزاهە دەکات، جیایە لەگەڵ ماددەکەی دواتر، ماددەی دوازدە، کە باس لە پێکهاتەکانی دەستە دەکات، واتا تەشکیلاتی هەیئە، گفتوگۆ زۆر لەسەر ئەوە کرا ئەوەی لە ماددەی دوودا هاتووە لێرە بگوازینەوەو بچێتە ماددەی دواتر، بەڕێزان، جیایە ئەوەی لە ماددەی نۆ لە بڕگەی سێیەم هاتووە، لێرە ئێمە ئایا دەسەڵات دەدەینە سەرۆکی دەستەی گشتی نەزاهەت بەوەی کە مافی ئەوەی هەبێت لق بکاتەوە، یان نا؟ بەڵام جیایە لەگەڵ کردنەوەی، یاخود بەڕێوەبەری گشتی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی و فەرمانگەکان، کە لە ماددەی دوازدەدا هاتووە، لێرە دەسەڵات پێك دەینین، لقێك بۆ دەستە لە پارێزگاکان و یەکە کارگێڕیەکان بکاتەوە، یان نا؟ ئەوە پرسیارە لێرە، بۆیە ئێمە لەگەڵ مانەوەی بڕگەی سێیەمین، بەڵام بەو هەموو وردەکارییە نا، هەروەکو لە راپۆرتی هەردوو لیژنە پێشنیارمان کردووە، پێویست بەو وردەکارییە ناکات کە لە خاڵی یەك و دووی بڕگەی سێیەمی ماددەکەدا هاتووە، تەنها بڕگەکە بەم شێوەیە بێت (فتح فروع للهیئة في محافظات وادارات الاقلیم علی ان یدیره موظف بدرجة مدیر عام حاصل علی شهادة جامعیة اولیة علی الاقل)، پێویست بە پسپۆریەکەش ناکات و بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەبەرایەتی ئەو لقانە دەکات، کاتی پەسند کردنی ناوی دەستەکەش لەبیرتانە کە ناومان لێنا دەستەی گشتی نەزاهە، لەبەر ئەوەی لق لە پارێزگاکان دەکرێتەوە، بۆیە پێویستە دەستە سەرەکیەکە دەستەی گشتی بێت.

سەبارەت بە (بڕگەی دووەم/ 1- ئامادە کردنی بودجەی دەستە)، ئەو بڕگەیە پێویستی بەدارشتنەوەیە، بەڵام ئیعدادی میزانیەکە هەر دەبێت بمێنێتەوە، سەرۆکی دەستە بەرپرسی یەکەمی ئەم دەستەیە بەرپرسە لە هەموو وردەکارییەکان و ئەو ئەرکانەی بەو دەستەیە راسپێردراوە، بەڵام پێویستی بە دارشتنەوەیە، هەروەکو لەسەر پێشنیاری بەڕێزتان هەندێك وردەکاری تێدایەو دانانی جەدوەل و ئەوانە، ئەوە پێویستە لابدرێت.

برگەی شەشەم، ئێمەش پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەین، کەوا داوا کراوە لابدرێت و پێویست ناکات، لەبەر ئەوەی سەرۆکی دەستە مافی بەستنی گرێبەستی هەیە لەگەڵ هەر کەسێك و کە هاوکاری بکات، لە برگەی سێیەم وشەی مەکاتب لابدرێت، ئێمەش پشتگیری لەوە دەکەین، هەر ئەوەندە تێبینیە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت موقتەرەحی من، قسەکانی برادەرم ناکەمەوە، بەلأم مولاحەزەیەکم لەسەر ئەو فەقەرەی کە خاصە بە تەفتیش کردن، فەقەرەی هەشت، وەکو کاك فرسەت و کاك دکتۆر ارسلان باسیان لەسەر کرد، راستە تەفتیش حەقێکی تایبەتیە مەحصورە لە قانونی ئوصولی موحاکەماتی جەزائیدا، حەقی تەفتیش بەگوێرەی ماددەی (73) لە فەقەرەی یەکدا، تەفتیشی خەڵك، تەفتیشی ماڵ و شوێن و ئەمانە مەحصورە بە حاکمی تەحقیقەوە، بەگوێرەی قانونی ئوصولی موحاکەماتی جەزائی، دەڵێت دەبێت ئەمرێك دەربچێت لە ماددەی (73)، ئەو ماددەیە سوڵتەیەکی موختەصە بە قانونێك، سوڵتەی موختەصی قانون، بەگوێرەی قانونی ئوصولی موحاکەماتی جەزائی دەگەڕێتەوە بۆ حاکمی تەحقیق، کە ئەو صەلاحیەتێکی مەتلەقی هەیە، سوڵتەی موختەص هەیە، بە تەفتیش کردنی هەر کەسێك، یان هەر ماڵێك، ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددەی شەش، لێرە لەم یاسایەی خۆمان باسمان کرد لە ماددەی شەش لە برگەی یەکدا، باس لەوە دەکات، کە تەحقیق لە قەزایەی فەساد دەکات و ئیحالەی دەکات بۆ محاکمی موختەصە، کە ئیحالەی کرد بۆ محاکمی موختەصە، یەعنی مەحاکمی موختەصە، دەبێت ئیکمالی ئیجرائاتەکانی تر بکات، ئەو ئیجرائاتانەی کە پێی دەوترێت ئیجرائاتی جەزائی بۆ حوکم دانی ئەو کەسەی فەسادەکەی کردووە، تەفتیش کردنی، حیجز کردنی، موحاکمە کردنی، ئیفادە لێ وەرگرتنی، دواتر ئیحالە کردن بۆ مەحکەمەی جینایات بێت، جونج بێت، یاخود مەحکمەیەك لەو مەحکەمانە بێت، لەبەر ئەوە منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو موقتەرەحەی کەهەردوو بەڕێزان کاك فرسەت و کاك دکتۆر ارسلانیش باسیان کرد، سەلاحیەتی تەفتیش لێرە نابێت بدرێتە دەست سەرۆکی ئەم دەستەیە، چونکە ئێمە لە ماددەی شەش موصادەقەی یەك شتمان بۆ کرد دەڵێین (التحقیق في قضایا الفساد واحالتها الی المحاکم المختصة)، ئەو تەنیا دەلیلەکان کۆ دەکاتەوە، ماتەبەقەی ئیجرائاتە جەزائیەکانی خاصە بە مەحکمە دەکات، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو برگەیەش لێرەدا نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئێستا پێنشنیار هات کە برگەی شەشەم لابچێت، ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، لیژنەی نەزاهە کەرەم بکەن.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەپێی راپۆرتەکەمان، بەپێی ئەوەی کە رەئی هەموو ئەندامانی لیژنەکەمان لەسەر بووە، وشەی (جمیع)مان هەلگرتووە، پاشان لە (اولاً)، (ثانیاً) ئێمە هاتووینە ئیعدادمان دانایەتەوە، چونکە دەسەلاتی سەرۆکە کە ئیعدادی میزانیە بکات، چونکە بە واژووی ئەو دەردەچێت میزانیەی ئەو هەیئەتە، بەلام بەم شێوەیەمان لێ کردووە (اعداد میزانیة الهیئة وملاکها الوظیفي وعرضها على البرلمان للمصادقة علیها).

(ثانیاً)، دووەمیان، ئێمە وشەی (في الهیئة)مان بۆ زیاد کردووە، چونکە لێرەدا (منح مکافأت لغیر العاملین في الهیئة)، سەلاحیاتی سەرۆکە، ئەو کەسانەی کە عامل نین لەو هەیئەتە، ئەو دەتوانێت و دەسەلاتی ئەوەی هەبێت کە موکافەئە بدات بەو کەسانەی کە کاریان بۆی کردووە، پاشان ئێمە وشەی مەکاتبمان هەلگرتووە، هەلبەتە لە (ثالثاً)، تەنها فروعمان داناوە، ئێمە هاوڕاین لەگەل ئەو رەئییانە کە دەلێن ئیداراتی بۆ زیاد بکرێت، بۆیە ئێمەش لەگەل ئەوەین (فتح فروع للهیئة في محافظات الاقلیم واداراتها وعلى الشكل الاتي)، ئێمە لەگەل ئەوەین کەوا بمێنێتەوە وەکو خۆی، بەلام وشەی (حسب الاختصاص) لە کۆتایی خالی بەکەمدا لابرێت، وای لێ بێت (ترتبط اقسام الفرع من الناحیة الفنیة بالمدیریات العامة في الهیئة)، (حسب الاختصاص) هەلبگیرێت.

(ثانیاً)، ئێمە لەگەل ئەو رەئیەیەن، کە بەڕێز کاك فرسەت ئاماژەی پێ کرد، هەندێ ئەندام پەرلەمانی بەڕێزش ئاماژەیان پێ کرد، شەرت نییە حاملی شەهادەی قانون بێت، بۆیە پشتگیری لەو رەئیە دەکەین، کەوا وشەی قانونەکە هەلبگیرێت، مەرج نییە، با حاصلی شەهادەی قانون نەبێت، هەر ئیختیصاصێکی تر بێت، لە کۆتایی بڕگەکەشدا، ئێمە لەگەل ئەوەین کەوا (او قاض لایقل صنفه عن الصنف الثاني)، ئەوەشی لێ هەلبگیرێت، بەلام ئێمە لەگەل مانەوەی ئەو بڕگە داین، لەبەر ئەوەی وەکو لیژنەی هاوبەشیش ئاماژەیان پێ کرد، دروست کردنی، دامەزراندنی فەرعەکان با لە دەسەلاتی سەرۆکی دەستەکەدا بێت، بەلام ماددەی دوازدە لێرە باسی مودیریاتی هەیئەکە دەکات، بەلام دروست کردنی فەرعەکان دەبێت لە دەسەلاتی هەیئە خۆیان بێت، سەرۆکی هەیئە خۆیان بێت، ئێمە خالێکی ترمان ئیزافە کردووە (رابعاً) کە دەلێین (الطلب من مجلس القضاء تنسیب محققیین عدلیین للعمل في الهیئة)، بەڕاستی زۆر زەرورە کە ئێمە ئەو خالە زیاد بکەین لێرە، چونکە پێویستە، ئێمە موحەقیقینی عەدلیین کە کار دەکەن لەناو ئەو هەیئەتە، دەبێت لەلایەنی مەجلیسی قەزاوە بێت بۆ هەیئەتەکە دەست نیشان بکرێت.

سەبارەت بە خالی پێنجەم و شەشەم، هەلبەتە تەسەلسولەکەی لەلای ئێمە گۆڕاوە، تێبینیمان لەسەر نییە، بەلام لەسەر خالی شەشەم، کە زۆربەی بەڕێزان ئاماژەیان بەوە کرد، دەبێت هەلبگیرێت، کە دەلێت (حق التعاقد مع المتعاونین السریین سواءاً کانوا من موظفي الاقلیم او من غیرها)، ئێمە لێرەدا هەلمانگرتووە، وەکو لیژنە ئیقتیراحی ئەوەمان کردووە، کەوا بکرێتە (منح مکافأت مالیة للمخبرین والمتعاونین)، لەبەر ئەوەی ئێمە لێرەدا پێویستیمان بەوەیە خەلکانێك هەبێت و سەرۆکی هەیئە بتوانێت موکافەئەیان بکات و

ئەو خەڵکانە بتوانن کار بکەن، بۆ ئەوەی تەزویدی هەیئەکە بکەن بە مەعلوماتەوە، بۆیە بە زەروریمان زانی ئەو خاڵە لێرە زیاد بکەین.

خاڵی کۆتایی، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین، خاڵی حەوتەم، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین، کە ئەگەر هاتو ئیستیحداسی ئەقسام بکرێت با بەپێی کارەکە لە دەسەڵاتی سەرۆکەکەدا بێت، ئەمە حەصرە بە دەسەڵاتی سەرۆك، نەك هەیئەتەکە، بۆیە خاڵی حەوتەم دەبێت بمێنیتەوە بە رەئی ئێمە وەکو لیژنە، بەلاّم خاڵی هەشتەم، ئێمەش هاوڕاین لەگەڵ رەئی لیژنەی هاوبەش، ئەگەر بێتو ئەوان چۆن بڕیاریاندا هەڵبگیرێت، یاخود بمێنێتەوە، ئێمە لەگەڵ رەئییان هاوڕاین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئێستا چەند پێشنیارێکی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی هاوبەش هەیە، یەکەم/ بەنیسبەت (رابعاً)، داوا کراو پێشنیار کرا لابچێت، بچێتە احکامی ختامی، لیژنەی هاوبەش موتەفیقن لەسەر ئەوە، لیژنەی نەزاهە ئێوەش موتەفیقن؟ دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە (رابعاً) لێرە لابچێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا لێرە لاچوو، (سادساً) پێشنیاری چەند ئەندامێکی بەڕێز هەبوو، لابچێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە لابچێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا لاچوو، دوو کەس لەگەڵدا نییە، (سادساً) لاچوو، فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی حەوتەم، ئێمە پێشنیارمان کردووە لێرە لابدرێت، لەبەر ئەوەی لە راپۆرتی هاوبەش بە ماددەیەکی سەربەخۆ بە ماددەی (26) باسمان کردووە، بکرێتە ماددەیەکی سەربەخۆ، دەسەڵاتەکە دەمێنێت، هی سەرۆکی دەستەیە، بەلاّم لە ماددەیەکی سەربەخۆ لە حوکمە کۆتاییەکانی یاساکە بێت، بۆیە لێرە لابدرێت، بکرێتە ماددەیەکی سەربەخۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە (سابعاً) لێرە لابچێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا (ثامناً)، لیژنەی هاوبەش رەئیتان بە (ثامناً).

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی هەشتەم پێشنیارێكمان لەلایەن جەنابی سكرتێری پەرلەمان بۆ هات، كە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

(ثامناً: اصدار اوامر خاصة بالتفتيش والتحري في دوائر الاقليم ومكان وقوع الحادث).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو صیاغەكەی بخوێنەوە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئەو صیاغە لەلایەن جەنابی سكرتێری پەرلەمان بەم شێوەیە داڕێژراوەتەوە.

بڕگەی هەشتەم لە ماددەكە:

(ثامناً: اصدار اوامر خاصة بالتفتيش والتحري في محل ممارسة مهنة او وظيفة المشمول بأحكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە نیزامی موعاقەبەی موەزەفینمان هەیە، ئێمە رەقابەی مالیمان هەیە، ئێمە ئەمنی ئیقتیصادیمان هەیە، ئێمە مەجموعە هەیئاتمان هەیە، ئیشی تەفتیش و مولاحەقەی دەكەن، هەیئەی نەزاهە لە هەموو دنیا ئیشی سەرەكی بەدواداچوونی كەسبی غەیر مەشروعە، ئەگەر شتێكی زانی ئیعلامی جیهاتی موختەس دەكات، بەلاَم بە رەئی من ئەمە تەناقوزە لەگەڵ هەموو ئەنزیمەی قائیم، ئەو دەتوانێت ئیعلامیان بكات، تاكو ئەوانی تر بچن، بەلاَم تەفتیشەكە دەبێت هەیئەی پۆلیسی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جەلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پرسیارێك ئاراستەی جەنابی سكرتێرو بەڕێزان برادەرانی یاسایی دەكەم، ئەركی ئامادە كردنی پەیڕەوی ناوخۆی ئەم دەستەیە، كە یەكەم جارە لە هەرێمی كوردستان جێ بەجێ دەكرێت، كە زۆر گرنگ و هەستیارە، ئەركی ئامادە كردنی نیزام داخلی لە ئەستۆی كێ دایە؟ لە كوێ جێی بۆ دەكەنەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هاوكارێكمان داوای ئەوەی كرد برگەی هەشتەم هەر لابرێت، وا پێویست دەكات بەڕێزتان یەكەم ئەوە بخەنە دەنگدانەوە، ئەگەر لانەبرا، ئەو كاتە لەسەر صیاغەكە قسە بكرێت، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، راستە، پێشنیارەكەت لەجێی خۆیەتی، چەند ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان، كاك عومەر روونی كردنەوە، هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیش و كاری ئەم هەیئەتە تەحدید كراوە، من وەكو پێشتریش باسم كردو عەرزم كردن لەسەر ماددەی شەش، دەنگمان لەسەر داوە، ئەم هەیئەتە تەحقیق لە قەزایەی فەساد دەكات و ئیحالەی مەحكمەی موختەسی خۆی دەكات، كە ئیحالەی مەحكمەی موختەسی كرد، یەعنی ئیجرائاتی موحاكمە ئیتر دەكەوێتە سەر مەحكمە حەسبی ئەو ئیختیصاصە وەكو كاك عبدالسلام تەوزیحی كرد، لەبەر ئەوە صەلاحیەتی تەفتیش لێرە موناقەزەی ماددەی (72 و 73)ی قانونی ئوصولی موحاكەماتی جەزائی دەكات، كە وتت تەفتیش، تەفتیشی شەخصیش دەگرێتەوە،ماڵیش دەگرێتەوە، مەحلیش دەگرێتەوە، سەیارەش دەگرێتەوە، گیرفانیش دەگرێتەوە، هەموو جل وبەرگەكەی دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە پێویست ناكات ئەم ماددەیە لێرەدا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر دروستە، منیش تەئیدی دەكەم، چونكە بە حەقیقەت بۆ تەفتیش چەند ئەندامێكی مەدەنی ناتوانێت ئەم هەموو كارە بكات، حكومەت دامودەزگای خۆی قانونی هەیە، ئەگەر پێویستی كرد تەوجیهات دەدەنە ئەوێ بەو كارە هەڵدەستن، بۆیە ئێستا پێشنیار دەكەین كە فەقەرەی هەشت لێرە لابچێت، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە، زۆر سوپاس، دوو كەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا فەقەرەی هەشت لاچوو، ئێستا صیاغەكە لەگەڵ ئەو تەعدیلانە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پتر له دوو ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان داوایان کرد کە حەصری نەبێت لەسەر قانونیەکان لە بڕگەیەکدا، ئەگەر بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عبدالسلام کەرەم بکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەها ئیعادەی صیاغەی (ثالثأ)، پێشنیاری ئەوەی مودیر عام بێت زیاتر لە سێ کەس، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارەکانیان وەرگرت، وا ئیعادەی صیاغە دەکەنەوە، ئەگەر صیاغەکەیان خوێندەوە، ئەو مولاحەزاتانەیان تێدا نەبوو، ئەوجا قسە بکەن، ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنە، وابزانم یەك، دوو ئەندام پەرلەمانی بەڕێزیش ئەو پێشنیارەیان کردووە، کەوا خاڵێك زیاد بکرێت لێرە بەم شێوەیە بێت (الطلب من مجلس القضاء تنسيب محققين عدليين للعمل في الهيئة)، وابزانم ئەوە زۆر زەرورییە بۆ کار کردن لەناو هەیئەتەکەدا، لەبەر ئەوەی زۆر پێویستە، ئەگەر بەڕێزت بیخەیتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر احمد هەر هەمان مولاحەزە بوو؟ بەڵێ، لیژنەی هاوبەش ئاخیر صیاغەتان لەگەڵ وەرگرتنی ئەو پێشنیارانە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

يمارس الرئيس المهام الاتية:

اولاً: ادارة اعمال الهيئة وضمان تأدية واجباتها في حدود القانون بما يضمن تحقيق اهدافها.

ثانياً:

1- اعداد ميزانية الهيئة وملاكها الوظيفي بالتنسيق مع وزارة المالية لدرجها ضمن ميزانية الاقليم وعرضها على البرلمان للمصادقة عليها.

2- منح مكافأت لغير العاملين في الهيئة.

ثالثاً: فتح فروع للهيئة في محافظات وادارات الاقليم على ان يـديره موظف بدرجـة مـدير عـام حاصل علـى شهادة جامعية اولية على الاقل.

رابعاً: تقديم تقرير دوري كل اربعة اشهر للبرلمان او كلما اقتضت الحاجة يتضمن نشاطات الهيئة وموجزاً عن القضايا الـتي تم التحقيـق فيهـا والـتي تم غلقهـا والـتي احيلـت الى المحـاكم المختصـة ويسـمح للجمهـور ووسـائل الاعلام بالاطلاع عليه.

خامساً: الطلب من مجلس القضاء بتنسيب محققين عدليين للعمل في الهيئة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی كاك دكتۆر احمد.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وابزانم زیاد لە ئەندامێكی پەرلەمان باسی لەوە كرد، كە لەگەڵ كردنەوەی فروع لە موحافـەزات و شـارەكان بێت، ، نەك لە ئیدارات، بەڵام من پێموایە رەنگە ئەوە عەرزی كاك فرسەتیشم كرد، بۆ ئیدارات ئیشكالاتێك رەنگە دروست ببێت، ئێمە بەپێی قانون ئیداراتمان نییە، وابزانم لە هەرێمدا، ئینجا ئەگەر بە ئیدارات بـێ، رەنگە چەند شارێك، چەند قەزایەك لە زیمنی ئیدارەیەكدا بێت، رەنگـە پێویسـت بكـات لـە هـەر قەزایەكـدا فەرعی هەبێت، قەزایەكی گەورە پێویست بكات فەرعی هـەبێت، بـۆ نەنووسـرێت لـە موحافـەزات و مـودنی ئیقلیم، یەعنی ئەو كاتە بۆی هەیە بیكاتەوە، ئەگەر پێویستیشی نەكرد، دەتوانێت نەیكاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر لە خوشك و برایان داوایان كرد (ثانیا/2) لابـدرێت، تەصـویتمان لەسـەر نـەكرد، یـانیش موفتـەرەحات هەبوو بۆ گۆڕینی، حەز دەكەم ئەوە رەچاو بكرێت.

دوو/ وابزانم ئیقتیراحی من بوو، دوو، یان زیاتر لە سێ كەس ئیقتیراحی ئەوەیان كـرد، بۆچـی مـودیر عـام بێت لە موحافەزە، بۆ مودیر نەبێت، من تەسەور دەكەم ئەوەش جیاوازە لە نەصـەكە، تەصـویتی پێویسـتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیارەکەمان وا بوو، کەوا بە مودیر عام بمێنێتەوە سەرۆکی فەرعەکان، لەبەر ئەوەی هەموو دەزانین ئەگەر بێتو فەرع بکرێتەوە، لە پارێزگاکان دەکرێتەوە، ئەویش وابزانم پێویستە بە دەرەجەی مودیر عام بێت، لەبەر ئەوە ئەگەر هاتو لە پارێزگاکان بوو و ئەوانەی کە کاریان لەگەڵ دەکەن، ئەوانەی لە پارێزگاکاندا هەڵبەتە بە دەرەجەی مودیر عامن، بۆیە نابێت دەرەجەی ئەو کەسەی لە هەیئەی نەزاهەیە لە دەرەجەی ئەوانە کەمتر بێت، کە لەوێ کار دەکەن لە دەوائیری تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەنیسبەت (ثانیاً/2) کە ئەو پێشنیارە هاتووە، لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان لەسەر (منح مكافأت لغير العاملين في الهيئة) چی لێ بکرێت؟.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(منح مكافأت لغير العاملين في الهيئة)، بەشێوەیەکی زۆر فراوان هاتووە، پێویستە بمێنێتەوە، چونکە ئێمە فەقەرەی شەشمان ئیلغا کرد، کە حەقی تەعاقودمان دا گوتمان با شێوەیەك لە جۆرە ئیبتیزازێك لە پارە سەرف کردنێك شەرعیەتی نەدەینێ، بەڵام دەبێت خۆ ئەم سەرۆکی هەیئەتە سەلاحیەتی موکافەئاتی هەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە مەعلوماتێك دەدەن، هاوکاری دەسەڵات دەکەن، ئەمە بمێنێت لێرە سوودمەند دەبێت بۆ هەیئەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد شارەزووری فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکەی کاك عبدالسلام دەکەم، کە نەمێنێت، بەڕاستی ڕێنماییەکە، کە تۆ ڕێنمایی دەردەکەیت، لە ڕێنماییەکە دەتوانیت دەسەڵات بدەیت بە سەرۆکی هەیئە، بەڵام لێرە لە قانونەکە بەشێوەیەکی غەیر موباشیر خەڵك فێر دەکەیت بچێت مەعلومات کۆ بکاتەوە، ببێت بە دەزگایەکی مەعلومات کۆکردنەوە، یەعنی ئەوە شێوەیەك لە شێوەیەکان تۆ فورسەتی دەدەیتێ، بەڵام ئەگەر لە ڕێنماییەکاندا جێگەی بکرێتەوە ئەو هەیئەیە دەسەڵاتی هەیە، بۆیە منیش ڕەئیەکەی کاك عبدالسلام پەسند دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە لە (ثانیاً/2) لابچێت (منح مكافأة لغير العاملين) دەستی بەرز بکاتەوە؟ (41) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (17) ئەندامی بەڕێز لەگەڵە بمێنێت، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، لاچوو، ئێستا صیاغەی خۆتان بکەن.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە باش دەزانین كە بەرپرسی لقەكان بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بێت، ئەوە لقە لە هەرسێ پارێزگا، یان چەند پارێزگادا بێت لە یەكە كارگێڕیەكان دەكرێتەوە، باش دەزانین كەوا پلەی بەڕێوەبەری گشتی بێت، ئێمە فەرمانگەمان هەیە، بەڕێوەبەرایەتیمان هەیە، لە ماددەی دوازدە باس لە پێكهاتەكان دەكات، بەڵام لێرە ئەوە لقە، پێویستە ئەوەی بەڕێوەی دەبات پلەكەی بەڕێوەبەری گشتی بێت، تاكو بتوانێت ئەرك و بەرپرسیارییەتەی كە پێ دەسپێردرێت بە ڕێك و پێكی ئەنجامی بدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامییە؟ كەرەم بكە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە حرسەوە قسە دەكەم، ئەگەر لەبیرمان بێت هەر دەستەیەك حەوت مودیر عامی هەبێت بەڕاستی میزانیەی هیچ دەوڵەتێك تەحەمولی ئەوە ناكات، ئەگەر بڵێین مودیر عام بێت تاكو سەلاحیاتی هەبێت، ئەو موئەسەسەیە بە قانونێك هەر فەرمانبەرێك كە پلەی هەبێت بە قانونەكە سەلاحیاتی دەبێت، نە بەوە مودیر، مودیر عام بێت، ئێمە سێ مودیر عاممان هەیە، ڕەئیسمان هەیە بە دەرەجەی خاصە، نائیب بە دەرەجەی خاصە، سێ موحافەزەو چەند ئیدارە حەوت مودیر عامی دەبێت، بۆ مەعلوماتتان، چونكە ئێمە چوار ئیدارەمان هەیە، من نازانم حیكمەت لەوەدا چیە، ئێمە هەژدە، نۆزدە دەستە دەربكەین، هەر دەستەیەك هەشت، نۆ مودیر عامی هەبێت، ئەمەیە من مەبەستم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، لە سەرۆكایەتی موناقەشەیەكمان كرد، ئەو ئیشە هەمووی تەنها لە دەست سەرۆكە، مەجلیسەكە لەكوێیە؟ كەستان ئیشارەتان پێ نەكرد، بۆیە داوا لە لیژنەی هاوبەش دەكەین، ئەو مولاحەزەیەش بە نەزەر وەربگرن، ڕەئی خۆشتان بدەن، كەرەم بكە كاك عمر عبدالرحمن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم هەیئەتە تەكمیلەی ئەم هەیئەیە لە ماددەی دوازدە بە موفەسلی باسی لەسەر كراوە، ئیتر پێویست بە مەجلیسی ئیدارە ناكات، خۆ ئەمە شەریكە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز کاك فرسەت موداخەلەی هەیە، فەرموو.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەوەی من دەزانم قانونیەن هەیئات مەجلیسی ئیدارەی هەیە، ئەگەر مەجلیسی ئیدارەی نەبێت پێی نالێن هەیئە، پێی دەڵێن مودیریەی عامە، ئان شتێکی تر، یان تەشکیلەیەکی تر، چونکە ئەگەر تەماشای بکەین هەموو سەلاحیات تەوزیع کراون لەسەر ئەشخاص، سەرۆکی هەیئە بە تەنیا دەتوانێت میزانیە دابنێت، راستە بانگی مودیر عامەکان دەکات، بەس مولزەم نییە بە بانگ کردنی ئەوان، چونکە لە قانون دەڵێتن، رەئیسی هەیئە میزانیە دادەنێت، هەموو سەلاحیاتی تریش یان هی مودیر عامە، یان هی سەرۆکی هەیئەیە، زۆر جاریش ئەو باسەمان کردووە، وەك هەیئەیەکی موستەقیل، وەك وەحدەیەکی لامەرکەزی مەفروزە شەخصێك بە تەنیا ئینفیراد بە ئیدارەی نەکات، مەجلیسێك هەبێت موشارك بێت لە ئیدارە کردنی ئەم هەیئەتە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە، فەرموو.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة التاسعة:**

**يمارس الرئيس المهام الاتية:**

**اولاً: ادارة اعمال الهيئة وضمان تأدية واجباتها في حدود القانون بما يضمن تحقيق اهدافها.**

**ثانياً:**

**1- اعداد ميزانية الهيئة وملاكها الوظيفي بالتنسيق مع وزارة المالية لدرجها ضمن ميزانية الاقليم وعرضها على البرلمان للمصادقة عليها.**

**ثالثاً: فتح فروع للهيئة في محافظات وادارات الاقليم على ان يدير كل فرع موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية على الاقل.**

**رابعاً: تقديم تقرير دوري كل اربعة اشهر للبرلمان او كلما اقتضت الحاجة يتضمن نشاطات الهيئة وموجزاً عن القضايا التي تم التحقيق فيها والتي تم غلقها والتي احيلت الى المحاكم المختصة ويسمح للجمهور ووسائل الاعلام بالاطلاع عليه.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، بۆ ئەوەی زیاتر لیژنەی هاوبەش و لیژنەی نەزاهە لەگەڵ سەرۆکایەتی و هەر ئەندامێکی بەڕێز دەردەشەیەکی زیاتر لەسەر ئەوە بکەن، چونکە سەلاحیاتە، بۆیە دانیشتنەکە دوا دەخەین بۆ سەعات (4)ی ئێوارە، سەعات (4) لێرە بن، بە خواتان دەسپێرم، خواتان لەگەڵ.**

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

داوا لە لیژنەی یاسایی و ناوخۆ و نەزاهە دەكەین كەرەمكەن بۆ سەرمەنەصە، فەرموون لیژنەی هاوبەش كەرەمكەن.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی كە گفتوگۆیەكی تێرو تەسەل لەسەر ماددەی نوێ كرا، دەسەڵاتەكانی سەرۆكی دەستە، پێشنیارێك لە لایەن جەنابی سكرتێری پەرلەمان هات، كەوا پێویستە ئەم دەستەیە ئەنجومەنێكی هەبێ، بۆ بەڕێوەبردنی كاروبارەكەی، تاوەكو دەسەڵاتەكان هەمووی لە تاكە كەسێك وەكو سەرۆكی دەستە دیاری نەكرێت، كە بەو ئەرك و ئەو دەسەڵاتانەی پێی ڕادەسپێرێ بە پێی ماددەی نوێ، بۆیە پێشنیاری كردووە، كەوا ماددەیەك لە شوێنی ماددەی نوێ دابندرێت بۆ پێك هێنانی ئەنجومەنی دەستە، بەم شێوەیە ماددەكەی داڕشتووە، دەبێتە ماددەی نوێ ئەگەر پێشنیارەكە قبوڵ كرا.

اولاً: يكون للهيئة مجلس يتشكل او يتكون من:

1- رئيس الهيئة: رئيساً.

2- نائب الرئيس: نائباً لرئيس الهيئة ويحل محله عند غيابه.

3- المدراء العامون في الهيئة: اعضاء.

4- عدد من الخبراء من منتسبي الهيئة او من خارجها لايزيد عددهم عن ثلاثة يشاركون في الاجتماعات ومناقشات المجلس دون ان يكون لهم حق التصويت.

ثانياً: صلاحيات المجلس.

1- اعداد موازنة الهيئة وتحديد ملاكاتها و وضع جدول رواتب موظفيها ومنتسبها بالتنسيق مع وزارة المالية.

2- اصدار نظام خاص بالهيئة.

3- وضع خطط عمل الهيئة.

4- اقرار التقارير الدورية التى ترفع الى البرلمان او الجهات الرسمية الاخرى.

5- دراسة ما يحوله الرئيس اليها من مواضيع واتخاذ القرارات الازمة بشأنها.

ثالثاً: تتخذ قرارات مجلس الهيئة بألاكثرية وعند تساوى الاصوات تكون للجانب الذى صوت معه رئيس الهيئة الارجحية.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە ڕەئیتان كەرەمكەن.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەداین بە پێی ڕاپۆرتەكەش كە ئیشارەتمان پێدابوو وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش وەكو لیژنەی یاسایی، لیژنەی نەزاهە كە خۆیان خاوەنی پرۆژەكەن، پێیان باشە ئەو ماددەیە وەكو خۆی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی وەصفی نائیب و تەعریفی نائیبیش لە تەرجەمەكان نەهاتووە لە بیدایەت، ئێمەش هاوڕاین لەگەڵ لیژنەی نەزاهە كە ئەوە وەكو خۆی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی لە ماددەی 12 باس لە تەكوینەی هەیئەكە كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك فرست كەرەمكە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەوزوعێكی موكەرەرە، بەس تكرارم كردووە لەدانیشتنەكانی تر و قەوانینی تر، ئەو هەیئەیە لە قانونی ئیداری پێی ئەڵێن هەیئاتی لامەركەزی مورفەقی، چونكە لە لامەركەزیەت دوو نەوع هەیە، ئیقلیمی هەیە، وەكو بەلەدیات و مەجالیسی موحافەزات، مورفەقیشیان هەیە وەكو هەیئات، موئەسەسات، مونشەئات، مەسالح ئەوە هەیئاتی لا مەركەزی مورفەق، زۆر لە بڕادەران وا تەسەوڕ دەكەن، ئەگەر وەزیرەك سەلاْحیاتی بە مودیر عامەكیدا، یان موحافز سەلاْحیەت بە موەزەفەكیدا ئەوە لامەركەزیەتە، ئەوە

لامەركەزيەت نيە، ئەو پێی ئـەڵێن (مركزيـە) بەعـەرەبی (مـع عـدم الترکيـز الاداری) يـەعنی مەركەزيـەكی توند نيە، مەركەزيەكی شلە، لا مەركەزی، شـەرتی لامەركـەزی ئەوەيـە ئەنجومـەنی هـەبێ، خەڵكەك لـەناو ئەو دەزگايە بەشدار بێت لە بڕيـاردان، نەوعەكە لـە ئـەنواعی ديموقراتيـەتی ئيـداری، نابێت تـۆ دەسـەڵات بدەيە يەك شەخس بەخۆی تەحەكومی تێدا بكات، ئەگەر بێتو ئەوە ڕاست بێ ئەو ئيتيجاهە، يەك شەخس هەقی هەيە ئەوە بكات، خـۆم بـۆ بكەمـە هەيئـە دەكەمـە موديريـەی عـام، ڕەبتـی دەكـەم لەگـەڵ مەجلسی وەزيران، ڕەبتی ناكەم لەگەڵ وەزيرێك، ڕەبتی دەكەم لەگەڵ مەجلسی وەزيـران، هەيئەيـەكی مـوهيم وەكو ئەو هەيئەيە، مەسيری زۆر خەڵك لەدەستی دابێت، دوورنيە غەڵەتيەكی بەسيت شـوبهەيەك بهێنێتـە سـەر شەخسێك، هەموو حەياتی خۆی لە ژێر تەئسيری ئەو غەڵەتيە نەجاتی نەبێت، بـۆ وای لێ بكـەم شەخسێك بە تەنيا تەحەكوم بەو شتانە بكات، خەڵكێك ئيحالەی مەحكەمە دەكات، شوبهە دێنيتە سەر خەڵكێكی تـر، ئيتيهـامی خـەڵكێك دەكـات، نەتيجـەی تـەحقيقات بـە ڕەشـوەو بـەدزی و بـەو شـتانە، بەكەسـبی غـەيری مەشروع، لەبەر ئەوە دوو، هەندێ شت هەنە نابێ شەخسێك دابنـێ، ميزانيـەی دەزگايـەك چـۆن شەخسێك بەتەنيا دابنێ، دوورنيە برادەرەك بڵێ سێ، چوار مودير عاميان لەوێيە بەشداری تێدا دەكەن، ڕاستە، بەڵام ئەگەر نەصێكت نەبێ من لـەباتی ئـەو بم، ئـەڵێم بـە تـەنيا دايـدەنێم، بەتـەنيا ميلاكات دادەنـێم، بەتـەنيا تەقارير دەنووسم، بەتەنيا ئيقرار دەكەم، ئەو شتانە مەسيری خەڵكێك و نەوعە ختورەتی تێدابێ، ئيشـەكە تابعی دائيرەيەكی مەركەزی نەبێ، بەناو لامەركەزيە، بەناو هەيئەيە، ئيزەن دەزگايەكی لامەركەزيـە، بـەس مەزمونەكە مەركەزيە، چونكە مەجلسی نيە، ئەو موەزەفانە ئەوەی ئيش دەكەن لەناو ئـەو هەيئەتـە وەكو مدير عام، بەتەنيا ئيش دەكات عيلاقەی لەگەڵ مودير عـامێكی تـر نيـە، عيلاقـەی لەگـەڵ مـوەزەفينی تـر نيـە، مـن لەناحيـەی قـانونی ئيـداری ئـەو سـوحبەتە ئەكـەم، ئەگـەر دوو نيـە بـرادەر بێـت و بڵێـت فـلان هەيئەمان دروست كرد، ئەوە تێدانەبوو، مانای ئەوە نيە من قانونێك دروست بكەم و كەم و كورتی تێدابێ، قانونەكانی پاشتر لازمە نەفسی كەم و كورتی تێدابێ، غەڵەتيەك تێدابێ لازمـە غەڵەتيەكـە تيكـراری بكـەم لە قانونی تر، هەموو ئينسانەك موعەرەزی غەڵەتە، ئيحتيمال هەيە نەتيجـەی مانـدوو بـوونی ليژنەيـەكی موعەيەن، لەسەر تێپـەڕبێت وەكو ئـەوەی باسمـان نـەكردبا ئيعتيـادی دەرۆيشـت، ئێسـتاش بڕيـار، بڕيـاری ئێوەيە، من لەناحيەی قانونی بە تەنيا ئەو موداخەلە دەكەم، زۆرسوپاس، بەڕێز سـەرۆكی پەرلـەمان، ئـەوە دەبێتـە ماددەيـەكی ئيزافی پـێش سـەلاحياتی سـەرۆك، سـەلاحياتی سـەرۆكيش ئەوانـەی تـر وەكـو خـۆی دەمێننەوە، دوو پێشنياری تريشم هەيـە، بەنيسـبەی تـەعينی مـوەزەفين، تـەرفيعی و عـەلاوە وەرگرتنـی و موخەسەسـاتی، مـەفروزە چارەسـەری ئـەوەش بێتـە كـرن، چونكە ئـەوەش نەقسـە لـە پـرۆژەی قـانون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەروەر فەرموو.

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەستم کرد بەد حاڵی بوونێك هەبوو لای ئێمە، چونکە وا خرایە هینەوە کە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە یان ئەو دەچێتە شوێنی بەڕاستی، دوای ئەوە ڕوونکردوانەی کە بەڕێز سکرتێری پەرلـەمان دای، ئێمە وەکو لیژنەی نەزاهە پشتگیری لە و ماددەیە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیزافە بکرێ، بەڕێزان ئێستا دوو کەس ئەوەی پشتگیری لێ دەکات ئیزافە بکرێ، دوو کـەس ئـەوەی نایـەوێ ئیزافە بکرێ، کاك د.بشیر و کاك خورشید.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حەداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسـەکەی کـاك فرسـت زۆر ڕاسـتە، ئـەو موئەسەسـەیە، موئەسەسـەیەکی زۆر گرنگـە، مەسـیری خـەڵك دەکەوێتەبەردەسـتی، بالفعـل لەوانەیــە خــەڵکانێك لەبــەر یــەك ئیخباریــەی کــازب، لەوانەیــە لەبــەر لێکۆڵینەوەیەکی ناقص تووشی زەرەرێکی مەعنەوی بن، لە شەخسیەتیان لە سومعەتیان، بۆیـە نـاکرێ یـەك تاکـە کـەس تەحـەکوم بـە موئەسەسـەیەکی وەهـا بکـات، منـیش ڕەئـیم ئەوەیـە کـەوا هەیئـەتێك هـەبێ لەژێردەستی ئەوەبێ، بە هەیئەت حوکمەکە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید کەرەمکە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە باس لە مەسەلەیەك دەکەین بەراستی لە کۆمەڵگای ئێمە زۆر حەساسە، مەسەلەی گەندەڵی کو نەزاهە هەر ئەساسەن بۆ ئەوەیە، ئەگەر شەخسێك بە تەنیا دەسەڵاتی ئـەوەی هـەبێ، ئیتیهـامی فـلان کـەس بکـات، ئیتیهام کردن زوو زوو لە کۆمەڵگا بەر بڵاودەبێ وەکو عەرەبی دەڵێ (سرعة النار في الهيشم)، بەڵام کە دێـی چارەی دەکـەی، چارەکردنی زۆر زەحمەتـە، لەبـەر ئـەوە ڕەئیـەکی جـەماعی هـەبێ، بـەڕەئی مـن پاراسـتنی خەڵکێك، پاراستنی کۆمەڵگا، ئیحتیماله هەر میزاجی، عەقڵی نەیگرێ فلان کەس بەڕەئی وی پیاوێکی بـاش نیە، یان خراپە، ئیتیهامەکی بۆ دروست بکات، بـەڵام ئەگـەر مەجموعـە کەسـێك بـن، حەتمـەن شـتەکان بـە وردی تر موناقەشـە دەکـرێن، لەبـەر ئـەوە مـن لەگـەڵ ئـەوەم، دەسـتە بـێ، دەسـتە بۆخۆیـان و بۆخـەڵکیش باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دوو بەڕێز ئەوەی نایانەوێ، کاك شێروان و کاك عبدالسلام.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، تەبعەن من ئیعتیرازەکەم لەسەر چیە، ئەو دەستەیە خۆی هەیئەتێکە، ئەو هەیئەتە لە ڕەئیس و نائیب ڕەئیس و مودەرائی عام پێك هاتووە، باشە ئەو مەجلسە تەشکیل بکەن، هەمان مانای ئەو هەیئەتە ناداتەوە، کەواتە ئێمە بۆ مەجلس لەناو هەیئەت تەشکیل بکەین؟، خۆ دەسەڵاتەکە بدەین بە هەیئەتەکە باشترە، نەوەك مەجلسەك لەناو هەیئەتەك دروست بکەن کە خۆی هەیئەتەکە ئەو پێنج شەش کەسەیە، ئەمە یەك، دوو بە قەناعەتی من، ئێمە دووسێ یاسامان دەرکردووە، ئەوە هەیئەی مافی مرۆڤە، ئەوە هەیئەی ژینگەیە، لە هیچ یەکی مەجلسمان دروست نەکردووە بە هەقیقەت، هەتا لە وەزارەتەکانیش ئێمە تەنها مەجلسەکی ئیستیشاریمان دروست کردووە، سەرەڕای ئەوەی کە ئیشی وەزارەتەکان فەرقی هەیە لەگەڵ ئیشی ئەم هەیئەیە، بۆیە بە قەناعەتی من دروست کردنی مەجلسەك لەناو ئەو مەجلسە وارد نیە، ئەگەر هەر بکرێت ئەم دەسەڵاتە بدرێتە هەیئەتەکە، نەوەك مەجلسەك لەناو هەیئەتەکە دروست بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام کەرەمکە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ماف ئەدەم بەخۆم موناقەشەی مەسائیلی ئیداری بکەم، وەکو هەمووتان ئەزانن 10 ساڵ ئیعداد کرام بۆ ئیعادەت هەیکەلە، ئەو کتابەی ئیعادەی هەیکەلەم تەرجەمە کردووە، تەنها بۆ ئەوەی موبەریرێك بدەم کە من وەکو نیمچە خەبیرێك قسە ئەکەم، لە مەفهومی ئیدارەی تازە، ئەکرێ دوو پێکهاتە هەبن، یەکێکیان ئیشراف بکات لەسەر سیاسەتی عام، یەکێکیش تەنفیزی سیاسەتی عام بکات، واتە مەجلسی هەیئە، یان (pored of directs) ئەکرێ لە دەرەوەی جسمی بن، خەڵکانێك بن پێویستیت پێیە، مەجلسێکی تەنفیزی دەبێت ناوی دابنێی چی، پێك دێت لە ڕەئیس و نائیب و مودیر عامەکان، لەم هەیئە، خۆی ناوی هەیئەیە، ئەگەر تەماشای ماددەی 12 بکەین، ڕاستە من لەگەڵ ئێوەمە، ئەو تەبریراتەی فەردیەت دەبێ عیلاج بکەین، چونکە بەو شێوەیە ناکرێ، گەیشتونە نیوەی حەل بە ڕەئی من، ئێمە پێویستە ئەو ماددەیە، باسی هەیئەتەکە بەکەین، بە جودا باسی مودیر بکەین، بەلاّم ئەوەی من لەگەڵی نیم، ئێمە ڕەئیسمان هەیە، نائیبمان هەیە، سێ مودیرمان هەیە، مودیر مەکتەبمان هەیە، ناوی ئەو پێکهاتە ئەو مونەزەمەیەش هەیئەیە، بۆیە (تتکون الهیئة من الرئیس ونائب الرئیس والمدراء العامین) ئەگەر بتانەوێ یەك دوو خەبیریش تێدابێ، (تتولى الهیئة کالمجموع) ئەوانەی کە کاك فرسەت ئیقتراحی کردووە لە گەڵێمە هەمووی، بەلاّم تەسویتی تێدا نەبێ، یەك، چونکە ئەمە هەیئەیەکی تەنفیزیە، ئیداریە، چیت ئەوێ بیکەی ئەمانە ئێمە تەقریبەن وەزارەتێکمان داناوە، پاشان ئەو ئیشانەی کە هەیئە تەکلیفی ئەندامەکانی ئەکات، مودیر

ئیستیسنا بکەین هەندێ شت بدەینە مودیر، لە بەینی دوو ئیجتیماعی هەیئە مودیر هەندێ سەلاحیاتی هەبێ، واتە بەموحەددەدی خودی هەیئەکە قیادەیەکی هەیە، (تتكون الهیئە من) چونکە ناوی هەیئەیە، ئەگینا ئەگەر وانەکەین ئەمانە نەکەینە هەیئە، ناوی هەیئە موبەریری نامێنێ، (الهیئة تتكون من الرئیس ونائب الرئیس والمدراء العامین والاستعانة) ئەگەر بتانەوێ، سەلاحیاتی هەیئە دیار بکەین، چونکە جیهەتێکی تەنفیزیە، لەناو خۆی پێویستی بە جسمێکی دەرەوە نەبێ، سوپاس.

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەس هەیئە شەرت نیە بە یەکەوە ئیش بکەن، بەس وەکو وەزارەت مودەرائی عامی هەیە، بەس ئێستا خەلاس، دوو موداخەلە هەیە، یەك كاك فرست، یەکی تر كاك عمر، خەلاس، کەرەمکە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با ئێمە تەماشای ئیش و کاری دیوانی ڕەقابەی مالی بکەین، کو ئیش و کاری هەیئەی نەزاهە بکەین، خۆ ڕەئیەك هەیە ئەڵێ هەردوو نزیکی یەکن و دەمج ناکرێن، لە پڕۆژەی دەستوور ئێمە مولاحەزەی ئەوەمان کردووە، بەیەك عینوان هێناومانە خوارێ، هەیئەی نەزاهەو ڕەقابەی مالی، عەلەساس یەك دەزگا بێ، لە دیوانی ڕەقابەی مالی ئەنجومەنی هەیە، ئەو ناحیەك، ناحیەی دووەم، کەلیمەی هەیئە ئەوەی لێرە هاتووە، مانای ئەوە نادات کو بەیەکەوە ئیش دەکەن، هەریەك بە جیاوازی ئیش دەکات، هیچ نەسێك نیە هەموویان لێك بدات، لە مەجالەکی موعەیەن، قەسدم نەسێك نیە ئیلزامیان بکات، بەڵێ ڕەئیسی هەیئە ئەتوانێت ئیجتیماع لەگەڵ هەموو مودیر عامەکان بکات و بەیەکەو جەمعیان بکات، بەس نەسێکت نیە ئیلزامی بکات بەو ئیشە، لەبەر ئەوە فەرقەکە ئەوەیە، دوو، وەکو بدایەت گوتم ئێستاش ئەڵێم، ئەگەر ئەو مەجلسە نەیێ تەرکیبەکەی وەك تەرکیبەی دەزگایەکانی مەرکەزینە، نابێتە دەزگایەکی لامەرکەزی، بەناو ناوەکە لامەرکەزیە، بەس بە مەزمون، فەرقی ئەو لەگەڵ تەرکیبەی وەزارەتێك یان مودیریەتێکی عام نیە، چونکە هەر موەزەفێك بەجیاوازی ئیش دەکات و هیچ عیلاقاتی لەگەڵ موەزەفی تر نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەگەر باس لە دروست کردنی مەجلسێك بکەین، لەم هەیئەتە، دەبێ تەعریفی ئەو مەجلسە بکەین، تەعریف لە ماددەکانی پێشوو، تەعریفمان کردو موسادەقەمان لەسەری کرد و ناوی مەجلس نەهاتووە، ماددەی شەش ئەگەر بێتو باس لەوە بکات کە كاك فرسەت باس دەکات ئەڵێ یەك کەس دیکتاتۆریەتی ئەبێ لە مەسائیلی تەحقیقیا، ئێمە لەماددەی شەش کە دەنگمان لەسەری داوە، لە بەشی یەکەم ئەڵێین (التحقیق في قضایا الفساد و احالتها) یەکێك لە موهیمەکانی هەیئە نەوەك ڕەئیس، نەوەك یەك کەس لەم هەیئەیە،

ئەڵێت (تتولى الهيئە) هەيئەكەش ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ماددەی 12 تەفسیری ماددەی 12 هەيئە، (تتكون الهيئە من المديريات) لە پێشەوە باسی ڕەئیسی كردووە، نائیبی ڕەئسی كردووە، باسی مودیریاتی عامەو مەكتەبەكانیشی كردووە، باسی هەر هەيئە وردی كردۆتەوە، هەر مودیریەتێكی عامە بۆ چەند مودیریەتێك، هەر مودیریەتێك بۆ چەند ئیشێك، هەر مودیریەتێكیش ئیش و كارەكانی خۆی تەحدید كراوە، بەلاَم ئەگەر ئێمە بمانەوێ زیاتر تەفسیلی پێ بدەین، بە تەنیسیق لەگەڵ ئەو موقتەرەحەی كاك فرست و كاك عبدالسلام كردی، لەسەری ماددەكە بڵێین (تتكون الهيئة من الرئيس ونائب الرئيس والمدراء العامين) ئەمە پێم وایە ئەسلەم تر ئەبێ و باشتر تەزحیە ئەدا بەهینەكە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێستا تەواو بوو، كاك فرست ئیزافە ئەكات، ئەڵێ (تتالف الوزارة من الوزير والمدراء العامين) بەس هەركەس ئیشی خۆی هەیە، ئێستا كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو پێشنیارەی كە كردی موناقەشەی لەسەر كرا، لیژنەی نەزاهە پشتیوانی لێی كرد، ئیزافە بكرێت، پاشان موناقەشەی بكەین، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئیزافە بكرێ تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، 38 ئەندامی پەرلەمان لەگەڵە، سوپاس، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، 18 ئەندامی پەرلەمان لەگەڵدانیە، بۆیە ئیزافە ئەكرێت، تكایە ئێستا نەسەكە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی موناقەشە بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەكە لە سێ بڕگە پێك دێت:

اولاً: يكون لهيئة مجلس يتكون من:

1-رئيس الهيئة: رئيساً.

2-نائب الرئيس: نائباً لرئيس الهيئة ويحل محله عند غيابه.

3-المدراء العامون في الهيئة: اعضاء.

4-عدد من الخبراء من منتسبي الهيئة او من خارجها لايزيد عددهم عن ثلاثة يشاركون في الاجتماعات او مناقشات المجلس دون ان يكون لهم حق التصويت.

ثانياً:صلاحيات المجلس.

1-اعداد موازنة الهيئة وتحديد ملاكاتها و وضع جدول رواتب موظفيها ومنتسبها بالتنسيق مع وزارة المالية.

2-اصدار نظام خاص بالهيئة.

3-وضع خطط عمل الهيئة.

4-اقرار التقارير الدورية التي ترفع الى البرلمان او الجهات الرسمية الاخرى.

5-دراسة ما يحله الرئيس اليها من المواضيع واتخاذ القرارات الازمة بشأنها.

ثالثاً:تتخذ قرارات مجلس الهيئة بالاكثرية وعند تساوى الاصوات تكون للجانب الذى صوت معه رئيس الهيئـة الارجحية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە ڕەئیتان لەسەر ئەو ماددەیە و فەقەرەکانی.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەڵبەتە لەگەڵ ئەوە بووین کەوا ئەو هەیئەتە دروست بکرێت، لەبەر ئـەو موبەریراتانـەی کـە بـەڕێز سکرتێری پەرلەمان هێنایەوە، بەڵام ئێمە پێشنیار دەکەین هەرچەندە ئێمە بە دەنگدان لەخاڵی پێشوو، لـە خاڵی دەیەم، خالی دووەم، دووەممان هـەڵگرت (مـنح مكافـأة لغـير العـاملين في الهيئـة) ئـەویش لەبـەر ئـەوەی وتمان نەکەوێتە دەستی سەرۆك و سەرۆك بەتەنها....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئەڤین خان، ئێستا موناقەشەی ئەوەی کە د.ڕۆژان خوێندرایەوە، ئـەو سـەلاحیاتی هەیئەکەیـە، بـەڵێ فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆیـە ئێسـتا ئێمـە پێشـنیار دەکـەین ئـەوەی جارێکی تـر بـۆ دابنـێین، چـونکە ئـەوە دەرئەچێت لـەوەی لـە سەلاحیاتی تەنها سەرۆك هەیئەکە بێ، بەڵکو بکەوێتە دەستی مەجلسـەکەوە، بۆیـە پێشـنیار دەکـەین کـەوا (منح مكافأة لغير العاملين في الهيئة) بگەڕێتەوە بۆ سەڵاحیاتی هەیئەکە خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕێزم بۆ ڕەئیەکەی ئەڤین خان، ئێمە مەسەلەی لابردنی مەنحی موکافەئات دەنگمـان لەسـەر داوە موسادەقەی لەسەر کراوە، نابێ بگەڕێتەوە جارێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێ ئەیەوێ قسە بکات لەسـەر ئـەو مـاددە تـازەی کـە بـەڕێز سکرتێری پەرلـەمان پێشـنیاری کرد، دەنگمان دا بۆ ئەوەی ئیزافە بکرێ، ئێستا بـۆ موناقەشـە کردنـی ئەگـەر چـاك و کـەم و زیـادی هـەبێ، کاك ئاسۆ و کاك د.حسن، کاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**مـن تـەنیا یـەك ئیستیفسـارم هەیـە، کـە بـاس لـەوە دەکـریٚ ئەنـدامانی مەجلسـەکە، بـاس لـە بەڕێوەبـەرە گشتیەکان دەکریٚ، ئایا ئەوە بەڕێوەبەری لقەکانیش دەگرێتەوە؟، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك حسن کەرەمکە.**

**بەڕێز حسن محمد سورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە خۆمان لەو ئیشکالیاتە ڕزگار بکـەین کـەوا لێـرە هەیئـەمان هەیـە، کـە بریتیـە لـە کۆمـەڵێك خـەبیر و هەروەها لەگەڵ جیهازە تەنفیزیەکـە، بۆیـە مـن لەسـەرەتا پێویسـتە بڵێین (تشـکل الهیئـە مـن ) ژمارەکـەی بڵێین چەندە (احد عشرة ممن تتوفر فیهم الخبرة والنزاهة والکفاءة علی ان تمثل في الهیئة منظمات المجتمع المدنی والقطاع الخاص والقطاع امرأة) دوایی دێینە سەر مەهامی ئەو هەیئەیە، کە ئەو مەجلسی هەیئەیـە نەوەك مەجلسە تەنفیزیەکـە، ئەوانـەی کـە لـە مەهامەکـە هـاتووە، شـتێکی باشـە، بـەلاٌم هەنـدیٚ مـەهامی تریشی هەیـە،(التحقیـق في الشـکاوی التـی تقـدم عـن جریمـة الفسـاد توعیـة المجتمـع بکافـة مستویاتە، رسـم السیاسة العامة لمکافحة الفساد، اعداد التقریر السنوی للهیئة)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەندامێتی لە ئەنجومەنەکە هەر فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بیٚ، لە دەستەکە دەبێتە ئەندام لە ئەنجومەنی دەستە، ئەوجا ژمارەیان چەند بیٚ ئەوە دواتر لە ماددەکەی تر کە گفتوگۆی لەسـەر دەکـریٚ، هەموو بەڕێوەبەری گشتی ئەندام دەبن لە دەستەکە، سەبارەت بە خوبەرا، کە گۆتت خـەبیر واتـە پسـپۆربیٚ و شارەزابیٚ لەو بوارە، کە هەڵی دەبژێرن کەکاریان پێیە، شارەزایی لەو بوارە هەیە کەوا کاری لەسەر دەکات دەسـتەکە، بـەو ئەرکانـەی کـە مـەهامی دەسـتە لـە پێشـوو دەنگمـان بـۆی دا، ئـەوە خۆیـان هـەڵی دەبـژێرن لەوانەیە هەر کەسێك بە پێی پسپۆڕی لەبەر دەستیتیان کەسێك هەڵدەبژێرن، ژمارەکەی ئەو خۆیان دیاری دەکەن، لەسیٚ کەس زیاتر نەبیٚ، لە دەقەکە وا هاتووە، ( لایزید عددهم عن ثلاث) لە سیٚ کەس زیاتر نەبیٚ، پێویستی کرد، دەبنە ئەندام لەئەنجومەنی دەستە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا بیخوێننەوە ئاخیر سیاغەتان، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدانەوە، فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تەبعەن ڕیزبەندی ماددەکان دەگۆڕدرێت، دەبێتە ماددەی نۆ.**

المادة التاسعة:

اولاً: يكون للهيئة مجلس يتكون من:

1-رئيس الهيئة: رئيساً.

2-نائب الرئيس: نائباً لرئيس الهيئة ويحل محله عند غيابه.

3-المدراء العامون في الهيئة: اعضاء.

4-عدد من الخبراء من منتسبى الهيئة او من خارجها لايزيد عددهم عن ثلاثة يشاركون في الاجتماعات او مناقشات المجلس دون ان يكون لهم حق التصويت.

ثانياً:صلاحيات المجلس.

1-اعداد موازنة الهيئة وتحديد ملاكاتها و وضع جدول رواتب موظفيها ومنتسبها بالتنسيق مع وزارة المالية.

2-اصدار النظام الخاص بالهيئة.

3-وضع خطط عمل الهيئة.

4-اقرار التقارير الدورية التى ترفع الى البرلمان او الجهات الرسمية الاخرى.

5-دراسة مايحله الرئيس اليها من المواضيع واتخاذ القرارات اللازمة بشأنها.

ثالثاً:تتخذ قرارات مجلس الهيئة بالاكثرية وعند تساوى الاصوات تكون للجانب الذى صوت معه رئيس الهيئة الارجحية، يان (تكون الارجحية للجانب الذي صوت معه الرئيس).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ لەگەڵە بە عەرەبی كە خوێندرایەوە، پاشان تەرجەمەی كوردی ئەكرێت، نەسەن كێ لەگەڵە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، 47 ئەندامی بەڕێز لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، نۆ ئەندامی بەڕێز لەگەڵدانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، ئێستا بۆ ماددەی 10، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 10 كە گفتوگۆی لەسەر كرا، بەلآم ئێستا بە پەسەند كردنی ئەو ماددەیە دەبێ دەسەلآتەكان هەندێك بگۆڕدرێت، بەلآم من وەكو خۆی دەیخوێنمەوە، پاش وەرگرتنی هەموو پێشنیار و ڕاو بۆچوونەكان لەسەر ئەو ماددەیە، كە باس لە دەسەلآتەكانی، سەرۆك دەكات، سەرۆكی دەستە، بەلآم ئێستا بەشێكی زۆرمان لەو دەسەلآتە دا بە ئەنجومەن، دوای ئەوەی كەوا پێشنیاری بوونی ئەنجومەنێك لەناو دەستە دەنگی هێنا، بۆیە ماددەی 10،

المادة العاشرة:

يمارس الرئيس المهام الاتية:

اولاً: ادارة اعمال الهيئة وضمان تأدية واجباتها في حدود القانون بمان يضمن تحقيق اهدافها.

ثانياً:

1-اعداد ميزانية الهيئة وملاكها الوظيفي بالتنسيق مع وزارة المالية لدرجها ضمن ميزانية الاقليم.

ئەوەش لەگەڵ هى ئەنجومەن باس كرا.

ثالثاً: فتح فروع للهيئة في المحافظات وادارات الاقليم على ان يدير كل فرع موظف بدرجة مدير عام، حاصل على شهادة جامعية اولية على الاقل.

رابعاً: تقديم تقرير دورى كل اربعة اشهر للبرلمان او كل مااقتضى الحاجة يتضمن نشاطات الهيئة ومنجزاً عن القضايا التى تمت التحقيق فيها والتى تم غلقها والتى احلت المحكمة المختصة ويسمح للجمهور ووسائل الاعلام بالاطلاع عليه.

خامساً: الطلب من مجلس القضاء بتنسيب محققين عدليين للعمل في الهيئة.

**بەڕێزسەرۆكى پەرلەمان:**

ليژنەى نەزاهە ڕەئيتان لەسەر ئەوە.

**بەڕێز سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

جگە لەو بڕگانەى كەوا لێى دەرهاتووە، ئەوەى تر كە ليژنەى هاوبەش خوێندويانەوە، ئێمەش پشتگيرى لێ دەكەين.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

كاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم على(وەرتى):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

سەبارەت بە كردنەوەى لقەكان، لقى هەيئەكە لە موحافەزات و لە ئيدارات، من پێشتر قسەم لەسەرى كرد، لەبەر ئەوەى نيزامى ئيدارى لە ولأتى ئێمە بە موحافەزات و قەزاو ناحيە دەست پێ دەكات، ئيدارات لە نيزامى ئيدارى نيە، يەعنى ئەمە پێموايە ئيشكالێكە لێرەدا، وتم لێرە ئەگەر لە جياتى ئيدارات، يەعنى شار بنووسرێ باشترە، نەوەك ئيدارات، ئەمە وەكو مولاحەزەيەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەوانەى مولاحەزەيان لەسەر ئەم خاڵانە هەيە، خورشيد احمد، شوان كريم، جەمال طاهر، حسن محمد، عبدالسلام بەروارى، ئەم بەڕێزانە ئەيانەوێ موداخەلە بكەن، كاك خورشيد فەرموو.

**بەڕێز خورشيد احمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

له مەهامەكان (اعداد ميزانية الهيئة وملاكها الوظيفي و وضع الجدول الخاص برواتب موظفيها) ئێمە لێرەدەبێ (الاشراف على تنفيذ الميزانية) چونكە ميزانيە چووە دەسەڵاتی هەيئە، (الاشراف على تنفيذ الميزانية التی تعدها الهيئة) بەو شكلە بێ بۆ ئەوەی تەعاروز نەكات لەگەڵ هەيئە، دوو لايەن دەبنە ئيعداد، ئيعدادەكە لێرە هەيئە دەبێ ئيشراف بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جمال طاهر كەرەمكە.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە ديسان گوتمان كە تەنها لێرە بمينێت (فتح فروع للهيئة في محافظات الاقليم) ئەوەی تر ببردرێتە ماددەی 12 (يدير الفرع ترتبط اقسام الفرع) ئەوە بڕواتە ماددەی 12 لە ئەسڵی مەشروع.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

شوان كريم كەرەمكە.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبينيەكەی منيش وەكو هاوكارم كاك خورشيدە، ئەمە يان ئيعدادی ميزانيەكە هەر لابرێ، لەبەر ئەوەی دراوە بە هەيئەكە، يان ئيشراف ببێت بە دەسەڵاتی سەرۆك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

حسن كەرەمكە.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكەی من كاك شوان كردی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

عبدالسلام بەرواری كەرەمكە.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی ميزانيە وترا، دوو، ئێمە مەجلسمان هەيە، ڕەئيس چۆن هەقی هەيە قەرار بدات فرع بكرێت، ئينجا ئيقتراح بكات و تەقديمی بكات بۆ مەجلس، باسی قيادەی جەماعيمان نەكرد، بۆيە بە سيغەكە بگۆڕدرێت، نە ڕەئيس فەرع دەكاتەوە، ئيقتراحێكە عەرزی دەكات لەسەر مەجلس بە هەر شێوەيەك، وە ئيعادەی ڕەئی خۆم ئەكەم كە مدير بن نە مدير عام بن، ئەخيرەن، ئێمە مەجلسمان هەيە، مەجلس خۆ دەبێ تەغيرەكە

ببینیت، بۆیە (اعداد تقریـر دوری وعرضـه علـی المجلس لتقدیمـه الی البرلـان)یـەعنی ڕاپۆرتەکـە تەقـدیمی مـەجلس بکـات، مـەجلس تەقـدیمی پەرلـەمان دەکـات، نـەوەك خـۆی بـێ مـەجلس تەقـدیم بکـات، خـۆی مەجلسمان بۆ ئەوە دانابوو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تێبینیەکان، زۆر باس لە خاڵی دووەم کـرا، (اعـداد المیزانیـه) پـاش ئـەوەی ئەنجومـەنی دەسـتە پەسەند کـرا، لـە مـاددەی نـۆ، ئـەوە ئـەو بڕگـەی دووەم لێـرە لادەدەیـن، چـونکە هـیچ قیمـەتێکی نامێنێـت، سەبارەت بە پێشنیارەکەی کاك عبدالسلام، پێشنیاری کردنەوەی لق، نـەوەك بڕیـاری لەدەسـت بـێ کـەوا لـق بکاتەوە، ڕاسـتە ئەنجومـەنێك پێـك هێنـدرا، ئەنجومـەنێك دانـرا لـەناو دەسـتەکە، بـەڵام سـەرۆکی دەسـتەی نەزاهە کە لەلایەن ئەنجومەنی دادوەری تەرشیح دەکرێ، پەرلەمان دەنگـی بـۆ دەدات، دەسـەڵاتی ئەوەنـدەی نەبێ لقێك لە پارێزگا بکاتەوە، بۆ ئەوەندە دەسەڵاتەی نەدەینێ، ئەگەر ئەوەش نەمێنێ، دەسـەڵاتەکانی تـر هەموو شتی شکلیە، سەبارەت بە (تقدیم تقریر دوری) ئەو بـەرزی دەکاتـەوە ڕەفعـی دەکـات بـۆ پەرلـەمان، بەس تەقریرەکە لە لایەن ئەنجومەنەوە ئامادە کراوە، بۆیە ئەو دەقەیـەش وەکـو خـۆی بمێنێتـەوە، بڕگـەی دووەم لادەدرێ، بڕگەی یەکەم وەکو خۆی، هـی سـێیەم دەبێتـە دووەم، ئـەو وردەکاریـەی کـە تێیدایـە خـاڵی یەك و دوو، تەرتەبەت ئەقسام فەرع و ئەوانە، ئەو وردەکاریە هەر پێشتر باسمان کرد، لە ڕاپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنەش هاتووە، کە ئەو وردەکاریە، پێویست ناکات، ئەوە پەیوەندی بە مـاددەی 12 هەیـە، ئەوانـە لادەدرێ، بڕگەی پێنجەم دەبێتە سێیەم، (الطلب من مجلس القضاء بتنسیب محققین عدلین) ئەوەش دەبێتە بڕگەی 4، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەی نەزاهە ڕەئیەکتان هەیە لەو بارەیەوە.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هاوڕاین لەگەڵ لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەی هاوبەش ئەگەر نەسەکە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بدەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة العاشرة:

يمارس الرئيس المهام الاتية:

اولاً: ادارة اعمال الهيئة وضمان تأدية واجباتها في حدود القانون بما يضمن تحقيق اهدافها.

ثانياً: فتح فروع للهيئة في المحافظات وادارات الاقليم على ان يدير كل فرع موظف بدرجة مدير عام، حاصل على شهادة جامعية اولية على الاقل.

ثالثاً: تقديم تقرير دوری كل اربعة اشهر للبرلمان او كل ما اقتضى الحاجة يتضمن نشاطات الهيئة ومنجزاً عن القضايا التى تمت التحقيق فيها والتى تم غلقها والتى احلت المحكمة المختصة ويسمح للجمهور ووسائل الاعلام بالاطلاع عليه.

رابعاً: الطلب من مجلس القضاء بتنسيب محققين عدليين للعمل في الهيئة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ لەگەڵە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، یەك كەس لەگەڵدانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، ئێستا بۆ ماددەی 11 فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 11:

یەكەم: سەرۆكی دەستە جێگرێكی دەبێت بە مەرسومی هەرێم و بە پلەی تایبەت دادەمەزرێ.

دووەم: سەرۆكی دەستە بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەكانی خۆی بە جێگرەكەی و بەڕێوەبەرە گشتیەكان یان پشكێنەرە گشتیەكان بدات.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الحادية عشرة:

اولاً: لرئيس الهيئة نائب يعين بمرسوم اقليمى وبدرجة خاصة.

ثانياً: لرئيس الهيئة ان يخول بعض صلاحياته لنائبه وللمدراء العامين او المفتشين العامين.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە ڕەئیتان.

**بەڕێز سەرومر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی نەزاهە هیچ تێبینیەكمان نیە لەسەری، خوازیارین وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم هیچ تێبینیمان نیە، لە بڕگەی دووەم، پێشنیار دەکەین کەوا لە کۆتایی بڕگەکە (او المفتشین العامین) لابدرێت لەبەر ئەوەی ئەو پلە و ئەو پۆستە لە سیستەمی ئێمە نیە و نەماوە، لەبەر ئەوە (او المفتشین العامین) ئەو عیبارەیە لابدرێت لە کۆتایی بڕگەی دووەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ ئەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات، فاضل بەشارەتی، سەمیرە گۆران، شوان کابان، شڤان احمد، بەشیر خلیل، ئاسۆ کریم، بێریڤان سەرهەنگ، تارا ئەسعەدی، سەردار رشید، احمد وەرتی، عمر نورەدینی، هاژە سلێمان، ئەم بەڕێزان ئەیانەوێ موداخەلە بکەن، فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی یازدە لە خاڵی دووەم من تەنها یەك مولاحەزەم لەوە هەیە کە دەڵێ، سەرۆکی دەستە بۆی هەیە، یەعنی ئەمە تەفریبەن ئیختیاریەك دەبەخشێ، بە بڕوای من لێرە دەبێ سەلاحیاتی، چونکە لێرە بە هەقیقەت دەستەیەکی تەفتیشیە لیژنەی نەزاهە، کە دەڵێ سەرۆکی دەستە بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی ببەخشێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم لێرە دەسەڵاتی هەیئەتەکە دیاری بکرێ، نەوەك سەرۆکی دەستە بۆی هەبێ، ببێتە ئیختیاری، ئایا ئەو دەسەڵاتەی پێ بدات یان پێی نەدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەمیرە گۆران کەرەمکە.

**بەڕێز سەمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك فاضل دەکەم، خاڵی یەکەم هیچ تێبینیم نیە، بەلام هی دووەم (لرئیس الهیئة تخویل مرئوسه بعض مهامه) ئەگەر سیغەکە وای لێ بێت پێم باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێرە لە ئەسڵی پڕۆژەکە، ئیختیاری پێی داوە، ئەتوانێ هەیبێ، ئەتوانێ نەیبێ، فەرزی نەکردۆتە سەری، بەس ئەگەر ڕەئیەکی ترتان هەیە، جێگەی ڕێزە، شوان کریم کەرەمکە.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەصلی دووەمی ماددەی 11، پێش ئەوە بووە کە ئێمە مەجلسێ دروست بکەین بۆ ئەم هەیئەیە، لەدروست کردنـی مەجلسـەکە سـەرۆکی هەیئـە بەشـێ لـە دەسـەلأتەکانی درا بـە مەجلسـەکە، بەشـێکی کـەمی لـە دەسەلأتەکانی ماوەتەوە، ئێستا بەشێکی ئایا بە نائیبەکەی، چی بدا بە مـدیر عـام و موفەتیشـەکان، یـەعنی بـەس هەقـە لێـرە ئەوەنـدە بمێنێتـەوە، پشـتگیری بەشـێکی ئیقتیراحەکـەی لیژنـەی هاوبـەش دەکـەم، کـە موفەتیشە عامەکانی لێ لابرێت، ئیزافەی ئەوەش دەکەم کە مودیر عامەکانیشی لێ لابرێت، چـونکە مـودیر عامەکان خۆیان لەخوارەوە بۆیان دیاری کراوە، وەزیفەکەیان چیە، هینی ئیداریان چەندە بەڕاستی، توانـای ئیداری و دەسەلأتیان چەندە، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، شڤان احمد کەرەمکە.

**بەرێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

(لرئیس الهیئة نائب یتولی رئیس) شروتەکەی لێرە دیاری نەکراوە، مـن پرسـیارەکەم لـە لیژنـەی هاوبەشـە، شروتی نائیب دیاری نەکراوە لێـرە، کەچـی لـە مـودیر عامـەکان شـروتمان بـۆ دیـاری کـردووە، تەحدیـدمان کردووە دەبێ ئەوەندە خدمەی هەبێ، شەهادەی جامعی ئەوەلی هەبێ علی ئەقەل، شەرتێك دیـاری نـەکراوە نازانم، تێدا نەهاتووە، ثانیاً لرئیس الهیئـة یخـول بعـض صـلاحیاتە) لـە قانونـدا بعـض زۆر کـەم بـەکاردێت، (جزء) و (کل) هەیە، (جزء مـن صلاحیاتە) نـا( جـزء مـن اختصاصـاتە) ئیختیساسـات شـاملترە، سـەلاحیات دەگرێتەوە هەم ئیختیساسات دەگرێتەوە، (جزء مـن اختصاصـاتە) جارێکی تـر ئـەوەم کـردووە تێپـەڕ بـووە وەرنەگیراوە، بەلأم لە قانوندا ئەمە باشترە، ئەمە زۆر زۆر بەکاردێت، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شڤان ئەگەر موهەندس بێت، ئەوەی تر موهەنـدس نـەبێ، ئیختیساس چی پێ بدات سـەلامەت بی، سەلاحیات باشترە.

**بەرێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەصدەری ڕەئیسی کە سەلاحیات، ئیختیساسات سەلاحیاتیش دەگرێتەوە، ئیختیساساتیش دەگرێتەوە، بەلأم سەلاحیات تەنیا سەلاحیات دەگرێتەوە، ئیختیساسات ناگرێتەوە.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاسۆ كريم كەرەمكە.

**بەڕێزبكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەوماددەیە بەڕاستی، كەباس لە جێگری سەرۆك دەكات، لەو ماددەیەدا دیاری نەكراوە، میكانیزمی دەست نیشان كردنی جێگر چۆن دەست نیشان دەكرێ؟، كێ دایدەنێ؟، ئەو مەرجانەی كە دەبێ لە جێگر هەبن، بۆیە پێم باشە هەر هەمان شت ئەو مەرجانەی لە سەرۆك هەن، لە جێگریش هەبن، هەروەها هەر لە لایەن مەجلسی قەزاوە ئیختیار بكرێت، لە پەرلەمانیشەوە بابڵێین ئینتیخاب بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بێریڤان خان كەرەمكە.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كرا، بۆیە دووبارەی ناكەمەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز تارا ئەسعەدی.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەر لە هی یەكەم نەوترێ (لرئیس الهیئة) بەڵكو بوترێ (ان ینتخب لرئیس الهیئة نائباً لە خبرة لایقل عن عشرة سنوات ویخول له بعض صلاحیاته ویعین بمرسوم اقلیمی وبدرجة خاصة) ئەوەی دووەم، وابزانم لە ناو مەجلسەكە هەیە، پێویست ناكات لێرە ئەگەر مودەرائەكان باسیش نەكرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز سەردار رشید كەرەمكە.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە منیش هەمان ڕەئی برادەرانم هەیە، كە سەرۆكی دەستە بە چەند مەرجێك دادەندرێت، وە مەرسومی هەرێمی هەیە، مەرسومی هەرێمی بۆ دەردەچێت، مادام جێگر ئەو گرنگیەی هەیە بە مەرسومی هەرێمی دادەمەزرێ، دەبێ هەمان مەرجەكانی سەرۆكی بۆ دیاری بكرێ، دیاری كردنی جێگریش كێ دیاری ئەكات؟، من ئەو پرسیارەشم ئەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.احمد وەرتی كەرەمكە.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش سەبارەت بە جێگری سەرۆك هەمان ڕەئی هاوكارانم هەیە، كە پێویستە ئـەویش مەرجـەكانی دیـاری بكرێ و وازح بێ، دووەم، سەبارەت بەو دەسەڵاتانەی كەوا سەرۆكی هەیئە ئەیـدات بـە جێگرەكـەی، یـان بـە بەڕێوەبەرە گشتیەكان، من پێم باشە بە شێوەی تەحریری بێ ئەو تەخویل كردنە، واتە بنووسرێ (لرئیس الهیئة ان یخول تحریریاً بعض صلاحیاته لنائبه والمدراء العامین)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز هاژە سلێمان كەرەمكە.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەكەی منیش هەر لەسەر پشكێنەرە گشتیەكان بوو، بۆ ئەوەی وەزیفەی موفەتیشی عام، كە بەڕاسـتی لـەدوو، سـێ شـوێنی یاسـاكەدا هـاتووە، مـاددەی شەشـەمیش لـە بڕگـەی حەوتـەم هـاتووە، لـەماددەی 12 لـە بڕگەی دووەم خاڵی (ت) دا هـاتووە، بۆیـە نـازانم بەڕاسـتی مـن لـە جەلسـەكەی تـر لـە مـاددەی شەشـەم كـە موناقەشە كرا لێرە نەبووم، ئیقتراحی ئەوەم كرد كە پشكێنەرە گشتیەكان لابرێت، چونكە ئـەو وەزیفەیـە نیە لە كوردستان، ئەگەر تەئكیـدێك بكەینـەوە لـە لیژنـەی یاسـایی، لـەوێ لابـرا یـان نـا، لـەماددەی شەشـەم بڕگەی حەوتەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز عمر نورەدینی كەرەمكە.

**بەڕێز عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەكەم برادەران باسیان كرد كە كێ و چ لایەنێك نائیـب تەرشـیح دەكات، ئـەو لایەنـەی كەتەرشیح و كاندیـدی دەكـات، لـە كوێـوەدەبێ؟، هـەروەها مەرجەكانیشـی، سـەبارەت بـە بڕگـەی دووەم، لـە ڕاستیدا دەبێ جێگر و نائیبی هەبێ، بەڵام لـە لایـەكی تـرەوە سـەرۆك موخـەوەل كـراوە، سـەلاحیاتی خـۆی بداتێ یان نەیداتێ، یەعنی دەكـرێ نەیـداتێ، باشـە ئەگـەر دەسـەڵاتی نـاداتێ نـائیبی بۆچـی هـەبێ، كەواتـە بەڕەئی من بەوە شێوەیە بگۆڕدرێت، كە پێویستە بەشێك لـە دەسـەڵات و سـەلاحیاتی خـۆی بـداتێ، چونكە ئەگەر نەیداتێ بۆچی جێگری هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر سەلاحیاتت پێیدا، ئەگەر نەخۆش بوو هیچی پـێ نـەدا ئـەوە دێتـە جێگای، سـەفەری كـرد ئەچێتە جێگای، جار وا هەیە هیلاك ئەبێ هاوكاری ئەكات، بەقانون ئەگەر وات لێی كـرد، ئـەبێ ئیحتیرامـی یاسـاكە بگـرێ، ئەگـەر وەك جـەنابت ئـەڵێی تەحدیـد بكـرێ ئـیلاو بـیلا ئـەبێ بیـداتێ لـە چ بوارێـك، ئـەبێ ئـەو

بوارانەش تەفسیلاتی بۆ بکرێ، نەختێك تەعقید ئەبێتەوە، لیژنەی هاوبەش، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، تەواو بوو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزاتی برادەران زیاتر لەسەر بڕگەی دووەم بوو، لەسەر تەخویلی سەلاحیات، بەس من پێموایە لە تەبعەکە ئەمە ئەتوانێ حەل بکرێ، وا ئەچێ ئاوا نەنووسرابێ، (لرئیس الهیئة ان یخول بعض صلاحیاته) کە کاك شوان کریم کابان زۆر باش باسی کرد، ئەگەر سەلاحیاتی هەمووی بدات بە نائیب و مودیر عامەکان و بەومەجلسە کەواتە ئەم رەئیسە هیچ دەسەڵاتێکی پێیەوە نامێنێت لەم هەیئەتە گەورە، حەلی ئەو کێشەیە ئەوها ئەکرێت کە بڵێ (ان یخول بعض صلاحیاته لنائبه او للمدراء العامین) خۆی بەتەحسیل حاصل رەئیسی هەیئە ئەبێ بەعزێ سەلاحیاتەکانی بدات، جەنابیشت ئێستا تەوزیحێکت پێیدا، جائیزە ئەم مودیرە لێرە نەبێ، نەخۆش بێ، سەفەر بکات، نابێ ئیش و کارەکان بوەستێ، ئەبێ بەعزێك لە سەڵاحیاتەکانی بدات یان بەنائیبەکەی یان بەو مودیر عامانەی کە لە شارەکانن، ئیتر ئەوەش بەگوێرەی تەعلیماتێکە کە لەئەخیری ئەم یاسایە پێی دەرچووە، کە ئەڵێ رەئیسی هەیئە ئیسداری تەعلیمات دەرئەکات، بۆ تەنفیز کردنی ئەم یاسایە، بە واتا لەو تەعلیماتە باسی لەسەر ئەکرێ ئەم ڕەئیسی هەیئەیە، چەند دەسەڵاتی خۆی کام دەسەڵاتانە، هەتا ناحیەی سەرف بێ، قەرار وەرگرتن بێ، قەرار ناردن بێ، چۆن چۆنی بۆیان تەحدید ئەکات، ئەوە زیاتر ئیشی ئەوانە، لێرە ناکرێ سەلاحیاتەکان بە دەرج یەك بەدوای یەکا باسی لەسەر بکەین، باقی تری بە نیسبەت ئەوەی کەنائیب کێ دایئەنێ، ئێمە پێمان وایە مادام رەئیسی هەیئە لە لایەن پەرلەمانەوە ئیختیار ئەکرێت بە مەرسومێکی ئیقلیمی دادەندرێت، نائیبیش هەر بە مەرسومی ئیقلیمی دائەندرێت، کەواتە نائیبیش ئەبێ ئەو شروتانەی هەبێ، کە لە رەئیسی هەیئەکە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە رەئیتان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕەئی ئێمە وەکو لیژنە، ئەگەر هاتو بەهۆی ئەوەی کە سەرۆکی هەیئەکە مونتەخەبە لە لایەن پەرلەمانەوە، بۆیە ئەو شوروتە قاسیانە دانراوە، یاخود ئەبێ مورەشەح بێ لە لایەن ئەنجومەنی دادوەری، ئەو پێوەرانە بۆ ئەوە دانراوە، چونکە ئەو سەرۆکی زۆربەی دەسەڵاتەکەی لە دەستە، هەرچەندە مەجلسەکەش هەیە، بەلام لە لایەن پەرلەمانەوە دەنگدانی لەسەر ئەکرێ، بەلام لەبیرمان نەچێ نائیبەکەی لێرە تەعین ئەکرێ، تەعین کردن فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوەی کەوا، دانانی بەدەنگدان، بۆیە بە ڕەئی ئێمە هیچ پێویست ناکات ئەو شروتانەی کە بۆ سەرۆك هەیە لێرەدا زیکر بکرێ بۆ نائیبەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ليژنەی هاوبەش ئاخیر سياغەتان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الحادية عشرة:

اولاً: لرئيس الهيئة نائب يعين بمرسوم اقليمى بناءً على ترشيح من الرئيس ويكون بدرجة خاصة.

ثانياً: لرئيس الهيئة ان يخول بعض صلاحياته لنائبه او للمدراء العامين.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ دايبنێت؟، ئەوە تكايە وازح بێ.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی لێرە تازە پێشنيار كرا، لەلايەن سەرۆكی دەستە تەرشيح دەكرێ، لە لايەن سەرۆكايەتی هەرێم مەرسومی پێ دەردەچێ، مەرسومەكی هەرێمی پێ دەردەچێ، (لرئيس الهيئة نائب يعين بمرسوم اقليمى بناءً على ترشيح من الرئيس) رەئيس پێناسە كرايە  لە ماددەی يەك،  واتە رەئيسی هەيئە، (ويكون بدرجه خاصه).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكايە نەسەن بيخوێنەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الحادية عشرة:

اولاً: لرئيس الهيئة نائب يعين بمرسوم اقليمي بناءً على ترشيح من الرئيس ويكون بدرجة خاصة.

ثانياً: لرئيس الهيئة ان يخول بعض صلاحياته لنائبه أو للمدراء العامين.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لەخاڵی يەك ئەوەی (يحل محله عند غيابه)، نيزاميە كاك عمر صديق فەرموو.

**بەڕێز عمر صديق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ليژنەی هاوبەش ئاماژەيان بەوەدا، ئەو خاڵانەی يان ئەو مەرجانەی كە پێويستە لە نائيبی هەيئە هەبێ، هەر ئەو مەرجانەئەبێ كە لە رەئيس هەبووە، بەڵام لەم مادەيە هيچ ئاماژەيەك بەوە نەدراوە، ئەگەر بكرێ ئاماژەيەكی پێ بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تکایە ئەخیر سیاغە بیخوێننەوە، ئەیدەینە دەنگدان، خۆتان حازر بکەن، گوێتان لێی بێ، ئێستا دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادية عشرة:

اولاً: لرئيس الهيئة نائب يعين بمرسوم اقليمي بناءً على ترشيح من الرئيس ويكون بدرجة خاصة.

ثانياً: لرئيس الهيئة ان يخول بعض صلاحياته لنائبه أو للمدراء العامين.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 39 ئەندامی بەڕێز لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 13 ئەندامی بەڕێز لەگەڵدانیە، سوپاس، بۆیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەی 12 فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوازدە:

دەستە لە بەڕێوەبەرە گشتیەکان و نووسینگەی سەرۆکی دەستە پێك دێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی و دارایی، فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات و دەبێت بەلای کەمی بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەدەست هێنابێ شارەزایی لە بواری پسپۆڕیەکەیدا لە 10ساڵ کەمتر نەبێ ژمارەیەك لە فەرمانبەران هاوکاری دەکەن ئەم فەرمانگەیە ڕێکخستنی کاروباری دەستەی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی و ئامادەکردنی بودجەی ساڵانەو ڕێکخستنی کاروبارە داراییەکان و وردبینی ناوخۆ و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی مانگانەو ساڵانەی دارایی بە پێی یاسا دەگرێتە ئەستۆ.

دووەم: فەرمانگەی کاروباری یاسایی و لێکۆڵینەوەکان، فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات و دەبێت بەلای کەمی بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەدەست هێنابێ، شارەزایی لە بواری پسپۆڕیەکەی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ ژمارەیەك لە فەرمانبەران و لێکۆڵەرەوان و پسپۆڕان هاوکاری دەکەن و لەمانە پێك دێن:

1-بەڕێوەبەری کاروباری یاسایی، ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

أ-بیرو ڕا دەربڕین و ڕاوێژکاری لەو مەسەلە یاساییانەی دەخرێنە بەردەم دەستە.

ب-دادبینی کردن لەبەردەم دادگا تایبەتەکاندا لەومەسەلانەی پەیوەستن بە دۆزەکانی گەندەڵی کە دەستە دەیانجولێنێ و ڕێگاکانی تانە لێدان بۆیان دەگرێتەبەر، تا لەسەر داوای دەستە نوێنەرایەتی دەستە لە لیژنەکان لێکۆڵینەوە دەکات کە لەلایەن پشکێنەرە گشتیەکانەوە دامەزراون.
ت-ئامادەکردنی باس و توێژنەوەی یاسایی تایبەت بە یاساکانی بەربەرەکانی گەندەڵی و ئەو ڕێکەوتنانامە نێودەوڵەتیانەی لە بارەی گەندەڵیەوەن.
ج-ڕا دەربڕین سەبارەت بە بڕیارە کارگێڕیەکان و ئەو گرێبەستانەی لە لایەن دەستەکانی حکومی و ئەو دەستانەی ملکەچی حوکمەکانی ئەم یاسایە کراون.

2-بەڕێوبەرایەتیەکانی لێکۆڵینەوە ئەم ئەرکانە دەگرێتە خۆی:
أ-پەردە هەڵماڵین لەسەر حاڵەتەکانی گەندەڵی و لە هەموو دەستەکانی حکومەتداو کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەیانەوە بە پشت بەستن بەدەزگا تەکنیکیەکان و هاوکارانی نهێنی و لێکۆڵینەوە لێیان.
ب-دانانی میکانیزم و ڕێکارەکانی وەرگرتنی تۆمەت نامەی گەندەڵی و سکاڵای هاووڵاتیان لەبارەیانەوە.
سێیەم: فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافیەت، فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات و دەبێ بەلایەنی کەمی بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەدەست هێنابێ و شارەزایی لە پسپۆڕیەکەیدا لە دە ساڵ کەمتر نەبێ، ژمارەیەك لە فەرمانبەران هاوکاری دەکەن و ئەم ئەرکانە دەگرێتە خۆی:

1-ئامادەکردنی نموونەی پشکنینی بەرژەوەندیە داراییەکان بەپێی سیستەمێکی تایبەت بەخۆی و کە سەرۆکی دەستە دەری دەکات و هەموار کردنی پێویستی بۆ پێشنیار دەکات و بەدواداچوونی بۆ دەکات و لەدروستی زانیاریەکان تیایدا هاتوون دڵنیا دەبێت و ڕاپۆرتی دەوری لە بارەیانەوە پێشکەشی سەرۆك دەکات.
2-دڵنیا بوون لە مەشروعیەتی سەرچاوەکانی ئەو سامانانەی دەکەونە ژێر سێبەری حوکمەکانی ئەم یاسایە، کە بەناوی ئەوەوە یان بە ناوی کەسێکی دیکەوە تۆمار کراون، چ لە ژێردەستی ئەو دابن یان لە ژێر دەستی کەسی دیکەدا بن مادامەکی موڵکداریەکەی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە هەروەها بۆی هەیە لەو پێناوەدا لە سامانی هەر هاووڵاتیەك دڵنیا بێ کە گومانی ئەوەی لێ بکرێ، بەهەر سیفەتێك بێ سامانی گشتی لەبەر دەستدابێ، یان سەرچاوەی داهاتەکەی نا ڕەوا بێت چ لەناو هەرێم بێ یان لە دەرەوە، بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و یاسا بەرکارەکانی تر.
3-دانانی میکانیزمی کاری پابەند کراو بۆ ئەو فەرمانگە فەرمیانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە هاووڵاتیانەوە هەیە بۆ بەهێز کردنی شەفافیەت و بۆ قەدەغە کردنی بلاوبوونەوەی گەندەڵی لەناویاندا.
4-پەرەپێدانی کارایی لێکۆڵینەوە لە دۆزەکانی گەندەڵی و شێوازەکانی چاودێری دارایی و پشکنینی کارگێڕی و بلاو کردنەوەی فەرهەنگی دەست پاکی و شەفافیەت.

5-بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی یاساو ڕێنماییەکان.

6-گەشەپێدانی پەیوەندی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی چالاکی هاوشێوەیان هەیە.

7-بەڕێوەبردنی بەرنامەی ڕاهێنان و بەستنی کۆنگرە بەهاوکاری وەزارەتەکان و لایەنە پسپۆڕو دەزگاکانی کەرتی تایبەت.

چوارەم: نووسینگەی سەرۆکی دەستە، فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات و دەبێ بەلای کەمی بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بەدەست هێنابێ، ژمارەیەك لە فەرمانبەران هاوکاری دەکەن، نووسینگە ڕێکخستن و بەدواداچوونی نامە گۆڕینەوەو دابین کردنی پەیوەندیەکانی هەموو ئەو ئەرکانەی پێ دەسپێردرێ لە ئەستۆ دەگرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەعەرەبیش فەرموون بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية عشر: تتكون الهيئة من المديريات العامة ومكتب رئيس الهيئة وعلى الشكل الآتي:-

أولاً: دائرة الشؤون الأدارية والمالية: يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية على الاقل وله خبرة لا تقل عن عشر سنوات في مجال اختصاصه ويعاونه عدد من الموظفين، وتتولى تنظيم شؤون الهيئة الادارية تنظيم وادارة الشؤون المالية وإعداد الموازنات السنوية وتنظيم الامور المالية والمحاسبية واعمال التدقيق الداخلي ومسك السجلات وإعداد التقارير المالية الشهرية والسنوية وفقاً للقانون.

ثانياً: دائرة الشؤون القانونية والتحقيقات: يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية في القانون على الاقل وله خبرة لا تقل عن عشر سنوات في مجال اختصاصه، ويعاونه عدد من الموظفين والمحققين والمختصين وتتأليف من:

1- مديرية الشؤون القانونية: وتتولى المهام الآتية:

أ-إبداء الرأي والمشورة في المسائل القانونية التي تعرض عليها.

ب- الترافع امام المحاكم المختصة فيما يتعلق بقضايا الفساد التي تحركها الهيئة ومراجعة طرق الطعن بشأنها.

ت- تمثيل الهيئة في اللجان التحقيقية المشكلة من قبل مفتيشين عمومين بناءاً على طلب الهيئة.

ث- اعداد الدراسات والبحوث القانونية الخاصة بقوانين مكافحة الفساد والاتفاقيات الدولية بهذا الشأن.

ج- ابداء الرأي بشأن القرارات الادارية والعقود الصادرة من الهيئات الحكومية والهيئات الخاضعة لأحكام هذا القانون.

ثانياً: مديريات التحقيقات: وتتولى المهام التالية:

أ- الكشف عن حالات الفساد في الهيئات الحكومية كافة الخاضعة لأحكام هذا القانون، وجمع المعلومات بشأنها بالاستعانة بالاجهزة الفنية والمتعاونين السريين، والتحقيق فيها.

ب- وضع آليات واجراءات استلام مزاعم الفساد وشكاوى المواطنين بشأنها.

ج- لمحققي الهيئة ومدققيها الماليين صلاحية ممارسة مهامهم في كافة انحاء الاقليم.

ثالثاً: دائرة الوقاية والشفافية: يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية على الاقل وله خبرة لا تقل عن (10) عشر سنوات في مجال اختصاصه، يعاونه عدد من الموظفين، وتتولى المهام الآتية:

1- إعداد نماذج كشف المصالح المالية وفقاً للنظام الخاص الذي يصدره رئيس الهيئة واقتراح التعديلات الواجبة عليها، ومتابعتها والتحقق من صحة المعلومات الواردة فيها وتقديم التقارير الدورية بشأنها الى الرئيس.

2- التحقق من مشروعية مصادر اموال المشمول بأحكام هذا القانون المسجلة باسمه او بأسم غيره سواء كانت في حيازته او في حيازة الغير مادامت ملكيتها تعود اليه، ولها في سبيل ذلك التحقق من اموال اي مواطن يشتبه انه يحوز بأي صفة كانت اموالاً عامة او مصدرها كسبٌ غير مشروع، سواء كانت داخل الاقليم او خارجه وفقاً لاحكام هذا القانون والقوانين النافذة الاخرى.

3- وضع آليات عمل ملزمة للدوائر الرسمية التي لها تماس مباشر مع المواطنين تعزيزاً للشفافية ولمنع تفشي الفساد فيها.

4- تطوير مهارات التحقيق في قضايا الفساد واساليب الرقابة المالية والتفتيش الاداري وإشاعة ثقافة النزاهة والشفافية.

5- متابعة تطبيق القوانين والانظمة والتعليمات.

6- تنمية العلاقات مع المنظمات ذات النشاطات المتشابهة.

7- ادارة برامج التدريب واقامة مؤتمرات بالتعاون مع الوزارات والجهات المختصة ومؤسسات القطاع الخاص.

رابعاً: مكتب رئيس الهيئة: يرأسه موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية على الاقل ويعاونه عدد من الموظفين ويتولى تنظيم ومتابعة المرسلات وتأمين الاتصالات وسائر المهام التي يكلف بها.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە ڕەئیتان.

**بەڕێز د.سەرومر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی نەزاهە، پێمان وایە هەندێكی دووبارە دابڕێژرێتەوە بۆ ئەوەی چاكتر بێ، سەبارەت بە بڕگەی یەكەم، فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكایەتی دەكات و بەلای كەمی بڕوانامەی بەرایی زانكۆی لە بواری پسپۆڕی فەرمانگەكەیدا بە دەست هێنابێ و شارەزابێ لە بواری پسپۆڕیەكەیداو.....هتد، دووەم، پێشنیار دەكەین بڕگەی یەكەی بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

1-بەڕێوەبەرایەتی كاروباری یاسایی فەرمانبەرێك سەرۆكایەتی دەكاتبە پلەی بەڕێوەبەر دەبێت بڕوانامەی زانكۆیی لە یاسادا هەبێ و بەلای كەمەوە پێنج ساڵ لە بواری پسپۆڕیەكەیدا خزمەتی هەبێ و ئەم ئەركانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ و .....هتد.

2-بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەکان پێشنیاز دەکەین بەم شێوازە دابڕێژرێتەوە:
فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات بە پلەی بەڕێوەبەر و دەبێت بڕوانامەی زانکۆی لە یاسادا هەبێ، بەلای کەمەوە پێنج ساڵ لە بواری پسپۆڕیەکەیدا خزمەتی هەبێ، ئەم ئەرکانە دەگرێتە ئەستۆ، سێیەم: فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافیەت، خاڵەکانی (یەك و دوو و سێ) هیچ تێبینیەکمان لەبارەیەوە نیە، خاڵی چوار: تەنها دەستەواژەی(وقواعد السلوك المهني) هەڵسوکەوتە پیشەیی و بنچینەییەکان لە کۆتایی رستەکەدا زیاد بکرێت، پێنجەم: وشەی بە دواداچوون بکرێت بە چاودێری کردن، خاڵی شەش و حەوت هیچ تێبینیمان لە بارەیەوە نیە، چوارەم، بڕگەی چوارەمیش لیژنەکەمان هیچ تێبینیەکی لە بارەیەوە نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە تەنها لەو ماددەیە باس لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان بکرێت، وردەکاریەکان و بەڕێوەبەرایەتیەکان، ئەوانە لێ گەڕێین بۆ نیزام داخیلیەکەی خۆیان لەوێ باسی بکەن، بۆیە ئەوە پێویست ناکات، دواتر هەندێ لە دەسەلأتەکانی لە بڕگەی یەکەم هاتووە، لەو ماددەیە درا ماددەی نۆ، کە دراوەتە ئەنجومەنی دەستە، کە لە ماددە نۆ پەسەند کرا، بۆیە ئێمە بە باشی دەزانین ماددەکە دابڕێژرێتەوەو زۆر کورت بکرێتەوە، ئەو هەموو دەسەلأت و شتانەی لێرە باس کراوە پێویست ناکات، ماددەی دوازدە پێشەکیەکە تەنها ئەوەندە بێ (تتكون الهيئة من) واتە دەستە لەمانە پێك دێن، (اولاً: دائرة الشؤون الادارية والمالية يراسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية على الاقل وله خبرة لاتقل عن عشر سنوات في مجال اختصاصه) ئەویتر پێویست ناکات لە ئەنجومەنی دەستە هاتبوو، (ثانياً: دائرة الشؤون القانونية، يراسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية في القانون وله خبرة لا تقل عن عشر سنوات في مجال اختصاصه) (ثالثاً:دائرة الوقاية والشفافية) واتە وردەکاریەکان و تەفاصیلەکان هەمووی لابدرێت، (ثالثاً: دائرة الوقاية والشفافية يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية على الاقل وله خبرة لا تقل عن عشر سنوات في مجال اختصاصه) رابعاً وەکو خۆی (مكتب رئيس الهيئة).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێ ئەیەوێت مداخەلە بکات، لێرەوە فەرموو، بەشیر خلیل، دلشاد شەهاب، احمد وەرتی، گوڵێزار قادر، خورشید احمد، خلیل عثمان، حسن محمد، جلال علی، جمال طاهر، تارا ئەسعەدی، بێریڤان

**سەرهەنگ، ئاسۆ كريم، شڤان احمد، شوان كريم، شۆڕش مجيد، شلێر محمد نجيب، سەميرە گۆران، زەكيە سەيد صالح، ئاواز عبدالواحيد، صباح بيت الله، فاضل بەشارەتى، عمر نورەدينى، عماد احمد، ئێستا ئەم ئەندامە بەڕێزانە ويستيان قسە بكەن، فەرموو كاك بەشير.**

**بەڕێز د.بشير خليل حەداد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**منيش هەر پشتگيری لە ڕايەكەی ليژنەی هاوبەش دەكەم، چونكە ماددەكە زۆر درێژە بەڕاستی، ئەو هەموو تەفاصيل و جوزئياتە، بچێ لە نيزام داخليەكە باس بكرێت، كەواتە ماددەكە كورت بكرێتەوە شتێكی باشە، ئەوە ئەگەر كرا، ئەگەر نەشكرا، دەكرێت هەندێك مولاحەزات هەيە لەسەر مەسەلەكە، لە يەكەم، (مدير الشؤون القانونية) لە فەقەرەی (ت)(من قبل مفتشين عموميين) تەبعەن موفەتشين ئەوەی كە لامان دا، لێرەش دەبێ لابچێ، لە دووەم(مدير التحقيقات) لە خاڵی (أ) كە ئيشەكەی ئەوەيە (الكشف عن حالات الفساد في الهيئات الحكومية) ئێمە لێرە باسمان كرد، ئەوە هەيئە تەنها لە هەيئاتی حكومی ئيش دەكات، يان ئەوەيە ئێمە ژمارديتمان لە كوێ ئيش دەكات و عيلاقەی بەكێ هەيە، بۆيە من رەئيم ئەوەيە بنووسرێت(الكشف عن حالات الفساد في الهيئات الواردة في المادة الرابعة من هذا القانون.) لەوێندەر باسمان كردووە دەوائير و شتەكان كێن كە ئەو هەيئەيە ئيشی لەگەڵ دەكات، ئەگەر تەماشای ئەوەكەش بكەين، مودير عامەكان بكەين، تێمان پەڕاند كە مودير فەرعەكان مودير عام بن، ژمارەی مودير عامەكان دەبێتە حەوت، بەڕاستی حەوت مودير عام بۆ هەيئەيەكی ئاوا زۆرە، ئێمە تەماشا دەكەين وەزارەتی وامان هەيە، وەكو وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئاينی، كە زياتر لە چوار هەزار مونتەسبی هەيە، ئەوجا سێ مودير عامی هەيە، بۆيە زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز دڵشاد شەهاب كەرەمكە.**

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**منيش پشتگيری لەوە دەكەم كە فيعلەن ئەو ماددەيە زۆر بە دوورو درێژی نووسراوەتەوە، بەشێكی دەكرێت لە نيزامی داخليدا بێ، وەكو ئەوەی لە تەقريری ليژنەی هاوبەشدا هاتووە، ئەو تێبينيەيەی دكتۆر دووبارەيە بەس پشتگيری دەكەم، فعلەن ئەو دەزگايانەی كە لە سنووری كاركردنی ئەوان دان، نەوەك تەنها بابڵێين ئەوەی كە تەنها هاتووە لە خاڵی (أ)ی بە ڕێوەبەرايەتی لێكۆڵينەوە، ئەم ئەركانە دەگرێتە ئەستۆ، پەردە هەرماڵين لەسەر حاڵەتەكانی گەندەڵی و دەستەكانی حكومەتدا و بە عام هەموو ئەو شوێنانەی كەكاری لەسەر دەكەن، تێبينی ئەساسيم لەسەر ئەوەيە كە سەيری دەسەلاَت و كارەكان بكەين لەو هەيئاتانەدا، بەڕێوەبەرايەتيەكانی لێكۆڵينەوە، لە هەموو جەوهەری كاری ئەم هەيئەتە لەوێن، لە پەردە هەڵماڵين لەسەر حاڵەتەكانی گەندەڵی، لە دانانی ميكانيزم، يەعنی ئەو دوو مەهامەی كە بۆی تەحديد**

کراوە، وە لە حاڵەتێکدا ئەمە بۆتە بەڕێوەبەرایەتییێك سەر بە بەڕێوەبەرایەتیەکی گشتیە، یەعنی بە دیتنی من ئەگەر ئەرکی قورسترین ئەرك لەم هەیئەتەدا ئەو پەردە هەڵماڵینە لەسەر حاڵەتەکانی گەندەڵی، لە حاڵەتێکدا هەیئەتەکە دانراوە لە ڕەئیس و نائیب و مدیر عامەکان و تائەخیری ئەمە بۆتە کاری بەڕێوەبەرێك، بەلایەنی کەمەوە ئەمە لە ئەرکەکانی بەڕێوەبەری گشتیدا بێت، ئەوەی کە لە دووەمدا، فەرمانگەی کاروباری یاسایی و لێکۆڵینەوەکان، کە فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبا، ئەم ئەرکانە لە زمنی کارەکانی ئەو دابن نەوەك بەڕێوەبەرێك یاخود بەڕێوەبەرایەتیەك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.احمد کەرەمکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری ڕای لیژنەی هاوبەش دەکەم بۆ کورت کردنەوەی ئەو خاڵانە، ئەو مودیریاتانە، سەبارەت بە مودیریەی تەحقیقات، من چەند مولاحەزەیەکم هەیە بەڕاستی، دیارە لە نەزاهەی بەغدا موحەقیق عەدلی هەیە کە خۆی تەحقیق دەکات، مەجموعەی تەحقیق موحەقیق عەدلی هەیە لای نەزاهە خۆیان ئەوانە ئەمری قەبز و تەفتیش و، بە ئەمری قازی نەبێ دیارە ناکرێت، بەلاَم ئایا لێرە لەدەستی کێدایە، ئەو مودیریەی کە تەحقیقات لێرە دروست بووە، من پێشنیار دەکەم سەبارەت بە مودیریەتی تەحقیقات، مودیریەی عامە بێ، یەعنی تەنها مودیریەت نەبێ، مودیریەی عامە بێ، چونکە ئەو تەحقیق دەکات، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە هەم ڕەئیسەکەشی موحەقیق عەدلی بێ ئەم مودیریەتە، ئەم مودیر عامەیە، وە لە موحافەزات فروعی هەبێ، چونکە تەحقیق دەکات، پێویستە هەم لە مەقەری هەیئە، مودیریەتێکی عامە هەبێ بۆ تەحقیقات، لە موحافەزات و شارەکان لە ئیدارەکان، فروعی هەبێ، ڕەئیسەکەی موحەقیق عەدلی بێ، یەعنی بەو شێوەیە (، یراسها موظف بدرجة مدیر عام حاصل علی شهادة جامعیة اولیة فی القانون لاتقل خبرة عن خمسة سنوات فی مجال اختصاصه علی ان یکون محققاً عدلیاً) ئەمە پێشنیارم، سەبارەت بە کارەکانیشی، دوای (الکشف عن حالات الفساد فی الهیئات الحکومیە ......الخ) پێم باشە لێرە ئەگەر ئەمە پەسەند کرا کە مودیریەکەی موحەقیق عەدلی بێت، فەقەرەیەکی دیکەش زیاد بکرێت بۆ ئەرك و کارەکانی تری، بەو شێوەیە (یعطی المحقق فی هذه المدیریة کافة الصلاحیات الممنوحة للمحقق بموجب قانون اصول المحاکمات الجزائیة) یەعنی چۆن سەلاحیات و دەسەلاَتەکان لەویٚ بۆ موحەقیق چەندە، لێرەش هەمان ئەو دەسەلاَتانەی هەبێ، ڕەئیسی ئەو مودیریە عامە موحەقیق عەدلی بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز گوڵێزار قادر کەرەمکە.

**بەڕێز گوڵێزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی 12، چەند خاڵێکم هەیە، یەکەم پشتگیری لەو ڕایە دەکەم، کە هەردوو مودیریەتی قانونی و تەحقیقات لە دوو فەقەرەی سەربەخۆدابن، بەلاّم پێشنیار دەکەم مودیریەتی تەحقیقات مودیریەتی گشتی بێت، بۆ ئەوەی لە شارەکانی تر لقەکانی لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتیدا بن، دادوەرێکی لێکۆڵینەوە، سەرۆکایەتی ئەم مودیریەتە بکات، دادوەری لێکۆڵینەوەکەش دەسەڵاتەکانی وەك دەسەڵاتی دادوەری لێکۆڵینەوە وەك لە قانونی ئسولی مەحاکەماتدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خورشید احمد کەرەمکە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە تەئکید لەگەڵ ئەوەمە کە ئەم تەفسیلە لێرە تەفسیلەکی زۆر درێژە، پێویست ناکات، کورت کردنی لە سالحی یاساکەدایە، ئەمە یەك، دووەم، هەر لە نیهایەتی ماددەکە، (تحدد الهیئة المهام والصلاحیات والمسؤولیات التی تسند لهذه المدیریات) چونکە ئەگەر ئێمە ئیتیفاقمان کرد ئەو تەفسیلە هەڵگرین، دەبێت ئێمە ئیتیفاق بکەین کە چ جێگایەك دەسەڵات دەداتە ئەو مودیریەتە، بۆ دەست نیشان کردن، (تحدد الهیئة المهام و الصلاحیات والمسؤولیات التی تسند لهذه المدیریات) پاشان دێین ئەو مودیرانە کێ تەعینی دەکات، دەبێ ئەو ئالیەتە دیار بکەین، (یتولی مدیر الشؤون القانونیة ترشیح المدراء للمدیریات الواردة في هذا القانون ویصادق علیها الرئیس الهیئة ویصدر امر التعین) یەعنی ئەمە مودیری عام تەرشیح دەکات، رەئیسی هەیئە موسادەقەی لەسەر دەکات، ئەمرێکی ریئاسی هەیئە دەردەچێت بۆ تەعینی ئەمانە، بۆ ئەوەی بزانین کێ ئەم مودیرانە تەعین دەکات؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خلیل عثمان کەرەمکە.

**بەڕێز خلیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، بەس ڕام لەگەڵ ڕای لیژنەیە کە ئەم هینانە کورت بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، بەڕێز حسن.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەمە کە ئەو ماددەیە زۆر تەفسیلی پێ دراوە، ئەم ماددەیە باس لە جیهازی تەنفیزی هەیئەکە دەکات، کە سێ بەشە، یەکەمیان، مودیریاتی عامە و مەکتەبی رەئیسە، دووەمیان، کەوادیر و موەزەفی هەیئەکەیە، سێهەمیشیان ئەو موەزەفانەی کە لە دەوائیری ئیقلیم لە خوبەراو موستەشارین کە

هەیئە ئیستیعانەیان پێ دەكات لە كاتی پێویست، بۆیە دەكرێت دارشتنەكەی بەو شێوەیە بێ، (یكون للهیئة جهاز تنفیذی) لێرە دەتوانین ناوی یەك بەیەك لەم دەوائیرانە بێنین، كە مودیرە عامەكان، بە كورتی تەنها ناوەكانیان و كێ ریئاسەیان دەكات، دووەم، باس لەوە بكەین (تختار الهیئة الكادر الاداري والفني من ذوي الخبرة والكفاءة والنزاهة والتخصصات العلمیة وبشفافیة وعبر المنافسة وفقاً للمعایر التی تحددها اللائحة التنظیمیة) ئەمە زیاتر بۆ ئەو ئیشكالیەی كە كاك فرسەت باسی كرد، لەمەوزوعی تەعین كردن و بەنیسبەتی تەعین كردنی ئەمانە، خاڵێكی تر (یمارس رئیس الهیئة فیما یخص شؤون موظفي الهیئة الصلاحیات المخولة لرئیس الوزراء) هەر بەنیسبەت موەزەفینی هەیئە (تسری علی موظفي الجهاز التنفیذي شروط شاغلي والوظیفة العامة) بەسەریدا تەسبیت بكرێت، ئەخیر خاڵم ئەوەیە (للهیئات ان تستعین بمن تراهم من الخبراء والمستشارین او من موظفي الاقلیم لانجاز مهامها) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز جلال علی كەرەمكە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ئەو پاساوانەی بەڕێزتان هێناتانەوە بۆ بوونی جێگر، من پێشنیار دەكەم، كە دەستە بە جێگری دەستە و بەڕێوەبەرە گشتیەكان، چونكە ئەو پاساوانەی كە باس كرا، لە كاتی نەخۆشی، لە كاتی سەفەر، ئەی كێ سەرۆكایەتی ئەو دەستەیە بكات، ئەگەر جێگرەكەیان لەگەڵدابێ شتی باشترە، من لەگەڵ ڕای لیژنەی هاوبەشم، بە كورت كردنەوەی ئەو بابەتە لەچەند خاڵێك دابندرێت بۆ نیزامی داخلی، بەلام دوو مەترسی ئەبینم لە خاڵی سێهەم، خاڵی یەكەم و دووەم، مەسەلەی بوونی شەفافیەت لە موڵك و ماڵ و ئەو شتانە، لە یەكەمیش پێویستە لە بەرواری دەست بەكاربوونی ئەو كەسەوە، ئیحتیمالە ئەو كەسە پێش ئەوەی ئەو وەزیفەی بدرێتێ، پارەی هەبووبێ، وەرەسەی هەبووبێ، یان موڵك و ماڵی هەموو لەسەر حیساب بكرێت، ئەوە مەترسیەكە بۆ مەسەلەی سومعە و ئەوە، بەڕاستی لە خاڵی دووەمیش عەینەن شت ئەگەر باس بكرێت، ئەگەر بمێنێتەوە، شتێكی گرنگە، چونكە زۆر كەس پێش ئەوەی لە وەزیفەدا بێ، ئیحتیمالە كاسبی كردبێ، ئیحتیمالە وەرەسەی هەبووبێ، ئیحتیمالە شتێكی لەو بابەتەی هەبووبێ، ئەگەر بخرێتە ئەو قائیمەیە و لەسەری حیساب بكرێت، زۆر كەس بە ناهەق ئیتیهام ئەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز جمال طاهر كەرەمكە.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم ماددەیە بە تەفاسیل چووەتە ناو بابەت، من پشتگیری لیژنە دەکەم، کە چەند بکرێت کورت بکرێتەوە، بۆیە من پێشنیارم کردووە، ئەم ماددەیە وا دابڕێژرێت، بکرێت بە دوو خاڵ ئەوەڵەن ئەو ماددەی 12( تتكون الهيئة من، اولاً: مكتب رئيس الهيئة، يرأسها موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية) لەمەتنی قانون هاتووە ئەوە وەکو خۆی بمینێتن دووەم (دوائر الهيئة) نە مودیریاتە، چونکە لێرە دەوائرە، ئەسلەن مودیریات پێشی دەوائر هاتووە، (دوائر الهيئة المذكورة في ادناه وفروعها في المحافظات يرأس ويدر كل منها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية على الاقل وله خبرة لاتقل عن عشر سنوات في مجال اختصاصه .....الخ) دەوائر بێنە خوارێ ( دائرة شؤون الادارية والمالية والقانونية والتحقيقات والوقاية والشفافية وفروع الهيئة في محافظات الاقليم) کورتر دەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز تارا ئەسعەدی کەرەمکە.

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم ڕاستە کورت کردنەوە شتێکی باشە، بۆ قانون، بەلآم ئەو کورت کردنەوە نەبێتە هۆی مەهامەکان بە تەواوی نەزاندرێت، لەبەر ئەوە کورت کردنەوەکە، وام پێ باشە لە سێ خاڵ بێ، یەکەم شت (تتكون الهيئة من المديريات المدرجة اسماءهم ادناه.(أ) دائرة الشؤون الادارية (ب) دائرة الشؤون القانونية(ج) الوقاية والشفافية. ثانياً: يرأس كل من المديريات اعلاه موظف بدرجة مدير عام لايقل خبرته عن عشر سنين) ئەوە دوو( ثالثاً: تحدد المهام والصلاحيات الذى يقوم بها المديريات في النظام الداخلى الخاص بالهيئة، رابعاً: مكتب رئيس الهيئة تبقى كما هي) چۆنە لە ناو ئەوەکە ئەوها بمێتەوە، بەو چوار خاڵە، بە کورت کردنەوەیەکی زۆر، بەلآم هەمووی لە ناو مەهامەکانی و لە نیزامی داخلیەکە هەمووی بەدەر بکەوێت، کورت کردنەوە باشە، بەلآم تەفسیلی ئیش ئەبێ بزاندرێت بە هۆی ئەو قانونەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ کەرەمکە.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕەئی منیش ماددەی 12 ماددەیەکی زۆر دوورو درێژە، دوو لاپەڕەو نیوی داگیر کردووە، لە پێشەوە دەڵێ دەستە لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان و سەرۆکی دەستە پێك دێت بەم شێوەیەی خوارەوە، دەبێ دیاری بکرێت دەستە پێك هاتووە لە سەرۆك و جێگر و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و نووسینگەکان، هەروەها

فەرمانگەکان کە نووسراوە، منیش ڕەئیم وایە پشتگیری لیژنەی هاوبەش دەکەم، بەڵام بەو شێوەیەی نـا کـە ئەوان دەڵێن، کورت بکرێتەوە بەڵێ، بەڵام ئەرکەکان پێویستە بمێنێتەوە، هەروەها یەك تەعریف کـراوە لـە بیدایەت، فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات، دەبێت بـەلای کـەمی ئـەو ڕسـتەیە سێ جار دووبارە نەکرێتەوە، بۆ هەرسێ فەرمانگە، یـەك جـار دووبـارە بکرێتـەوە بەسـە، بـە پێـی لیژنـەی هاوبەش ئەوان بۆ هەر فەرمانگەیـەك دەبـێ لـە ژێـری بنووسـرێت، هـەروەها لێـرە نووسـراوە ئامـادەکردنی نموونەی پشکنینی بەرژەوەندیـە داراییـەکان، ئێمـە لـە ژیـانی ڕۆژانەمانـدا لێـرە وشـەی فـۆرم بـەکاردێنین، نموونە زۆر بـەکار نـاهێنین، هـەروەها دەڵـێ بـە پێـی سیسـتەمێکی تایبـەت، سیسـتەم نیـە، ئـەوە ڕێنماییـە، هەروەها لە خاڵی دووەمدا دەڵێ ئەگەر هـاتو ئـەو کەسـەی گومـانی لەسەرچاوەی دارایـی لێ کـرا، دەبـێ ئـەو دەستەیە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکـات، بـە پێچەوانەوە ئـەو کەسـەی کـە گومـانی لێ دەکرێـت بڵـێ مـن ئـەوەم هەیـەو ئـەوەم هەیـە پیشـانی بـدات، پێنجـەمیش کـە دەڵـێ بـەدوا داچـوونی جێبـەجێ کردنـی یاسـا و ڕێنماییەکان بە ڕەئی من ئەوە ئەرکێکی زۆرە بکەوێتە سـەریان، چـونکە ئـەرکی ئـەوان نیـە، ئـەرکی ئـەوان تەنها ئەوەیە پەیوەندی بە گەندەڵی هەیە، ئەرکی ئەوان نیە هەموو یاسایەك و ڕێنماییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئاسۆ کریم کەرەمکە.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، بەڕێز شڤان احمد.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 12 پێش جەلسەیەکی ئێمـە فەسـلی سـێ موناقەشـەمان کـرد، (انتخـاب رئـيس الهيئـة ومهامـە) مـن ئیقتراح دەکەم، ئەمە ببێتە فەسلی چوارەم، ئەوەی جودابێ( تشكيلات الهيئة ومهامها) ئەگەر ئەم تەفسیلەی تێدابێ، دەبێ مەهامی لەگەڵدابێ، ئەمە ببێتە فەسلێکی جودا، چـونکە جیـاوازە لـە تەشـکیلاتی ئینتیخـابی رئیس و مەهامەکەی، ئەمە ببێتە فەسلێکی جیا، جا ئەگەر ئەم تەفسیلە مایـەوە، مەهامەکـەی لەگەڵـدابێ، ئەگەرنا هەر تەشکیلات، ئەگەر فەسـلیش نـەبێ، ئـەم ماددەیـە دەبـێ عینـوانێکی هـەبێ، (تشـكيلات الهيئـة) ئەگەر نەبێتە فەسلیش ببێتە (تشكيلات الهيئة) بەس پێم باشە ببێتە فەسلێك باشترە، ئـەو تەفسـیلەی کـە هاتووە، پشتگیری ڕەئی لیژنەی هاوبەش دەکەم، بـەڵام مـن نـابینم تـەعاروزێکی تێـدا هـەبێ، زۆر تەبیعیـە هیچ تەعاروزی تێدا نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز شوان كریم كەرەمكە.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم، من لەگەڵ ڕای لیژنەی هاوبەشم، لەوەی كە دێری یەكەمی ماددەی 12 كورت بكرێتەوە، بوترێ (تتكون الهيئە من) دوو نوقتەو بێتە خوارەوە، چونكە بەڕاستی مدیریات عامەو ئەوانە هیچی ناوی نەهاتووە، ئێمە ئەڵێین مودیریات عامە، لە خوارەوە هەمووی دەڵێی (دائرة الشؤون الادارية....الخ)، دووەم، من بە پێچەوانەی ڕای لیژنەی هاوبەش و ئەو خوشك و برایانەی تر كە باسی كورت كردنەوەی ئەو ماددەیە دەكەن، بەڕاستی من لەگەڵ مانەوەی ئەوە ماددەیەم بەو تەفسیلە، چونكە ئەمە روحی یاسایەكەیە، ئەركی ئەو دائیرانەیە و ئیشەكانیانە، ئێمە چەند بە وردی و بە تەفسیل لە ناو یاساكە بیهێڵینەوە باشترە، چونكە دوایی ئیجتیهاداتی تێدەكەوێ بەهەقیقەت، لەوانەیە بۆ یاسایی تر كورتی و موختەسەری باش بێ، بەلاَم بۆ ئەم یاسایە بە دڵنیاییەوە دەبێ ماناو هینەكان لە شوێنی خۆیدا بێ، شتی زیادیشی تێدا نەبێ، ئەو تەفسیلە هەبێ باشترە، چونكە هەموو دائیرەیەك ئەركەكەی و وەزیفەكەی دیاری كردووە، ئەوكاتە هیچ لادانێك نابێ، یەعنی كەس ناتوانێت بڵێت ئەوە ئەركی ئەو دائیرەیە نیە، ئەو دائیرەیە بڵێ ئەوە ئەركی من نیە، یا ئەركێكی سەرباری ئەوە دەست نیشان بكات كە لە یاسایەكە دەربچێت، ئەم یاسایە ئێمە یەكەم جارە یاسای دەستەی نەزاهە لەكوردستان دەردەچێت، لەبەر ئەوە چەند بە دیقەت بین تیایدا، چەند وورد بینەوەو چەند تەفسیلیش بێ، پێموانیە زەرەر بكەین، بە پێچەوانەوە لە قازانجی یاساكەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز شۆڕش سید مجید كەرەمكە.

**بەڕێز شۆڕش مجيد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 12 ئەگەر تەماشای دەقە كوردی و عەرەبیەكەی بكەین فەرقەكی زۆری هەیە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، بەلاَم پێموایە ئەوە هەڵەی گۆڕینە، تەرجومەیە، ئەگەر بە كوردیەكەی تەماشا بكەین، باس لەوە دەكات دەڵێ دەستە لە بەڕێوەبەرە گشتیەكان و نووسینگەی سەرۆكی دەستە، ئەگەر وابێ دەقە كوردیەكەی من پشتگیری لە قسەكەی بێریڤان خان دەكەم، دەبێ باس لە سەرۆك و جێگریش بكەین، چونكە دەستە هەر تەنها پێك نایەت لە بەڕێوەبەرە گشتیەكان، پێدەچێت دەقە ئەسلیەكە ڕاستیەكەی لە عەرەبیەكەدا هاتبێت، كە باس لە مودیریات دەكات، كاتێكیش كە باس لە مودیریات دەكات، ئێمە پێشتر دامان ڕشتووە، كە بەڕێوەبەرەكان، دەبێ فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی سەرۆكایەتیان بكات، لە سەرەتای ماددەكەوە دەڵێ، نووسینگەی سەرۆكی دەستەشی لەگەڵ ئیزافە كردووە، خۆ شەرت نیە سەرۆكی دەستە

بەڕێوەبەری گشتی بێ، بۆیە دەبێ ئەوەی لێ جیا بکرێتەوە، من پێموایە ئەوە دەبێ بە پلەی بەڕێوەبەر بێ، پێموایە دەبێ بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، بنووسرێت، نووسینگەی سەرۆکی لێ جیا بکرێتەوە، یاخود دەگرێ بڵێین( دەستە لە نووسینگەی سەرۆك (فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات) هەروەها فەرمانگەکانی) چونکە ئەگەر بێین تەماشای بەڕێوەبەرایەتیەکان بکەین، باس لەوە دەکات دەڵێ فەرمانگەی، فەرمانگەکان، دەست لە نووسینگەی سەرۆکی دەستە، ( فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات فەرمانگەکانی تر یەك دێت کە) هەریەکەیان فەرمانبەرێك بە پلەی گشتی سەرۆکایەتیان دەکات، کە بەلایەنی کەم، بڕوانامەی زانکۆی هەبێ و، شارەزایی و پسپۆڕیەکەی لە 10 ساڵ کەمتر نەبێ، باقی شتەکانی تریش من هاوڕام لەگەڵ ڕەئیەکەی لیژنەی یاسایی، لیژنەی هاوبەش بەوەی کە ئەو وردەکاریانە دەستەکە خۆی لەوێ لە پەیڕەوی ناوخۆ دایبڕێژێت، پێویست بەو دوورو درێژیە ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شلێر محمد کەرەمکە.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی وەکو هاوکارانم وتیان ئەمەی دەستەی نەزاهە، خۆی لە خۆیدا شتێکی زۆر قورسە، ئێمەش گەیشتووینەتە ماددەیەك، کە مودیریەتی شئونی قانونی، بە ڕەئی من لە بڕگەی (ث) کە ئەڵێت (اعداد الدراسات والبحوث القانونية الخاصة بقوانين مكافحة الفساد والاتفاقيات الدولية) بەڕێزینە یەك ئیتیفاقی الدولی هەیە کە هەمووومان ئەیزانین، بۆ موکافەحەی فەساد لە 2003 ئیشارەت بەوە بدرێت، چونکە کە تۆ نەصی ئەو ئیتیفاقیە ئەخوێنیتەوە، دوای ئەوە عیراق خۆی بە قانونی ڕەقەم 35 لە ساڵی 2007 ئەو ئیتیفاقیەی ئیتر کرد بە قانون، لەبەر ئەوە کە سەیری بڕگەکانی دەکەی، هەموو موەزەفێکی عمومی لە دەوڵەتەکان بە مەئسول داناوە کە ئیخباری هەموو حاڵەتێکی فەساد بکات، لەبەر ئەوە پێم باشە بۆ ئەوەی ئەم دەستەیە کە دەستی کرد بە ئیش، زۆر بە وردی لەسەر ئەوە بڕوات، با ئەوە باس بکرێت نەوەك هەروا ئیتیفاقیاتی دوەلی، ئیتیفاقیاتی دوەلی نیە هەر ئەو یەکەیە، کە عیراقیشی تیایە، من یەعنی دەست خۆشی لە خۆمان دەکەین، کە ئێمە دەستمان کرد بە دەستەی نەزاهە، بەلاّم باوەڕ بکەن لە عیراق ئەوەندە قورسە خۆیان ناتوانن ئێستا تەعدیلی بکەن، لەبەر ئەوەی تەتبیق کردنی زەحمەتە، با ئێمە شتێك نەکەین کە نەتوانین تەتبیقی بکەین، بە نیسبەت (ج)ی کە ئەڵێ (ابداء الرأى بشأن القرارات الادارية والعقود الصادرة) من پرسیار دەکەم، ( من الهيئات الحكومية) ئەو ئەلقەیەش زیاد بکەین بۆ ئەمانە، ئەمە ئیشی ئەوان نیە، ئێمە بەدوای (كسب غير المشروع) دەگەڕێین، ئەمە خەڵکی موتەنەفز بەس شمولی ئەکات، ئەمە موەزەفی فەقیر و لە موستەوای خوارەوە قانونی خۆی هەیە، ئینزباتی موەزەفی دەولە، ئەمە خەڵکی موتەنەفز کە

لـە ژێـر دەسـەڵات ئـەتوانێ دەسـەڵات بـەکاردەهێنێ، وە پارەیـەکی زۆر پـەیا ئـەکات، خۆتـان ئاگاتـان لێیـە لەدەوڵەتێکی گەورەی وەکو مصر لە کەیەکەوە ( من این لك هذا؟) هەیـە لـە کەیەکـەوە مەحکەمـەی قیـەم هەیە، هیچی ناتوانێت ئیش بکات، با ئێمە شتێك بکەین ببێت بە سـەرکەوتن بۆمـان، چونکە عـێراق دووەم دەوڵەتە لە سەر موستەوای عالەم لە فەسادا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەمیرە گۆران کەرەمکە.

**بەڕێز سەمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 12 من پێم باشە ئەو ماددەیـە ببێتـە فەسـلی چوارەم، (الهیکـل التنظیمـی للهیئـة) ئـەوجا( تتکون الهیئة من الدوائر الاتیة) دائیرەکان بە تەفسیلی باسیان کردووە، هەموو ئەرکەکانیشیان باس کرد، بەڵام پێم باشە یەك، دوو دائیرەی تریش ئەگەر ئیزافە بکرێت، دائیرەی (تعلیم والعلاقات العامة لتنمیة ثقافة النزاهة والخضوع للمسالة واشاعة التعامل واعداد مناهج التعلیمیة) وە دائیرەی (استرداد) ئەویش ئیزافە بکرێـت بـۆ جەمعی مەعلومات، (ومتابعة استرداد المتهمین المطلوبین للهیئـة مـن خـارج الاقلـیم والاسـترداد امـوال الفساد المهربة للخارج بالتعـاون والتنسـیق مـع الجهات المعنیـة)، (دائـرة البحـوث والدراسـات) ئـەوەش ئەگـەر ئیزافـە بکرێت، (تتولی اعداد الدراسات والبحوث حـول الفساد وقیاسـه واثـاره واسـبابه وطـرق منعـه ومکافحتـه) بـە خۆشی پێشتریش باسمان کرد، هەموو دەوائیرەکان (مدیر عام حاصـل علـی شـهادة) ئەوانەشـی هـەر تێدایـە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز زەکیە خان کەرەمکە.

**بەڕێز زەکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆچونا من ژی وەکی هەڤالێت من بەری نوکە ئاماژە پێ کری، کو ئەڤ مادده گەلەکێ دیرو درێژە، بۆ کـورت کرنا ڤی ماددەی ژی، ئەز گەل بۆچونا کاك جەمالی و هەروەسا لیژنـەی هاوبەشـم، کـو پێتڤیـە بهێتـە کـورت کرن، ئەڤ تەفاسیلە هەمی تێدا نەبن، بۆ ڤێ ئێکێ ژی ئـەم دشـێین سـێ بڕگـادا کـورت بکـەین ب رەئیـا مـن، یێك، ئەم دبێژن دەسـتە پێـك دێـتن ژ نووسـینگەی سـەرۆکی دەسـتە ئـەوەی سـەرۆکایەتی دەکـات پێویسـتە پلەکـەی بەڕێوەبـەر بێـت. پشـتێ نگـە دهـێ سـەر بەڕێوەبـەری گشـتی، بەڕێوەبـەریش گشـتی ژ دبێـژین فەرمانبەرێ بە پلەی بەرێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دکات و دەبێت بەلای کەم بڕوانامەی بـەرایی زانکـۆی دەست هێنابێ و شارەزایی لە بواری پسپۆرەکەی لە 10 سالێ کەمتر نەبێ، ئەڤە بڕگە دووی، بڕگـە سـێهێ: ژ دبێژین کار و ئەرکی هەر یەك لەم فەرمانگانە بە پەیڕەوێکی ناوەخۆ ڕێك دەخرێت، بە رەئیا من ئەڤ هـەر سێ بڕگە دێ هەمی ڤان تەفاصیلەکانی هانی کەمتری بکەن و پڕ مەعناتر دەبێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ئاواز خان فەرموو.

**بەڕێز ئاواز عبد الواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەرای پشتگیریم بۆ ڕای لیژنە و هەروەها بۆ ڕایەکەی کاك شوان، کە پێشنیارێکی کرد، منیش پێم باشترە ئەم ماددەیە بەم شێوەیە دابڕژرێتەوە، هەم بۆ ئەوەی لە دووبارە کردنەوەی وشەکانی لەم ماددەیەدا نەجاتمان بێ، لەبەر ئەوەی لە هیچ شوێنێکی تری ئەم یاسایەدا باس لە بەشەکانی ئەم دەستەیە نەکراوە، وا باشترە بەم شێوەیە دابڕژرێتەوە، یان بڵێین :دەستە ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە لە خۆی دەگرێت، یەکەم جار ناوی بەشەکان بهێندرێت و بڵێین، یەکەم: نووسینگەی سەرۆکی دەستە، دووەم: بەرێوەبەرایەتیە گشتیەکان کە بریتین لە دارایی و کارگێڕی، یاسایی و لێکۆڵینەوە و پاراستن و شەفافیەت، ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە هەر فەرمانبەرێك بە پلەی بەرێوەبەری گشتی سەرۆکایەتی دەکات، کە ئەرکەکانیان لەم بەشانە پێك دێت، پێویستە پێشتر ناوەکانیان بهێندرێ ئینجا تەفاصیلێکی کورتی بدرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادده 12 کە بوو بە مادده 11، ئەوەلەن: منیش دگەلْ رەئیا لێژنا هاوبەش کە بەو رەنگیا بێتە دارێژتن: یرأسها موظف بدرجة مدیر عام حاصل علی شهادة جامعیة اولیة علی الاقل، و لە خبرة لا تقل عن عشر سنوات في مجال اختصاص الدائرة، بە رەئیا من ئەڤە بەسە و ئەوەی دیکە زێدە، ثانیاً: و یعاونە عدد من الموظفین و المحققین و المختصین، بە رەئیا من ئەوەشیان زێدەیە، غەڵەتیەکە ئیملائیە ئەگەر ئەز غەڵەت نەبم: حاصل علی شهادة جامعیة في القانون في الاقل، بە رەئیا من علی الاقل، نەك في الاقل، دەربارێ مودیریەتی شوئونی قانونی، بۆچوونا من بەرائیا پێناسەی وی نەهاتە کرن، یەکسەر یەکیان مەهامە، ئەگەر پێناسە وی بهاتبایە کرن، مودیریەتێ شوئونی قانونی: یرأسها موظف بدرجة مدیر، پاشی بگوتبا ، و تتولی المهام التالیة، هەر یەك لە مودیریەتێ: أ: ابداء الرأي و المشورة في المسائل القانونیة التي تعرض علی الهیئة، بە رەئیا من ببێتە المتعلقة بعمل الهیئة، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ماددەی 12 هەر 12یە نابێتە 11، چونکە ماددەی 9ی ئیزافە کرد، ماددەی 9 بووە 10 یەعنی بووە 10ی جاران، هەر بۆ ئاگاداری، بەڕێز فازڵ بەشارەتی فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر لە هەمان مادده، من مولاحەزەم لەسەر خاڵی 3 و 4 هەیە، كە باسی دانانی میكانیزمی كاری پابەند كراو بۆ ئەو فەرمانگە فەرمیانەی پەیوەندی راستەوخۆیان بە هاووڵاتیانەوە هەیە، بەراستی لەناو پرۆژەكەدا، هەمووی بڕگە و بابەتەكانی تەركیز كراوەتە سەر گەندەڵی، تەنها پشتی بەستووە بە باری داراییەوە، پێم وایە گرفتی زۆر گەورەی ئەمڕۆی هاووڵاتیانی ئێمە تەنها داراییە نیە، چونكە لە خاڵی چواریشدا ئەڵێ: پەرەپێدانی كاری لێكۆڵینەوە لە دۆزەكانی گەندەڵی و شێوازەكانی چاودێری دارایی، بەراستی هەموومان دەزانین هەموو فەرمانبەرێك لە هەرێمی كوردستان كاری هاووڵاتی لەبەر دەستە، بەڵام هەموو فەرمانبەرێك دارایی لەبەر دەست نییە، پێم وایە بۆ ئەوەی ئیزافە بكرێ، گەندەڵی تەنها لێكۆڵینەوە لە مەسەلەی دارایی نەكرێ، لێكۆڵینەوە لەو فەرمانگانەش بكرێ كەوا كاری هاووڵاتیان دوا دەخەن، كار بۆ هاووڵاتیان ناكەن، هاووڵاتیان بێزار دەكەن، پێموایە ئەمڕۆ گلەیی و گازاندەی زۆر لەسەر دواكەوتنی كاری هاووڵاتی هەیە لە فەرمانگەكاندا نەك لەسەر خواردنی پارەی هاووڵاتیان لە فەرمانگەكاندا، بۆیە هیوادارم ئەم بابەتە لەبەرچاو بگیرێ، كە چیتر ئەوەندە گلەیی و گازاندەی هاوڵاتیان لەسەر ئەو بابەتە نەبێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش، بەڕێز عومەر نورەدینی فەرموو.

**بەڕێز عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە راستیدا من، ئەگەر دیقەت بگرین لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵات و صەلاحیاتەی كە بۆ ئەو مودیریەتانە داندراوە، من جۆرێك لە تێكەڵاوی دەبینم، لە لایەكەوە لەگەڵ دەسەڵاتی قەزائی، لە لایەكی تریشەوە لەگەڵ ئەرك و وەزیفە و دەسەڵاتەكانی پەرلەمان، بۆ نموونە لە دائیرەی وقائیەو شەفافیەت لە خاڵی پێنجەم، موتابەعە یان وەكو دەستەی لێژنەی نەزاهە پێشنیاری كردووە، بكرێتە موراقەبە، موراقەبەی تەتبیقی قەوانین و ئەنزیمە و تەعلیمات، لە راستیدا ئەوە یەكێك لە ئەركەكانی پەرلەمانە، بۆیە دەبینین ئەمە جۆرێك لە تێكەڵاوی لە دەسەڵاتی تەشریعی دروست دەكات، من پرسیارێكیشم هەیە لە بەڕێزان تایبەت بە مودیریەتی تەحقیقات، لەوێدا لە خاڵی (أ)دا هاتووە، و التحقیق فیها، ئایا ئەم تەحقیقە بە مانای پێدانی دەسەڵاتی تەحقیقە كە لای دادگاكان هەیە، یان نا؟، ئەگەر ئەوەمان بۆ روون بكەنەوە، ئەگەر ئەوەش بێ دیسان جۆرێك لە تێكەڵاوی لە پێدانی مەسەلەی تەحقیقە لە نێوانی ئەو دائیرانە لەگەڵ مەسەلەی مەحاكم دێتە ئاراوە، ئەوەمان بۆ روون بكەنەوە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم كە ئەو تەفاصیلە بمینێتەوە، بەڵام ئەم لێك جیاكردنەوە و تێكەڵاویەش هەوڵبدەین عیلاجی بكەین، بۆ ئەوەی كە وشەی التحقیق فیها لابچێ، لەگەڵ بڕگە پێنجێش لە سێیەم لابچێ و ئەوەی تر وەكو خۆی بمێنێتەوە، هەروەها پشتگیری ئەوەش دەكەم كە عیلاقاتی بۆ زیاد بكرێ، بەسەربەخۆیی یان لە چوارچێوەی دائیرەی الوقایە و الشفافیە و

العلاقات، چونکە مەسەلەی عیلاقات بۆ ئەو هەیئەیە زۆر زۆر گرنگە، هەمیشە پێویستی بەوەی هەیە عیلاقەی هەبێ، عیلاقەیەکی زیندووی هەبێ لەگەڵ دەوائیری تر، لەگەڵ جیهاتی تر، لەگەڵ مونەزەماتی فیتاعی خاص و موجتەمەعی مەدەنی، بۆیە ئەگەر ئەوەش ئیزافە بکرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عیماد احمد فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی 12، پشتگیری پێشنیاری لیژنەی هاوبەش دەکەم، بۆ کورت کردنەوەی ماددەکە، بەڵام پێم باشە کورتری لێ بکەین، بۆ ئەوەی هەندێ دەسەڵات بۆ ئەنجومەنی دەستە بهێڵین، بۆ دەستنیشانکردنی هەیکەلی ئەم دەستەیە، چونکە ئێمە ئامانج و مەهامەکان دەستنیشانمان کردووە، پێم باشە دەسەڵات بدەینە ئەنجومەنی دەستە بۆ چۆنیەتی دانانی جیهازی تەنفیزی بۆ دەستە، چونکە ئەرکی ئەم جیهازە دەبێتە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئامانجەکان و مەهامەکانی دەستە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم، بەم شێوەیە صیاغە بکرێ: يكون للهيئة جهاز تنفيذي يتولى المواضيع الفنية والادارية والمالية ويتم تنظيمه واقراره من قبل مجلس الهيئة، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك فرسەت احمد موداخەلەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێت و تەماشای ئەم ماددەیە بکەین، دوو جۆرە ئیش و کاری تێدایە، نەوعێك لەو ئیشانە هەر لە عینوانی مودیریەتەکەوە دیارە، یەعنی لە قانونەکەدا هەبێت یان نەبێت، ئەزانن موهیمەتەکە چیە؟، بەس نەوعێك لەو ئیش و کارانە، ئەگەر نەصێکی قانونی نەبێت، ناتوانێت بەو ئیشە هەڵبستێ، هەر بۆ نموونە دێنم، تطوير، تدريب، استشارات، دراسات، متابعة و تنمية علاقات، ئەوە هەتا لە نیزامدا هەبێت یان لە قانوندا هەبێت یان نەیبێت، دیارە لە موهیمەتەکان و لە ئەهدافی ئەو هەیئەیە دیارە ئەتوانێت بەکار بێنێت، نەوعێك لە ئیش و کار هەیە کە نەصێکی قانونی تێدا نەبێت، ئەو دائیرەیە ناتوانێت ئەو ئیشە بکات، مەسەلەن: (المرافعة امام المحاكم في قضايا الفساد)، خۆ ئەکاتە خەصم لە قەزیەکی موعەیەن، هیچ حاکمێك قبولی ناکات ئەگەر نەصێکی قانونی ئەو دەسەڵاتە بەو دەزگایە نەدات، (التمثيل في اللجان التحقيقية)، چۆن ئەچێتە ناو لیجانی تەحقیقی، ئەگەر نەصێکی قانونی نەبێت؟، بە نیزام چارەسەر نەکرێت؟، (الكشف عن حالات الفساد)، تەحقیقی پێ دەوێت، بانگی شاهیدەکانی پێ ئەوێت، هیچ شاهیدێك حازر نابێت، ئەگەر نەصێکی قانونی پێ نەبێت، ئەو شاهیدە موحامی هەبێت، حازرنەبێت، چونکە صەلاحیاتی ئەوان نیە بانگی بکەن، ئیستیجوابی خەڵکێك، چ موتەهەم بیت چ شاهید بیت، (التحقق من

مشروعيه مصادر الاموال)، من شتێكم هەبێت ڕێگا پێنادەم ئەو تەحقيقە لەگەڵ مـن بكـات، ئەگـەر قـانونی نەبێت، (الكسب غير المشروع)، (اليات ملزمه للدوائر الرسميه لتعزيز الشفافيه)، هەتا دەوائيری ڕەسمی، گوێ نادەنە ئەو دەزگايە، ئەگەر نەصێكی قانونی نەبێت ئەو صەلاحيەتەی پـێ بـدات، (ابـداء الـراي في القـرارات الادارية والعقود الحكومية)، نەصێكی قـانونی نـەبێت، هـەر دائيرەيـەك بێت بـا حكوميش بێـت، ڕێگـا بـەو دەزگايە نادات كە بچێت تەدقيقی عقود بكات، لێك جياواز كردن ئيحتيمالـە عەمليـەكی زەحمـەت بـێ، ئـەو مەجالە و ئەو وەختە نەبێت، لەبەر ئـەوە مـن پێشـنيار دەكـەم وەكو خـۆی بمينێـت باشـترە، ڕاسـتە قسـەی برادەران هەندێ شتی تێدايە مەفروز بوو لە نيزام بايە، هەر تێـدا نـەبا و لـە نـاو نيـزاميش نيـە قەزيـەكی مەفهومە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لێژنەی هاوبەش فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من قسەی هاوكام بيدايەت تيكرار دەكەمەوە، بەنيسبەت ئەم ماددەيـە كـە : تتكون الهيئـە، دوای ئـەوە ئـەو دائيرانە دێتە خواری، برادەرانی ئەندامانی پەرلەمانيش هەموو ڕا كۆك بوون لەسەر ئەوەی كەوا ئێمـە 10 موديـر عاممان لێرە حەوتيان هەبێ و سێيان هەبێ و چوار هەبێ، بۆ ئەم هەيئەيـە زۆر زيـاد دەكـات، بـەڵام كە بە دائيرە هات ئەوە ئيعتيادی مودير عام نيە موديری دائيرەيەكە، بەڵام من لەگەڵ ڕاكـەی كـاك فرسـەت تا حەدێك لەگەڵێدا نيم، بۆ ئەوەی بۆ چی، ئەگەر بێين سەيری فەقەرەی يەك بكەين لـە دائـيرەی شـوئونی ئيـداری و مـالی بـاس دەكـات، ئێمـە لـە مەجليسـەكە باسمـان لـە ئيعـدادی ميزانيـە و ماليـە و ميلاكـات و مەسائيلی ئيداری كرد، باسی تەقرير سـەنەويمان كـرد و باسـی ئـەو تـەقريرەی كـە مـەجليس موصـادەقەی لەسەر دەكات، لێرە هەمان شت تيكرار بوويتەوە بە ئيزافەی چەند شتێكی تر، وەكو باسی لە شوئونی مـالی دەكات، ئيعدادی موازەنەی سەنەوی دەكات، باسی ئوموری مالی و موحاسەبی دەكات، باسی (مسك السجلات) دەكات، مەسكی سجلات چ پێويست دەكات لە ياسا باس بكرێ، مەسـكی سجلات لـە نيزامـی داخيليـدا دەبـێ، چونكە جائيزە ئەم هەيئەيە كە ئەمڕۆ پێويستی بە دوو سجل هەبێت، سبەی پێويستی بە 10 سـجلی تـری هەبێت، مەسكی سجلات و تەقاريرە ماليەكان كە لێرە باسمان كردووە، لەوێ باسمـان كـردووە، دوو: دائـيرەی شوئونی قانونی و تەحقيقات، دائيرەی شوئونی قانونی خۆی تەحصيل حاصلە و ئيشەكانی خـۆی، نـاوی بـە خۆيەوەيە، يەعنی ئەم دائيرەيە ئيشە قانونيەكانی ئەم هەيئەتە ئەبا بەڕێوە، ئەبێ مورافەعـە بكـات لەبـەر دەمی مەحكەمە، ئەبێ حازر بێ لە مەجاليسی تەحقيق، ئـەبێ تـوروقی تـەعن بـەكار بهێنێ، بـێ لەمـە، لـە فەقەرەی تر ئەگەر بێين سەيرێكی بكەين، باس لە موفەتيشی عام ئەكات، ئێمە ئەوەمان ئيلغا كرد، و تمـان

لا یەبەین، (ابداء الراي والمشورة) لە فەقەرەی یەك لە (المسائل القانونیة التي تعرض على الهیئة، ابداء الرأي و المشورة القانونیة)، ئێمە دائیرەیەکی ترمان هەیە، پێی ئەوترێ مەجلیسی شورا، ئەوانە صەلاحیەتی ئەوەیان هەیە کەوا مەشورەتی قانونی لە مەسائیلی قانونی، لە فەقەرە (ج)دا باس لە ابداء الراي بشأن القرارات الاداریة والعقود الصادرة، قەراراتی ئیداری ئێمە کالعادە مەجلیسی شورامان هەیە، هەروەها مەحکەمەیکی ئیداریمان هەیە بخصوصی قەراراتی ئیداری، لێرە ئەگەر ئەم رەئیانە بدرێتە دەست ئەم دائیرە قانونیە بە شوئونی هەموو قەراراتێکی ئیداری، ئەمە تەناقوزە لە بەریتی ئەمان و مەجلیسی شوراو مەحکەمەی ئیداری دروست دەبێ، مودیریەتی تەحقیقات لە فەقەرە (ب) باس لە ئیستیلامی مەزاعم الفساد و شکاوی المواطنین دەکات، مزاعمی فەساد لێرە دەلالەت لە چی ئەکات و باس لە چی ئەکات؟، ئەوەی کە لێرە باسی لەسەر کراوە لەسەر ماددەی (5) بە تەفصیل باسی لەسەر کراوە لە فەقەرەی سێ، لە دائیرەی وقایە و شەفافیە، باس لە ئەوە ئەکات کە، ئێمە وتمان تەنیا ئەوانەی کە حاصل علی شهادە جامعیە بێت، ئەگەر بێینە فەقەرەی دوو، ئەو بەشی سێیەمە، عەفوەن، فەقەرەك باسی کەشفی مەصالیحی مالی، مەصالیحی مالی هەر لە ماددەی پێنج لە بەشی دوو لە فەقەرەی سێدا باسمان لەسەری کردووە، یەعنی ئەمە تیکرارە، بەشی دوو فەقەرە سێ ئەم ماددەیە کە باس لە ئەوە دەکات :التحقق من مشروعیة مصادر الاموال المشمولة باحکام هذا القانون.... هەتا ئەوەی ئەڵێ: الی اي مواطن یشتبە ان یحوز بایة صفة کانت اموال عامة، یشتبە ان یحوز، ئەوە شتێکی زۆر عامە و زۆر شامیلە، بە ئیشتیباە ئەتوانین هەر چی خەڵك لە کوردستان هەیە بیهێنین و بیخەینە ژێر تەحقیقەوە لەم هەیئەتە، چونکە ئەڵێن: ئشتیباهت لێ دەکرێ کە ئەم ماڵە بە فساد وغیر مشروع دروست بووبێ، یاخود دەڵێ: مصدرها الکسب غیر المشروع، سواء اکانت داخل الاقلیم او خارجە، ئێ ئێمە ئەگەر بێینە سەر صەلاحیاتی قانونە جنائیەکانی خۆمان، قانونە عیقابیەکان، دوو نەوعە صەلاحیەتمان هەیە، ئیختیصاصی مەکانی و ئیختیصاصی نەوعیمان هەیە، ئیختیصاصە مەکانیەکانمان ئێمە قانونی تایبەتی تەحدیدی کردووە، چەند ئەم یاسایانە جێبەجێ دەکرێ؟، ئەگەر بێین ئێمە ئێستا ئەوانە جیا بکەینەوە، ئەم کەم و کورتیەی لێ دەربێنین، من پێم وایە ناکرێ و ئەم یاسایە یاسایەکی کەم و کورت دەردەچێ، زۆریش لەم شتانەی کە باسمان لێ کردووە لە پێشەوە لە ماددەی پێنجەمدا باسی لەسەر کراوە، باشتر وابوو ئەم یاسایە ئاوا بایە کە ئێمە بڵێین: تتکون الهیئة من الدوائر و یرأسها موظف بدرجة مدیر حاصل علی ئەوە..، دوای ئەوە صەلاحیەت بدەین بەو هەیئەیە بە نیزامێکی داخیلی، چونکە لە ئەخیرەکەی باس لەوە دەکات، رەئیسی هەیئە بۆی هەیە ئیصداری تەعلیمات بکات، بۆشی هەیە نیزامی داخیلی و لە نیزامی داخیلیەکان باس لە هەموو ئەم ئیش و کاری دائیرەکان بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی نەزاهە رەئیتان؟

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە ئێمە لەگەڵ ئەوە داین کە هەندێ شت هەیە لێرە زیادەیە باس کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەداین ئێمە کە بە تەفاصیلی خۆی بمینێتەوە ئەم ماددەیە، لەبەر ئەوەی وەکو بەڕێز کاک شوانیش ئاماژەی پێکرد، روحی کاری ئەم هەیئەتە لەم ماددەیەدایە، بۆیە لەبەر ئەوەی نەکەوێتە بەر هەر حاڵەتێك و هەر لایەنێك، هەر کەسێ بە کەیفی خۆی ئیجتیهادات و تەفسیرات و زیاد و کەمی بۆ بکات، یاخود مودیریاتەکانیان هەیئەتەکە خۆی ئەو تەفصیلاتەی بۆ دانا، ئێمە ئەتوانین هەندێ حالات لێرە تەحدید بکەین، ئەو رەئیانەش کە بەڕێز لێژنەی یاسایی باسی ئەکەن، لە تەحقیق کردن و موتابەعەی قەوانین و ئیبدائی رەئی لەسەر قەرارات و ئەو شتانەی کە باس دەکات، بە تایبەتی عقودی ئیداری و ئەم قەوانینە، ئەمە بۆ هەموو حاڵەتێك نیە، تەنها ئەو حاڵەتانەیە کە ئیشتیباهی فەسادی لێ دەکرێ، کاتێك کە شوبهەی لەسەرە، یاخود ئەو حاڵەتانەی کە ئەکەونە جێگای گومانەوە و شکاتی لەسەر هەیە، بۆیە تەنها و تەنها ئەم حاڵەتانە کە باس ئەکرێ لێرە، موتابەعەی قەوانین و ئەنزیمە و یاخود تەحقیق کردن لەو حالەتانەیە کە فەسادە، نەك هەموو عەقدێکی ئیداری بێ لەناو هەیئەی نەزاهە تەحقیقی لەسەر بکرێ و یاخود هەموو قانونێك و ئەنزیمەیەك و تەعلیماتێك هەیئەی نەزاهە خۆی تێوەردات و یەکسەر دەست بکات بە تەحقیق کردن لێی، تەنها ئەو حاڵەتانەیە کە ئیشتیباهی لێ هەیە، کە شکاتی لەسەرە و حالەتی فەسادی پێوە دیارە، بۆیە رەئی ئێمە ئەوەیە کە ئەم ماددەیە بەو شێوەیە بمێنێتەوە، ئەگەر بکرێ تۆزێك دەستکاری بکرێ و تەنانەت ئەگەر وەکو خۆی بمینێتەوە پێمان باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەرعبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جگە لەوەی کە هاوکارم خاتوو ئەڤین بیر و راکانی دەربری، شتێکی دیکەش هەیە، وێرای پشتگیریکردنمان بۆ راکەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، من یەك، دوو تێبینی ترم هەیە، ئێمە لە دانیشتنەکانی رابوردوودا، باسمان لەوە کرد کە کۆمەڵێك بیر و را دەبێندرا و پێشنیار کرا لە لایەن ئەندامانی بەڕێزەوە و زیاد لە 3 کەس، 4 کەس، 5 کەس، ئێمە بەوە وەڵاممان داناوە کەوا لە ماددەکانی تردا هەیە، هەتا گلەییشیان کرد و تیان ئێوە وەکو لێژنە، لێژنەی هاوبەش یان لێژنەی نەزاهە گوێ لە ئێمە ناگرن، ئێمە وەڵاممان ئەوەبوو لە ماددەی 12 دا هەیە، بەراستی ئێمە ئەگەر لێرە ئەمەش لابدەین و رەفزی بکەینەوە، پێموایە پێشیلّ کردنی کۆمەڵێك بابەتە، بۆ نموونە، یەکێك لەوانە کاك عومەر نورەدینی بوو وا بزانم لەگەڵ کاك سالار و کاك خەلیل و سۆزان خان بوون، باسیان لە هەندێ شت بکرێ، جەلسەی پێشوو بوو، چونکە ئەو کاتە وتمان لە ماددەی 12دا هەیە و بە ئێرەمان سپارد، کە بێرەشمان سپاردیە ئێستا قسەکەی ئەو کاتەمان دەخۆێننەوە و دووبارە پێشیلّ کردنە، یەك لەوانە مەسەلەی باس و

توێژینەوەی یاسایی بوو کە پێویست بوو باسی لێوە بکرێ، سەنتەرێك هەبێت، هاوکاری کردنە، پەیوەندی کردنە، نازانم چۆنە؟ ئەمە بکرێ، ئێمە وتمان لێرە هەیە ئەوەتا بڕگەی (ث) هەیە، یەکێکی تریان مەسەلەی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بوو کەوا باس کرا، چۆن دەکرێ لەگەڵ ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئێمە هاوکار بین؟، یان با بڵێین ئەو دەستەیە کە هاوکار بێ، بتوانێ سوودیان لێ وەربگرێت، وتمان لەوێ هەیە، یەکێکی تر کە باس کرا مەسەلەی عقودەکان بوو کە باس لەوە کرا زۆرترین، لەوانەیە حاڵەتی گەندەڵی لە عقودەکاندا هەیە و بەواداچوونیان لێرە هەیە، ئەگەر بێت و لێرەش لایدەین من نازانم، بەراستی پێموایە ئەمەش پێشێڵ کردنێکی مافی ئەو ئەندامانەیە، بۆیە لەگەڵ ئەوەداین کە وەکو خۆی بمینێتەوە، بەڵام دەکرێت لە هەندێ حاڵەتدا دەستکارییەکی بکرێ لە شێوازی داڕشتنەوەی و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا نیو سەعات وەخت ئەدەینە لێژنەی هاوبەش و لێژنەی نەزاهە و بەڕێز کاك فرسەت، پێکەوە دابنیشن و صیاغەیەکی مەنتیقی بکەن کە محتەوای خۆی ئەوە نەکات، لەبەر ئەوە تاکو شەش و نیو ئەوەتان ئەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

يعاد الانتخاب بين المرشحين الحاصلين على الاصوات، على اكثرية الاصوات، و يكون الفائز من يحصل على ثلثي عدد اصوات اعضاء البرلمان، واتا یەکەم جار دوو لەسەر سێی نەهێنا، ئەو جارە هەڵبژاردن لە نێوان یەکێکیان کە دەنگی کەمی هێنایە و ئەو لا دەدرێ، لە نێوان دووەکەی دیکە کە زۆرترین دەنگیان هینایە، لە نێوانیان دووبارە هەڵبژاردن دەکرێ، دووبارە داوای دوو لەسەر سێ دەکرێ، جاری یەکەم دوو لەسەر سێیان نەهینایە، بەلکو جاری دووەم دوو لەسەر سێی دێنن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆر داوای لێبوردن دەکەم، یەعنی ئەو موفتەرەحەی کە چوار لە ئەندام پەرلەمان باسمان لێی کرد، لە لێژنەی هاوبەش ئەوەی کرد، ئێستا دووبارە صیغەکەی هات: مەجلیسی قەزا بە پێی دەستوور تەعینی قضاة دەکاتن، تەعینی مورەشحین ناکات بۆ هەیئەیەك، یەعنی مورەشحین دیار ناکات، عیراق ئێستا پەشیمان بووە لەو ماددەیە، ئەو وەختەی کە عیراق ئەمەی کرد، دەستوور دانەندرابوو، ئیشی مەجلیسی قەزا نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە تەواو تێگەیشتین، کاك عومەر صدیق فەرمووو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەم لەسەر ئەو ڕێکارەیە کە گیراوەتە بەر، ئەگەر لە نێوان هەرسێك مورەشەح، یەکیان نەیتوانی دوو لەسەر سێی دەنگەکانی ئەندامانی پەرلەمان بەدەست بهێنێ، دواتر ئینتیخاب دەکرێ بۆ دوانیان، بە باوەڕی من ڕێکاری دووەم ئەبێ ئاسانتر بێ لەوەی یەکەم، بە واتای ئەوەی مەرج نیە ئەوە بۆ جاری دووەم، دوو لەسەر سێی دەنگەکان بەدەست بهێنێ براوە، بەڵکو زۆرینەی دەنگەکان بە دەست بهێنێ ئینجا زائیدەن یەك، بەو شێوەیە تەصەور دەکەم باشتر بێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تەفسیرە وا نیە، ئەگەر وا بێ، کەواتە ئەو مورەشەحەی بۆ ئێرە دێت، بە دوو جۆر عەدەدی دەنگدان دێت، جارێك بە ئەغلەبیە بێت و جارێك بە دوو لەسەر سێ بێت، ئەمە وارید نیە لە نەصێکی قانوندا، خۆ ئەگەر وا بێ ئەو کەسەی کە دەرنەچووە بە دوو لەسەر سێ ئەوەل جار، خۆ نیوەی هێناوە، بەڵام دوو لەسەر سێی نەهێناوە، ئیتر پێویست ناکات ئینتیخابات بۆ ئەو بکرێ، ئەو نەصەی کە ئێستا سەرۆکایەتی دایبەزاند ئەمە نەصێکە دەقاو دەق لەگەڵ یاسایەکە هاتووە، هەر دوو لەسەر سێ بوو بە هەردوو مەرحەلەی، مەرحەلەی یەکەم ئەوەی کە دەرناچێ و مەرحەلەی دووەم ئەوەی کە دەردەچێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بیخوێننەوە ئاخیر جار تا ئەویش بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الفصل الثالث

انتخاب رئيس الهيئة و مهامه و تشكيلات الهيئة

المادة السادسة

اولا: يتولى البرلمان انتخاب رئيس الهيئة باقتراع سري باغلبية ثلثي عدد اعضاء البرلمان، من بين ثلاث مرشحين يرشحهم مجلس القضاء في الاقليم و يعين المنتخب بمرسوم اقليمي و بدرجة وزير.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، ئەوەیان ئەو فەقەرەیە، تەواو بیخوێننەوە ئەو فەقەرەی یەکەم.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة السادسة**

**اولا: يتولى البرلمان انتخاب رئيس الهيئة باقتراع سري باغلبية ثلثي عدد اعضاء البرلمان، من بين ثلاث مرشحين يرشحهم مجلس القضاء في الاقليم و يعين المنتخب بمرسوم اقليمي و بدرجة وزير، و في حالة عدم فوز احد المرشحين بثلثي اصوات اعضاء البرلمان، يعاد الانتخاب بين المرشحين الحاصلين على اكثرية الاصوات، و يكون الفائز من يحصل على ثلثي عدد اصوات اعضاء البرلمان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 47 ئەندام پەرلەمان لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نیە؟، 13 کەس لەگەڵدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ ئەو فەقەرەیە پەسند کرا، ئێستا گشت ماددەکە بخوێننەوە.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**انتخاب رئيس الهيئة و مهامه و تشكيلات الهيئة**

**المادة السادسة:**

**اولا: يتولى البرلمان انتخاب رئيس الهيئة باقتراع سري باغلبية ثلثي اعضاء البرلمان، من بين ثلاث مرشحين يرشحهم مجلس القضاء في الاقليم و يعين المنتخب بمرسوم اقليمي و بدرجة وزير. و في حالة عدم فوز احد المرشحين بثلثي اصوات اعضاء البرلمان، يعاد الانتخاب بين المرشحين الحاصلين على اكثرية الاصوات، و يكون الفائز من يحصل على ثلثي عدد اصوات اعضاء البرلمان.**

**ثانيا: يشترط في المرشح لمنصب الرئيس، اضافة الى الشروط الوظيفية العامة ما يلي:**

**1-غير محكوم عليه بجريمة مخلة بالشرف.**

**2-يتمتع بالكفاءة و النزاهة و الحياد.**

**3-ان لايكون مشتركا في الجرائم التي خطط لها او نفذها او ارتكبها النظام البعثي.**

**4-حاصلا على شهادة جامعية في القانون و له خبرة في مجال عمله مدة لا تقل عن 15 سنة بالنسبة لحملة شهادة البكلوريوس و تنزل من هذه المدة سنتان بالنسبة للحاصلين على شهادة الماجستير في القانون و خمس سنوات بالنسبة للحاصلين على شهادة الدكتوراه في القانون، و تعتبر مدة الدراسة الصغرى للحصول على اي من الشهادتين مدة ممارسة لاغراض هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان گوێتان لێ بوو، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، نا نیزامی وەرناگرم، دەنگدانە، 34 ئەندام لەگەڵە، کێ لەگەڵدا نیە؟، 26 ئەندام لەگەڵدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بەڕێزان، ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێنین، بۆ دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان ئەکەین، ئاگادارتان ئەکەین سبەی سەعات 3ی پاش نیوەڕۆ وەزیری ناوەخۆ بانگهێشتی پەرلەمان ئەکرێ، تکایە هەمووتان لێرە ئامادە بن، خوا ئاگادارتان بێ

## دانیشتنی سێیەم

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، داوا لە هەر سێ لێژنە، لێژنەی یاسایی، نەزاهە، دارایی دەکەین، بفەرموون بۆ شوێنی خۆتان، فەرموون لێژنەی هاوبەش کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی کە ئەو دەرفەتەمان پێدرا و لەسەر ڕۆشنایی ئەو ڕا و بۆچوونانە کەوا هەندێك، دوو ڕا هەبوو، ڕای یەکەم ئەوە بوو کە پێویستە کورت بکرێتەوە ماددەکان، زۆر چوویتە ناو وردەکاری، پێویست ناکات ئەو هەموو وردەکارییە لەناو دەقی ئەو پرۆژەیە هەبێ، ڕای دووەمیش ئەوە بوو کە هەندێك دەسەلات هەیە پێویستە باس بکرێ، چونکە ئەگەر لەناو ئەو یاسایە نەیەتن، ئەوە ئەو دەستەیە لۆی نیە مومارەسەی ئەو دەسەلاتە بکات، لە نێوان ئەو دوو ڕەئیە، هەوڵمان دا کەوا ڕایەکی لە نێوان هەردووکیان وەربگرین، بۆیە ماددەکەمان بەو شێوەیە داڕشتەوە:

المادة الثانية عشر:

تتكون الهيئة من:

اولاً: دائرة الشؤون المالية و الادارية يرأسها موظف بدرجة مدير عام، حاصل على شهادة جامعي اولية على الاقل و له خبرة لا تقل عن 10 سنوات في مجال اختصاصه.

ثانيا-دائرة التحقيق و الشؤون القانونية، يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية في القانون و له خبرة لا تقل عن 10 سنوات في مجال اختصاصه وتتكون من:

1-مديرية الشؤون القانونية: يرأسها موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية في القانون و له خبرة لا تقل عن خمس سنوات في مجال اختصاصه و تتولى المهام الاتية.

أ- ابداء الرأي و المشورة في المسائل القانونية التي تعرض على الهيئة.

ب-الترافع امام المحاكم المختصة فيما يتعلق بقضايا الفساد التي تحركها الهيئة و مراجعة طرق الطعن بشأنها.

ت-تمثيل الهيئة في اللجان التحقيقة بناءأ على طلب الهيئة.

2-مديرية التحقيق: يرأسها موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية في القانون و له خبرة لا تقل عن خمس سنوات في مجال اختصاصه و تتولى الكشف عن حالات الفساد في الهيئات الحكومية كافة و جمع المعلومات بشأنها بالاستعانة بالاجهزة الفنية و التحقيق فيها .

3-دائرة الوقاية و الشفافية: يرأسها موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية على الاقل و له خبرة لا تقل عن عشر سنوات في مجال اختصاصه و تتولى المهام التالية:

1-التحقق من مشروعية مصادر اموال المشمول بأحكام هذا القانون المسجلة بأسمه او بأسم غيره سواء اكانت في حيازته او في حيازة الغير مادامت ملكيتها تعود اليه.

2-متابعة تطبيق القوانين و الانظمة و التعليمات المتعلقة بالهيئة.

3-تنمية العلاقات مع المنظمات ذات النشاطات المشابهة.

4-ادارة برامج التدريب و اقامة المؤتمرات بالتعاون مع الوزارات و الجهات المختصة و مؤسسات القطاع الخاص.

4-مكتب رئيس الهيئة: يرأسه موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية اولية على الاقل.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی نەزاهە مولاحەزەتان هەیە لەسەری؟

**بەڕێز د.سەروەر عبد الرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ئەو کورت کردنەوەیەداین، بەڵام پێمان وایە کەوا چەند خاڵێك هەیە تیایدا بێ، خاڵی چوارەم لە فەرمانگەی خۆپاراستن و شەفافیەت، پەرەپێدانی کارایی و لێکۆڵینەوە لە دۆزەکانی گەندەڵی و شێوازەکانی چاودێری کارایی و پشکنینی کارگێڕی، بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی دەستپاکی و شەفافیەت، بەڕاستی پێمان وایە ئەمەی تیایدا بێت، چونکە مەسەلەی دەستەی نەزاهە تەنها تەحقیقات نیە، تەحقیق کردن نیە، بەڵکو بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی دەستپاکیشە لە پاڵ ئەمەدا، ئەمە گرنگ بوو تێیدا بێ، خاڵێکی تریش سەبارەت بە خاڵی (ت) کە ئامادەکردنی باس و توێژینەوەی یاساییە، تایبەت بە یاساکانی بنبڕ

کردنی گەنـدەڵی و ڕێکەوتننامـە نێودەوڵەتیـەکان لـە بـارەی گەندەڵییـەوە، چونکە ئەگەر ئـەو خاڵـە تیـای نەبێ، پێم وابێ کەلەبەرێکە تیایدا و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش ئەو دوو تیبینیەتان؟

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەو دوو بڕگەیە کە یەکیان تایبەتە بە بڕگەی دووەم، ئەوەی دیکەش بە بڕگەی سـێیەم، ئێمـە هیچ لاریمان نیە، ئەو دوو بڕگەیە و ئەو دوو ئەرکەش لە بۆ بەڕێوەبەڕایەتیەکە زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بـەڕێزان ، ئێستا ماددەکـە بـەو شـێوەی د.ڕۆژان خوێندیـەوە، و بـە وەرگـرتنی ئـەو دوو بڕگەیـەی کـە کـاك د.سەردار ئیشارەتی پێدا، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەست بەرز بکاتەوە تکایە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەی 13 فەرموون.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێزدە:

دادوەری لێکۆڵینەوە کاتێ دەست بە لێکۆڵینەوە لە دۆزێکی گەندەڵیـدا دەکـات، دەبـێ ئاگـاداری بەڕێوەبـەری گشتی کاروباری یاسایی و لێکۆڵینەوەکان لە دەسـتەدا بکـات و لەسـەر داوای خـۆی لـە ڕەوشـی لێکۆڵینەوەکـە ئاگاداری دەکات.

**بەڕێز عمر عبد الرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة عشر:

على قاضي التحقيـق عنـدما يسـتهل اجـراءات التحقيـق في قضـية فسـاد، ان يقـوم بـأبلاغ مـدير عـام الشـؤون القانونية و التحقيقات في الهيئة  بذلك و يتطلعه على سير التحقيق بناءاً على طلبه.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنـەی نـەزاهە ڕەئیتان؟

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی 13 ئێمە زیاتر پێمان وایە سەر لە نوێ دابڕێژێتەوە، چونکە لەنگیەکی تێدایە، کوردیەکەی و پێم خۆشە عەرەبیەکەشی ئەگەر هەر بخوێندرێتەوە، بەم شێوازە بێت:

دادوەری لێکۆڵینەوە و لێژنە تایبەتیەکانی لێکۆڵینەوە کاتێك دەست بە لێکۆڵینەوە لە دۆزێکی گەندەڵیدا دەکەن، پێویستە بەڕێوەبەری گشتی کاروباری یاسایی و لێکۆلینەوەکانی دەستەی دەستپاکی ئاگادار بکەنەوە و ڕەوشی لێکۆڵینەوەکەی بۆ باس بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش ڕەئیتان لەسەر ئەو ماددەیە؟

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین کە لە لایەن لێژنەی نەزاهە پێشکەش کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، لەسەر ماددەی 13 کێ ئەیەوێ موداخەلە بکات؟، کەرەم بکەن فەرموون، ئەم بەڕێزانە ئەیانەوێ موداخەلە بکەن، د.احمد وەرتێ، د.حسن، شوان کەریم، صباح بیت الله، گەشە دارا، فازڵ بەشارەتی، فەرموو د.ئەحمەد.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە ماددەی 13 باس لەوە دەکات کە قازی تەحقیق ئیجرائاتی تەحقیق دەست پێ بکات لە قەزیەی فەسادا، ئەبێ ئیبلاغی مودیریەی عامی شوئونی قانونی و تەحقیقات بکات تەبعەن، لەوێش دیارە مودیر بووە، مودیری تەحقیق نەك تەحقیقات، من پێم وایە لێرە داڕشتنەوەیەك بۆ ماددەکە بکرێ، بەو شێوەیە من دامڕشتووتەوە، ببێتە دوو خاڵ، یەکەمیان: على محققي الهيئة عرض جميع البلاغات و الاخبار، على قاضي التحقيق المختص لغرض متابعتها لحين اكمال التحقيق و احالة الاوراق التحقيقية الى المحكمة المختصة، نەك خۆی لێرە قاضي تەحقیق یەکسەر ئەوە بکات، چونکە ئەگەر لێرە بتەوێ تۆ صلاحیات بدەی بە هەیئەکە، دووەم: على قاضي التحقيق احالة جميع الاوراق التحقيقية المتعلقة بجرائم الفساد الى هيئة النزاهة لاكمال التحقيق فيها اذا كانت الدعوة حركت من جهة اخرى، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، بەڕێز د.حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەو ماددەیە هەر زیادە، بە تایبەتیش ئەمە تەداخولیکە لە قانون، بە نیسبەت ئیش و کاری هەیئە، دیارە تەحقیق و کۆکردنەوەی مەعلومات و موستەنەداتە و دوای تەحقیق کە ئیسبات بوو جەریمەیەکی فەساد هەیە، دەیدات بە قانون، بۆ ئەوەی قانون بە پێی قانونی عقوبات ئیجرائاتی لەگەڵ وەربگیرێ، یەعنی جارێکی تر دوای وەرگرتنی ئیجرائات زەرووری نیە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ هەیئەی نەزاهە، لەبەر ئەوە لە ئیجرائاتی محاکەمە هیچ پێویست ناکات، ئەم هەیئەیە دەوری ئیدیعای عامی دەبینی، یەعنی زەرووری نیە موراقەبەی ئیشی حاکم بکات کە حاکم چۆن ئیجرای مەحکەمە و مەسائیلی قانونی خۆی دەکات، بۆیە بە رەئی من ئیشێکی زیادە و تەداخولە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك شوان فەرمووو.

**بەڕێز شوان عبد الكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ دەقە کوردیەکە من لەگەڵ ئەو دەقەم کە لێژنەی نەزاهە خوێندیەوە، بەڵام ئەگەر پشت ئەستوور بێ بە دەقە عەرەبیەکە، (سیر) بە مانای ڕەوشت نایەت، (سير) بە مانای بەڕێوەچوون دێت، با ڕەچاوی ئەوە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز صباح بیت الله فەرموو.

**بەڕێز صباح بيت الله شكرى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمنیش دگەل لێژنەی نەزاهەیمە بە حەقیقەت کەوا ماددە بەو رەنگێ بێتە کرن، على قاضي التحقيق او اللجان التحقيقية الخاصة، عند بدء اجراءات التحقيق في قضية فساد، القيام بابلاغ مدير عام الشؤون القانونية و التحقيقات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز گەشە دارا فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکەی د.حسن دەکەم کە ئەڵێ ئەمە تەدەخولە لە قەزا وا بزانم کە مەبەستی بوو، لێرە کێشە نیە کە ئەڵی: يقوم بابلاغ مدير عام الشؤون القانونية، بەڵام کە ئەڵێ ( و يطلعه على سير التحقيق) یەعنی بەڕاستی خۆ ئەم قەزیانە کە ئیحالەی مەحکەمەی دەکرێ، ئیتر ئەبێ مەحکەمە خۆی مەجرای خۆی وەربگرێ لە قانونەکە، پێویست ناکات ئەم هەیئەیە لەسەیری تەحقیقدا بەردەوام بکات، پێم وایە ئەمە تەداخولە لە قەزا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز كاك فازڵ بەشارەتی فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی 13 من پێشنیاری ئەوە دەكەم كە كەسێكی لێكۆڵینەوەر لەناو ئەم هەیئەتی لێكۆڵینەوەدا هەبێت، زیاتر هەم بۆ بەرچاوروونی، چونكە ئەم تەحقیقە هەمووی دام و دەزگا و شوێنێكی دەسەڵات دەگرێتەوە، بۆیە من پێم باشە بە حەقیقەت كەسێكی هەیئەتەكەش لەگەڵ ئەو هەیئەتە لێكۆڵینەوە بێت كە لێكۆڵینەوە لە هەر جۆرە كارێكی گەندەڵی دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ئەرسەلان فەرموو.

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل/جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من تەئیدی ئەو ڕەئیەی د.حسن دەكەم، كە هەیئەتەكە مەعلوماتی كۆكردەوە و بەڵگەكانی كۆكردەوە، تەقدیمی مەحكەمەی كرد، ئیتر چ ڕەبتی بەوی نامێنێ بەراستی، چونكە مەحكەمە شتێكی موستەقیلە، بەو حیسابە بێت تێكەڵاوی دەسەڵاتەكە دەبێت، لەو حاڵەتە هەیئەتەكەش دەبێتە بەشێك لە مەحكەمە، لەبەر ئەوە جائیز نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە فەرموون.

**بەڕێز د.سەروەر عبد الرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ڕایەی كەوا بەڕێزان، سێ، چوار ئەندامی پەرلەمان دەریان بڕی، ئێمەش ئەو ڕەئیەمان هەیە كە لە فەقەرەی دووەمی نەمێنێتەوە ئەمە، چونكە جۆرێك لە تەداخولە، هەتا ئێمە لەگەڵ ئیدیعا عامیش قسەمان كردووە، ئەوانیش بە نووسراو بۆیان ناردبووین، جگە لەمە مەحكەمەی ئیداریش هەمان ڕەئیان هەبوو لەگەڵ ئێمەدا، ئەگەر ئەو فەقەرەیە بەشی دووەم : في الهیئة ... و لذلك یطلعه على سیر التحقیق بناءاً على طلبه، ئەگەر ئەوەی تیا نەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، كاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من زۆر باسی ماددەی شەشم کرد ئەمڕۆ، چونکە ماددەی شەش ماددەیەکی زۆر گرنگە، هەر چی ئەو هەیئەیە ئەیکات کۆی ئەکاتەوە و ئیحالەی مەحکەمەی موختەصی ئەکات، بە قانون هەر ئەوراقێك ئیحالەی مەحکەمە کرا، ئیتر دەستی ئەو لایەنەی لەسەر هەڵدەگیرێ کە ئیحالەی کردووە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات ئەم ماددەیە وجودی هەر هەبێ لێرە، چونکە ئیتر ئیشی بە هەیئەکە نەماوە، ئیتر ئەو ئەوراقانە لەو مەحکەمە، ئەو موتەهەمە لەو مەحکەمە یان حوکم ئەبن یان ئیفراج ئەبن و بەرەڵلا ئەبن، بە هەر لایەکیان بێت، حوکمێکی باتی پێ دەرئەچێ و ئەو حوکمە مولزەمە بە حەقی هەموو لایەك، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، باشە ئەگەر بمێنێ، بۆ بیداتە، ئیبلاغ مودیر عام بکات؟، بۆ نەیداتە رەئیس هەیئەکە مەسەلەن؟، ئەمە یەك، پاشان ئەگەر تەحقیق تەواو بێت و وزوحی هەبێت کە نەتائیجی تەحقیق تەواو بوو، حاکم هەموو قەرارێکی خۆیدا، ئینجا نەتیجەکەی بە ئەوان بدەن، حاکم نەك تەحقیق.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە گوێرەی قانونە جینائیەکانی کە ئێمە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا ئیشی پێ ئەکەین، دوو یاسایە قانونی ئوصوڵی محاکمات جەزائیی و قانونی عقوباتی عیراقی، ئەم یاسا خاصەشە کە پێی دەرئەکەین، ئەم یاسایە جەمعی ئەدیلەیە، ماددەی شەش دەنگمان لەسەر داوە، بە صەریح باسی لەسەر کردووە، ئیجرائی تەحقیق دەکات و ئیحالەی مەحکەمەی موختەصی ئەکات، مەحکەمەی موختەص ئیتر موختەصە بە ئیجرائاتی تەحقیقی، چونکە بانگ کردنی شاهید و ئیفادە وەرگرتنی موتەهەم و جەمعی ئەدیلە، کشوفات، تەحەری، تەفتیش، تەتبیق، موزاهات، ئیستیکتاب، ئەمە هەمووی ئیشی ئەو مەحکەمانەیە کە ئەو ئیشەی لا ئەچێت، دواتر ئەو مەحکەمەیەش حەواڵەی مەحکەمەی جینایات یان جونەحی ئەکات، لەوێ بە گوێرەی ماددەکەی خۆی ئیتر ئیفراج دەبێ یان حوکم دەبێ، کۆتایی بە قەزیەکە دێنێ، ئیتر پێویست ناکات جارێکی دیکە ئەم مەحکەمەیە ئەدائی دوایی خۆی بکات کە ئەو ئەوراقانەی بۆ هاتووە و ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی نەزاهە ئاخیر رەئیتان؟

**بەڕێز د.سەروەر عبد الرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەر ئەو ڕایەی کە پێشتر دەرمان بڕی، هەر ئەوە دەڵێینەوە، کە ماددەکە بمێنێت، بەڵام فەقەرەی دووەمی لابچێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کا بیخوێننەوە بۆمان.

**بەڕێز عمر عبد الرحمن علی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کۆتایی ماددەکە دەستەواژەیەك هەیە، ویطلع علی سیر التحقیق بناءاً علی طلبه، نەمێنێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبد الرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە مەسەلەی بمینێ یان نەمینێ، مەسەلەیەکی یاساییە، ئەڵێ قازی تەحقیق، خۆ ئەم ئەوراقانەی کە ئیحالە ئەکرێ بۆ ئەو کەسانەی کە موتەهەمن بە جەریمەی فەساد، تەنیا لای حاکم تەحقیق نامێنێتەوە، حاکم تەحقیق ئیجرائاتی تەحقیقی دەکات و ئیحالەی مەحکەمەی موختەصی ئەکات، ئیتر حاکم تەحقیق چی بڵێتەوە بۆ ئەو هەیئەتەی کە بۆی ناردووە؟، لە مەحکەمەی موختەص قەراری باتی لەسەر دەرئەکەن، لەبەر ئەوە ئەصڵەن ئەمە هەر زیادە ئەم ماددەیە لێرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، چەند ئەندامی پەرلەمانی بەڕێز داوای کردووە کە ئەو ماددەیە لابچێ؟، ئێستا ئەیخەینە دەنگدانەوە، ماددەی 13 کە بەو شێوەیەی هاتووە، هەر چەند ئەندامی پەرلەمانی بەڕێز پێشنیاریان کرد، ئەمە زەروور نیە لێرە بێتن، زیادە  و لابچێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە زیادە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، چوار کەس لەگەڵدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ ماددەی 13 لاچوو، بڕۆ بۆ ماددەی 14 لە ئەصڵی پرۆژەکە کە ئەبێتە ماددەی 13.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 14 لە ئەصڵی پرۆژەکە کە دەبێتە ماددەی 13 :

1-لە میانەی هەر لێکۆڵینەوەیەکدا کە دەستە دەیکات، لێکۆڵێنەرەکان و نوێنەرەکانیان مافیان هەیە لە هەر شتێك بکۆڵنەوە کە بکەوێتە ژێر سێبەری حوکمەکانی ئەم یاسایە و ئاگاداری قەواڵە و بەڵگەنامە فەرمیەکان بن، پلەی نهێنیان هەر چەندێك بێ، پێویستە ئاسانکاریان لە چوونە ژوورەوەی فەرمانگەی پەیوەندیدار بۆ بکەن بەو ئامێرانە و کە سروشتی کارەکانیان دەخوازێ، دەبێ پاسەوانیان بۆ دابین بکەن و نابێ ئەو ئامێرانەیان لێ بستێنن کە پەیوەندی بە کارەکانیانەوە هەیە.

2-ئەگەر ئەو لایەنەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵیان دەکرێ، ئیدیعای ئەوەی کرد کە زانیاری و بەڵگە نامە داواکراوەکان بۆ ئاگاداربوون لێیان و ئەو پەڕی نهێنین و ئاشکراکردنیان دەشێت ئاساییشی هەرێم بخاتە مەترسییەوە، ئەو کاتە سەرۆکی دەستە لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە بە سەرۆکایەتی خۆی، یان جێگرەکەی و

ئەندامیەتی پشکێنەری گشتی لە وەزارەتی پەیوەندیدار و بەڕێوەبەری گشتی دەستەیەك پێك دەهێنێ بۆ وردبینی کردن لە زانیاری و بەڵگەنامەکان.

3-هەر فەرمانبەرێك لە فەرمانگەکانی هەرێم و کەرتی گشتی و کارمەندانی کەرتی تێکەڵاو، لە لایەنی یاساییەوە پابەندن بە هەواڵدان لە بارەی هەر حاڵەتێکی گەندەڵی بێتە بەر گوێیان، بۆیە پێویستە لەم لایەنەوە هاوکاری دەستە بکەن و بە پێچەوانەی ئەمەوە هەر کەسێك هەواڵێك دەربارەی گەندەڵی بزانێت و بیشارێتەوە، بە پێی حوکمەکانی ماددەی 247 لە یاسای کارپێکراوی سزاکانی عیراقی سزا دەدرێت.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة عشر:

1-خلال اي تحقيق تجريه الهيئة، يكون لمحققيها و مندوبيها الحق في التحقيق مع اي مشمول باحكام هذا القانون والاطلاع على المستندات و الوثائق الرسمية، بما فيها السرية ايأ كانت درجة كتمانها، و يجب تسهيل مهمة دخولهم للدائرة المعنية مع الاجهزة التي تقتضيها طبيعة عملهم، و توفير الحماية لهم و لا يجوز تجريدهم من الاجهزة المتعلقة بعملهم.

2-اذا دعت الجهة الخاضعة للتحقيق ان المعلومات و الوثائق المطلوبة للاطلاع عليها غاية في السرية و، ان احتمال افشائها قد يعرض الامن في الاقليم للخطر، يقوم رئيس الهيئة بتشكيل لجنة تحقيق برئاسته، او نائبه و عضوية كل من المفتش العام في الوزارة المعنية و مدير عام من الهيئة للقيام بتدقيق تلك المعلومات و الوثائق.

3-كل موظف في دوائر الاقليم و القطاع العام و منتسبي القطاع المختلط ملزم قانونـاً بالاخبار عن اية حالة فساد تصل الى علمهم، و عليه التعاون مع الهيئة بهذا الصدد، و بخلافه يعاقب كل من احجم عن الاخبار عن حالة الفساد تلك، مع علمها وفقاً لاحكام المادة 247 من قانون العقوبات النافذ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی نەزاهە رەئیتان؟

**بەڕێز د.سەروەر عبد الرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی 13 کە ماددەی 14یە لە ئەصڵی پرۆژەکە، لە بڕگەی یەکەمدا هیچ تێبینیەکمان لەو بارەیەوە نیە، لە بڕگەی دووەمدا لە دەقە کوردیەکە هیچ تێبینیەکمان نیە، بەڵام لە دەقە عەرەبیەکە تەنها یەك وشە هەیە کە گۆڕابێ( لجنة تحقيق برئاسة)، ببێتە (لجنة تحقيقة برئاسته)، بڕگەی سێیەمیش هیچ تێبینیەکمان لە بارەیەوە نیە، بەڵام ئێمە سەبارەت بە وشەی مفتش عام کە لامان نەدایە، لە کۆمەڵێك شوێنی تریش هاتووە و ئێستاش لە بڕگەی دووەمدا هەیە، ئێمە لە خاڵی دووەمی راپۆرتەکەماندا لە سەرەتادا ئیشارەتمان پێدا بوو کەوا سەرجەم وشەکانی مفتشی عام لابدرێن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە ماددەکە دەکەین، تەنها چەند تێبینیمان هەیە، یەکەمیان سەبارەت بە بڕگە یەکەم لە ڕێزی یەکەم، وشەی مندوبین، پێشنیار دەکەین کە لادرێ ئەم وشەیە، لە بڕگەی دووەمیش ڕیزی سێیەم کە باس لە لێژنەکە دەکات و لێژنەی نەزاهە ئاماژەی بەوەی کرد کە لێژنەی تەحقیق بکرێتە لجنة تحقيقية برئاسته، واتا برئاسة الرئيس، او رئاسة نائبه، تەنها وشەی نائیب هاتیە، او رئاسة نائبه و عضوية مفتش عام لابردرێ، و عضوية اثنين من المدراء العاميين، لەبەر ئەوەی نابێ لێژنەی لە سێ ئەندام کەمتر بێ في الهيئة، مدير عام من الهيئة بکرێتە في الهيئة، واتا ڕیزی سێیەم بەو شێوەی لێ بێ، بتشكيل لجنة تحقيقية برئاسته او رئاسة نائبه و عضوية اثنين من المدراء العاميين في الهيئة للقيام بتدقيق تلك المعلومات و الوثائق، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم، بیدایەتەکەی : كل موظف في دوائر الاقليم، دوائر الاقليم کیفایەتە، ئەوەی دواتر و القطاع العام لادرێ، و منتسبي القطاع المختلط لادرێ، واتا ئەو دوو دەستەواژەیە قطاع عام و قطاع مختلط لادرێ، لەبەر ئەوەی دوائر الاقليم مونتەسیبەکانی هەمووی کەرتە گشتیەکەی دەگرێتەوە و پێویست ناکات دووبارە دەستەواژەیەکی نوێ بەکار بێنین، تەنها ئەو سێ تێبینیەمان هەبوو لەسەر ئەو سێ بڕگەیە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، کێ ئەیەوێ موداخەلە بکات لەو ماددەیە؟، ئەم بەڕێزانە ئەیانەوێ قسە بکەن: گەشە دارا، قادر حسن، عبدالسلام بەرواری، صباح بیت الله، شڤان احمد، خلیل عوسمان، د.حسن، جلال علی، تارا اسعدی، پەروین، د.بشیر، هاژە سلیمان، د.احمد وەرتی، بەفرین حسین، شلێر محمد، کەسی تر ماوە؟، فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕیزی دووەم ئی ئەو ماددەیە، کە ئەڵێ: والاطلاع على المستندات و الوثائق الرسمية، چونکە دیارە وەسائیقی غەیر ڕەسمیش بێتە بەردەستی ئەم هەیئەیە، پێویستە کە ئیتیلاعیان هەبێ لەسەری، لە ڕیزی دوای ئەوە کە ئەڵی: و يجب تسهيل مهمة دخولهم للدائرة المعنية، لە دوایی ئەوەی بۆ زیاد بکرێ، و ای مکان يفيد التحقيق بعد الحصول على اذن القاضي، چونکە شەرت نیە کە ئەو شوێنەی کە ئەمان پێویستیان پێ بێ بۆ ئەو تەحقیقە و جەمعی ئەدیلەیە دائیرە بێ یان ئەجهیزە بێ، ئەشێ شوێنێکی نارەسمی بێ کە

سوودی هەبێ بۆیان، لە فەقەرەی سێیەم کە ئەڵێ: و بخلافه يعاقب، وا باشترە بگوترێ وفقا لاحكام قانون العقوبات النافذ، نەك وفقا لاحكام المادە 247، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك قادر حسن فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم لە ماددەی 14 لە ئەصڵی پرۆژەکەدا کە 13یە، پلەی نهێنیان هەر چەندێك بێ هەڵبگیرێ، چونکە تەصەور دەکەم لەگەڵ خاڵی یەکەم خودی ئەم ماددەیە تێك ناکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم بە تەفصیل باسی چۆنیەتی مامەڵە کردنی لەگەڵ وەسائیقی سڕی ئەکات، بۆیە فیعلەن ئەو ( بما فيها السرية و ايأ كانت درجة كتمانها) هەڵبگیرێ بە رەئی من، یەك، دوو، ئەوەلەن، من ئەڵێم ماددەی دووەم، باسی تەعامول لەگەڵ سڕیەتەکان ئەکات، بۆیە ( بما فيها السرية و ايأ كانت درجة كتمانها) زیادە، چونکە تۆ فەقەرەی دووت هەیە مامەڵە لەگەڵ سڕیەتەکە دەکات، لە دووەم، تەبعەن مفتش عام هەڵئەگیرێ، لێژنەکە على الاقل فردی بێت، سێ کەس و زیاتر بێت، عیلاجی بکەن، کێی تر لەگەڵی بێ، قازی تەحقیقێك ئیختیار دەکەم، یەعنی خۆی یان مودیریك یان نائیبی مودیرێك یان قازی تەحقیقێك، سێیەم: ئەوەی قوتاعەکەتان باس کرد، ماددەی 247 ئەڵێ: هەر موەزەفێك مولزەم بیت بە دانی معلومات، ئەوە عیقاب ئەکرێت، واتا ئەگەر ئێمە بیخوێنێن تا (بهذا الصدد). کافیە، چونکە بەو قانونە ئیلزاممان کرد، ئەو کاتە 247 کارایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی ئەولەن دەبێژیتن: خلال تحقيق تجريه الهيئة، يكون لمحققيها و مندوبيها، رەئیا من مەندوب بێتە هەڵگرتن، چونکە بەس موحەقیق حەقی هەن تەحقیقی بکاتن نەکو مندوب، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز شڤان احمد فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر بڕگەی (2) و (3) هەیە، ئەو موفەتیشی عام حەقەتەن لامان داوە شتێکی باشە لادانی، لە بڕگەی (3) ئەو ڤیتاعی عام و ڤیتاعی (مختلط) من پێم باشە هەردووك بمینێن، ئەو دوو ڤیتاعە هەر هەنە، چەند حاڵەتێکی ڤیتاعی موختەلەتمان هەیە، یەعنی بۆ ئەوەی شامل بێت و هەموو حاڵەتێك، هەموو شوێنێك بگرێتەوە، مانەوەیان هیچ زەرەرێکی تێدا نیە، بەڵکو سوودی هەیە، (وفقاً لأحکام المادة الفلانية.....) ئەو ژمارەیە، ماددەی ئەوەی جونحەیە، (- جنحة) بنووسرێ، جونحەکە بۆ خۆی کە بنووسرێ بۆ تەسهیلی خەڵك باشترە بۆ ئەوەی زووتر بچنە سەر ئەصڵی مەبەست، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز خلیل عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی سێیەم تۆ لێرە بە قانون هەموو موەزەفێك ئیجبار دەکرێ بەوەی کە ئەگەر مەعلومە یان خەبەرێکی لەسەر جەریمەیەکی فەساد لایە، دەبێ بیدات بە هەیئەکە، بەڵام من پێم باشە یان ئیزافە بکرێ، یان بە خاڵێکی تر لێرانە ئەوە ئیزافە بکرێ کە ئەو موەزەفە پێویستی بە حیمایەی شەخصی و قانونی و وەزیفی هەیە، یەعنی موەزەفێك خەبەر، یان موخبیرێك، یان شاهیدێك لەسەر مودیرەکەی، لەسەر ڕەئیسی دائیرەکەی ئەگەر خەبەر بدات، یەعنی من پێم باشە بەڕاستی بڕگەیەك لێرە زیاد بکرێ، یەعنی (للهيئه التکفل بالحمايه القانونيه و الشخصيه بالمبلغين و الشهود و المخبرين)، پێم خۆشە هینێکی وا زیاد بکرێ، خاڵێکی تریش هەبوو، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە لە دەسەڵاتەکانی هەیئە باسمان کرد، بەڵام دیار بوو کەس تەسنیەی نەکرد، یەعنی من داواکارم لێرە یان لە شوێنێکی تر جێی بکرێتەوە، ئەویش ئەو گەندەڵیانەیە کە لە ڕابردوو ڕووی داوە، من پێم باشە ئێمە کار لەسەر ئەوانە بکەین، لەوانەیە ئەو یاسایە لە ئێستا بە دواوە دەردەچێ ڕەدعێك بێ بۆ داهاتوو، بەڵام ئەی ئەوانەی کە لە ڕابردوو کراون؟ پێشنیاری ئەوەم کرد کە لە (3/25)ی ساڵی (91)وە لێپێچینەوە لەو گەندەڵیانەش بکرێ کە لەو کاتەوە ڕوویداوە، داواکارم کە لێژنەی یاسایی صیاغەیەك بۆ ئەوە بدۆزنەوە، خاڵێکی تر بەڕاستی جیا لەوەی کە ئێمە لێرە ڤیتاعی عام و ڤیتاعی موختەلەت و ئەوانە لادرا، بەڵام زۆر لە گەندەڵییەکانمان لە بەشێك لە ڤیتاعی خاص دایە، ئەو ڤیتاع خاصانەی کە موشتەرەکن لەگەڵ حکومەت، لە دروست کردنی ئەبنیە و وەحدەی سەکەنی و کۆمەڵێك شتی تر کە موشتەرەکە لە بەینی حکومەت و لە بەینی ڤیتاعی خاص دا، ئەوە چۆن موعالەجە دەکرێت؟ داواکارم لە لێژنەی یاسایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو فەقەرەی (3) وابزانم هەر زیادە، ئەگەر باش بیری لێ بکەنەوە، بەڕێز د. حسن، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سوورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی (أولاً) مادام ئەو هەیئەیە توانای ئەوەی هەیە کە هەرچی مەعلوماتێك، چەند دەرەجەی سرییەکەیشی هەبێت بە دەست بێنێت، بۆیە لێرە پێویستە ئێمە بە ماددەیەکی قانونی مولزەمیان بکەین کە ئەو سریياتە بپارێزن، ئەو هەیئەیە پێویستە ئەو سرییاتە بپارێزن، بۆیە من ئیقتراحی ئەو ماددەیە دەکەم، ئەو خاڵە دەکەم (تعتبر المعلومات و البيانات و الوثائق و نسخها التي ترد للهيئة أو يطلع عليها أي من العاملين فيها بحكم وظائفهم سرية و أن لاتفشى أو تبرز أو يسمح للغير بالإطلاع عليها إلا وفقاً لأحكام القانون، كل من يخالف أحكام الفقرة (أ) من هذه المادة يعاقب بالحبس مدة لاتقل عن سنة)، يەعنی ئیتر ئەگەر لە قانونی عقوباتیش ئەوە هەبێ، دەتوانین ئیشارەت بە ماددەکە بکەین، لە جیاتی ئەم ساڵە، لە خاڵی سێیەم، مادام ئێمە عقوبە بۆ موەزەفێك دادەنێین لە حاڵەتێك کە تەبلیغی، حاڵەتێکی فەسادی لایە و دەیشارێتەوە، لە هەمان کات دا پێویستە ئێمە عقوبەیەکیش بۆ ئەوانە دابنێین، (عقوبة التبليغ الكاذب بنية الإساءة)، یەعنی یەکێك بیەوێ بە نیەتی (إساءة) مەسەلەن، تەقریرێك یان شەکەوایەك لەسەر هەر یەکێك تەسجیل بکات، ئەوەش (كل من بلغ كذباً بنية الإساءة عن جريمة فساد يعاقب بالحبس لمدة لايقل عن سنة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز جلال علي، فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سێهەم لە کوردییەکە دەڵێ (هەر فەرمانبەرێك لە فەرمانگەکانی هەرێم)، کەرتی گشتی لابراوە، (لەلایەنی یاساییەوە پابەندە بە هەواڵدان لە بارەی هەر حاڵەتێکی گەندەڵی بێتە بەر گوێیان)، لە عەرەبییەکە دەڵێ (أحجم عن الأخبار عن أية حالة فساد تصل إلى علمه)، شتێکی مەعلومە، بەینی ڕاستی و ناڕاستی چیە؟ گوێچکە و چاوە، هەرچییەکی گوێت لێ بوو فەسادە، من ئەوە بە غەڵەت دەزانم، چونکە بەرگوێکەوتن، لەوانەیە سەدان شتت بەرگوێ بکەوێ، ئۆمێدەوارم لە لێژنەی موشتەرەك ئەوە چاك بکەن، بڵێن (کە زانیاری هەبێ)، بەرگوێ غەڵەتە، ئەوە حاڵەتێکی مەفتوحە، غەڵەتی زۆر پێ دەکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز تارا ئەسعەدی، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نازانم خاڵی یەكەم كە باس لەو تەحقیقە دەكات، ئەگەر خۆی سڕییەتی تیا هەبێ، خۆی گەندەڵییەكە چیە؟ هەڵبەتە شتێكی زۆر مەعلوم نیە، هەر سڕییەت لە مەوزووعەكە هەیە، كە دەچی تەحقیقێك دەكەیت، هەڵبەتە دەبێ ئەو غایە سڕیە، نازانم بە زیادی دەبینم ئەصلەن شەرح كردنی لێرەدا، لە دوایی ئەگەر شتێكی بۆ زیاد بكەی، ئەی ئەگەر ئەو مەعلوماتەی بۆیان ڕۆیشتووە دوای تەحقیق كردن دەرچوو گەندەڵی نیە، لەو كاتە چی دەكەن یەعنی؟ ئایا ئەو بەشەرە لە ناو قانونەكە هاتە بەردەم مەحكەمە و شتی لەسەر كرا و لە دائیرەكەی خۆی ناو و ناتۆرەی ناشیرینی لەسەر كرا و شت بوو، بەڵام موهیمەكەیان كامل نەبوو، لەو حاڵەتە دەبێ عیلاجێك بكرێ، لەو حاڵەتەدا چی بكرێ؟ بەڕاستی ئێمە خۆمان هەر لە ناو ئەو پەرلەمانە ئەوەمان داهێناوە كە مەسەلەن زۆرجار كە گیراوێكی بی پاساو دەبێ، ئێمە دەبێ بزانین پاساومان چیە؟ بۆ ئەوەی كە گرتمان، بەس بە بێ پاساو گرتمان، پاساوی تەواومان نەبوو، ئەدیلەی كامل، كە نەگەیشتینە تەحقیق كە ئەو گەندەڵییە هەیە، سێیەم خاڵ/ من نازانم هەر وابزانم وجودی و عەدەم وجودی زۆر زەرووری نیە، چونكە ئەوانە بە پێی قانونەكانی كە نافزە، ئەوانە تەحقیقەكەی بەو شێوەیە دەبێت، ئەوەندەیە مولاحەزەكەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لە ماددەی (21) (ويعاقب بالعقوبة ذاته كل من ذكر عمداً بيانات جوهرية غير صحيحة في تلك الإقرارات)، بەڕێز پەروین عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا من بە نیسبەت خاڵی سێیەم لەو ماددەیە، وەكو ئەوەی ئێستا كەرتی موختەلەت ئێمە هەر نیمانە كەرتی تێكەڵاو، یان ئەوەتە وەكو ڕاكەی لێژنەی یاسایی بێ، هەر (كل موظف في دوائر الدولة) قیتاعی عام و موختەلەتەكە لابدرێ، ئەگەر هەر لاشنابردرێ، قیتاعەكە موختەلەتەكە لابردرێت، بووترێت/ (كل موظف في دوائر الدولة و القطاع العام و منتسبي القطاع الخاص المتعاقد مع الوزارات و مؤسسات دوائر الإقليم ملزم بالإخبار)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز د.بشیر، فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (3) لە ئەصڵدا ماددەی (4)، لە خاڵی دووەم (ثانیاً)، لە حاڵەتێك باس لەوە دەكات ئەگەر هاتو مەعلوماتەكە زۆر سڕی بێ، لێژنەیەك تەشكیل دەكرێ بە ڕیئاسەتی ڕەئیسی هەیئەكە (وكل من المفتش العام) موفەتیش عام باسی لێوە كرا، وابزانم نەماوە، بەس لە هەندێك وەزارەت ئێستا موفەتیشی عام هەیە، بۆ نموونە لە وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئایینی موفەتیشی عام هەیە، لە یەك، دوو هەیئەی تر موفەتیشی عام هەیە، جا دەبێ موعالەجەی ئەوە بكرێ، لە هەمووان لابدرێ، نەكرێ، بەلای كەم لێرە ببێتە مودیر عام لە وەزارەتەكە، (ثالثاً) منیش پێموایە نیوەی زیاتری ئەوە زیادە، لەبەر ئەوەی (كل موظفي دوائر الدولة) هەتا دەگاتە (وعليه التعاون مع الهيئة بهذا الصدد) ئەوە خۆی لە قانون دا مەوجودە، مادام مەوجودە پێویست ناكات تیكرار بكرێتەوە لێرە، بەڵام (يعاقب كل من أحجم عن الإخبار عن حالات الفساد)، ئەوە با بمێنێ، (وفقاً لأحكام المادة (247))، بەڵام (247) كافی نیە، چونكە ئەگەر تەماشای قانونی عقوبات بكەین ماددە (247) و (248) و (250)ش باسی نەفسی مەواد دەكات، بۆیە بە پێی مەوادەكانی (247) و (248) و (250) مامەڵەی لەگەڵ بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز هاژە سلیمان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەوەی تێبینی دەكرێ لەو پرۆژە یاسایە كە باسی ئەسەری رەجعی نەهاتووە لە پرۆژەكەدا، باسی ئەسەری رەجعی نەكردووە، بەو پێیەی كە لەو ماددەیەدا باس لە لێكۆڵینەوە و ئەو لایەنانەی كە لێكۆڵینەوەیان لەگەڵ دەكات، بۆیە بەڕاستی منیش پشتگیری هاوكارم كاك خلیل دەكەم، لە ماددەیەكی تریش بەفرین خان هەر ئیشارەتی پێكرد كە ئێمە لێرە بڕگەیەك دابنێین، یاخود بە ماددەیەكی سەربەخۆ كە ئەسەری رەجعی هەبێ بەڕاستی، زۆر خەڵكانێك هەیە ئیستیغلالی مەنصەبەكەی خۆیان كردووە، موڵك و ماڵی گشتی لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان بەكاریان هێناوە، بۆیە وا پێویست دەكات كە من پێشنیار دەكەم كە لە (2003)وە ئەسەری رەجعی هەبێ ئەم قانونە، بەڕاستی ئەو قانونەی كە قانونی دەستەی نەزاهە كە لە بەغداش دەرچووە لە حكومەتی مەركەزی لە سەردەمی دەسەڵاتی كاتی هاوپەیمانان، كە ژمارە (55)ی ساڵی (2004)ە ئەسەری رەجعی داناوە لە بەرواری (17)ی تەمموزی (68)، یەعنی پێویست دەكات كە ئێمەش ئەو ئەسەری رەجعی یە دابندرێ، تەسبیت بكرێ لە ناو ئەو قانونەدا، من پێشنیار دەكەم كە لە (2003)وە بێ ئەسەری رەجعی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز ئەوەی ئەسەری رەجعی دانا، بۆ ئەو جەرائیمی جینۆساید و قەتلی جەماعی و ماڵ وێران و كوشتن و بزركردنە بوو كە هێشتا كەم بوو، دەبوایە لە پێش (63)وە دابنێین فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوە، بەڕێز د.أحمد وەرتێ، فەرموو.

**بەڕێز د.أحمد إبراهيم وەرتێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە وەڵلا منیش هەمان پێشنیارم هەیە ڕاستیەکەی کە ئەو قانونە ئەسەری رەجعی هەبێ، چونکە حاڵاتی فەساد لە ڕاستی دا لەو ڕۆژەوە دەست پێ ناکات کە ئێمە ئەو قانونە دەردەکەین، لەبەر ئەوە حاڵاتی فەساد قائیمە لە هەرێم، لەبەر ئەوە پێویست بەوە دەکات کە ئەسەری رەجعی هەبێ ڕاستیەکەی، قانونی نەزاهەی عیراقی بۆ فەسادە ئەویش ئەو ئەسەرە رەجعییەی هەیە، نەك بۆ جەرائیم، لەبەر ئەوە منیش پێشنیار دەکەم کە لە ساڵی ($1992$)وە ئەو هەیئەیە بتوانێ تەحقیق لە حاڵاتی فەساد بکات لە هەرێمی کوردستان دا، ئەوە یەك، سەبارەت بە خاڵی فەقەرەی (ثانیاً)، وەختێ کە ئەو جیهەتی خازعە بۆ تەحقیق دەڵێ/ ئیدیعای ئەوەی کرد کە ئەو مەعلومات و وەسائیقانە ئەمنی هەرێم دەخەنە خەتەرەوە، ئایا لەو حاڵەتە چی شتێك، کام جیهەت تەقدیری ئەوە دەکات کە ئەوە ئەو وەسائیقانە، یەعنی هەم ئەم لێژنەیە دەتوانێت تەقدیری ئەوە بکات کە ئەو ئیدیعایە ڕاستە؟ فیعلەن ئەگەر ئەو مەعلومات و وەسائیقانە بدات ئەمنی هەرێم دەخاتە خەتەرەوە؟ لەبەر ئەوە ئەوانەی کە دەبنە عزو لەوە، ئەگەر هەتا موفەتیشی عامیش وەکو بەڕێز د.بشیر ئاماژەی پێدا، لە هەندێك وەزارەت دا هەیە وەکو وەزارەتی ئەوقاف، وەزارەتی ناوخۆ، ئەوانە موفەتیش عامیان هەیە، ڕاستە لە زۆر لە وەزارەتەکان دا نیە، من پێشنیار دەکەم کە لەو لێژنەیە ئەندامێتی سەرۆکی دیوانی ڕەقابەی مالیش هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە، فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی ($14$) بڕگەی ($2$) کە باس لە پێکهێنانی لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە دەکات بۆ ئەو بەڵگەنامە و زانیارییە نهێنیانەی کە ئاسایشی هەرێم دەخاتە مەترسی یەوە ئەگەر ئاشکرا بکرێن، ئایا ئەوە لە دەسەڵاتی کێ یە تەقدیری ئەوە بکات کە ئەو بەڵگەنامانە ئەوەندە نهێنین کە ئاسایشی هەرێم بخەنە مەترسی یەوە؟ ئەوە یەك، دووهەمیش/ ئەو لێژنەیەی کە پێك دێت بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دەستەکە پێك دێت، بەڵام ئێمە لە ماددەکانی پێشتردا ماددەیەکمان پەسند کرد، ئەویش ئەنجومەنی دەستەکە بوو، من پێم باشە بە ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەنەکە ئەو لێژنەی لێکۆڵینەوەیە پێك بێت، لە بڕگەی سێهەم کە باس لە فەرمانبەرانی هەرێم دەکات، کە ملکەچ بن بۆ ئەم یاسایە، من پێموابێ ئەوە شتێکە تەحصیل حاصلە و هەموو فەرمانبەرانی هەرێم چ نووسرابێ، چ نەنووسرابێ دەبێ پابەند بن بە یاساکەوە، لەبەر ئەوەی بە گوێرەی سروشتی کاری خۆیان دەبێت بەرپرس بن لە پێدانی زانیاری لە هەر شوێنێك، لە هەر دیاردەیەکی

گەندەڵی، هاوڕام لەگەڵ بەڕێزانی پێش خۆشم کە باسیان لە دۆزێ کرد، کە لەوانەیە دۆزێکی گەندەڵی، یان دۆزێکی گەندەڵی لە ڕابردوو ڕووی دابێت، پێویستە ئەوەش لێرەدا شوێنی بۆ بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێز شلێر محمد، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەم ماددەیە، یەعنی ماددەی (14)، کەی دەگاتە ئەوەی کە ئەو لێژنە، ئەوانە بڕۆنە دائیرەکان، یەکەم جار بە پێی قانونێك هەیە لە عیراق دا، (قانون أصول المحاكمات الجزائية رقم (23))، لە ماددەی (136)-(ب) دەڵێ/ (حيث لا يحق لأي جهة إستدعاء الموظف دون موافقة الوزير)، ئەگەر گەندەڵییەك هەبوو، وەزیر ئیمتیناعی کرد هەر کەسێك لەوانە بچێ یارمەتی ئەم مەوزووعە بکات، ئینجا بۆیان هەیە بچنە دائیرەکەوە، چونکە نابێ تۆ بە بێ موفقەدیمە کەس ناچێتە ئەو دائیرانە، دوایێ ئەو ئامێرەی باسی دەکەن، ئەو کەسانەی کە ئەو ئامێرانە بەکار دێنن وەکو جیهازی تەصویر بۆ ڕیشوەت وەرگرتن، یان شت، ئەوانە باوەڕکە هەمووی سڕی یە، یەعنی نابێ کەس پێی بزانێ، لە بەغداش کە ئەو ریشوەتانە کەشف کراوە، هەمووی بەوە بووە، خۆ نەیوتووە من ئەوەم، چووە ڕەسمی گرتووە، ئینجا تەحقیق کراوە، لەبەر ئەوە یەکەم با هینێکی تیابێ کە ئێمە ئایا ئەو دائیرە ئیمتیناعی کردووە تۆ ئەوانەی بەسەردا تەتبیق دەکەیت، چونکە ئەوە دوایی وەکو تەشهیری لێ دێت، لەوانەیە شکات بکەن لەو جیهەیە، بڵێ من ئەوە نیم، یەعنی ئەی تۆ کە سومعەتی تیاچوو، دەرچوو هیچی لەسەر نیە، ئەوە نابێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێزان یەك موداخەلەی کورت بە نیسبەت (ثالثاً)، ئینسان ئازادە، حەتا موتەهەم کە دەچێتە پێش حاکم دەتوانێ قسە نەکات، حەقی خۆیەتی قسە ناکات، بەڵام ئەگەر لێرەش تەحدیدیشی بکەین بە قانون ئیجباریشی بکەین، پێویست ناکات ئێمە ڕێ بە حاکم دا نیشان بدەین بڵێین بەو ماددەیە بیکە، حاکم خۆی دەزانێ ماددەی (247) چیە، ئەوانی تر چیە، یەعنی ئەوە بۆخۆی لێ بگەڕێت، بە ڕەئی من ئەوە زیادە لێرە، ئیتر کەیفی خۆتانە، لێژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو تێبینی و پێشنیارانە، یەك لەوانە باس لەوە کرا کە لە بڕگەی یەکەم دۆکیومێنتە نافەرمییەکانیش زیاد بکرێ (وثائق غير رسمية)، ئێمە تەنها وەسائیقی ڕەسمی وەردەگرین، لەبەر ئەوەی ئەوە نافەرمییە، ناڕەسمی یە، بە ئەدیلەی سبوتی حیساب ناکرێ بە پێی قانونی ئیسبات، لەوێ بە باشی

نازانین زیاد بکرێ، هیچ خزمەت بە پرۆسەی لێکۆڵینـەوە و تـەحقیق ناکات، پێشـنیارێکی تـر تایبـەت بـوو بەوەی کە ئایا برگەی یەکەم باس لە وەسائیقە نهێنییـەکان دەکات، برگـەی دووەمـیش بـاس لـە وەسائیقی نهـێنی دەکـات ڕاسـتە، بـەڵام برگـەی دووەم حەصـر کـرا، تایبـەت کـرا بـە یـەك حاڵـەت، ئـەو دۆکیومێنتـە نهێنییانەی کەوا مەترسی دەخاتە سەر ئاسایشی هەرێم، بۆیـە برگەیـەکی سـەربەخۆ هـاتووە، سـەبارەت بـە برگەی سێیەم ئەو پێشنیارە کـە کـرا لەلایـەن جـەنابی سـەرۆکی پەرلـەمان کـە ئایـا بـوون و نـەبوونی ئـەو برگەیە، بەڕێزان ئێمەش پشتگیری لەوە دەکەین کـە ئـەو برگەیـە نـەمێنێ لەبـەر دوو هـۆ، یەکـەمیان ئـەو برگەیە بۆ ئەو کەسانەی کـەوا سەرپێچی جێبـەجێ کردنـی ئـەو برگـەی سـێیەم دەدەیـن کـە لـە پرۆژەکـە هاتووە ئاماژە بە مادده (247)ی یاسای سزادانی عیراقی دەکات، واتـا ئەگـەر کەسـێك سەرپێچی بکات، ئـەو ئیلتیزامـەی کـە لـەو برگەیـەدا دانـراوە، جێبـەجێی نـەکرد، لـە حاڵـەتی سەرپێچـی، موخالەفـە، ماددەی (247)ی عقوبات جێبەجێ دەکرێ، باشە ئەگەر ئەو برگە هەبێ و نەبێ، هەر ئەو ماددەی (247)ی لەسەر جێبەجێ دەکرێ، هەر ملکەچی ئەو دەبـین، لەبـەر ئـەوەی دەقێکـە بـاس لـە (مكلف بخدمـة عامـة) دەکات، هەروەکو د.بشیر وتی (248)یش هەیە، (249)ش هەیـە، ڕاسـتە هـەمووی لـە ژێـر ناونیشـانی (إحجـام عـن الإخبار) هاتووە، بەس (247) تایبەتە بە (مكلف بخدمة عامة)، ئەوانی تر حاڵەتی ترن، یەك لەو بەڕێزانە ئاماژەی بەوە کرد ئەگەر (إخبار کاذب) هەبوو چ دەکەین، باس نەکراوە، یان برگەیەك، یان ماددەیـەك زیـاد بکرێ، ئەوەش پێویست ناکات، لەبەر ئـەوەی فەصـلی دووەم لـە قـانونی عقوبـات بـاس لـە ئیخبـاری (کـاذب) دەکات لە مـادده (243)، (244)، (245)، (246) هـەمووی تایبەتـە بـە ئیخبـاری (کـاذب) پێویسـت ناکـات عەینەن دەق بێنینە ئێرە، یان سزایەك دانێین، لەبەر ئەوەی قانونی عقوبـات لەسـەر هـەمووممان جێبـەجێ دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی نەزاهە، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەڵبەتە لەگەڵ ئەوەین کە بە چ شێوەیەك خوێندمانەوە هەر بەو شـێوەیە بـێ، بخرێتـە دەنگدانـەوە، سەبارەت بەوەی کەوا باسی ئەوە کرا کە دەڵێن موفەتیشی عام لە هەندێ وەزارەت هەیە کـە بـەڕێز د.بشـیر باسی کرد، بەڵام ئەو حاڵەتە عام نیە، ناتوانین ئێمە لە یاساکە دانێیین، چونکە زۆر وەزارەت هەیە کە ئێمە پرسیارمان لێ کردووە موفەتیشی عامیان نەبووە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە ئەگەر موفەتیشـی عامەکـە کە لێرە لادرا، بکرێ بە (مدراء عـامین)، لـە دوو مـودیری عـام کـەمتر نـەبێ، تـاوەکو تـاك بـێ بـۆ دەنگـدان، ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کە بەو شێوەیە دانرێ، بەڕێزان باسی ئەوە کرا کەوا ڤیتاعی خـاص ئـەو جیهاتانـەی کەوا ڕەبتێکیان هەیە، یـاخود عەقـدێکیان هەیـە لەگـەڵ حکومـەت دا لێـرەدا بـاس بکـرێ، مـن دوای ئـەوەی دارژایەوە و صیاغە کرا ئەم یاسایە لە ماددەی (4)دا برگەی (2) باسی ئەو ڤیتاعە کـراوە، کەواتـە پێویسـت

ناكات ئێمە جارێكی تر لێرە باسیان بكەینەوە، چونكە وەكو وتم لە ماددەی چوارەم دا باسی فیتاعی خاص كراوە كە كاتێ عەقدی هەیە لەگەڵ فیتاعی عام دا، بە چ شێوەیەك دەكەوێتە جێگای ئەوەی كە موراقەبە بكرێ، هەندێ بەڕێزیش باسی ئەوەیان كرد كە دەبێ ئەم یاسایە ئەسەری رەجعی هەبێ، مەبدەئێك هەیە لە قانون دا هەمیشە قانون ئەسەری رەجعی بۆ ئەوە دادەنرێ كەوا ئەگەر بێت و ئەم یاسایە بۆ موتەهەمەكە لە صالحی موتەهەم دا بێ، یەعنی (قانون الأصلح للمتهم)، نەك بۆ جەزا كردن و عقوبەدان ی ئەو موتەهەمە (أثر رجعي) بگەڕێتەوە، ئەوە مەبدەئێكە لە قانونی جەزائی دا هەیە، لە هەموو شوێنێك دا بەم شێوەیە ڕۆیشتووە، بۆیە ئێمە ناتوانین لێرەدا ئێستا ئیزافەی بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت بڕگەی (3)ی ئەم ماددەیەوە، ئەوە خاصە بەو موەزەفەی كە موكەلەفە بە خیدمەی عامە و مولزەمە بەدانی ئیخبار و مومتەنیعە (عن أداء الإخبار)، ئەوە هەموو موەزەفێك ناگرێتەوە، بەڵام دەكرێ لێرەش دا ئەم فەقەرەیە نەبێ، من ئەوەم بەس بۆ تەوزیحێك دا، مادام لە قانونی عقوباتی عیراقی لە ماددەی (247)دا باسی لەسەر كردووە، ئەو موەزەفەی موكەلەفە بە خیدمەی عامە و مولزەمە بەدانی ئیخبار و مومتەنیع بێ لە ئیخباردان، ماددەی (247)ی بەسەردا جێبەجێ دەكرێ، بە واتا ئەگەر ئێمە لێرەش باسی نەكەین و موكەلەف بێ خۆی، خۆی موعەرەزە بەوەی كەوا عقوبە بدرێ، لەبەر ئەوە دەكرێ ئەوە لێرە هەڵگیرێ، لابرێ، باسی لەسەر نەكەین، بەڵام من بە نیسبەتی ئەسەری رەجعی، ئێمە یاساكانی كە لە ئیقلیمی كوردستان موتابەعەی دەكەین و ئیصداری دەكەین، ئیشی لەسەر دەكەین، تەنیا یاسا مالیەكانە، ئەو یاسایانەیە كە پارەی حكومەتی تیا دەمێنێ، بە ئەسەری رەجعی دەگەڕێتەوە سەر خەڵك، چونكە پارەی دەوڵەت هیچ تەقادومێكی بەسەردا نایێت، باسی لەسەر دەكرێ، ئەم یاسایانە بە تەبیعەتی دەرچوونەكانی خۆی لە ئاخیری هەموو یاساكان دەڵێ/ (ینفذ هذا القانون من تأريخ صدوره)، بە واتا ئێمە ناگەڕێینەوە بۆ ئەوانە، چونكە ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ساڵی (1992) ئەوە كارێكی زۆر قورس و گرانیشە و یاساش ڕێگامان پێ نادا بەو ئەسەرە بگەڕێینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئاخیر صیاغەتان بخوێنن، بۆ ئەوەی، نیزامی، كاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕێزم هەیە بۆ ڕەئی كاك عمر، نەصی ماددەی (247) دەست پێ دەكات بەوەی (من كان ملزماً قانوناً بإخبار أحد المكلفين)، یەعنی ئەو ماددەكە ئیلزام ناكات، ماددە دەڵێ/ هەر یەكێك بە پێی قانونێكی تر مولزەم بوو،

ئەوە ئیجرائە، واتا دەبێ ئێمە نەصێكمان هەبێ لە قانونێك (يعاقب بالحبس أو الغرامة من كان ملزماً قانوناً بإخبار أحد المكلفين بخدمة عامة عن أمر ما....إلخ)، واتا دەبێ قانونێك هەبێ بڵێت صەراحەتەن ئەوانە مولزەمن مەعلومات بدەنە هەیئەی نەزاهە تاكو ماددەی (247) تەفعیل بكرێ، ئەگینا هەر یەكێك دەڵێت/ من مولزەم نیم، ئەوەیە هەدەف لە وجودی ئەوە، (من كان ملزماً قانوناً)، دەبێ نەصێكی قانونی بڵێ تۆ مولزەمی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ناڵێ (من كان ملزماً)، دەڵێ/ (ملزم قانوناً) (من)ی لەگەڵ نیە، كاك خلیل، فەرموو.

**بەڕێز خليل عثمان حمد أمين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەسەری رەجعی وەكو ئەڤین خان باسی كرد، ئەوە بۆ تەعارووزی بەینی دوو قانونە، یەعنی ئەو قانونە تەتبیق دەكرێ كە لەصاڵحی موتەهەمە، بەڵام تۆ لێرە بەم یاسایە دەسەڵات دەدەی بەوەی كە لەو گەندەڵییانەش بكۆڵیتەوە كە پێشتر ڕوویداوە، یەعنی پێشتر جەریمەكە هەبووە، تۆ ئەوە تازە نیە بیكەی بە جەریمە، یەعنی پێشتر ئەوەی كە جەریمەی فەسادی كردووە زانیویێتی ئەوە جەریمەیە، بەڵام تۆ ئێستا بە ماددەیەكی قانونی، بە فەقەرەیەكی قانونی تۆ قوەت دەدەیتە ئەو یاسایە بۆ ئەوەی لێپێچینەوە لەوانەی پێش خۆشی بكات، یەعنی ئەوەی كە جەنابت باسی دەكەی بۆ تەعارووزی بەینی دوو قانونە، كام قانون تەتبیق بكرێ ئەوە (أصلح لصالح المتهم)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.أحمد، فەرموو.

**بەڕێز د.أحمد إبراهيم (وەرتێ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕای كاك خەلیلم هەیە بەڕاستی ، لە وەختێكدا دوو نەص هەیە، دوو قانون هەیە، كامەی لە صاڵحی موتەهەم بوو ئەسەهلەكە، ئەوە بۆ ئەو وەردەگیرێ، بەڵام ئێمە بۆ ئەسەری رەجعی لە هەموو قانونێك دا، لە قانونەكەدا تەسبیت دەبێ كە ئەوە ئایا ئەسەری رەجعی هەیە؟ لە كەی تەنفیز دەكرێ؟ یەعنی ئەگەر خۆت نەنووسی لە ئاخیری قانونەكەدا كە ئەوە لە تاریخی نەشرەكەیەوە لە وەقائیعی كوردستان كاری پێ دەكرێ، خۆت دەتوانی ئێمە هەندێك قانونی تر هەیە، بۆ نموونە قانونی بودجە دەنووسین لە (2011/1/1)ەوە كاری پێ دەكرێ، ئەسەری رەجعی هەیە، لە كاتێكدا چوار، پێنج مانگی بەسەردا ڕەت بووە، یەعنی پەرلەمان دەتوانێ بە ماددەیەك ئەوە تەسبیت بكات كە دەتوانێ ئەسەری رەجعی هەبێ، هەندێك جاریش صاڵحی عام، یەعنی بەرژەوەندی گشتی بەرچاو دەگیرێ، لە بری ئەوەی بەرژەوەندی كەسی تایبەت حەتا ئەگەر موتەهەمیش بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك عمر، فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علي:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم یاسایەی كە لەبەردەستی ئێمەدایە، یاسای تەشكیل كردنی هەیئەتێكە بۆ گەڕان بەدوای و لێكۆڵینەوە و حاصڵ كردنی ئەو موستەمسەكاتانەی كە لە فەساد و گەندەڵییەوە ئالاوە، ئەوە یاسای عیقابی نیە بە ئەسەری رەجعی بۆ جەریمەكانی پێشتر بگەڕێتەوە، خۆ هێشتا جەریمەكە بە یاسایێ ڕووی نەداوە، لەمەودوا ئەم یاسایە یاسای تەشكیلەی هەیئەتێكە، ئیش و كارەكەی تیادا تەحدید كراوە، لەبەر ئەوە ناكرێ بە ئەسەری رەجعی لەم یاسایە بگەڕێینەوە، بە نیسبەت، ئەگەر ڕێگام پێ بدەی ئەوەی كە كاك عبدالسلام باسی كرد، (من كان ملزماً قانوناً بإخبار) بەمەعنای (قانون جنائي) (مكلف بخدمة عامة)، لە نەصی (ولاتقربوا الصلاة)ەكە مەخوێنەوە، باقیەكەی بخوێنەوە، (كل مكلف بخدمة عامة)، خیدمەی عامە یەعنی موەزەفەكان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك فرست موداخەلەی هەیە، فەرمووو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكی من تێگەیشتم لە قسەكانی كاك عمر، ئەگەر وابێت دروستە، بە نیسبەی عقوبە عیلاقەتی لەگەڵ (أثر رجعي) هەیە، نابێت عقوبە بگەڕێت بە ئەسەرێكی رەجعی، ئیللا ئەگەر لە مەصلەحەتی موتەهەم بێت، ئەوە دەزگایەكی تەحقیقی یە، ئیحتیمال هەیە بۆ نەشر كردنی ئەو قانونە (15)، (20) ڕۆژی تر پێ بوێت، باشە جەریمەیەك كە ئەمڕۆ ببێت، حەقی نیە تەحقیقی تێدا بكات؟ چ عیلاقەی لەگەڵ (أثر رجعي) نیە، نە عقوبەیە، دەزگایەكی تەحقیقی یە، دەتوانێت تەحقیق لە جەریمەیەك بكات پێش (3) ساڵ بووە، پێش (10) ساڵ بووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە، ڕجائەن، تەواو، ئێستا ئاخیر نەصتان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، فەرمووو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (13):

یەكەم/ لە میانەی هەر لێكۆڵینەوەیەكدا كە دەستە دەیكات، لێكۆڵەرەوەكان مافیان هەیە لە هەر شتێ بكۆڵنەوە كە بكەوێتە ژێر سێبەری حوكمەكانی ئەم یاسایە و ئاگاداری قەواڵە و بەڵگەنامە فەرمییەكان بن، پلەی نهێنیان هەرچەندێك بێ و پێویستە ئاسانكارییان لە چوونە ژوورەوەی فەرمانگەی پەیوەندیدار بۆ

بکەن، بەو ئامێرانە کە سروشتی کارەکەیان دەخوازێ و دەبێ پاسەوانیان بۆ دابین بکەن و نابێ ئەو ئامێرانەیان لێ بستێنن کە پەیوەندی بە کارەکەیانەوە هەیە.

دووەم/ ئەگەر ئەو لایەنەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دا دەکرێت ئیدیعای ئەوەی کرد کە زانیاری و بەڵگەنامە داواکراوەکان بۆ ئاگاداربوون لێیان ئەو پەڕی نهێنین و ئاشکراکردنیان دەشێت ئاسایشی هەرێم بخاتە مەترسی یەوە، ئەو کاتە سەرۆکی دەستە لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە بە سەرۆکایەتی خۆی یان بە سەرۆکایەتی جێگرەکەی و دوان لە بەڕێوەبەرایەتی یە گشتی یەکانی دەستە پێك دەهێنێ بۆ وردبینی کردن لە زانیاری و بەڵگەنامەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

به عەرەبیش، تکایە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێزدەم:

أولاً/ خلال أي تحقيق تجريه الهيئة يكون لمحققيها الحق في التحقيق مع أي مشمول بأحكام هذا القانون و الإطلاع على المستندات و الوثائق الرسمية بما فيها السرية أياً كانت درجة كتمانها ويجب تسهيل مهمة دخولهم للدائرة المعنية مع الأجهزة التي تقتضيها طبيعة عملهم و توفير الحماية لهم و لايجوز تجريدهم من الأجهزة المتعلقة بعملهم.

ثانياً/ إذا إدعت الجهة الخاضعة للتحقيق أن المعلومات و الوثائق المطلوب الإطلاع عليها غاية في السرية و إن إحتمال إفشائها قد يعارض الأمن في الإقليم للخطر يقوم رئيس الهيئة بتشكيل لجنة تحقيقية برئاسته أو رئاسة نائبه و عضوية إثنين من المدراء العامين في الهيئة للقيام بتدقيق تلك المعلومات و الوثائق.

سێیەمیش لادرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەقەرەی (3) بۆ ئیلغا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە فەقەرەی (3) لاچێت دەست بەرز بکات تکایە؟ (44) ئەندامی بەڕێز لەگەڵە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ (10) ئەندامی بەڕێز لەگەڵ دا نیە ئیلغا بکرێ، بۆیە بە زۆرینەی دەنگ ئیلغا کرا، ئێستا ماددەکە بەو شێوەیەی کە د.ڕۆژان بە عەرەبی خوێندی دەخرێتە دەنگدان، پاشان تەرجومە دەکرێ، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکات؟ (44) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدایە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ (14) ئەندامی بەڕێز لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بەڕێزان ئێستا لە ماددەی (15)ین، دانیشتنەکە دوا دەخەین بۆ سبەی سەعات (11)، بە خواتان دەسپێرین، خوا حافیز.

فرست احمد عبدالله　　　　د. ارسلان بایز اسماعیل　　　　محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)

**سكرتێری پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

**جێگری سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان – عێراق**

**سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە (9)**

**سێ شەممە رێكەوتی 26\4\2011**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (9)

### سێ شەممە رێكەوتی 2011/4/26

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی سـێ شـەممە رێكـەوتی 2011/4/26 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی

بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (9)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) له پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (9)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن له کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2011/4/26 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خسـتنەڕوو وگفتوگـۆکردنی پـڕۆژە یاسـای دەسـتەی نەزاهـەی گشـتی لـە هـەرێمی کوردستان.

2- خسـتنەڕوو وگفتوگـۆکردنی پێشـنیاری یاسـای قەدەغـەکردنی ڕێکخسـتنەحزبییەکان لـەناو ڕیزەکـانی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی گشتیدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، ئێستا دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی دووەم، خـولی گرێدانی دووەم ژمارەی دانیشتن(9) ڕۆژی دانیشتن 2011/4/26، بەرنامەی کار.

بـەپێی حوکمـەکانی بڕگـە(1)ی مـادده(20)لـە پـەیڕەوی نـاوخۆ ژمـارە(1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلـەمانی کوردسـتانی عێـراق، دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیاریـدا بەرنامـەی کـاری دانیشـتنی ژمارە(9)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن، لـەکات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی سـێ شـەممە ڕێکـەوتی 2011/4/26دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خسـتنەڕوو وگفتوگـۆکردنی پـڕۆژە یاسـای دەسـتەی نەزاهـەی گشـتی لـە هـەرێمی کوردستان.

2- خسـتنەڕوو وگفتوگـۆکردنی پێشـنیاری یاسـای قەدەغـەکردنی ڕێکخسـتنەحزبییەکان لـەناو ڕیزەکـانی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی گشتیدا.

ئێستا داوا له لیژنەی یاسایی ونەزاهەت ودارایی دەکەین کە بێنە سەر مەنەسە، لیژنەی هاوبـەش فـەرموون بۆ ماددەی 15 لە ئەصڵی پڕۆژەکە، کە دەکاتە ماددەی 14، فەرموون بۆ خوێندنەوەی بەکوردی و عەرەبی.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (15):

یەکەم:

دەستە بەشێوەیەکی سەربەخۆ و بە هاوکاری دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێم و لەگەڵ پشکنەری گشتی لەوەزارەتەکانی هەرێم ئەرکەکانی خۆی ئەنجام دەدات.

دووەم:

دیوانی چاودێری دارایی بە پێی یاسا وردبینی دارایی ئەنجامدەدات لە بواری جێبەجێکردنی یاسادا هەروا پابەند دەبێت بە ڕەوانەکردنی بەڵگەکانی ساختەکاری و دەستبلاْوی (التبذیر) و بەدرەفتاری بۆ پشکێنەری گشتی لە وەزارەتی پەیوەندیدار و بۆ دەستە .

سێیەم:

دەبێ پشکنەری گشتی تایبەتمەند لێکۆڵینەوە لە هەموو دۆزەکانی گەندەڵی بکات و ئەنجامی لێکۆڵینەوە و ڕاسپاردەکانی بۆ ئاگاداربوون پێشکەش بە وەزیری پەیوەندیدار و دەستە بکات بۆ چاوپێداخشاندنەوەی کۆتایی و وەرگرتنی ڕێوشوێنی گونجاو.

چوارەم:

بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستە دەزگایەکی ڕێپێدراوە بۆ پەنابردنەبەر ڕێکارە سزاییەکان لە پێناو یەکلاکردنەوە و بڕیاردان لەو دۆزانەی کە پەیوەندییان بە گەندەڵی و بەدرەفتارییەوە هەیە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة(15):

اولاً: تؤدي الهيئة مهامها بشكل مستقل بالتعاون مع ديوان الرقابة المالية في الاقليم ومع المفتشين العموميين في وزارات الاقليم.

ثانياً: يقوم ديوان الرقابة المالية بأعمال التدقيق المالي وفقاً للقانون، في مجال تطبيق القانون ويلتزم بأحالة جميع الادلة على اعمال الغش والتبذير واساءة التصرف الى المفتش العام في الوزارة ذات العلاقة والى الهيئة.

ثالثاً: على المفتش العام المختص التحقيق في جميع قضايا الفساد وتقديم نتائج تحقيقات وتوصياته الى الوزير صاحب العلاقة للاطلاع والى الهيئة للمراجعة النهائية واتخاذ التدابير الملائمة.

رابعاً: ان الهيئة هي الجهاز المخول بموجب احكام هذا القانون للاستعانة بالاجراءات الجزائية من اجل البت والفصل في القضايا المتعلقة بالفساد واساءة التصرف.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان، فەرموون.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ڕۆشنایی ئەو ماددانەی کە تا ئێستا پەسەند کراون، دوای ئەوەی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی دەستەو پێکهێنانی ئەنجومەنی دەستەو پێدانی چەند دەسەڵاتێك بە ئەنجومەنەکە، ئێمە پێداچوونەوەیەکمان بۆ

ئەو ماددەو بڕگانەی کرد کە تا ئێستا پەسەند نەکراون، بۆیە ئەمە پێشنیارەکانمانە، سەبارەت بەماددەی 15 لە ئەصڵی پڕۆژەکە، کە دەبێت بە ماددەی 14 لە بڕگەی یەکەم ئێمە تەنها پێشنیارمان ئەوەیە کە چەند وشەیەك لە کۆتایی بڕگەکە هەیە (ومع المفتشين العموميين في وزارات الاقليم) ئەوە لابرێت، سەبارەت بە بڕگەی(2و3و4)ئێمە پێشنیار دەکەین کە ئەو سێ بڕگەیە لە ماددەکە لابرێت، تەنها بڕگەی یەکەم بمێنێتەوە، بڕگەی یەکەمیش ببێت بە مەنتوق و مەتنی ماددەکە، بڕگەکانی تر پێویست ناکات، چونکە ئەو دەسەڵاتانەی کە دەستە هەیەتی لە ماددەی چوارەم هاتووە پێویست ناکات لێرە باس بکرێت، لە قانونی ئصولی مەحاکەماتی جەزائی هاتووە، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم مفتشی عام لەماددەکانی پێشووتر دەنگمان بۆ داوە، سەبارەت بە بڕگەی دووەم (يقوم ديوان الرقابة المالية بأعمال التدقيق المالي) وردبینی حساباتی کۆتایی و حساباتی ئەو دەستەیە کارێکی گرنگە، لێرەدا پێشنیار دەکەین کە ئەو بڕگەیەش لابرێت، بکرێت بە ماددەیەکی سەربەخۆ لە ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش کەتووە ببێت بە ماددەیەکی سەربەخۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نەصی بڕگەی یەکەم کە دەتانەوێ بە چ شێوەیەك بێت، تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (14):

تؤدي الهيئة مهامها بشكل مستقل بالتعاون مع ديوان الرقابة المالية في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێزئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەکەمان هەڵبەتە تێبینیمان نەبوو لەسەر ئەم ماددەیە، بەڵام ئێستا ئێمەش پشتگیری ڕەئی لیژنەی هاوبەش دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ئەم ماددەیە کەس دەیەوێت قسە بکات، کاك عومەر عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئێمە هەر سێ لیژنەکە هاوڕا بووین لەسەر ئەوەی کەوا نەصی ئەو ماددەی (15) کە بووە بە (14) بەو شێوە بێت کە لەسەری ڕێککەوتبووین، پێویستە جەنابت بیخەیتە دەنگدانەوە تا بزانین ئەندامان ڕەئیان چۆن دەبێت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە ئێمە قسە بکەین و ڕەئی خۆمان بڵێین، ڕاستە دەبێ بخرێتە دەنگدان، بەڵام من شتێك هەیە قەناعەتم پێی نیە، کە دەڵێی ئەو دەستەیە سەربەخۆیە، لەهەمان کاتیشدا نووسراوە بە هاوکاری، مەعنای وایە سەربەخۆیی تێدا نیە، بۆیە ئەگەر جیا بکرێتەوە باشترە، ئێمە ئەو دەستەیە دەڵێین سەربەخۆ کار دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا ئەوانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن ناویان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بکەن( فازڵ بەشارەتی، دانا سعید، حسن محمد، جلال علی، بێریڤان سەرهەنگ، شڤان احمد، سەمیرە گۆران، ئەحمەد وەرتی) کاك فازڵ فەرموو.

**بەڕێز فاچل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها یەك مولاحەزەم هەیە، چونکە لەچەند برگەیەکی تریشدا دووبارە کراوەتەوە، ئەو خاڵەش کە زۆرجار دەڵێت خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی خۆی بێت، بەڵام بە حەقیقەت من وشەی بەدرەفتاری بەشیاو نازانم داواکارم ئەو وشەیە یان بسڕێتەوە، یان وشەیەکی تر لەجیاتی دابندرێت، چونکە بەڕاستی وشەیەکی ناشیاوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر دانا، فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە تەنها برگەی یەکەم بمێنێتەوەو ببێت بەماددەیەکی سەربەخۆ، بە باوەڕی من نازانم بە باوەڕی من تەقریبەن ئەو برگەیە شتێکی ئەوتۆی تێدا نیە، یەعنی هەر ئەوەندەیە کە دەڵێت ئەو دەستەیە بەشێوەیەکی سەربەخۆ کار دەکات، بەهاوکاری لەگەڵ دەزگایەکی تر کە دیوانی چاودێری داراییە، نازانم ئەوە چ ئەهەمیەتێکی تێدایە، باوەڕ بکەن نازانم چۆنە؟ هێشتا مادەکانی تر زیاتر گرنگی دەدات بە دەستەکە، لەکاتێکیشدا کە ئەگەر بەسەربەخۆیی ئیش بکات و بە هاوکاری لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی،

نازانم ئەو هاوكارییە چۆنە؟، یەعنی لە لێکۆڵینەوەكان چاودێری دارایی لەگەڵی بەشدارە، لەگەڵ دەستەی نەزاهە، من ئەوە نازانم یەعنی بە باوەڕی من بڕگەی یەكەم ئەصڵەن هیچ ئەهەمیێتێكی نیە، من سەبارەت بە بڕگەی چوارەم تێبینیم هەیە، ئەویش ئەوەیە كەباس لەوە دەكات ئەو دەستەیە دەزگایەكی ڕێگا پێدراوە، بۆ پەنا بردنە بەر ڕێكارە سزاییەكان، یاخود لە عەرەبیەكەی كەهاتووە، ئیجرائاتی جەزائی، ئایا ئەوە كاری دادگاكان نیە؟، بەڕەئی من ئەوە ناكرێت دەزگای نەزاهە بەو شێوەیە بتوانێ ئەو ڕێكارە سزاییانە بكات، سزدان ئەبێ دادگاكان بیكەن، ئەوان تەنها دەبێ لێكۆڵینەوە بكەن، بەدواداچوون بكەن، نەك ڕێكاری سزاییان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر حەسەن، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش ڕەئم وایە كە ماددەی (15) بەشێوەیەكی گشتی هیچ هێزێكی یاسایی نادات بە دەستەكە، بۆیە بەڕەئی من ماددەكە هەمووی لاببرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جلال، فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بۆ ڕاست كردنەوەی بڕگەی یەكەم، هاوكارییەكە(هەماهەنگی) بێت باشترە، مەسەلەی كەلیمەی (التبذیر) ئەوە بەدرەفتاری نیە، دەست بڵاوییە، بۆیە ئەوەش چاكبكرێت، پرسیارێكیشم لە لیژنەی هاوبەش هەیە، جێگەو مەكانەی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان لەم یاسایەدا یان لە بڕگەكانیدا چیە؟، هەتا ئێستا باسی دەستەی نەزاهەی پەرلەمان لەم یاسایەدا نەكراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بێریڤان خان، فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەماددەی (14) لە بڕگەی یەكەم نووسراوە، (دەستە بەشێوەیەكی سەربەخۆ و بە هاوكاری دیوانی چاودێری دارایی كار دەكات)، وەكو پێشتر باسم كرد بەڕەئی من ئەوە ڕاست نیە، چونكە كەدەڵێین سەربەخۆ یەعنی لەگەڵ كەس ئیش ناكات، بەتەنها ئیش دەكات، ئەگەر بكرێت بە دوو بڕگە باشترە، دەتوانین بڵێین أ- دەستە بەشێوەی سەربەخۆ كار دەكات. ب- دیوانی چاودێری دارایی لەهەرێم هاوكاری

دەستەی نەزاهە دەكات. هەروەها بڕگەی (2و3و4) زۆر زیادە، چونكە تێكەڵاو بوونە لەكاری دادگا، پێویستە دەسەڵات بدرێت بەدادگا، بۆیە داوا دەكەم كە ئەو بڕگانە نەمێنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شڤان، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (14) لە بڕگەی یەكەم تا چوارەم، من بەزیادی دەبینم، هیچ شتێكی تێدا نیە، ئەوە خۆی تەحصیل حاصلە، بۆیە ئەم بڕگانە پێویست ناكات، بڕگەی یەكەم ئەكرا لەزمنی مەهامی دەستە باس بكرایە، نەك لێرەدا باس بكرێت، ئەگەر لێرە بمێنێتەوە پرش و بڵاویەك دروست دەبێت، لەبەینی كارەكانی دەستەدا، لەشوێنێك باسمان كردووە بە بڕگەیەك لێرەش ببێت بە ماددەیەكی سەربەخۆ ئەمە دروست نیە، لەیاسادا ئەمەش جائیز نیە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام كە هەموو ماددەكان نەمێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سەمیرە خان، فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله گۆران:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی(14) من هەمووی بەزیاد دەزانم، چونكە هیچ ئیزافەیەكی وای تێدا نیە، بۆ محتەوای پڕۆژە یاساكە، هەر هەمووی لاببرێت، خۆ ئەگەر لانەچوو ئەوە خاڵی یەكەم، كە دەڵێت(تؤدي الهيئة مهامها بشكل مستقل بالتعاون) ئەم دوو وشەیە یەك ناگرێتەوە (مستقل و تەعاون) بۆیە ئەگەر وابوو با سیغەكەی بگۆڕدرێت، (تؤدي الهيئة مهامها في الميدان لمنع الفساد والمكافحه مع ديوان رقابة المالية في الاقليم) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، دكتۆر ئەحمەد، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پێم وانیە ئەو ماددەیە زیاد بێت بەڕاستی، پێویستی بەوە هەیە كە دابڕێژرێتەوە، چونكە لێرەدا باس لەوە دەكات كە دەستە لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی پێكەوە كار دەكەن، یەعنی دیوانی چاودێری هاوكاری ئەو دەستەیە دەكات، لە تەحقیق وئەو ئیجرائاتەی كە پێویستە دەستەكە بیكات، چونكە دەستە خۆی تەحقیق دەكات، لەبەر ئەوە من پێم باشە كە دابڕێژرێتەوە، بڕگەی یەكەم، (تؤدي الهيئة مهامها بشكل مستقل بالتعاون مع ديوان الرقابة المالية في الاقليم.

(ثانياً: يقوم ديوان الرقابة المالية بأعمال التدقيق المالي وفقاً للقانون، ويتعاون مع الهيئة في التحقيق. نەك بڵێيت (في مجال تطبيق القانون) چونكە يەكەمجار دەڵێت (يقوم ديوان الرقابة المالية بأعمال التدقيق المالي وفقاً للقانون) دوايش دەڵێت(في مجال تطبيق القانون) يەعنى چۆن لەبوارى تەتبيقى ياسا هەڵدەستێت بە تەدقيقى ياسا، لەبەر ئەوە واى لێبكرێت بەو شێوەى كە خوێندمەوە، فەقەرەى سێيەم حەزف بكرێت، فەقەرەى چوارەميش من پێم وايە بمێنێتەوە باشترە، چونكە لێرە باس لەوە دەكات كە ئيستيعانە ئەكات بە ئيجرائاتى جەزائى، يەعنى خۆى ئەم ئيجرائاتە ناكات، بەس ئيستيعانە ئەكات، ئێمە لەماددەكانى پێشوو باسمان كرد، كە دەستە خۆى هەڵدەستێت بەتەحقيق، مادام خۆى تەحقيق بكات، حەقى هەيە كە ئيستيعانە بكات لەپێناو ئەو تەحقيقەدا بەو ئيجرائاتەى كە پێويستە بيكات، بەڵام بڕيارى كۆتايى، قەرارى بات، بۆ دادگايە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

ليژنەى هاوبەش تكايە، ڕەئيتان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لە نەتيجەى تێبينيەكانى ئەو ئەندامە بەڕێزانە، هەندێكيان كۆك بوون لەسەر ئەوەى كەوا ئەو ماددەيە هەمووى لابرێت، بەنەتيجەى ئەو تێبينيايە، ئێمە پێمان وايە ئەو ماددەيە، ئەگەر هەر نەمێنێت لێرەشدا هيچ كەموكورتيەك لەياساكەدا دروست ناكات، چونكە ئەگەر بەتەنها فەقەرەى يەكەمى بمێنێتەوە، (تؤدي الهيئة مهامها بشكل مستقل بالتعاون مع ديوان الرقابة المالية) ديوانى چاودێرى، ديوانێكى تايبەتە وياساى تايبەتى خۆى هەيە، كە پەيوەستە بە پەرلەمانى كوردستانەوە ڕاستەوخۆ، بۆى هەيە هيچ مەعلوماتێكى خۆى نەدات، ئەم بڕگەيەك كە دەڵێين ( بشكل مستقل بالتعاون) ئەتوانێ ئەو تەعاونە نەكات، كەسيش ناتوانێ ئيلزامى بكات كە تەعاون بكات، هەردووكيان لەيەك كاتدا، دوو دەستەن سەر بەحكومەتى هەرێمن، هەركەسەو مەهامى خۆى دياريكراوە، بەنيسبەت فەقەرەكانى (2و3و4)كە برادەران باسيان لەسەر كرد، ئێمە وتمان فەقەرەى (2)لەبەر ئەوەى خستوومانەتە ئەحكامەكانى كۆتاييەوە، كە ديوانى چاودێرى دارايى بۆى هەيە تەحقيق بكات، ئەوە تەحصيل حاصلە ئيشى خۆيەتى، بەنيسبەت فەقەرەى سێيەم ئێمە وتمان مفتيش هەر نەماوە لەئەصڵدا، ئەم فەقەرەيەش باس لەوە ئەكات كە جەمعى قەزايەو مەعلومات كۆدەكاتەوەو دەيدات بە وەزارەت، ئەوە هەر پێويست ناكات لێرە بێت، فەقەرەى چواريش بۆ ئەوەى بەرچاوى برادەران ڕۆشن بێت، ئەم دەستەيە، دەستەيەكى عيقابى نيە، ناتوانێ عقوبات بدات بەسەر خەڵكدا، ئەگەر ئێمە بيكەين بە جيهازێكى عيقابى بەواتا ئيزدواجيەتێك لەقەزادا دروست دەكەين لەكوردستاندا، لەكاتێكدا كە ئێمە دەستەيەكى سەربەخۆمان هەيە پێى دەوترێت(دەسەڵاتى دادوەرى لەهەرێمى كوردستان) لەبەر ئەوە ئێمە لەسەر ئەوە كۆكين كە ئەو ماددەيە هەر بەكولى هەرچوار فەقەرەكەى لابچێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر بەشیر، فەرموو.

**بەڕێز د. بشير خليل توفيق**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەیەكی پەیوەندیدار بەیاساكەوە، پێمان وانیە كە ئەم ماددەیە زیاد بێت، ئێمە هەر پابەند دەبین بەمانەوەی ماددەكە، بەڵام هەندێ تێبینیمان هەیە، ئەو فەقەرانەی كەباسی مفتشی عام دەكات، ئێمەش كۆكین لەگەڵ لیژنەی هاوبەش، كە مفتشی عام نەما ئێمە لەماددەكانی پێشوو لامانداوە، ئەو فەقەرانەشی كەتایبەتە بە مفتشی عام ئەویش دەكرێت نەمێنێت، بەڵام باس لەوە كرا، كە برگەی یەكەم زیاد بێت، ئێمە پێمان وایە زیاد نیە؟، لەبەر ئەوەی ئەم دەستەیە كاری خۆی بەسەربەخۆیی دەكات، بەڵێ دەستەكە سەربەخۆیە، بەڵام هیچ مانعێكیش نیە لەكاتێ كە سەربەخۆ بێت، بەڵام تەعاون لەگەڵ لایەنێكی تر بكات، بەتایبەتی ئەولایەنەی كە زۆر زۆر نزیكە لە ئیختصاصی ئەم دەستەیە، بەڕاستی دەستە لەزۆر شتەكانی خۆیدا ئیعتیماد لەسەر ڕاپۆرتەكانی دیوانی چاودێری دارایی دەكات، بۆیە ئەم دوو دەستەیە دیوانی چاودێری و دەستەی نەزاهە دوو دەزگای زۆر لەیەك نزیكن لەكارەكانی خۆیاندا، بۆیە ئەمە مانع نیە، ئەگەر سەربەخۆش بێت و هاوكاریشی لەگەڵ بێت، ئێمە هەر وتمان لەگەڵ ئەوەداین خاڵی دووەم تا چوارەم هەڵبگیرێت، بەڵام بەو مەرجەی ئەوانەی كە باسی مفتشی عامی تێدایە، ئەگینا با ماددەكە بمێنێتەوە وەكو خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەڤین خان، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامێكی بەڕێز باسی ئەوەی كرد كە ناوی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان لەم یاسایەدا بەهیچ شێوەیەك نەهاتووە، یاخود مەوقیعی چیە؟، كاتێ كەباسی پەرلەمانی كوردستان دەكات، هەڵبەتە پەرلەمان دەستەی نەزاهە وەكو هەموو وەزارەتەكانی تریش كەچۆن كاتێ موخاتەبەی پەرلەمان دەكات، تەنها هی پەرلەمانە، نەك بەلیژنە، بۆیە لێرە دا كەباسی پەرلەمان دەكات، باسی ئەوە دەكات كە ئەوەی نووسراویانە كەدەگاتە پەرلەمان پاشان لەلایەن سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە ئۆتۆماتیكی خۆی دێت بۆ لیژنەی تایبەتمەند، بۆیە هاتنی ناوی لیژنەی نەزاهە یاخود باسكردنی و مەوقیعی لەم یاسایەدا هیچ وارد نیە، لەبەر ئەوەی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ ڕەئیەکەی جەنابی دکتۆر بەشیر، ئەمانە دوو دەستەی جیاوازن ئێمە ناتوانین لێرەدا بەیاسایەك حەق بدەین بە دەستەیەك ئیلزامی بکات بەسەر دەستەیەکی تردا بڵێت دەبێ تەعاونم لەگەڵ بکەیت، لەکاتێکدا چاودێری دارایی، ئیشوکارەکانی هەمووی تایبەتە بەخۆی تەنها ئاگاداری سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی پێ دەکات، وشەی تەعاون کە لێرەدا هاتووە جەوازییە، ئەکرێ کاری پێبکرێت و ئەکرێ کاری پێ نەکرێت، لەبەر ئەوە ئەم تەعاونە لێرەدا چیە کەلەکاتێکدا چاودێری دارایی نەیویست ئەو تەعاونە بکات، ئەو ماددەیە تەعتیل دەکرێت، چ حوکمێکی تێدایە کە ئیلزامی چاودێری دارایی بکات ئەو تەعاونەی لەگەڵ بکات؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا چوار پێشنیار هاتووە، کە هەمووشی لیژنەکان و ئەندامانی بەڕێز پشتیوانیان لێکرد، 1- بۆچوونێك هەیە کە هەموو ماددەکە ئیلغا بکرێت و لێرە لابچێت، 2- بۆچوونێکی ترهەیە کە فەقەرەکانی 2و3و4 لابچێت، 3- بۆچوونێکی تر بەس فەقەرەی سێ لابچێت، 4- بۆچوونێکی تر هەیە کە فەقەرەی چوار لابچێت، بۆیە ئێستا ئێمە بۆلادانی گشت ماددەکە ڕێگا دەدەین بەدوو بەڕێز کەدیفاعی لێ بکات، دوو بەڕێزیش بۆ مانەوەی ڕێگای پێدەدەین کە قسە بکات، ئێستا بۆ لاچوون، دوو کەس کێ دەیەوێ دیفاعی لێ بکات، (دکتۆرە ڕۆژان، کاك عبدالسلام) بۆ لاچوون، کاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر باش تەماشای ئەم ماددەیە بکەین، جارێ فەقەرەی دووەم و سێیەم باسی ئیشی دیوانی چاودێری و مفتشین دەکات، هیچ علاقەی بە ئێمەوە نیە، تەنها ئیعلامی دەستەیە، ئەمە یەکەم: دووەم: یەکەمەکە ئەم هەموو ئیشکالیاتە باس کراوە، وە هەموو دەزگایەکیش تەعاون لەگەڵ هەموو کەسێك دەکات، من لەگەڵ ئەو ڕەئیە نیم کە ئەمانە ئیشەکانیان لەیەکتری نزیکە، ئەصڵەن علاقەیان بەیەکەوە نیە، وەختێ دێت ئەم دەستەی نەزاهەیە نەمێنێت، خاڵی چوارەم، یاسا دەرچووە بۆ ئەوەی ئەو تەخویل بکرێت بەوکارە، بۆیە ئەوەش زیادە، بۆیە پێم وایە هەر چوار بڕگەکە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە ڕۆژان، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەم کە ئەو ماددەیە زیادە، پێویست ناکات لێرە هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو دەقەش نەبێت هیچ ڕێگرییەك نیە لەبەردەم ئەم دەستەی نەزاهەیەدا هاوکاری لەگەڵ هەر لایەنێك بکات

بۆ ئەوەی زانیاری کۆبکاتەوە بۆ بەدواداچوون و بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی، کەسەیری یاسای چاودێری دارایی بکەین، لە ئەرکەکانی وادیارە کە چی دەکات؟، چ بەرپرسیارێتیەکی لەسەرە؟، چیشی پێ ڕاسپێردراوە؟، ئەرکێکی لەسەرە بۆ ئەوەی ئەو ئەرکانەی کە پێی سپێردراوە جێبەجێی بکات، بۆیە ئەگەر ئەو دەقە هەبێت یان نەبێت، نەبوونەکەی باشترە، لەبەر ئەوەی هاوکاری و هەماهەنگی بەدەقی یاسا فەرز ناکەین، هیچ ڕێگریەکیش نیە لەبەردەم ئەم دەستەیەدا بۆ ئاسانکاری وجێبەجێکردنی ئەرکەکانی هاوکاری وهەماهەنگی لەگەڵ هەرلایەنێك بکات، بۆ ئەوەی زانیاری بەدەست بهێنێت ئەو شتانەی کە گومانی لەسەر هەیە بەڵگەی لەسەر پەیدا بکات و کۆی بکاتەوە، ڕێکارە یاساییەکان وەربگرێت بۆ ئەوەی بیانگەیەنێتە دادگا بۆیە پێویست ناکات ئەو ماددەیە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دوو ئەندامی بەڕێزیش کە دیفاع لەمانەوەی دەکات، ( دکتۆر بەشیر، دکتۆر ئەحمەد) دکتۆر بەشیر، فەرموو.

**بەڕێز د. بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دیفاع لەوە دەکەین کە ماددەکە بمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر هەندێ فەقەرەو وشەشی لێ لابرێت مانع نیە، بەڵام ماددەکە پێویستە بمێنێتەوە، یەکەم: لەبەر ئەوەی لیژنەی هاوبەش لەڕاپۆرتی خۆیان لەسەر ئەم ماددەیە تێبینیان نەبووە، دووەم: ئەوەی کاك عومەر باسی لێوە کرد، تەعاون، ئەوە مەسەلەیەکی جەوازییە، ئیلزامی نیە، مادام وایە نایکەین بە ئیلزام بەسەر دیوانی چاودێری داراییەوە، کەوا تەعاونمان لەگەڵ بکات یان نا؟، خاڵێکی تر، ئێمە بۆ دانان یان ئەنجامدانی ڕاپۆرتەکەی لیژنەکەی خۆمان، پێشتر چاوپێکەوتنمان لەگەڵ زۆر لایەن کردووە، لەگەڵ داواکاری گشتی دانیشتووین، لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی دانیشتووین، هەروەها کۆنفرانسێکی فراوانمان کرد بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، هەموو ئەوانە کۆك بوون لەسەر ئەوەی ڕاپۆرتەکەی ئێمە ڕاپۆرتێکی چاکە، هیچ لایەنێکی پەیوەندیدار لەوانەی کە من ئیشارەتم پێدان، باسیان لەوە نەکرد کەئەو ماددەیە زیاد بێت یان پەیوەندی نێوان چاودێری دارایی و پەیوەندی نێوان ئێمە ئەبێ ئاوا لاواز بێت، بۆیە ئێمە تەئکید لەسەر ڕاپۆرتەکەی خۆمان دەکەینەوە، بەڵام ئەگەر گۆڕانکاریش بکرێت لەسەر خاڵەکان مانع نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆر ئەحمەد، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیزافەتەن لەسەر قسەکانی دکتۆر بەشیر، بەڕاستی تەعاون لەنێوان دوو جیهاز یان دوو دامەزراوە، شتێکی وارده لە یاساکاندا، مادام بڵێین شتێکی جەوازییە، کە دروستە تەعاون لەنێوان دیوانی چاودێری دارایی و

دەستەی نەزاههەدا هەبێت، ئەی چ مانعێکە کە ئێمە بەیاسا دیاری بکەین؟، ئێمە لەشوێنی تریشدا ئاماژەمان پێکرد، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددەی پێنجەم و شەشەم کە کرا بەیەك، کەدەڵێت(تقوم الهيئة بمراقبة التصرف بأموال الاقليم وطريقة ادارتها بالتعاون مع ديوان الرقابة المالية)یەعنی لەشوێنی تریش هەیە کە باس لەتەعاون دەکات، لەگەڵ دیوانی ڕەقابەی مالی، من پێم وایە زۆر زۆر شتیکی ئاساییە کە لێرەدا یەك لەبنەماکانی هەموو یاسایەك ئەوەیە کە ڕوون بێت، ڕوونی و شەفافیەتە، کەڕوون بێت لێرەدا دیوانی چاودێری دارایی بزانێت کە لەیاسادا ئیشارەت بەوە کراوە یان ئەرکێتی، یان پێویستە، یان جائیزە، کە هاوکاری بکات، لەگەڵ دەستەی نەزاههەدا کە هەردووکیان ئیشەکەیان لەیەکترییەوە نزیکە بەڕاستی، تەنها ئەوەی کە پەیوەندی بە مفتشی عامەوە هەیە، کە ئێمە هەمووومان لەسەر ئەوە کۆکین کە لابرێت، بەڵام من پێم وایە مانەوەی ئەو ماددەیە زۆر گرنگە، بۆیە موشەرعیش ئەمەی لێرە تەسبیت کردووە، لەبەر ئەوەی کە بەگرنگی زانیوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فرست موداخەلەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕەئی من لەوانەیە موختەلف بم لەگەڵ هەندێك لەبرادەران، یارمەتیدان و هاریکاری وجوبیە بەڕەئی من، یەعنی دەزگاکانی حکومەت وجوبیە یاساییەن، چونکە ئەوە لە بەدیهیاتە کە هاریکاری یەکتری بکەن، بەتایبەتی ئەگەر ئامانجەکانیان لەیەکتری نزیك بێت، ئیش وکاری ئەو دەستەیە لەگەڵ چاودێری دارایی، بەڕەئی من زۆر نزیکی یەکەو لەهەندێ شت موتەداخلە لەگەڵ یەکتری، زۆر پێویستیان بەیەکتری هەیە، دوور نیە هەندێ موستەمسەکات و هەندێ زانیاری لەلای دیوانی چاودێری دارایی بێت وپەیوەندی لەگەڵ قەزیەیەکی تەحقیقی هەبێت لە نەزاهە، بە پێچەوانەشەوە واردە، بەڵام هەندێ فەقەراتی تر، جێگای لێرە نیە، ناحیەی تەشریعی نابێت تۆ ڕێگایەك یان خوتەیەك دابنێیت بۆ دەزگایەك، بەڵام نەصەکە لەناو یاسای دەزگایەکی تر بێت، لێرە فەقەرەی دوو باس دەکات کەچۆن دیوانی چاودێری دارایی ئیشی خۆی بکات، ئەو نەصە جێگای ئێرە نیە، مەفروزە لەیاسای دیوانی چاودێری دارایی بێت، هیچ لەگەڵ یاسای نەزاهە ناگونجێت، فەقەرەی سێ باسی مفتشی گشتی ئەکات، ئێمە ئەو پلەو ئەو وەزیفەمان نیە، مەفروز نیە بمێنێت، فەقەرەی چوار، بەشێوەیەکی ناڕوون صیاغە کراوە بەڕاستی، هەندێجار کە ئینسان بیەوێ بیخوێنێتەوە شعور ئەکات ڕاستە، لەهەندێ ئیجرائات مەفروزە قانونی ئصولی محاکمات جەزائی بەکار بێت، تاکو شەرعیەتێك بدات بە ئیشوکاری خۆی، ئیحتیمال هەیە سبەی موحتاجی ئەوە بێت ئیفادەی یەکێك وەربگرێت، ڕاستە لازمە سوێندی بدات، بەس بەشێوەیەکی وا صیاغەیان کردووە، ئینسان شعور ئەکات، کە شێوەی تەداخولە لە ئیشوکاری مەحاکم، بەڕەئی من صیاغەکەی باش نیە، من لەگەڵ ئەوەدام فەقەرەی یەکەم بمێنێتەوە، ئەوانی تر ئەگەر ئیلغاش بکرێت تەئسیر ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئێستا ڕوون بوو بۆ هەمووتان، ئەو پێشنیارە دوو تەرەفە، یەکێك دەیەوێت هەموو ماددەکە ئیلغا بکرێت، تەرەفەکەی تر دەیانەوێت فەقەرەی یەکەم بمێنێتەوە، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ماددەی 15 لە ئەصڵی پرۆژەکە کە دەکاتە 14 هەمووی لابچێت، تکایە بادەستی بڵند بکات؟، 37 ئەندامی لەگەڵدایە،؟، فەرموون کێ دەیەوێت بەس بەتەنها فەقەرەی یەکەم بمێنێتەوە؟، 16 ئەندامی بەڕێزی لەگەڵدایە کە بمێنێتەوە؟، بۆیە بەزۆرینەی دەنگ ماددەی 15 لەئەصڵی پرۆژەکە کە دەکاتە ماددەی 14 لادرا، ئیلغا کرایەوە، ئێستا بۆ ماددەی 16 لە ئەصڵی پرۆژەکە، کە دەبێتە ماددەی 14، (الفصل الرابع الکسب غیر المشروع)فەرموون.**

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی چوارەم**

**حوکمەکانی داهاتی نامەشروع**

**ماددەی (16) کە دەکاتە ماددەی 14**

**یەکەم**

**هەرسامانێك کەسێك لەوانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، بۆ خودی خۆی یان بۆ کەسێکی دی بەدەستی هێنابێ بە هۆی بەگەڕخستنی فەرمانبەرایەتی گشتی یان پێسپاردنی گشتی یان خاسییەتێك یان لە ئەنجامی ڕەفتارێك پێچەوانەی دەقی یاسا یان ئادابی گشتی بێ بەداهاتێکی نامەشروع ئەژمار دەکرێت.**

**دووەم: بەپێی ئەوانەی لە پێشەوە باسکران، هەر زیادەیەك لە سامان دوای لە ئەستۆ گرتنی فەرمانبەرایەتی گشتی یان پێسپاردنی گشتی یان دروستبوونی ئەو خاسیەتە سەبارەت بە ملکەچبوون بۆ حوکمەکانی ئەم یاسایە یان هاوسەری یان منداڵی ناکامی، بە قۆزتنەوەی هەل ئەژمار دەکرێن کاتێ لەگەڵ داهاتەکانیان هاوسەنگ نەبێت و نەتوانن سەرچاوە ڕەواکەی بسەلمێنن.**

**سێیەم: حوکمی بڕگەی دووەم لەم ماددەیەدا بەسەر هەرکەسێکدا جێبەجێ دەکرێ کە، بەهەر سیفەتێك سامانی گشتی لەبەر دەستدابێ و سەرچاوەکەی داهاتی نامەشروع بێت.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموون بە عەرەبیش بیخوێننەوە.**

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الرابع**

**احكام الكسب غير المشروع**

**المادة الرابعة عشر:**

**أولاً: يعتبر كسباً غير مشروع كل مال حصل عليه احد الخاضعين لأحكام هذا القانون لنفسه أو لغيره بسبب استغلال الوظيفة العامة أو التكليف العام أو الصفة أو نتيجة لسلوك مخالف لنص قانوني او للأداب العامة.**

**ثانياً: ويعتبر استغلالاً وفقاً لما تقدم كل زيادة في الثروة تطرأ بعد تولي الوظيفة العامة أو التكليف العام أو قيام الصفة على الخاضع لأحكام هذا القانون أو على زوجه أو أولاده القصر متى كانت لاتتناسب مع مواردهم وعجزوا عن اثبات مصدر مشروع لها.**

**ثالثاً: يسري حكم الفقرة ثانياً من هذه المادة على أي شخص يحوز بأية صفة أموالاً عامة مصدرها كسباً غير مشروع.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی هاوبەش تکایە ڕەئیتان؟، فەرموون.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە پشتگیری لەماددەکە دەکەین، تەنها یەك تێبینیمان هەیە، سەبارەت بە بڕگەی یەکەمی ماددەکە، ئەویش دەستەواژەی (اداب العامة) لەکۆتایی بڕگەکە لابدرێت، لەبەر ئەوەی ئەو ماددەیە باس لە (کسب غیر مشروع) دەکات، ئەو ڕەفتارانەی کەوا پێچەوانەی دەقێکی یاساین، ئەوە هەموو حوکمەکانی(کسب غیر مشروع) دەگرێتەوە، ئیکتیفا بەوە بکرێت، دەستەواژەی (اداب العامة) لەکۆتایی بڕگەی یەکەمی ماددەکە لابدرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی نەزاهە تکایە ڕەئیتان؟، فەرموون.**

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی نەزاهە، تێبینیمان نیە لەسەر ئەم ماددەیە، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە، ئێمەش پشتگیری لەوە دەکەین کەوا لیژنەی هاوبەش چی بڕیاریداوە لەگەڵ ئەوەداین، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات، ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە لەسەر ئەم ماددەیە بکەن( ژیان عمر شریف، کاوە محمد امین، ئاسۆ کەریم، بێریڤان سەرهەنگ، دانا سعید، گوڵیزار قادر، ئاواز عبدالواحد، عومەر نورەدینی، خلیل عوسمان) ژیان خان، فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت بەشی چوارەم حوکمەکانی داهاتی نامەشروع، باشترە بکرێت بە حوکمەکانی دەستکەوتی نایاسایی، یان ناپەسەند، چونکە کسب مانای دەستکەوتە بەکوردی، نەك داهات، بەنیسبەت هەر سێ بڕگەکەش، چونکە ئەمە تەرجومە کراوی نەصە عەرەبیەکەیە، بۆیە زۆر ڕەکیکە، ئەمە خۆی زۆر هەستیارە ئەبێت بەشێوەیەك تەرجومە بکرێت کە بەو شێوەیە نەبێت، لەڕووی زمانەوانیەوە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، باشترە بۆ نموونە لە بڕگەی یەکەم، کە دەڵێت (هەرسامانێك کەسێك لەوانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە) باشترە بکرێت بە (هەر کەسێك داهاتی بۆ خودی خۆی یان بۆ کەسێکی تر بەدەست هێنابێت، لەئەنجامی ڕەفتارێك پێچەوانەی یاسا یان ئادابی گشتی بێت، بە داهاتێکی نامەشروع ئەژمار دەکرێت) چونکە یەکەمجار دەڵێت هەر سامانێك دوایش دەڵێت بەداهاتێکی نامەشروع، بۆیە باشتر وایە بکرێتە بەداهات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاوە محمد امین، فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا بەشێك لە قسەکانم ژیان خان کردی، ئێستا لەماددەی 15 کە ئەصڵی ماددەی 16یە، بڕگەی یەکەم، تەرجومەکەی زۆر زۆر خراپە، مانا یاساییەکان هەموو لێرە بەدەستەوە نادات، لەبەر ئەوە من پێم باشە عەرەبیەکە بکرێت بە ئەساس بۆ دەنگدان، چونکە کوردیەکە زۆر زۆر خراپ تەرجومە کراوە، لەوانەیە ئیشکالیات دروست بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەتەئکید عەرەبیەکە دەکەین بە ئەساس، پاشان بە تەرجومەیەکی دروست، تەرجومە ئەکرێت، بەڕێز ئاسۆ کەریم، فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها قسەم لەسەر بڕگەی دووەمی ئەو ماددەیە هەیە، کە دەڵێت(ثانیاً: ويعتبر استغلالاً وفقاً لما تقدم كل زيادة في الثروة تطرأ بعد تولي الوظيفة العامة أو التكليف العام أو قيام الصفة على الخاضع لأحكام هذا

القانون أو على زوجه أو أولاده القصر متى كانت لاتتناسب مع مواردهم وعجزوا عن اثبات مصدر مشروع لها)، من پێم وایە پاش (أو أولاده القصر) یان با بڵێین ئەوانەی کە منداڵن، دەکرێت ئەوانەشی کە باڵغن، بەڕاستی ئیستیفادە لە مەوقعی باوکیان کردبێ بەشێوەیەکی فەساد تێوەگلابن، ئەگەر نەیانتوانی ئیسپاتی ئەوە بکەن، کە ئەوان سەرچاوەی داهاتەکەیان (کسب غير مشروع)ی تێدا نیە، پێویستە ئەوانیش بگرێتەوە لەو حاڵەتەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

(أحكام هذا القانون لنفسه أو لغيره) ئەم یاسایە هەمووی ئەگرێتەوە، بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ، لێرە نیە، باشە کاك دانا سعید سوفی، فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید سوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارەی لیژنەی هاوبەش بۆ لادانی (اداب العامة) منیش پێم وایە هەر لابرێت، لەبەر ئەوەی هیچ قوەیەکی یاسایی نیە، تۆ ناتوانی لەسەر لادان لە ئادابی عام کەسێك سزا بدەیت، سەبارەت بە بڕگەی دووەم، تێبینی ئەوەم هەیە، ئەگەر یەکێك نەتوانێت بیسەلمێنێ کە داهاتەکەی چۆن زیاد بووە، هەست دەکەم بەپێی ئەو ماددەیە بە ناشەرعی دانراوە، یەعنی پێش وەخت تۆ، ئەگەر یەکێك نەتوانێت بیسەلمێنێت، بۆچی سەروەت و سامانەکەی زیاد بووە، لەبەر ئەوەی لە بابێك کۆکراوەتەوە لێرەدا، بە (احكام كسب غير مشروع) یەعنی هەرچی هەیە تۆ وات داناوە کە مەشروع نیە، ئەگەر تۆ نەتوانیت بیسەلمێنی، من پێم وایە دەبێت پێش ئەوە بتواندرێت تەحقیق لەوە بکرێت، ئینجا بڕیار بدرێت لەوەی کەوا مەشروعە یان مەشروع نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز گوڵێزار قادر، فەرموو.

**بەڕێز گوڵێزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەکەم پێشنیار دەکەم، لەدوای ( لە ئەنجامی ڕەفتارێك پێچەوانەی دەقی یاسا) ئەوەی بۆ زیاد بکرێت( دەقی یاسایی و پێچەوانەی شەرع بێت)چونکە هەر سامانێك لە ئەنجامی ڕەفتارێك پێچەوانەی دەقی یاسایی یان شەرع بێت، بەداهاتی نامەشروع بژمێردرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ئاواز عبدالواحد، فەرموو.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینی منیش لە بڕگەی یەكەم، كە باسی داهاتی نامەشروع دەكات، پێویستە لـە دێـڕی یەكـەم، لەسـەرەتادا پێناسەیەكی ئەو داهاتە بكرێت، بەم شێوەیە بگوترێت، داهاتی نامەشـروع: ئـەو داهاتەیـە كـە بەڕێگەیـەكی نامەشروع بۆ خودی خۆی یان كەسێكی دی بەدەست هاتبێت، پێویستە بـەدێڕێك پێناسـەیەكی ئـەم داهاتـە بكرێت، چونكە لە ماددەی دووەم و سێیەم باسی لە حوكمەكانی ئەم یاسایە كـردووە، لـە بڕگـەی دووەمـیش تەنها تێبینیم لەسەر منداڵی ناكام هەیە، چونكە منـداڵی ناكـام، بـە منـداڵێكی نـاقص عزویـە دەژمێردێـت، پێویستە بە منداڵی خوار تەمەنی یاسایی بنووسرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عومەر نورەدینی، فەرموو.

**بەڕێز عمر حمە امین خدر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز خلیل عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پێشنیار دەكەم لەگەڵ ئەم دەقەدا هەندێ تاوانی تازە ئیزافە بكرێت، لەوانـەی كـە تـازە هاتووەتـە نـاو هـەرێمی كوردسـتانەوە، ئـەویش مەسـەلەی تـاوانی غـەش ویـاری كـردن بـە موزایـەدات وموناقەصـات، مواصـفات و هەنـدێ عەقـدی حكـومیش، تـاوانی تـەهریبی گـومرگی و زەریـبی، خـاڵێكی تـر ڕەشـووەی فەرمانبەرانی بیانی وفەرمانبەری حكومی و گشتی، بۆ ئەوەی كە كارێك بكات یان ئیمتیناع لە كارێك بكات، كـە ئەمـەش ئـیخلال بێـت بـەواجبی فەرمانبـەر، بـە مەبەسـتی دەسـتكەوتنی مەنفەعەیـەكی مـاددی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ، فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە بڕگەی دووەم دەخوێنمەوە، وا پیشان دەدات کە ئەو کەسە گەندەڵە، پێش ئەوەی خۆی قسە بکات، پێش ئەوەی ئەو تاکە کەسە بیسەلمێنێ کە ئەو سەرچاوەی هەیەتی دروستە یان نا دروستە، بۆیە ئەوە ئیشی دادگایە کە لێکۆڵینەوە بکات، ئێمە با دای نەنێین کە گەندەڵە یان گەندەڵ نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ هەمووتان، ئێستا لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری یەکەم زیاتر تێبینیەکان لەسەر دەقە کوردیەکە بوو، دەقە کوردیەکەش وەك فەرمووتان وەك عەرەبیەکەی لێ بکرێت، لە بڕگەی دووەم تێبینی ئەوە کرا کە هەموو کەسێك گەندەڵە، نەخێر بەو شێوەیە نیە، ئەگەر نەیانتوانی بیسەلمێنن، کەوا لەسەرچاوەیەکی ڕەواو مەشروع، ئەو داهاتەیان یان ئەو مەشروعەیان بەدەست هێناوە، ئەو کاتە وایە، بەس ئەگەر نا کەس ناتوانێ هیچ ڕێکارێکی یاساییان بۆ دەربکات، بەڵام ئەگەر بەڵگەیان نەبوو ئەوە دەبێتە کسب غیر مشروع، کۆتایی بڕگەکە زۆر بە وازحی باس لەوە دەکات، (وعجزوا عن اثبات مصدر مشروع لها) ئەگەر ئەو سەروەتە، ئەو سامانەی کە بەدەستیان هێنابوو نەیانتوانی بیسەلمێنن، کەوا سەرچاوەکەی ڕەوایە، ئەوە لەو حاڵەتە بە کسب غیر مشروع دادەندرێت، ئەویش ڕێکاری یاسایی بەرامبەر وەردەگیرێت، نەك بەبێ بەڵگە، یان بەبێ هیچ داواکردنێك و ڕێکارێك، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە ماددەکە وەك خۆی بمێنێتەوە تەنها دەستەواژەی (اداب العام) لەکۆتایی بڕگەی یەکەم لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك عومەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو موفتەرەحەی کەهات، بۆچی بەتەنها (اولاد القاصر) باسکراوە، منداڵی گەورە باس نەکراوە، بەحوکمی قانون تەنها (اولاد القاصر) باوك یان وەلی یان وەصی، بۆی هەیە شتی بۆ بکڕێت و تەسجیلی بکات بەناوییەوە، کەچووە سەرووی 18 ساڵ خۆی سەربەستە کە شت بکرێت، بەڵام ئەگەر بێینە سەر فەقەرەی یەکەم، نووسراوە(لنفسه أو لغيره) ئەو غەیرە یەعنی ئەو منداڵانەی کەلەسەرووی 18 ساڵەوەن، چونکە لە قانونی عێراقیدا لە غەیری باوك کەبوو بە 18 ساڵ زیمەی مالی سەربەخۆیە، تەنها قاصر نەبێت یان ئەوانەی کە بەحوکمی قاصرن، وەکو شێت وکەم عەقڵ ومەحجور و زەوی غەفلەو ئەو شتانە، ئەوانەی کە لە یاسادا باسیان کراوە، بە حوکمی قاصر ئەوە وەلی، وەصی ئەتوانن شتیان بۆ بکڕن و

بەناویان تەسجیلی بکات، لێرە موشەریع کە ئەمەی هێناوەو بە (اولاد القاصر) ناوی بردووە، کە باسی کردووە بە عام (اولاد القاصر) ئەوانەشی کە بە حوکمی قاصرن، کەواتە نەصەکە زۆر بەوازحی و بەصەریحی هاتووە، بۆ ئەوانەی کە لە سەرووی 18 ساڵن و غەیری ئەوانیش لەفەقەرەی دووەمیش ئەوانەی کە باوکی و وەصی ئەتوانێت، شتیان بۆ بکات بەناوەوە، دەستی دەگیرێت لێرەدا بۆ ئەوەی ئەو ماڵ و شتانەی بە غەیری شەرعی بەدەستی هێناوە تەسجیلی نەکات بەناوی ئەوانەوە، تا شمولی ئەوەش بکات، بەنیسبەت ئەوەی کە بۆچی تاوانی تری تێدا باس نەکراوە، ئەوانەی کە باس لە دەستکەوتنی ماڵ ئەکات بە نامەشروعی لە بابەتی ماددەکانی (307، 315 تا 321)لە غش، ئیختلاس، رشوە، ئەوانە ئەحکامی تایبەتی خۆیان هەیە لە یاسای سزاکان، سزای تایبەتی خۆشی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئەڤین عومەر، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە باسی ئەوە کرا کەوا پێناسە بکرێت بۆ کەسبی غەیری مەشروع و پێناسە بۆ هەندێ حاڵەتی تر، بەراستی ئەم یاسایە تەنها یاسایەکە بۆ ئەوە دانراوە کەوا رێکاری دائەنا بۆ هەیئەتێك کەوا چۆن کار دەکاو چۆن دروست دەبێ و چۆن دادەمەزرێ، بۆیە لێرەدا جێگای ئەوانە دەبێتەوە ئێمە پێناسەی ئەم حاڵەتانە بکەین کە گەندەڵی یاخود هەر حاڵەتێکی داهاتی غێر مەشروع بێت، بۆیە ئەوە ئەبێت لە یاسایەکی تایبەتدا بۆ بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی یان لەو شێوانە یاسایەکی تایبەتی تر هەبێت کە ئەو حاڵەتانە پێناسە بکات. باسی ئەوە کرا کەوا خاڵێ دووەم لێرەدا هەر کە دەیخوێنیتەوە ئەوەت نیشان دەدات کەوا ئەو خەڵکەی کە تەعامولیان لەگەڵ دەکا کە بە گەندەڵی ئیتیهام دەکرێن پێش ئەوەی تەحقیقیان لەگەل بکرێت، لێرەدا باسی ئەوە دەکا کە دەڵێ ئیستغلالی مالی عام، ئەگەر هاتو یەکێك وەزیفەیەکی هەبوو، وە سەروەتێکی زیاد کرد، تۆ دەزانی مەوردێکی موحەددەدی هەیە، چونکە بە هۆی ئەو وەزیفەوە ئەو مەوریدە وەردەگرێت، ئەگەر هاتو ئەو مەوریدە زیادی کرد بە شێوازێکی بێبەرامبەر بێت یەعنی موساوی نەبێت لەگەڵ ئەوەی کە وەریدەگرێت، ئەوە لێرەدا دەکەوێتە جێگای گومان و شکەوە، بۆیە ئەو خەڵکانەی کە وەزیفەی عامیان هەیە لێرەدا باس کراوە، بۆیە ئێمە هاوڕاین لەگەڵ لیژنەی هاوبەش کەوا بەو شێوەیە بمێنێتەوە، تەنهاو تەنها ئادابی عامی لێ هەڵگرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئاخیر سیاغە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بدەینە دەنگدان، لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الرابع**

**احكام الكسب غير المشروع**

المادة الرابعة عشر:

أولاً: يعتبر كسباً غير مشروع كل مال حصل عليه احد الخاضعين لأحكام هذا القانون لنفسه أو لغيره بسبب استغلال الوظيفة العامة أو التكليف العام أو الصفة أو نتيجة لسلوك مخالف لنص قانوني.

ثانياً: ويعتبر استغلالاً وفقاً لما تقدم كل زيادة في الثروة تطرأ بعد تولي الوظيفة العامة أو التكليف العام أو قيام الصفة على الخاضع لأحكام هذا القانون أو على زوجه أو أولاده القصر متى كانت لاتتناسب مع مواردهم وعجزوا عن اثبات مصدر مشروع لها.

ثالثاً: يسري حكم الفقرة ثانياً من هذه المادة على أي شخص يحوز بأية صفة أموالاً عامة مصدرها كسباً غير مشروع.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەمووتان موتەفیقن لەسەر ئەوە، ئاخیر سیاغەتانە؟، بەڕێزان کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟، پەنجاو پێنج ئەندامی بەڕێز لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نیە؟، یەك ئەندامی بەڕێز لەگەڵدا نیە، بێریڤان سەرهەنگ. فەرموون بۆ مادەی هەژدە کە لە ئەسڵی پرۆژەکە مادەی بیستە، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادەی حەڤدە لە ئەسڵی پرۆژەکە، کە دەبێتە مادەی پازدە.

یەکەم: لە حاڵەتەکانی داهاتی نامەشروع سەبارەت بەسەرۆکی هەرێم و جێگرەکەی و سەرۆك وەزیران و جێگرەکەی و وەزیرەکان و بریکارەکانیان، و سەرۆك و ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکی دەستە سەربەخۆکان و بریکارەکانیان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان، دەستە ئەنجومەنی دادوەری ئاگادار دەکاتەوە، بۆ ئەوەی لێیان بکۆڵنەوەو ئەگەر پێویست بوو، بە پێی یاسا ڕەوانەی دادگایان بکەن.

دووەم: سەبارەت بە فەرمانبەرانی تر کە لەدەقی بەندی (یەکەم) ی ئەم ماددەیەدا نەهاتووە، دۆزەکانی داهاتی نامەشروع بە گوێرەی حاڵەتەکە ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند، یان ڕاستەوخۆ ڕەوانەی دادوەری لێکۆڵینەوە دەکرێن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ماددەی بیست كە ئێستا بە عەرەبیەكە دەخوێنرێتەوە لە ئەسڵی پرۆژەكە بیستە، بەڵام بۆتە مادەی پازدە، ئێستا لە ئەسڵی پرۆژەكە حەڤدەیە دەبێتە مادەی پازدە، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة عشر:**

**اولاً: تتولى الهيئة ابلاغ مجلس القضاء في حالات الكسب غير المشروع بالنسبة لرئيس الاقليم ونائبه، و رئيس الوزراء ونائبه، ، والوزراء ووكلائهم، ورئيس وأعضاء البرلمان، ورؤساء الهيئات المستقلة و وكلائهم و المدراء العاميين، ، للتحقيق فيها واحالتهم الى المحاكم وفق القانون إن كان هناك مقتضى.**

**ثانياً: تحال قضايا الكسب غير المشروع بالنسبة لسائر الموظفين غير المنصوص عليهم في البند (1) من هذه المادة، الى المحكمة المختصة أو إلى قاضي التحقيق مباشرة حسب الاحوال.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان لەسەر ئەمە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادە حەڤدەی ئەسڵی پرۆژەكە، كە بووە مادەی پازدە ئێمە چەند تێبینیەكمان هەیە، لە بڕگەی یەكەمی مادەكە باس لەوە دەكرێ سەرۆكی دەستە سەربەخۆیەكان، سەرۆكی دەستەكان، (وكلاء) هاتیە، ئێمە ئەو یاسایانەی كە تا ئێستا دەرمان كردووەو (وكلاء) یان نیە (نواب) یان هەیە واتە جێگریان هەیە، وشەی (وكلاء) دەگۆڕدرێت لە بۆ جێگر (مدراء عاميين) لێرە لابدرێت، لەبەر ئەوەی بڕگەی دووەم دەیگرێتەوە پێویست ناكا ناوی بێت، هەروەها سەبارەت بە پاشەو پێش ناوی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و، سەرۆكی پەرلەمان، لە دوای سەرۆكی هەرێم و جێگرەكەی، باس لە سەرۆك و ئەندامانی پەرلەمان بكرێت، ئەوجا دواتر سەرۆكی وەزیران و، جێگرەكەی و، وەزیرە بەڕێزەكان، بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، وە لە بڕگەی دووەم تێبینی ئەوەمان هەیە كە مەحكەمەی موخەتەسە لادرێ ئەو دەستەواژەیە، لەبەر ئەوەی خۆی ڕێكارە یاساییەكان ئەوەیە كە دادگای لێكۆڵینەوە كەیسەكە، كێشەكە لەلای وی تەواو دەبێ و كۆتایی پێدێت، ئاراستەی مەحكەمەو داواكاری گشتی دەكا، پێویست ناكا ناوی مەحكەمە بێت خۆی ڕێكارە یاسایەكە بەو شێوەیە، بە پێی یاسا كارپێكراوەكان لە هەرێمی كوردستان، ئەو تێبینیەمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە نەسەكەتان بخوێننەوە چی لێدێت.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة عشر:

اولاً: تتولى الهيئة ابلاغ مجلس القضاء في حالات الكسب غير المشروع بالنسبة لرئيس الاقليم ونائبه، و رئيس واعضاء البرلمان، و رئيس الوزراء ونائبه والوزراء ووكلائهم، ورؤساء الهيئات المستقلة ونوابهم، للتحقيق فيها واحالتها الى المحاكم وفق القانون إن كان هناك مقتضى.

ثانياً: تحال قضايا الكسب غير المشروع بالنسبة لسائر الموظفين غير المنصوص عليهم في البند (1) من هذه المادة، الى قاضي التحقيق مباشرة حسب الاحوال.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە فەرموون.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادەی پانزە کە حەڤدەیە لە ئەسڵی پرۆژەکەدا، لیژنەی ئێمە پێشنیاری ئەوەی کردووە کە وشەی (إبلاغ) بگۆڕدرێت بە (اخبار) وە هەروەها دەستەواژەی پاشی دەستەواژەی بەڕێوەبەرێیە گشتیەکان وشەی ئەوانەی بە پلەی هاوشێوەیانن زیاد بکرێت، وە پشتگیری ڕەئی لیژنەی هاوبەشیش دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ ئەیانەوێ لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات؟، ناوەکانتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت قسە بکەن(.أحمد وەرتی، ئاسۆ کریم، حسن محمد، دانا سۆفی، بەفرین حسین، ژیان عمر، سمیرە گۆران، کاوە محمد أمین، عبداللە علی، جمال طاهر) کەسی تر هەیە، بەڕێز د. أحمد، فەرموو.

**بەڕێز د. أحمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادەی حەڤدە کە دەبێتە مادەی پازدە، نازانم ڕای لیژنەی هاوبەش، وابزانم ئەوە بوو کە هەردوو فەقەرەکە دەمج بکرێت دیارە رایەکەی خۆیان گۆڕیوە، ئەگەر فەقەرەی یەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە، لێرەدا راستی ئێمەش لەگەڵ ئەوەم کە ئەوو پاش و پێش بخرێن، یەعنی لە پێشدا (رئیس الاقليم ونائبه، ورئيس البرلمان ونائبه، والسكرتير، وأعضاء البرلمان) چونکە نائیب و سکرتێر نەنووسراوە، وە (وکلاو رونەسای هەیئاتی موستەقیلەو وکەلاو مودەرای عامیین، ئەوانە لابرێن، بەلأم تێبینیەك هەیە لێرە ئەگەر ئەمانە ئەڵێ ئیحالەی ئیبلاغی مەجلسی قەزا ئەکا، کە من پێم باشە لە جیاتی ئیبلاغ ئیخبار بێت، باشە ئەگەر ئەو حاڵەتە بۆ رەئیسی مەجلیسی قەزاو ئەعزای مەجلیسی قەزا بوو، ئەمانە بۆ کوێ ئیبلاغ

دەكرێت، یەعنی ئەمەش خۆی سوڵتەی قەزائیش بەشێكە لە سێ سوڵتەكان تەبعەن، ئەمە تەنها لێرە سوڵتەی تەنفیزی لەگەڵ سوڵتەی تەشریعی باس كراوە، ئەدی بۆ سوڵتەی قەزائی، كە مەجلیسی قەزایە ئەمانە ئیبلاغ دەكرێن بۆ مەجلیسی قەزا، ئەدی ئەگەر ئەم حاڵەتە بۆ مەجلیسی قەزا خۆی بوو، ئەمانە بۆ كوێ ئیخبار دەكرێن، ئەمە یەكەم، بۆ فەقەرەی دووەم (ثانیاً: تحال) من پێم باشە داڕشتنەوەكە بەو شێوەیە بێت (تحرك الهیئة الدعوة الجزائیة في قضایا الفساد والكسب غیر المشروع بالنسبة لسائر الموظفین غیر المنصوص علیهم في البند (1) من هذه المادة، الى قاضي التحقیق مباشرة حسب الاحوال ) واتە لە جیاتی (تحال) (تحرك الهیئة ) بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش، بەڕێز ئاسۆ كریم، فەرموو.

**بەڕێز بكر كریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم ئەو مادەیە، هەردوو بڕگەكەی بكەنە یەك و، بەم شێوەیە دابڕێژرێنەوە، لە حاڵەتەكانی داهاتی نا مەشروعدا هەموو ئەوانەی كە مادە چواری ئەم قانونە دەیانگرێتەوە، ئەوا دەستە بە پێی حاڵەتەكان ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند یان قازی لێكۆڵینەوە دەكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د. حسن محمد، فەرموو:

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ڕەئیم وایە كە هەموو قەزایەی فەساد، ئیحالەی مەجلسی قەزا بكرێ، مەجلسی قەزا حەقی هەیە كە تەشكیلی مەحكەمەی موختەس بكات، بۆیە بە ڕەئی من وا دابڕێژرێتەوە، وە (بقرار مجلس القضاء الاعلى بناءا على طلب رئیس الهیئة تشكل هیئة المحكمة المختصة بالنظر في قضایا جرائم الفساد أینما وقعت) وە بە نسبەت كەسێكیشەوە بێت یەعنی لە حاڵەتێكدا ئەگەر مەحكەمە موختەس بمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز خورشید أحمد، فەرموو

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یاسا هەموو كەسێك دەگرێت لە وڵات، لە سەرۆكی هەرێم هەتا ئاخر فەرمانبەر، هەموو جارێك ئێمە دێین خسوسیەتێك دەدەین مەسەلەن دەڵێین ئەمە بۆ سەرۆكی هەرێم، و، ڕەئیس وزەراو، ئەمە ئەم تەحدیدە، بە ڕەئی من باش نینە، چونكە یاسا، یاسایە پێویست ناكا، یاسا هەموو كەسێك دەگرێتەوە، هەر لە سەرۆكی هەرێم هەتا ئاخر فەرمانبەر، لەبەر ئەوە بەرەئی من خاڵی بەندی یەكەم (أولا) زایدە، ئێمە تەنها ئیكتیفاو

به (ثانيا) بكەين بەو شكله (تحال قضايا الكسب غير المشروع بالنسبة لسائر المشمولين بأحكام هذا القانون إلى مجلس القضاء أو المحكمة المختصة وإلى قاضي التحقيق مباشرة حسب الاحوال) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز دانا سۆفی، فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعيد سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە تەئكيد كردنەوە لەسەر ئەوەی كە ناوی با بڵێين ئەو پۆستانە هاتووە، ئاساييە ئێمە لەبەر ئەوەی لە ولاتێك دەژين، لەوانەيە هەندێك جار، يەعنی بە زەحمەت بتوانين ياساكان لە هەموو شوێنێك و لەسەر هەموو كەسێك پيادە بكرێت، بەلام ئەگەر قرارێك ئەو ياسايە ئەو مادەيە بمێنێتەوە، من پێموايە دەبێ سەرۆكی وەحداتنی ئيداريشی بۆ ئيزافە بكرێت، لەبەر ئەوەی ئێمە لە مادەكانی پێشوو ئەوانيش مەشمول كراون بۆ ئەوەی كە ئەو ياسايە بەسەرياندا تەنفيز دەبێت، بەلام لێرە دەرخراوە، من پێموايە دەبێت ئيزافە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش، بەڕێز بەفرين حسين خليفە، فەرموو.

**بەڕێز بەفرين حسين خليفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادەی حەڤدە بڕگەی يەكەم، كە باس لە پلە تايبەتيەكان دەكا، من پێمباشە ناوی پلە تابيەتيەكان نەهێنرێ، لەبەر ئەوە ئەگەر لە يادم بێت لە مادەی پێنجی ئەسڵی پرۆژەكە، ياساكە لە رابردوودا، ئێمە ناوی ئەم پلە تايبەتانەمان هەموو هێنا، كە دەرخستەی بەرژەوەنديە داراييەكانە، پێشكەش بكەن، كە تۆ دەرخستەی بەرژەوەندی دارايی خۆتت پێشكەش كرد، لەو كاتە زانيت داهاتەكەی مەشروعە يان نا، پێويست ناكا جارێكيكە ناوی بهێنرێتەوە، پێمباشە هەردوو بڕگەكە لە يەكتر بدرێت و لە بری ناوەكە بنووسرێ هەموو ئەوانەی كە حوكمەكانی ئەم ياسايە ئەيگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش، بەڕێز سميرە گۆران، فەرموو.

**بەڕێز سميرە عبدالله گۆران:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادده پازده بە ڕەئی من هەردوو ماددەكە دەمج بكرێت، لێرە باسی دەزگای عەسكەری و سەربازی نەكراوە، ئەگەر ئەويش ئيزافە بكرێت چەندەها ليوای عەسكەری هەيە كە گەندەڵی زياتر لەوێ ڕوودەدات، ئەجهيزەی ئەمنی، لەگەڵ موحەققی هەيئە ئەوانەش ئيزافە بكرێت، سەرۆكی يەكە ئيدارييەكانيش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ژیان خان، فەرمووو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی 17 كە دەكاتە ماددەی 15 لەدوای بەڕێوەبەرە گشتیەكانەوە وا بەباش دەزانم، ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنە خۆجێییەكانیش دیاری بكرێت، بەنیسبەت خاڵی دووەم، مادام بەپێی ڕێكارە یاساییەكان ڕەوانەی دادگا كراوە، ئەم برگەیە زیادە، نەك هەر تەنها دادگای تایبەت لابرێت، وەك دكتۆرە ڕۆژان وتی، بەڵكو هەموو برگەكە لابدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز كاوە محمد امین، فەرمووو.

**بەڕێز كاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 15 پێم وایە لە ماددەی 4 موعالەجە كراوە، كە لەماددەی چوارەم دەڵێت حوكمەكانی ئەم یاسایە، بەسەر ئەوانەی خوارەوەدا جێبەجێ دەكرێت، ئینجا برگەی یەكەمی ماددەی 15 لە برگەی یەكەمی ماددەی 4دا ناوی هەموو ئەو پۆست و پلانە هاتووە، كە حوكمی ئەم یاسایەیان بەسەردا جێبەجێ دەكرێت، بۆیە من برگەی یەكەم بەزیاد دەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عبداللە علی، فەرمووو.

**بەڕێز عبداللە علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە هەمووجارێك ناوهێنانەوەی لەسەرۆكی هەرێمەوە تا خوارەوە، ئەندامانی پەرلەمان، جێگر، بەڕێوەبەری گشتی و ئەمانە، هەر بەیاسا خۆی ئەمە گومان خستنە سەر هەموو كەسە، لەبەر ئەوە هەر یاساكە خۆی لە پێشەوە وتوومانە هەموو ئەوانەی كە ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، یاسا بۆ هەموو كەسە، هەمووجار ناو هێنانەوەی خەڵك كە كێ دوای كێ دەكەوێت، ئەمەش بۆ خۆی گومانێكی ترە، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەكەم ناوی كەس نەهێندرێت، خاڵی دووەمیشم ئەوەیە كە دكتۆر ئەحمەد باسی كرد، ئەگەر دەسەڵاتی دادوەری خۆی تووشی ئەوە بوو، ئەو حەواڵەی كێ دەكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جمال تاهر، فەرمووو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر بێت و سەیری ماددەكە بكەین، (اولاً: تتولى الهيئة ابلاغ مجلس القضاء في حالات الكسب غير المشروع) وە ئەگەر بێین و ئەخیری جوملەكە بخوێنینەوە، دەڵێت (للتحقيق فيها واحالتها الى المحاكم وفق القانون ان كان هنالك مقتضى) ئەمە لێرەدا تەناقوزێك هەیە، لەسەرەتاوە ئەوە كەسبی غیر مشروعە، ئەخیرەكەی دەڵێت، ئەگەر هاتو پێویست بوو، بۆیە من دەبینم كە یەكسەر بكرێت بە (للتحقيق فيها واحالتها الى المحاكم وفق القانون) وە (ان كان هنالك مقتضى) ئەوە لابرێت، چونكە خۆی لە پێشدا كەسب غیر مشروعە، بۆیە پێویست ناكات، چونكە ئەوە جەریمەیەو جەریمەش موقتەزای پێ ناوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز لیژنەی هاوبەش تكایە ڕەئیتان، فەرموون.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای ئەو تێبینیانەی كە درا لەسەر ئەم ماددەیە، بۆچی هەندێ پۆست و وەزیفەی تێدا هاتووە، لەگەڵ ناوەكانیان، ئایا مەجلیسەكانی تر یان هەیئەكانی تر، یاخود باقی مەجلسی قەزا، یان حاكمەكان كە باسی لەسەر كرا، ئەی ئەوانە چیان لێ بەسەر دێت، ئەمە لێرەدا خاصە بە هەندێك لەو پۆستانە، كە ئەمانە پۆستن و پێویستە بچێتە مەجلسی قەزا، ڕاستە یاساكە بە عام هەموو كەسێك شمول ئەكات، هیچ كەسێكی نەهێشتوەتەوە، ئێمە لەماددەی 4دا وتوومانە (تسري احكام هذا القانون) بە عام هێناومانەتەوە، لەسەر هەر سێ دەسەڵاتەكە، تەشریعی و تەنفیزی و دادوەری، لەهەندێ شوێندا باس لە حوكام و مودعی عام و ئیشرافی عەدلی وهەموو مەحاكم و عاملینی سوڵتەی قەزائیش هاتووە، بەڵام لێرەدا بۆچی ئەمە ئیحالەی مەجلسی قەزا ئەكرێت؟، ئێمە پێمان باشە لێرەدا ئەمە كە هی هەر سێ سەرۆكایەتیەكەیە، ڕاستە كەس فەرقی نیە، هەمووومان یەكسانین بەرامبەر بە یاسا، هەمووومان هاووڵاتی ئەم وڵاتەین، كەسمان نامانەوێت هیچ كەسێك بەهیچ پاساوێك، ئەگەر خوا نەكردە كارێكی ناشەرعی لێ وەشایەوە لەم یاسایەدا پاساوێكی بۆ بهێندرێتەوە، بەڵام پێویستە حسابی پۆست و پلەكانیشیان بكرێت، چونكە ئەم پۆست و پلانە، هەندێكیان حەسانەی تایبەتیان هەیە، هەر ئەو ڕێكارە نیە كە دەستەی نەزاهە یان هەر دەزگایەكی تر بێت، ئیحالەی بكات بۆ هەر مەحكەمەیەك، پێویستی بەوە هەیە، چەند ڕێكارێكی تایبەتی خۆی بگرێتەبەر، یەكێ لەوانە، مەسەلەن سەرۆكایەتی هەرێمە، ئەوە جێگرەكەیەتی، ئەوە پێویستە بچێتە سوڵتەیەكی قەزائی بەرز، لەو سوڵتە قەزائیەدا كە ئێمە هەمانە، سوڵتەیەكی دادوەرییە سەربەخۆیە، یاسای تایبەتی خۆی هەیە، سەیری كێشەكە ئەكرێت، بەگوێرەی ئەوراقەكانی، لەگەڵ جەنابی سەرۆك وەزیران وسەرۆكی هەرێم و سەرۆكی پەرلەمان وجێگرەكەی، ڕووبەڕووی كاری یاسایی دەبنەوە، هیچ فەرقێكی نیە، بۆچی لێرەدا سكرتێری پەرلەمان نایەت، سكرتێری پەرلەمان وسەرۆكی پەرلەمان وئەندامانی پەرلەمان بە حوكمی یاسا، هەر

هەموویان ئەندامی پەرلەمانن، بەڵام لێرەدا پۆستێك دراوە بەو، دەستەیەك دروست کراوە ئەوە سەرۆکە، ئەوە جێگرە، ئەوە سکرتێرە، بەنیسبەت ئەوەی تر کەباسکرا، ئەو مەسئەلانە بۆچی لێرەدا ئیحالەی مەحکەمەی تایبەت یان مەحکەمەی تەحقیق ناکرێت، ئێمە لە ماددەی 6 دا، زۆر باسمان لەسەر کرد، کە هەموو قەزایەکانی ئەم دەستەی نەزاهەیە، ڕووبەرووی مەحاکم دەبێتەوە، ئەو مەحکەمەیەش کە یەکسەر ڕووبەرووی دەبێتەوە مەحکەمەی تەحقیقە، ئەوە بەگوێرەی قانونی اصول المحاكمات الجزائیە، بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتەی کە دراوە بە سوڵتەی قەزائی ئەم مەحکەمانە کە عائیدی مەجلسی قەزان، مەحکەمەی تەحقیقە، جونحەیە، جینایەتە، باقی مەحکەمەکانی تریش، هەرکەس بەپێی ئیختصاصی خۆی ئیجرائاتی خۆی ئەکات، ئیحالەی مەحاکم ئەکرێت، ئیجرائاتی یاسایی خۆیان بەرامبەر دەکرێت، ئێمە بەنیسبەت خۆمان وەکو ئەم لیژنە هاوبەشە، کۆکین لەسەر ئەو موقتەرەحەی کە لیژنەی نەزاهە پێشکەشی کرد، لەسەر ئەوەی کە (ابلاغ) بکرێت بە( اخبار مجلس القضاء) هیچ تێبینیەکی ترمان لەسەری نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر بەشیر، فەرموو.

**بەڕێز د. بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان باسیان لەوە کرد، کە ئەمە بۆ ناوی سەرۆکی یەکە ئیدارییەکانی تێدا نیە، هەروەها عەسکەرینی تێدا نیە، دەبێت باس لەوانیش بکرێت، ئێمە پێمان وایە لە خاڵی دووەم شمولی ئەوانە هەموویان دەکات، بەڵام بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا، ئەگەر بکرێت جێگای بکرێتەوە، ئەوە دەکرێت لە دووەم ئەوە بکرێت، لەپاش ئەوەی کە نووسراوە(بالنسبة لسائر الموظفين غير المنصوص عليهم في البند (1) من هذه المادة بما فيهم رؤساء والوحدات الادارية واعضاء مجالس المحافظات) لەوانی تردا ئێمە لەگەڵ ڕای لیژنەی هاوبەشین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دانیشتنەکە دوا دەخەین تا سەعات 2 خواتان لەگەڵ.....

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەكەمان، داوا لە هەر سێ لیژنەی یاسایی و دارایی و نەزاهە دەكەین فەرموون بۆ سەر مینەصە، فەرموون لیژنەی هاوبەش ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة عشر:**

**أولاً/ تتولى الهيئة إخبار مجلس القضاء في حالات الكسب الغير المشروع بالنسبة لرئيس الإقليم و نائبه و رئيس و أعضاء البرلمان و رئيس الوزراء و نائبه و الوزراء و وكلائهم و رؤساء الهيئات المستقلة و نوابهم للتحقيق فيها و إحالتها إلى المحاكم وفق القانون.**

**ثانياً/ تحال قضايا الكسب الغير المشروع بالنسبة لسائر الموظفين الغير المنصوص عليهم في البند أولاً من هذه المادة إلى قاضي التحقيق مباشرةً حسب الأحوال.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئێستا ماددەی (15) كە بەڕێز د.ڕۆژان خوێندییەوە، موناقەشەی لەسەر كرابوو، ئێستا دەخرێتە دەنگدان، بەو شێوەیەی بە عەرەبی خوێندییەوە، پاشان تەرجومە دەكرێتە كوردی، عەرەبییەكە دەبێتە ئەساس، كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرز بكات؟ (56) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدایە، كێ لەگەڵ دا نیە؟ (1) كەس كاك خورشید أحمد لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند كرا، ئێستا بۆ ماددەی (14) فەرموو، ببوورن بۆ ماددەی (16)، فەرموو.**

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی (18) لە ئەصلی مەشروعەكە دەبێتە ماددەی (16):**

**سەرۆكی دادگای تایبەتمەند بە بینینی داوای داهاتی نامەشروع بۆی هەیە لەسەر داوای دەستە حجزی ئیحتیاتی بخاتە سەر سامانی تۆمەتبار یان هاوسەری یان منداڵە ناكامەكانی.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بە عەرەبیش فەرموو بیخوێنەوە.**

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة السادسة عشر:**

يجوز لرئيس المحكمة المختصة بنظر دعوى كسب الغير المشروع إيقاع الحجز الإحتياطي على أموال المتهم أو زوجته أو أولاده القاصرين بناءاً على طلب الهيئة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لێژنەی هاوبەش پێمان وایە ئەم ماددەیە بەو شێوەی خوارەوەی لێ بکەین، لەبەر ئەوەی لێرەدا باسی کردووە (يجوز لرئيس المحكمة المختصة) و دووەم بە کەلیمەی (أموال)ی موتەهەمی هێناوە، تەبیعی ئەو مەحکەمەی کە ئەو قەزییانەی بۆ ئیحالە دەکرێ مەحکەمەی تەحقیقە، مەحکەمەی تەحقیق بە تەبیعەتی حال ریئاسەت نیە، هەیئە نیە، یەك حاکم ئیشراف دەکات، دووەم/ هێشتا ئەو کەسەی ئیحالە دەکرێ نەبۆتە موتەهەم، سیفەی موتەهەمی وەرنەگرتووە، لەبەر ئەوەی ئێمە موتەفقین بەم صیغەیەی خوارەوەی لێ بکەین، (للمحكمة و في قضايا الكسب الغير المشروع إيقاع الحجز الإحتياطي على أموال المطلوب التحقيق معه و زوجته و أولاده القصر)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی نەزاهە فەرموون.

**بەڕێز د.بشير خليل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێژنەکەی ئێمە بە نیسبەت ماددەی (18) لە ئەصلی پرۆژەکە، وا بە باش دەزانێ کە بەم شێوە نوێ یە دابڕێژرێتەوە، بە عەرەبیەکەی:

(على قاضي التحقيق المختص في دعوى الكسب الغير المشروع إيقاع الحجز الإحتياطي على أموال المتهم أو الزوجة أو الأولاد القاصرين بناءاً على طلب الهيئة عدا الأموال التي لايجوز حجزها وفق أحكام قانون التنفيذ).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان، کێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات، تەنها سێ ئەندامی بەڕێز دەیانەوێ قسە بکەن/ شوان کریم کابان، عبدالسلام بەرواری، د.أحمد وەرتی، فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك پرسیارم هەیە بە تایبەتی لە بەڕێزانی لێژنەی یاسایی، ئەم قەزییە کە تەحویل کراوە بۆ مەحکەمەی تایبەتمەند یان مەحکەمەی موختەص، لەوە نەبۆتەوە هەیئەکە کە ئەم کەسە تاوانبارە؟ ئینجا داویەتی بە مەحکەمە؟ یان هێشتا مەشکوکە لەوە؟ ئەگەر لەوە بووبێتەوە کە ئەو کەسە تاوانبارە بەو

قەزییەی کە لە سەرێتی، پارە خواردنە یان هەر شتێکی فەساد و گەندەڵی یە، دەبێ فیعلەن موتەهەمەکە بمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەوە وانیە حەق نیە بەڕاستی، ڕاستە ئەوە ناکرێ موتەهەم بێ، من تکام وایە ئەو بەڕێزانە ئەوەمان بۆ زیاتر ڕوون بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (المتهم بريء حتى تثبت إدانته)، بەڕێز عبدالسلام بەرواری، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من تێبینیەکەم دەکەمە پرسیار لە نەزانینی خۆم دەربارەی ژن و منداڵ لێرە، ئێمە لە پێناسەکردنی کەسبی غێر مەشروع زانیمان، چونکە ڕێگا هەیە ئەو بە ناوی ژنی خۆی یان منداڵەکانی کەسبی غێر مەشروع بکات، ئەوە تەحقیقی کردووە، بۆی دیار بووە کێ عیلاقەتی موباشیری لەگەڵ کەسب غێر مەشروعە هەیە، لێرە زۆر ئیحتیمال هەیە ژن و کوڕەکان هیچ عیلاقەتیان پێ نیە، کەچی ماددەکە حەق دەدات بە ئەوەی کە حەجزی ئەموالی ژن و منداڵیش بکرێ، لەبەر ئەوەی ئەوانەش مەصادری (کسب غیر مشروع)ن، بەڵام (case)ەکە خۆی، قەزییەکە ئەگەر عیلاقەتی ئێمە لە باتی ئەوە بڵێین (و کل الذين لهم علاقة بالقضية) باشتر نیە ئەوها بە ڕەها ڕێگا بدەین بە مەحکەمە، بێ ئەوەی ڕەنگە ژن و منداڵی هیچ عیلاقەتیشیان پێ بێت، چونکە ئەوە جیاوازە لەوەی تەعریفی (کسب)، من پرسیارە زیاتر.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز د.أحمد، فەرموو.

**بەڕێز د.أحمد إبراهيم ورتي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لێرە لەگەڵ ئەوەم لە جیاتی مەحکەمەی موختەصە قازی تەحقیق بێ، یەعنی قازی تەحقیق ئەو نەزەری دەعوا دەکات، ئیقاعی حجزی ئیحتیاتی، لە ئەخیرەکەشدا (عدا الأموال التي لايجوز حجزها)، منیش لەگەڵ ئەو ڕەئیەمە، بەڵام لێرە موتەهەم، دیارە مەبەست تۆمەتبارە کە کەسێ لەو حاڵەتەی حاڵەتی فەساد تۆمەتبار دەکرێ، خۆ ئەوە نەبۆتە تاوانبار، بۆتە موجەرەد تۆمەتی لەسەرە، کە ئەوە لێرە زۆر ئاسایی یە ئەگەر ئەو وشەیە لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، لێژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو پرسیارەی کاک شوان کردی جەنابت جوابت دایەوە، بەڵام بە نیسبەت ئەوەی کە کاک عبدالسلام و کاک أحمد ویستیان تەوزیحی لەسەر بکەن، بۆچی لێرە موشەریع هەوڵی ئەوەیەتی حجز بخاتە

سەر ماڵی ژنەکەی و مناڵە قاصیرەکانی؟ هەدەف موشەریع ئەوەیە ئەو ماڵە ماڵی عامە، بـۆ ئـەوەی نـەڕوات، بگەڕێتەوە بۆ عـام، بـۆ دەوڵـەت، ئـەو حیجـزەش کـە ئـەو مەحکەمەیـە دایـدەنێ، حیجزێکـی ئیحتیـاتی یـە، حیجزی تەنفیزی نیە، حیجزی ئیحتیاتی بە گوێرەی قانون تەدابیری ئیحتیرازی یە، هەندێك ئیجرائاتە بـۆ محافـەزە کردنـی ئـەو (case)ە هـەتا وەکـو بـە لایەکـەوە دەکـەوێ، (قـد یجـوز) ئـەو تەحقیقاتـە ئـەوها دەرنەچێت حیجزە ئیحتیاتەکەی لەسەر لادەچێت و کۆتایی پـێ دێـت، بۆیـە موشـەریع لێـرە داوای کـردووە ئەو مەحکەمەی کە (مباشرة) ئەوراقەکانی دەچێتە لا، بـۆ ئـەوەی ئـەو گومـان لێکـراوەی کـە ئیحالـەی ئـەو مەحکەمە کراوە فریای ئەوە نەکەوێ گۆڕانکاری لە نـەقل کردنـی ئـەو ماڵانـە بکات، ئـیتر موڵـك بێـت یـان حیسابی جاری بێ، یان نەقد بێ، یان پارە بـێ، تـەدبیرێکی ئیحـتیرازی بـۆ دادەنـێم، موەقـەتی یـە، حیجـزی ئیحتیاتی پێ دەوترێ، لەبەر ئـەوە ئێمـە وەکو لێژنەکـە هـیچ کێشـەیەکی لەسـەر نـابینین ئەگـەر حیجـزی ئیحتیاتی بێ، ئەوە بە نیسبەتی ئەوەی مەحکەمەی تەحقیق بێ یان ریئاسـەی مەحکەمـە، ئێمـە وتمـان لـە پێشەوە، وتمان (للمحكمة المختصة)، کە وتمان (محكمة المختصة)، یـەعنی ئـەو مەحکەمـەی کـە ئەوراقـەکانی بۆ حەواڵە کراوە، تەحصیل حاصل بە گوێرەی قانونی ئصولی موحاکـەماتی جـەزائی، ئـەوراق یەکـەم جـار دەچێتە لای مەحکەمەی تەحقیق، ئیتر دواتر بۆ ئێوەی بەڕێزە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەردوو لێژنە ئێستا دوو بۆچوونی جیاوازتان هەیە، ئەگەر ڕێکی بخەن لەگەڵ یەك، یان یەك، یەك بخەینە دەنگدانەوە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لێژنەی هاوبەش ڕێك کەوتین لەسەر ئـەوەی کـە بکـرێ بـە (للمحكمـة)، ئـەوی تـری وەکـو خـۆی حیجزە ئیحتیاتییەکە دەمێنێتەوە تا کۆتایی بڕگەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەمووی بخوێننەوە، ئاخیر صیاغە هەمووی بخوێننەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(للمحكمة و في قضايا الكسب الغير المشروع إيقاع الحجز الإحتياطي على أموال المطلوب التحقيق معه و زوجته و أولاده القصر).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکات؟ (56) ئەندامی بەڕێز لەگەڵدایە، کێ لەگـەڵ دا نیـە؟ بـە کـۆی دەنگ پەسند کرا، کەس دژ نیە، ئێستا بۆ ماددەی (15) لە ئەصڵی پرۆژەکە ماددەی (19)یە، فەرموو.

**بەڕێز عمر صديق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (19) لە ئەصڵی پرۆژەکە کە دەبێتە ماددەی (17):**

**یەکەم/ هەر کەسێك داهاتێکی نامەشروعی بۆ خۆی یان بۆ کەسێکی دیکە بە دەستهێنابێت، بە زیندانی کردن و بە غەرامەی هاوتای بەهای داهاتە نامەشروعەکە سزا دەدرێت.**

**دووەم/ بەسەرچوونی داوای سزایی لەبەر هۆی مردن بە حوکمی دادگای تایبەتمەند ڕێگا لە گەڕاندنەوەی داهاتی نامەشروع ناگرێت و بە پێی داوای دەستە لە ماوەی سێ ساڵ دا لە ڕۆژی مردنەکەوە لە سامانی مێردەکە و منداڵە ناکامەکانیان دەگەڕێتەوە بە جۆرێك هاوتا بێت لەگەڵ ڕادەی سوود وەرگرتنی لە داهاتە نامەشروعەکە.**

**سێیەم/ دەبێ دادگای تایبەتمەند فەرمان لە ئاست مێرد و منداڵە ناکامەکان بدات، ئەوانەی سوودیان لە داهاتی نامەشروع وەرگرتووە بە جێبەجێ کردنی حوکمەکە بە بڕینی بڕێك لە سامانی هەر یەکێکیان بە بڕی سوود وەرگرتنەکەیان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو بە عەرەبیش.**

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة السابعة عشر، المادة التاسعة عشر من أصل المشروع:**

**أولاً/ يعاقب بالسجن و بغرامة مساوية لقيمة الكسب غير المشروع كل من حصل لنفسه أو لغيره على كسب غير مشروع.**

**ثانياً/ لا يمنع إنقضاء الدعوى الجزائية بوفاة من رد الكسب الغير المشروع بحكم من المحكمة المختصة بناءاً على طلب من الهيئة خلال ثلاث سنوات من تاريخ الوفاة و تسترد من أموال الزوج و الأولاد القاصرين بقدر إستفادتهم من الكسب الغير المشروع.**

**ثالثاً/ على المحكمة المختصة أن تأمر في مواجهة الزوج و الأولاد القصر الذين إستفادوا من كسب الغير المشروع بتنفيذ الحكم بالرد في أموال كل منهم بقدر ما إستفاد.**

**سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئێستا ماددەی (17) لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان لەسەری.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەكەم/ ئێمە پێشنیار دەكەین تەنها سزایەكە ئەوە نەبێ كەوا سجنەكە، لەبەر ئەوەی غەرامەكە لێرە مساوی یە (لقیمة الكسب المشروع) ئەو بڕگە پێشنیار دەكەین كە لابدرێ، سزایەكە ئەوە بێ ئەو پارەی كە وەكو (كسب غیر المشروع) دەستكەوتێكی بێ ئەوەی سەرچاوەكەی ڕەوا بێ وەری گرتووە ئەو پارە بگەڕێتەوە، ئەوە گەورەترین سزایە كە پێی بدرێ، ئەگەر بڕە پارەیەكی قازانج دەستی كەوتووە، نەیتوانی بیسەلمێنێ كەوا سەرچاوەكەی ڕەوایە، ئەوە ئەو بڕە پارەیە بگەڕێنێتەوە، ئەوجا دواتر مەحكەمە حوكمی دەدا بە سجن كردن، واتا بڕگەكە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

(كل من حصل على كسب غیر مشروع لنفسه أو لغیره یعاقب بالسجن و برد مبلغ الكسب الغیر المشروع)، سجن و گەڕانەوەی بڕە پارەكە، بڕگەی دووەم/ وەك خۆی بمێنێتەوە، بڕگەی سێش هەر وەك خۆی بمێنێتەوە، تەنها وشەی (تأمر) بكرێتە (تقرر)، چونكە بڕیار لەلایەن مەحكەمە دەردەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی نەزاهە ڕەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش ڕامان ئەوەیە كە ئەو ماددەیە بەم شێوەیە صیاغە بكرێتەوە بە عەرەبیەكەی:

(أولاً/ یعاقب بالسجن كل من حصل لنفسه أو لغیره على كسب غیر مشروع و إجباره برد المبلغ المكتسب بطریقة غیر مشروعة)، (ثانیاً) و (ثالثاً) هیچ مولاحەزەمان لەسەر نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بكات؟ ئێستا ئەم ئەندامە بەڕێزانە دەیانەوێ موداخەلە بكەن: عماد محمد، عبدالسلام بەرواری، سمیرە گۆران، شەڤان أحمد، ئاسۆ كریم، پەروین عبدالرحمن، تارا ئەسعەدی، حسن محمد، دانا صوفی، بەفرین حسین، هاژە سلیمان، كەسی تر ماوە؟ نیە، فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن سەرەتا پشتگیری پێشنیاری لێژنەی هاوبەش دەكەم سەبارەت بە ماددەی (17) كە لە ئەصڵی پرۆژەكە ماددەی (19)یە، بەڵام پێشنیار دەكەم هەردوو بڕگەی یەكەم و دووەم دەمج بكرێت، بەم شێوەیە صیاغە بكرێت:

(یعاقب بالسجن و بغرامة تعادل) (مساوي) ببێتە (تعادل قیمة الكسب غیر المشروع كل من ثبت)، چونكە لێرە وتی (كل من حصل) لێر ببێتە (كل من ثبت أن حصل لنفسه أو لغیره على كسب غیر مشروع مع الحكم بمصادرة الكسب الغیر المشروع سواء كان في حسابه أو في حساب غیره و لا یحول إنقضاء الدعوى الجزائیة من

رد الكسب الغير المشروع بحكم من المحكمة المختصة لأي سبب من الأسباب)، چونکە لێرە بەس لە حاڵەتی وەفات بوون دا باسی کردووە، لێرە پێم باشە (لأي سبب من الأسباب) بێ، (دون الحكم بمصادرة الكسب الغير المشروع)، ئەوە بڕگەی یەکەم و دووەم بەو شێوە دەمج بکرێ، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم وەك خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارەکەت بە نووسین بنێرە بۆیان، بەڕێز عبدالسلام بەرواری، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەگەڕێمەوە مەوزووعی منالْ و ژن، ئەگەر تەماشای سێیەم بکەین، صیغە ئەصڵییە دروستەکەی کە من مەبەستم بوو تێدایە، (الزوج و الأولاد القصر الذين إستفادوا من الكسب الغير المشروع)، واتا بە ڕەئی من لە هەر جێگایەك ئیشارەت بۆ سزا خستنە سەر ژن و منالەکانی، بە مەرجێك بێ کە ئەوانە موستەفید بن لە کەسبی غیر مەشروع، ئەگەر تەماشا بکەن دووەم (ثانياً)، خۆی ئیسبات بووە موتەهەمە، چونکە قەزییەکە تەواو بووە، واتا نەزەرییەن من تەوەقوع دەکەم منالەکان و ژنەکەی (بريء) بوونە، ئەگینا ئەوانیش موتەهەم بوون، کەچی کە دەمریت دێیت و لە منالْ و ژن کە موتەهەم نینە شت وەردەگری، من جیاوازی دەخەمە بەینی عیقاب لە مەفهومی کۆن و تازە، هی کۆن ئینتیقامی بوو، جەماعی بوو، هی تازە فەردی یە، تەعویزی یە، ئەگەر ئیسبات نەبوو کە ئەو (کسب غیر مشروع)ە ئەو بە ناوی ژنی و منالی کردووە، من نازانم بە چ حەق ئێمە لە دووەم دەڵێین لە (أموال الزوج) و (أولاد القصر) وەردەگرین؟ بۆیە لە ماددەی پێشووش من مەبەستم ئەم مەبەستە بوو، لە جێگایەك کە (أولاده و الزوج) هاتووە، (الذين إستفادوا من الكسب المشروع)ی تێدابێت، وازح دەبێت، ئێمە سزای موتەهەمێك دەدەین، بەڵام ئەگەر هات و ئەوان بەش نەبن تێدا و ئەوها بە عمومی بێت، ئێمە عیقابێکی جەماعی دەخەینە سەر خەڵکێك کە بەریئن، (ثالثاً) دروستە، بۆیە ئیقتیراح دەکەم ئەگەر ما (ثانياً)یش، (وتسترد من أموال الزوج و القاصرين بقدر إستفادتهم) بێت، نا بە قەدەر (إستفادته)ن سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەس لە (ثانياً) لە ئەخیر دا نووسراوە، (بقدر إستفادته من الكسب الغير المشروع)، بەڕێز سمیرە گۆران، فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (17) سزای ئەو کەسەی کە خۆی ئاشکرا ناکات، یان هەندێك سامان و سەروەتەکەی لەو بڕەی کە زۆر کەمە ئاشکرا ناکات، بە ڕەئی من ئەوە کەمە ئەو عقوبەی داندرایە، لە نیهایەتی بڕگەکە زیاد بکرێت (إبعاده عن هذه الوظيفة)، ماوەی سجن و غەرامەکەش دیاری بکرێت پێم باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شڤان أحمد، فەرموو.

**بەڕێز شڤان أحمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا موقتەرەحەکەی کاك عیماد مـن پشتگیری لـێ دەکـەم، مـن هـەر ئـەوەم هـەبوو، زائیـدەن دوو ئـەوەی (لنفسه) (لذاته) بنووسـرێ باشـترە، قـانونی تـرە، ناحیـەی قانونیەکـەی، تـاریخ هـەمزەی لەسـەر دابنـدرێت (تأریخ) بێت، چونکە موحەدەدە، ڕۆژی وەفات، ڕۆژی لە دایك بوون دیارە، موحەدەدە، (تـأریخ) بنووسـرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئاسۆ کریم، فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگـەڵ پێشـنیازی لێژنـەی هاوبەشـم سـەبارەت بـە بڕگـەی یەکـەم، لـە دوای بڕگـەی دووەم پێشـنیاز دەکـەم دەقێکی دیکەی قانونی بەم شێوەیە، یەعنی بڕگەیەکی تر بەم شێوەیە زیاد بکرێ بە عەرەبی دەیخوێنمـەوە (لا تسقط بالتقادم الدعاوى الجزائية المتعلقة بجرائم الفساد)، پێشنیاز دەکەم ئەو بڕگەیە زیاد بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز پەروین عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لـە لێژنـەی هاوبـەش دەکـەم بـە نیسـبەت خـاڵی یەکـەم، بـەڵام مـن وەکـو کـاك عبدالسلام فەرمووی لە بڕگەی دووەم کاتێك ئـەو شەخصـە کـە موتەهەمـە بـە کەسـبی نامەشـروع، کـە خـۆی مـردووە ئێستاکە بۆ ژن و منداڵەکانی ئینتیقامیان لـێ وەربگیرێتـەوە؟ مـن وەکـو ڕاکـەی کـاك عبدالسلام پـێم باشـە ئەگەر بڕگەی دووەم و سێیەم دەمـج بکـرێ وای لـێ بکـرێ بڵـێ/ (بەسەرچوونی داوای سـزایی لەبـەر هـۆی مردن بە حوکمی دادگای تایبەتمەند ڕێگا لە گەڕانەوەی داهاتی نامەشرووع ناگرێت و بە پێی داوای دەسـتە لە ماوەی سێ ساڵ دا لە ڕۆژی مردنەکەیەوە، دادگای تایبەتمەند فەرمان بە مێرد و منداڵە ناکامەکان بـدات ئەوانەی کە سوودیان لە داهاتە نامەشروعەکە وەرگرتووە بە بڕی بەشێك لە سامانی هەر یەکەیان بـە بـڕی سوود وەرگرتنەکەیان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز تارا ئەسعەدی، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من لەگەڵ لێژنەی هاوبەشم کە لە تەصنیف کردن و بڵێین کورت کردنی قەزییـەکان لـە ڕوویـەکی قانونییەوە، بەڵام مـن پرسـیارەکەم ئەوەیـە، زۆرجـار ئێمـە لـە چـوونی سـجنەکانیش دەبیـنین منـداڵ و ژن گیراوە لەسەر قەزییەیەك، کە ئەو قەزییەیە مێردەکەی یان هاوسەرەکەی پێی هەستاوە، کە کەسبێکی (غیر مشروع)ە، یان موتاجەرەیەکە لە موخەدەرات، یان لە شتێ، ئایا لەو حاڵەتە نابێ ئێمـە وا تەحدیـدی بکـەین ئەگەر بێت و ژنەکە زانیبێتی کە ئەو کەسبێکی (غیر مشروع) دەکات لەو حاڵەتە بگیرێ، چونکە ئەگـەر بـە قورئان بێ و بە قانون، (ولا تزر وازرة وزر اخری)، هیچ کەسێك گوناحی ئەوی تر هـەڵناگرێ، مـن تێناگـەم ئەو ژنە و ئەو منداڵانە کە دەخرێنە ناو سجن، منداڵێ جارێ لە ناو بێشکەیە، زۆرجار لە ناو لانك بووە لـە ناو سجن دایە، من تێناگەم شتەکە ئەگەر قانونیەن من تێـی بگـەم چیە؟ مـرد، دوای ئـەوەی مـرد منـداڵ و ژنەکەی دەبێ لە باتی ئەو کەسبە (غیر مشروع)ەکە بـدەن؟ ئەوهایـە؟ حـەز دەکـەم ئـەوە ڕوون بکرێتـەوە، یەعنی شتەکە تۆزێ (غیر مفهوم)ە، هەروا باس دەکرێ، بەس لە ڕووی قانونییەوە پێم خۆشە ئەگـەر زیـاتر ڕوون بکرێتەوە تاکو بە جوانی دەنگی بۆ بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.حسن، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم مادده باس لە عقوبات دەکات، بـە پێـی ئـەو داڕێـژراوەی کـە لـە ماددەکـەدا هـاتووە، وا نیشـان دەدا کـە حاڵەتەکە لە قانونی عقوبات هاتبێ، بۆیە بە ڕەئی من ئەگـەر بـاس لـەو حاڵەتـە جەرائیمانـە بکـەن کـە لـە قانونی عقوبات دا هاتووە، خۆشی لەوێ عقوباتی بۆ داناوە، پێویست ناکات لێرە دووبارە بێتەوە، بۆیە زیاتر ئەم ماددەیە بۆ ئەو کەسانەیە کەوا موخالیفن، یاخود موخالەفەی ماددەی (14)ی ئەم قانونە دەکەن، بۆیە دەبێ زیاتر ئەم ماددەیە لێرە ڕەنگ بداتەوە، وازح تر بێ، من لـە سـەرەتاوە داوا دەکـەم کـەوا ماددەکـە بـەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە/ (فيما لم يـرد فيـه نـص في قـانون العقوبـات أو أي قـانون آخـر نافـذ)، لـەو حاڵەتـەدا ئەگەر لەوێ نەهاتبێ، لـە قـانونی عقوبـات نـەهاتبێ، ئێمـە ئـەو عقوبـەی ئێسـتا کـە لـەم ماددەیـە دانـدراوە دایـدەنێین بـۆ ئەوانـەی کـەوا (كـل مـن يخـالف مـادة (14) مـن هـذا القـانون)، ئـەوە خـاڵی یەکـەم، خـاڵی دووەمیش/ بە باشی دەزانم تەخفیفی عقوبە بۆ ئەوانە بکرێ، (يشمل التخفيف من العقاب كل من ساهم في أي جريمة من جرائم الفساد إذا بادر إلى إبلاغ السلطات المختصـة عـن الجريمـة أو قـدم بيانـات أو معلومـات و كذلك).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز د.دانا سعید صوفی، فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من سەبارەت بە بڕگەی یەکەمە لە ماددەکە، لێژنەی هاوبەش بە شێوەیەکی تر دایان ڕشتووە، پێم چاکە ئەو دارشتنەوەیە تازەیە، بەڵام هەست دەکەم هێشتا هەندێك نوقصانی تێدایە دارشتنەوەکە، لەبەر ئەوەی ئەو بڕگەیە دوو جۆر سزای دیاری کردووە سەبارەت بە داهاتی نامەشروع، یەکێکیان زیندانییە، ئەوی تریان غەرامەیە، سەبارەت بە غەرامەکە میکانیزمەکەی دیاری کراوە، با بڵێین نووسراوە (هاوتای بەهای داهاتە نا مەشروعەکە سزا دەدرێت)، بەڵام سەبارەت بە زیندانی کردنەکە هیچ میکانیزمێك دیاری نەکراوە، سەقفێك هەیە یاخود نیە؟ ئایا پێشتر لە قانونی عقوباتی عامی عیراقی دیاری کراوە سەبارەت بە داهاتی نامەشروع؟ ئەگەر دیاری کرابێ هەردوو لا دیاری کراوە، پێموایە پێویست ناکات لێرە ئیشارەی پێ بدەین، مادام بۆ سزای غەرامەکە دیاری کراوە، دەبێ میکانیزمێك بە باوەڕی من بۆ زیندانییەکەش بە هەمان شێوە دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە، فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (19)ی ئەصلی پرۆژەکە دەکاتە ماددەی (16) کە باس لە زیندانی کردن و غەرامە دەکات، سەبارەت بە زیندانەکە، بەڕێزان ئەگەر لە قانونی عقوبات هاتبێت ئەوە پێویست ناکات لێرە بێت، ئەگەریش نەهاتبێت، بەس باس لە زیندانی کردن دەکات و ماوەکەی دیار نیە، ئایا بۆ ماوەی چەنێکە و چەنێك نیە؟ ئایا لە دەسەڵاتی دادگای تایبەتمەند یان ئاوا بە کراوەیی لێرە جێهێڵراوە؟ باسی غەرامەکە دەکات، باشە، بەهای داهاتە نا مەشروعەکە کێ هەڵی دەسەنگێنێت ئەو بەهایە؟ پێوەرەکەی چی یە؟ لە بڕگەی دووەمیش کە باس لە بەسەرنەچوونی ئەو سزایە دەکات کە کەسەکە ئەگەر بمرێت، بەڕێزان من نایشارمەوە لە هەرێمەکەمان دا ژنان دەتوانم بڵێم پلە و پایە و پۆستێکی گرنگیان هەیە، سەرجەم ناوەندەکانیان تەنیوە، لە هەموو پلە و پۆستە باڵاکان دا وجودیان هەیە، ئەگەر ژنان لێم زویر نەبن دەمەوێ شتێك بڵێم لێرەدا، باس لەوە دەکات لە سامانی مێردەکە و منداڵەکان و ناکامەکانیان دەگرێنرێتەوە، باشە ئایا تەنها مێرد تێوەدەگلێ لە دیاردەی گەندەڵی؟ ئەگەر ژنان زویر نەبن، ئایا ژنانیش، ئەی ئەگەر ژنان بوون؟ بە هەمان شێوە باس لەوە دەکات جۆری وەرگرتنەوەکەی لەگەڵ ڕاددەی سوود وەرگرتن لە داهاتە نامەشروعەکە، ئایا ئەوەش ڕێژە و پێوەرەکەی چۆنە؟ لە بڕگەی سێیەمیش بە هەمان شێوە هاتووە باس لە مێردەکە دەکات، بۆیە من تکا دەکەم لە لێژنەی پەیوەندیدار موعالەجەیەکی ئەوە

بکەن، زۆر سوپاس، بەس باسی مێرد دەکات، ئەگەر بکرێت بە هاوسەر باشترە، یان کەسی تێوەگلاو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لە قانون جەمع هەیە، جەمع شەملی موئەنەسیش دەکات، موفرەد شەملی جەمع و موسەنا دەکات، کاك فرست با تەوزیحێك بدات لەو بوارەوە.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە مەبدەئە و لە هەندێ قەوانین نصوصی صەریحی پێ هەیە، لەفزی (مذکر) شاملی (مؤنث) دەبێت، لەفزی (مفرد) شاملی (جمع و مثنى) دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز هاژە سلیمان، فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی (19) لە ئەصلی پرۆژەکە کە ئێستا ماددەی (17)یە، بەڕاستی منیش زیاتر ئەو تێبینیانەی کە هاوکارانم پێشتر تەرحیان کرد لەسەر مەسەلەی زیندانی کردنەکە، کە ئایا بە چ میکانیزمێك بێت؟ ئایا بە پێی قانونی عقوباتی عیراقی یە؟ ماوەکەی چەندە؟ سێ مانگە؟ شەش مانگە؟ بە پێی توهمەکە دیاری دەکرێ؟ ئەوە دیاری بکرێت، هەر دەربارەی ئەوەی کە ئێستا بەفرین خان باسی کرد، دەربارەی ئەوەی کە زیاتر تەئکیدی لەسەر پیاو کردووە، یەعنی کەس دەتواندرێ وەکو کەس دابندرێ لە قانونەکە ئاماژەی پێ بکرێ، پشتگیریش لە ئیقتیراحەکەی بەڕێز کاك ئاسۆ دەکەم بەوەی کە بڕگەیەك زیاد بکرێ، (لاتسقط بالتقادم الدعاوي الجزائية المتعلقة بجرائم الفساد)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لە ناو موناقەشە ئەگەر ئەوەی دەیەوێ قسە بکات ڕجاتان لێ دەکەین ئیجازە وەرگرن بچن لە دەرەوە قسە بکەن، بەڵام لە ناو جەلسە لە قاعەکە بچووکە گاڵەگاڵ دەکەن، ئێستا من نازانم ئەو خوشکە چی وتووە؟ مولاحەزەی چ بنووسم؟ لێژنەی هاوبەش فەرموو ڕەئیتان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیار و تێبینیانەی کە خرانە ڕوو ئێستا، پێشنیارێك تایبەت بوو بە بڕگەی یەکەم کە باس لەوە کرا بسەلمێندرێ تاوانەکە، بەڕێزان سزا تەنها لەو حاڵەتانە دەسەپێندرێ، ئەگەر سەلمێندرا ئەو تاوانە، ئەو کارەی ئەنجام داوە، ئەوە بەدیهیاتە و هیچ سزا بەرامبەر تاوان نییە، ئەگەر لەسەری نەسەلمێندرا، ئەوە ناگەینە ئەو ماددە و جێبەجێ ناکرێ، ئەو سزایەی لەسەر نابێ، باس لەوە کرا ماوەی

سجنەکە دیاری بکرێ، میکانیزمی غەرامەکە دیاری کرا، میکانیزمی سجنەکە دیاری نەکراوە، ئەوە قەواعیدی عاممەی قانون عقوباتی عیراقیمان هەیە لە مادده (25) باس لەوە دەکات کە سجن لە پێنج ساڵ تاکو بیست ساڵە، بۆیە پێویست ناکات ئێمە لێرە هەموو وردەکارییەکان باس بکەین، چونکە ئەوە بۆ سوڵتەی تەقدیری لەوانەیە پێنج ساڵ حوکم بدرێت تا بیست ساڵەکە، بۆیە موددەکە دیاری نەکراوە، لە مادده (25)ی قانونی عقوباتی عیراقی وردەکارییەکان لەوێ باس کراوە، ئەو تێبینییەی کاك عبدالسلام تایبەت بوو بە بڕگەی دووەم (بقدر الإستفادة من الكسب الغير المشروع)، فیعلەن دەقەکە زۆر ورد نیە، (بقدر إستفادة كل منهم من الكسب الغير المشروع)، واتا هەر یەکە و بە گوێرەی ئەوەی کە سوودمەند بووە، باس لەوە کرا بۆ باسی منداڵەکان و ژنەکە کراوە؟ بەڕێزان ئەو کەسە کە بەکەسبی (غير مشروع) داهاتێك و دەستکەوتێکی بەدەست هێناوە، سەرچاوەکەی ڕەوا نیە، کەسەکە باسی حاڵەتی وەفات دەکات، کە مرد، ئەوە میراتە دەگەڕێتەوە بۆ وەرەسە، ئەگەر سەلمێندراو شەخصەکە مرد، فیعلەن عقوبە شەخصی یە، کەسێك لە باتی کەسێك ناگیرێ لێرە، تەنها باس لەو حاڵەتە دەکەین حاڵەتی وەفاتە، حاڵەتی مردن، بەشێك لە میراتەکە یان هەمووی لە ڕێگایەکی ناڕەوا بەدەستی هێناوە، ئەو کەسەی کە ئەو کارەی کرد مرد، بەڵام میراتەکەی ماوە، پارەکە ماوە، موڵکەکە ماوە، گوازراوەتەوە بۆ ژنەکە و منداڵەکانی، ئەوان چەند سوودمەند بوونە، ئەوە تەنها ئەوەندەیان لێ وەردەگیرێتەوە، باس لەوە کرا بڕگەیەك زیاد بکەین (لا تسقط بالتقادم الدعاوي الجزائية) ئەوە پێویست ناکات، چونکە لەبەر ئەوە دەعوای جەزائی سقوت ناکات، تەقادوم ناکات تەنها حاڵەتی وەفات نەبێت، لەبەر ئەوە بڕگەیەك تایبەتە بە حاڵەتی وەفات، پێویست ناکات دەقێك زیاد بکەین، پێشنیاری ئەوە کرا کە ئەگەر سزای تر هەبێ لە قانونی عقوبات جێبەجێ بکرێ، بەڕێزان مادده (22)ی ئەصلی پرۆژەکە باس لەوە دەکات (دون الإخلال بعقوبة أشد)، واتا ئەو سزایانەی کە لەو یاسایە هاتووە، ئەگەر سزایەکی توند تر هەبوو، ئەوە ئەوان جێبەجێ دەکرێ، ئیخلال نیە، بەڵام ئێمە دەقێکمان هەیە (لاجريمە و لا عقوبە إلا بنص)، بۆیە دەبێ لێرە سزایەکە باس بکرێ، باس کرا ئەو کەسانەی کەوا هاوکار دەبن لە ئاشکرا کردنی ئەو جۆرە گەندەڵی و کەسبە غێر مەشروعانە دەکات تەخفیف بکرێ عقوبەکەی، نەك تەخفیف کراوە، لە مادده (20) هەر عەفوو کراوە، هیچ سزایەك لەسەری ناسەپێندرێ، لەو حاڵەتەی کە باس کراوە هاوکاری دام و دەزگاکان بووە بۆ ئاشکراکردنی سەرچاوەی ئەو داهاتە، یان ئاشکرا کردنی گەندەڵەکە، نەك تەخفیفی عقوبە، عەفوو کراوە، باسی ئافرەت و ئەوەش کرا، وابزانم سکرتێری پەرلەمان ڕوونی کردەوە، لە هەموو شوێنێك ئێمە جەخت دەکەینە سەر ئەوەی کە ئافرەت دابندرێ، ئەوە لەفزەکە هەموو کەسێك دەگرێتەوە، ئەگەر بە موفرەدیش بێ موزەکەر و موئەنەس، ئەگەر نەشبێ ئەوە واتا ئافرەت هیچ گەندەڵی ناکات و کەسبی غێر مەشروع نیە لەناو ئافرەت، ئەوە شتێکی باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی نەزاهە، فەرموو.

**بەڕێز د.بشير خليل حەداد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو ئەندام پەرلـەمانی بـەڕێز ئیقتیراحـی ئـەوەیان کـرد کـە ئـەو عیبـارە ئیزافـە بکـرێ (لاتسقط بالتقـادم الدعاوى المتعلقة بالفساد)، وابزانم ئەوە مەسەلەیەکی قانونی چەند فەقەرەیـەکی قـانونی هەیەکـەوا بـەیان دەکات کامەنـە ئـەو دەعوایانـەی کـەوا (لاتسـقط بالتقـادم)، مەسـائیلی مـالی و مەسـائیلی ئـەموال عاممەیـە، وابزانم ئەگەر لێرە زیاد بکرێ، لەگەڵ ئەوان دا نەوعـە تـەناقووزێك دروسـت دەکات، بۆیـە پێویسـت ناکـات بەڕەئی ئێمە ئەوە زیاد بکرێ، تارا خـان باسـی ئـەوەی کـرد کـە ئەگـەر بـۆ لـە پـاش مردنـی باوکەکـە دەبـێ منداڵەکان و ژنەکە پارەکە بدەنەوە؟ ئەم تـەعویزە، لەبـەر ئـەوەی ئـەوان ئیسـتیفادەیان لـەو ماڵـە کـردووە، ئەگەر بابەکەش بمێنێ لە پاش دا میراتەکە هـەر عـەینی بـۆ ئەوانـە، مـادام مـیرات و ئیسـتیفادەی بـاوك بـۆ منداڵ و ژنەکانە دەبێ عەینی شتەکەش لە کاتی گەڕاندنەوەدا ئەوان بیگەڕێننەوە، قاعیدەیـەکی شـەرعیش هەیە لێرەدا کە دەڵێ/ (الغرم بالغرم)، یەعنی کـێ ئیسـتیفادەی کـردووە دەبـێ ئـەو لـە پاشـان تەعویزەکـەی بداتــەوە، بۆیــە لێــرەش ئــەوە هــیچ موشــکیلەیەکی تێدانیــە، کــە ئەگــەر منداڵــەکانی یــان ژنەکــە پارەکــە بگەڕێنێتەوە، بەفرین خان ئاماژەی بـەوە کـرد، باشـە ئەگـەر هـاتو گەندەڵکارەکـە ئافرەتەکـە بـوو، ژن بـوو، پیاوەکەش نەفسی شت دەگەڕێنێتەوە پارەکە ئەگەر ئیستیفادەی لێ کردبێ؟ بەڵێ، لەبـەر ئـەوەی کەلیمـەی زەوج لە زمانی عەرەبیش دا بە هـەردوو ڕەگـەز دەوتـرێ، بـە ژنـیش دەوتـرێ (زوج)، بـە پیـاویش دەوتـرێ (زوج)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئاخیر صیاغەتان تکایە؟ لێژنەی هاوبەش فەرموون.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (19) لە ئەصلی مەشروع بوو ماددەی (17):

أولاً/ يعاقب بالسجن و برد مبلغ الكسب الغير المشروع كل من حصل لنفسه أو لغيره.

ثانياً/ لا يمنع إنقضاء الدعوى الجزائية بالوفاة من رد الكسب الغير المشروع بحكم من المحكمة المختصة بناءاً على طلب من الهيئة خلال ثلاث سنوات من تاريخ الوفاة و تسترد من أموال الزوج و الأولاد القاصرين بقدر إستفادة كل منهم من الكسب الغير المشروع.

ثالثاً/ على المحكمة المختصة أن تقرر في مواجهة الزوج و الأولاد القصر الذين إستفادوا من كسب الغير المشروع بتنفيذ الحكم بالرد في أموال كل منهم بقدر ما إستفاد.

سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بڕگەی یەكەم دیقەتی زیاتری دەوێت، تكایە دووبارە بیخوێننەوە، ناوی ماددەكە بێنن، بڕگەی یەكیشی بە وازحی بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السابعة عشر/

أولاً/ يعاقب بالسجن و برد مبلغ كسب الغير المشروع كل من حصل لنفسه أو لغيره على كسب غير مشروع.

ثانياً/ لا يمنع إنقضاء الدعوى الجزائية بالوفاة من رد الكسب الغير المشروع بحكم من المحكمة المختصة بناءاً على طلب الهيئة خلال ثلاث سنوات من تاريخ الوفاة و تسترد من أموال الزوج و الأولاد القاصرين بقدر إستفادة كل منهم من الكسب الغير المشروع.

ثالثاً/ على المحكمة المختصة أن تقرر في مواجهة الزوج و الأولاد القصر الذين إستفادوا من الكسب الغير المشروع بتنفيذ الحكم بالرد في أموال كل منهم بقدر ما إستفادوا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ لەگەڵە دەست بەرز بكات؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دا نیە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا، ئێستا بۆ ماددەی تر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(المادة العشرون) كە دەبێتە (المادة الثامنة عشر):

يعفى الشريك في جريمة الكسب الغير المشروع إذا بادر إلى إبلاغ السلطات المختصة عن الجريمة قبل كشفها أو أعان أثناء البحث و التحقيق في كشفها و لايخل حكم هذه المادة بوجوب الحكم بالرد.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بە كوردیش.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی بیست لە ئەصڵی پرۆژەكە كە دەبێتە ماددەی هەژدە:

ئەو كەسەی لە تاوانی داهاتی نامەشروع دا بەشدار بووە دەبووردێت ئەگەر دەست پێشخەری بكات لە ئاگادار كردنەوەی دەسەڵاتە تایبەتمەندەكان سەبارەت بە تاونەكە بەر لە ئاشكرابوونی یان لە كاتی گەڕان و

لێکۆڵینەوە بۆ ئاشکراکردنی یارمەتیان بدات، حوکمی ئـەم ماددەیـە لـە پێویسـتی حوکمـدان بـە گەڕانـەوەی بڕی سامانەکە بەدەر نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لـە ماددەکـە دەکـەین، تـەنها زیـادکردنی یـەك وشـە لەوانەیـە هەڵەیـەکی چاك بـبی، (یعفـی الشريك) دیاری نەکراوە لە چ ئیعفا دەکرێ، بۆیە پێشنیار دەکەین وشەی عقوبە زیاد بکرێ، (من العقوبـة)، (يعفى الشريك من العقوبة في جريمة...) دواتر وەکو خۆی تا کۆتایی ماددەکە، تەنها (من العقوبـة) بـۆ دوای وشەی شەریك زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی نەزاهە.

**بەڕێز د.بشير خليل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ڕامان وایە کە ئەو درێژییە کورت بکرێتەوە بەو شێوەیە:

(يعفى الشريك من العقوبة الواردة في المادة الثامنة عشر في جريمة الكسب الغير المشروع...إلخ)، ئـەوە بکرێتـە ماددە (18) بۆ ئەوەی لە جیاتی ئەو درێژەپێدانەی ئێرە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(يعفى الشريك من العقوبة في جريمة الكسب الغير المشروع) لەسـەرەوە تـەوزیح کـراوە ئـەو عقوبەیـە چـیە، تەنیا عقوبەکە نیە کە ئەو ماددەیەی لە خۆوە گرتووە، ئیعفایە لە عقوبەکە بە شـەرتی گەڕاندنـەوەی ئـەو مەبلەغـەی کـە دەسـتی کـەوتووە، یـان ئـەو پـارەی کـە دەسـتی کـەوتووە، لەبـەر ئـەوە خـۆی ماددەکـە بـە صیاغەیەکی زۆر باش هاتووە، ئەگەر وەك خۆی بیخەینە دەنگەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر بشیر صیاغەتان هەیە بیدەینە دەنگدان؟

**بەڕێز د.بشير خليل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

صیاغەی ئێمە وتمان لە جیاتی ئەوەی (جريمة الكسب الغير المشروع) دیسان دووبارە بێتەوە، ئێمە دەڵێین (يعفى الشريك من العقوبة الواردة في المادة الثامنة عشر)، لەبەر ئەوەی ئەوە لە ماددەی (18)دا دیاری کردووە، بۆ دیسان دووبارەی بکەینەوە؟ ماددەکە لە جیاتی وەسفەکە بەکاربێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بەو شێوەیە بێت لە ماددەی هەژدەم باسی عقوبەکەمان کردووە، باسی سجنمان کردووە و باسی گەڕانەوەی پارەکەشمان کردووە، ئەگەر پارە بێ، هەر شتێك بێ کە بە شێوەیەکی ناڕەوا بە دەستی کەوتووە، بەڵام ئێمە تەنها لە عقوبەکە و ڕەددەکە عەفووی ناکەین، بۆیە پێویستە لە باتی ئەوەی بڵێین لە ماددە هەژدە باسی کۆمەڵەك حاڵەت دەکات، تەنها لە سزایەکە واتا لە حەبسەکە عەفووی دەکەین، لە ڕەددەکە عەفووی ناکەین، پێویست ناکات من هەموو سزایەکانی کە لە ماددە (17)دا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلە ئیعفای ئەو شەریکە بە شەرت کراوە، بە شەرتی (إذا بادر إلى إبلاغ السلطات المختصة)، مەفرووزە ئەوەی تیا بمێنێتەوە، ئەو شەریکە ئیعفایە لە جەریمەکەی کە دادەنرێ عقوبەی کەسبی (غير مشروع) بەڵام بە شەرتی (إبلاغ السلطات المختصة)ی پێ دەوێ، لەبەر ئەوە پێویستە ئەو ماددەیە وەکو خۆی، بەو صیاغەیە ئەگەر نەیێت ڕەکیك دەبێ و مانای خۆی نابەخشێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخیر صیاغەتان بخوێنن، دەیدەینە دەنگدان، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەوە ئەوەکەی تر دەدەینە دەنگدان، فەرموو، داوای لێبووردن دەکەین، ببوورن، بەڕێزان کێ دەیەوێ قسەی لەسەر بکات، فەرموو، ئەوانەی دەیانەوێ موداخەلە بکەن: بێریڤان سەرهەنگ، پەروین عبدالرحمن، تارا تحسین، جلال علی، خورشید أحمد، دانا سعید صوفی، عمر نورەدینی، فازل بەشارەتی، قادر حسن، فەرموو بێریڤان خان.

**بەڕێز بێریڤان إسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەوە نابینم یەکێك ئەگەر داهاتی نامەشروعی هەبێ و لیێی ببوورین، چونکە خۆ ئێمە ناڵێین ئیعدامی بکەن، بەڵام نابێ لێشی خۆشبین، ئەگەر حەبسیشی نەکەی، بەڵام ئەوە دەچێتە ناو (قائمة السوداء)

جارێکی تر نابێ ئەو ئیشە بکات، ئەوەش هەر تاوانی کردووە، یەعنی نیەتی پاك نەبووە، یەعنی کردوویەتی، کە زانیتی عقوبە دەدرێ ئەوجا دەگێرێت، یان ئەوە دەکرێ، بۆیە لێبووردن بەرامبەر گەندەڵ قبوڵم نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەشجیعیشە بۆ ئەوەیە خەڵك بێت ئەوە بکات، چونکە دەزانێ هەر دەگیرێ، بۆ کوێ دەڕۆن؟ هەمووی هەر دەدۆزرێتەوە، بەڕێز پەروین خان.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە بە نیسبەت خاڵی ئەو ماددەیە بڕگەیەکی تری بۆ زیاد بکرێ، بۆ ئەوەی وەکو تەشجیعێك بۆ ئەوانەی کە بە گەندەڵی هەستاون، حکومەت هەڵنەستێ بە ئاشکراکردنی ئەو گەندەڵییەی کە کردوویەتی، بۆ ئەوەی خەڵکان بەردەوام بن بەو ئیشە خەراپانەی کە کردوویانە بۆ خۆیان بچن ئاشکرای بکەن، بە بێ ئەوەی خەڵکێکی تر بچێتە سەریان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز تارا ئەسعەدی، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ ڕەئیەکە، بەس ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، زۆرجار هەیە شەریکن، لەگەڵ یەك ئیش دەکەن، حەتا لەسەر وەزعێکی باشن هیچ موشکیلەیان نیە، ئەگەر تێکچوو بەینەکەیان دەچێ خەبەری لێ دەدات، ئەگەر لە حاڵەتێ خەبەری لێ دا خەبەرەکە تەواو نەبوو، یەعنی ئەو شێوەیە نەبوو، لەو حاڵەتە چی دەکەیت؟ یەعنی ئیزافەی ئەوە بکرێ (قبل کشفها أو أعان أثناء البحث و التحقيق في كشفها يستثنى من ذلك من أدلى بمعلومات خاطئة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەیە لە قانون عقوبات هەیە، لە ناو ئەو قانونەش هەیە، ئەوەی مەعلوماتێکی نادروست بدات عیقاب دەدرێت، بەڕێز جلال علي، فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەم ماددانە تاوانبار و کەس و کاری حوکمی یاسایان بۆ دانراوە، ئەوەی کە خەبەر دەدات دانراوە، بەڕاستی ئەو کەسەی کە تەقدیم دەکرێ بەو لێژنەیە، یان بەو دەستەیە، کە بێ تاوان دەردەچێ حوکمی

یاسا بەسەریدا چیە؟ بەڕای من ئەگەر بکرێ ماددەیەك زیاد بکرێ بۆ ئەو کەسانەی کە (بـریء) دەردەچـن نەتیجەی ئیتیهامەکەیان، ماددەیەکی بۆ دابندرێ، قانونەکە تەواوتر و مەزبووتتر دەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لە بیرتانە؟ قانونێکمان دەرکرد پێش چەند وەختێك کە هەر کەسێك (بریء) دەرچێت مافی خۆیەتی بچێتە مەحکەمە داوای تەعویز بکات، مافی خۆیەتی، ئەوە تەنها موجەرەد نیـە لـە گشت ئـەو قەوانینانـەی کـە لـە تاریخی عیراق و کوردستان هەمانە، دەگەڕێینەوە بۆ سەر ئەوەکانی تر، خورشید أحمد، فەرموو.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاری خاڵەك دەکەم کە ئەوە خاڵی یەکەم بێت، خاڵی دووەم، چونکە ئەم حاڵەتە ئیحتیمالـە ببێـت، یەك بچی شەراکەت لەگەڵ یەك بکات قەصدی ئـەوە بێـت (قصـد الإیقـاع)، لەبـەر ئـەوە ئێمـە لێـرە دەبێـت خاڵێك ئاماژە بەوە بدەین، بەو شکلە (لا یعفى الشریك المخبر مـن عقوبـة الجریمـة و حکـم الـرد إذا ثبـت أن قصده من هذه الشراکة الإیقاع بشریکه)، چونکە ئیحتیمال هەیە ئەوە بچێت شەراکەتێك بکات، پاشان بێـت ئیخباری لێ بکات، بۆ ئەوەی ئەو دەرگایە نەکەینەوە، چونکە ئەوە لە تیجارەت و لە (رجال أعمـال) شـتی وا ئیحتیماله ببێت، لەبەر ئەوە (لا یعفى الشریك المخبر من عقوبة الجریمة و حکم الرد إذا ثبت أن قصـده مـن هذه الشراکة الإیقاع بشریکه).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بـەڕێز وەڵـلا مـەجال بکەنـەوە کـێ گەندەڵـە بـا هـەموو کەسـێك شـکاتی لـێ بکـات، جائیزەیـەکی بـدەنێ، هەدیەیـەکی بـدەنێ، گەنـدەڵکارێك لـە کوێ بێـت بـا دەرکـەوێ، یـەعنی ئـاوا ڕێگـەیان لـێ مـەگرن، بـا بـێن، وەڵلاهی موکافەئەتیان بکە و مەدالیەشیان پێ بدە، ئەوەی بزانێ گەندەڵکارێك لە کوێ یـە، تەسـاهولاتی بـۆ بکـە، ڕێگـەی لـێ مـەگرە، سوپاسیشـیان دەکـەین، یـەعنی محاوەلـە بکـەین ئێمـە لـەم پەرلەمانـە قانونێـك دەربکەین، تەشجیعی خەڵك بدەین، ئەگەر گەندەڵکارێك لە شوێنێك هەیە، با بیهێنن، یان ئەگەر موخـالیف بوو بیەوێت شەخصیەتی بشکێنێ، ئـەوە مەحکەمـە هەیـە، قـانون هەیـە عیقـابی دەدات، بـەڕێز دانـا سعید صوفی، فەرموو.

**بەڕێز د.دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من هەست دەکەم ئەو ماددەیە زیاتر لەو پەندە کوردییە دەچێ کە دەڵێ (ئەگـەر زانیـت ئـەزم ئەگـەر نەتزانی دزم)، نازانم یەعنی لە هەموو یاساکان ئەوە هەیـە، یـەعنی پرەنسـیپی تـەخفیفی حوکم هەیـە لـە حاڵەتێك دا ئەگەر مەسەلەن تاوانبارێك تاوانێکی ئاشکرا کردووە یـاخود دانـی پێـداناوە، یـەعنی تـەخفیفی

حوكم هەیە، بەس ئیعفا بەڕاستی من پێمwایە هەست دەکەم سەخاوەتێکی زۆری تێدایە، بۆیە پێمwایە دەکرێ پرینسیپی ئیستیعفایەکە بگۆڕێ با بڵێین ئیعفایەکە بگۆڕێ بۆ تەخفیفی حوکم، یەعنی بەڕاستی پێمwایە ئەوە باشترە، لەبەر ئەوەی تۆ ناکرێ، یەعنی تاوانەکە ئەنجام دراوە، ناکرێ هەر لەبەر ئەوەی ئاشکرای دەکات لێی ببوورێ، بە تەواوی لێی ببوورێ، ڕاستیەکەی هەست دەکەم ئەوە یاساکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە بەو شێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز عمر نورەدینی، فەرموو.

**بەڕێز عمر حمد أمین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ئیزافەیە زۆر باشە، ئەوەی کە دەڵێ (یعفی الشريك من العقوبة)، بەس بە ڕەئی من تەنها عقوبەکە ئەوها نەمێنێتەوە، چونکە وابزانم مەبەستەکە ئەوەی تەنها لە عقوبەی سجن ئیعفا بکرێ، بۆیە وای لێ بێت کە (يعفى الشريك من عقوبه السجن)، چونکە لەوێ غەرامەش هەیە، ئیتر رەددیش هەیە، مەبەستتان تەنها سجنەکەیە، بۆیە بە وازحی سجنەکە ئاماژەی پێ بدرێت، تەصەور دەکەم دەقیق تر بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، وەڵلا عقوبە سجنە کاکە عمر، بەڵام ئەوەی پارەکەی لێ دەسەندنەوە، ئەگەر چی بردبێ، ئەوە هەمووی لێ دەسەندنەوە، دەگەڕێنێتەوە، بەس لە سجنەکە حەبسی ناکەن، ئەگەر ئیفادەیەك بدات بڵێ/ شەریکەکەی من یان فلان کەس ئەو کەسبە غێر شەرعییەی کردووە، بەڕێز فازل بەشارەتی، فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیە باس لەوە  دەکات کە زۆر لەو ئەندامە بەڕێزانە باسیان لێ کرد کە ئەو کەسەی لە تاوانی داهاتی نامەشروع بەشداربوو، دەبووردرێ ئەگەر تاوانەکەی کەشف کرد، یەعنی من لێرە یەك مولاحەزەم هەیە، ئەگەر ئەوەی تاوانەکە کەشف دەکات خۆی سەبەبی تاوانەکە بوو، یەعنی بەڕاستی ملی کۆمەڵێك خەڵك دەکات بە پەتدا، تاوانەکەشی کردووە و خۆیشی لێی دەردەچێ، یەعنی بە بڕوای من چونکە دائیمەن کەسی یەکەمیش سەبەبە بەم جۆرە تاوانە لەگەڵ حورمەتم، بەم جۆرە تاوانانەی کە بکرێ، یەعنی بە بڕوای من ئەوەی کە تاوانەکە کەشف دەکات، ئەگەر خۆی نەبێت تاوانەکەی ئەنجام دابێت، لەبەر ئەوەی بە حەقیقەت من تۆزێك لەو وەکو دەڵێ لەنگییەك دەبینم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز قادر حسن، فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فرست أحمد، فەرمووو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ڕەئی من ئەو نەصە لە جێگای خۆیەتی، تەشجیعی خەڵکێك بکەین، چ شریك بیت چ بە خۆی سەبەبی تاوانەکە بیت، کەشفی ئەو جەرائیمانە بکات، عەفووی یەکێك بکەی باشترە کو مەجموعەیەك بەردەوام لە ناو موجتەمەعەکە بژین بێ عقوبە، بەردەوام بن لەسەر ئیش و کاری خراپ، ئەوە یەك، دوو/ وەکو ئەوەی من دەزانم نەصێکی قانونی هەیە، بیرم نایێت بیززەبت لە قانونی عقوباتە، یان لە ئصول موحاکەماتی جەزائی یە، بە نیسەبی ئەو جەریمانە ئەوی دیار نەبن و زۆر غامز بن، دەتوانێت مەحکەمە عەفووەکی خاص بداتە یەکێك لە موتەهەمەکان، کو یارمەتیان بدەن بۆ کەشف کردنی جەریمە، ئەو مەبدەئە مەبدەئێکی ڕەوایە، بە ڕەئی من وەك خۆی بمێنێت، عەفوەکەش لە عقوبە، عقوبەش مەعنای یان حەبسە یان سجنە، ڕەد کردنی پارەکە فەزییەکی مەدەنییە بە عقوبە حیساب ناکرێت، دەینە پارەکە وەری گرتووە بە شکلەکی نامەشروع ئیعادەی دەکات جارێکی تر، ئەوە نە عقوبەیە، ئەوە حەقێکە هی لایەنێکی تر، حەقێکی عامە، ئیعادەی دەکات جارێکی تر، بە عقوبە حیساب ناکرێ، عەفووش ناکرێت لەو مەبلەغە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە باسی ئەوە کرا کە چۆن ئەم شەریکە بەشدارە لە جەریمەکە و پاشان ئیعفا دەکرێت، ئەو شەریکە کاتێ ئیعفا دەکرێت کە کاتێك پێش ئەوەی کە جەریمەکە کەشف ببێ، ئەو ببێتە هۆی ئەوەی ئەو جەریمەی پێ کەشف بکرێ، یاخود لە کاتی تەحقیق دا ئەدیلەی زیاتر بدات، هەڵبەتە زۆر پرسیاری ئەوە کرا، ئەو بۆچی ئەو هەموو موکتەسەباتە بدرێتە ئەو شەریکەی کە هاتو لە کاتی تەحقیق دا، یان پێشی تەحقیق ئەو ببێتە هۆی ئەوە کە ئەو جەریمە کەشف بکات، ئەوە ماددەیەکە، ماددەیەك بۆ ئەوە دانراوە تەنها و تەنها ئیغرائی ئەو خەڵکە بکرێ کە دەستیان هەیە لە جەرائیم دا، ئەگەر هاتو زانیان ئەوان ئیعفا دەکرێن، ئەوان دەتوانن دەست پێشخەر بن بۆ ئەوەی ئەو جەریمانە کەشف بکەن، ئەوەش وای لێ دێت کەوا خەڵکێك تەشجیع ببێ بتوانێ بۆ ئەم جۆرە تاوانانە کە تەبریئە دەبێ لە کۆتایی دا، ئەو ئەم دەست پێشخەرییانەی هەبێ، بۆیە ئەم ماددەیە دانراوە، هەڵبەتە چەند ئیعفائیش دەکرێ وەك بەڕێز کاك فرست ئاماژەی پێ کرد لە عقوبەکە، بەڵام مولزەمە ئەگەر کۆتایی ماددەکە بخوێنن، مولزەمە بە ڕەددی ئەو مەبلەغەی کە بردوویەتی، کەواتە ئەو مولزەمە بە پارە گێڕانەوەکەی، تەنها لە عقوبەکەی تر کە

حەبس و شتە ئیعفا دەبێ، كاك خورشید جەنابی باسی ئەوەی كرد كە ئەگەر هاتو ئەو شەریكە بە مەبەستی ئەوە بێ كە ئەو خەڵكە خۆیان تێوەگلێنێ بە موشكیلەكە، ئەو موسەبیب بێ كە ئەو كەسە خۆی تێوەگلێنێ، هەڵبەتە لێرە مەبدەئێك هەیە لە یاسا دەڵێ/ (القانون لا يحمي المغفلين)، ئەگەر هاتو هەر كەسێك بە تەحریزی یەكێكی تر كەوتە غەڵەتێكەوە، وابزانم لێرە یاسا حیمایەتی ناكات، بەڵكو خۆی دەبێتە ئەصلی و خۆی تەحەمولی ئەعبائی غەڵەتی خۆی دەداتەوە، ئەگەر هاتو ئەو كەسە ئەم مادده نەیگرتەوە، یەعنی ئەگەر شەریك بوو، سەبەبی نەبوو، یاخود دەستی نەبوو لەوەی كە كەشفی جەریمەكە بكات، یاخود لە كاتی تەحقیق دا هاوكار نەبوو لەگەڵ لێژنەی تەحقیقی دا، هەڵبەتە ئەوە دەبێ بە تاوانبار و ئەو عقوبەی لەسەر تاوانبارە ئەصلیەكە جێبەجێ دەكرێ، لەسەر ئەویش بە هەمان شێوە جێبەجێ دەكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش ڕەئیتان، فەرموون.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لە ماددەكە دەكەین وەكو خۆی، وەك ئەو دەقەی كە هاتووە، هیچ تێبینی ترمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

چەند بەڕێزێك پێشنیاریان ئەوە بوو كە كەس لێی عەفوو نەبێت، ئەوە ئەگەر سەحبی بكەن ڕەئیەكەیان، كاك عمر عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی باس لەو ئیعفایە بكرێ كاك فرست تەوزیحێكی باشی دا، ناكرێ گۆڕانكاری لەوە بكرێ، چونكە قانونی عقوباتی عیراقی لە ماددەی (59) باسی لە هەموو ئیتیفاقێكی جینائی كردووە، ئەگەر یەكێك هات ئیخباری دا، ئەو ئیتیفاقە جینائی یە بۆ ئەو جەریمەیە كە لە ماددەكانی (55) و (56) و (57)دا باسی لێوە كردووە ئیعفا بێ لە جەریمەكە، لە عقوبەكە ئیعفا بێ، ئەوە لێرە شەرتیشی بۆ دانراوە، دەڵێ/ ئیعفاشی دەكەین بە شەرتی ئیخبار و بە شەرتی گەڕانەوەی ماڵەكەش كە لەلای بێ، لەبەر ئەوە نەصی ماددەكە زۆر باش هاتووە، هەر ئەوە ماوە بیخەینە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا یەك كەسێك ماوە، یەك كەسیش ناخرێتە دەنگدان، ئێستا ئەصلی ماددەكە بخوێنە، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة عشر:

يعفى الشريك من العقوبة في جريمة الكسب الغير المشروع إذا بادر إلى إبلاغ السلطات المختصة عن الجريمة قبل كشفها أو أعان أثناء البحث و التحقيق في كشفها و لايخل حكم هذه المادة بوجوب حكم بالرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵە دەست بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ یەك کەس لەگەڵ دا نیە، ئەویش بێریڤان سەرهەنگە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا بۆ ماددەی (19) لە ئەصلی پرۆژەکە، کە دەکاتە ماددەی (21)، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (21) لە ئەصلی پرۆژەکە کە دەبێتە ماددەی (19):

هەر کەسێك بە ئەنقەست دوا بکەوێت لە پێشکەش کردنی دەرخستەی بەرژەوەندییە داراییەکانی لە کاتی دیاری کراوی خۆی دا بە غەرامەیەك سزا دەدرێ کە لە ملیۆنێك دیناری عیراقی کەمتر نەبێت و لە (3) سێ ملیۆن دیناری عیراقی زیاتر نەبێت یان بە یەکێك لەو دوو سزایانە، هەروەها هەر کەسێك بە ئەنقەست پوختەی دەرخستەکانی بە هەڵە لەو بڕیارانە دا باس بکات هەمان سزا دەدرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبی.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة عشر، المادة (21) من أصل المشروع:

كل من تخلف عمداً عن تقديم إقرارات الكشف عن المصالح المالية في المواعيد المقررة يعاقب بغرامة لا تقل عن مليون دينار و لا تزيد على ثلاثة ملايين دينار أو بإحدى هاتين العقوبتين، و يعاقب بالعقوبة ذاتها كل من ذكر عمداً بيانات جوهرية غير صحيحة في تلك الإقرارات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە ماددەکە دەکەین، هیچ تێبینیمان نیە، کاتێ ماددەی (5) پەسند کرا لە بڕگەی حەفتەم خاڵی (2) باس لە کەشفی مەصالحی مالی کرا، کە پێویستە ئیقرار بدەن کە چیان هەیە لە عەقارات و مەنقولات؟ وردەکارییەکە هەموو لەوێ باس کراوە، بۆیە ئەو ماددە ماددەیەکە بە ڕێك و پێکی و بە باشی هاتووە، پشتگیری لێ دەکەین کە پێویستە ئەگەر سەرپێچی ئەوەی کرد کە لە ماددە پێنج داوای لێ کراوە، سزایەکەی لێرە داندراوە کە غەرامەیە و بڕەکەشی دیاری کراوە لە ملیۆنێك کەمتر نەبێ و لە سێ ملیۆن زیاتر نەبێ، بەڵام باس لە دوو عقوبە دەکات، (یعاقب بغرامة أو بإحدى هاتين العقوبتين)، لە دەقی پرۆژەکە باس لەوە دەکات یەك لە دوو سزایەکە، بەڵام ناوی سزایەکەی تر نەهاتووە، تەنها غەرامەکە هاتووە، بۆیە یان دەبێ (إحدى هاتين العقوبتين) هەڵگرین، سزایەکە تەنها غەرامە بێ، یانیش ئەگەر ئەو عیبارەیە بمێنێتەوە، ئەوە پێویستە عقوبەی دووەمیش دابندرێ، کە حەبسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان پێویست ناکات سەقفێکی زەمەنی لەو تەخەلوفە دیار بێت، چەند مانگێك ئەگەر ئیعادەی نەزەری لێ بکەین.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە ماوەکە دیاری بکرێ، چونکە دەڵێ/ (المواعيد المقررة)، (مقررة) چەندە و کێ دیاری کردووە؟ لە یاساکە دیاری بکرێ باشترە ئەوەی لێ بگەڕێین بۆ نیزام و تەعلیمات، لێرە ماوەیەك دیاری بکرێ، ماوەکە لێرە تەحدید بکرێ باشترە، چونکە لە دەقەکەدا هاتووە (في المواعيد المقرره)، لە دەقەکانی پێشتریش دیاری نەکراوە ماوەکە، بۆیە پێویستە لێرە دابندرێ کە لە چ ماوەیەك پێویستە ئەو زانیاری یە ڕاستانە بدا و ئەگەر تاخیر بوو لەو ماوەیە، ئەوا ئەو کات ئەو سزایەی لەسەر دەسەپێندرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشير خليل حەداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی نەزاهە، پێمان باشە کە ئەم ماددەیە بەم شێوە تازەیە دابڕێژرێتەوە، بە عەرەبیەکەی (كل من تخلف عمداً عن تقديم اقرارات الكشف عن المصالح المالية في المواعيد المقررة تعاقب بغرامة مالية

لاتقل عن ثلاثة ملايين دينار ولاتزيد على خمسة ملايين دينار عراقي، ويعاقب بالعقوبة ذاتها مع الحبس مدة لاتقل عن سنة واحدة، كل من ذكر عمدا بيانات جوهرية غير صحيحة في تلك الاقرارات) لە لايەکی تریشەوە، پێمان باشە ئەگەر لە حاڵەتی دووبارە بوونەوەی ئەم شتە، شتێك زیاد بکرێت (وبالابعاد عن وظيفته فى حالة التكرار) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان فەرمووو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەکرێ بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە (باحدى العقوبتين) لابرێت، تەنها سزایەکە غەرامە بێت، ماوەکەش دیاری بکرێت لە چ ماوەیەك ئەگەر تەجاوزی کرد ئەو سزایەی لەسەر بسەپێندرێ، بەو شێوەیە:

المادة 19

كل من تخلف عمدا لمدة تزيد على ثلاثة اشهر عن تقديم اقرارات الكشف عن المصالح المالية يعاقب بغرامة لاتقل عن مليون دينار ولاتزيد على ثلاثة ملايين دينار، ويعاقب بالعقوبة ذاتها كل من ذكر عمدا بيانات جوهرية غير صحيحة فى تلك الاقرارات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ ئەو بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بکەن، محمد شارەزووری، صباح بيت الله، شڤان احمد، د.دانا، د.حسن محمد، بێریڤان سەرهەنگ، یشار نجم الدین، د.احمد، شێروان حەیدەری، کاك محمد فەرمووو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەڕای پشتگیرم بۆ ئەو پوختەی کە ئەمجارە لیژنەی یاسایی دایانڕشتەوە، من پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە بکرێت بە دوو بەش، (أ وب)، یان یەك و دوو، ئەویش بۆ جیا کردنەوەیە، ئەوە هەبێ لە بەینی ئەوەی کە بە ئەنقەست دوا ئەکەوێ و ئەوەشی کە مەعلومات بە غەڵەت دەدات، جگە لەوەی کە ئەوەی مەعلومات بە غەڵەت دەدات بە قانونی عقوبات عقوبە دەدرێ و من پێشنیار دەکەم سزاکەی زیاتر بێت، لە حاڵەتی یەکەمدا سزاکەی دەبێ لە ملیۆن دیناری عیراقی کەمتر نەبێ و دوو ملیۆن زیاتر نەبێت، ئەم سزاکەی زیاتر بێت، هیچ نەبێت بکرێت بە دوو ملیۆن، بە چوار ملیۆن، ئەوەی کە یەکێ بە هەڵە مەعلوماتەکان دەدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح فەرمووو.

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا مولاحەزا من لسەر مەبلەغێ پارەیێ كو هاتیە دانان، ملیۆنەك و سێ ملیۆن بڕەئیا من ببیتە چوار ملیۆن و حەفت هەتا هەشت ملیۆن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە نەسەكە دا ( فی المواعید المقررة او الموعد المقرر) حەقیقەتەن مەبهومە و دیار نیە، دەبێ دیار بكرێت، بە چەند ماوەیەك و چەند ڕۆژ و، یەعنی ئەوە دیار بكرێت، زكر بكرێت، بەوەی دیار بێت، مولاحەزەی دووەمم لەسەر مەبلەغەكەیە، هی غەرامە، غەرامە حەقیقەتەن ملیۆنێك و دوو ملیۆن و سێ ملیۆن شتێك نیە ئێستا، حەدی ئەدنای لە 3 ـ5 بێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.نا فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پێموایە كەمترین حەدی ئەوەی كە دانراوە ملیۆنێكە یاخود بە پێی ئەوەی كە لیژنەی نەزاهە دەڵێن سێ ملیۆن، من لەگەڵ ئەوەدام كە سەقفەكە زیاتر بێت لە سێ ملیۆنەوە دەست پێ بكات، بەڵام با بڵێین حەدی ئەدنایەكەی، بەڵام حەدی ئەعلایەكەی دیاری نەكرێت، لەبەرئەوەی ئەوانەی كە با بڵێین ئەو مەسالحی مالیان هەیە، با بڵێین كە بە ئەنقەست كەشفی ئەوە ناكەن، یاخود ڕاپۆرتی خۆیان نادەن، لەوانەیە فەرقی هەبێ، هەندێكی لەوانەیە یەكجار ئەوەیان زۆر بێت، داهات و ئەو مەسالحە مالیەیانەیان زۆر بێت كەشفی نەكەن، بەڵام هەندێ كەس هەیە لەوانەیە زۆر نەبێت، یان بەڕاستی من پێم وایە بە نیسبەی میئەوی لەسەر ئەوەكانیان دابندرێت، لەسەر ئەوەی عائیداتیان دابندرێت لەسەر ئەوە، پێموایە زیاتر مولزەم دەبن و ناچار دەبن كە بۆ خۆیان بابڵێین ئەو داهاتەكانیان ئەگەر ڕاپۆرتی خۆیان زووتر بدەن، یەعنی مەبەستی من ئەوەیە، كە حەدی ئەدنایەكە دانرێت، بەڵام حەدی ئەعلایەكەی دانەنرێت، وەكو بە نیسبەی میئەوی بهێڵدرێتەوە، لەبەرئەوەی جیاوازی هەیە لە نێوانی ئەوانەی كە با بڵێین داهاتەكانیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك د.حسن فەرمووو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من مەوعیدی موقەرەرە لابچێت، لەبەرئەوەی مادام لە جیهەتی هەیئەوە کەشف دەکرێت، هینەکەش بە ئەنقەست کراوە، لەبەرئەوە عقوبەکە هەر بدرێت باشە، (باحدى هاتين العقوبتين) لابرێت، چونکە یەك عقوبەیە خۆی، دوو عقوبە نیە، ڕەئیم وایە ئەم عیبارەتەش ئیزافە بکرێت لە نیهایەتی ماددەکە، (یعفى من العقوبة من بادر من تلقاء نفسه بتصحيح البيانات الواردة فى الاقرار قبل كشف الخطء) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کاك د.حسن و د.ڕۆژان ڕوونیان کردەوە لە ماددەکە نووسراوە دوو سزا، بەڵام خۆی یەك سزایە، ئەویش غەرامەیە، بەڵام ئەگەر ڕوونکردنەوەکیش هەبێت، ئەگەر هاتو دوو سزا بوو ئایا سزاکەی تر ئەگەر غەرامە نەبێت، گرتنە؟ ئەگەر گرتن بوو ماوەی گرتنەکەی دیاری بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یەشار فەرموو.

**بەڕێز یشار نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم لە بڕگەیەکی ئاماژە بەوە بکەین، ئەگەر کەسێك لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا لە سەروەت وسامانەکەی دا دواجار دەرکەوت ئەو سەروەت و سامانەی بەڕێگایەکی نا مەشروع کۆنەکردووتەوە، گەندەڵی نەکردووە، دەست پاکە و نەزیهە، وەکو قەرەبوویەکەی مەعنەوی بەڵگەنامەی دەست پاکی بدرێت بەوکەسە لەلایەن دەستەی نەزاهەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(ومرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو داڕشتنەی لیژنەی نەزاهە دام بەڕاستی، بەڵام منیش هەمان ئەو ڕایەی بەڕێز د.دانام هەیە کە بۆ ئەوانەی کە سەرمایەداری گەورەن، ڕەنگە حەدی ئەقسایەکەی ئەو غەرامە مالیە کەم بێ بەڕاستی،

تەنها لەگەڵ ئەوەم کە لایەنی کەمەکەی دیاری بکرێت، یەعنی (یعاقب بغرامة لاتقل عن ثلاثة ملایین دینار) تەنها حەدی ئەدنایەکەی دیاری بکرێت، حەدی ئەقسایەکەی دیاری نەکرێت، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی هاوبەش ئەو مولاحەزاتانەی کە ئێستا درا نەمان بوو، بەڵام لەبەرئەوەی مولاحەزەکان درا، منیش چەند تێبنیەکم هەیە، بە حەقیقەت، یەکەم/ ئەو (باحدی هاتین العقوبتین) لادرێت، ئێمە یان غەرامەمان هەیە، یان حەبس و سجنمان هەیە، لێرە تەنها غەرامە هاتووە حەدی ئەعلاو حەدی ئەدنایەکە تەنها دیاری بکرێت، ئەوە مولاحەزەی یەکەم، دووەم/ ئەو 90 ڕۆژە لە کەی دەست پێ دەکات؟ ئەگەر لە تەئریخی نەفازی قانونەکە دەست پێ بکات ئەوە وارد نیە، چونکە مومکینە هەیکەلیەتەکە بە سێ مانگی دیکە دانەنرێت، بۆیە من پێم باشە نەوەد ڕۆژەکە ئەگەر هەبێت لە (فی المواعد المقررە) لە جێگای خۆی بمێنێ، چونکە ئیحتمالی هەیە بەیانەکی دەردێنی و دەڵێ لە تاریخی ئەو ئەوەندەیە دەست پێ بکەن بە پڕکردنەوەی ئەم ئیستمارانە ئەوەی پڕی نەکاتەوە تووشی سزایەکە دەبێ، بۆیە مواعیدی موقەرەر پێموایە کە 90 ڕۆژەکە هات دەبێ مەواعیدی موقەرەرە لە جێگای خۆی بمێنێتەوە، من هەر ئەومولاحەزەم هەیەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاک شێروان دەکەم، بەس یەك ئیزافەی بچووکم هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر کەسێك لە ماوەی سێ مانگی یەکەم، پابەند نەبوو بەوەی کە حوکمەکانی ئەم ماددەیە جێ بەجێ بکات، ئەگەر بۆ جاری دووەم واتە لە سێ مانگی داهاتوو هەمان جار پابەند نەبێتەوە بە حوکمەکانی ئەم یاسایە، من پێشنیار دەکەم سزاکەی بکرێت بە دوو ئەوەندە بەلایەنی کەمەوە، یەعنی شێوەیەك داڕشتنی بەو شێوەیە بێت وابزانم لە مەسڵەحەت دایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش کەرەمکەن، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مولاحەزاتانەی کە کاك شێروان کردی و کاك فرستیش باسی لەسەری کرد، (لمدة تزید علی ثلاثة اشهر) ئەو مودەیە تەحدید دەکرێ و مەواعیدی موقەرەریش لە یاساکە هەر ماوە لە نەسی ماددەکە لانەبراوە، بەڵام ئەوەی (احدی هاتین العقوبتین) ڕاستە ئێمە یەك عقوبەمان هەیە، ئەویش غەرامەیە، ئەوە تەواوە (احدی هاتین العقوبتین) لێ لادەچێ، بەڵام ئێمە ئەگەر سەیرێکی ئەم نەسە بکەین، ئەم نەسە نەسێکە خاسە بە کەشفی مەقدەرەی مالی ئەو کەسەی تەقدیمی دەکات، ئەو کەشفی مەقدەرە مالیە کە ئەو تەقدیمی دەکات، عقوبەیەکی غەرامەی بۆ دانراوە ئەگەر هاتو لە مەوعیدەکەی لای دا لە ملیۆنێك کەمتر نەبێ و لە سێ ملیۆن زیاتر نەبێت، یاخود لە ئەخیری فەقەرەکە باس کراوە و دەڵێ ئەگەر ئەخباری جەوهەری کازیبە بە نەفسی عقوبە عقوبە دەدرێت، ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ قانونی عقوباتی عیراقی کە قانونە عامەکان، لە ئیخباری کازیبە عقوبەی ئەخباری کازیب حەبس و غەرامەیە، یەعنی لە بیست و چوار سەعاتدا حەبس دەست پێ دەکات و غەرامەکەش تەقدیری قازیە، لەوانەیە بڵێ مەسەلەن بە پارەی ئێستا 10 هەزار دینار و بیست هەزار دیناری ئێستایە، کە ئەمە ئیخبارێکە دەدرێت بە مەحکەمە و قانونێکی عامە نابێت ئەو غەرامەی کە لەوێ تەحدید دەکرێت، من پێموایە قانونی نیە عقوبەی نەدانی مەعلوماتێك ئەمەندە زیاد بێت وەچەند زیادی بکەین ئێمە باشە، ئەگەر بە بەقەدەری ئەو ماڵەی کە ئەو دەستی کەوتووە خۆ ناکرێت بەقەدەر ئەوەندە غەرامەی بکەین، کەواتە ئەم غەرامەی کە لێرەیە عقوبەیەکی رادیعە، رەدعە بۆ ئەو کەسانە بۆ ئەوەی پەلە بکەن معلوماتەکانیان بدەن، خۆ ئەمە ئەگەر مەعلوماتەکەش نەدا و غەرامەکەش بدات، ئەگەر کەسبی غیر مەشروعی کردبێت خۆ ئیعفا نەکراوە لێی، هەیئەکە بەدوای مەعلومات دا دەگەڕێ مینحەی سونەتی جا ئەیدۆزێتەوە و دوایی ئیحالەی مەحکەمەی دەکات کەرەتێك بە ئیخباری کازیب، کەرەتێك بدات، بەوەی کەوا کەسبی غەیر مەشروعی کردووە، لەبەرئەوە ئەو ماددەیە لێرە بۆ شوێنی خۆی بە شوێنێکی باش هاتووە بۆ خۆی، تەنها (احدی العقوبتین) لابرێ و ئیزافەی عیبارەی (کل من تخلف عمدا لمدة تزید علی ثلاثة اشهر عن تقدیم اقرارات الکشف عن المصالح المالیة .... . والخ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە کەرەمکەن، کاك د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حەداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی زیاد وکەمی غەرامەکە چوار ئەندام پەرلەمانی بەڕێز باسیان لێوە کرد کەوا کەمە و زیاد بکرێت، ئێمەش دیارە لە ڕاپۆرتی لیژنەکەی خۆماندا هەر ئەو پێشنیارمان کردووە کە زیاد بکرێت، ئەوەی کە لە قانونی عقوبات هاتووە ئیخباری کازیب ئەگەر غەرامەکە کەمتریش بێت لەوە، بەڵام لەبیرمان نەچێ لەوێ سجنیشی لەگەڵ دایە، یەعنی لەوێ کە هاتووە هەم بە حەبس و هەم غەرامەش، ئەوجا یان بە یەك لە عقوبەکان، لێرە ئێمە لەبەرئەوەی کەوا حەبسمان نیە، تەنها غەرامەیەکی مالیە و دەبێ شتەکە شەدید

بێت، رادع بێ و بەڕاستی ترسێنەر بێت بۆ ئەو کەسانەی کەوا مەسالحی خۆیان کەشف بکەن، ئێمە ڕامان ئەوەیە کە بەڵێ زیاد بکرێت، ئەوەی کە لە ئیقتراحی ئێمەدا هاتووە لە سێ ملیۆن تا پێنج ملیۆن، هیچ مانعیش نیە ئەگەر بە پێی پێشنیاری بەعزێك لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کە بیدایەتەکەی دیار بێت، ئەدنایەکە سێ ملیۆن بەڵام ئەقسایەکەی دیاریش نەبێ ئەوا با بمێنێتەوە بۆ ئیجتهادی قازی، ئێمەش لاریمان لەگەڵ ئەوە نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان فەرمووو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە ماددەکە دەکەین، بەڵام پێشنیارێك کرا سەبارەت بەوەی ئەگەر دووبارە ئەو کەسە ئەو ماوەیەی تێ پەڕی جاری یەکەم سزا درا بەو سزایەی لێرە دانرا، جاری دووەم، ڕێکارە یاساییەکانی چی دەبێ و بەرامبەر بەو کەسە وەردەگیردرێت؟ بەڕێزان لێرە کە حەدی ئەدنا وئەعلای سزایەکە دانراوە، غەرامەکە لە ملیۆنێك کەمتر نەبێ و لە سێ ملیۆن زیاتر نەبێت، ئەگەر جاری یەکەم دادوەر بەوە بڕیاری دا کەوا ملیۆنێکی لەسەر فەرز بکرێت، ئەوا جاری دووەم کە هەمان ماوە دووبارە ماوەکی بۆ دانرا، کە لە سێ مانگ زیاتر نەبێت زانیاریەکان پێشکەش بکات، جاری دووەم ئەو زانیاریەی پێشکەش نەکرد، ئەوا ئەو جارە غەرامەکە زیاتر دەبێت و دەگاتە حەدی سێ ملیۆن، بەڵام لەوەی تەجاوز ناکات ئەو سێ ملیۆنە ئەگەر چەسپێنرا لەناو یاساکە، ئێمە دەقی قانونی عقوباتمان هەیە، دەقی گشتیمان هەیە کە هەر کەسێك ئەو فەرمانانەی کە بۆی دێت ئەوامر کە جێ بەجێ نەکات و پابەند نابێ پێی ئەوە قانونی عقوبات دەیگرێتەوە، مادام دەنگمان بۆی دا ئەو سزایانەی ئێرە، نەخێر هێشتا ماوە ماددەی 20 کە 22 ئەسڵی پرۆژەکەیە، ئەو سزایانەی ئێرە هیچ ڕێگرێك نیە لەبەردەم دادوەر کەوا بڕیار بدات بە پێی یاسای سزادانیش سزای ئەو کەسە بدات کە سەرپێچیەك دەکات یاخود تاوانێك ئەنجام دەدات، بۆیە ماددەکە بەشێوەیەکی باش هاتووە وئەگەر بفەرموون بیدەنە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەی کە وتیان و هەندێ چوار بوو تاوەکو پێنج، یەعنی ئەوانەی چوار کە سەحبی پێشنیارەکەیان بکەنەوە بۆ ئەوەی ئەگەر بیانەوێ، ئەوانەی داوایان کرد چوار ملیۆن کەمتر نەبێت، کەس نیە، بۆیە ئێستا نەسەن بیخوێنەوە وەکو ئەوەی داڕێژراوە، د.ڕۆژان فەرمووو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادە** 19

كل من تخلف عمدا لمدة تزيد على ثلاثة اشهر عن تقديم اقرارات الكشف عن المصالح المالية فى المواعد المقررة يعاقب بغرامة لاتقل عن مليون دينار ولاتزيد على ثلاثة ملايين دينار ويعاقب العقوبة ذاتها كل من ذكر عمدا بيانات جوهرية غير صحيحة فى تلك الاقرارات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵە دەست بەرزبكاتەوە تكایە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ 4 كەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، بۆ ماددەی 22 لە ئەسڵی پرۆژەكە كە ئەكاتە ماددەی 20، ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة/ 20 من اصل المشروع المادة/ 22

لاتمنع العقوبات المقررة فى هذا القانون من توقيع اى عقوبة اخرى اشد تكون مقررة في قانون اخر نافذ في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی/ 22 لە ئەسڵی پرۆژەكە كە دەبێتە ماددەی/ 20

ئەو سزایانەی لەم یاسایەدا هاتوون ڕێگا لە سەپاندنی هەر سزایەكی توندتر ناگرن كە لە یاسایەكی دیكەی كارپێكراو لە هەرێم دا هاتبێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش كەرەمكەن، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە ماددەكە دەكەین و تێبینیمان نیە، تەنها ئەگەر وشەی تەوقیع گۆڕدرا بە وشەی فەرز ئەوە بۆ سیاغەكەیە، ئەگینا هیچ تێبینیەكمان لەسەری نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە كەرەمكەن، ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش وەكو لیژنەی نەزاهە هیچ تێبینیەكمان نیە، تەنها گۆڕینی وشەی تەوقیع بە ئیقاع.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بكات؟ تەنها د.حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها وشەی (ای قانون اخر نافذ فی الاقلیم) وشەی (أی) ئیزافە بكرێت لە پێش قانونەكە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش كەرەمكەن، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە دەقی ماددەكە دەكەین و وشەی توقیع بكرێتە فەرز و وازحە لەهەر یاسایەكی تر كەوا كارپێكراوە لە هەرێم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە كەرەمكەن، كاك د.بشیرفەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حەداد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش تێبینیمان نیە غەیری ئەوەی كە وشەی تەوقیع بگۆڕدرێت بە ئیقاع.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش كەرەمكەن، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە موتەفقین لەسەر تەوقیع بە فەرز نەك بە ئیقاع.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة/ 20**

**لاتمنع العقوبات المقررة فی هذا القانون من فرض ایة عقوبة اخری اشد تكون مقررة فی قانون اخر نافذ فی الاقلیم.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵە دەست بەرزبكاتەوە تكایە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ پەسەند كرا، ئێستا بۆ فەسڵی 5 ئەحكامی عامە و خیتامی، لە ئەسڵی پرۆژەكە ماددەی 23 كە دەكاتە ماددەی 21 كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی پێنجەم**

**حوكمە گشتی و كۆتاییەكان**

ماددەی/ 23 لە ئەسڵی پرۆژەكە كە دەبێتە ماددەی/ 21

بە پێی یاسا دەرماڵەی مەترسی بە فەرمانبەرانی دەستە دەدرێت جگە لە بەڕێوبەرە گشتیەكان و خاوەن پلە تایبەتەكان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل الخامس**

**احكام عامه والختاميه**

المادة/ 21 من اصل/ 23

یمنح موظف الهیئة مخصصات خطورة وفق القانون ماعدا المدراء العامون واصحاب الدرجات الخاصة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە ماددەی 23 لە ئەسڵی پرۆژەكە كە بوو بە ماددەی 21 ئێمە پێشنیار دەكەین لەبەرئەوەی بڕی دەرماڵەكە لێرە دیاری ناكرێت، پێوەرێكی بۆ دابنێین كە ئەو دەرماڵەیە چەندە و چۆن سەرف دەكرێت، بۆیە پێشنیار دەكەین ماددەكە دابڕێژرێتەوە بەشێوەیەك كە پێوەرێك بۆ دەرماڵەكە داندرێت، كە وەكو ئەو فەرمانبەرانە بن كە لە دیوانی چاودێری دارایی هەمان دەرماڵە وەردەگرن، ماددەكە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

يمنح موظف الهيئة ما يتقاضاه موظف ديوان الرقابة المالية من مخصصات وفق قانون ديوان الرقابة المالية لاقليم كوردستان رقم 9 لسنة 2008.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە ڕەئیتان؟ د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حەداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لە ڕایەکەی لیژنەی هاوبەش دەکەین و مولاحەزەمان لەسەری نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەسەر ئەو ماددەیە کێ دەیەوێ قسە بکات؟ ئەو بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بکەن، شوان کریم، جلال علی، شڤان احمد، عبدالسلام بەرواری، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەوماددەیەوە من پشتگیری ئەو ئیزافەیە دەکەم یان ئەو گۆڕانکاریە دەکەم کە لیژنەی یاسایی یان لیژنەی موشتەرەك کردیان، بەڵام لەو دائیرەیە هەموو ئەو موەزەفانە ئەو مەترسییەیان لەسەر نیە، کە لەسەر موحەقق و ئەوانەی بەدوای قەزیەکاندا دەچن، یەعنی جاری وا هەیە کاتبێکی ئیعتیادیە، تایپێستێکە، کەسێکی ئیعتیادیە، یەعنی ئەو بۆ ختورە وەرگرێ و وەکو ئەوەی کە دوای قەزیەیەك دەکەوێ بۆ تەحقیق، مەترسیەکە بەڕاستی لەسەر ئەو کەسەیە، لە تەدقیقیش دا مەترسیەکە لەسەر ئەو مودەقیقەیە، ئەو ختورەیە مەسەلەن وەکو ئەوانەی دائیرەی کارەبا، فەرقی هەیە لەوەی کە دەچێت بۆ چاککردنی خەلەلێکی کارەبا یان ئیش لە محاویلەیەکدا دەکات، یان ئیش لە مەحەتەیەك دا دەکات وەك لەوەی لە دائیرە دانیشتووە لەسەر کۆمپیوتەرێك تایپ دەکات، دیارە هەمووی حەقی ئەوەی هەیە کە چەند موخەسەساتی وەکو موستەحەقاتی هەیە وەری گرێت، بەڵام جیاوازیەك دەبێ بکرێت بەڕاستی، ناکرێت موحەقیقێك لەو دائیرەیە یەکێك موتابەعەی قەزیەیەك دەکات یان یەکێك بە نهێنی ئیشێك دەکات، عەینەن ئەو کەسێکی خوارتر کە ئەو ئیشەش ناکات و لە دائیرەکەش دانیشتووە تەبیعی هەمان موخەسەساتی هەبێت، لەبەرئەوە من پێموایە دەبێت لەوەشدا ئەو تەوزیحە بدرێت کە ئەوموخەسەساتە بۆ کام موەزەفە وبۆ کامە بەش وەری دەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

چاودێری دارایی ئەوانیش وەکو نەزاهەن، ئەوانیش چاودێری خەڵك دەکەن، خەڵك دەدەنە دادگاو خەڵك عیقاب دەکەن، لەکاری لادەدەن، سوپاس بۆ جەنابت، کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە من لەگەڵ پشتگیریم بۆ قسەكانی كاك شوان، یەكێ لە ڕێگرەكان ئەوانەی كە لە دائیرە ئیشیان كردبێ و گوێیان لەمنە وە ئێستا دەیبیستن، ڕێگرەكانی بەڕێوەچوونی چاودێری دارایی بەڕاستی ئەو ڕۆژانەیە، چونكە ڕۆژانەی هەیە بۆ ئەو دائیرەیەی كە دەچێ، ئەگەر هەفتەیەكی پێ بچێت ئیحتماله بیكات بە 15 ڕۆژ، ئەوەی كە ئەوان دەڵێن هی چاودێری دارایی، وەزارەتی دارایی ڕێنمایی خۆی هەیە بۆ پێدانی ختورە، من تەئیدی قسەكانی كاك شوان دەكەم ئەو ختورەیە بۆ موحەققین بێ نەك بۆ دائیرەكە بە گشتی، تەبیعی لە تایبەتەكان شمولی ناكات و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ دەقەكەمە، بەڵام من دەبینم شتێك بە ئیزافە هاتووە، یەعنی (وفق القانون ماعدا المدراء العامون) مودەرای عامون خۆیان دەرەجە خاسەنە، ئەوە حەزف بكرێت، (ماعدا اصحاب الدرجات الخاصة) لە زمنی دەرەجات خاسە مودەرای عامیش نەفسی دەرەجاتن، دەرەجە خاسەن، بۆیە ئەمە بە ئیزافە دەبینم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تاكو ئەو ئەشكالە لوغەویە دروست نەبێتەوە لەوەی پێشوو، من تەئیدی ئەو نەسەی ئێوە دەكەم، بەمەرجێك (یمنح موظفوا الهیئة عدا المدراء العامون واصحاب الدرجات) ئینجا ئەم جوملە درێژە بێت، چونكە ئەگەر لە ئەخیرەوە هات وەكو نەسی كۆن، ئەشكالێك دەكات، (یمنح موظفوا الهیئة عدا المدراء العامون واصحاب الدرجات الخاصة، ............).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز موخەسەسات و ڕەقابەی چاودێری دارایی هەیە، كاك فرست بۆ ئێوەی بەڕێزی دەخوێنێتەوە، چونكە هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو دەرماڵەیەی لەو ماددەیەدا هاتووە، دەرماڵەی مەترسی نیە، وشەی ختورەمان لادا کە خوێندمانەوە، دەرماڵەکان لە مادده 15 ی یاسای دیوانی رەقابەی مالی ژمارە 9ی ساڵی 2008 کە بە بریاری ژمارە 2ی ساڵی 2008 دەرچووە، لە ماددەی 15 چوار جۆرە موخەسەسات هەیە و بەو شێوەیەیە، ئەوە قانونی دیوانی رەقابەی مالیە:

المادة/ 15

اولاً: للمجلس منح موظفي الديوان المخصصات الاتية:

1ـ مخصصات رقابية لاتتجاوز نسبتها عن خمسين بالمئة من راتب الموظف.

2- مخصصات الخطورة ومهام خاصة لاتتجاوز نسبتها خمسة وسبعين بالمئة من الراتب للموظفين الذين يقومون بمهام الرقابة والتدقيق ويتعرضون للمخاطر اثناء عملهم.

3ـ مخصصات الموقع الجغرافي لاتتجاوز ثلاثين بالمئة من الراتب.

4ـ مخصصات منع ممارسة المهنة خارج اوقات الدوام الرسمى لاتتجاوز نسبتها خمسين بالمئة من الراتب.

بڕگەی دووەمی (ثانیاً: المخصصات اعلاه ليست لها علاقة بالمخصصات الممنوحة لباقي الموظفين بشكل عام).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئاخر نەس کە خوێندتانەوە دیسانەوە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الخامس**

**احكام عامه والختاميه**

المادة/ 21 :

يمنح موظفوا الهيئة عدا المدراء العامون واصحاب الدرجات الخاصة ما يتقاضاه موظفوا ديوان الرقابة المالية من مخصصات وفق قانون ديوان الرقابة المالية لاقليم كوردستان رقم (9) لسنة 2008.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵە دەست بەرز بکاتەوە تکایە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ 4 کەس، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا بۆ ماددەی 24 کە دەکاتە ماددەی 22 کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة/ 22:

لايجوز لغير رئيس الهيئة معاقبة موظفيها ادارياً ولايجوز احتجازهم وتوقيفهم بسبب افعال تتعلق بوظيفتهم أو بسببها الا بعد استئذان رئيس الهيئة ماعدا في حالة الجريمة المشهودة.

بەڕێز جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، ئێمە لەم ماددەیە بە لیژنەی هاوبەش (أو بسببهم)مان لابردووە، (في حال الجريمة المشهودة) كردوومانەتە (في حالة الجنحة أو الجناية المشهودة) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە ڕەئیتان؟ د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشير خليل حداد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە مولاحەزەمان لەسەر ماددەكە نیە، پشتگیری لە ڕای لیژنەی هاوبەشیش دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش هەر وەكو ئەوەی خوێندمانەوە هەمان ڕامان هەیە لەگەڵ لیژنەی نەزاهە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بكات؟ ئەو بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بكەن، هاژە سلیمان، د.حسن، ئاسۆ كریم، شۆڕش سید مجید، هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سليمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی 24 لە ئەسڵی پرۆژەكە، كە ئێستا ماددەی22، لەسەرەتا دەڵێ جگە لە سەرۆكی دەستەكە كەس بۆی نیە سزای كارگێڕ یانەی فەمانبەران بدات، بەڕاستی ئێمە لە ماددەیەكی نوێ ماددەیەكمان ئیزافە كرد بۆ ئەم قانونە كە ئەنجومەنی دەستە پێك بێت بۆیە پێویست دەكات كە لێرە دەسەڵاتی ڕەها نەدرێت بە سەرۆك، بوترێت جگە لە سەرۆكی دەستە بە ڕاوێژكردن لەگەڵ ئەنجومەنی دەستە كەس بۆی نیە سزای كارگێڕیانەی فەرمانبەران بدات، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەپرسم بە نیسبەت عقوبەی ئیحتیجاز و تەوقیف تەبعەن ناكرێت ئیللا بە قانون نەبێت، لەو حاڵەتەدا چۆن ڕەئیسی هەیئە دەتوانێ ڕووبەڕووی قانون بوەستێت، یەعنی لەو حاڵەتەدا، بەڕای من وا لێ

بكرێت (باستثناء حالات التلبس بجريمة لايجوز ملاحقة او توقيف موظفي الهيئة الا بعد استئذان من مجلس القضائي)، وەيان (من المحكمة).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بكر كريم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەو ماددەیە هەڵبگیرێ، چونكە بەڕاستی ئەوە حەسانە دانانە بۆ فەرمانبەران، لەبەرئەوە پێویستە ئەو ماددەیە هەڵبگیرێ و حەزف بكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شۆڕش فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش سيد مجيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە من لەگەڵ بڕگەی یەكەمی هیچ ئەشكالیەتێكم نیە جگە لە سەرۆكی دەستە كەس بۆی نیە سزای كارگێڕیانەی فەرمانبەران بدات، بەڵام باقی ئەوەی تر پشتگیری لە قسەكەی كاك ئاسۆ دەكەم كەوا پێدانی حەسانە ئەگەر لەماددەی پێشوو مەوزوعەكە پێدانی موخەسەسات بوو بێت كە تەجزیئە كرا، بەڵام لەوەیاندا حەسانە ناكرێت بۆ هەر هەموو فەرمانبەرانی ئەو دەستەیە وەكو یەك بێت، تەنها با بۆ ئەوانە بێت كە ئیشی تەحقیق دەكەن و ئیشی لێكۆڵینەوە دەكەن، ئیشی بەدواداچوون دەكەن، فەرمانبەرێكی سادە بۆ حەسانەی هەبێ لەڕووی دەزگاكانی قەزا و دەزگاكانی تەنفیزی، بۆیە تەنها بۆ ئەوانە بێت كە ئیشەكەی خۆیان دەكەن كە لە ئەوەكە بۆیان دیاری كراوە كە ئیشی تەعقیب و لێكۆڵینەوە و بەدواداچوونە، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حیكمەتی ئەم عقوبەیە كە تەنها ڕەئیسی هەیئە دەتوانێ عیقابی ئیداری موەزەفەكانی خۆی بدات، ئەوە تەحسیلێ حاسڵە، عقوبەیەكی ئیداریە ئەم عقوبەیە و خاسە بە ڕەئیسی دائیرەكەی خۆی، بەڵام بۆچی لێرە وا هاتووە كەوا كەی نەتوانێ حجزیان بكات یان تەوقیفیان بكات، نە حجز بكرێن و نە تەوقیف بكرێن بۆچی؟ بە سەبەبێك كە ڕەبتی بە ئیشەكەی خۆیەوە هەبێ، بە تەئكید كێن ئەوانەی كە هەڵدەستن ئەوكەسانەن زیاتر كە دەچن بەدوای تەحقیقی ئەدلە و كۆكردنەوەی دەلیلەكان و بەدوای ئەوانە دەگەڕێن

که پێویستی ئیشی دەستەکەیە بۆ تاوانبار کردنی ئەوانەی کە گەندەڵی و فەساد دەکەن، لەبەرئەوەیە ئەم ماددەیە وا دارێژراوە کە هیچ کەسێك بۆی نیە بە سەبەبی کارەکانیان، بەڵام ئەگەر هاتو بەغەیری سەبەبی کارەکان و ئەو موهیمانەی کە پێیان سپێردرابوو، ئەگەر موحەققیش بێ، ئەگەر هەر موەزەفێکی هەیئەکە بێت بە جونحەیەك یان بە جینایەتێکی مەشهودە بێت وەکو هەموو یاساکانی تر، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ قانونی عام و قانون کاری یاسایی خۆی لەگەڵ دا دەکات، لەبەرئەوە ئەم حەسانەی کە دانراوە ئەم حەسانەیە (تتعلق بوظیفتهم) یەعنی وردەکاری تیا بکرێت، ئەمە تەنیا ئەو کەسانەش زیاتر دەگرێتەوە لەناو هەیئەکە کە موتەخەسسن بەو ئیشانەی کە پێی دەوترێت ئیشی لێکۆڵینەوە و تەحقیقی لە هەیئەکە، لەبەرئەوە ئەم ماددەیە وەکو ئەوەی خوێندمانەوە و عەرزمان کردن بە سیاغەیەکی باش هاتووەو لەبەرئەوە داواکارم بیخەنە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئاخر سیاغە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، کاك عمر فەرمووە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة/ 22

لایجوز لغیر رئیس الهیئة معاقبة موظفیها اداریا و لایجوز احتجازهم وتوقیفهم بسبب افعال تتعلق بوظیفتهم الا بعد استئذان رئیس الهیئة ماعدا فی حالة الجنحة والجنایة المشهودة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ تەنها یەك کەس لەگەڵ نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا بۆ ماددەی 23 کاك عمر فەرمووە.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/ 25 لە ئەسڵی پڕۆژەکە کە دەبێتە ماددەی/ 23

ژمێریاری دەستە ملکەچی چاودێری دارایی دیوانی چاودێری داراییەو پەرلەمان بۆی هەیە پشت بە ژمێریارانی یاسایی خاوەن تواناو شارەزایی بەرز لەو مەیدانەدا ببەستێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرمووە.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة/ 23

تخضع حسابات الهيئة لرقابة ديوان الرقابة المالية وللبرلمان الاستعانة بمحاسبين قانونين من ذوي الكفاءة والخبرة العالية في هذا المجال.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی هاوبەش ئەم ماددەیە چاککردنێکمان بەسەردا هێناوە، ئیکتفامان بەوە کردووە کە (تخضع حسابات الهيئة لرقابة ديوان الرقابة المالية) وەکو هەموو هەیئات و وەزارات دائیرەکانی کە پێویست کە (تخضع حسابات الهيئة للتدقيق من قبل ديوان الرقابة المالية)، تەواومان کردووەو ئەو بەشەی تریمان لێ لابردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە، کاك د.بشیر فەرمووو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حەداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی مەسەلەکە حساباتە، پەرلەمان عیلاقەی بە مەوزوعەکە نیە، بۆیە پشتگیری لە ڕای لیژنەی هاوبەش دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ئەو ماددەیە کێ دەیەوێ قسە بکات؟ ئەو بەڕێزانە دەیانەوی قسە بکەن، د.احمد وەرتی، سمیرە گۆران، کاك د.احمد فەرمووو.

**بەڕێز د.احمد اراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە لەبەرئەوەی باس لە ئەوە کرا کە حساباتی هەیئە خازعە بۆ ڕەقابەی دیوانی ڕەقابەی مالی، منیش پشتگیری لەوە دەکەم کە فەقەرەی دووەم لابربدرێت، لەبەرئەوەی پەرلەمان، ڕەبتی نیە، دەڵێ ئیستعانە دەکات بە مەحاسبینی قانونی لەو مەجالەیە، لەکام مەجال؟ ئەگەر لە مەجالی ڕەقابەدا پێویست ناکات پەرلەمان، خۆی ڕەقابەی مالی محاسبی هەیە و حساباتەکەی خازعە بۆ ڕەقابەی مالی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سمیرە خان فەرمووو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیعادەی سیاغەکە بکرێتەوە (تخضع الهيئة لرقابة و تدقيق ديوان الرقابة المالية) وە لە هەمان کات دوو ماددە هەیە دەمەوێ ئیزافە بکەم بۆ ئەحکامی خیتامی........ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە پاشان تکایە، لیژنەی هاوبەش ئاخر سیاغەتان؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة/ 23

تخضع حسابات الهيئة للتدقيق من قبل ديوان الرقابة المالية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە، کاك د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حەداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیمان نیە، پشتگیری لە ڕای لیژنەی هاوبەش دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، لیژنەی هاوبەش پێشنیاری تازەتان هەیە؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیاری زیاد کردنی 5 ماددەمان کردووە وەکو حوکمە کۆتاییەکان، ئەگەر دەرفەتمان بدەی ماددە، ماددە بخوێندرێتەوەو دەنگی بۆبدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بیخوێنەوە، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەین ماددەیەك زیاد بکرێت کە بە ڕیزبەندی ماددەی 24 دەبێت.

المادة/ 24

لرئيس الهيئة اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە ڕەئیتان؟، کاك د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حەداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ئەو ماددەیەداین و لە پاشان ماددەیەکی دیکەش ئیقتراح دەکەین کە زیاد بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ لەگەڵ ئەو نەصەیە کە خوێندرایەوە ئیزافە بکرێت؟ تکایە نەسەکە بخوێنەوە، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة/ 24

لرئيس الهيئة اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەیەکی تر، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە بە ڕیزبەندی ماددەی 25 دەبێت.

المادة/ 25

لرئيس الهيئة استحداث او دمج او الغاء اقسام وشعب الهيئة حسب متطلبات العمل.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە، کاك د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حەداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕایەکەی لیژنەی هاوبەش دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ دەیەوێ قسە لەسەر ئەو ماددەیە بکات؟ باشە، کێ لەگەڵە تکایە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەندکرا بۆ پێشنیاری تر، ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە وەكو لیژنەی نەزاهە لە ڕاپۆرتی خۆمان ئاماژەمان بەوە كردووە كە ماددەیەكی تری بۆ زیاد بكەین، بۆیە حەزمان كرد ئێستا بیخەینە ڕوو پێش ئەوەی بگەینە ئەو ماددە بەدیلانەی كە هەموو جارێك دادەندرێت، ماددەكەش بەم شێوەیە:**

**اولآ/ یحظر على جمیع منتسبي الهیئة مایلى:**

**1- العمل في التجارة اصالة كان ام وكالة.**

**2- الوساطة والمحسوبیة.**

**3- افشاء اسرار الوظیفة.**

**4- قبول الهدایا والهبات.**

**5- طلب منفعة لنفسه أو لغیره.**

**ثانیا/ یعاقب كل من یخالف احكام الفقرة اولا اعلاه بعقوبة الفصل عن الوظیفة وتطبیق احكام جزائیة علیه.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟ كاك عمر فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو ڕەئیەی برادەرانی لیژنەی نەزاهە، ئەوە تەحصیلی حاصڵە، هەموو دائیرە وهەیئاتەكان هەیە هەتا بە نیسبەت پەرلەمانیش (لایجوز الجمع بین الوظیفة) و ئەوانە هەیە، باقی تریشی ئەوانی دیكە نسوسی عقابی خۆی تەحدیدی كردووە، عقابی خۆی هەیە، لەبەرئەوە پێویست ناكات ئیزافە بكرێ و سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی نەزاهە سەحبی دەكەن؟، كاك د.بشیر فەرموو.**

**بەڕێز د.بشیر خلیل حەداد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە سوورین لەسەر ماددەكە بەڕاستی لەبەرئەوەی ماددەیەكە لە سولبی مەوزوعەكەیە و بەلایەنی پسپۆری و ئێمە وەكو لیژنەی نەزاهە ئاگادارین لە مەسەلەكە، وەنەبێ هەموو شتێك هەر لیژنەی یاسایی بەسەرمان دا بسەپێنێ و بڕوا، ئێمە لەوە سوورین لەسەر ئەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك فرست موداخەلەی هەیە، فەرموو.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ئەحكامانە وجودی هەیە و نصوصی قانونی وازح و دیاری هەیە لە قانون موەزەفی دەولە و لـە قـانونی خدمەی مەدەنی و لە قەوانینی تر مەنعی ئەو شتانەی كـردووە، لـە قـانونیش نابێت ئێمـە هـەر تیكـراری نصوص بكەینەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی كاك احمد فەرموو.

**بەڕێزد.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەوە دەكەم ئەوە زیاد بكرێت ئەوەی كاك فرست دەیڵێ مەوەزەفی .......... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە كە وەختی قسە كردن هات مەجالتان دەدەم ئەوە نیزامی نیـە، كـێ دەیـەوێ قسـە بكـات فـەرموو لـەو بابەتـە؟ داوا دەكـەم دوو بـەڕێز پشـتیوانی لـە ماددەكـە بكـەن بـۆ ئـەوەی ئیزافـە بكرێـت ودوو بـەڕێزیش پشتیوانی لێ بكات كە ئیزافە نەكرێت، كاك د.احمد و كاك خلیل، كاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە خزمەت بە قانونەكە دەكات پێموایە ئەوەی كە لیژنەی نەزاهە پێشنیاریان كردووە، ئەوەی كە بـەڕێز كاك فرست ئاماژەی پێیدا خۆ موەزەفینی دەوڵەت هەمووی لەسەری مـەنع نیـە كـە بازرگـانی بكـات، یـاخود ئەوانە بكات، بەڵام لێرە ئەمە قانونێكی تایبەتە ئەگەر بە نەس دیاری بكات كەوا بوو نـاتوانێ لێـی لابـدات، بەڵام ئەگەر نـەس نەبێت لێرە دەقێك نـەبێت دەتـوانێ، مـن پشـتیوانی لـەوە دەكـەم كـە ئـەو ماددەیـە زیـاد بكرێت زائیـدەن ئەمـە چـەند ئەنـدام پەرلـەمانێكیش پێشـنیاری زیـاد كردنـی ماددەیـەكی ترمـان كـرد كـە قانونەكە ئەسەری رەجعی هەبێت، دواتر بخرێـتە دەنگدانەوەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی قانونی ئەسەری رەجعیەكە، بەڕێزان سەحبیان كرد، چونكە تـەوزیحێك هـەبوو بـە نووسـراو دامـان پێیان، كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە پێشنیارەكەی لیژنەی نەزاهە دەكـەم و پێشـم باشـە ئـەو بڕگەیەشـی بـۆ زیـاد بكرێـت، (لایجوز لرئیس واعضاء الهیئة بای حال من الاحوال الجمع بـین عضـویة الهیئـة وایـة وظیفـة عامـة أو خاصـة) پـێم

خۆشە ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئیستنادەن لەسەر قسەکەی جەنابت ئێمە سەحبمان نەکردووە بەڕاستی مەوزوعی ئەسەری رەجعی، بەڵام من لە جەنابی کاك فرست دەپرس... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابت ئیشارەت بە من داو موافەقەتت کرد، سەلامەت بی، ئەوەتا ناردت، بۆتمان ناردو موافق بوون، هاژەش ئیشارەی کرد، کاك فرست موداخەلەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەز دەکەم ئەندامانی لیژنەی قانونیش یارمەتیم بدەن، نەصی سەریحی هەیە موەزەف بۆی نیە تیجارەت بکات، ڕاستە ئێستا خەڵکێك لە واقیعمان مومارەسەی ئەو ئیشە دەکەن، بەس خەلەل لەوە دانیە کو نەص وجودی نیە، خەلەل لەوە دایە تەتبیق ناکرێت، لەبەر ئەوە تیکرار کردنی نصوصی قانونی شتێکی غەیرە مەرغوبە لە قانون پێ ناکرێ، دوو/ مەوزوعی پێشنیاری بەڕێز کاك خلیل ئەوە هیچ عیلاقەیەکی لەگەڵ ئەسەری رەجعی نیە، دەزگایەکی دروست کردووە بۆ نەهێلانی گەندەڵی، ئەو دەزگایە لە بەدیهاتی قانونە، حەقی هەیە حاڵەتەکانی پێش وەخت تەحقیقی تێدا بکات، هیچ مانعێکی قانونی نیە، هیچ عەلاقەی لەگەڵ ئەسەری رەجعی نیە، ئەوە دەزگایە و دروستت کردووە، نە ماددەیەکی عیقابیت داناوە کو لەسەریان تەتبیق بکەی یان تەتبیقی نەکەی، ئەو دەزگایە حەقی هەیە ئەو ئیشە بکات، بە نیسبەت نسوسی قانونی ئەگەر هاتو نصوصی قانونی و موحاسەبە ئەگەر نەسەکە لێرە عقوبەکە زیاتر بێت لە نصوصی قەوانینی پێشتر، قەوانینی ئەو وەختە تەتبیق دەبێت، نەسی جەزائی ناو ئەو قانونە تەتبیق نابێت، چونکە مەبدەئێك هەیە دەڵێ ئەو قانونە تەتبیق دەبێت ئەوەی ئەسلەح تر بێت بۆ موتەهەم، مەبدەئی دووەم، چ قانونێك نافزی مەفعول بوو وەختی جەریمە ئەوە تەتبیق دەبێت، یەعنی ئەگەر ئێستا شتێك، فیعلەك بکەی پێش ساڵێك مەسموح بێت ئێستا عقوبەی لەسەر دابنێی ناتوانی ئێستا مەنعی عقوبەی لەسەر ئەو ئیشە بکات یان لەسەر ئەو فعلە بکەی کە پێش ساڵێك کراوە، ئەوە بەدیهیاتی قانونە، یەعنی هیچ مانعێك نیە ئەو دەزگایە دەست پێ بکا و تەحقیق لە قەزایەکی پێش ئێستا بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر جەنابت مابووی دیفاع بکەی بۆ ئەوەی ئیزافە نەکرێت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕەئی خۆم داو تەئیدی ڕەئیەکەی کاك فرست دەکەم، لە قانونی ئینزباتی موەزەفینی دەولە و لە هەموو قانونەکانی تردا و بە نیسبەت هەموو کارمەندەکانی دەوڵەتەوە بۆیان نیە غەیری ئیشەکەی خۆی کە خەریکی کاسبی و وساتە و ئەمانەبێ، من مسالی پەرلەمانیشم بۆ خۆمان هێنایەوە لە نەسی سەریحی خۆشماندا هەیە کە (لایجوز الجمع بین وەزیفەی خۆمان وەزیفەیەکی تر، لەبەرئەوە ئەوە مەنع کراوە وەکو

کاك فرستیش باسی کرد، عەیب لە یاسایەکە نیە، عەیب لە تەتبیق کردنیەتی کە تەتبیق ناکرێت لەسەر ئەو کەسانەی کە موەزەفن و کاری تر دەکەن، ئەمە وەها ڕۆیشتووە، بەڵام ناکرێ هەرچی لە قانونی عیقابیەکاندا هەیە لەم یاسایە و ئەم یاسایە بۆ جارێکی دیکەش تیکراری دەکەمەوە ئەمە یاسای دروست کردنی هەیئەتێکە هەڵدەستێ بە کۆکردنەوەی دەلیل لەسەر ئەو کەسانەی کە ئیشی فەساد و کەسبی غیر مەشروع دەکەن و دوایی دەدەینە دەست مەحکەمەی تایبەت لەبەرئەوە پێویست ناکات ئەو بڕگەیە لێرەدا هەبێ، چونکە ئەوە خۆی لە قەواعیدە عامەکانە و ئێمە بیشی نووسین و یاخود نەینووسین قابیلی جێ بەجێ کردنە خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو نەسەی کە لیژنەی نەزاهە پێشنیاری کردو کاك د.احمد تەسنیەی کرد، کێ لەگەڵە ئیزافە بکرێت؟ دوو بەڕێز تەئیدیان کردو، دوو کەسیش دژی قسەی کرد، کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ 12 بەڕێز لەگەڵە، کێ لەگەڵە کە ئیزافە نەکرێت؟ بە زۆرینەی دەنگ بڕیار درا ئیزافە نەکرێت، لیژنەی هاوبەش د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەین ماددەیەك زیاد بکرێت بە ڕیزبەندی ماددەی 26

المادة/26

لایعمل بأی نص قانونی او قرار یتعارض مع احکام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە ڕەئیتان؟ کاك د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حەداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەی پێشوو گوتمان ئەگەر هاتو عقوبەیەکی گەورەتر لە قانونێکی دیکە هەبوو جێ بەجێ ی دەکەین، ئایا ئەوە لەگەڵی موتەناقز نیە؟. (لایعمل بأی نص اخر)

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەخێر دژ بەیەك نیە، ئەوە باس لە سزایەك دەکات کە سزایەکە توند تر بێت نەك دەقێك یان نەسێك دژی ئەوە بێت حوکمەکانی ئەوە، بۆیە نایگرێتەوە، ئەوە دەقێکە لە حوکمە کۆتاییەکانی هەموو یاسایەك

هەیە کەوا کار بە هیچ دەقێك ناكرێت یاخود بڕیارێك پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت، هیچ دژایەتی نێوان ئەو دەقە و دەقەكەی پێشوو نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە ئاخر ڕەئیتان؟ كاك د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حەداد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادام هیچ تەناقوزێكی قانونی نەبێت ئێمەش پشتگیری لە ڕایەكەیان دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوەیە وەكو د.ڕۆژان خوێندیەوە؟ زۆر سوپاس كێ لەلەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ پەسەند كرا بۆ ماددەیەكی تر، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەیەكی تریش پێشنیار دەكەین كە زیاد بكرێت ماددەی 27

المادة/ 27

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە ڕەئیتان؟ كاك د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حەداد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕایەكە دەكەین و هیچ مولاحەزەمان لەسەر ماددەكە نیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان كێ دەیەوێ قسە بكات؟ كەس نیە، كێ لەگەڵ تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ پەسەند كرا بۆ ماددەیەكی تر، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 28

ينفذ هذا القانون اعتبار من تاريخ نشره فى الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ليژنەی نەزاهە ڕەئیتان؟ كاك د.بشير فەرموو.

**بەڕێز د.بشير خليل حەداد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ ماددەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێز كەس مولاحەزەی هەیە لەسەر ئەوە؟ یەك كەس، كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر گرنگی یاسایەكە هەندێك عقوبەی جەزائی تێدایە، پێشنیار دەكەم قانونەكە پاش سێ مانگ جێ بەجێ بكرێت، وە سیاغەكە بەو شێوەیە بێت:

ينفذ هذا القانون اعتبار بعد مضى تسعون يوما على تاريخ نشره فى جريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

لەبەر گرنگی یاسایەكە هەتا هەیئەكەش دادەمەزرێ قانونەكە لەو كاتەوە جێ بەجێ بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز بۆ ئەوەی زوو دەستی پێ بكەین ئەو پێنشیارە هەیە كە چەند زووتر تەواو بوو ئەو هەیئەتە دەست بە ئیشی خۆی بكاتەوە، نیزامیە؟ كاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قانونەكمان ئێستا لە ماددەكانی ئەخیر تەسویت كرد ئەو هەیئەمان تەشكیل نەكردووە، بە قانون كردمان بەڵام ئەم قانونە دەبێ لە ناحیەی عەمەلیەی تەتبیقی ئەم هەیئەیە دروست ببێت، كێ تەتبیقی ئەم قانونە دەكات، ئەم هەیئەیە پێی هەڵدەستێت، بۆیە مودەیەكی زەمەنی دەبێ بە لای كەمی سێ مانگیش كەمە یەعنی چوار مانگ كەمتر نەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز ئەوە خۆی وەختێك دەبێت كە هەیئەتەكەش دروست دەبێ و دەست بەكار دەبێت، تۆ قانونە نەشری دەكەی، ئەوان دەست بەكاردەبن هەیئەتەكە دادەنێی و تەواو دەبێ و مەعنای ئەوە نیە تۆ لە قانونەكە نەشرت كردو بڕوا یەخەی یەكێ بگرێ و بڵێ تۆ گەندەڵی، كێ بگیرێ، غیر دەبێ هەیئەتەكە هەبێ، كاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دواخستنی هەیئەتیش تەشکیل نابی، چونکە ئەم قانونە دەبێ بچێتە بواری جێ بەجێ کردن بۆ ئەوەی هەیئەتە بە پێی ئەم قانونە تەشکیل ببێت، خۆ ئەگەر قانونەکە وەقف بکرێت ئەی چۆن هەیئە تەشکیل دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە قسەکەت لە جێگای خۆیەتی، ئێستا ئاخر سیاغە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدانەوە، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة** 28

**ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره فى الجريدة الرسمية وقائع كوردستان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ دوو کەس و شڤان احمد لەگەڵ دانین، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا بۆ ئەسبابی موجبە، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

**ان الفساد المالي والادارى الذى يصيب الحكومات والمجتمعات يؤدي الى خلق حالة من التخلف واللاعدالة فى المجتمع الامر الذى ادى بالحكومات والشعوب المتقدمة والمتحضرة الى اصدار التشريعات الى الحد منه و مكافحته والقضاء عليه، وتأسيسا على ذلك و لكون الشعب الكوردستانى يستحق الحكم النزيه الشفاف العادل و تأكيدا على ان الشفافية والنزاهة تعززان الثقة بين المواطن والحكومة وتخلقان فرص التوازن والعدالة الاجتماعية ويفسحان المجال امام نجاح خطط التنمية والتطور الاقتصادي، ولأهمية دور الرقابة على السلطات والتى تعد الركيزة الاساسية فى النظم الديموقراطية الحقيقية وحيث ان مكافحة الفساد على جميع الأصعدة تتطلب وجود هيئة للنزاهة العامة مستقلة عن اية جهة كانت وخاضعة لرقابة البرلمان ومنحها الاختصاصات والصلاحيات التى تقتضيها المهام الموكلة اليها، فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە ڕەئیتان؟ کاك د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حەداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تێبینیمان لەسەر ئەسبابی موجبە نیە و لەگەڵ ئەسڵی ئەسبابەکە داین، بەڕێزان کێ دیەوێ لەسەری قسە بکات؟ نیزامیە؟ کاك دانا فەرمووو.**

**بەڕێز د.دانا سعید صوْفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە داوامان کردبوو ماددەیەك ئیزافە بکرێت، بۆ ئەوەی کە ئەو دەستەیە کاتێك کە دادەمەزرێ بتوانێ لێکۆڵینەوە لەسەرپێچیەکانی پێشی دامەزراندنی خۆی بکات، ئەوە نەدرا دەنگدان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك فرست وەڵامی هەیە، فەرمووو.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**وەڵامەکەی من بۆ بەڕێز کاك خلیل خۆ نەفسی پرسیاری کرد، هیچ مانعێکی قانونی نیە کو ئەو دەزگایە دەست بەکاربێت بە نیسبەی ئەو ئیش و کارانەی پێش ئێستا کراون، زۆر اعتیادیە و هیچ عیلاقەی لەگەڵ ئەسەری رەجعی نیە، ئەسەری رەجعی بە نیسبەی نسوسی جەزائیە کە عیلاقەی لەگەڵی هەبێت، ئەوە بەدیهێکی قانونیە، موحتاج ناکات نەسێکی تێدا بێت.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لەسەر دیباجە کێ شتێکی هەیە؟ سێ بەڕێز کاك جمال و شوان و سمیرە خان، کاك جمال فەرمووو.**

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بیدایەت پێشنیار دەکەم (ان الفساد المالي والاداری الذی یصیب الحکومات) بکرێت بە (الذی یعانی الحکومات والمجتمعات) ئاخر دێر (تطلب وجود هیئة النزاهة العامة) ئێمە ناویمان گۆڕی کردمان بە (تطلب وجود هیئة عامة للنزاهة مستقلة) (عن ای جهە کانت) داعی نیە بیخەنە ناوی، چونکە موستەقلە مانای ئەوەیە کە سەربەخۆیە داعی نیە (عن ای جهة کانت وخاضعة لرقابة البرلمان ....... الخ)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك شوان فەرمووو.**

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هاوکارم کاك جمال قسەکانی منی کرد، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سمیرە خان فەرمووو.**

**بەڕێز سمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سیغەیەکی تـرم داڕشـتووە (لغـرض تاکیـد استقلال هیئـة النزاهـة وتقویتهـا بمـا یتضـمن الاسـتجابة الى متطلبات إتفاقية الامم المتحدة لمكافحة الفساد بشأن وجود هيئة تتولى منع الفساد ومكافحته ولتوضيح مهامها و وظائفها وصلاحيتها بما يمنع تداخل بينها وبين الجهات التحقيقية والرقابية الاخرى، ولغرض التوسيع والتطوير الاختصاصى التحقيقي والتحصيلي ضد التعدي عليه، ووضع الاسس القانونية لإستعمال آلات ووسائل التقدم التقني في التحقيقات وجمع الأدلة وتحديث قيمتها القانونية، ولغرض تجريم كسب الغير المشروع وتوضيح اجراءاته ولتأمين التزام المكلفين بالكشف عن الذمم المالية وقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارانە شتی باش بوون، هۆیەکانی دەرچوواندنی یاسایەکەمان داڕشتەوە، چونکە باس لە هەندێ وردەکاری کرا، پێویست ناکات چەند کورت بێت باشترە، مەبەست چیە لە دەرکردنی ئەم یاسایە و پێکهێنانی ئەم دەستەیە، بەو شێوەیە دای دەڕێژینەوە:

**الاسباب الموجبة**

ان الفساد المالى والادارى الذى يعاني منه الحكومات والمجتمعات يؤدي الى خلق حالة من التخلف واللاعدالة في المجتمع الأمر الذى ادى بالحكومات والشعوب المتقدمة والمتحضرة الى اصدار التشريعات الحد منه ومكافحته والقضاء عليه، ولاهمية دور الرقابة على السلطات والتى تعد الركيزة الاساسية فى النظم الديمقراطية الحقيقية، وحيث ان مكافحة الفساد على جميع الأصعدة تتطلب وجود هيئة عامة للنزاهة وخاضعة لرقابة البرلمان ومنحها الاختصاصات والصلاحيات التى تقتضيها المهام الموكلة اليها فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە ڕەئیتان؟ کاك د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حەداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزەمان نیە و ئەو سیاغەی ئەخیر ئێمەش لەگەڵی داین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بەو شێوەیەی کە د.ڕۆژان خوێندیەوە، ئەسبابی موجبە لەگەڵ گشت قانونەکە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟دوو کەس لەگەڵ دانیە،

بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان و ئەندامانی پەرلەمان و لە هەموو کەسێك دەکەین کە لە دوای نەزاهەو پاکی دەگەڕێن، سەرکەوتوو بن، دانیشتنی بەیانیمان سەعات 11 داوا لە سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ و سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە و سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی دەکەین ئێستا پاش ئەم دانیشتنە ئەگەر تەشریفیان بێتە لای من، بەیانی سەعات 11 بەردەوام دەبین لەسەر بەرنامەی کار، خواتان لەگەڵ.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | د. ارسلان بایز اسماعیل | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (10)

## چوارشەممە ڕێکەوتی 27\4\2011

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (10)

## چوارشەممە رێكەوتی 2011/4/27

كاتژمێر (11،45)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2011/4/27 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی سێیەم, ساڵی (2011) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (10)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11،45)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2011/4/27 دا بەم شێوەیە بێت:

1 – خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پێشنیاری یاسای قەدەغە كردنی رێكخستنە حزبیەكان لەناو ریزەكانی پێشمەرگەو هێزەكانی ئاسایشی گشتیدا.

2- بەرچاوخستنی نووسراوی ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (850) لە 2011/4/25 سەبارەت بە وەرگرتنی رەزامەندی پەرلەمان بە مەبەستی جووڵاندنی رێگای یاسایی دژ بە ئەندامی پەرلەمان (پێشەوا تۆفیق) بەپێی ماددەی (365) لە یاسای سزای عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی1969.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بـەناوی گـەلی کوردسـتان، دانیشـتنەکەمان دەکەینـەوە، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی دووەم، خـولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (10)، رۆژی دانیشتن 2011/4/27، بەرنامەی کار:
بەپێی حوکمـەکانی برگـەی (1)ی مـاددەی (20) لـە پـەیرەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموار کـراوی سـاڵی 1992ی پەرلـەمانی کوردسـتان – عێـراق، دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان برپاریـدا بەرنامـەی کـاری دانیشتنی ژمارە (10)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چوار شەممە، بەلاَم دواخرا بۆ (11،45) پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێکەوتی 2011/4/27 بەم شێوەیە بێت:
1– خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری یاسـای قەدەغـە کردنـی رێکخسـتنە حزبیـەکان لـەناو ریزەکـانی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی گشتیدا.
2- بەرچاوخستنی نووسراوی ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (850) لە 2011/4/25 سەبارەت بـە وەرگـرتنی رەزامەندی پەرلەمان بە مەبەستی جووڵانـدنی رێگـای یاسـایی دژ بـە ئەنـدامی پەرلـەمان (پێشـەوا تۆفیـق) بەپێی ماددەی (365) لە یاسای سزای عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی1969.
ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی پێشمەرگەو لیژنەی مافی مرۆڤ دەکـەین، فـەرموون بـۆ سـەر مەنصـە، بۆ بەردەوام بوون لەسەر بەرنامەی کار، فەرموون لیژنەی یاسایی بۆ دەست بە کار بوونتان، یەکەم، بە عـەرەبی و بـە کوردی بیخوێننەوە، پاشان رەئی لیژنەی پێشمەرگە وەردەگرین لەسەر راپۆرتەکان، یەکەم جار بە کـوردی و بـە عـەرەبی بخوێننـەوە، فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئێسـتا دەقـی راپـۆرتی لیژنـەی یاسـاییتان بـۆ دەخوێنمـەوە، سـەبارەت بـە پـرۆژەی یاسـای قەدەغـە کردنـی رێکخستنی حزبی لەناو پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.
لیژنـــەی کاروبـــاری یاســـایی رۆژی پێـــنج شـــەممە 4/ســـەرماوەز/2710ی کـــوردی بەرامبـــەر بـــە رۆژی 2010/11/25ی زاینی کۆبووەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆژە یاسای قەدەغە کردنی رێکخسـتنی حزبـی لـەناو پێشـمەرگەو هێزەکـانی ئاسایشـی نـاوخۆ لەهـەرێمی کوردسـتان – عێـراق، کـە لەلایـەن ژمـارەی یاسـایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کـراوەو دوای خوێندنـەوەی یەکـەمی لـە پەرلـەمان لـە دانیشـتنی ئاسـایی ژمارە (10)ی رۆژی 2009/11/17 بۆ لیژنەکەمان هاتووەو دوای وتووێژو تاوتوێ کردنی، لیژنە گەیشتە ئەمەی خوارەوە:
بیرۆکە لە پرۆژەکەدا گرینگی تایبەتی خۆی هەیەو پێویسـتە لەسـەری بوەسـترێ و بەدواداچـوونی قەدەغـە کردنی بابەتەکەی بۆ بکرێ، چونکە بابەتەکە لەناو ماددەکانی هەندێ یاسای جێ بـەجێ کـراو لـە هەرێمـدا چارەسەر کراوە لەوانە:

یەکەم/ یاسای ژمارە (17)ی ساڵی 1993ی هەموار کراوی حزبەکان کە دەقی ماددە (3/9)ی بەم جۆرەیە: (نابێ حزب بارەگا لەناو فەرمانگەی فەرمی و دەزگا حکومیەکان بکاتەوە)و ماددەی (2/12)ی ی کە دەڵێ (ئەنجامدانی کاری حزبی لەناو پێکهاتەکانی وەزارەتی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ قەدەغەیە).
دووەم/ ماددەی (47) لە یاسای راژەو خانەنشینی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم)ی ژمارە (38)ی ساڵی 2007 دەڵێ: (نابێ چالاکی حزبی لەنێوان ریزەکانی هێزەکانی پێشمەرگە ئەنجام بدرێ).
سێیەم/ لەماددەی (25)ی هەموار کراو بە یاسای هەموار کردنی پێنجەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراودا هاتووە:
(چوارەم/1: بەکارهێنانی ئەو بینایانەی کە وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی هەرێم و هەموو شوێنێکی کارو فرمان بۆ کاری حزبی و رێکلامی هەڵبژاردن قەدەغە دەکرێ).
کەواتە لێرەدا هیچ بۆشاییەکی یاساکاریی نییە بۆ دەرچوواندنی یاسای تایبەت و چارەسەر کردنی و، ئەوەی لەو کارەدا گرنگە بەدواداچوونی جێ بەجێ کردنی یاسا کارپێکراوەکان و گرتنەبەری سلوکی یاسایی دروستی بۆ رێگرتن لە روودانی، بۆیە پێشنیار دەکەین پرۆژەکە رەفز بکرێ، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا راپۆرتی لیژنەی یاسایی بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە.

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان – العراق**

**م/ تقرير حول مشروع قانون منع التنظيمات الحزبية في صفوف البيشمەرگە وقوى الامن الداخلي**

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية يوم الخميس 4/سەرماوەز/2710 كوردي المصادف ليوم 2010/11/25 الميلادي لدراسة مشروع قانون منع التنظيمات الحزبية في صفوف البيشمەرگە وقوى الامن الداخلي في اقليم كوردستان – العراق المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (10) في 2009/11/17، وبعد المناقشة والمداولة توصلت الى مايلي:
ان الفكرة في المشروع لها اهميتها الخاصة ويستوجب الوقوف عندها ومتابعة موضوع منعها لان الموضوع معالج ضمن مواد بعض القوانين النافذة في الاقليم ومنها:
اولاً: قانون الاحزاب رقم (17) لسنة 1993 المعدل حيث تنص المادة (3/9) منه، على مايلي:
(لايجوز للحزب فتح مقرات له في الدوائر الرسمية والمؤسسات الحكومية) والمادة (2/12) منه، تنص على مايلي:
(يحظر ممارسة العمل الحزبي داخل تشكيلات وزارة البيشمەرگە وقوى الامن الداخلي).
ثانياً: المادة (47) من قانون خدمة وتقاعد البيشمەرگە (حرس الاقليم) رقم (38) لسنة 2007 التي تنص على مايلي:

(لايجوز ممارسة النشاط الحزبي بين صفوف قوات البيشمەرگە).

ثالثاً: المادة (25) المعدلة بقانون التعديل الخامس لقانون انتخاب برلمان كوردستان رقم (1) لسنة 1992 المعدل التي تنص في الفقرة (رابعاً/1بما يلي:

(يمنع استخدام الابنية التي تشغلها الوزارات ودوائر الاقليم وكافة مواقع العمل والوظيفة للعمل الحزبي والدعاية الانتخابية).

اذن ليس هناك فراغ تشريعي لسن قانون خاص ومعالجته والمهم في الامر هو متابعة تنفيذ القوانين النافذة واتخاذ السلوك القانوني السليم لمنع حدوثها. لذا تقترح لجنتنا رفض المشروع. مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کە ئەسڵی پرۆژەکە نەخوێندرایەوە، چونکە پێشتر خوێندنەوەی بۆ کرا بوو بە کاملی، بۆیە ئێستا ئیکتیفامان کرد بە راپۆرتی لیژنەکان، لیژنەی پێشمەرگە کەرەم بکەن بە کوردی و بە عەرەبی فەرموون.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

دەقی راپۆرتی لیژنەی پێشمەرگەو شەهیدانتان بۆ دەخوێنمەوە.

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**بابەت/ راپۆرتی لیژنە دەربارەی قەدەغە کردنی رێکخستنە حزبییەکان لەناو ریزەکانی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی گشتییدا لە کوردستان – عێراق**

سلاّوێکی گەرم..

لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید لە رۆژی 2010/12/8 کۆبووەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە پرۆژە یاسای قەدەغە کردنی رێکخستنی حزبی لەناو پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە کوردستان – عێراق، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشی کراوەو دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (10)ی رۆژی 2010/11/17 بۆ لیژنەکەمان هاتووە، لیژنەیەکمان پێك هێناوە بۆ سەردانی وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو پرۆژە یاسایەو دوای گۆڕینەوەی بیرو را لەگەڵ وەزارەت و دواتر لە کۆبوونەوەی لیژنەکەمان بە زۆرینەی دەنگی ئەندامان گەیشتینە ئەم ئەنجامەی لای خوارەوە:

بیرۆکەی پرۆژەکەدا گرینگی تایبەتی خۆی هەیەو پێویستە لەسەری بوەستێ و بەدواداچوون بۆ قەدەغە کردنی بکرێ، بەلاّم بابەتەکە لەناو ماددەکانی هەندێ یاسای جێ بەجێ کراو لە هەرێمدا چارەسەری بۆ کراوە، بۆیە پێویستی بە دەرچوونی یاساکە نییە، لەوانە:

یەکەم/ ماددەی (47) لە یاسای راژەو خانەنشینی پێشمەرگە (پاسەوانی هەرێم)ی ژمارە (38)ی ساڵی 2007 دەڵێ: (نابێ چالاکی حزبی لەنێوان ریزەکانی هێزەکانی پێشمەرگە ئەنجام بدرێ).

**دووەم/ یاسای ژمارە (17)ی ساڵی 1993ی هەموار کراوی حزبەکان کە دەقی ماددە (3/9)ی بەم جۆرەیە: (نابێ حزب بارەگا لەناو فەرمانگەی فەرمی و دەزگا حکومیەکان بکاتەوە)و ماددەی (2/12)ی ی کە دەڵێ (ئەنجامدانی کاری حزبی لەناو پێکهاتەکانی وەزارەتی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ قەدەغەیە)، بفەرموون لەگەڵ وەڵامی ئێمەو ئەسڵی پرۆژەکە بخرێتە بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی ناوخۆ کەرەم بکەن.**

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەمە دەقی ڕاپۆرتی لیژنەکەمانە سەبارەت بە پرۆژە یاسای قەدەغە کردنی ڕێکخستنە حزبیەکان لەناو هێزەکانی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.**

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ب/ ڕاپۆرتی لیژنە**

**پاش ئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (10)ی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2009/11/17 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ (پرۆژە یاسای قەدەغە کردنی ڕێکخستنە حزبیەکان لەناو ریزەکانی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ) کراو لە ڕۆژی 2009/11/19 بە نووسراوی ژمارە (ك161) ئاراستەی لیژنەکەمان کرا، لیژنەکەمان پاش سێ کۆبوونەوە لە ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2010/9/27 سەبارەت بە پرۆژە یاساکە ڕای خۆی بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو:**

**یەکەم: سەبارەت بە ناوی پرۆژە یاساکە لیژنەکەمان پێشنیاز دەکات:**

**ناوی پرۆژە یاسایەکە وەك خۆی بمێنێتەوەو لە کۆتاییەکەیدا وشەی (دامودەزگافەرمیەکان)ی بۆ زیاد بکرێت، بەم شێوەیە: (یاسای قەدەغە کردنی ڕێکخستنە حزبیەکان لەناو هێزەکانی پێشمەرگەو ناوخۆو دامودەزگا فەرمیەکانی هەرێمی کوردستان).**

**دووەم: سەبارەت زاراوەو پێناسەکان لەماددەی یەکەم لیژنە پێشنیاز دەکات:**

**1- بڕگەکانی (1، 2، 3) وەك خۆی بمێنێتەوە.**

**2- بڕگەی چوارەم وەك خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام لە جیاتی وشەی (میلاکی دائیرەکان) بکرێت بە (میلاکی فەرمانگەکان).**

**3- بڕگەی پێنجەم وەك خۆی، بەڵام وشەی (دەزگا هەواڵگرییەکانی تر)ی بۆ زیاد بکرێت.**

**4- لیژنە پێشنیاز دەکات بڕگەی شەشەمی بۆ زیاد بکرێت بەم شێوەیە:**

**بڕگەی شەشەم: دامودەزگا فەرمیەکانی هەرێم هەموو فەرمانگەو دەزگاکانی سەر بە هەرسێ سەرۆکایەتی هەرێم دەگرێتەوە.**

سێیەم: لە بەشی دووەم کە میکانیزمی کاری هێزە چەکدارەکانە، لیژنە پێشنیاز دەکات، ماددەی دووەم بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

هێزەکانی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان، هێزی فەرمی و نیزامی هەموو پێکهاتەو گروپێکی گەلی هەرێمی کوردستان – عێراق ئەرکیان پارێزگاری کردن و پاراستنی گەل و خاکی هەرێمی کوردستانەو سەروەری یاساو ئاسایش و ماف و ئازادییەکانی هاوولاّتیان دابین دەکەن.

چوارەم: ماددەی سێیەم لیژنە پێشنیاز دەکات بەم شێوە دابڕێژرێتەوە:

بۆ هەموو حزب و قەوار سیاسی و تەوژمێکی ئاینی قەدەغەیە کاری حزبی و دامەزراندنی رێکخستنی حزبی لەناو هێزەکانی پێشمەرگەو هێزەکانی ناوخۆ و دامودەزگا فەرمیەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدەن.

پێنجەم: سەبارەت بە ماددەی چوارەم لیژنەکەمان پێشنیاز دەکات وەك خۆی بمێنێتەوە.

شەشەم: سەبارەت بەماددەی پێنجەم لیژنەکەمان پێشنیاز دەکات وەك خۆی بمێنێتەوە.

حەوتەم: سەبارەت بە ماددەی شەشەم لیژنەکەمان پێشنیاز دەکات لابدرێت، چونکە ناوەڕۆکی هەردوو بڕگەکەی ئەو ماددەیە پێویستی بە پرۆژە یاسایەکی تایبەت دەبێ بە یەکخستن و نەهێشتنی هێزی چەکدار لە دەرەوەی یاسا.

هەشتەم: سەبارەت بە ماددەی هەشتەم لیژنەکەمان پێشنیار دەکات بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

دامەزراندن و پێدانی پاداشت و پلەو پایە لە هەموو ئاستەکانی هێزی پێشمەرگەو ناوخۆ و دامودەزگا فەرمیەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای یاساو توانا و لێهاتوویی و خزمەت و پلە دەبێت، قەدەغەیە لەسەر بنەمای پشتگیری حزبی بێت.

نۆیەم: سەبارەت بە بەشی سێیەم (سزاکان):

لە ماددەی هەشتەم لیژنە پێشنیاز دەکات بڕگەی یەکەم بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

1- هەر حزبێك، یان قەوارەیەکی سیاسی لە سەری ساغ ببێتەوە کە کاری حزبی و سیاسی لە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی ناوخۆدا کرد بێت و لەناو دامودەزگا فەرمیەکانی هەرێمی کوردستان کاری حزبی کرد بێت بۆ ماوەی (3) سێ مانگ پشتگیری دارایی دەبردرێت و لە کاتی دووبارە بوونەوەیدا سزاکەی دووبەرابەر دەبێت.

2- سەبارەت بە بڕگەی دوو لەماددەی هەشت وەك هەردوو بڕگەی ماددەی شەش پەیوەندی بە یاسایەکی تر هەیە کە لە ماددەی شەش پێشنیاز کراوە.

3- سەبارەت بە بڕگەی سێ لیژنەکەمان پێشنیاز دەکات:

هەر کەسێك لە ماوەی کارکردنیدا لەناو هێزەکانی پێشمەرگەو ناوخۆ، یان هەر کەسێکی دەرەوەی ئەو هێزانە لەسەری ساغ ببێتەوە کە کاری حزبی ئەنجامداوە سزا دەدرێت بە بەند کردن بۆ ماوەیەك کە لە (1) یەك مانگ کەمتر نەبێت و لە (6) شەش مانگ زیاتر نەبێت، یان بە بڕە پارەیەك سزا دەدرێت کە لە

(1) ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (6) شەش ملیۆن دینار زیاتر نەبێت و لەکاتی دووبارە بوونەوەیدا لە کارەکەی دەر (طرد) دەکرێت.

دەیەم: سەبارەت بە ماددەی نۆیەم لیژنەکەمان پێشنیاز دەکات وەك خۆی بمێنێتەوە.

یازدەم: سەبارەت بەماددەی دەیەم لیژنەکەمان پێشنیاز دەکات وەك خۆی بمێنێتەوە.

دوازدەم: سەبارەت بەهۆیەکانی دەرچوواندنی ئەو یاسایە لیژنەکەمان پێشنیاز دەکات بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

بۆ ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش و ناوخۆ و دەزگا فەرمیەکانی تری هەرێم ئەرکی سەرشانی خۆیان لە پاراستنی هەرێم و گەلی کوردستان و دەستکەوتەکانی بکەن و دوور بن لە کاریگەری و دەست تێوەردانی سیاسی لایەنەکان و پاراستنی سەروەری یاساو ماف و ئازادییەکان و یەکسانی هاوولاتیان و گەشە کردنی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی و پاراستنی هەڵوێستی بێ لایەنی بە پشت بەستن بە دەستووری عێراقی فیدراڵی برگەی (ب)ی ماددەی (9) نۆیەمدا پێکهێنانی میلیشیای سەربازیی لە دەرەوەی هێزە چەکدارەکاندا قەدەغە کردەوە، جا بۆ ئەوەی کە هاوشان بەگشتی لەگەڵ یاسای حزبە سیاسیەکاندا کە بە ژمارە (17) لە ساڵی (1993)دا لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە دەرچووە ئیلتیزاماتمان هەبێ، کە ماددەی (15) برگەی (37) لەو یاسایە گروپی سەربازی یان نیمچە سەربازی لە حزبە سیاسیەکان قەدەغە کردووە. لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئەمەش دەقی راپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤە سەبارەت بە پێشنیاری پرۆژەی یاسای قەدەغە کردنی رێکخستنە حزبیەکان لەناو هێزەکانی ئاسایشی گشتیدا.

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**بابەت/ راپۆرتی لیژنە**

لیژنەی مافی مرۆڤ رۆژی 2010/5/3 سەبارەت بە پرۆژە یاسای (قەدەغە کردنی رێکخستنە حزبیەکان لە ناو ریزەکانی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی گشتیدا) کۆبۆوە، دوای ئەوەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا لە دانیشتنی ئاسایی پەرلەمان ژمارە (10) لە رۆژی 2009/11/17 دواتر ئاراستەی لیژنەی مافی مرۆڤ کرا، دوای ئەوەی کە پشتگیری لە پرۆژەکە کرا، پاش گفتوگۆو راگۆڕینەوە لەنێوان زۆربەی ئەندامانی ئامادە بوو بەم تێبینی و دارشتنەوەی خوارەوە پرۆژەکەمان لا پەسند بوو.

1- ماددەی یەکەم، سەبارەت بە ماددەی یەکەم لیژنە هیچ تێبینیەکی نییە.

2- ماددەی دووەم: لابردنی دەستەواژەی (ئاگاداری سەربەخۆی کوردستان – عێراق) بکەن.

3- ماددەی سێیەم: لابردنی دەستەواژەی (لەناو ئەوانەدا) و دانانی وشەی (لەناویاندا).

4- ماددەی چوارەم: سەبارەت بەم ماددەیە، لیژنە هیچ تێبینیەکی نییە.

5- ماددەی پێنجەم: زیاد کردنی وشەی (بەکار بهێنرێن) لە دوای دەستەواژەی (بە هیچ حاڵەتێك)و، زیاد کردنی وشەی (نەتەوەیی) لەنێوان هەردوو وشەی (حزبی و ئاینی)دا.

6- ماددەی شەشەم: دانانی ماوەی (90) رۆژ بۆ برگەی یەکەم.

7- ماددەی حەوتەم: مەرجی تەزکیەی حزبی بۆ دامەزراندن لە ریزەکانی پێشمەرگەو هێزەکانی ئاسایشی گشتیدا قەدەغەیە.

8- ماددەی هەشتەم: لیژنە هیچ تێبینیەکی لەسەردا نییە.

9- ماددەی نۆیەم: لیژنە هیچ تێبنیەکی نییە.

10- ماددەی دەیەم: لیژنە هیچ تێبینیەکی نییە. زۆر سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان، ئێستا لیژنەی پێشمەرگە داوای رەفزی پرۆژەکەی کردووە، لیژنەی یاسایی داوای رەفزی پرۆژەکەی کردووە، لیژنەی ناوخۆ رەئیتان لەگەڵ ئەو پێشنیارەی ئەو دوو لیژنە بەڕێزە.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی رەئی هەردوو لیژنەی یاسایی و پێشمەرگەمان بیست، کە یاسای کار پێ کراو لەم بوارەدا هەیەو زۆربەی ئەو خاڵانەی لە راپۆرتەکەماندا هاتووە لەوێ جیا کراوەتەوە، ئێمەش پاڵپشتیان دەکەین بۆ رەفز کردنەوەی ئەم پرۆژە یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی مافی مرۆڤ رەئی کۆتایی لیژنەکەتان لەو بارەیەوە، فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لیژنەی مافی مرۆڤ لە مێژە راپۆرتی خۆی ئامادە کردووەو نزیکەی ساڵێك دەبێت، لەبەر ئەو موبەریراتە یاساییانەو ئەو هۆکارە یاسایانەی کە هەردوو لیژنەی بەڕێز، لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە، کە لیژنەی مەعنی ترن لە ئێمە بۆ ئامادە کردنی راپۆرتەکان خستیانە روو، بەوەی کەوا چەند نەصێك، چەند ماددەیەك لە چەند یاسایەکی کارپێکراو لە هەرێمی کوردستاندا سەبارەت بەم بابەتە هەیە، بۆیە ئێمەش وەکو لیژنە پشتگیری رەئی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پێشمەرگە دەکەین، بەلآم پێشنیاریش دەکەین راستە ئەوە کۆمەڵێك ماددە هەیە لەنێو کۆمەڵێك یاسای کراپێکراو لە هەرێمی کوردستاندا، بەلآم

پێویستە ئەوانە تەفعیل بکرێن و زیاتر کاری بۆ بکرێت، پێویستە جێ بەجێ بکرێن، ئەمەش لە دانانی یاسا ئەوە نییە تۆ هەر یاسایەکت هەبێت دایبنێ و کاری پێ نەکەیت، بەڵکو گرنگ لەوەیە بتوانیت لە داهاتوودا کاری پێ بکەیت، بۆیە پێشنیار دەکەین لە داهاتوودا بچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوەو ئێمەش پشتگیری لە رەئی لیژنەی بەڕێزان دەکەین، داوای رەفز کردنی پرۆژەکە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز، ئێستا ئەو پێشنیارەی هەرچوار لیژنە پەیوەندیدار دەخەینە پێش ئێوەی بەڕێز، دوو کەس لەگەڵی بێت ئەوەی دەیەوێت رەفز بکرێت، دوو کەس لەگەڵ بێت ئەوەی دەیەوێت بمێنێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە دەیەوێت رەفز بکرێت؟ کاك محمد شارەزووری و کاك دڵشاد شەهاب، لەگەڵ ئەوەن کە رەفز بکرێت، کێ دەیەوێت بمێنێت و بەردەوام بین و موناقەشەی بکەین؟ دیفاعی لێ بکات، کەس هەیە؟ دیارە کەس نییە، مادام کەس نییە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم پرۆژەیە رەفز بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەو ماددانەی لە یاساکانی تری پێشمەرگە لە شوێنی تر هاتووەو بە روونی دیاری کراوە وەکو ئیشارەتیان پێدا؟ کێ لەگەڵە رەفز بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (67) ئەندامی بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە رەفز بکرێت، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بڕگەی دوو لە بەرنامەی کار، تکایە فەرموون، زۆر سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، تکایە بچنەوە شوێنی خۆتان، لیژنەی یاسایی ئێوە بمێننەوە.

بەڕێزان، ئێستاش بۆ بڕگەی دووەم لە بەرنامەی کار/ بەرچاوخستنی نووسراوی ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (850) لە 2011/4/25، سەبارەت بە وەرگرتنی رەزامەندی پەرلەمان بە مەبەستی جووڵاندنی رێکاری یاسایی لەسەر ئەندامی پەرلەمان (پێشەوا تۆفیق) بەپێی ماددەی (365) لە یاسای سزای عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969.

لیژنەی یاسایی فەرمووون بۆ خوێندنەوەی راپۆرتەکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پەرلەمانتارانی بەڕێزی کوردستان.**

ئەنجومەنی دادوەری بە نووسراوی ژمارە (850) لە 2011/4/25 نووسراوێکی ئاراستەی پەرلەمان کردووە، ئەمە دەقەکەیەتی:

**بۆ/ پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ وەرگرتنی رەزامەندی**

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا دۆسیەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە تاوان خراوە پاڵ، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان (پێشەوا تۆفیق) بەپێی ماددەی (365) لە یاسای سزای عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969 بۆتان رەوانە دەکەین، بە مەبەستی وەرگرتنی رەزامەندی پەرلەمانی کوردستان لەسەر جووڵاندنی رێکاری یاسایی دژ بەناوبراوی سەرەوە پاڵپشت بە ماددەی (40)ی بڕگەی (1) لە یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو بفەرموون لەگەڵ رێزدا.

**سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری**

**احمد عبدالله زوبێر**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

دەنگدان لەسەر هەڵگرتنی حەصانە لەسەر ئەندامی پەرلەمان بەپێی ماددەی (76) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبێت بە دەنگدانی نهێنی دەبێت، بۆیە داوا لە سەرۆكایەتی پەرلەمان دەكەین، كە پرۆسەكە بە دەنگدانی نهێنی بەڕێوە ببات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان، ئێستا دوو ئەندامی بەڕێز دەست نیشان دەكەین بۆ سەرپەرشتی دەنگدانەكە لە سەرۆكایەتی پەرلەمان پێمان باشە بەڕێز كاك دكتۆر احمد و بەڕێز كاك عبدالقادر بازرگان بەو كارە هەڵبستن، دەیخەینە دەنگدانەوە، پێش ئێوەی بەڕێز، ئەگەر موافیقن لەسەری ئەو دوو بەڕێزە سەرپەرشتی دەنگدانە نهێنیەكە بكەن، كێ لەگەڵە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، زۆر سوپاس، فەرموون.

بەڕێزان، پێشنیار كرا ئافرەتێكیش لەگەڵدا بێت، بۆیە هاژە سلیمانیش دەخەینە بەر دەنگدان، ئەگەر لەگەڵدا بن دەستتان بەرز بكەنەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ هاژە سلێمان پەسند كرا، هاژە خان كەرەم بكە، بەڕێزان، لەسەر كاغەزەكە ئەوەی موافیق نەبێت دەنووسێت (نەخێر)، ئەوەی موافیق بێت دەنووسێت (بەڵێ)، نەخێرو بەڵێ بەكار بێنن، ئەوەی بیەوێت بە عەرەبی (نعم، لا)، هەردوو وشەكە دەتوانن بەكار بێنن، كەرەم بكەن، بەڕێزان، بێ دەنگی بپارێزن، چونكە ئەوە لە ئیعلام دەردەچێت، ئیحتیرامی ناو پەرلەمان هدوئی پێویستە، رجائەن.

بەڕێزان، یەكێك تەوقیعی نەكردووە، لەبەر ئەوە ئیعادەی دەنگدانەكە دەكەینەوە، تكایە هەمووتان ئیمزای بكەن، یەكەم/ ژمارەی ئامادە بووان دیار بێت، ئەوە یەك.

تكایە ئەوانەی لە دەرەوەن بانگیان بكەن با بێنەوە ژووری، ئێستا هەندێك لە دەرەوەن با بێنەوە، كاك عبدالقادر پێنج دەقیقەی تر سەبر دەگرین چارەكی بوویێت بۆ یەك حیساب دەكەین، كێ لە ژوورەوە بێت، ئەوەندە حیسابە، كاك دكتۆر احمد، كاك عبدالقادر، لەناو بەرنامەی كار نین، هیچ نوقتەی نیزامی نییە، لیژنەیەكی سەرپەرشتی ئەوان ئیشەكە دەكەن، دانیشە، تكایە، تكایە هەر بەڕێزێك كە دێت، ئەمجارە نابێت بەس ئیمزا بكات، ناوی خۆی بە دەست خۆی بنووسێت و لە پێشی ئیمزا بكات بە تەسەلسول دێتە خوارەوە، ئێستاش وەرەقەكان دووبارە تەوزیع دەكرێتەوە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەنجامی دەنگدانەکە بەو شێوەیە، ئێستا بۆتان دەخوێنینەوە، (65) دەنگ بە بەڵێ، (1) دەنگ نەخێر، (4) سپی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا نەتیجەکە ئیعلان کرا وەك لە پێش چاوی ئێوەی بەڕێز (65) بەڵێ، بۆ لادانی حەصانە لەسەر ئەو ئەندامە بەڕێزەی پەرلەمانی کوردستان لە لیستی گۆڕان، بۆ ئەوەی ڕێکاری یاسایی لەلایەن دادگاوە لەگەڵی بکرێت، یەك (نەخێر)، ئەوەی کە پێی رازی نەبوو کە ئەو کارە ئەنجام بدرێت، (4)یش وەرەقەی سپی بوو، کە دەنگیان نەداوە، سوپاس بۆ لیژنەی سەرپەرشتی و دەستخۆشیتان لێ دەکەین و، دانیشتنەکە کۆتایی پێ دەهێنین، بۆ رۆژی دوو شەممە سەعات (11)، بەخواتان دەسپێرین، خواتان لەگەڵ.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |